ئەیوب کوێخا ڕۆستەم

# مەولەوی و هونەری شیعر

## لێکۆڵینەوەیەکی بابەتییانەیە



چاپی
یەکەم

٢٠١٦زاینی
٢٧١٦کوردی

MAWLAWI.KRD

کتێبخانەی
محەمەد عەلی قەرەداغی
مێژوو

MAWLAWI.KRD

MAWLAWI.KRD

ئەیوب کوێخا ڕۆستەم

# مەولەوی و هونەری شیعر

لێکۆڵینەوەیەکی بابەتییانەیە

چاپی یەکەم

٢٠١٦زاینی – ٢٧١٦کوردی

MAWLAWI.KRD

ناوی کتێب: مەولەوی و هونەری شیعر
بابەت: لێکۆڵینەوەیەکی بابەتییانەیە
نووسینی: ئەیوب کوێخا ڕۆستەم
نۆبەی چاپ: یەکەم
ساڵی چاپ: ٢٠١٦ زایینی - ٢٧١٦کوردی
تایپ: نووسەر
بەرگ و دیزاین: سامان محەمەدساڵەح
تیراژ: ٥٠٠ دانە
چاپ: تەژنە
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (١٨٣٥)ی ساڵی (٢٠١٦ز)ی پێدراوە.

پێشکەشە بە:

## رۆحی پاکی مەولەوی

لەو رۆحەوە من فێری بۆنکردنی

هەناسەی شیعر بووم

MAWLAWI.KRD

MAWLAWI.KRD

# پێرست


| ز | ناوی بابەت | ل |
|---|---|---|
| ١- | پێشەکی ........................................ | ٩ |
| ٢- | روونکردنەوەیەك........................................ | ١٢ |
| ٣- | **بابەتی یەکەم- پەیڤەکانی سەرەتا** | ١٩ |
| ٤- | مەولەوی کێیە........................................ | ٢٧ |
| ٥- | مەعدووم مەولەوی........................................ | ٣١ |
| ٦- | بەرهەمە نووسراوەکانی مەولەوی........................................ | ٣٤ |
| ٧- | چەردەیەك سەبارەت بەو کارانەی لە بواری مەولەویناسیدا کراون..... | ٤٠ |
| ٨- | کورتە باسێك سەبارەت بە بە تیرەی تاوەگۆزی........................................ | ٤٤ |
| ٩- | **بابەتی دووەم- وێنەی هونەری لە شیعری مەولەویدا** | ٤٩ |
| ١٠- | نموونە شیعرییەکان........................................ | ٥١ |
| ١١- | گوڵ چون رووی ئازیز نەزاکەت پۆشان........................................ | ٥٤ |
| ١٢- | زوسانەن وەی رەنگ وە گەردوون یاوان........................................ | ٨٤ |
| ١٣- | ئاخ پەی خەڵوەتێ بدیام وە بێ خەم........................................ | ٦٠ |
| ١٤- | هەر مانگێ ئەو بۆ حاڵم پەشێوەن........................................ | ٦٣ |
| ١٥- | ئازیز وە مەرگت دڵ نە خرۆشەن........................................ | ٦٦ |
| ١٦- | کارەبا ئەدەور کام مەدەرۆ دەور........................................ | ٧٠ |
| ١٧- | چەو سەردەشتەوە گوڵاوڕێزان کەرد........................................ | ٧٣ |
| ١٨- | هەی پەشێوی هۆش ، هەی شێویای فام........................................ | ٧٧ |
| ١٩- | تۆ ئەی کۆچدا کار وێت مەحکەم کەردەن........................................ | ٨١ |
| ٢٠- | یاشێخ هەرگاوان مەیلەکەی لەیلێ........................................ | ٥٦ |
| ٢١- | وەهارەن، سەوزەن، ئاوەن، سەرکاوەن ........................................ | ٩٠ |

٢٢- وادەی سەفەرەن، های نەسیم ئامان ........ ٩٢
٢٣- بابەتی سێیەم- پەیوەندی رۆحی مەولەوی بە شێخەکانی هەورامانەوە ٩٥
٢٤- نموونە شیعرییەکان........ ٩٦
٢٥- ئاخر سەفەرەن را خەیلێ دوورەن ........ ٩٨
٢٦- شێخی دەوڵەمەند بەهرەی سەرمەدی........ ١٠٢
٢٧- وە خیلافەوەن یاران سەر مەس........ ١٠٧
٢٨- ئارەزووی ئازیز وەنەم سەرداوە........ ١١٠
٢٩- رەفیقی مەحرەم عیجزو سروورم........ ١١٥
٣٠- دەلیلی وادەی سەر سەراوەکەم........ ١٢٤
٣١- چەرخە پە تۆنی ئەی مەیلە کەردی........ ١٣٠
٣٢- ئاتەوانام بێ شەو بێدارییم کەرد........ ١٣٩
٣٣- دەرمانی زامان دەردەکەی کاریم........ ١٤٠
٣٤- یاوا پێم نامەی شیرین خیتامەت........ ١٤٦
٣٥- نەسیم دووی دەروون چون هەردە جاران........ ١٤٨
٣٦- بابەتی چوارەم- مەولەوی و عەنبەر خاتوون ١٥٧
٣٧- نموونە شیعرییەکان........ ١٦٠
٣٨- ئیمساڵ نەوەهار چون خەزانی زەرد........ ١٦١
٣٩- نەدای پەشێوی حاڵاتی جەستەم........ ١٧٢
٤٠- دڵی دڵ وە مەی مەیل لەیل کەیل........ ١٧٥
٤١- شورای عاشوران دیسان بەزمش بەست........ ١٨٥
٤٢- بابەتی پێنجەم- مەولەوی و نامەی شیعری ١٩١
٤٣- بولبول گولشەن بێ نام و نەنگی........ ١٩٦
٤٤- نەسیمی مەحرەم ما بەینی یاران........ ٢٠٨
٤٥- شی ئەو سەفاو سەیر دیدەنی یاران........ ٢١٨

٤٦- چێشەن پەشێویم ماتەمی دڵەن........ ٢٢٤
٤٧- نەپازی هامڕاز ناڵەی ئاخ و دود........ ٢٣٨
٤٨- دەخیلم خاڵۆ زەدەی زامی سەخت........ ٢٤٦
٤٩- تا جە (داخی) تاق، جفتی خەمەنان........ ٢٥٠
٥٠- پەشێوی وە نەزم لوولەی ئەسریندا........ ٢٥٥
٥١- نامەکەت پەی چێش؟ پەڕێ دەوای دەرد........ ٢٥٩
٥٢- نەوباوەی خەیاڵ (مەحرووم) دانا........ ٢٦٥
٥٣- هەی نیظام نە زام نامەت تۆ لابەرد........ ٢٧٠
٥٤- هەوای سەر ساراڵ وە خصوص وەتەن بۆ........ ٢٧٤
٥٥- من کە دڵ دایم نە واوەیلەمەن........ ٢٧٦
**٥٦- بابەتی شەشەم- مەولەوی و عیرفانی یارسان** ٢٧٩
٥٧- ئایا مەولەوی سۆفی و عاریف بووە؟........ ٢٨٨
٥٨- نموونە شیعرییەکان........ ٢٩٢
٥٩- حەیفەن تۆ میراو سەرچۆی بادەبی........ ٢٩٢
٦٠- ئایینەی کامڵ ئازیزەگەی فەرد........ ٢٩٣
٦١- من قەقنەس نەویم، ها بیم وەقەقنەس........ ٢٩٥
٦٢- بازارەن وادەی مامەڵەن ساقی........ ٣٠٠
٦٣- هەر چیت دابو پێم یەك یەك دامەوە........ ٣٠٠
٦٤- سەراپای ئەعزام مەغز و ڕەگ و پۆس........ ٣٠٠
٦٥- ئەر گرد مەوجودێ جە تۆ گرت مایە........ ٢٩١
٦٦- سەر شار سەهبای بەزم مناجات........ ٣١٠
٦٧- تەمام ئەعزام ئەرووی پەردەی پۆس........ ٣١٣
٦٨- هەر کەس تەوەلود دووبارەش نیەن........ ٣١٧
**٦٩- بابەتی حەوتەم- دەوروبەر لە شیعری (مەولەوی)دا** ٣٢١

٧٠- وەهارەن تەشریف خاڵ خاسان پەی هەرد......... ٣٢٤
٧١- وەهارەن، سەیرەن، سەوزەی دیاران......... ٣٣٠
٧٢- نەوای کەژاوەی لەیلێ نازانەن......... ٣٣٤
٧٣- موبارەکت بۆ بەزمی نەو وە خەیر......... ٣٤٣
٧٤- تەرکی ئینتیزار حەیات کەردەنم......... ٣٥١
٧٥- دنیا نە گێجاو تاریکە شەو بێ......... ٣٥٤
٧٦- چون چیهرەی خەیاڵ روخسارەکەی وێش......... ٣٦٠
٧٧- شنەفتم دوریای لەیل زوگامشەن......... ٣٦٧
٧٨- بابەتی هەشتەم- باس و خواسی تر لە شیعری (مەولەوی)دا ٣٧١
٧٩- دڵە یەند مەستیت جەم بی نەسەردا......... ٣٧٢
٨٠- رەمەزان طلوع صوبح شادیشەن......... ٣٧٨
٨١- خامەی سەراوێز نە چای سیایی......... ٣٨٢
٨٢- نمەمندەن خەیاڵ فەردان کەردەنم......... ٣٩١
٨٣- نەهات و نەهات دڵ ماتەن ئیمشەو......... ٣٩٤
٨٤- خەیر بۆ هەم فەڵەك کام خەیاڵ کەردەن......... ٤٠١
٨٥- رۆشنی دیدەم سەرمایەی ژینم......... ٤٠٣
٨٦- وەختەن بیاڵەی دڵەی پەڕ جە دەرد......... ٤٠٧
٨٧- چون بەندە وەی بەند ئیخلاصی بەندەن......... ٤٠٩
٨٨- ئەلبوومی وێنەکان......... ٤٢١
٨٩- سەرچاوەکان......... ٤٤١
٩٠- سوپاس و پێزانین......... ٤٤٧

# پێشەکی

لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا مەولەوی لووتکەیەکی بەرز و دیاردەیەکی تاقانەیە. زانایەکی گەورە دڵپەروەرێکی ناوازە، شاعیر و ئەدیبێکی باڵادەست و پایەدارو لە هەمووی گرنگتر بیرمەند و بیرتیژ و هۆنەرێکی فرە رەهەندە.

بەرهەمەکانی لە مەنزومەی فیکریی و مەعریفیدا جێگە و پێگەی شایستەیان هەیە بە تایبەت بە پشتبەستن بە عیرفانی تیۆری و کردەیی، شیعرو غەزەلەکانی لێوانلێون لە سۆز و ئەوین. جیهانبینیی مەولەوی کراوە و فراوانە، لە دیدگای ئەوەوە هەموو بوونەوەر لە سوپاس و نەوازش و پەرستندایە. کلیلی تێگەیشتن لە مەولەوی بریتییە لە زمان و بیر و خەیاڵی ئەفرێنەر. وێرای زەوق و سەلیقەی سەرشار لە هونەرەکانی رەوانبێژیی و یاریکردن بە وشە و ئاڵوگۆڕی وێنە و دیاردەکان.

ئەو لە خەیاڵدانیدا تەوزیفی زانیارییەکانی خۆی بە جوانترین شێوە کردووە بۆ گەیاندنی ئەزموونی رۆحیی و شاعیرانە ، ئامادەیی وردی هەیە بۆ رەگەزەکانی بیری ئاینی و عیرفانی و کەلتووری نەتەوەیی، کە بە بێ گەڕانەوە بۆ سەرچاوە هزریی و مەعریفیی و عیرفانییەکان ئەستەمە پەیان پێببرێت.

ئەیوب کوێخا رۆستەم

چوونە ناو جیهانی پڕ لە ئەفسوون و موفاجەئەی مەولەوی پێویستی بە گرانەوە و ڤووڵبوونەوە و شارەزایی لە زمان و جیهانبینیی ئەو هەیەجگە لە ئامەزرۆییەگی تایبەت بۆ سفرە و خوانیی مەعنەویی و سەربوردە و سەرگوزەشتەی کوردستان لە سەدەی نۆزدەهەمی زایینیدا.

هەموو ئەم گەرەستانە پێویستن بۆ کەسێك بیەوێ سەردانی مەولەویی و سەیرانی هەوارە ئەدەبییەکەی بکات.

بۆ ئەوەی جارێکی تر مەولەوی لە رێگای شیعرەکانییەوە ببێتە هەوێنی شوناسی نەتەوەیی گەلەکەمان پێویستە هەر جارەی کەسانێك دەستمان بگرن بۆ گەشت و گوزاری ئارام و ئامانجدار لە دیوانەکەیدا، جاران لە حوجرە و خانەقاو مەجلیسی خوێندەواران و میرزایان و تەنانەت لە ناو ئاپۆرەی جەماوەری زیر و خیرەدمەندی شیعری، مەولەویی سیمبولی وردەکاری و جوانکاریی و خەیاڵی ناسك و بیری مەزن بووە، خەڵکانێکی زۆر شانازییان کردووە بە زانینی شیعر و ناسینی نوکتە گەوهەرین و نوورینەکانی ئەو، هەر بۆیە ئێستاشی بە سەرەوە بێ رۆژ بە رۆژ تێگەیشتن لە جیهان و رۆح و بیرو هزری مەولەویی دەبێتە پێویستییەکی ڤۆناغی بە خۆدا هاتنەوە و خۆ دۆزینەوەی گەلی کورد.

کەشکۆڵ و بەیازەکانی ناو کوردستان بە شانازییەوە شیعری مەولەویان تێدا تۆمارکراوەو دەماو دەم و سینە بە سینە پارێزراون. تا ئەو ساتە وەختەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕس لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی رابوردوو دیوانی غەزەلیاتی مەولەوی راڤە و بلاوکردەوە بە پشتبەستن بە چەندین کەشکۆڵ و نوسخەی بەیازو دەستنووس، کە یەکێکیان لە مامۆستا سەید تاهیری هاشمییەوە بە دەستی گەیشتبوو، پێش ئەویش پیرەمێردی نەمر زۆرێکی لێکردبوون بە سۆرانیی. ئەوانە دەرهاویشتەی ڤۆناغی پێش ئێستا بوون دواتر چەند کاری گرنگ لە سەر مەولەوی ناسی کران، یەك لەوانە بەرهەمەکەی مامۆستا محەممەد سدیقی موفتی زادە بوو، بە میتۆدێکی جوان و رەوان شیعرەکانی خستە بەردیدی خوێنەران و دواتر نامەی دکتۆراکەی مامۆستا ئەنوەر ڤادر محەممەد بە ناوی لیریکای شیعری مەولەوی

هەروەها لێکۆڵینەوەی مەولەوی و سروشتی مامۆستا شێخ بابە عەلی شێخ عومەری قەرەداخی . زۆر بەرهەمی ئەکادیمی جوان و رێك و پێکی دیکەش لە سەر مەولەوی هاتنە ریزەوە وەك مەقالاتی میهرەجانی مەولەوی لە سلێمانی و گۆنگرەی مەولەوی لە سەقز، لێرە و لەوێ نامەی ماستەر و دکتۆرا لە سەر ئەم لووتکە بەرزەی مێژووی شیعر و ئەدەبیاتی کوردیی. کە ریزکردنیان بۆ من لەم گوزەرەدا دژوارەو ناتوانم وەکوو پێویست باس و پەسەندیان بکەم. وەك بڵێی مەولەوی بووتە خۆرێك کە ئەم هەموو ئەستێرەیە لە دەوری ئەو خول دەخۆن و دەچەرخێن.

لەو کەسانەی کە شارەزای مەولەوین و شەیدای جیهانبینیی ئەون دەتوانم ئاماژە بۆ چەند کەسێکی شایستە بکەم، وەکوو کاك حەکیمی مەلا ساڵح، کاك همایۆن ساحیب، خاتوو کەلسوومی عوسمانپوور، مامۆستا سۆران سنەیی، مامۆستای بەرز و گرانقەدرم مامۆستا حەمەیووسفی کۆچەر، کە بێگومان خەڵکانی تریش زۆرن لە ناوەندە ئەدەبی و زانستییەکاندا خزمەتی گەورەو شایانیان بە حەزرەتی مەولەویی کردووە و بە بێ ئەوەی چاوەڕوانی ئافەرین و پیاهەڵدانی کەس بن وەك ئەرکێکی نەتەوەیی و مرۆڤانە، ویستوویانە کەسێتی و ناوەرۆکی شیعر و فەلسەفە و جیهانبینیی مەولەوی ئەیکاری بکەن.

دوا کاری جوان و شایان کە لەم ماوە کەمەی پێشوودا لێی ئاگاداربووم ئەم کتێبە بەرز و پڕبایەخەی برای بەڕێزم مامۆستا ئەیووب کوێخا رۆستەمە کە سەبارەت بە راڤە و لێکدانەوەی شیعری مەولەوی نووسیویەتی.

بە راستی و بێ موبالەغە و زیادەڕۆیی گۆی هونەری تیا بردووەتەوە. بە حوکمی ئەوەی رەگەزە بنەڕەتییەکانی لێکدانەوەی شیعریی مەولەوی لەلا فەراهەمبووە، چ وەك ئارەزوومەندیی و تاسە و شەیدایی بۆ کارەکە چ وەك زمانزانیی و مێژووناسیی و سروشتناسیی زینگەی شیعرەکان و چ وەك ئەزموونی دووردرێژی چێژو خەریکبوون بە موعاناتی شیعرییەوە. پێم وایە ئەم بەرهەمە دەبێتە یەکێك لە سەرچاوە زیندووە رۆشنەکان لە سەر شیعری حەزرەتی مەولەویی و کتێبخانەی

وێژەی کوردی بێ دەوڵەمەند دەبێ و خوێنـدەواران و توێـژەرانی راستەقینە زۆر لێی بەهرەمەند دەبن.

ئـەم کتێبـە لێکۆڵینەوەیـەکی وردو زانسـتییە و توانیویـەتی زۆر لایـەنی شـاراوە و نەزانراو لە سەر مەولەویی و شیعرەکانی روونبکاتەوە.

هیوادارم ئەم کتێبە باش و نایابە بە زووترین کات چاپ بکرێ و دیـدی رۆشـنبیران و مەولەویخوازانی پێ رۆشن ببێ و (مامۆسـتا ئـەیووب)یش تەمەنـدرێـژ و پشوودرێژتر بێ بۆ خزمەتی گەورە بە کاروانی رۆشنبیری و هزری کوردی.

لە هەمان کاتـدا پیرۆزبـایی لـە جەنابیان و ناوەنـدی کـەلتووری و وێـژەیی کوردستان دەکەم بە بۆنەی ئەم بەرهەمە مەزنەوە

لە گەڵ رێز و خۆشەویستی و حورمەتی بێ پایانم.

دکتۆر سەباح بەرزنجی

سەرۆکی سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی

سلێمانی

٢١/ ١٠/ ٢٠١٦

# ڕوونکردنەوەیەك

# ڕوونکردنەوەیەك

بۆ ئەوەی خوێنەرانی ئازیزی ئەم کتێبە لە شێوەی کارکردنی من تایبەت بە وەرگرتنی نموونە شیعرییەکان لە ناو بابەتەکاندا و مانادانەوە و ڕاڤەکردنیان ئاگاداربن، ئەم ڕوونکردنەوەیەم لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا بە پێویستزانی:

١- کتێبەکە بە شێوەیەکی گشتی بەسەر هەشت بابەتدا دابەشکراوە، بۆ هەر بابەتێك چەند نموونەیەکی شیعریم وەرگرتوون، نموونەکان بۆ بابەتەکان لە ناو دیوانەکەیدا زۆر زیاترن لەوانەی من وەرمگرتوون، بەڵام وەرگرتنی هەموویانم بە پێویست نەزانیوە، چونکە لێرەدا دەڵێم و دواتریش لە ناو بابەتەکاندا دووپاتمکردووەتەوە، من لەسەر بنەمای بابەت و وەرگرتنی نموونەی شیعری بۆ تیشکخستنەسەر بابەتەکان کارمکردووە و مانادانەوە و ڕاڤەم بۆ شیعرەکان کردووە.

٢- لە ڕۆژەکانی کارکردنمدا لە نووسینی ئەم کتێبە، (٢٠) کەشکۆڵ و دەستنووسی شیعرەکانی (مەولەوی)، هەروەها دیوانە چاپکراوەکەیم لە بەر دەستدابوون، نموونە شیعرییەکانم لە ناو دیوانەکەیدا وەرگرتوون، ئەگەر جیاوازییەك لە ناو دێڕێك، یان نیوە دێڕێك، یاخود تەنانەت لە وشەیەکیشدا هەبووبێت، ئەوە بە مەبەستی بەراوردکردن بۆ ناو دەستنووس و کەشکۆڵەکان گەڕاومەتەوە، بە تایبەت یەکێك لەو دەستنووسانە کە زۆر وردەکاری تێداکراوە، جیاوازی شیعرەکانی تێدا دیاریکراون تەنانەت ئەگەر لە پیتەکانیشدا بووبێت، لەلایەن (ئەبو ئەلوەفا موعتەمیدی کوردستانی)بەوە بۆ کتێبخانەی (استان قدس رضوی) وەقفکراوە، منیش زیاتر پشتمپێیبەستووە بۆ دیاریکردنی جیاوازییەکان.

ئـەیوب کـەریـمـا ڕۆسـتـەم

٢- ئاشكرایە (مەولەوی) شیعرەكانی بە ڕێنووسی باوی سەردەمی خۆی نووسیون، چەندین وشەی عەرەبی بەكارهێناون كە پیتەكانی (ص، ض، ط،ظ، ث، ذ)یان تێدایە، ئەم پیتانە لە ناو ڕێنووس و تەنانەت زمانەوانی كوردیشدا نین، بەكارهێنانی پیتەكانی: (س، ز، ت) لە بری ئەمانە زۆرجار ماناكانیان بۆ زمانی كوردی هەر بە تەواوی دەگۆڕێت، هەر بۆ نموونە (ظهور) لە زمانی عەرەبیدا ئەگەر بكرێت بەكوردی مانای دەركەوتن دەدەات، دەی خۆ ئەگەر بە ڕێنووسی كوردی بە (زهور) نووسرا ئەوە ماناكەی بە تەواوەتی دەگۆڕدرێت، چونكە (زهور)ی عەرەبی لە زمانی كوردیدا مانای (گوڵەكان- كۆمەڵێك گوڵ) دەدات، وشەی (طول) لە زمانی عەرەبیدا ئەگەر بكرێت بە كوردی مانای (درێژی) دەدات، ئەگەر بە ڕێنووسی كوردی بە (توول) نووسرا، ئەوە ماناكەی هەر بە تەواوی دەگۆڕێت، چونكە (توول) لە زمانی كوردیدا بۆ (توولە دار، توولە مار، توولە ڕێ...هتد) بەكاردێت، لەوانەیە خوێنەر هەبێت لێرەدا بڵێت وشەی (توول) بە جۆرێك لە جۆرەكان لەوانەیە مانای درێژیش بدات، بەوەی بۆی هەیە (توولەدار، توولەمار، تولەڕێی)كە درێژبن، بەڵام بەكارهێنانەكە لە زمانەوانیی ئێمەدا وانییە و وشەكە زیاتر مانای باریك دەگەیەنێت، هەروەها وشەی (طور) ئەگەر بە (توور) بنووسرێت ماناكەی خۆی نادات، چونكە ئاشكرایە (توور) لە زمانی كوردیدا جۆرێكە لە سەوزە، ئەو جۆرە سەوزە لە عەرەبیدا (الفجل)ی پێدەوترێت، دەیان و دەیان نموونەی تریش لەم بوارەدا هەن، هەر بۆیە شیعرەكان چۆن لە دیوانەكەدا هاتوون هەر بە هەمان ڕێنووسی خۆیان وەرمگرتوون، بەڵام ماندانەوە و (راڤە)م بە ڕێنووسی كوردی تازە و باوی ئەم سەردەمە بۆ كردوون. وەك لە زۆربەی سەرچاوەكاندا هاتووە، (مەولەوی) زیاتر لە (١٣٤) ساڵە كۆچی دواییكردووە، گۆڕینی ئەو ڕێنووسەی ئەو شیعرەكانی پێهۆنیوەتەوە، پاش ئەم هەموو ساڵانە لە مەرگی خۆی، بەلای منەوە بە شتێكی باشم نەزانی و پێموابوو جۆرە زیادڕۆییەكە بەسەر مافی ئەو زاتەدا، چونكە وەك باسمكرد مانای شیعرەكان دەگۆڕێن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بازدانێكە بەسەر شوورەی حەرەمسەرای بەرزو بڵندی شیعری ناوبراو بە بێ

رەزامەندی خۆی، هەر بۆیە ئەگەر وامبکردایە، بە لای منەوە جۆرێکبوو لە مافیەزاندنی ئەم شاعیرە.

٤- دڵنیام لەوەی لە ئەنجامی وەرگرتنی شیعرەکان لە کەشکۆڵەکانەوە، تێکەڵاوی لە نێوان هەندێك پارچە شیعر لە دیوانەکەی (مەولەوی)دا کراوە، یاخود چەند دێڕە شیعرێك لە ناو پارچەیەکی تردا دانراون، ئەگەرچی لەو شوێنانەدا ئاماژەم بەو تێکەڵاوییە کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی تەنیا مانادانەوە و راڤەکردنیان لای من مەبەستی سەرەکییە، هەر چۆن لە دیوانەکەدا هاتوون منیش بەهەمانشێوە نووسیومنەتەوە. بەڵام قسەکردن بە دووروودرێژی لەو بارەوە خودا یاربێت بۆ دەرفەتێکی تر هەڵدەگرم.

٥- لەم کتێبەدا بە هیچ شێوەیەك شیعری وەرگێڕدراوی (مەولەوی)م بۆ سەر دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست بە نموونە وەرنەگرتووە، تەنها ئەو نموونانەم وەرگرتوون بە هەورامی هۆنراونەتەوە، ئەمە هەرگیز لە گیانی لەهجەپەرستییەوە نییە، لەوەشەوە نییە من کاری وەرگێڕانی شیعرەکان بە کارێکی باش نەزانم، بەڵام لەبەر ئەم دوو هۆکارەی خوارەوە بووە:

ا- من بە تەواوی لە گەڵ دیدی نێرانییەکان تەبام بەوەی وتوویانە: (وەرگێڕانی شیعر لە باشترین شێوازیدا وەك ئەخشی پشتی فەرش خۆی دەنوێنێت)، چونکە ئاشکرایە شیعر لە ئەندێشە و سۆز و هەڵچوون و ویژدانی شاعیرەوە سەرچاوە دەگرێت، کەواتە هیچ کەسێك وەك شاعیرەکە ناتوانێت ئەو خەسڵەتانەی شاعیر لە زەمینە و کاتی هۆنینەوەی شیعرەکەدا وەك خۆی بخوێنێتەوە و هەستیانپێبکات، هەر بۆیە لەوانەیە وەرگێڕانەکە ئامانجی شاعیر لە دەربڕیندا نەپێکێت.

ب- من هەورامیم و گۆکاری ئەو شێوەزمانەم (مەولەوی) شیعرەکانی پێی هۆنیوەتەوە، کێشەم لە تێگەیشتنیاندا نییە، بۆیە پێویستینەکرد لە شیعرە وەرگێڕراوەکان نموونە وەرگرم، هەروەها مەبەستم هەڵسەنگاندنی کاری وەرگێڕانەکە نییە، چونکە ئەوە لە دەرەوەی پەیامی نووسینی ئەم کتێبەوەیە.

٦- ئەگەرچی هەر لەسەرەتاوە تا ئێستا قسە لەوە کراوە شیعرەکانی (مەولەوی) بەشێوەزمانی هەورامی نووسراون و هەر واش لە ناو خەڵکدا باوە، منیش لەم کتێبەدا چەند جارێك ئەو دەربڕینە باوەم دووبارە کردووەتەوە، بەڵام ئەگەر تەمەن و تەندروستی بوارمبدەن، پرۆژەی نووسینی کتێبێکی تایبەت دەبێت سەبارەت ئەوەی زمانی مەتنە شیعرییەکان کە چەندین شاعیری وەك؛ (بێسارانی، صەیدی هەورامی، خانای قوبادی، وەلی دێوانە، مەولەوی، ئەحمەد بەگی کۆماسی، غوڵامشاخانی والی، کاکە ئەحمەدی پریسی، سەی حەمەسادقی سەفاخانەیی، فەقێ قادری هەمەوەند، مەلای جەباری، شێخ محەممەد صاڵحی هەخرولعولەما، شێخ عەزیزی جانەوەری، هەروەها سەدان شاعیری تریش) بەر لەوان و دوای ئەوان لە جوگرافیای جیاجیا و لە ناوچەی دوور لە یەکتری شیعریان پێهۆنیوەتەوە، ئایا تەنیا زمانی شیعر هۆنینەوە بووە، یان زمانی قسەکردنیش، چونکە لای هەمووان ئاشکرایە زمانی شیعر زۆرجار لە دەستووره رێزمانییەکان لادەدات و خۆی بە بنەماناکانییەوە نابەستێتەوە.

٧- لەم کتێبەدا فەرهەنگۆکم بۆ مانادانەوەی وشەکان نەکردووە، لەبەر ئەوە نەبووە نەمتوانیبێت ئەو کارە بکەم، بەڵام بە پێویستم نەزانیوە، چونکە مەبەستی سەرەکی من خوێندنەوەی دەقە شیعرییەکان و مانادانەوە و راڤەکردنیانە، نەوەك مانادانەوەی وشەکان، بەڵام لە ناو چوارچێوەی قسەکردنم لە بابەتەکان، ئەو وشانەی بە بڕوای خۆم پێویستیان بە روونکردنەوەی ماناکانیان بووبێت ئاوڕم لێیانداوەتەوە، هەروەها زۆرجاریش بە مەبەستی مانادانەوەیان بۆ ناو فەرهەنگی زمان گەڕاومەتەوە.

٨- بە بڕوای من ئەوەی مەولەوی گەیاندووەتە لووتکەی دەسەڵات لە شیعرهۆنینەوەدا، هیچ نهێنییەکی تێدا نییە بێجگە لە ئەشق، ئەم زاتە دڵی کردووەتە ماوا مەنزڵگەی ئەشق بۆ (هاوسەر و منداڵ، خزم و دۆست و هاوڕێ، پیر و دەستگیر و هەموو هاوموریدانی، زێد و مـاوای، سروشتی وڵاتەکەی، ئەرزشە ئینسانییەکان....هتد)، هەر لەمانەشەوە ویستوویەتی ئەشقەکەی بە ڕێگەی خۆشەویستییەکی راستەقینەی خودایی ڕێچکەبگرێت و بتوانێت لە دەرگەی نیازو

مەرامەکانیەوە لە مورىدەوە بەرەو موراد بڕوات. بەڵام کە ئەومشی بۆ مەیسەر نەبووە، هەر لەسەر ڕێی ئەشق بەردەوامبووە و هەتا ئەسپاردنی دوا هەناسەکانی کۆڵنەداوە و هیوابڕاو نەبووە، چونکە پێیوابووە هەر ئەو ڕێیە گرتوویەکی تاکە زامنە بۆ ئەوەی لە ژیانەکەی تردا ئاسوودە و سەرمەست بە هەوای ئەشقەوە بە ئاواتەکانی بگات. ئەم چەند دێڕە سەلێنەری ئەو ڕاستییەیە کە فەرموویەتی:

دڵــە ڕاگەکــەت خــەیڵێ تاریکــەن
پردەکــەت ســەختەن خــەیڵێ باریکــەن
ســارای هیدایــەت تاریــک مــەوینون
ڕای نــەجات یــەکجار باریــک مــەوینون
چــۆڵە چــراوی یــەرێ وێــت ســازدەر
وە قــەد توانــای وێــت بــارە بەنــدی کــەر
ئــەر گۆنــا ڕای ڕاس بــەردەنی جــەویر
شــۆن پــای کــرداری هــام فــەردان هــۆرگیر

ئەگەرچی ئەم شیعرەی مەولەوی لە رووی قووڵی ئەندێشە و وێنەی جوان و شیعرییەتدا، لە چاو زۆرێک لە شیعرەکانی تری کەمیهێناوە، بەڵام سەلێنەری ئەوەیە هەر بە تەمای شۆڵەیەکی ڕووناکییە هەڵیبکات و بکەوێتە شوێنی، هەرچەندە گوناو تاوانیشی ڕێی ڕاستییان لە بیربردووەتەوە، ئەوەتا شوێن پێی هاوڕێیانی بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی هەڵدەگرێت.

# پەیڤەکانی سەرەتا

# پەیڤەکانی سەرەتا

وەك ئاشكرایە من لەم كتێبەدا قسە لە شیعری (مەولەوی) دەكەم، بەڵام بۆچوونە ناو بابەتەكەوە باشتر وایە لەوەوە دەستپێدەكەم، شیعر وەك شاخەیەكی سەرەكی لە شاخەكانی ئەدەب، هاوتەمەنی ژیانی مرۆڤە و هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا چەندین پێناسەی بۆ كراون، ئەوەتا (ئیفلاتوون)بە لاساییكەرەوەی شتەكانی جیهانی هەستپێكراو پێناسەیكردووە، (ئەرستۆ)ی قوتابیشی پێیوایە لاساییكەرەوەی سروشتە[1]، كەچی (رامبۆ) وای بۆ چووە (جیهانی شیعر جیهانێكی تازەیە هیچ پەیوەندییەكی بە جیهانی رۆژانەی بیستراو و بینراوەوە نییە[2])، ناوبراو هەر لە درێژەی پێناسەكەیدا وتوویەتی: شاعیر لە هۆنینەوەی شیعردا، ئەو بابەتانە دەهێنێتەناو كە بەلای خەڵكی ئاساییەوە نەزانراو و هەستپێنەكراون.

هەر سەبارەت بە هاوتەمەنبوونی شیعر لە گەڵ ژیانی مرۆڤدا، (ئەدویت ئەصلان) نووسیویەتی: ئاشكرایە (سەماو مۆزیك و شیعر)، وەك سێ دەستەخوشك هاوتەمەنی ژیانی مرۆڤن، ئەم سیانە لە ناو خۆیاندا بازنەیەكیان پێكهێناوە، هەر لەو بازنەشەوە سەرەتای هونەر سەریهەڵداوە، هەر بۆیە هەرگیز لە یەكتر دانابرێن، جیاكردنەوەیان بازنەی هونەر تێكدەشكێنێت[3].

بە پێی زۆربەی بۆچوونەكان شیعر بەرهەمی خەیاڵ و سۆز و هەڵچوونی مرۆڤە، ئەگەرچی بۆچوونیش هەن دەیبەستن بە ئەقڵ و ئیرادەیەوە، شیعر چەندە گۆرانی بۆ جوانییەكانی ژیان و مرۆڤ و دەوروو‌بەرە رۆحی و مادییەكەی چریوە، ئەوەندەش فرمێسكی بۆ خەم و ئازارەكانی هەڵرشتووە و بەگژ ستەم و نایەكسانیدا چووەتەوە،

---

[1] - (د. كامل حسن عزیز البصیر)- رەخنەسازی- مێژوو و پەیرەوی كردن- لاپەڕە (١٦، ٢١)- چاپخانەی كۆری زانیاری عیراق (١٩٨٢).

[2] - هەمان سەرچاوە- لاپەرە (٩٣).

[3] - (ادویت اصلان)- فن المسرح- الجزء الاول- ص (١٦) -ترجمة- د. سعدیة احمد- القاهرة - (١٩٧٠).

هەر بۆیە دونیایەکە پڕە لە جوانی و بەهاکانی مرۆڤ لەشوێن خۆیدا دادەنێت، هەردەم پێیدەڵێت کە ئەو چییە و پەیامی مرۆڤایەتی پێدەناسێنێت.
پێدەچێت زۆرجار تەنها ئاوەز بەسنەبێت بۆ ئەوەی لە هەموو بەرهەمێکی شیعری تێبگەین، چونکە دونیای شیعر پەیوەستە بەو خەسڵەتانەی مرۆڤەوە کە هەرگیز ناتوانرێت لە چوارچێوە بگیرێن و تواناى لە قاڵبدانیان نییە، هەر بۆیە شیعر سنووری ئاوەز تێپەڕدەکات و جاروبار خۆی بە مەیل و ئارەزووی تەنی شاعیرەوە دەبەستێتەوە.
شیعر لای ئێمەی کورد مێژوویەکی دێرینی هەیە، هیچ زیادەڕۆییەکی تێدا نییە گەر بڵێین مێژووی رۆشنبیریمان، بە تایبەت ئەوەی تا ئێستا بە نووسراوی گەیشتووەتە دەستمان بە شیعر دەستیپێکردووە، لەم بوارەدا (ئەنوەر مایی) نووسیویەتی: (بلەچ شێرکۆ) لە یاداشتەکانیدا باسیکردووە، گوایا یەکێك لە خۆرهەڵاتناسان بە ناوی (فلیامینۆف) لە باکووری ئێران بەردێکی دەستکەوتووە دوو دێڕە شیعری بەسەرەوە بووە، مێژووی نووسینیان بۆ (٣٣٠ پ.ز) گەڕاوەتەوە[1]. شیعری کوردی لە زۆربەی دەروازەکانی دونیای شیعری داوە، هەر لێرەوە دەبینین ماڵەکانی پێشینەی شیعری کوردی گەنجینەیەکی گەورەن، هیچ دوڕو مروارییەکی شیعر نییە لەو ماڵانەدا نەپارێزرابێت، بەڵام داخەکەم ماڵەکان تاریك و بێشەوق ماونەتەوە و ئێمەش زۆر لەو تاریکییە بێباکین، ئەگەرچی هەندێك وەکو پەروانە بەدەوری چرای شیعردا خۆیان دەسووتێنن و خەمیان بووە بە خەمی لێکدانەوە و خوێندنەوەی نوێ بۆیان، هەتا تروسکاییەك بەو ماڵانە بدەن، کەچی زۆربەمان گومان لەو تروسکایەش دەکەین، لە لای خۆمانەوە دەیدەینەبەر ئەشتەری کول و تیروتوانجی ناڕەوا.
دەچمەسەر ئەوەی بڵێم: سەرەتای مێژووی شیعری کوردی بە شیعری (هەورامی-ماچۆ) دەستیپێکردووە، خودی شێوە زمانەکەش زمانی رۆشنبیریی گەلەکەمان بووە و

---

1- ئەنوەر مایی- الاکراد فی بهدینان- لاپەڕە (١٩٦).

گەنجینەیەك ئەدەبیات و عیرفانی پێنووسراوەتەوە[٥]. (مەولەوی)یش لەم بوارەدا نەخشێکی کاریگەرو رۆڵێکی مەزنی هەیە، بەرادەیەك قسەکردن لە شیعری هەورامی بە بێ قسەکردن لەم شاعیرە و لێکۆڵینەوە و راڤەکردنی شیعرەکانی، لە بنیمانایی زیاتر هیچی تر نییە.

بۆ قسەکردن سەبارەت بە شیعرەکانی (مەولەوی) و لێکدانەوەو راڤەکردنیان، ئەم سەرەتایەم زۆر بە پێویستزانی، لەوەشەوە دەستپێدەکەم یەکەم ساتی ئاشنابوونم بە شیعری ئەم زاتە بۆ ئەو دەمە دەگەڕێتەوە خوێندکاری پۆلی چوارەمی سەرەتایی بووم لە قوتابخانەی سەرەتایی تەوێڵە، مامۆستای وانەی (کوردی)مان کەسێکبوو بە ناوی مامۆستا (سابیر قادر) کە هەر خەڵکی تەوێڵە بوو، رۆژێك لە کاتی وانەی کوردیدا پارچە شیعرێکی (مەولەوی) بۆ هێناین، خۆ شیعرەکە لە ناو کتێبی خوێندنەوەی کوردیماندا نەبوو، خۆی لەسەر تەختەرەشەکە نووسیەوە و دێڕ بەدێڕ بۆمانی مانادایەوە، پێیوتین پێویستە هەموومان بینووسینەوە و بۆ رۆژی دوایی لەبەرمانکردبێت، شیعرەکەمان نووسیەوە و هاوکات هەندێك پرسیاریشمان لێیکرد، هەتاکو زیاتر سەبارەت بە شیعرەکە تێگەیشتنمان بداتێ، بۆ بەیانی لەوانەی کوردیدا هاتەوە سەر پۆل بە پێی لیستی ناوەکانمان هەڵیدەساندنین، دیارە ناوی منیش بە پیتی ئەلف دەستپێدەکات و سەرەم لە سەرەتاوە بوو، سێیەم کەس هەڵیساندم، زۆر بە باشی لەبەرمکردبوو، بە بێ هیچ هەڵەیەك خوێندمەوە، لە بەرامبەردا بە ئافەرینی مامۆستاو چەند قاڵبە تەباشیرێکی رەنگاورەنگ خەڵاتکرام، هاوکات وتی بە قوتابییەکان چەپڵەیەکی زۆر قاییمی بۆ لێدەن. هیچ زیادەڕەوییەکی تێدانییە من تەنها قوتابی پۆلەکە بووم بە بێ هەڵەو وەستان شیعرەکەم لەبەرکردبوو، دیارە هەندێك لە هاوڕێکانی پۆلم سوپاس بۆ یەزدان تا ئێستاش لە ژیاندا ماون، دەشێ

---

[٥]- لەم بوارەدا شیعرەکانی شوێنکەوتووانی دینی (یارسان) کە سەرەتایان لە ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچییەوە دەستیپێکردووە، بەڵگەی زیندووی حاشاهەڵنەگرن. (نووسەر)

هەیانبێت ئەم گێڕانەوەی لەیاد مابێت، پارچە شیعرەکە ئەوە بوو تیایدا (مەولەوی) بەمشێوەیە هاتووەتەگۆ:

**خامەی سەراوێز ئەجای سیایی**

**مەرێزۆ ئەسرین شەکوای جیایی**

شیعرەکە (١١) دێڕە و تەنیا ئەم دێڕەم بە پێویست زانی لێرەدا بینووسمەوە، چونکە لە شوێنی خۆی لەم کتێبەدا قسەی لێوەدەکەم.

ئەمە یەکەم هەنگاوی ئاشنابوونم بوو بە شیعری (مەولەوی)، هەر لێرەشدا پێویستە ئەوە بڵێم؛ سەرەڕای ئەوەی ئەو کاتانە سەرەتای تەمەنی مێردمنداڵیم بوو، چەند هۆکاری تر هەبوون ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بۆ ناو دونیا جوانەکەی شیعری (مەولەوی) رایاندەکێشام، لەوانە:

١- باوکم کەسێکی هونەردۆست و ئەدەب دۆستبوو، ئەگەرچی نەخوێندەواربوو، بەڵام زۆر زیرو چاوکراوە بوو، شەوان هەمیشە گوێی بۆ بەرنامەکانی ئەوسای رادیۆی کوردی کرماشان دەگرت، لە کاتی شیعرخوێندنەوە لە لایەن (شوکورولاّی بابان و سەید محەممەد تاهیری هاشمی) لە بەرنامەکانیاندا بە ناوی (کاروانی شیعر و مۆسیقا و هەوارگەی دلاّن)، کە یەکەمیان مامۆستا شوکورلاّی بابان و دووەمیان مامۆستا سەی محەممەد تاهیری هاشمی پێکەشیاندەکرد، سەری رەزامەندی دەلەقاند و دەیان رەحمەتی بۆ گۆڕی باب و باپیرانیان دەنارد.

٢- هەروەها دایکم خانمێکی دیار و سەلارەی ڕۆژانی خۆی و دەنگی زۆر خۆشبوو، هەموو جارێك لەبەر خۆیەوە لە کاتی ڕاپەڕاندنی کاری ناوماڵ، یان دواندن و ڕاژەنینی بێشکە و لانکەی منداڵدا، بە دەنگێکی زۆر خۆش و نەرم، پڕاوپڕ لە سۆز لە بەر خۆیەوە گۆرانیدەچڕی، تەنانەت سیاوچەمانەکانیشی زۆر بە باشی دەزانین.

٣- دیارە بۆ منیش هەم گوێگرتن لە بەرنامەکانی رادیۆ کە لە باوکمەوە فێربووم و هەمیش گوێگرتن لە دەنگە خۆشەکەی دایکم، زیاتر بۆ جوانی شیعر و گەورەیی شاعیران بە تایبەت (مەولەوی) رایانکێشام، چونکە بەرنامەکانی رادیۆ زۆر شیعری

ئەم زاتەیان تێدا دەخوێندرانەوە، دایکیشم لە کاتی گۆرانییەکانیدا چەندین شیعری (مەولەوی)دەوتنەوە، مەبەستم لەوانەیانە هاتوونەتە ناو گۆرانییە هەورامییەکانەوە.

٤- لە ماڵی ئێمەدا چەندین کتێب و دیوانی شاعیران هەبوون، ئەوانەیان لە یادمدا مابن: شیعرەکانی: (قانیع، بێکەس، هەروەها شیعرەکانی مەولەوی کە بەرەمێرد هێنابوونیە نێو شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست، شیعرەکانی عوسمان عوزەری... هتد)، ئەمانەش لە بواری ختووکەدانی مێشکی من و راکێشانم بۆ چێژوەرگرتن لە شیعر، بە تایبەت شیعری مەولەوی کاریگەری خۆیان هەبوو.

ئیتر ساڵ بە ساڵ ئەو خۆشەویستییەم بۆ شیعرەکانی (مەولەوی) لە گەڵمدا گەورە و گەورەتر دەبوو، وای لێهاتووە لە ئێستادا زۆربەی شیعرەکانی ئەو زاتەم لەبەرن، لە خوێندنەوەیان تەواو چێژوەردەگرم، هەندێکجار بە شێوەیەك لە گەڵ رۆحمدا ئامێتەدەبن دەمخەنە دونیایەکی ترەوە و ئیتر وادەزانم تەواو ئاسوودەم، سەرەڕای ئەمانە چەندین بابەت و لێکۆڵینەوەم سەبارەتیان نووسیوە، لە ناو ئەو کتێبانەی پێشتر نووسیومن چەند لێکۆڵینەوەیەکیان بڵاوکراونەتەوە، لەو کۆڕو کۆبوونەوە ئەدەبیانەدا ئامادەییم تیایاندا هەبووە، یان بواری قسەکردنم بۆ رەخساوە، بەردەوام سووچێکی باسەکانم بۆ لای (مەولەوی) راکێشاوە، کەچی تا ئێستا ئەموێراوە خۆم لە قەرەی نووسینی کتێبی تایبەت بەم زاتە بدەم.

وا پێم بە دڵی خۆمدا ناو دەستم بە نووسینی ئەم کتێبە کرد، ئۆمێدەوارم مایەپووچ نەبم.

لێرەدا بە چەند پەیڤێك لەو پێشەکییە دێمە ناو جیهانی شیعری (مەولەوی) کە بۆ کتێبی (شەریعەتی مەیل)ی نووسەر و خوشکەزای ئازیزم (هەمایۆن صاحب) نووسیمن، پێموایە لەم بوارەدا دەسپێکێکی جواندەبن.

دیارە هەڵزەنین بە باخچەو گوڵزاری شیعری مەولەوی تاوەگۆزی، بە مەبەستی چێژکردنی شێلەو بۆنکردنی هەناسەی شیعرەکانی و لێکدانەوە و تێگەیشتن لێیان کارێکی ئەوەك هەر گران، تا ئاستێکیش تاقەتپڕووکێنە، چونکە (مەولەوی) ئەو زاتەیە شیعری هەورامی گەیاندە لووتکەی داهێنان و لە سەر تەختی دەسەڵاتەکەی

پاڵیدایەوە و بە درێژایی تەمەنی پادشایەتیکرد، دوای ئەویش کەسێکی تر نەیتوانی درێژە بەو پادشایەتییە بدات و تەنانەت یاوەرێکی باشیش نەهاتە مەیدان، بەڵکو تەنها لە لێوارو قەدپاڵی لووتکەکەوە گوڵچنینی شیعری هەورامی دەکرا، ساڵانێکیش ئەو گوڵچنینە پووش و پەڵاش و درك و داڵی زۆری تێکەڵدەبوو، تاوای لێهات بەرەو ئاوابوون ملیدەنا، هەتا خۆشبەختانە چەند دەنگێك هاتنە مەیدان و ئاسۆی ساباتەکەیان روونکردەوە و خستیانەوە گڕوگاڵ.

(مەولەوی) لە ئەندێشەدا خولقێنەرە و، وێنە شیعریەکانیشی بە هونەر قوڵپدەدەن، لە (ترپە و خورپە و ئاوازو سەمفۆنیای شیعری و لیریك)دا ئەوەندە ئەندازیارێکی پسپۆڕە، تەلاری شیعری ئاوەدان و ڕازاوە کردوەتەوە، لە زۆربەی دەروازەکانی شیعری سەردەمی خۆی داوەو بە تواناوە چووەتە ماڵەکانەوە، لەوێ شەن و کەویکردووە، جێزی[٦] خەرمانی شیعرەکانی گەیشتووەتە ئاستێك شاعیرانی دوای خۆی گوێل گوێل لێانخواستووە و ماڵی شیعری خۆیان پێ پۆشتەکردووە.

(مەولەوی) ئاشق و سەوداسەرە و ژیاندۆستە، ڕۆحسووك و دڵپاك و نەفسبەرزو دڵسۆزی لە گیانی دەچۆڕێت، لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیدا بە ئەمەك و ڕاستگۆیە، زێد و ماواو خەڵکەکەی خۆی خۆشدەوێن و هەمیشە گۆرانی بۆ چڕیون، سۆفی و خواپەرست و تواوەی ناو خۆشەویستی هەقیقی و بەیناو بەینیش عارفە و لە ترۆپکی سێکوچکەی ئیماندایە، ئەم شەقڵانەش هەموویان بە شیعرەکانییەوە دیارو ئاشکران.

داخەکەم ڕۆشنبیری ئێمە دەستکورت و کەمبوودە لە تێگەیشتن لەم زاتە و هەندێك لە شاعیرانی ترمان، هەر بۆیە ئەو کارانەی لە بواری مەولەویناسیدا کراون، ئەگەرچی هەریەکە و هێندەی قورسایی خۆیان سەرنجیانڕاکێشاوە، بەڵام وەك پێویست تێگەیشتنی نوێیان سەبارەت بە شیعرەکانی (مەولەوی) نەداوە بە دەستەوە و بۆ من

---

[٦] - (جێزی خەرمان- بە واتا قەوارەی خەرمان)، پێدەچێت ئەم وشەیە لای هەندێك کەس بە (جێژ) خوێندرابێتەوە. (نووسەر)

تینوویەتی ناشکێنن، چونکە چەند لایەنێکی گرنگی شیعرەکانیان فەرامۆشکردووە، بە بێ تێگەیشتن لەو لایەنانە ناتوانین (مەولەوی) وەك خۆی بناسین.
ئەوەی بیەوێ کار لە ناو شیعرەکانی ئەم زاتەدا بکات لە سەری پێویستە زمانی شیعرەکان بە باشی بزانێت، لە جوگرافیای زمانەکە و سنووری دەسەلاتی، لە تایبەتمەندییە مێژووییەکانی ئاگاداربێت، خوێندنەوەی باشی بۆ شیعرەکانی مەولەوی و تا رادەیەك ئەو مەتنانە هەبێت کە شاعیرانی سەردەمی مەولەوی و هەندێك لەوانەی پێشتریش نووسیویانن، هەروەها ئاگاداری دونیای سۆفیگەری و عیرفان بێت و لە رازو هێماکانیان شارەزابێت. ئا لێرەوە ئیتر دەتوانێت بە چوونە ناوەوەیەکی سروشتی بچێتە حەرەم سەرای مەولەوی و بە بێ ئەمانەش ئەوە خۆ تەنها بەسەر شوورەکەیدا بازیداوە، بۆی هەیە بازدانەکەی ئازاریشی پێگەیاندبێت.
باشتر وایە چیتر واز لە خوێندنەوەی سەرپێیی و رواڵەتییانە بۆ بەرهەمی ئەم شاعیرە و شاعیرانی تریشمان بێنین، بە شێوەیەکی زانستییانە پەنجە لە سەر هەموو لایەنەکانی شیعرەکانیان دابنێین و هیچ شتێك بە بڤە نەزانین.
ئێستا سەردەمی خوێندنەوەی زانستییانەیە و هەر بەو خوێندنەوانەش دەتوانین مەولەوی و شاعیرانی تریشمان سەرەتا بە خۆمان، ئینجا بە دەرەوەی خۆشمان بناسێنین.
من لەم کتێبەدا کەمێك جیاواز لەو بەرێزانەی پێشتر لێکدانەوە و راڤەیان بۆ شیعرەکانی (مەولەوی) کردووە، کاردەکەم. راڤەکردن و لێکدانەوەی هەموو شیعرەکان بە زنجیرە، یان بە پێی پیتەکان مەبەستم نییە، لە سەر بنەمای بابەتە شیعرییەکان لێیان دەکۆڵمەوە و هەر بەو ئاگارەشدا نموونەکان دەخەمەڕوو، لە ناو نموونە شیعرییەکانیشدا مەرج نییە سەبارەت بە هەموو دێرەکان قسەبکەم و تەنها ئەوەندەم بەلاوە مەبەستە تێگەیشتنی پێویست بۆ بابەتەکە بدەم بە دەستەوە.
ئەگەرچی ئەم جۆرە کارکردنە لەناو شیعری (مەولەوی)دا زۆر قورسە، چونکە زۆرجار چەند بابەتێکی جیاواز لە ناو یەك دەقی شیعری ئەم شاعیرەدا دەردەکەون، بۆ نموونە پارچە شیعری وای هەیە لە یەك کاتدا باسی (سروشت، رەویەی

کۆمەڵایەتی، پەیوەندی رۆحی، دووری و دابڕان، سکاڵا لە دەست نێش و ئازارو نەهامەتی رۆژگار و پیری و پەککەوتەیی، گلەیی و گازندە و .... هتد) لەخۆدەگرن، لە تەك ئەوەشدا من هەر ئەوەم بەلاوە باشبوو هەتا پێمبکرێت لە روی بابەتەوە لە شیعرەکان بدوێم، بە تایبەت ئەو پارچانەم هەڵبژاردووە بە جۆرێك لە جۆرەکان یەکەی بابەتییان تێدایە، ئەگەرچی ئەمە بابەتی (مەولەوی و نامەی شیعری) ناگرێتەوە، چونکە لە زۆربەی نامەکانیدا کە بۆ خەڵکانی هاورێی و دۆستانی خۆی نووسیون، هەمیشە زیاتر لە بابەتێکی هێناوەتە ناویانەوە.

پاش ئەم چەند دێرە دیمەسەر ئەوەی سەرەتا بە پێی ئەو زانیارییانەی لە بەردەستدان، ناساندنێك بۆ (مەولەوی) بکەم بەمشێوەی خوارەوە:

*- مەولەوی کێیە؟

بە پێی ئەو سەرچاوانەی باسیان لە ژیانی (مەولەوی) کردووە دڵنیاییدەدەن، ناوی (سەید عەبدولڕەحیم کوڕی مەلا سەعید)، لە نەوەی (مەلا سویف جان کوڕی مەلا ئەبوبەکری چۆڕی- ناسراو بە موصەنیف)ە و بەرەچەڵەك دەچێتەوە سەر (پیرخدری شاهۆ)[7].

ساڵی (١٢٢١ ك- ١٨٠٦ز) لە (گوندی سەرشاتە) لە کۆشی خێزانێکی دیندار و خوداناسدا لەدایکبووە، هەرلە منداڵییەوە ماڵی باوکی چوونەتە گوندی (بێژاوە)، سەرەتا لای باوکی خوێندوویەتی و دواتر بەمەبەستی خوێندن چەند شوێنێکی کوردستان گەڕاوە وەك: (سنە، بانە، پاوە، جۆڕ، سلێمانی، هەڵەبجە، جوانرۆ، خەرپانی، بیارە، تەوێڵە)، دواجار لە خزمەتی (مامۆستا مەلا عەبدولڕەحمانی نۆدشی) کە موفتی سلێمانی و مامۆستای مزگەوتی (مەلکەندی) بووە، خوێندنی تەواوکردووە و مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە[8].

---

[7]- (حەمەکەریم هەورامی)- مەولەوی شاعیری ئازارو خەمە- لاپەڕە (٧)- هەولێر- (٢٠١٣ز).

[8]- (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- یادی مەردان- بەرگی دووەم- لاپەڕە (٣٦٣)- بەغداد- (١٩٨٣ز).

سەبارەت بەوەی لە هەندێك شوێندا قسە لەوە كراوە (مەولەوی) لە مزگەوتی (دارولئیحسان)ی سنە ساڵی (١٨٤١ز) لە خزمەت (حاجی مەلا ئەحمەدی نۆدشی)دا خوێندنی تەواوكردووە و مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە[٩] راستنییە. دەتوانین ناراستی ئەم بۆچوونە لەم خاڵانەی خوارەوەدا بسەلمێنین:

١- ساڵی (١٢٧١ ك) شێخ عوسمانی سیراجەددین، هەریەك لە (شێخ عەبدولڕەحمان ئەبولوەفا و مەلا ئەحمەدی نۆدشی و مەولەوی) ناردووە بۆ (سنە) بە مەبەستی چارەسەركردنی ئەو ناكۆكییەی لە نێوان (غولام شاخان- والی سنە) و مەلاكانی ئەوێدا درووستبووە، ئەسپاردنی كارێكی لەو چەشنە لە لایەن (سیراجەددین)ەوە بە كوڕی خۆی و مەلا ئەحمەدی نۆدشی و مەولەوی، بەڵگەیەكی گەورەیە كە دەبێت لەو كاتەدا (مەولەوی) چاك مەلا و زانایەكی گەورە بووبێت، بە تایبەت كێشەكە رەهەندێكی دینیی هەبووە. پەیوەستبووە بە هەوڵەكانی (غولام شاخان) بۆ بڵاوكردنەوەی شیعەگەرایی و پاشان رووداوە ئەخوازراوەكەی (كاروانسەرا)ی لێكەوتووەتەوە، كە چەندین خەڵكی تێدا كوژراون و بریندابوون.

٢- حاجی مەلا ئەحمەدی نۆدشی ساڵی (١٢٩٠ ك) و پاش گەڕانەوەی لە سەفەری حەج رۆیشتووە بۆ سنە و لە مزگەوتی (دارولئیحسان) دامەزراوە، لەو ساڵەدا (مەولەوی) نزیكەی شەست ساڵ تەمەنی بووە، هەرگیز ئەقڵ نایگرێت تا ئەو تەمەنە ناوبراو خوێندنی دینیی تەواونەكردبێت.

٣- زۆرجار لە ناو مەلاكانی كوردەواریدا باوبووە پاش ئەوەی مۆڵەتی مەلایەتیان وەرگرتووە و ئەگەرچی ساڵانێكی زۆریش مەلایەتییانكردووە، بەڵام هەر پێیان باشبووە مۆڵەتەكەیان لە مەڵبەندێكی تری دینیی بەناوبانگ و لە لای زانایەكی گەورەوە وەرگرنەوە، یان پشتگیریبكرێت، هەر لەم رووەوە جێی ئەوەی هەیە بوترێت، (مەولەوی) مۆڵەتەكەی لە مزگەوتی (دارولئیحسان) و لە لایەن (حاجی مەلا ئەحمەدی نۆدشی)یەوە پشتگیریكرابێت، نەوەك لای ئەو وەریگرتبێت.

---

[٩] - (عەلائەددینی سەجادی)- مێژووی ئەدەبی كوردی- چاپی دووەم- لاپەڕە- (٢٧٨)- بەغدا- (١٩٧١ز).

له هه‌ندێك سه‌رچاوه‌دا باس له‌وه كراوه پاش ئه‌وه‌ی (مه‌وله‌وی) مۆڵه‌تی مه‌لایه‌تی وه‌رگرتووه، (ئه‌حمه‌د پاشای بابان[١]) كه دۆستایه‌تی پته‌ویان له نێواندا هه‌بووه، گه‌شته ئاهه‌نگێكی به‌و بۆنه‌وه بۆ سه‌رچنار رێكخستووه ، ژماره‌یه‌كی زۆر له مه‌لاو فه‌قێكانی ئه‌و سه‌رده‌مه‌ی سلێمانی ئاماده‌ی ئه‌و گه‌شته ئاهه‌نگه بوون، دیاره رێكخستنی ئه‌و گه‌شته ئاهه‌نگه بۆ ئه‌و فه‌قێیانه‌ی خوێندنی دینیان ته‌واوكردووه و بوون به مه‌لا ره‌وی‌یه‌كی میره‌كانی بابان بووه.

یه‌كه‌م مه‌نزلگه‌ی مه‌لایه‌تی (مه‌وله‌وی) دێی (چرۆستانه) بووه له ناوچه‌ی (ئه‌ورۆڵی پارچه[٢])، له‌وێدا مزگه‌وتی كردووه‌ته‌وه و فه‌قێی راگرتووه و وانه‌ی دینی پێوتوون،

---

[١]- (ئه‌حمه‌د پاشای بابان) ئه‌م ئه‌حمه‌د پاشایه میری بابانه‌كان و زاناو خوێنده‌وارێكی زۆر چاكبووه، له زانسته دینییه‌كاندا پایه‌ی به‌رز بووه، ( مامۆستا مه‌لا عه‌بدولكه‌ریمی موده‌ڕیس) له به‌رگی دووه‌می (یادی مه‌ردان) دا نووسیویه‌تی، له‌لایه‌ن مامۆستای پایه به‌رز (شێخ عومه‌ری ئیبنولقه‌ره‌داغی) به‌وه نوسخه‌یه‌ك له كتێبی (كه‌مالی شه‌رحی شافیه)ی پێگه‌یشتووه، له كۆتاییه‌كه‌یدا نووسراوه، به‌ده‌ستی (ئه‌حمه‌دی كوڕی سلێمانی بابان) نووسراوه‌ته‌وه، ساڵی نووسینه‌كه‌شی به‌(كۆچی، زایینی، عیبری، قبطی) دیاریكردووه، هه‌ر له هه‌مان سه‌رچاوه‌دا هاتووه، گوایا (مامۆستا مه‌لا عه‌بدولكه‌ریم) له سه‌رده‌م ده‌رسوتنه‌وه‌یدا له (نێرگسه‌جاڕ) ساڵی(١٩٢٥ز) له‌ناو كتێبخانه‌ی (خوێندنگه‌ی ئایینی نێرگسه‌جاڕ)دا كتێبێكی (ته‌فسیری به‌یظاوی) بینیوه، له لاپه‌ڕه‌ی یه‌كه‌میدا به‌خه‌تی (ئه‌حمه‌د پاشای بابان) نووسراوه، ئه‌م ته‌فسیره‌م وه‌قفكرد له (سه‌ید عه‌بدولڕه‌حیمی تاوه‌گۆزی).

بڕوانه، (مه‌لا عه‌بدولكه‌ریمی موده‌ڕیس)- یادی مه‌ردان- لاپه‌ڕه (٢٨٠).

[٢] - ئه‌و ناوچه‌یه هه‌ر له گوندی (هه‌سه‌نئاوای) كه‌ناری (هه‌ڵه‌بجه) وه ده‌ستپێده‌كات هه‌تا گوندی (نێرگسه جاڕ) و ئه‌م گوندانه‌ی تێدایه،

(هه‌سه‌نئاوا، ترێفه، پریسی سه‌رو، پریسی خواروو، هانه سووره، سه‌راو، گونده، چرۆستانه، میراولی ، ئه‌وه‌ر، هانه زاڵه، كه‌وته، ته‌وه‌نه‌وه‌ل).

هه‌ردوو گوندی (كه‌وته، ته‌وه‌نه‌وه‌ل) كاتی خۆی بوون به ژێر ده‌ریاچه‌ی ده‌ربه‌ندیخانه‌وه، خه‌ڵكانیان هه‌ر له زه‌وییه‌كانی خۆیاندا دوو گوندیان به هه‌مان ناوه‌كانی پێشووه‌وه دروستكردۆته‌وه، به‌ڵام ئێستا ئه‌و (٢) گونده چۆڵن، گونده‌كانی تری (ناوچه‌ی ئه‌ورۆڵی) له دوای راپه‌ڕینه‌وه خه‌ڵكیان تێدا نیشته‌جێبۆته‌وه، به‌ڵام وه‌ك پێشتر زۆر ئاوه‌دان و بۆشته نین.

تەنانەت باخێکیشی داناوە، پاش ئەوەی چەند ساڵێک لەو شوێنەدا ماوەتەوە، باریکردووە بۆ دێی (گوندە[12]) لە هەمان ناوچە، لەوێش بە هەمانشێوە مزگەوتیکردووتەوە و فەقێی راگرتووە و بە ئامۆژگاری و رێنماییکردنی خەڵکەوە سەرقاڵبووە.

پاش چەند ساڵێک لەوێش گواستوویەتییەوە بۆ دێی (کانی کەوەی شەمێران) مەڵبەندی تیرەی (یەزدانبەخشی- شەمێرانی)، لەو دەمەدا سەرپەرشتکردنی ئەو ناوچەیە بە دەست (شێخ عەلی عەبابەیلێی)یەوە بووە، کە دۆستی مەولەوی بووە و زۆر دڵیراگرتووە، بەڵام پاش ئەوەی (محەممەد پاشای جاف) زەوییەکانی ئەوێی لە سەر خۆی تاپۆکردووە، ئیتر سەرپەرشتیکردنی لە (شێخ عەلی) وەرگرتووەتەوە و داویەتییە دەست پیاو ماقوڵێکی تیرەی یەزدانبەخشی بە ناوی (عوسمانی خاڵە)، ئەوەش (مەولەوی) بێتاقەتکردووە و ئیتر گەڕاوەتەوە دێی (سەرشاتە)ی زێدو مەڵبەندی خۆی لە ناوچەی (تاوەگۆزی)[13]، ئەگەرچی ناوچەیەکی رژد و رەقان و بۆ ژیان و گوزەرانی ئەم زاتە گونجاو نەبووە، بەڵام هەر لەوێ ماوەتەوە و بەردەوامی بە ژیان و گوزەرانی خۆی داوە.

ئەم شاعیرەمان لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا رووبەڕووی گەلێک ئەهامەتی بووەتەوە، مردنی (عەنبەرخاتوون) هاوسەرە خۆشەویست و بە وەفاکەی کە بابەتی تایبەت سەبارەت بە خۆشەویستی نێوانیان و ئەو شیعرانەی بۆ ئەوی وتوون لەم کتێبەدا هەیە، هەروەها سووتانی کتێبخانەکەی، لە دەستدانی بینایی و حەوت ساڵ ژیان بە کوێری، کەوتنەخوارەوەی بە سەر ولاخەوە و شکانی پشتی، هەر هەموویان ئازاری گەورە بوون و بە ژیانێکی ناهەمواری وایان سپاردووە وەك مەرگێکی لەسەرخۆ بووە

---

(ئەیوب رۆستەم)- هەگبەو هەوارگە- پەراوێزی لاپەڕە- (١٢٣)- چاپی یەکەم- (٢٠٠٢ز).

[12]- هەمان سەرچاوەی پێشوو- لاپەڕە- (١٠٣).

[13]— (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- یادی مەردان- بەرگی دووەم-لاپەڕە (٢٦٤، ٢٦٥)- بەغداد- (١٩٨٢ز).

بۆی، ساڵی (١٨٨٢ز) بۆ دواجار چاوەکانی لێکناوە وماڵئاوایی لە ژیان کردووە، لە سەر وەسیەتی خۆی لە گۆڕستانی ئەسحابە نزیك دێی سەرشاتە بەخاکسپێردراوە.

*- مەعدووم- مەولەوی:

شتێکی دیارە نازناوی شیعری مەولەوی وەك لە چەند دێڕێکی شیعرەکانیدا دیارە (مەعدووم- مەعدوومی)یە، ئەم نازناوەشی زۆر کەم بەکارهێناوە بە پێچەوانەی هەندێك لە شاعیرەکانی تر کە لە زۆربەی دوادێڕی شیعرەکانیاندا بەکاریانهێناوە، لەو شوێنانەشدا بەکاریهێنابێت زیاتر لە نیشاندانی دۆخی خەمباری خۆی، یان وەك جۆرە خۆ بەکەمزانینێك، نەوەك شانازی بەخۆوەکردنەوە بووە، بۆ نموونە:

چون چیهرەی خەیاڵ روخسارەکەی وێش

نە تۆی پەردەی دڵ (مەعدوومی) دڵ رێش[٤]

باشتر وایە قسەیەك لەم دێڕە شیعرە بکەین کە لە راڤەکانی تایبەت بە شیعری ئەم زاتە لێکدانەوەی جیاجیا بۆ وشەی (چیهرە) کراون، شتێکی راستە چیهرە مانای روخسار دەدات، بەڵام لێرەدا پێناچێت بەو مانایە بەکارهاتبێت، لە کتێبی (مەلەوی و تەفێنەوەی زمان)دا نووسراوە گوایا ئەو پارچە شیعرەی سەرەتاکەی بەم دێڕە دەستپێکردووە بۆ (ماه چیهرە خانم)ی هاوسەری والی (سنە) نووسراوە[٥]، منیش پێموایە پارچە شیعرەکە بۆ ئەم خانمە نووسرابێت و وشەی (چیهرە)ش لەم دێڕەدا بە مانای روخسارەوە نەهاتووە، چوون خودی (روخسار) لە کۆتایی نیوەدێڕی یەکەمدا بەکارهاتووە، دیارە ئەوەش لە سەلیقەی شیعری (مەولەوی)یەوە دوورە، کە لە نیوەدێڕی شیعرێکدا دووجار وشەی روخسار و چیهرە بۆ یەك مانا بەکاربهێنێت.

هەر سەبارەت بە بەکارهێنانی نازناوی (مەعدووم) لە شیعرەکانی (مەولەوی)دا، لە پارچە شیعری (قوربان قوربانەن)دا وتوویەتی:

---

[٤]- هەمان سەرچاوەی پێشوو- لاپەڕە (٢١٤).

[٥] - (حەکیم مەلا ساڵح)- مەولەوی و تەفێنەوەی زمان- چاپی یەکەم- لاپەڕە (٢٠)- هەولێر- (٢٠٠٨ز).

(مەعدوومی)ی بەدبەخت ناتەمامەنی

راســـەن بێ دەوڵەت خەیاڵ خامەنی

قوربـــانی مشۆ چە عەیب بەری بۆ

فیـــدایی پەسەند رای دڵبەری بۆ[٢٦]

لەم دێڕەدا شاعیر باسی ئەوەی کردووە لە رۆژانی جەژنی قورباندا خەڵکانی خاوەن ماڵیات و دەسترۆیشتوو قوربانیدەکەن و بەرامبەر خۆشەویستی خۆیان وەفا دەنوێنن، بەڵام (مەولەوی) بە خۆی دەڵێت: خەیاڵت خاوە لە کاتێکدا قوربانی دەبێت هیچ عەیبێکی تێدا نەبێت، هەتاکو لای خۆشەویست پەسەند بێت، کەواتە تۆ چۆن بۆ قوربانی دەشێیت؟. لێرەدا بە ئاشکرا دەریخستووە خۆی بە شایانی قوربانیدان نازانێت[٢٧].

پێموایە ئەم دوو نموونە لە شیعرەکانی بەسن بۆ ئەوەی لەوە تێبگەین (مەولەوی) لە بەکارهێنانی نازناوی (مەعدوومی)دا هەمیشە لە لووتکەوە بۆ خوارەوە خۆی بەرداوەتەوە، نەوەك بە پێچەوانەوە، بەو مانایە بەکارهێنانی نازناوەکە بە لای شاعیرەوە بۆ خۆبادان و خودپەسەندی نەبووە، بەڵکو زیاتر بۆ نەهامەتی و بەخۆداشکاندنەوە و خۆ بەکەمزانین بەکاریهێناوە.

ئەم دێڕانە سەبارەت بە نازناوی (مەعدووم- مەعدوومی) بەسن بۆ ئەوەی بزانین مەولەوی چۆن و لە کوێدا نازناوەکەی بەکارهێناوە، سەبارەت بە (مەولەوی)یش ئەوە رازو گێرانەوەی خۆی هەن کە بە کورتی تیشکدەخەمە سەریان.

سەبارەت بە نازناوی (مەولەوی) کە لە سەردەمی ژیانی خۆی و لە ناو دونیای شیعرو ئەدەبیاتی ئەمڕۆشماندا بە جۆرێك بەناوبانگبووە و بەناوبانگە جێگەی ناوی (سەید عەبدولرەحیم و نازناوی مەعدوومی)یشی گرتووەتەوە، شاعیر بۆ خۆی لە هیچ شوێنێك و لە هیچ نووسینێکیدا تەنانەت بۆ یەکجاریش ئەم نازناوەی بەکارنەهێناوە.

---

[٢٦] -(مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- یادی مەردان- بەرگی دووەم-لاپەڕە (٣٩٠)- بەغداد- (١٩٨٢ز).

[٢٧] - (حەمەکەریم هەورامی)- مەولەوی شاعیری ئازار و خەمە- لاپەڕە (١٤)- هەولێر (٢٠١٢ز).

لە سەرچاوەکاندا چەند قسەوباسێك دەربارەی نازناوی (مەولەوی) خراوەتەڕوو، لە (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا نووسراوە: (مەولەوی لە ئاخر دەوری فەقێیەتیدا زۆر پابەندی خانەقای تەوێڵە بووە، ئەو خانەقایە بە هاتوچۆی هەموو تیرەیەك وەکو پوورەی هەنگ وابووە، لە هیندی و لە ئەوغانی و لە کەسانی تریش. ئەوغانییەکان تەماشادەکەن ئەم پیاوە مەولەوی لە تەرزی ژیان و رابواردنیدا دەروێشی و خودا ناسی و عیلم ئەدرەوشێنەوە، ئیتر لەسەر رەوشتی لای خۆیان کە بەم جۆرە کەسانەیان وتووە مەولەوی، بە مەولەوی ناوی ئەبەن. وردە وردە ئەم ناوە لە خانەقای تەوێڵەو لە وڵاتی موریدەکانیدا= مەبەست موریدەکانی خانەقای تەوێڵەیە بلاونەبێتەوە[١٨]).

هەر لە بواری دانی نازناوی (مەولەوی) بەم شاعیرە باس لەوەکراوە، (غولاّم شاخانی والی سنە[١٩]) لە کۆبوونەوەیەکی گەورەی زانایان و ئەدیبان و پیاوماقوولاّن و میرزاکانی سنە، بە فەرمی و لە ناو ئاهەنگێکی شەربەتخواردنەوەی شاهانەدا، ساڵی (١٨٥٨ز) ئەم نازناوەی داوەتە (مەولەوی)، ئەوەش لە بەر ئەم هۆکارانە:

١- (مەولەوی) کەسێکی شاعیرو زانای ئایینی و قسەزان و موریدی شێخەکانی نەقشبەندی بووە ، ئەم خەسڵەتانەش گردوویانەتە کەسێکی دیارو رێز لێگیراو.

[١٨]- (عەلائەددینی سەجادی)- مێژووی ئەدەبی کوردی- چاپی دووەم- لاپەڕە (٢٨٠، ٢٨١)- بەغداد- (١٩٧١ز).

[١٩]- ناوی (ئەمانەلاّخان کوڕی خوسرەوخانی ناکامە)، بە پێی سەرچاوەکان لە کۆشکی (فەتال شای قاجار)دا پێگەیشتووە چونکە باپیری بووە لە سەری دایکییەوە، ، ساڵی (١٢٦٢ك) بووە بە حوکمڕانی ئەردەلاّن، لە ساڵی (١٢٦٥ك) چووەتەسەر مەزهەبی شیعە و خەڵکی بۆ شیعەگەرایی بانگکردووە، ئەمەش هەرایەکی زۆری لێکەوتوەتەوە و خەڵکی تێدا کوژراوە، لە مێژوودا بە (واقعەی کاروانسەرا) بەناوبانگە، ئاوبراو شاعیر و رۆشنبیرێکی دیاربووە، نازناوی (والی) لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، ساڵی (١٢٨٤ك) کۆچی دواییکردووە، پاش مردنی زیاتر لە دوو هەزار کتێب لە کتێبخانەکەیدا بوون.

بڕوانە: (ایت الله مردوخ)- تاریخ مردوخ- ١٣٢٤.

٢- دەنگی شیعری (مەولەوی) وەك زەنگێك بە شێوەیەك بە هەموو وڵاتی ئەردەڵان و دەورووبەریدا دەنگیداوەتەوە، بە لای هەموو کەسێکەوە لە ئاشقان و تامەزرۆیانی شیعرو ئەدەبیات دەنگێکی شیعری کاریگەرو پەسەند بووە.

٣- خودی (غوڵام شاخان) پیاوێکی خاوەن زەوقی ئەدەبی و شاعیریش بووە، هەروەها خۆشەویستییەکی تایبەتی بۆ (مەولەوی) هەبووە.

دیارە مەبەستی (غوڵام شاخان) لە پێدانی ئەم نازناوە بە شاعیر، ئەوە بووە (سەید عەبدولڕەحیمی مەعدووم) لە پایەو دانایی و شیعردا لە (مەولەوی ڕۆمی) کەمتر نییە[٢٠].

جێی داخ و کەسەرێکی گەورەیە، ئێمەی کورد وەك پێویست لە ژیان و بەرهەمەکانی ئەم زاتە ئاگادارنین، بۆ نموونە من وەك خۆم لە تەك ژمارەیەك لە شاعیران و نووسەرانی باکووری کوردستان ئەمەم بە تەواوی هەستپێکرد، زۆرم بەلاوە سەیربوو لە چوارچێوەی دەمەتەقێیەکی ئەدەبی، باسی شیعری (مەولەوی)م بۆ کردن کەچی هەر ناویشیان نەبیستبوو، ئەمە لە کاتێکدا ئێرانییەکان ناوی ئەم زاتە بە (مەولەوی کورد)، یان (مەولەوی دووەم) دەهێنن، دیارە ئەوان کە دەڵێن (مەولەوی کورد)، یان (مەولەوی دووەم)، ڕاستەوڕاست ئەوە دەگەیەنێت، بەرامبەر مەلەوییەکەی خۆیان (میرزا جەلالەددین)، ئەوەتا کوردیش مەولەوی خۆی هەیە.

### *- بەرهەمە نووسراوەکانی مەولەوی:

(مەولەوی) لە ماوەی ژیانیدا بێجگە لەو کتێبانەی بوونەتە خۆراکی ئاگر، چەند کتێبێکی تری نووسیون، ئەگەرچی لەم کتێبەدا من تەنیا سەبارەت بە شیعرەکانی ناو دیوانەکەی قسەم هەیە و کارم بە بەرهەمەکانی تریەوە نییە، چونکە پێموایە لە چوارچێوەی شارەزایی و زانیاری مندا نین و خەڵکی تایبەتی خۆیان هەیە قسەیان

---

[٢٠]- (حەمەکەریم هەورامی)- مەولەوی شاعیری ئازارو خەمە- لاپەڕە (١٦)- هەولێر (٢٠١٣ز).

لێوەبکات، زیاتر بابەتی عەقیدە و زانستە دینییەکانیان لە خۆگرتووە، بەلاّم پێمباشە لەم سەرەتا کورتەدا ناویان بهێنم:

١- (العقیدة المرضیة):- لە سەرچاوەکاندا نووسراوە ئەم کتێبە لە دوو هەزار دێڕ زیاترە و بە کوردی نووسراوە، لە هەندێك سەرچاوەشدا نووسراوە بریتییە لە (٢٤٤١) دێڕە شیعر و شیعرەکان دە برگەیی و خۆماڵین، بە شێوەی گۆکردنی خەڵکی ناوچەی (تاوەگۆزی) هۆنراونەتەوە[٢٦]. کتێبەکە لە سەر رۆشنایی بیرو باوەڕی فیرقەی (ئەشعەری)یە، سەبارەت بە (بنەما و لقەکان)ی دینی پیرۆزی ئیسلام قسەی تێداکراون، هاوکات هەندێك بابەتی لاوەکی پەیوەست بە زاستی (کەلاّم)یشی تێدا خراونەتەڕوو. لە لایەن خودی مەولەوی پەراوێزی زۆری بۆ نووسراوە، هەروەها (حاجی شێخ ئەحمەد شەمسەددین کوڕی شێخ عوسمانی سیراجەددین)یش کەلێك پەراوێزی بۆ نووسیوە، شێوازی نووسینەکەی زۆر جوان و رەوانە و سوودێکی زۆری هەیە.

سەبارەت بە نووسینی ئەم کتێبە (مەولەوی) فەرموویەتی: لە سەر فەرمانی (حەزرەتی شێخ سیراجەددین) ئەم عەقیدەم بە زمانی کوردی رێکخست، دوای گەیشتنم بە کۆتایی، گەیاندمە دەستی و عەرزمکرد، کتێبەکەم هێناوە تا کاتێك ئەگەیتە خزمەتی (رەسولەلاّ د.خ)، راستی ناوەڕۆکی ئەم کتێبەی لێبپرسیت. لەو کاتەدا (شێخی سیراجەددین) سەرقاڵی (موراقەبە) بوو، دوای نیوسەعاتێك سەری هەڵبڕی و فەرمووی: مەولەوی گەیشتمە خزمەتی پەیامبەری ئازیز (د.خ)، فەرمووی: لە ناوەڕۆکی ئەم کتێبە رەزامەندی ئەبەخشم بێجگە لە پێنج بەیتی کە لە بەشی پێنجەمیدا سەبارەت بە باسکردنی (کوفر) هاتوون، چونکە لە حاڵەتی خەودا شتێکیان بە ئێوە وتووە و هێناوتەتە ناو کتێبەکە، ئەوە بزانە کوفر پلەی بۆ نییە و یەکێکە، وەك ئیمان نییە کە چەندین پلەی هەیە، (مەولەوی)یش وتوویەتی فەرموودەیەکی تەواو راستە و پێنج دێڕەکەی دەرهێناوە، هەر لەوەشەوە کتێبەکەی ناونراوە (العقیدة المرضیة)، ئەم گێڕانەوەیە لە چەند سەرچاوەیەکدا باسکراوە،

---

[٢٦]- هەمان سەرچاوەی پێشوو - لاپەڕە (٤٦).

لەوانـە: كتێبی (بارقـات السرور)- لاپـەڕە (٢٨٧) و (سـراج الطـالبین) لاپـەڕەكانی (٦٦، ٦٧)[٢١].

٢- (الفوائح):- سەبارەت بـە نـاوی كتێبەكە پێویستە بڵێین (الفـوائح) بـە مانـای شتە بۆنخۆشەكان دێت، ئەو شتانەی بۆنی خۆشیان لێدەبێتەوە. ئەم كتێبـە لـە هـەزار دێڕ شیعر پێكهاتووە و بە زمانی فارسی نووسراوە، ناوەڕۆكەكەی سەبارەت بـە بیروبـاوەڕی موسڵمانانە. لـە كتێبی (یـادی مـەردان- بـەرگی دووەم)دا نووسـراوە، هـەردوو كتێبی (العقیـدة المرضیة و الفـوائح)، لـە لایـەن خوالێخۆشـبوو (مـەحیـەدین صـەبری نعێمـی كانی مشكانی) ساڵی (١٣٥٢ ك) لە وڵاتی میسر لـە چاپدراون و لـەم ساڵانەی دواییشدا بە ئۆفسێت لە چاپدراونەتەوە[٢٢]. هەر لەم بوارەدا پێویستە باس لـەوە بكـەم زیـاد لـەم چاپانەی باسمانكردن، (مامۆستا مەلا عەبدولكـەریمی مـودەڕیس)یـش سـاڵی (١٩٨٨ز) بە لێكدانەوەیەكی زۆر وردەوە (العقیدة المرضیة)ی بەچاپگەیاندووە.

٣- (الفضیلة):- بریتییە لە (٢٠٣١) دێڕ شیعری ڕەجەز بە زمانی عەرەبی و تایبـەت بـە نوسوولی دیین نووسراون، سەبارەت بـەم كتێبـە نووسـراوە (مـەولـەوی) لـە سـەر داوای (شێخ محەممەد بەهائەددین) نووسیویەتی، باس لـەوە كـراوە كتێبێكی زۆر گـرنـگ و بایەخدارە، مامۆستا (مـەلا عـەبدولكـەریمی مـودەڕیس) مانادانەوەیـەكی باشی بـۆ ئـەم كتێبـە كـردووە و لـە چوارچێوەی (٨١٩) لاپـەڕەدا لـە چـاپدراوە و بـە زۆر شـوێنی كوردستان و وڵاتـانی ئیسلامیشـدا بڵاوبووەتـەوە، نـاوبراو وتوویـەتی: نوسـخەیەكی نایابی ئـەم كتێبەی لایە بە خـەتێكی زۆر جوان نووسـراوەتەوە و پـەراوێز و خـەتی (مەولەوی)یشی پێوەیە[٢٣].

٤- كتێبێكی كوردی بە شیعر سەبارەت بە عەقیدە و بیروباوەڕی ئیسلام، كە لە هەندێك شوێندا بە (زوبدەی عەقیدە) ناوهێنراوە، زیاتر پەیوەندی بە یەكتایی

---

[٢١]- ( ئەمیر وەزیری)- نەقشبەندی لە كوردستان- چاپی یەكەم- لاپەڕە (٣١٤)- چاپخانەی كارۆ- ٢٠١٣.

[٢٢]- (مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس)- یادی مەردان- بەرگی دووەم-لاپەڕە (٣٦٨)- بەغداد- (١٩٨٣ز).

[٢٣]- هەمان سەرچاوەی پێشوو- لاپەڕە –(٣٦٩).

خودای گەورە و سیفەتەکانییەوە هەیە، ئەم کتێبەی لە هەندێك لە حوجرەو خوێندنگە دینییەکانی کوردستاندا خوێندراوە.

٥- (خاطرات مولوی)، دەوترێت ئەم کتێبە هەتاکو ساڵەکانی ژیانی (شێخ نەجمەددینی نەقشبەندی) لە خانەقای بیارەدا بووە، لەمبارەوە خواڵێخۆشبوو (سەید عەبدولڕەحمانی عازەبانی) وتوویەتی: گوایا لای (شێخ نەجمەددین) ئەم کتێبەی بینیوە و شتی بەسوودی زۆری تێدابوون، بەڵام لە ئێستادا شوێنەواری دیارنییە، چەند ساڵێك لەمەوبەر بەڕێزێك هاتە لای من پێویست بە ناوهێنانی ناکات، باسی ئەوەی کرد دەستنووسێکی ئەم کتێبەی بینیوە و دەتوانێت بە دەستیبخات، منیش زۆر دڵخۆشبووم و پێموت: ئەگەر شتێکی وا هەبێت ئێمە ئامادەین بیکڕین و لە نزیکترین دەرفەتدا لە چاپیبدەین، یاداشتی ماندووبوونی تۆش دەخەینەسەر سەرمان. ئەگەرچی زیاتر لە ساڵێك هەر جارە و بە قسەیەك دەستی دەستپێکردین، دواجار بوو بە (خشەی گەروێشکەکە). ئەگەر تەمەنی هەردووکمان هەتا لە چاپدانی ئەم بەرهەمەی من درێژەیکێشا، ئەوە بە دڵنیاییەوە دانەیەکی بۆ دەنێرم و باش دەزانم لە کاتی خوێندنەوەیدا شەرم دایدەگرێت.

٦- نامیلکەیەك سەبارەت بە ڕاستی و دروستی (الرابطة) کە یەکێکە لە ڕەوییەکانی ڕێبازەکەی نەقشبەندی و لە پەیوەندی نێوان (پیر و مورید)دا بایەخێکی گەورەی هەیە، ئەم نامیلکەیە بە زمانی فارسی نووسراوە.

دیارە ژیانی پڕ بەرەکەتی مەولەوی بە شێوەیەك بووە بتوانین بڵێین: دەگونجێت بەرهەمە نووسراوەکانی زۆر لەمانە زیاتر بووبن، بەڵام لە لایەکەوە نیشتەجێبوونی لە چەند شوێنێکی جیاواز و لە لایەکی ترەوە سووتانی کتێبخانەکەی لەوانەیە زۆر نووسینی تری بەهاداری ئەم زاتەیان لێمان ئاواگردبێت.

★- مەولەوی وەك كەسێتییەكی بەرجەستە لە بواری كۆمەڵایەتیدا:

بەدەر لەوەی (مەولەوی) شاعرێكی گەورەو زانایەكی ئایینی دیار و موریدێكی ناسراوی ڕێوڕەچەی نەقشبەندی بووە، لە بواری كۆمەڵایەتیشدا كەسێتییەكی بەرجەستەی سەردەمی خۆی بووە، لە هەندێك لە ڕووداوە مێژووییەكاندا ڕۆڵی هەبووە، پرس و ڕای پێكراوە و ئەركی ڕووبەڕوو كراوەتەوە، بەڵام هەرگیز بە مەبەستی خۆدەرخستن، یان بەدەستهێنانی دەستكەوت و بەرژەوەندی تایبەت كارینەكردووە، ئەگەرچی ژیان و گوزەرانی لە ڕووی ئابوورییەوە باشنەبووە، بەڵام هەمیشە ژیانێكی سەربەرزانەی گوزەراندووە و لەم بوارەدا ئەوەك چاوی لە خەڵات و بەراتی دەستی كەس نەبووە، بەڵكو ئەو شتانەش خراونەتە بەردەستی داویەنیەتە دواوە و پێیان قایلنەبووە، هەرگیز بەرامبەر قسەی هیچ دەسەڵاتدارێك دۆش دانەماوە و وەڵامی گونجاوی بۆیان هەبووە، پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی پڕبوون لە دڵسۆزی و ئەمەكداری، هەمیشە ویستوویەتی خاوەنی خۆی بێت و بە ئەفسەرزی بمێنێتەوە، زۆرێك لە خەڵكانی دەستڕۆیشتووی ئەو سەردەمانەی ناوبراوی تێدا ژیاوە كاریان پێسپاردووە و هانایان بۆ بردووە، ئەویش بە پێی توانای خۆی درێغینەكردووە و ئەوەی پێیكرابێت جێبەجێیكردووە، ئەچووەتە ژێر كۆڵێك توانای هەڵگرتنی نەبووبێت، لە دەربڕینی ڕاو سەرنجی خۆیدا هەتا سەر مۆخ ڕاستگۆ و مەرد بووە، لەم بوارەدا تەنیا دوو نموونە دەخەمەڕوو:

١- ساڵی (١٢٧١ ك) كە لە سنە بووە، ڕۆژێكیان (غوڵام شاخانی والی) بە مەولەوی وتووە: حەزدەكەم بۆم باسبكەی لە گەڵ بوونی (ئەمیر ئەلمۆئمنین عەلی) چۆن بێگانە كراوە بە جێنشینی پێغەمبەر (د. خ)، لەو كاتەدا (میرزا جەعفەر خانی وەزیر) و مامێكی (غوڵام شاخان)یش كە قلیانداری خۆی بووە لەوێ بوون، (مەولەوی) وتوویەتی: لە بەرخاتری ڕیشی سپی مامت ئەم پرسیارە لە جەنابی وەزیر بفەرمووی، مەبەستی شاعیر ئەوە بووە ئەگەر بە خزمایەتی بوایە ئەدەبوو (غوڵام شاخان) مامی خۆی

بکاتە هلیاندار و بێگانە بکات بە وەزیر، ئیتر (غولام شاخان) لە قسەکەی باش تێگەیشتووە و سەریداخستووە[٢٥].

٢- هەرچەندە لە گەڵ پاشاکانی جاف و لە گەڵ ژمارەیەك لە بەگزادەکان پەیوەندی زۆر باشی هەبووە، بەڵام ئەگەر نارەوایییەکی لە هەڵوێستێکیاندا بەرچاوکەوتبێت ملکەچییان نەبووە، لەم بوارەدا قسە لەوە کراوە، دوای ئەوەی (مەحموود پاشای جاف) لە ئەستەمبووڵەوە فەرمانی پاشایەتی بۆ هاتووە، مەولەوی لە سەر کێشەیەك دڵی لێی زویر بووە، نامەیەکی بۆ ناردووە و تیایدا نووسیویەتی: پاشا ئەگەر تۆ بەوە دەنازیت لە (مەحموود بەگی)یەوە بوویت بە (مەحموود پاشا)، منیش بەوە دەنازم کە هەر (مەولەوی) بووم و هەر (مەولەوی)م، دیارە ئەم نامەی شاعیر ئازایەتی ناوبراو لە قسەکردن و بێباکی لە دەسەڵاتدار، هەروەها نەفسبەرزی شاعیری تێدا دەخوێنرێتەوە، زانایی و پایەی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و دینداری خۆی لە تای تەرازووی هەموو دەسەڵاتە دونیاییەکانی (مەحموود پای جاف) داناوە، چونکە لێرەدا شانازی بە نازناوی (مەولەوی)یەوە کردووە کە سەرچاوەگەی بۆ پایەی دیاری لەو بوارانەدا دەردەخات.

---

[٢٥]- (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- لاپەڕە (٢٦)- انتشارات کردستان.

***- چەردەیەك سەبارەت بەو كارانەی لە بواری مەولەویناسیدا كراون:**

سەبارەت بەو كارانەی لە رووی مەولەویناسیەوە كراون، (مامۆستا محەممەدی مەلا كەریم) لە لێكۆڵینەوەیەكدا بە ناوونیشانی (مەولەوی- ژیان و بەرهەمی)، نووسیویەتی: (تائێستا گەلێك لە نووسەران و لێكۆڵەرانی كورد لە دوو توێی هەندێك كتێبی ئەدەب و مێژووی ئەدەبدا لە بارەی شیعری مەولەوییەوە نووسیویانە، لە ناو ئەوانەدا: (ئەمین فەیزی بەگ، پیرەمێرد، حسێن حوزنی موكریانی، گۆران، عەلائەددینی سەجادی، مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس، موحەممەد سدیقی موفتی زادە، عەلی شێخ عومەری قەرەداخی، سەید محەممەد تاهیری هاشمی، د. عیزەددین مستەفا رەسووڵ، بەندە و گەلێك كەسی تر لە رۆشنبیرانی كورد[٢٦]).

دیارە دوای ئەمانەش چەندین كتێب و لێكۆڵینەوە سەبارەت بە مەولەوی و شیعرەكانی لە لایەن هەریەك لە (سدیقی بۆرەكەیی[٢٧]، حەكیم مەلا ساڵح[٢٨]، هەمایۆن صاحب كەریم[٢٩]) و نووسەرانی ترەوە نووسراون، هەروەها ئەوەندەی ئێمە ئاگاداربین دوو ماستەرنامە لە لایەن: خاتوو (كولسووم عوسمان پوور[٣٠]، لەوێن قادر[٣١])، دوو

---

[٢٦] - (محەممەدی مەلا كەریم)- مەولەوی- ژیان و بەرهەمی- لێكۆڵینەوە- كتێبی (میهرەجانی مەولەوی) لاپەڕە (٢٢- ٢٥)- لە بڵاوكراوەكانی دیداری مەولەوی- سلێمانی- (٢٠١٠).

[٢٧] - صدیق بۆرەكەیی- (صفی زادە)- مێژووی وێژەی كوردی- بەرگی یەكەم- لاپەڕەكانی (٥١٧- ٥٢٦)- چاپخانەی چهر تبریز.

[٢٨] - (حەكیم مەلا ساڵح) لە هەردوو كتێبی - مەولەوی ئەهێنەوەی زمان- چاپخانەی دەزگای ئاراس- هەولێر- هەروەها مەولەوی و بەخشانی كوردی- لە بڵاوكراوەكانی دیداری مەولەوی- سلێمانی – (٢٠١٠).

[٢٩] - (هەمایۆن صاحب كەریم)- شەریعەتی مەیل- لە بڵاوكراوەكانی دەزگای رۆشنبیریی (جەمال عیرفان)- سلێمانی (٢٠١٣).

[٣٠] - (كلثوم عثمان پور)- دوزخ دوری (زیبایی شناسی دیوان اشعار مولوی كورد)- ماستەرنامە- لە بڵاوكراوەكانی دیداری مەولەوی– سلێمانی (٢٠١٠).

[٣١] - (لەوێن قادر)- دوالیزمی دژیەك لە هۆنراوە لیریكییەكانی مەولانای رۆمی و مەولەوی تاوگۆزی – ماستەرنامە- زانكۆی سلێمانی – ساڵی (٢٠١٣).

دكتۆرانامەش لە لایەن: (د. ئەنوەر قادر جاف[٣٢]، د. شكار عەبدولكەریم[٣٣])ەوە نووسراون.

ئاشكراشە دیوانی شیعرەكانی (مەولەوی) بۆ چەند جارێك لە چاپدراوە، هەروەها چەند كتێبێكی تریش وەك لێكۆڵینەوە لە شیعرەكانی بەمشێوەی خوارەوە لە چاپدراون:

١- ئەسڵ و رۆحی مەولەوی- (پیرەمێرد) لە دوو بەرگدا لە چاپیداوە.

٢- دیوانی مەولەوی- كۆكردنەوە و لێكۆڵینەوە و لێكدانەوە و لەسەر نووسینی (مەلا عەبدولكەریمی مودەریس)- بەغدا ١٩٦١. هەر هەمان دیوان لە ئێران بە ئۆفسێت لە چاپدراوە و بڵاوكراوەتەوە، هەروەها لە لایەن (بڵاوكردنەوەی كوردستان- انتشارات كوردستان) لە شاری سنە لە دووتوێی (٦٦٢) لاپەڕەدا لە چاپدراوەتەوە، بڵاوكەرەوە لە وتەیەكدا باسی لەوە كردووە لە نووسینەوەی دیوانەكەدا لە سەر بنەمای رێنووسی یەگرتووی كۆڕی زانیاری كوردستان پیتچنینكراوە.

٣- دیوانی مەولەوی- ساخكردنەوەی (صدیق بۆرەكەیی- صفی زادە)- تاران چاپخانەی حەیدەری.

٤- دیوانی مەولەوی- لە لایەن (محەممەد ئەمینی ئەردەڵانی)یەوە بە شیعر بۆ كرمانجی خواروو- وەرگێردراوە- بەرگی یەكەم- چاپخانەی (مونیر)- بەغدا- ١٩٩١.

٥- مەولەوی تاوەگۆزی، دیوانی مەولەوی ئامادەكردنی (حەكیم مەلا ساڵح)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ساڵی (٢٠٠٦ز) لە چاپیداوە.

٦- لیریكای شاعیری گەرەی كورد مەولەوی- لە نووسینی (د. ئەنوەر قادر محەممەد)- سلێمانی، ئەم كتێبە هەمان دكتۆرانامەی ناوبراوە لە دێڕەكانی پێشتردا ناوبهێنرا.

---

[٣٢] - (د. ئەنوەر قادر محەممەد)- لیریكای شاعیری گەورەی كورد مەولەوی- ١٨٠٦- ١٨٨٢- بە (دیالێكتی گۆرانی)- ستۆكهۆڵم ١٩٩٠.

[٣٣] - (د.شكار عەبدولكەریم)- چەمكی ژیان و مردن لە شیعری مەولەوی و مەولانا جەلالەددینی رۆمیدا- دكتۆرانامە- رۆژی (١٢/ ٣/ ٢٠١٤) گفتوگۆی لێوەكراوە و پەسەندكراوە.

٧- مەولەوی شاعیری ئازارو خەمە- لە نووسینی (حەمەکەریم رەمەزان هەورامی)، لە دوو توێی (٤٧٢) لاپەڕە دەزگای ئاراس- ساڵی (٢٠١٢ز) لەچاپیداوە.

٨- مەولەوی و تەڤینەوەی زمان- نووسینی (حەکیم مەلا ساڵح) لە دوو توێی (١٥٢) لاپەڕە - دەزگای ئاراس ساڵی (٢٠٠٨ز) لەچاپیداوە.

٩- چەمکی ژیان و مردن لە شیعری مەولەوی و مەولانای رۆمیدا- نووسینی (سەبوور عەبدولکەریم- شکار)، لە دوو توێی (٥١٨) لاپەڕە- لە لایەن ناوەندی غەزەلنووس بڵاوکراوەتەوە، ئەم کتێبە هەمان دوکتۆرا نامەی ناوبراوە لە دێڕەکانی پێشوودا ناویهێنرا.

هەروەها ژمارەیەك (میهرەجان و کۆنگرە و دیدارو کۆڕی تایبەت) بۆ تاوتوێکردن و قسەوباسی جیاجیا سەبارەت بە بەرهەمەکانی مەولەوی بەگشتی و شیعرەکانی بە تایبەتی بەڕێوەچوون، وەك لەخوارەوە دیاریکراوە:

یەکەم- میهرەجانی مەولەوی- دەزگای رۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی سەر بە وەزارەتی رۆشنبیریی و راگەیاندنی عێراق، هاوینی (١٩٨٨) بۆ ماوەی دوو رۆژ لە شاری سلێمانی بەڕێوەیبردووە، لێکۆڵینەوە و بابەتەکانی میهرەجان، ساڵی (١٩٨٩) لە دوو توێی کتێبێکی (٢٥٦) لاپەرەییدا بە ناوونیشانی (میهرەجانی مەولەوی) بڵاوکراونەتەوە[٢٤].

دووەم- (کۆنگرەی مەولەوی) هاوینی ساڵی (١٩٩٢) لە شاری سەقز بەڕێوەچووە و ژمارەیەکی بەرچاو لە نووسەران و رۆشنبیرانی خۆرهەڵات و باشووری کوردستان بەشدارییان تێدا کردووە، لێکۆڵینەوە و بابەتەکانی لە دوو توێی کتێبێکدا بە ناوونیشانی: (مجموعە مقالات واشعار کنگرە بزرگداشت مولوی کرد) لە لایەن دەستەی سەرپەرشتیکردنی کۆنگرەکە لە هاوینی (١٩٩٦) بڵاوکراوەنەتەوە[٢٥].

---

[٢٤] -(میهرەجانی مەولەوی)- بابەتەکانی میهرەجانی مەولەوی- چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیریی سلێمانی- ٢٠٠٠.

[٢٥] - (مجموعە مقالات واشعار کنگرە بزرگداشت مولوی کرد)- سقز- شهریور- ١٣٧١- تدوین هیئت علمی برگزاری کنگرە مولوی- شهر کرد- چاپ افست- ١٣٧٥.

سێیەم- (دیداری مەولەوی)- لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری سلێمانی رۆژانی (٩-١٠)ی مانگی تشرینی یەکەم- ساڵی ٢٠١٠- بە دروشمی (با لە داهێنانەکانییەوە مەولەوی زیاتر بناسین) لە سلێمانی بەڕێوەچووە، تیادا شەش کتێب بەم ناوونیشانانە بڵاوکراونەتەوە:

١- (شەریعەتی مەیل)- لە دوو توێی (٦٥٢) لاپەڕە، لە نووسینی (هەمایۆن صاحب کەریم).

٢- (دۆزخ دوری- زیبایی شناسی اشعار مولوی کرد)- لە دوو توێی (٢٣٢) لاپەڕە لە نووسینی (کولسووم عوسمان پوور)- هەمان ماستەرنامەیەتی لە دێڕەکانی پێشتر ناویهێنرا..

٣- مەولەوی و پەخشانی کوردی- لە دوو توێی (٧٨) لاپەڕە لە نووسینی (حەکیم مەلا ساڵح).

٤- میهرەجانی مەولەوی- لە دوو توێی (٣٠٠) لاپەڕە- هەمان بابەتەکانی میهرەجانی مەولەوی ساڵی(١٩٨٨)ی تێدا بڵاوکراونەتەوە.

٥- نامەی شیعری لە شیعرەکانی مەولەویدا- لە دوو توێی (٢٥٢) لاپەڕە لە نووسینی (دارا محەممەد عوسمان).

٦- (دیداری مەولەوی)- کۆی لاپەڕەکانی ئەو (١٦) لێکۆڵینەوەی تیادا بڵاوکراوەتەوە کە لە لایەن لیژنەی هەڵسەنگاندنەوە پەسەندکراون و لە رۆژانی دیدارەکەدا خوێندراونەتەوە.

دیارە ئەم کارانەی کراون و هەموویان لە بواری (مەولەوییناسی)دا هەریەکەو هێندەی قورسایی خۆیان سەرنجیانڕاکێشاوە، بەڵام تا ئێستاش هەندێك لایەنی گرنگ لە شیعرەکانی (مەولەوی)، فەرامۆشکراون و وەك پێویست تیشکیان نەخراوەتەسەر، یان لێکدانەوە و راڤەی هەڵەیان بۆ کراوە، ئەمەش بە بۆچوونی من زیاتر لە ئەنجامی ناشارەزایی و تێگەیشتنی هەڵەوەیە لە زمانی شیعرەکان، یان ناشارەزایی لە باگراوندی مەعریفە بەلای (مەولەوی)یەوە سەرچاوەدەگرن. بە ئومێدی ئەوەی لێکۆڵینەوە و

لێکدانەوەی زیاتر لە لایەن نووسەران و شارەزایانی بواری مەولەویناسی بێنە مەیدان، هەتا لایەنە فەرامۆشکراوەکانی شیعری مەولەوی بە خوێنەران بناسرێن.

### *- کورتە باسێك سەبارەت بە تیرەی تاوەگۆزی:

ئێمە کە باس لە (مەولەوی تاوەگۆزی) و شیعرەکانی دەکەین، باشتر وایە ئاوڕێکی خێرا لە تیرەی (تاوەگۆزی) و شوێنی ژیان و گوزەرانیان بدەینەوە، چونکە باسێکی لەم چەشنە ئەگەرچی کورت و سەرپێییش بێت، بەڵام سوودی خۆی هەیە.

(تاوەگۆزی) تیرەیەکن لە (جافی جوانڕۆ) باپیرە گەورەیان کەسێکبووە بەناوی (مەلا یوسف جان کوڕی مەلا ئەبوبەکری چۆڕ)ی کە بە (موصەنیف) ناسراو بووە، بە ڕەچەڵەك دەچنەوەسەر (پیرخدری شاهۆ)، مەلا (یووسف جان) بە لاوێتی گوندی (چۆڕی) جێهێشتووە و هاتۆتە گوندی (دەودان) بۆ مالی (پیرمکایەلی دەودان[٦]) کە لەسەر دایکییەوە باپیری بووە، لەوێ خاڵۆزایەکی خۆی خواستووە، لەشوێنێك لەتەنشت (دەودان)دایە و پێیدەوترێ (کانی تاوك و گوێز) خانووی دروستکردووە، ئەم ناوەش دواتر گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بووە بە (تاوەگۆز) ئیتر بەنەوەکانی وتراوە (تاوەگۆزی).

تاوەگۆزی لە سێ بەرەباب پێکدێن بەم ناوانە:

١-بنەماڵەی (ویصالی).

---

[٦]- (پیر میکایەلی شەشنەنگوست= پیر مکایەلی دەودان) یەکێکبووە لە یازنەی حەفتاودوو پیرە، سالی (١٣٥٩ز) لە گوندی دەودان لەدایکبووە، زانا و شاعیر و عاریفێکی گەورە بووە، سالی ١٤٢٥ز لە گوندی (قەرەدەرە) کۆچی دوایکردووە و لەسەر تەپۆلکەیەك بەخاك سپێردراوە. لێرەدا چەند دێڕێك لە شیعرەکانی وەك نموونەی توانایی ئەم زاتە لە دونیای شیعری عیرفانیدا دەخەینەڕوو:

ئەو کۆی عەربەتی ئەو کۆی عەربەتی
بارگەی شام وستەن ئەو کۆی عەربەتی
حرص و نەفس بەردەن ئیمان قوەتی
ساعەت مەلۆنە وەسەر نۆبەتی

بڕوانە: (سەرەنجام- بارگە بارگە)- لاپەڕە (٤٨).

٢-بنەماڵەی (کەماڵی).

٢-بنەماڵەی (جەماڵی).

هەموو خەڵکانی تیرەی تاوەگۆزی دەچنەوە سەر ئەم بنەماڵانە.

سەبارە بە چۆنیەتی هاتنیان بۆ ئەو ناوچەیەی کە پاشان ناوی تیرەکەیانی هەڵگرتووە، هەریەك لە (سەید عەبدولڕەحمانی تاوەگۆزی و سەید محەممەدی تاوەگۆزی) باسیان لەوە کرد[٣٧]، لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەم باوکی (مەولەوی) لە گەڵ چەند کەسێك لە خزمانی هاتووەتە نزیك رووباری (سیروان) بە پشت شاخی (باڵانبۆ)وە، لەوێ گوندێکیان دروستکردووە، لەبەر ئەوەی شوێنەکەیان روانیویەتی بەسەر ئاوی سیرواندا ناوینـاوە (سەرشاتە)، ئاشکرایە لە زۆر شوێنی کوردستان بە سیروان دەوترێ (شەتی سیروان)، یان (شەت).

پاشان چەند خێزانێکی تری تیرەکە لە خۆرهەڵاتی کوردستانەوە هاتوون و چەند گوندێکیان لەناوچەکەدا دروستکردووە بەم ناوانە: (گەڕاو، بەشی عەلی، پشتقەڵا، زارێن، بانی بۆڵان، مۆرتکە، قەڵب، گمە، پشتە، کانی ژەنان)، هەروەها تاوەگۆزییەکان لە کوردستانی ئێراندا لە (ناوچەی جوانرۆ) لە چەند گوندێکیان دەژین لەوانە: (شێخ سێڵە، رەجەوی، دەشتی هەردی، بەشی ئەلی وەیس، بەشی مەحموود). بوونی خەڵکی تیرەکە لە خۆرهەڵات و باشووری کوردستاندا نەبووەتە هۆی دابڕانیان لە یەکتری، بە پێچەوانەوە پەیوەندی پتەوی خزمایەتییان بەردەوامە و لە خۆشی و ناخۆشیاندا هاوکاری یەکتری دەکەن.

(ناوچەی تاوەگۆزی) بەشێوەیەکی سەرەکی شاخاوی و بەردەڵانە، زەوی کشتوکاڵیان کەمە، لەو گوندانەش رووبەرێکی کەم زەوی کشتوکاڵیان هەیە، تەنها (گەنم و جۆ)ی تێدا بەرهەمدەهێنن، دارستانی سروشتیش هەموو ناوچەکەی داپۆشیوە، هەر لەبەر ئەوەیە سەرچاوەیەکی سەرەکی دابینکردنی بژێوی خەڵکی (تاوەگۆزی) ئاژەڵداری و سوود وەرگرتنە لە بەروبوومی دارە خۆڕسکەکان بووە، وەك: (بنێشت، قەزوان،

---

[٣٧]- چاوپێکەوتن لە گەڵ (سەید عەبدولڕەحمانی تاوەگۆزی و سەید محەممەدی تاوەگۆزی) لە ماڵی (سەید عەبدولڕەحمان) لە زەڕایەن. ساڵی (٢٠٠٢).

چەقاڵە، گۆیژ، بەرو)، ژمارەیەکیشیان سەرقاڵی راوەماسی بوون، لەم رۆژانەشدا ژمارەیەکیان لە کاروباری دەوڵەتدا دامەزراون و هەشیانن بە کاسپیکردن و کاروباری دوکانداریەوە سەرقاڵن.
(تیرەی تاوەگۆزی) بێجگە لە (مەولەوی) چەند کەسێکی تری خاوەن پایەی دینی و کۆمڵایەتی دیاریان هەبووە لەوانە:

١- (سەی شاکەرەمی تاوەگۆزی)، موریدی (شێخ عوسمان سیراجەددین) و کەسێکی خواناس و دڵفراوانبووە، هەمیشە سەرقاڵی رێنمایی و ئامۆژگاریکردنی خەڵکی ناوچەکە بووە.

٢- (شێخ عەبدوڵای موراد وەیس)، ناوبراو لە گەڵ (مەولەوی) خاڵۆزاو پورزان، موریدی شێخەکانی نەقشبەندی بووە، لە دێی (کێووەرێ)ی شەمیران کە بە (بەشی ئەحمەد بەگ) بەناوبانگە ژیاوە، کەسێکی زۆر ناسراو بووە، شتی سەیروسەمەری زۆری لێدەگێرنەوە. یەکێك لەو شتانە دەوترێت لەسەروبەندی دەستبەسەرکردنی (مەحموود پاشای جاف) لە ئەستەمبوول لایەن عوسمانییەکانەوە، دیارە دەستبەسەرکردنی ناوبراو لە ئەنجامی ناکۆکییەکانی بووە لە گەڵ سوڵتان عەبدولحەمیدی کوڕی سوڵتان عەبدولمەجیدی عوسمانی، لەسەرچاوەکاندا باس لەوەکراوە گوایا لە نامەیەکیدا بۆ سوڵتانی ناوبراو نووسیویەتی: (تۆ ستەمکار و خوێنرێژ و لە خوا نەترسی و هەندێك قسەی تریش[٢٨]). لەو کاتانەدا (شێخ عومەر ضیائەددین) بە سەفەر چووە بۆ شەمێران، هەندێك لە خزمانی (مەحموو پاشا) چوون بۆ خزمەت (شێخ) و داوایان لێکردووە نزایان بۆ بکات هەتاکو پاشا رزگاربێت و بگەڕێتەوە ناویان (شێخ عومەر) فەرموویەتی: تا چل رۆژی تر دێتەوە هەر لەو کاتەدا (شێخ عەبدوڵا) کە لە دۆخی جەزبەدا بووە وتوویەتی: تا من مابم نابێ بێتەوە.

---

[٢٨]- (د. حەسەن جاف)- کەشکۆڵی مەحموود پاشای جاف- بەرگی یەکەم- لاپەرە (١٨)- بەیرووت ٢٠١٤.

دەوترێت گوایا پاش مانگێك (شێخ عەبدولا) مردووە و پاش چل رۆژەكەش (مەحموود پاشا) گەڕاوەتەوە.
لە هەندێك سەرچاوەدا باس لەوە كراوە شاعرێكی بە تواناو زمانشیرین بووە، هەر لەم بوارەدا وتراوە ئەو شیعرانەی بە نازناوی (داخی)یەوە بڵاوكراونەتەوە شیعری ئەم زاتەن[39]. لە گەڵ (مەولەوی) نامەی شیعریان بۆ یەكتری نووسیوە، لە بابەتی (مەولەوی و نامەی شیعری)دا لەمبارەوە قسەم دەبێت

٤- دوو پیاوی دیاریان بەناوەكانی: (حەمەساڵح عەبدولقادر و محەممەد حسەین) بەشداری شۆڕشەكانی (شێخ مەحمودی نەمر)یان كردووە. دیارە بەشداریكردنی خەڵكان لە ناو زۆربەی تیرە و هۆزە جیاجیاكانی كۆمەڵی كوردەواری لە زنجیرە شۆڕشەكانی شێخ مەحمودی نەمردا، هەڵوێستی كوردپەروەرانەی ئەو زاتانە بووە.

٥- هەریەك لە (مەلا ئەحمەدی زارێن و مەلا سەعیدی گڵێجاڵ[40])، لە مەلا دیارو ناسراوەكانی كوردستان بوون.
دوای راپەڕینی بەهاری (١٩٩١ز) ژمارەیەك لە خەڵكانی (تاوەگۆزی) گەڕاونەتەوە بۆ ناو گوندەكانیان و خانوویان دروستكردووە، بەتایبەت لە گوندەكانی (سەرشاتەی

---

[39]- (مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس)- یادی مەردان- بەرگی دووەم-لاپەڕە (٤١٢)- بەغداد- (١٩٨٣ز).
[40]- (گڵێجاڵ) گوندێكی ئاوەدانی كوردستانە، سەرەتای دروستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی(١٤٦٩ز)، لەو ساڵەدا چواركەس بەناوەكانی (خەلیفە، حەسەن، ئەدرویس، ئەورەحیم) بەخۆیان و خێزانیانەوە لە ناوچەی (جوانڕۆ)وە هاتوونەتە بناری چیای (خۆشك) و لەوێ خانوویان دروستكردووە، دەربارەی ناوی گوندەكە، گڵێجاڵییەكان دەڵێن، لەبەرئەوەی ئەو شوێنەی خانووەكانیان تێدا دروستكردووە، شوێنێكی چاڵاوی وخۆڵەكەشی گەچاوییە و بۆ سواقدانی دیوی ناوەوەی خانووەكانیان بەكاریانهێناوە، پێیانوتووە (گڵێجان، گڵێجاڵ) و پاشان ناوەكە گۆڕانی بەسەرداهاتووە و بووە بە (گڵێجاڵ) بەخەڵكی گوندەكەش وتراوە(گڵێجاڵی).

(نووسەر)

سەروو، سەرشاتەی خوارو، زارێن، بانی بۆڵان، پشتە، گمە)، بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەم تیرەیە تا ئێستاش لە ناو ناوەندی ناحیەی (وارماوە- زەڕایەن) ژمارەیەك خێزانیشیان لە: (کۆمەڵگەی عەنەب، هەڵەبجەی تازە، هەڵەبجەی شەهید، دەربەندیخان، سلێمانی و هەولێر) نیشتەجێن، خەڵکانە تیرەی تاوەگۆزی بە پێی هەڵکەوتەی جوگرافی گوندەکانیان لە خۆرهەڵات و باشووری کوردوستان لە تەك چەند هۆز و تیرەیەکی تردا دراوسێیەتی و تێکەڵاویان هەیە، لەوانە تیرەکانی: (باوەجانی، قوبادی، خێڵی باوە، شەمێرانی، شەرەفبەیانی، گڵێجاڵی، لاوەرانی)، لە گەڵ هەمووشیاندا پەیوەندی پتەوی دراوسێیەتی و دۆستایەتییان هەیە.

MAWLAWI.KRD

# وێنەی هونەری لە شیعری (مەولەوی)دا

# وێنەی هونەری لە شیعری (مەولەوی)دا

بۆ ئەوەی بچمە ناو بابەتەکەوە لەوە دەستپێدەکەم وێنەی هونەری لە شیعردا بایەخێکی زۆر گەورەی هەیە و بەرهەمی (ئەندێشەی خوڵقێنەر)ە، دیارە (ئەندێشە) رەگەزێکی زۆر گرنگە لە رەگەزەکانی ئەدەب، چونکە لە رێی ئەندێشەوە دیاردەی ئەدەب کە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە لە زانست جیادەکرێتەوە.

ئەم وشەیە لە رەخنەسازی کوردیدا بەرامبەر (الخیال)ی عەرەبی و (ئیماجەیشن)ی ئینگلیزی هاتووە. وەك لە سەرچاوەکاندا هاتووە (ئەرەستۆ) گەورە فەیلەسۆف و رەخنەگری گریکی لە رەگەزی ئەندێشەی ئەکۆڵیوەتەوە و تەنها لا بەلا پەنجەی بۆ درێژکردووە. لە دونیای رەخنەسازی عەرەبیشدا بە هامانشێوە بووە و تا سەردەمێکی دوورودرێژ لە رەگەزی (الخیال- ئەندێشە) نەکۆڵراوەتەوە. هەتا گەورە فەیلەسووف و لێکۆڵەری بەناوبانگی عەرەب (ئیبن عەرەبی- کوڕی عەرەبی) زانستیانە سەبارەت بە رەگەزی (الخیال) لێکۆڵینەوەکانی دەستپێکردووە. ناوبراو باسی لەوە کردووە (ئەندێشە- الخیال) هێزێکە لە هێزەکانی دەروون هەر وەك تواناکانی (یادکردنەوە، رەوانکردن، ئەقڵ و هۆشمەندی) و پەیوەندی بە تەنی ئادەمیزادەوە هەیە[1]. (کوڕی عەرەبی- ئیبن عەرەبی) هێزی (ئەندێشە)ی بە بنەمای هەموو هێزەکانی تر داناوە و وتوویەتی: مرۆڤ بە بێ ئەم هێزە هیچ تێگەیشتن و هۆشێکی نابێت، چونکە هێزی ئەندێشە تاکە رێگای پەیوەندییە لە نێوان دەروون و جیهانی هەستەکاندا[2].

---

[1]- (د. کامل حسن عزیز البصیر)- رەخنەسازی - (لاپەڕە (١٥٦- ١٥٧)- بەغداد- (١٩٨٤).

[2]- النقد العربی عند العرب- ص (٦٤).

بەشێوەیەکی سەرەکی (ئەندێشە) دوو جۆری هەن بەم ناوانە:

١- ئەندێشەی سادە

٢- ئەندێشەی خوڵقێنەر

(ئەندێشەی سادە) زۆر ڕواڵەتییەو لە ناو شتە باوەکاندا کاردەکات، ئەو وێنانەی لە دونیای ئەدەبدا بەرهەمیاندەهێنێت، رووکەش و هەستپێکراون، هەر ئەوانەن لە ژیانی رۆژانەی خەڵکدا هەن و توانای پێشکەشکردنی وێنەی نوێی نییە.
لە ناو شیعری شاعیرانماندا ئەم وێنانە زۆر بەرچاودەکەون، ئەگەرچی ئەو شاعیرانەمان زاناو بە تواناش بوون، بەڵام لە هەندێك شیعریاندا تەواو پەیوەستبوون بە ئەندێشەی سادەو لەو شیعرانەیاندا توانای بەرهەمهێنانی وێنەی هونەرییان نەبووە. هەر لەمبوارەدا (پیرەمێرد) فەرموویەتی:

**بەیانی بوو لە خەو ھەستام روانیم بەفرە باریوە**

**ســــلێمانی ئەڵێی بەڵقیسە تارای زیوی پۆشیوە**

ئەم شاعیرەمان سەرەڕای توانای گەورەی لە بوارە جیاجیاکانی وەك: (ئەدەب، نووسین، رۆژنامەوانی....هتد)، لێرەدا تەنها بەرهەمێکی کلێشەیی پێشکەشکردووە، دەبینین وشەکانی (بەفر، بەڵقیس، تارای زیو....) هەر ئەوانەن لە زانیاری خەڵکدا هەن و بە هەمان ماناو ئەرکی خۆیانەوە بەکارهێنراون.

٢- ئەندێشەی خوڵقێنەر: ئەمەیان وا پێناسەکراوە کە هێزێکی قووڵ و بە تەوژمە (وێژەران) مەبەست لە شاعیران، چیرۆکنووسان، پەخشاننووسان، دەتوانن لە تۆمارگەی یادگارییە تایبەتییەکانیانەوە وێنەی هونەری وەها سازدەکەن، کە وەك خۆیان و لە ژیانی ئاساییدا بەرچاونەکەوتبن، نموونەی ئەم وێنە هونەرییانەمان لە شیعری کوردی زۆر بەرچاوناکەون، بەڵام هەندێك لە شاعرانمان توانیویانە بە جوانی ئەم وێنە هونەرییانە بەرهەمبهێنن، لەمبوارەدا (نالی) فەرموویەتی:

چاوی من بەحری موحیطی تۆیە بۆ دەفعی گەزەند
لێت موعەیەن بێ کە نالی گوڵ بە دڵ پەرژین دەکا[3]

لەم دێڕە شیعرەدا دەبینین شاعیر فەرهەنگی ماناى رۆژانەی ئەو وشانەی وەك: (چاو، دڵ، برژانگ) بە تەواوی لە ژیانی خەڵکدا دەستکاریدەکات و مانای تریان دەداتێ، چاوی کردووەتە دەریایەك کە دەوری خۆشەویستەکەی داوە، (دڵ)یشی پەرژین، هەتاکو پارێزگاری خۆشەویستەکەی بکەن و هیچ ئازارێکی پێنەگات، ئەم دەستکاریکردنەی ماناکان وە ئەوانەی لە زانیاری خەڵکدا هەن گۆڕیوە، پێدانی ئەرك و مانای نوێ و وێنەی هونەرییان لە شیعرەکەدا بەرهەمهێناوە.

دوای ئەوەی سەبارەت بە هەردوو جۆرەکەی (ئەندێشە) شتێکمان خستەڕوو، پێویستە سەبارەت بە (سۆز)یش قسەمان هەبێت چونکە لە نێوان (ئەندێشە و سۆز) پەیوەندییەکی پتەو هەیە، هەرکامێکیان هاتەپێشەوە ئەوی تریشی لە گەڵدایە، بەشێوەیەکە بە بێ ئەندێشە، (سۆز) ناگەوێتەکارو هەڵناچێت[4].

سەبارەت بە (سۆز) لە لێکۆڵینەوەی رەخنەسازی جیهانی، بۆ نموونە لە (فەرهەنگی رەخنەسازی ئینگلیز)دا دوو زاراوە جەسپێنراون، یەکەمیان زاراوەی (ئیمۆشن =Emotaon) و دووەمیان زاراوەی (سێنتمێنت= Sentiment)[5].

بەرامبەر ئەم دوو زاراوەیە لە زمانی عەرەبیدا دوو زاراوە  بە ناوەکانی (العاطفة) و (الانفعال) هەن کە لە زمانی کوردیدا ئەگەرچی دەقاو دەقیش نەبێت، بەرامبەریان، (سۆز و هەڵچوون) بەکاردەهێنرێن.

(سۆز) بەوە پێناسەکراوە دیاردەیەکی ویژدانی و دەروونییە، لە هەست و ئەستی خاوەنەکەیەوە سەرچاوەدەگرێت، بە شێوەیەك هەموو بوون و قەوارەی دەگرێتەوە و

---

[3] - نالی هەر لە لووتکەدایە- بەرهەمەکانی دیداری حەزرەتی نالی- لاپەڕە (۱۹۱)- دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی- سلێمانی ۲۰۰۹.

[4]- (حەمەکەریم هەورامی)- مەولەوی شاعیری ئازارو خەمە- لاپەڕە (۸۸)- هەولێر- (۲۰۱۲ز).

[5] - (احمد الشائب)- اصول النقد الادبي- ص (۱۸۰)- الطبعة الثالثة- مطبعة الاعتماد- مصر.

لە رەنگ و دەنگ و جوولەی لەشیدا خۆی دەنوێنێت، لە ناو وێژەدا پێیدەوترێت (سۆزی وێژەیی)[٦]. دیارە ئەو حاڵەتەش کە تووشی دەبێت خودی هەڵچوونەکەیەتی.

لەبواری کاریگەری (ئەندێشە)، ڕۆمانسییەکان کە لە خوڵقاندنی بەرهەمە جوانەکانیاندا هەمیشە پشتیان بە ئەندێشە بەستووە، پێیانوایە بەرهەمی ئەدەبی هەمیشە زیندوو ئەومیە، تیایدا ئەندێشە دەروونی مرۆڤ و سروشتی پێکەوە بە شێوەیەکی فەنتازییانە تێکەڵاوکردبێت و بە زمانێکی جوان و رەوان و بێ گرێ و گۆڵ دارێشتبێت، شتێکی دیارە ئەگەر ئەندێشە بە زمانێك دەرنەبڕدرێت مانا ببەخشێت، بایەخێکی نابێت، شاعیر و ئەدیبی کارامەو بە توانا ئەوانەن دەتوانن (ئەندێشە)کەیان بڕژێننە ناو ماناوە و بە زمانێکی جوان و سفت بیخەنە بەردەم خوێنەر.

پێموایە ئەم دێڕانە بەسبن بۆ ئەوەی بتوانین بچینە ناو مەبەستی بابەتکەوە، ئەوەش ئەندێشەی خوڵقێنەرو بەرهەمهێنانی وێنەی هونەرییە لە شیعرەکانی (مەولەوی)دا.

بۆ قسەکردن لەم بارەوەو پێویستە باس لەوە بکەم (مەولەوی) زۆر وەستایانە سروشتی بە هەموو جوانییەکانییەوە هێناوەتە ناو گەنجینەی دەروونییەوە و پێکەوە بە تەواوی موتوربەیکردوون، پاش جووزەکردن و بالاکردنی بەرهەمی موتوربەکردنەکەی، لە شیعرەکانیدا بە ئێمەی بەخشیوە. لەم بوارەدا بە پێچەوانەی زۆرێك لە شاعیرانی تر کاریکردووە، ئەم جوانییەکانی سروشتی لە ناو جوانی خۆشەویستەکەیدا بینیوەتەوە، سروشتی بە هەموو پێکهاتەو دیارەکانییەوە بە خۆشەویستەکەی چواندووە ئەوەك بە پێچەوانەوە، لێرەدا چەند نموونەیەك لە شیعرەکانی دەخەمەڕوو:

---

[٦]- (د. کامل حسن عزیز البصیر)- رەخنەسازی – (لاپەڕە (١٧١)- بەغداد- (١٩٨٤).

نموونەی یەکەم:

گوڵ چوون رووی ئازیز ئەزاکەت پۆشان
وەفراوان چوون سەیل نە دیدەم جۆشان
سیهان گولاڵان نە پای دەربەندان
ئەو یەکتەر وێنەی ئارەزوومەندان[7]

ئەم شیعرە لە دیوانەکەیدا (٩) دێرە، ئەگەرچی لە هەندێك راڤەدا هەموو دێڕەکان وا لە قەڵەمدراون وێنەی هونەرییان تێدا بەرهەمهێنرابێت، بەڵام بە قوڵبوونەوە لە بابەتی (ئەندێشەی خوڵقێنەر) بۆ بەرهەمهێنانی (وێنەی هونەری) وەك ئەوەی رەخنەسازی ئەدەبی داوایدەکات، من تەنیا ئەم دوو دێڕەی سەرەوەم هەڵبژاردن کە شاعیر وێنەی هونەری تیایاندا بەرهەمهێنابن، دێڕەکانی تر وێنەکانیان هەر ئەوانەن لە زانیاری رۆژانەی خەڵکدان.

دیارە لە ژیانی ئاساییماندا و ئەوەی بووەتە زانیاری بە لامانەوە، ئەوەیە (گوڵ) هەمیشە نموونەو هێمای جوانییە، هەموومان وتوومانە و دەیڵێین (ئەوەندە جوانە دەڵێی گوڵە، یان باوەڕت بێت گوڵیش ناگاتێ) و چەندین قسەوباسی تر سەبارەت بە پێدانی خەسڵەتی جوانی بە گوڵ ، هەروەها لە ناو شیعرو گۆرانییە میللییەکانیشماندا سەدان دێڕە شیعر تایبەت بە پێداهەڵدان بە جوانی گوڵ و بۆن و بەرامەی خۆشیدا و چواندنی خۆشەویست و دڵدار بە گوڵ شوێنی خۆیان گرتووە، لێرەدا تەنیا چەند دێڕێك وەك نموونە دەخەمەپێشچاو:

*- بۆی گوڵ بۆی مێخەك بۆی ئەو مەمانە
هەزار گەنج و پیر بۆی ماڵوێرانە[8]

٢- ئەگەر تۆ گوڵی ئەمن گوڵدانم

---

[7]- (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- انتشارات کردستان- لاپەڕە (٤٧٨).

[8]- توێژینەوەی تایبەت بە شیعرە فۆلکلۆرییەکانی شارەزوور- پێشەکی و بێداچوونەوە و پەراوێزبۆکردن- ئەیوب کوێخا رۆستەم- لاپەڕە (٤٧)- چاپی یەکەم- سلێمانی – (٢٠١٣).

ئەگەر شکۆفەی منیش رەیحانم[9]

٣- دەسەسرەکەت بۆی گوڵی ل تێ

بینێرە بۆ لام سەبووریم پێی تێ[10]

٤- قەڵای شێروانە دوو گوڵ ها پێوە

خانزاد و خۆرشید هاتن لە رێوە[11]

بە هەمانشێوە گول لە شیعری زۆربەی شاعیرانماندا شوێنی خۆی گرتووە، هەر بۆ نموونە، مەحوی وتوویەتی:

**★- گوڵ و لالـــــــەی کەژ و کێو ، کۆهکەن دێنێتەوە فکرم**

**کە خوێنی ناهەقی ئەو مەوج ئەدا ئێستەش لە کێو و شاخ[12]**

کەچی (مەولەوی) لەم دوو دێڕە شیعرەی پێشتر نووسیماننەوە، بەتەواوی دەستەواژەکانی پێچەوانە کردوەتەوە، ئەوەتا لە دێڕی یەکەمدا فەرموویەتی: (گوڵ) وەك رووومەتی خۆشەویستەکەم ناسکی پۆشیوە و بەفراوەکانیش بە وێنەی لافاوی فرمێسکەکانی چاوم سەرچاوەیانگرتووە، لە دێڕی دووەمیشدا باسی لەوەکردووە کە گوڵ و گوڵاڵەی ناو دەربەندەکان بە شێوەیەك بۆ یەکتر دەڕوانن و سەرەتاتکێیانە دەڵێیت دڵدارو ئارەزوومەندی گەیشتن بە یەکترن.

شتێکی ئاشکرایە باسکردنی گوڵ و روومەت و بەفراو و فرمێسك و دڵدار بە جیاواز لەوەی لە زانیاری رۆژانەی خەڵکدا هەن و پێدانی ئەرکی نوێ پێیان، لە ئەندێشەی خولقێنەری (مەولەوی)یەوە هەڵقوڵاون و بەوەش شاعیر توانیویەتی وێنەی هونەری لەم دوو دێڕە شیعرەدا بەرهەمبهێنێت.

---

[9] - هەمان سەرچاوەی پێشوو- لاپەڕە (٥١).

[10] - هەمان سەرچاوە- لاپەڕە (٥٧).

[11] - هەمان سەرچاوە- لاپەڕە (١١١).

[12] - (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەممەدی مەلا کەریم)- دیوانی مەحوی- لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد- لاپەڕە ( ١٠٥)- بەغدا١٩٧٧.

نموونەی دووەم:

١- یا شێخ، هەرگاوان مەیلەکەی لەیلی
سەر بەسەر وە گیان هەرزانەن خەیلێ
٢- جۆشی گوورەی مەیل دڵ ستانیەن
دەواش هەوای هەرد زمستانیەن
٣- ئۆسای بلووربەند پەنجەرەی گاوان
ئایینەسازیش وست ئەو شەتاوان
٤- وەروی بەرد ئەوبەست گرد گوزەرگایی
دووی ئازیزشەن دڵ تا هەڕایی
٥- های ئە دڵ لواو ئامایش پەی نیەن
مەگیانەش پەی چێش ئەسیم کۆشیەن
٦- ئەسیم پەنجەی پات ئەر سەردی کێشان
بدارەش ئە تۆی دڵ دەروون رێشان[٣]

ئەم شەش دێڕە لە پارچە شیعرێکی (مەولەوی) وەرگیراون و کۆی دێڕەکانی (١٠) دێڕە، لە سەفەرێکیدا بۆ تەوێڵە و لە وەرزی زستاندا، شەو لە ژوورەکەی خۆی لە خانەقای تەوێڵە ماوەتەوە[٤]، بەفرو تەڕوتووشی بووە و ژوورەکە دڵۆپەی زۆری کردووە، هەر بۆیە ئەم پارچە شیعرەی وەك نامەیەك بۆ (شێخ محەممەد بەهائەددین) ناردووە، بۆ ئەوەی بانگوشێك بنێرێت هەتاکو بانەکە بتلێنێت.
بۆ مانادانەوەی خێرای هەر شەش دێڕەکە بەسەریەکەوە، شاعیر باسی لەوەکردووە هەر هۆراوێك بە هۆی مەیلێ (لەیلێ مەبەست شێخ محەممەد بەهائەددین)ە، ئەوەندە بەنرخە، ئەگەر نرخەکەی بەرامبەر بە گیانم بێت هێشتا هەرزان دەکەوێت،

---

[٣]- (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- انتشارات کردستان- لاپەڕە (٥٨٢، ٥٨٢).
[٤]- (مەلەوی) لە ناو خانەقای تەوێڵەدا ژوورێکی هەبووە تا ئێستاش پەنجەرەو بەشێك لە دیوارەکەی ماوە، هەرکاتێك چووبێت بۆ خانەقا لەو ژوورەدا ماوەتەوە. (نووسەر)

گەورەیی مەیلی تۆ دڵی بە جۆرێك هێناوەتە جۆش، تەنها بە باسكردن و ناردنی ئەم شیعرە كە باسی زستانم تێدا كردووە دادەمركێتەوە، (وەستای بلووربەند- مەبەست لە خودای گەورەیە)، وا شووشەبەندی پەنجەرەی جیاكانی كرد و هەموو چەم و ناوەكانی لە رێی سەهۆڵبەندانەوە كرد بە ئاوێنە، هەموو رێكاكانیش بەفر داپۆشین، تەنیا لە رێی دووگەڵی هەناسەوە دەتوانم دیداری (ئازیز- لێرەشدا مەبەست پیرەگەیەتی) بكەم.

لە درێژەی شیعرەكەدا مەولەوی بە خۆی وتووە: ئەكەی دڵت بنێریت چونكە رێی هاتوچۆی نییە و لە بری ئەو (ئەسیم) بنێرە، پرسیاریی لە خۆی كردووە و وتوویەتی: ئەی ئەسیم بۆ كوێ چووە؟ هەروەها باسی لەوەكردوە ئەی ئەسیم ئەگەر پەنجەی پێت تەزی، ئەوا بیخەرە ناو دڵی ئەوانەی دڵ و دەروونیان بریندارە.

ئەم پارچە شیعرەی (مەولەوی) یەكێكە لەو شیعرانەی كە خوێندنەوەی ورد هەڵدەگرن، ئەگەرچی ناوەرۆكەكەی زیاتر بابەتی سۆفیگەرییانەیە، لە دووتوێشیدا باس لە دەرهاویشتەكانی وەرزی زستان لە شوێنە كوێستانییەكاندا خراوەتەڕوو كە لێرەدا تەوێڵە وەك نموونەیە. لەخوارەوە سەبارەت دێر بەدێری ئەمانەی وەك نموونەی (دووەم)ی بابەتەكە خراونەتەڕوو قسەدەكەم.

لە دێری (یەكەم)دا شاعیر باسی كاریگەری رۆحی (شێخ محەممەد بەهائەددین) بە رۆح و دەروونی خۆیەوە كردووە و وتوویەتی: ئەو قوڕاوەی لە ئەنجامی دڵۆپەكردنی زوورەكەیەوە بەریدەكەوێت، هەر لەبەر ئەوەی لە رێی بەجێهێنانی پەیوەندی و پەستەبوونییەوە بە خۆشەویستی و مەیلی (لەیل- پیرەكەی)، ئەگەر بەرامبەر گیانیشێ بێت هێشتا نرخەكەی زۆر هەرزانە و ئامادەیە ئەو نرخە بدات، دیارە ئەم دەربڕینە لە بواری پەیوەندی رۆحی نێوان پیر و مورید كە بابەتێكی ئەم كتێبەی بۆ تەرخانكراوە و تیایدا باسم لە پەیوەندی رۆحی نێوان مەولەوی و شێخەكانی نەقشبەندی هەورامان كردووە، شتێكی ئاساییە، لە زۆربەی شیعری ئەو شاعیرانەی بە جۆرێك لە جۆرەكان سۆفیبوون، یان كاریگەری رێبازێكی سۆفیگەرییان لەسەر بووە ئاشكرا و بەڵگە نەویستە، بەڵام دوور لە دونیای رۆحی دڵۆپەكردن و قوڕاوی دڵۆپە

زۆر بێتاقەتکەرن و مرۆڤ لێیان بێزاردەبێت، کەچی لێرەدا شاعیر ئامادەیە بەرامبەر بە گیانی خۆی بیانکڕێت و هێشتا خۆشی بەوە زانیوە کە قازانجدەکات.

لە دێڕی (دووەم)دا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ناردنی شیعرەکان لە لایەن شاعیرەوە بۆ پیرەکەی لە ئەنجامی جۆش و خرۆشی رۆحی خۆیەوە بووە و دڵ و دەروونی بە شێوەیەك هاتووەتە جۆش، ئەو دڵۆپەکردنەی کردووە بە بیانوو هەتاکو نامەکەی بۆ بنێرێت، ئەگینا خۆ هەر خۆی دەتوانێت سەربانی ژوورەکەی بتلێنێت، یاخود کەسێك بۆ ئەو کارە راسپێرێت لە موریدان و پیاوانی ناو خانەقا کە هەمیشە بەو جۆرە کەسانە جمەی هاتووە و هەر هەمووشیان ئامادەبوون ئەو کارە بۆ (مەولەوی) رابەڕێنن، چونکە پایەی مەولەوی هەمیشە دیاربووە و لە ناو هەموو موریدان و شوێنکەوتوانی رێبازەکە و کەسانی تریش رێز لێگیراوبووە. هەر بۆیە کەف و کوڵی دڵی خۆی بەو نامەیە کە تیایدا باسی زستانی کردووە، دامرکاندووەتەوە و هەستی بە جۆرە ئارامییەکی رۆحی کردووە.

لە دێڕی (سێیەم)دا باسی لە توانای پەروەردگاری مەزنی کردووە و بە (وەستای بلووربەند) ناویبردووە، کە چۆن لە رێی دەستی قودرەتییەوە، لە ئەنجامی تۆف و سەرما سەهۆڵبەندانێکی بەرهەمهێناوە، وەك ئەوەی شاخەکان پەنجەرەی ئاوێنەبەندییان تێگیرابێت و چەم و ئاوەکانیش بوون بە ئاوێنە، ئەم دەربڕینانە لە گەڵ ئەوەدا وردەکاری جوانن لە باسکردنی سروشتی زستاندا، هاوکات خستنەڕووی توانای خودای مەزن و باڵادەستی ئەو زاتە بەسەر سروشت و هەموو شتەکانی دەورووبەری مرۆڤ دەردەخەن.

لە دێڕی (چوارەم)دا شاعیر زۆر وەستایانە هاتووەتە گۆ کاتێك فەرموویەتی: بەفر بە شێوەیەك باریوە هەموو رێگە و گوزەرگاکانی داپۆشیوە و هیچ رێگایەك نەماوە، تەنها ئەو رێگەیە کە دڵ بتوانێت بە دیدارت بگات، ئەوە تەنها دوکەڵی هەناسەی خۆمە و لە ئەنجامی دووریمەوە لە تۆ دێتەدەر، لێرەدا تێڕامانێکی ورد بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم دێڕە پێویستە، شاعیر لەو ژوورەی کە تێیدا بووە تەنها چەند مەترێك لە پیرەکەیەوە دوور بووە و وای بۆ دەچم توانیویەتی بە ئاسانی بچێتە لای، بەڵام لێرەدا بە جۆرێك

دڵی هاتووەتە جۆش تەنها دووکەڵی هەناسەی خۆی بەو ڕێیە زانیوە هەتا بتوانێت بە پیرەکەی بیگەیەنێت.

دەکرێت لێرەدا ئەقڵ بۆ ئەوەش بڕوات مەبەستی شاعیر لە دووکەڵی هەناسەی و ئەو ڕێیەی دروستیدەکات، ئەوەبێت لە کاتی سەرماو سۆڵەدا هەناسەی مرۆڤ تەمێك دروستدەکات و بە ئاشکرا دیارە، ئەمیش بۆ گەیشتن بە (لەیل- پیر) تەنها دەبێت شوێنی ئەو تەمەبکەوێت، بەو مانایەی زیاتر پەیوەندی خۆی بە پیرەکەیەوە لە ڕێی ڕۆحییەوە پتەوبکات.

لە دێڕی (پێنجەم و شەشەم)دا شاعیر جۆرە گفتوگۆیەکی لە گەڵ خۆی کردووە بەوەی بە خۆی وتووە، ئەگەی دڵت بنێریت و دڵ ناتوانێت هاتووچۆبکات، بەڵکو دەتوانیت پەیامەکەت بە (ئەسیم)دا بنێریت و ئەی مەگەر (ئەسیم) بۆ کوێ چووە؟؟ من وای بۆ دەچم مەبەستی (مەولەوی) لەم دێڕەدا ئەوەیە (دڵ) سەرچاوەی خۆشەویستییە و لە پەیوەندی ڕۆحی و لە سەر ڕەوەیەی ئەقشبەندی ئەم خۆشەویستییە لە ناو دڵدا دەچەسپێت، هەر بۆیە پێویستە دڵ هەمیشە جێگیرو پتەوبێت، بەو مانایە نابێت دڵ تەنها بۆ چرکەیەکیش لەو خۆشەویستییە بێئاگابێت، هەر بۆیە شاعیر بە خۆی وتووە دەتوانیت بە (ئەسیم)دا بینێریت، ئەی مەگەر ئەو لە کوێیە؟ هەتاکو تۆ دڵ بنێریت، بە (ئەسیم)یشی وتووە ئەگەر لە ئەنجامی سەرماو سۆڵەوە پەنجەی پێت تەزین، ئەوە بیانخەرەوە نێو دڵی ئەوانەی لە ئەنجامی خۆشەویستییەوە دڵڕێشن.

شتێکی دیارە ڕاسپاردنی ئەسیم و شەماڵ بۆ گەیاندنی پەیام و تاسەی خۆشەویستی خودایی و مەجازی لە ناو شیعری کوردیدا شوێنی دیاری خۆی هەیە، هەر بۆ نموونە ئەوەك سەرژمێر، با لەم سێ دێڕەی (میرزا ئەولقادری پاوەیی) ڕامێنین:

سا دەخیل شەماڵ تاقەتم تاقەن
دڵ ئە گێج مەوج سەودای فیراقەن
جەستەی پەشێوحاڵ شادی بە تاڵم
چە دووری ئازیز دەروون زوخاڵم

## تۆ نەسیم صوبح سەر بەهارانی
## ئەمین و مەحرەم لای نازارانی[15]

پاش ئەم دێڕانەی سەرەوە دەگەڕێمەوە سەر مەبەستی سەرەکی خستەڕووی ئەم شەش دێڕە وەك نموونەی دووەم بۆ (وێنەی هونەری) لە شیعری مەولەویدا، دەڵێم: شتێکی ئاشکرایە مامەڵەکردن بۆ گۆڕینەوەی گیان بە ئوراوی دڵۆپەی سەربان و قازانجکردن لەم مامەڵەیە، ناوهێنانی خودای مەزن بە وەستای بلووربەند و بەرزایی و سەرشاخەکان بە پەنجەرەی شوشەبەند، سەهۆڵبەندانی چەم و ناوەکان بە ئاوێنەسازی، ئەمی هەناسە بە تاکە ڕێگەی گەیشاتن بە خۆشەویست لەوکاتانەدا کە بەفرو سەهۆڵبەندان هەموو ڕێگاکانی هاتوچۆ دەبەستن، نەسیم بە پەیامبەری گەیاندنی رازەکانی خۆشەویستی لە شوێنی دڵ کە سەرچاوەی خۆشەویستییە و گەرمکردنەوەی پەنجەی ئەزیو لە ئەنجامی تۆف و سەرماو سۆڵەوە، لە ناو دڵی ئاشقاندا، هەر هەموویان (وێنەی هونەرین) و سەرچاوەکەیان ئەندێشەی خولقێنەری شاعیرە.

نموونەی سێیەم:

١- ئاخ پەی خەڵوەتێ بدیام وە بێ خەم
سیوای تۆ دیدەم، کەس نەدیام وە چەم
٢- دڵ پێ دیدەمنت کام خەڵوەت سازۆ
تۆی دیدەیچم بی ، مەردوم نمازۆ[16]

ئەم دوو دێڕە شیعرەی مەولەوی دەکرێت خوێندنەوەی هەمەلایەنەو جۆراوجۆریان بۆ بکرێت چونکە لە دوو توێیاندا فرە مەودایی و تەنانەت جۆرێکیش لە فرە

[15] - دیوانی میرزا ئەولقادری پاوەیی- جەماوەری و نووسینی (موحەممەد رەشید ئەمینی)- لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی رۆشنبیریی هەورامان- لاپەڕە (٧٢)- ٢٠٠٨.

[16] - (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- انتشارات کردستان- لاپەڕە (٨٧).

ئەندێشەیی تیایانـدا دەبینرێـت، لـە مانـا گشتی و ڕواڵەتییەکەیانـدا وا دەردەکـەوێت (مەولەوی) ئاواتەخوازی خەڵوەتێکە لـە گـەڵ دڵخوازەکەیـدا بێت و بێجگـە ئـەو هیچ کەسێکی تـر نـەبینێت، بـەڵام تەنانـەت ئەگـەر ئەوەشـی بـۆ سـەربگرێت (مـەردوم) ناهێڵێت کە دەکرێت مەردوم بە بیلبیلەی چاو، یان خەڵك مانابدرێتەوە.

لە ڕاستیدا ئەم لێکدانـەوە بۆ دوو دێڕەکە وەك پێشتر وتم زۆر سەرڕێیی و کـرچ و کاڵە، بۆ شارەزا لە شیعری مەولەوی و سەلیقەی ناوبراو، هـەروەها زمـانی شیعرەکانی نەك تینوویەتی ناشکێنێت، بەڵکو وەك ئەوەیـە نـاوپڕژێنێکی دوور لـە تینوویـەکی نـاو بیابـان بکـەیت، ئەگـەر بـە وردی لـە مانـای شیعرەکە بکۆڵینـەوە، ئـەم سێ ئەگـەرەی خوارەوە هەریەکەیان هێندەی قورساییان سەرنجڕادەکێشن:

ئەگەری یەکەم: دەکرێت شاعیر ئەم دوو دێڕەی بەو ئاواتەوە وتبێت لە ناو جەنجاڵ و شلوقی ژیـانی دەوروبەریـدا، ئاواتـەخوازی ئـەوە بووبێت لـە گـەڵ خۆشەویستەکەی (عەنبەرخاتوون) دوور لە چاوی خـەڵك ماوەیـەك پێکەوە بـن و هیچ کەسێك گۆمی بێـدەنگی تـەنیاییان نەشڵەقێنێت، بـەڵام ئـەوەی بـۆ فەراهەمنـەبووە و نـەیتوانیوە ئەوەی خۆی خوازیارییەتی لە پێکەوەژیانی ئاسوودە بەدیبهێنێت.

ئەم ئاواتە لە شیعری زۆربەی شاعیرانماندا هەیـە، بـەوەی خۆشەویستانیان لێیانـەوە نـزیکبن و پێکەوە ژوانـی گـەرم و گوڕیـان هـەبێت، لـەم بـوارەدا (تـاهیر بـەگی جاف) وتوویەتی:

***- نازەنینەی سوخمە ئاڵە دیدە مەستی کەج کوڵاە**
**گوڵ عوزاری شۆخ و شەنگەی ماهی خوبانم وەرە**
**خانـە وێـرانم لـە دووریـت ڕەهزەنـی ئیمـان و دڵ**
**زینـەتی بـەزم و سـەریرم شـەمعی دیـوانم وەرە**[٣٧]

ئەگەری دووەم: هەر لە بواری لێکدانەوەدا بۆی هەیە (مەولەوی) لە دڵەوە خوازیـاری ئەوە بووبێت، کاتێکی گونجاوی هـەبێت، دوور لـە چـاوی ئـەم و ئـەو، هـەروەها قسەو

[٣٧]- (صدیقی بۆرەکەیی)- مێژووی وێژەی کوردی- بەرگی دووەم- لاپەڕە (٦٤٧)- چاپخانە- چهر تبریز.

ئـەیوب کریـخـا ڕۆسـتـەم

قسەلۆك و نیرمیی پێبردن، لە گەڵ پیرەکەیدا کە لە بواری سۆفیگەریدا دەستگیربووە پێکەوەبن و بە هەموو بوونییەوە چێژ لەو پێکەوەبوونە وەربگرێت.
ئەگەری سێیەم: لای من وەك نووسەری ئەم کتێبە ئەمەیان ئەگەرە هەرە بەهێزەکەیانە، کە مەولەوی مەبەستی ئەوەبووە لە خەڵوەتنشینی و ریازەتکێشانێکدا بە چاوی هۆش پەروەردگارەکەی ببینێت، بەڵام نەیزانیوە چۆن بەو ئاواتەی بگات، چونکە پێیوابووە ئەگەر واشبێت بیلبیلەی چاوی خۆی لێی دەبێت بە مڵۆزم و لێتێکدەدات، ئەمەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو دەربڕینەی لە بەشێکی تری ئەم کتێبەدا سەبارەت بە پەیوەندی رۆحی شاعیر قسەی لێوەدەکەین.
پاش خستنەڕووی ئەم سێ ئەگەرە، دێینە سەر ئەوەی مەبەستی سەرەکیمانە لە بوونی وێنەی هونەری لەم دێڕانەدا، شتێکی دیارە وێنەکان لە دێڕی دووەمی شیعرەکەدا دەرکەوتوون بەوەی کە وتوویەتی:

**دڵ پێ دیدەنیت کام خەڵوەت سازۆ**

**تۆ دیدەیچەم بی مـــــەردوم دەمازۆ**

هەموومان دەزانین لە هەردوو حاڵەتی خۆشەویستی مەجازی و خۆشەویستی هەقیقیدا، دڵ دەبێتە سەرچاوەی خۆشەویستی، لە سۆفیگەریشدا لە سەر رەوپەی نەقشبەندی ئەوە هەر دڵە کە نەقشی پەروەردگاری تێدا دەگرێت، لێرەدا (مەولەوی) ویستوویەتی خەڵوەتێك سازبدات لە رێی دڵەوە بە دیدەنی پەروەردگار بگات، ئاشکرایە لە رێبازی نەقشبەندیدا کە شاعیر پەیڕەوکاری بووە، خودا بە (چاوی دەروون- بەصیرەت) دەبینرێت بەوەی سۆفی نەقشی خودا لە دڵیدا لە رێی ناوهێنانی بەردەوامی پەروەردگار بە (لااله الا الله) دەچەسپێنێت، سەبارەت بە بینینی خودا بە (بەصیرەت)، ئیمامی غەزالی فەرموویەتی: (زانیاری دەروونی زانیارییەك نییە هەرگیز فێربکرێت، کەس ناتوانێت بیزانێت خاوەنی خۆی نەبێت، چونکە قەد ناتوانێت وشە بۆ ئەو دیتن و چەشتن و بیستنە بەپەیدابکات[٨١])، هەر بۆیە دەبینین

---

[٨١]- (ئەمین شێخ عەلائەددین نەقشبەندی)- تەصەوف چیە- لاپەرە (٨٩)- دار الحریة للطباعة بغداد.

شاعیر باسی لەوە کردووە ئەگەر خۆشەویستەکەی بینایی چاوەکانیشی بێت، ئەوە بیلبیلەکانی دەبن بە ڕێگرو ناهێڵن بە دیداری شاد ببێت.
دەی خۆ شتێکی ئاشکرایە ئەرکی بیلبیلەی چاو بینینە و مرۆڤ لە ڕێی بیلبیلەی چاوەکانیەوە وێنەکان دەگرێت، بەڵام لەم دێڕەدا (مەولەوی) ئەرکی بیلبیلەی لە زانیاری خەڵکدا دەستکاریکردووە و پێچەوانەیکردووەتەوە، لە بری بینینی وێنەی خۆشەویستەکەی لە ڕێی ئەوانەوە، کەچی کردوونی بە ڕێگر و پاساوێ بە شێوەیەك ڕێگەی نادەن بە مەرامەکەی لە دیدەمەستبوون بە خۆشەویستەکەی بەهرەمەندببێت، ئەم دەستکاریکردنی ئەرکی بیلبیلەی چاوە لەو خەڵوەتەدا کە شاعیر ئاواتی بۆ خواستووە، هەروەها پێدانی ئەرکی پێچەوانە پێیان، وێنەیەکی هونەری جوانە و سەرچاوەکەی ئەندێشەی خوڵقێنەری (مەولەوی)یە.

نموونەی چوارەم:

١- هەر مانگێ ئەوبۆ حاڵم پەشێوەن
چون هیلال شێوەی ئەبرۆی تۆ پێوەن
٢- نە شەو ڕاحەتم و نە ڕۆ دڵ شادم
شەو زوڵف و ڕۆ ڕوت مەوزاوە یادم
٣- شمشادو ئەرگس وەنەوشەی چەمەن
سەیرشا ئازار بینایی چەمەن
٤- ئاد مارۆ بە ویر تەرزەکەی باڵات
ئەو دیدەی مەستت، ئێد خاڵی ئاڵات[١٩]

ئەم دێڕانە لە پارچە شیعرێکی (مەولەوی)ن کە لە دووتوێی (٩) دێڕدایەو ئەوەی مەبەستی ئێمەیە تەنیا ئەم چوار دێڕەن، شیعرەکە لەو پارچانەیە بۆ شێوەنی هاوسەرە خۆشەویستەکەی (عەنبەر خاتوون) نووسیونی، ئەگەرچی من لەم کتێبەدا

---

[١٩] - (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- انتشارات کردستان- لاپەڕە (٢٧٠، ٢٧١).

بابەتێکم بە خۆشەویستی شاعیر بۆ (عەنبەر خاتوون) تەرخانکردووە، بەڵام هەموو پارچە شیعرەکانیم لەو بوارەدا بە نموونە نەخستووەتەڕوو، بە تایبەتی ئەم پارچەیان کە وەك وتم لەم دێڕانەی سەرەوەدا وێنەی هونەریان تێدا بەرهەمهێنراوە، زیاتر خزمەت بەم بابەتە دەکەن.

لە دێڕی (یەکەم)دا مەولەوی باسی لەوەکردووە لەگەڵ نێوبوونەوەی هەموو مانگێکدا تەواو پەشێو و پەریشاندەبێت، چونکە مانگی یەك شەوە شێوەی تاقی ئەبرۆی خۆشەویستەکەی وەبیردێنێتەوە و دەیخاتەوە ناوگێژاوی خەم و ئازاری لە دەستدانی ئەو.

لە دێڕی (دووەم)دا وتوویەتی: لە شەودا بە هیچ شێوەیەك ئاسوودە نییە و ئارامناگرێت، بە ڕۆژیش دڵخۆشنییە و خەمبارە ، چونکە تاریکایی شەو دەیبەنەوە بۆ لای زوڵف و ئەگریجە ڕەشەکانی (عەنبەر)، بە ڕۆژیش کە دونیا ڕووناکدەبێتەوە ئیتر ئەوە دیمەنی جوان و ورشەی دەم و چاوی سپی هاوسەرەکەی دەهێنێتەوە یادی.

بەر لەوەی بۆ مانادانەوەی دێڕەکانی تر بچم، پێویستە قسەیەك لەوە بکەم (شەو) هەمیشە کاتی پشوودان و سکوونە بۆ زۆربەی مرۆڤەکان و ڕۆژیش کاتی کارکردن و چالاکییان، ئەگەر دووربن لە ئەهامەتی و دەردیسەری ئەوە بەلایانەوە خۆشە چونکە دونیایەکی ڕووناك و جوانییەکانی سروشتی تێدا دەبینن، بەڵام بەلای شاعیرەوە هەردووکیان بۆ ئەو بوونەتە مایەی نائارامی و دڵتەنگی و ناخۆشی.

لە دێڕی (سێیەم و چوارەم)دا باسی لەوە کردووە (شمشاد) و (نێرگز) سەیرکردنیان بەلای خەڵکەوە مایەی جوانین، بەڵام بۆ شاعیر ئازارێکی گەورەن بۆ چاوەکانی، چونکە (شمشاد) شێوەی بەژن و باڵای خۆشەویستەکەی دەهێنێتەوە یاد و لە سەیرکردنی (نێرگز)یشدا چاوەکانی ئەو دەبینێت، هەرچۆن بەسەیرکردنی (وەنەوشە) دەچێتەوە لای خەت و خاڵی (عەنبەر)، بەوەش ئیتر لە بری بینینی جوانیان و دیدەمەستبوونی پێیان، کەچی چاوەکانی شاعێر ئازار دەکێشن و بینایی دێتە ژان.

پاش مانادانەوەی هەر چوار دێڕە شیعرەکە هەتا تێگەیشتن لێیان بە لای خوێنەرەوە ئاسانبێت، دەگەڕێمەوە سەر مەبەستی وەرگرتنیان بە نموونە لەم بابەتەدا، بۆیە پێویستە باس لەوەبکەم،
(هیلال، شەو، رۆژ، شمشاد، نێرگز، وەنەوشە)، وەك ئەوەی لە زانیاری گشتی خەڵکدا هەن، هەر یەکە و ماناو دەلالەتی خۆیان هەیە، بەلاَم شاعیر لەم دێڕانەدا ماناو دەلالەتەکانی بردووەتە ناو ستایشی جوانی خۆشەویستەکەی و هیلال بە (ئەبرۆ)، تاریکی شەو بە (زولف و ئەگریجە)، رووناکی رۆژ بە (روومەتی سپی) ، شمشاد بە (قەدوبالاَ)، نێرگز بە (چاو)، وەنەوشە بە (خەت و خاڵ)ی عەنبەر خاتوونی چواندوون، بەوەش ئەرگی تری داونەتی و ئەو ئەرکانە بۆ زانیاری خەڵك نوێن، دیارە ئەمەش سەرچاوەکەی (ئەندێشەی خوڵقێنەر)ی شاعیرە و توانیویەتی لە رێیەوە (وێنەی هونەری) بەرهەمبهێنێت.
بۆ کۆتایهێنان بەم دێڕانە سەبارەت بە نموونەی چوارەمی ئەم بابەتە، باس لەوە دەکەم هەندێکجار ئەم وێنە هونەرییانە لە شیعری میللیشماندا بەرچاودەکەون، هەر بۆ نموونە با لەم دێڕە وردببینەوە،

وەنەوشەی وەشبۆ جە باخانی نۆ

نادیچ وەشبویەن چون زوڵفەکا تۆ.

دیارە لەم دێڕە شیعرەدا بۆنی وەنەوشە بە بۆنی خۆشی زوڵف و ئەگریجەی خۆشەویست چوێندراوە، ئەوەك بە پێچەوانەوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دستکاریکردنی بوونی بۆنخۆشی وەنەوشەیە[٢٠] لە زانیاری خەڵکدا، بەوەی ئەوەتا بۆنی ئەو وەك بۆنی زولف و ئەگریجەی یار خۆشە ئەوەك بە پێچەوانەوە.

**نموونەی پێنجەم:**

١- ئازیز وە مەرگت دڵ نەخرۆشەن

---

[٢٠]- (وەنەوشە) یەکێکە لە گوڵە جوان و زۆر بۆنخۆشەکان، لە کوردستاندا بە شێوەیەکی سروشتی سەوزدەبێت، لە ناو تەلاَن و باخەکاندا زۆرە، شاعیران بە جوانی و بۆنخۆشییەکەیدا شیعریان هۆنیوەتەوە. (نووسەر)

ئارەزووی خەدەنگ پەنجەکەی تۆشەن

٢- خەیلێوەن ئامان تیرەکەت، ئامان

ئامان وە سەر وەخت بیماری زامان

٣- وەختەن ساکن بۆ ، قوربان ساتیرێ

دەماخش بەرزەن، دەخیل زنجیرێ

٤- ئەوا جە حیکمەت بەربشۆ وەبەر

جار جار وە تیرێ دڵنەوایش کەر

٥- وەش وەش تای تۆغرای وێت بنمانە پێش

با هەر ئاسۆر بۆ، زوو نەبۆ سارێژ"[٢١]

لەبەر ئەوەی دیار نییە (مەولەوی) ئەم پارچە شیعرەی بۆ کێ نووسیوە، ئەوە هەڵدەگرێت بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە هۆی نووسینی ئەم شیعرە و ئەو کەسەی بۆی نێردراوە هەبن، بەڵام لە دوو توێی دێڕەکاندا دیارە شیعرەکان بەشێکن لە نامەیەکی مەولەوی بۆ کەسێکی گرنگ بەلایەوە، هاوکات وابەستەبوونێکیش لە نێوان شاعیر و ئەو زاتەی شیعرەکە بۆی نووسراوە دەردەکەوێت، هەر لێرەوە دەکرێت لێکدانەوەکان بۆ ئەوە بچن (مەولەوی) لە چاوەڕوانییەکی زۆری نامەی ئەو زاتەدا بووە، ئیتر ئەگەر هاوڕێیەکی، یان ناسراوێکی، یاخود پیرەکەی بوو بێت.

ئەگەر مانادانەوەیەکی خێرا بۆ هەر پێنج دێڕەکە بەسەریەکەوە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت شاعیر لە چاوەڕوانی نامەیەکدایە کە بە (تیر) باسیکردووە لە لای ئەو زاتەوە بۆی بێت ئەم شیعرەکەی بۆ ناردووە، وتوویەتی: دەمێکە نامەت نەهاتووە بەسەروەختی زامەکانمەوە بە جۆرێك خەریکە سارێژدەبن، بۆیە داواکارم تیرێکی ترم تێبگریت (مەبەست نامەیە)، هەتاکو لە خشتەدەرنەچم و هەمیشە بە زنجیری خۆشەویستی تۆوە پابەندبم، بۆیە داوات لێدەکەم جارجار بەسەرمبکەیتەوە، هەتاکو زامەکانم هەمیشە بێنە سۆ و سارێژ نەبن.

---

[٢١]— (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- انتشارات کردستان- لاپەڕە (٨٣).

من پێشتر وتم، دەشێ شاعیر ئەم پێنج دێڕەی لە نامەیەکی شیعریدا بۆ (هاوڕێیەکی ، دۆستێکی، یان پیرەکەی) نووسیبێ، بەڵام ڕۆچوون بە ناو ئەم پێنج دێڕەدا بە مەبەستی تێگەیشتن و مانادانەوەیەکی وردیان زۆر هەڵدەگرێت و پێویستی بە قسەکردنی زیاترە، هەموومان باش دەزانین (مەولەوی) هاوڕێ و دۆست و ناسراوی زۆربوون و زۆرجاریش بە نامە لە تەك هەندێکیان هاتووەتە گۆ، بەڵام دەگرێت بچین بۆ ئەو باوەڕەی ئەم شیعرانە بۆ کەسێك نووسراون کارییەکی گەورەی بەسەر مەولەوییەوە هەبووە و بەرامەی گەورەیی پەیوەندی ڕۆحییان دەدەن، دیارە شاعیرانمان بە شێوەیەکی گشتی لە نامەنووسین و نامەگۆڕینەوەی شیعریدا زۆرجار بە ئاکاری خۆکەمکردنەوە و خۆ بەکەمزانین کاریانکردووە، بەڵام پارانەوە و دەرخستنی پەیوەندی ڕۆحی و پەنابردن بۆ لە دەستنەدانی حیکمەت، تەنها بەرامبەر بە پەروەردگار، یان پیر و ڕابەری تەریقەت بوون. ئاشکرایە هەر لە یەکەم دێڕدا بۆمان دەردەکەوێت مەبەست لە گوتاری شیعرەکە بۆ کەسێکە، ئەوەك پەروەردگاری مەزن، چونکە شاعیر ئەو زاتەی بە ئازیز ناوبردووە و بە مەرگی ئەو سوێندی خواردووە کە دڵی لە جۆش و خرۆشی نامەیەکە بە دەست و پەنجەی ئەو نووسرابێت، کەواتە دەتوانین بۆ ئەوە بچین نامەکە بۆ پیرەکەی (مەولەوی) نووسرابێت ئیتر ئەو پیرە (شێخ عوسمانی سیراجەددین، یان شێخ محەممەد بەهائەددین) بووبێت. لە ناوەرۆکی نامەکەشدا دەرکەوتووە دۆخی ڕۆحی شاعیر پێویستی بە زیاتر ئاوڕدانەوەی پیرەکەی هەیە، چونکە وەك خۆی نووسیویەتی وەختە جۆرێك لە بێموبالاتی بەلایەوە دێتەگۆڕێ و زامەکانی جەستەو دەروونی لە پێویستبوونی بەو پەیوەندییە پێیانەوە دەتلێتەوە سارێژدەبن.

دیارە باس و خواسی (زامداری و نەخۆشی و کەمبوودی و پەککەوتەیی و ....هتد) بەلای ئەوانەوە لەناو دونیای سۆفیگەریدان، هەمیشە باس و خواسی گەرمن لە نێو دەربڕین و ئاراستەکانیاندا، مورید هەمیشە پێوستی بە پیرەکەی هەیە و لە ڕووی

ڕۆحییەوە تەواو پێوەی وابەستەیە، ئاوڕدانەوەی پیر بۆ مورید لە ڕووی ڕۆحییەوە لەم قۆناغەی سۆفیگەریدا خاڵی بنەمای گرنگی باڵاکردنی ڕۆحیەتی، هەر خاوبوونەوەیەکی ئەم پەیوەندییە ئیتر مورید دەکەوێتە دۆخێکی ڕۆحی ئاڵۆزەوە و وا هەستدەکات دونیای لێ چەواشە بووە، هەر بۆیە مەولەوی لەم شیعرەدا بە ڕاشکاوانە هاتووەتە گۆ و باسی لەوە کردووە ئەو هەمیشە پێویستی بە ئاوڕدانەوە و ڕاکێشانی ڕۆحی پیرەکەی هەیە، هەتاکو لە ڕێی حیکمەت دەرنەچێت. پێموایە ئەم دێڕانە بەسبن بۆ مانادانەوەی شیعرەکە و هۆکارەکانی نووسین و ناردنی لە نامەیەکی شیعری شاعیردا.

بۆ ئەوەی بێمەوە سەر مەبەستی سەرەکی خستنەڕووی ئەم پێنج دێڕە شیعرە وەك نموونەی پێنجەمی ئەم بابەتە کە تایبەتە بە (وێنەی هونەری لە شیعری مەولەوی)دا دەڵێم:

لەم دێڕانەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت شاعیر چاوەڕێی نامەی کردووە لەو زاتەوە شیعرەکەی بۆ ناردووە و زۆر بە تاسەوە ناڕەزوومەندی خۆی بۆ هاتنی نامە لێیەوە دەرخستووە، نامەکەشی بە (تیر) چواندووە کە بێت بۆ زامەکانی هەتاکو بکوڵێنەوە و ببن بە تیراوێ و ساڕێژ نەبن، چونکە لە ساڕێژبوونیاندا تووشی جۆرێك لە خۆپەرستی و دەرچوون لە حیکمەت دەبێت، هەربۆیە مەبەستییەتی جارێکی تر بۆ ملکەچی تەواو و زنجیر لە گەردنی ڕابکێشرێتەوە، ئەوەتا داوایکردووە بەیناوبەین تیرێکی تری تێبگرێت.

ئەم بابەتی ناوهێنانی نامە بە (تیر) بۆ نوێکردنەوەی زام لە شیعری (مەولەوی) لە چەند دێڕێکی تری شیعرەکانیدا بەرچاودەکەوێت، هەر بۆ نموونە لە نامەیەکی شیعری کە بۆ (شێخ محەممەد بەهائەددین)ی نووسیوە فەرموویەتی:

نامـەی عەمبـەر بـۆت بـای صـوبح ئـاوەرد
عـــەترش زامەكـــەی كۆنـــەم تازەكـــەرد
موتاڵعـــــەم كـــــەرد وە دەم دەردەوە
جەفاكـــەی وەریـــن جـــە یـــاد بـــەردەوە
مـــەفهوومی تـــەحریر وەش تەقریرەكـــەش
مـەعلووم بیێ جـە لای خەسـتەی تیرەكـەش[٢٢]

دیـاره (مەولـەوی) لـەم دێڕانـەدا وشـەو دەسـتەواژەكانی بـە مانـای تـر بـەكارهێناوە، هەموومان باش دەزانین نامە هەرگیز نابێت بە (تیر)، نامە تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆ هـەر مەبەسـتێك بنووسرێت بـە ئاكـاری ئـەو مەبەسـتەدا كاریگـەری جێـدەهێڵێت، تەنانەت ئەگەر بۆ گلەیی و هەڕەشە و بابەتی نەخوازراویش بنووسرێت، ئەگەر زامی دەروونیش بەجێبهێڵێت، بەڵام هەرگیز زامی دیارو بەرجەستە بە جێناهێڵێت، بـەڵام شـاعیر نامەكـەی بـۆ كولاندنـەوەی برینـەكانی داواكـردووە. هـەروەها ئـەو تـیرەی بـە مەبەسـتی ملكەچـی خـۆی و دەرنەچـوون لـە حیكمـەت خواسـتووە و وەك هۆكـارێكی دڵنەوایی پێویستی پێیبووە.
شـتێكی ئاشـكرایە بـەكارهێنانی (زام، تـیر، سـارێژ، نامـە، لـە دەسـتدانی حیكمـەت، دڵنـەوایی) بەمشـێوەیەی كـە شـاعیر لـە شـیعرەكانیدا بـەكاریهێناون، پێـدانی كـارو دەلالـەتی نـوێ پێیـان هـەموویان وێنـەی هونـەرین و لـە ئەندێشـەی خۆڵقێنـەری شاعیرەوە سەرچاوەیانگرتووە.
بۆ كۆتاییهێنـان بـە لێكدانـەوەی ئـەم نموونەیـە پێویسـتە قسـەیەك لـەوە بكـەم، ئـەو مرۆڤانـــەی ڕێگـــەی خوداپەرسـتی راسـتەقینەیان گرتووتەبـــەر و دووربـــوون لـــە بەدەسـتهێنانی دەسـتكەوتی تایبـەتی دونیـایی و كـاری ریاكارانـە، هـەرگیز ئـەوەیان پیشاننەداوە توانیبێتیان لـە خوداپەرسـتی و ملكەچبوونیان بـۆ پـەروەردگار ئـەوەی پێویسـتبووە ئەنجامیانـدابێت، زۆربـەیان بـەردەوام بیریـان لەوەگرووەتـەوە بـۆ

[٢٢]- (حەمەكەریم هەورامی)- مەولەوی شاعیری ئازارو خەمە- لاپەرە (٢٢٣)- ٢٠١٣ هەولێر.

بەدەستهێنانی رەزامەندی پەروەردگار هێشتا زۆر کەمبوودن، تەنانەت هەندێکجاریش تاوانباری خۆیان لە دەربڕین و ئاراستەکانیاندا دەرخستووە. ئەم نموونانە لە ناو شیعری شاعیرانماندا زۆر بەرچاودەکەون، هەر بۆ نموونە لەمبوارەدا (مەحوی) فەرموویەتی:

لەناکەس کاریا خالکم بەسەر، رۆیی بە با عومرم
خوا تۆ بمژێنێنە تا لە بەر قاپی کەسێ دەمرم
بە ضایع چوو لە (مالایعنی)یا وەقتم هەموو، یەعنی
دەبێ وەقتێ لە (بوالوقت)ێ بخوازم تا تیا بمرم[٢٣]

دیارە ئەم جۆرە بیرکردنەوە و تێڕامانە بە هەستکردن بە کەمبوودی بۆ بە دەستهێنانی رەزامەندی (پەروەردگار)، بە شێوەیەك لە شێوەکان کاریگەری بەسەر ئەم دێڕانەی (مەولەوی)یەوە هەیە.

نموونەی شەشەم:

١- کارەبا نە دەور کام مدەرۆ دەور
نە دەورەی مورەی کارەبا کا تەور
٢- ئەر گێرو وە کام کافوورم کەم کەم
ناو قەفاڵی وێش مەپێکۆ دەردەم
٣- (انفیە)کەی گەرد رای دەردم هەوا
مەگەرۆ دەماخ ئەفلاتوون دەوا[٢٤]

شتێکی ئاشکرایە هەندێك لە شیعرەکانی (مەولەوی) دەگرێت بۆ بابەتی جیاجیا بە نموونە بهێنرێنەوە، یەکێك لەو شیعرانە ئەو پارچەیە بەم دێڕە دەستپێکردووە:

وەخیلافەوەن یاران سەرمەس

---

[٢٣]- (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم)- دیوانی مەحوی- لاپەڕە (٢٢٠)- لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد- ١٩٧٧.

[٢٤] – (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- انتشارات گردستان- لاپەڕە (٥٠٢، ٥٠٣).

تەقەزای ذاتی تەبعم هەرچی هەس

ئەم پارچە شیعرە رەهەندی جیاجیای هەیە، بۆ نموونە چەند دێڕێکی لێوان لێون لە سۆفیگەری، چەند دێڕێکی تری رەهەندی فەلسەفیان هەیە و دەکرێت وەك بابەتێکی بارگاوی بە فەلسەفە قسەیان لێوەبکرێت، ئەم سێ دێڕەشیان من لێرەدا وەك نموونەی شەشەم بۆ بابەتی بەرهەمهێنانی (وێنەی هونەری) لە شیعری ئەم شاعیرەدا قسەیان لێوە دەکەم، ئاشکرایە وەك ئەوەی لەسەرچاوەکاندا هاتووە گۆی پارچە شیعرەکە (٢٢) دێڕە و لە نامەیەکی شیعریدا بۆ وەڵامی نامەیەکی (شێخ عوسمانی سیراجەددین) نووسراون.

لە مانادانەوەیەکی خێرای هەر سێ دێڕەکە وا تێدەگەین شاعیر لە دێڕی (یەکەم)دا وتوویەتی، یاسای سروشتە کارەبا پووش و پەڵاش رابکێشێت، بەڵام جەستەی من کە وەك پووش سووکبووە هەر خولدەخوات، هەر وەك چۆن گا بە دەوری مووروووی کارەبا خول بخوات وایە.

لە دێڕی (دووەم)دا باسی لەوەکردووە (کافوور) کە مادەیەکی ساردە و لە پزیشکی میللیدا کاتی بەربوونی خوێنی لووت، پارچەیەکی بچووکی خراوەتە سەر توێڵ بۆ ئەوەی خوێنبەربوونەکە بوەستێنێتەوە، کەچی شاعیر وتویەتی، ئەگەر کافوور بخەنەسەر توێڵی من ئەوەندە گەرمدەبێت، نەوەك هەر خوێنی لووتم، خوێنی دەماری پشت ملیشم بەردەبێت کە بە (قەفاڵ) ناوبردووە.

لە دێڕی (سێیەم)دا وتوویەتی، ئەگەر تۆزی زۆر پێم لە کاتی رۆیشتنیدا کە وەك (برنووتی) وایە، بچێت بە لووتی (ئەفلاتوون)دا، ئەوا وەك دەرمان وایە بۆ مێشکی و چاکیدەکاتەوە.

بۆ زیاتر روونکردنەوەی مانای ئەم دێڕانە پێویستە قسە لەوە بکەم تیایاندا ناوی (کارەبا، کافوور، قەفاڵ، ئەنفیە) هاتووە، مەبەست لە کارەبا جۆرە موورووویەکە لە ناو نێمەی کوردا بە (مووروووی کارەبا) ناوبهێنراوە، پیاوان وەك تەسبیح و ژنانیش وەك ملوانکە و هەندێکجاریش تێکەڵاوی مووروووی تریان کردووە و وەك بازن بەکاریانهێناوە، ئەم مووروووە نرخی تا رادەیەك گرانبووە، هەروەها توانای راکێشانی

پووش و پەلاشی هەبووە هەر وەك چۆن موگناتیس ناسن و هەندێك میتالی تر رادەكێشێت.

(كافوور) مادەیەكە سرووشتێكی ساردی هەیە. زۆرجا بۆ چارەسەركردنی خوێنبەربوونی لووت بەكارهێنراوە و كاریگەری باشی هەبووە و خوێنبەربوونەكەی راگرتووە، ئەمەش هەروەك چەندان گەرمەسەو بەرهەمی تر لە لایەن خەڵكەوە لە بواری پزیشكی میللیدا بەكارهێنراوە، دەوترێت كاریگەری تریشی هەیە بە سەر مرۆڤەوە، بۆ نموونە لە هەندێك وڵاتدا تێكەڵ بە نان كراوە لە ناو سوپا و لە ناو زیندان و بەندیخانەكاندا بۆ كەمكردنەوەی ئارەزووی سێكسی.

(قەفاڵ) مەبەست لە دەماری پشتی ملە[25]، ئەوانەی خوێنیان زۆربووە، یان فشاری خوێنیان بووە، لە رێی ئەم دەمارەوە بە كەڵەشاخ خوێنیان لێگرتوون.

(ئەنفیە)ش مەبەستی گەردی (بڕنووتی)یە كە لە گەڵ تووتن تێكەڵكراوە و ئەوانەی تووشی نەخۆشی لووتگیران بوون، بە مەبەستی پژمین و بەربوونی لووتیان بەكاریانهێناوە.

پاش ئەم دێڕانە دێمە سەر مەبەستی خستەنەڕوویان وەك نموونەی شەشەم بۆ دەرخستنی توانای (مەولەوی) لە بەرهەمهێنانی وێنەی هونەریدا، شتێكی ئاشكرایە شاعیر وردەكارییەكی زۆری لە هۆنینەوەیاندا كردووە و دەسەڵاتێكی گەورەی ناوبراو لە شیعر هۆنینەوەدا دەردەخەن، ئەو شتانەی لەم دێڕانەدا ناویانهاتووە، هەموویانی بە پێچەوانەی سروشت و كاریگەری خۆیان بەكارهێناوە، ئەركی هەموویانی پێچەوانە كردووەتەوە، مووررووی كارەبا لە بری ئەوەی پووش و پەلاش رابكێشێت كەچی (كا) بە دەوریدا خولدەخوات و (مەولەوی) جەستەی خۆشی بە (كا) چواندووە، كافوور لە بری ئەوەی خوێنبەربوونی لووتی بوەستێنێتەوە، كەچی خوێنی دەماری پشت ملی

---

[25]- لێرەدا پێویستە بڵێم: (قەفاڵ) لە وشەی (قەفا، قەفایی) كە بە مانای پشت دێت وەرگیراوە، ئەگەر حەوت لە بیتی لام لابدریت وەك (قەفاڵ)، ئەوە مانای راڕایی و بێباری دەگەیەنێت.
بڕوانە (هەژار)- هەنبانە بۆرینە- لاپەڕە (٥٨٢)- چاپ شەشم- سروش.

بەردەدات، تۆزی ژێر پێ کە دەبێتە هۆی نەخۆشکەوتنی ئەوانەی هەڵیدەمژن، کەچی تۆزی ژێرپێی شاعیر وەك گەردی برنووتی مێشکی (ئەفلاتوون) دەرماندەکات.

ئەم جۆرە بەکارهێنانانە ئەوەمان بۆ دەردەخەن (شاعیر) لە تەن و رۆحی خۆیدا هەمووشتەکانی بە پێچەوانە بینیوە و هەستیپێکردوون، ئەم پێچەوانەوە بوونەش لە یەکەم دێڕی پارچە شیعرەکەوە دیارە کە ئەم سێ دێڕەی وەك نموونە هێنرانەوە و سەرەتاکەی بە (وەخیلافەوەن یاران سەرمەس) دەستپێکردووە.

ئەم پێچەوانەبوونەوە لە بەکارهێنانی کەرەستە و ناوەکاندا و پێدانی ئەرکی تر پێیان کە لە بنەڕەتدا ئەرکی خۆیان نییە، هەموویان وێنەی هونەرین و لە ئەندێشەی خوڵقێنەری (مەولەوی)یەوە سەرچاوەدەگرن.

نموونەی حەوتەم:

١- جەو سەردەشتەوە گوڵاو رێزان کەرد

سارا بۆی عەنبەر سارا هەرزان کەرد

٢- جۆگە جەلای جام جەبهەی جەماڵ دا

بەرگشتی وە بەخت بەدری کەماڵ دا

٣- جێگە حوقەی راز شیرین کەردەوە

تامی تاڵی دەرد دووری بەردەوە[٣٦]

ئەم سێ دێڕە شیعرەم لە پارچە شیعرێکی (٢٦) دێڕیدا وەرگرتووە لەو شیعرانەی (مەولەوی) بۆ لاواندنەوەی (عەنبەر خاتوون)ی هاوسەری نووسیون، سەردێڕەکەی بەمشێوەیە دەستپێکردووە:

دڵەی دڵ وە مەی مەیل لەیل کەیل

مەحرەم وە رازان خەڵوەتخانەی لەیل

لەم سێ دێڕەدا کە لێرەدا مانایانەوەیەکی خێرایان بەسەریەکەوە بۆ دەکەم و دواتر دێڕ بە دێڕ زیاتر قسەیان لێوە دەکەم، شاعیر وتوویەتی: لەو سەردەشتەوە

---

[٣٦] - (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس)- دیوانی مەولەوی- انتشارات کردستان- لاپەڕە (٢٤٢، ٢٤٣).

گوڵاوپرژانی کرد، بۆن و بەرامەی دەشتەکە بەجارێك خۆشبوو، بەوەی بۆنی عەنبەری خاوێنی تێدا بلاوبوویەوە، لەوێ بەلای ناوێنەی توێڵ و ناوچاوانییەوە بە جارێك مانگی چواردەی بەدبەختکرد و شێواندی. هەروەها وتوویەتی: لێرەش کە دەمیکردەوە بە رازە شیرینەکانی هەرچی تامی تاڵی دەردی دووری هەیە بردیەوە.

پاش ئەم دێڕانە وەك مانادانەوەیەکی رواڵەتییانە بۆ هەر سێ دێڕەکە و بەر لەوەی بچمەسەر مانادانەوەی قووڵ و راڤەکردنی ورد بۆیان، باس لەوە دەکەم مانادانەوە و راڤەکردنی شیعر کارێکی زۆر گرانە، بەتایبەت وەك دەزانیین شیعر بەرهەمی (ئەندێشە و سۆز و هەڵچوون و ویژدانی) مرۆڤە و ئەمانەش زۆر تایبەتن بە خودی شاعیرەوە، کەسێکی تر ناتوانێت وەك خۆی لێیان بە ئاگابێت، کەواتە راڤەکردنەکان تەنها دەبن بە بۆچوونی راڤەکار و تێگەیشتنی خۆی لە دەقە شیعرییەکە. هەر لێرەوە دەبینین راڤەی وا هەیە زیاد لە پێویست شتەکانی ئاڵۆزکردووە، وەك ئاشکرایە من لەم کتێبەدا خۆم بەستەوەتەوە بەوەی ناوی کەس نەهێنم و کارم بە هەڵسەنگاندنی راڤەکانەوە نەبێت، بەلام لێرەدا دەڵێم: کەسمان لەسەردەمی مەولەویدا نەژیاوین تا بزانین مەبەستی لە شیعرەکانیدا چی بووە، هەندێك بنچینە هەن باشترە بۆ راڤەکردنی شیعرەکانی بخرێنەپێشچاو، بە تایبەت لە بواری سۆفیگەری و عیرفاندا، من لێرەدا دەڵێم و چەند جارێکی تریش لەم کتێبەدا باسمکردووە، تەنها هێنان و خستەڕووی وشە و دەستەواژەی عیرفانی لە ناو شیعردا، ئەو شیعرە ناکات بە شیعری عیرفانی و شاعیرەکەشیان ناکات بە (عاریف)، ناکرێت ئێمە شیعری ئەم شاعیرە دەقا و دەق لە ناو تیڕوانینەکانی گەورە عاریفانی وەك، (ئەبایەزیدی بەستامی، شێخ مەحموودی شەبستەری، حسێن کوڕی مەنسووری حەلاج، مەولانا جەلالەددین، عەتاری نەیشاپووری، حافیز.....هتد) وەربگرین. بەلام دەکرێت بەراورد و لێکچواندن لە نێوانیاندا بکەین، پێمباشە لێرەدا ئەم دێڕە شیعرەی گەورە عاریف و خوداناس (شێخ مەحموودی شەبستەری) وەك نموونەی شیعری عیرفانی بهێنمەوە کە وتوویەتی:

**مســـــلمان گر بدانستی کە بت چیست**

## یقین کردی که دین در بت پرستی ست[٣٧]

دەی گوا لەم دێڕانەی (مەولەوی)دا تێڕوانینێکی لەم چەشنە، یان هاوشێوە بەدیدەکرێت، هەتا بڵێین شیعری عیرفانین.

هەر لەم بوارەدا دەڵێم: (مەولەوی) چۆن لە هەندێك لە شیعرەکانیدا تێڕوانینی عیرفانی هەن تیایاندا (گێشکراوی ڕێکەر- مجذوب سالك) بووە، هاوکات شیعریشی هەن بۆ هاوڕێیەکی نووسیوە بڕێك کەبابی بۆ ناردووە و بە جوانترین شێوەش تیایاندا هاتووەتەگۆ. پاش ئەم دێڕانە دێمەسەر مانادانەوە و ڕاڤەکردنی ئەم سێ دێڕە شیعرە کە وەك نموونەی حەوتەمی ئەم بابەتە وەرگیران.

لە دێری (یەکەم)دا شاعیر وتوویەتی: خۆشەویستەکەی (عەنبەر خاتوون) لەو بەرازییەوە کە بەسەردەشت ناویبردووە، بە بۆنی خۆشی خۆی گوڵاوپرژێنی ئەم دەشت و سارایەی کرد هەر بەوەش بۆنی ساف پاکی عەنبەری هەرزانکرد، بەوردبوونەوە لەم دێڕە شیعرە دەڵێم: دیارە بۆنی دەشت و سارا خۆی لە خۆیدا بۆنێکی خۆشە، زۆرجار گوڵ و گوڵاڵە و گیای بۆنخۆش لەوێدا بۆنی خۆیان دەبەخشن و مرۆڤ بە بۆنەکەیان سەرمەستدەکەن، بەڵام مەولەوی باسی لەوە کردووە (عەنبەر خاتوون) لە بەرزایی و لەوسەری دەشتاییەکەوە بە بۆنی خۆشی گوڵاوپرژێنی کردووە، هەموو دەشتاییەکە بۆنی خۆشی ئەوی گرتووە.

ئەم دەربڕینەی شاعیر تەواو پێچەوانەی ئەوەیە لە زانیاری خەڵکدا هەیە، ئەو عەنبەری کردووە بە سەرچاوەی گوڵاوپرژێن و بۆن خۆشکردنی ساراو دەشت و دەرەکە، چونکە دیارە مرۆڤ لە بۆنی خۆشی دەوروبەر سەرمەستدەبێت، بەڵام کەسێك هەرچەندە بۆنیشی خۆشبێت ئەوە تەنها چەند کەسێکی نزیك لێی ئەو بۆنە خۆشە دەکەن و ناتوانێن بۆنی دەشت و دەرێك خۆشبکات، بەڵام کاتێك (عەنبەر خاتوون) توانیویەتی بەو شێوەی شاعیر باسیکردووە گوڵاوپرژێنی هەموو دەشت و دەرەکە

---

٣٧- (شێخ محمود شبستری)- گلشن راز- (مثنوی) لاپەرە (٨٨)- بە کوشش- (د. پرویز عباس داکانی)- چاپ دوم- چاپخانە پیام. ساڵ ١٣٨٠.

بکات، ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەندێشەی خوڵقێنەری شاعیرە کە تیایدا وێنەی هونەری بەرهەمهێناوە.

لە دێڕی (دووەم)دا باسی لەوە کردووە، ناوێنەی توێڵ و ناوچاوانی عەنبەر ئەوەندە جوانبوو، بەشێوەیەک مشت و ماڵکرابوو، بە تەواوی بەختی مانگی چواردەی شێواند، بەجۆرێک بەدبەختیکرد، لە چاو جوانی ئەودا ئیتر مانگی چواردە هیچی بۆ نەمێنێتەوە و سەرنجی کەس ڕانەکێشێت.

ئەم دەربڕینەی شاعیر لە بواری بەرهەمهێنانی وێنەی هونەریدا تەواو کاریگەرە، هەموومان باش دەزانیین لە زانیاری خەڵدا بەشێوەیەکی گشتی مانگی چواردە نموونەی جوانی و تیشکدانەوە و بەخشینی ڕووناکییە، تەنانەت شەوەزەنگی شەوی تاریکیش دەکات بە ڕۆژی ڕووناک، سەدان دێڕە شیعر لە ناو سامانی ئەدەبی ئێمەدا بە جوانی مانگدا هەڵدراون، بەڵام لێرەدا مەولەوی شتەکانی پێچەوانە کردووەتەوە، باسی لەوە کردووە لەوێوە تیشکی ناوێنەی توێڵ و نێوچاوانی جوانی عەنبەر خاتوون دەرکەوت، ئیتر بەختی مانگی چواردە شێوا و بە تەواوی بەدبەختبوو. ئەمەش خۆی لە خۆیدا وێنەی هونەری گەورەیە و بۆ ئەندێشەی خوڵقێنەری شاعیر دەگەڕێتەوە.

لە دێڕی (سێیەم)دا باسی ئەوەی کردووە، ڕازەکانی (عەنبەرخاتوون) لای شاعیر بەشێوەیەک شیرین و خۆشبوون، هەرچی تاڵی ئازاری دووریی هەیە لەبیر (مەولەوی) بردووەتەوە، شتێکی ئاشکرایە دووری و دابڕان لە خۆشەویستان ئازاربەخشە و ژیان لە مرۆڤ تاڵدەکات، بە پێچەوانەشەوە بەیەکگەیشتن و ژوان و پێکەوەژیانی خۆشەویستان ژیان خۆش و شیرین دەکات.

هەموومان تاڵ و شیرین هەردووکیان تامن، یەکێکیان باشنییە و ئەوی تریان خراپ، ئەگەرچی لەڕووی چێژکردنەوە جیاوازییان هەیە، بەڵام لە ڕووی سوود و زیانیان بۆ مرۆڤ هەردووکیان هەم سوود و هەم زیانیشیان هەیە. دیارە هەندێکجاریش ئەو کەرەستانەی ئەم چێژانە دەدەن، کە پێکەوە تێکەڵدەکرێن، خۆ ئەوە چێژی خۆش و جۆرێک لە ناسوودەیی بە مرۆڤ دەدەن، وەک (چا، قاوە....هتد).

بەلام مەبەستی (مەولەوی) لەم دێڕەدا تەنیا چێژ نییە لە ڕێی زمان و دەمەوە بکرێت، بەڵکو مەبەستی لە دیوی ناسۆر و تاڵی ژیان و دیوە ناسوودەکەیەتی، هەر بۆیە وتوویەتی، کاتێك هاوسەرەکەی لە گەڵیدا بووە بەقسەو ڕازە خۆشەکانی، بە پێکەوەژیانی ناسوودە بووە هەموو تاڵییەکانی ژیانی لەبیرچووەتەوە و هەموو خۆشییەکانی ژیانی چێشتووە.

بۆ کۆتاییهێنان بە ماناداناوە و ڕاڤەکردنی ئەم سێ دێڕە شیعرە، قسە لەوە دەکەم وێنەکانی دێڕی سێیەم، تەنیا ئەوانەن لە چوارچێوەی زانیاری خەڵکدان و لە ناو ژیاندا هەن، هەر بۆیە وێنەکانی سادەن و لە ئەندێشەی ئاساییەوە سەرچاوەیان گرتووە، بەلام هەر لەبەر ئەوەی تەواوکاری دوو دێڕەکەی پێشەوەی بوون بۆیە مانامدایەوە.

نموونەی هەشتەم:

١- هەی پەشێوی هۆش، هەی شێویای فام
هەی عەقڵی عەبەس، هەی خەیاڵی خام
٢- من و دڵوەشی و سەفایی کەردەن
هونی یەکترین تا وە ڕۆی مەردەن
٣- سادەی، صاحب ئەی ڕیشەی دڵ کەر پەی
تا لێم دەر، ئەی فەرد وە ئەزمەکەی ئەی
٤- ئیمشەو وە هەر حاڵ شەو وە ڕۆ بەروون
ئەی خوا سا مەرگێ، سەحەر چێش کەرون[٢٨]

ئەم چوار دێڕە لە شیعرێکی شاعیر وەرگیراون کۆی دێڕەکانی (١٣) دێڕەو سەرەتاکەی بەمشێوەیە دەساپێکردووە:

ئیمشەو دیارەن باڵگم بێ شەرمەن
زایەڵەی سەمتوور گەلەم وە گەرمەن

---

[٢٨] – (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- انتشارات کردستان- لاپەرە (٥١، ٥٢).

بە مانادانەوەیەکی خێرا بۆ هەر چوار دێڕەکە بەسەر یەکەوە، دەگەینە ئەوەی شاعیر هۆشی خۆی بە پەشێو و فامی بە شێواو، هەروەها ئەقڵی بە پووچگەراو خەیاڵیشی خاو وەك لای خۆمان دەوترێت (خەیاڵ پڵاو) ناوبردوون، باسی لەوە کردووە ئەو لە گەڵ شادی و خۆشی و بەزم و رەزم و سەفا، هەتا رۆژی مردن دوژمنی خوێنخۆری یەکترن و بێکەوە نایانکرێت، بۆیە لە نەهچی داواکارە ریشەی دڵی لە بنەوە هەلکێشێت و ببێت بە مامۆستا بۆ (تالیمدانی- فێرکردنی) شیعرەکەی و دوا دێرەکەی تێکەڵ بە ئاوازی نەیەکەی بکات، لە دوا دێڕیشدا هاتووە، ئیمشەو بەهەر حاڵ بە دەم ئازارەکانمەوە رۆژدەکەوە، بەڵام ئەی خوا مەرگم بدە، دەبێ بەیانی کە رۆژبکردەوە، چی بکەم؟.

ئەم پارچە شیعرە یەکێکە لە شیعرە بەرزەکانی (مەولەوی) و دەکرێت لە گۆشەنیگای جیاجیاوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت، لە چەند دێڕێکیدا بابەتی سۆفیگەری و هەندێك دیڕی ریشاڵێکی فەلسەفییان هەیە تیایاندا پووچگەرایی دونیاو مرۆڤ و هەموو ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانە مرۆڤیان پێ لە بوونەوەرەکانی تر جیادەکرێتەوە خراوەتەڕوو، دوا دێڕیشی پرسیارێکی گەورەیە سەبارەت بە بێهیوایی لە ژیان و دووبارەبوونەوەی رۆژانەی بە هەمان فۆرم.

دیارە شاعیر لە دۆخێی زۆر نائارامی دەروونی و رۆحیدا ئەم شیعرەی هۆنیوەتەوە، بەڵام لێرەدا تەنها ئەم چوار دێڕە مەبەستی بابەتەکەن و وەك نموونەی هەستەم بۆ ئەندێشەی خۆڵقێنەری مەولەوی و توانای لە بەرهەمهێنانی وێنەی هونەری لە شیعرەکانیدا خراونەتەڕوو، بۆ قسەکردن سەبارەت بەم دێڕانە بە زیاتر تێڕامان و وردبوونەوە لە ماناکانیان دەڵێم:

لە دێڕی (یەکەم)دا شاعیر ئەوەی خستووەتەڕوو هۆشی پەشێوە و تێگەیشتنی تەواو شێواوە کە بە (فام) ناویهێناوە، هەروەها ئەقڵی پووچگەرایە و خەیاڵیشی خاوە، شتێکی ئاشکرایە هۆش و فام و تێگەیشتن، هەروەها ئەقڵ و ژیری هەمیشە مرۆڤ بە ئاکاری کارو داهێنان و دیاریکردنی کاریگەری باش لە ناو ژیاندا دەبەن، ئەگەر ئەمانە بە ئاکاری پێچەوانە ئاراستەگران ئەوە ئیتر مانایەك بۆ ژیان نامێنێت و هیچ کارو

کاردانەوەیەکی مرۆڤ لە جێی خۆیاندا نابن، دیارە ئەو بارودۆخە دەروونییەی (مەولەوی) تێدا بووە لە کاتی هۆنینەوەی ئەم دێڕانەدا بارودۆخێکی تەواو تایبەت بووە، چونکە راستییەکەی کەسێتی شاعیر و هەڵسوکەوتەکانی بە پێچەوانەی ئەمانەوە بووە، ئەو کەسێکبووە لێوان لێو لە هۆش و تێگەیشتن و ژیری و بە پێی مێژووی ژیانی کە لە سەرچاوە جیاجیاکانەوە بە ئێمە گەیشتووە، هەرگیز شاعیر بەمشێوەیە نەبووە لەم دێڕەدا خستوویەتیەڕوو.

لە دێڕی (دووەم)دا دەتوانرێت ئەوە بە ئاشکرا بخوێنرێتەوە، هۆکاری ئەوەی لە دێڕی یەکەمدا باسکراوە بێتاقەتی و دڵتەنگی شاعیر بووە، چونکە بەراشکاوی باسی لەوە کردووە، خۆشی و خۆشبەختی لەو تۆراون و هەرگیز پێکەوە نایانکرێت، چونکە وەك دوژمنی خوێنخۆری یەکتریان لێهاتووە.

لە دێڕی (سێیەم)دا شاعیر داوای لە (ساحیب نەی- نەیچی) کردووە بە ژەنینی نەی ریشەی دڵی دەربکات و دێڕی دواوەی شیعرەکەی ئاوێزانی ئاوازەکەی بکات.

بەرلەوەی بچمە سەر قسەکردن سەبارەت بە دێڕی چوارەم، پێویستە قسەیەك لەوە بکەم، بە هۆی بێزاری و بێتاقەتی و بێهیوایی شاعیر و حاڵەتە دەروونی و رۆحییەکەی بووە، بە ئاشکرا داوای لە (ساحیب نەی- نەیچی) کردووە، ریشەی دڵی لە بنچینەیەوە دەربکات، لای هەمووان ئاشکرایە (نەیچی) لای شاعیر لە هەندێك دێڕە شیعری تردا بۆ دەلالەت لە پیرەکەی، یان پەروەردگار بەکارهێنراوە، ئەوەش دەزانرێت (دڵ) کانگای خۆشەویستتیە لە ناو سۆفیگەری لای نەقشبەندییەکان، کەواتە دۆخەکەی شاعیر رۆحی و دەروونییە و داوای لە پەروەردگارەکەی کردووە لەو دۆخە دەربازیبکات. ئەوەتا بە راشکاوی پرسیارێکی جیدی کردووە، ئەگەر بە هەر چۆنێك بووە ئەو شەوە رۆژبکاتەوە، ئەی خوای گەورە دەبێت بۆ بەیانی چی بکات؟ ئالێرەدا ئەوە باشتر کەوتووەتەڕوو (ساحیب نەی- نەیچی) پەروەردگارە و (مەولەوی) داوای مەرگی لێکردووە، لەبەر ئەوەی ئەگەرچی شەو تێبپەڕێت و رۆژ بکاتەوە، خۆ ئەوە ئەو هەر نازانێت چی بکات.

لەم دێڕانەدا جۆرێك لە (نامۆبوون) بە لای شاعیرەوە هەیە، دیارە نامۆبوونەکەش لەوەوە سەرچاوەیگرتووە، کە (مەولەوی) پێیوابووە لە ژیانێکی کورت و بڕاوەی دونیاییدا ناتوانێت ئەوەی پێویستە بیکات و ڕەزامەندی پەروەردگارەکەی بۆ ژیانی هەمیشەیی بە دەست بهێنێت، وا بە ئاشکرا فەرموویەتی: ژیانی دونیایی و بڕاوە کە بە شەو ناوبەردووە کۆتاییدێت و دەڕوات. بەڵام ژیانی ڕاستی و نەبڕاوە کە وەك ڕۆژ بۆ ئیمانداران ڕووناکە لەوێ ئەو چیبکات؟.

بۆ گەیشتن بەو ژیانە (مەحوی) وتوویەتی:

**ئیزنی چوونە چەمەنی وەصڵی سپێرا بە ڕەقیب**

**(مەحویا) بمرە کە مردن بووە میراوی حەیات**[٣٩]

پاش ئەوەی سەبارەت بە هەر چوار دێڕە شیعرەکە بە پێی تێگەیشتنی خۆم لە (مەولەوی) قسەمکرد، دێمەسەر کرۆکی باسەکە کە بوونی وێنەی هونەرییە لەم چوار دێڕەدا، شتێکی ئاشکرایە (هۆش) کاتێك لە جێی خۆیدایە دروستبێت، ئەوەك پەشێو، (فام)یش بە مانای تێگەیشتن پێویستە نەشێوێت بۆ ئەوەی مرۆڤ ناراستە و دەربڕینەکانی دروستبن، (ئەقڵ)یش هەمیشە فەرمان بە مرۆڤ دەکات، ئیتر لە ڕێی ئەقڵ و ژیرییەوە پەی شتەکان دەبات، هەر بۆیە لای زۆبەی ناراستەکان ناکرێت پووچ و بێمانابێت.

هەروەها مرۆڤەکان کاتێك چێژی ژیان دەکەن هیوایان بەوە هەبێت تیایدا دڵخۆش و ئارام و ئاسوودە دەبن، بەڵام ئەمانە هەموویان لە شیعرەکاندا بە پێچەوانەی تێگەیشتنی خەڵکەوە باسکراون و ئەرکی تریان دراوەتێ، هەر بۆیە دەڵێم ئەمانە (وێنەی هونەری)ن لەم دێڕانەدا و لە ئەندێشەی خوڵقێنەری شاعیرەوە سەرچاوەیانگرتووە.

بەر لەوەی کۆتایی بە قسەکردن لەم نموونەیە بهێنم، باس لەوە دەکەم، کە تێگەیشتنی شاعیران و سۆفیان و عاریفان، ڕێبوارانی ناو شیعر و ئەدەبیات بە گشتی بۆ ژیان، بە

---

[٣٩]- (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەممەدی مەلا کەریم) - دیوانی مەحوی – لاپەڕە (٦٥)- چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا- ١٩٧٧ز.

شێوەیەکی گشتی قسەوباسی زۆری لەسەرە، هەریەکە و لە باوەڕی خۆیەوە لێڕوانیوە، لێرەدا پێمباشە لەم دێڕە شیعرەی (روودەکی) وردببینەوە سەبارەت تێگەیشتنی ئەو لە ژیان کە تێگەیشتنێکی تەواو ژیرانەیە بۆ، تیایدا وتوویەتی:

این جیهان پاك و خواب گردار است

ان شـــناسد كه دلش بيدار اســـت[30]

نموونەی نۆیەم:

١- تۆ نەی کۆچدا کار وێت مەحکەم کەردەن

بەڵام ریشەی من جە بێخ ئاوەردەن

٢- تۆ مەردەی شەهید زیندەی بێ باکێ

من زیندەی مەردەی دەشتی خەمناکی

٣- تۆ ئازاد پەی سەیر جای جاویدانی

من پا بەستەی بەند ئی دنیای فانی

٤- تۆ لوای بەو ئەجر سەختی زامەوە

من پەرێ حەسرەت دووریت مامەوە

٥- پەی تۆ راحەت بۆ، پەرێ من زامەت

هەر شەو رۆ رۆ بۆ تا رۆی قیامەت[31]

وەك لە سەرچاوەکاندا هاتووە (مەولەوی) ئەم پارچە شیعرەی بۆ مەرگی لە ناکاوی (عەبدولڕحمان کوڕی حاجی مەحموودی پارەیسی) وتووە، کە بە گولەی لە

---

[30] - (خوسرەو جاف)- مەولاناو رازی نەی- لاپەڕە (٦٢)- ٢٠١٤.

[31] – (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- انتشارات گردستان- لاپەڕە (٦٤).

دەستدەرچووی (شێخ هیدایەتی کوڕی حاجی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ عوسمانی سیراجەددین) گوێزراوە بە تەنیشت خانەقای تەوێڵەوە بە خاکسپێردراوە، بەر لەوەی بچمەسەر مانادانەوەی شیعرەکە، پێویستە باس لەوە بکەم (حاجی مەحموودی پاروەیسی) وەکیل و حیسابداری (مەحموود پاشای جاف) بووە و زۆر جێگەی ڕێز و باوەڕی بووە، پیاوێکی دیندار و دەستڕۆیشتووی سەردەمی خۆی بووە و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی زۆر فراوانبووە، پەیوەندییەکی ڕۆحی پتەوی بە بنەماڵەی شێخەکانی نەقشبەدی هەورامانەوە هەبووە، بە رادەیەك یەکتریان خۆشویستووە. کاتێك ئەم کوڕەی بە گولەی لەدەستدەرچووی (شێخ هیدایەت) گوێزراوە، هیچ کاردانەوەیەکی خراپی نەبووە، بەڵکو لەو پارچە شیعرەیدا کە بۆ لە دەستدانی کوڕەکەی نووسیویەتی بەمشێوەیە هاتووەتە گۆ:

رۆڵە ئەوڕەحمان بێ وادە مەردی
سەر وە پایەنداز (شا سیراج) کەردی
ئیسە تۆ دڵشاد وە جای (وەفا)وە
جەم وە رای کەرەم پیری (بەها)وە[**]

لەم دوو دێڕە شیعرەدا کاریگەری ڕۆحی گەورەی شێخەکانی نەقشبەندی هەورامان بەسەر (حاجی مەحموودی پاروەیسی)یەوە دیارە، چونکە سەرەڕای گوێزرانی کوڕەکەی کەچی ستایشی پایەی ڕۆحی (شێخ عوسمانی سیراجەددین و شێخ محەممەد بەهائەددین و شێخ عەبدولڕەحمانی ئەبو ئەلوەفا)ی کردووە و داوای کەرەمی ئەوانی کردووە بۆ کوڕە گوێزراوەکەی.

پاش ئەم دێڕانە دێمەسەر مانادانەوەیەکی خێرای پێنج دێڕەکەی (مەولەوی) بەسەر یەکەوە، شاعیر وتوویەتی: تۆ لەم کۆچەتدا کاری خۆتکرد، بەڵام ڕیشەی جەرگی منت لە بنەوە هەڵکێشا، تۆ مردوویەکی شەهید و زیندوویەکی بێباکیت، بەڵام من

---

[**]- (عوسمان محەممەد هەورامی)- گەشکۆڵی حاجی مەحموودی پاروەیسی- لێکۆڵینەوەو ساخکردنەوە- لاپەڕە (٨٠)- ساڵی ١٩٩٨ز.

زیندوویـەکی مـردووی نـاو دەشـتی خـەمناکیم، تـۆ ئـازادی لـە سـەیرکردن و دیدەمەستبوون لە ناو بەهەشتی بەرین و دونیای نەمریدا، بەڵام من لەم دونیا لە ناوچووەدا پابەندو زنجیرکراوم، تۆ کۆچت کردو ڕۆیشتی بۆ وەرگرتنی پاداشتی زامە سەختەکەت و منیش بە بە ئازارو حەسرەتی دووریتەوە مامەوە، بۆ تۆ ئاسوودەیی و ئیسراحەت بێت و بۆ منیش شین و ڕۆ ڕۆ هەتا ڕۆژی کۆتایی.

پاش ئـەم ماناداناـەوە گشتی و خێرایە بـۆ دێڕەکان دێمە سەر ئـەوەی ئـەم شیعرە ئەگەرچی پارچەیەکی کورت و پێنج دێڕییە، بەڵام پڕە لە جیاوازی و دەستەواژەی دژ بەیـەك، ناوەڕۆکەکەشی باسی کوژرانی (عەبدولڕەحمان کوڕی حاجی مەحموودی پارەمیسی)یە کە (مەولەوی) بە شەهید ناویبردووە، دیارە مردن کۆتایی ژیانی هەموو مرۆڤێکە لەم دونیایەدا، هیچ هێزێك نییە بەرەنگاریبکات، کە وادەی خۆی هات دێت ئیتر باکی بە هیچ هێزو دەسەڵاتێك نییە.

ناوبردنی عەبدولڕەحمان بە شەهید لەوە هاتووە لە نێو کۆمەڵی کوردەواریدا وا باوە هەرکەس بێتاوان کوژرا، بە تایبەت ئەوەی بە گوللەی ونڵ کوژرابێت شەهیدە، هەر لەم باوەڕەوە (مەولەوی)یش ئەوی بە شەهید ناوبردووە. دیارە شەهیدبوون ڕەهەندی جیاجیـای لـە ڕووی دینـی و نیشـتیمانی و نەتـەوەیی و کۆمەڵایەتییـەوە هەیـە و باسکردنیان بۆ ئەم باسە پێویستنین.

ئێستاش دێمەسـەر کرۆکـی باسـەکە کـە تایبەتـە بـە وێنـەی هونـەری لـەم نموونـە شیعرییەدا، شتێکی ئاشکرایە مردن کۆتایی ژیانی دونیاییە، کەچی مەولەوی مردنی عەبدولڕەحمانی بە ژیانی ئەبراوەی هەتا هەتایی و ژیانی دونیایی خۆی بە مردن لە ناو دەشتی خەم و پەژارەدا ناوبردووە، ئەوی بە ئازادکراو لە سەیرکردنی بەهەشت کە شوێنی ژیانی هەتا هەتاییە و خۆی بە پێبەندو زنجیرکراوی ژیانی بڕاوە و دونیای لەناوچوو لە قەڵەمداوە، هەروەها مردنی ئەوی وەك کۆچ بۆ ژیانی خۆش و ئارام و حەسانەوە و مانەوەی خۆیشی لە ژیاندا بۆ شیوەن و ڕۆ ڕۆی بەردەوام باسکردووە.

شتێکی ئاشکرایە چواندنی ژیان بـە مـردن و مـردن بـە ژیـان، باسکردنی مردوو بـە ئازادو دەستکراوە بۆ چێژوەرگرتن لە خۆشی و ژیان بە ئارامی، باسکردنی زیندوو بە

زنجیکراو و گۆتکراوی پێوەند، چواندنی شوێنی مردوو بە شوێنی حەوانەوە و ئیسراحەت و شوێنی زیندوو بۆ شوێنی شیوەن و رۆ رۆ، ئەمانە هەموویان دژ بەیەکن، ئەگەرچی لە ناو باوەڕی دینیدا مردنی دیندار و پیاوچاکی پاك و بێتاوان و شەهید، بە ژیانی هەتا هەتایی دەنرخێنرێت، بەڵام لە رووی زانستییەوە مردن کۆتایی ژیان و گەشەکردنی بایەلۆژی مرۆڤە، ئەم دەستەواژە و دەربڕینە دژ بە یەکانە هەموویان (وێنەی هونەری)ن و لە ئەندێشەی خوڵقێنەری شاعیرەوە هەڵقوڵاون.

نموونەی دەیەم:

١- زوسانەن وەی رەنگ وە گەردوون پاوان
گێجیای لوول گێج کلیلەی کاوان.

٢- بەناباشی بورج بەرزە دیاران
سفیدکاری کەرد تاقچەی موغاران

٣- چ شیرین زەرگەر تۆف هەوای سەرد
گوشوارە نە گۆش ئەونەمامان کەرد

٤- پەی نیگای باڵای مەحبووبی بێگەرد
پەخ ناپینە گرت، ئەم چارشێو ئاوەرد

٥- ئەی مەحبووبی خاس، وەی بینای تەمام
مناڵۆ پەی بەزم ساقی و شیشەو جام

٦- ساقی، باك نیەن جە سەردی (دەی) دەی
هەوا وەش کەردەن ئەشئەی نۆشای مەی

٧- ئاخر سەرمەشقەن پەرێ مەی خاران
واردەی ویەردەی ویاردەی یاران

٨- چون نه دڵ شنۆی مەزەی مەی داران
بدیه چۆن وه تۆی لۆنگیٚ مەوباران
٩- زوانەکەی سۆز، دەسەکەی ناڵە
بکیانۆ، ریٚزۆرەحمەت پیاڵە
١٠- رەحمەت وه رووی خاك رستگاراندا
پیاڵە وه دەم ئینتیزاراندا
١١- دیٚرەن با ئیٚمەیچ نەی گوزەرەوە
جامیٚ وه دەس نیٚین، دەس وه سەرەوە[٣٣]

شتێکی ئاشکرایە ئەم پارچە شیعرەی (مەولەوی) هەر وەك لێرەدا نووسیمانەوە، لە دوو توێی (١١) دێڕدایە، ئەرچی مەبەستی سەرەکی من لە هێنانەوەی وەك نموونە، کۆی هەموو دێڕەکان نییە و تەنها دێڕەکانی (٣، ٤) کە تیایاندا وێنەی هونەری لە ئەندێشەیەکی داهێنەری شاعیرەوە بەرجەستەبووە وەك لەم بابەتەدا قسەیان لێوەدەکەم، بەڵام باشتر وایە بەسەریەکەوە مانایەکی خێرایان بدەمەوە.
لەو راڤانەدا سەبارەت بە شیعرەکانی (مەولەوی) کراون، بۆچوونی جیاواز سەبارەت ئەم پارچە شیعرە خراونەتەڕوو، وەك لە سەرەتاشەوە وتوومە من هەرگیز مەبەستم ئەوە نییە هەڵسەنگاندن بۆ راڤەکانی ئەو بەڕێزانە، یان بەراوردیان بکەم، هەروەها لە هەموو لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا بەو ئاکارەدا کارناکەم، بەڵام بە پێی تێگەیشتنی خۆم لە شیعرەکە ماناداناوەیەکی خێرای بۆ دەکەم، بۆ ئەوەش دەڵێم، هەموو پانزە دێڕەکە بەسەر یەکەوە، یەکێکە لەو شیعرانەی (مەولەوی) کە هاوشان لە گەڵ دەرخستنی جوانی سروشتی وەرزی زستان و بەفربارین و شۆڕبوونەوەی چلورە سەهۆڵ و یەخبەندان بە چڵو پۆپی دارەکانەوە و پرشنگدانەوەیان لە ژێر تیشکی خۆردا و.... هتد، بەڵام کۆی دێڕەکان یەکێکن لە پارچە شیعرەکانی بواری سۆفیگەری (مەولەوی)، تیایدا باسی لە هێزو توانای یەزدانی مەزن و کاریگەرییەکانی بەسەر

٣٣- - (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس)- دیوانی مەولەوی- انتشارات کردستان- لاپەڕە (٣١٦، ٣١٧، ٣١٨).

سروشتەوە کردووە، لێرەدا کاریگەرییەکە لە وەرزی زستاندایە، هاوکات ئەوەی پێوتووین نە تەم و تەمەلووڵ و نە سەهۆڵ و یەخبەندان، ناتوانن وێنەی پەروەردگار لە بەر چاوی ئەو ونبکەن، چونکە ئەوەتا لە شیعرەکەدا سەهۆڵبەندانەکە بووەتە ئاوێنە و لەوێوە شاعیر نیگای خۆشەویستەکەی دەکات، هەروەها ئەگەرچی تەمیش شاخ و بەرزاییەکانی داپۆشیوە، بەڵام ئەوە تەنها چارشێوێکی کاتییە و لادەچێت، ئەویش هەر لە توانای خۆشەویستەکەیەوە سەرچاوەیگرتووە و لەوێشەوە هەر وێنەی ئەو دەبینێت. هاوکات ئەوەی خستووەتەڕوو بە هیچ شێوەیەك باکی بە سەرمای مانگی (دەی) نییە، بە واتا سەرمای مانگی بەفرانباری کوردی کە لە چلەی زستاندایە، چونکە لە ئەنجامی نۆشینی مەیەوە کەشەهەوا بۆ ئەو خۆشیکردووە، ئەوانەش پێشتر ئەو مەیەیان نۆشیوە بوونەتە سەرقافڵەی ئەوانەی دواییان، دیارە مەبەستی شاعیر مەی مەجازی نییە، بەڵکو ئەو مەیە رۆحییەیە سۆفی لە بواری سلووکردندا رۆحی پێی باڵادەکات، هەروەك چۆن ئەوانەی پێشتر شەیدای رێی ئەوینی یەزدانی بوون لە بوارەکەدا بونەتە پێشەنگ و رێپیشاندەر. ئەوانە لە رێی چێژکردنی مەی یەزدانی و خوداپەرستییەوە، تەنانەت بە پۆشینی بەرگی کفنیشەوە هەر شادن و خۆش رادەبوێرن، بۆیە شاعیر پێیوایە ئیتر درەنگە و کاتی ئەوەیە ئەمیش شەرابی مەرگ لە مەیگێڕی باڵادەست وەربگرێت و نۆشیبکات، بەوەش دەستبەسەریەوە بنێت و رادەستی پەروەردگارەکەی ببێتەوە. دیارە (مەولەوی) لە دوا دێردا وەك کۆ داوای جامی مەی کردووە ئەوەك تاك، چونکە وتوویەتی با (ئێمەیچ)، نەیوتووە با (منیچ)، لێرەدا دەکرێت ئەقڵمان بۆ ئەوە بچێت لە داواکردنەکەدا هەم مەبەستی خۆی و هەم ئەوانەش بووبن لە بواری خوداپەرستی و سۆفیگەریدا تەنیا مەبەستیان بەدەستهێنانی رەزامەندی پەروەردگارە.

دیارە مەبەستی شاعیرانی بواری سۆفیگەری و خوداپەرستی راستەقینە و عارفان لە بادە و مەیخواردنەوە، مەی خۆشەویستی راستەقینە و مەستبوونە بە ئەشقی خودایی، (مەحوی) لەم بوارەدا وتوویەتی:

به نووری بادە کەشفی ظوڵمەتی تەقوا ئەکەم، چبکەم

به شەمعێکی وەها چاری شەوێکی وا نەکەم، چبکەم[٢٤]

(مەولانا جەلالەددین)یش وتوویەتی:

مـــا بادە ز یار دلفروز اوردیم
ما اتش عشق سوز اوردیم
تا دور ابد جهان نبیند در خواب
ان شبها را کە ما بە روز اوردیم[٢٥]

پاش ئەم چەند دێـڕەی سـەرەوە کـە تایبـەتبوون بـە ماناداناوەیـەکی خێـرای پارچـە شیعرەکە بەسەر یەکەوە، دەگەڕێینـەوە سـەر کرۆکی مەبەستەکەمان ئـەویش توانـای شاعیرە لە بەرهەمهێنانی وێنەی هونەری لەدێڕەکانی (٣، ٤)ی پارچە شیعرەکەدا.

لە دێڕی (سێیەم) لەم نموونە شعرییەدا شاعیر باسی لەوەکردووە، زەمەنگەری تۆفی هەوای سارد (مەبەست لە خودای گەورەیە)، زۆر بە جوانی گوارەی کردەوەتە گوێی نەونەمامـەکان، لـە دێـڕی (چوارەم)یشدا ئـەوەی خستووەتەڕوو بۆ بینینـی بـاڵای خۆشەویستی بێگەرد، سەهۆڵبەندانی زەوی بووەتە ناوێنە و تەمیش بووە بە چارشێو بە سـەر بەرزاییەکانەوە. بەڵام ئەمـە لە ڕاستیدا تـەنیا ماناداناوەیـەکی ڕواڵەتییەو ناتوانێت تێگەیشتنێکی باش سەبارەت بەم دێڕە شیعرە بدات بە دەستەوە.

ئەگەر بـە وردی بـۆ مانـای ئـەم دوو دێـڕە بچین دەبینین، (مەولەوی) بـە جوانترین شێوە سوودی لە هونەری چواندن وەرگرتووە و لەوێوە گەوهەری شیعری هەڵڕژاندوە، کاتێك تۆفی هەوای ساردی زستانی پـاش بـارینی بـەفرێکی زۆر و ئینجا وەستانەوەی بەفربارین و کەوتنەوەی سایەقەو سامان بە (زەمەنگەر) چواندووە، ئەو چۆن گوارەی جوانی ئاڵتوونی دروستدەکات بۆ گوێی نازداران، ئەوا ئەویش چلوورە بەستووەکان کە

---

[٢٤]- (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەممەدی مەلا کەریم)- دیوانی مـەحوی- لـە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد- لاپەڕە - (٢٣٠)- بەغدا ١٩٧٧.

[٢٥]- (جلال الدین محمد بن محمد مولوی)- کلام خاموش- لاپـەڕە (١٤٠٢)- برگردان از (رینولد الین نیکلسون، ارتور جان اربری)- انتشارات هرمس.

له دڵۆپەئاوەکان دروستدەبن، وەك گوارەی لێکردوون و بە چڵ و پۆپی ئەمامەکاندا شۆڕبوونەتەوە، وەگ ئەوەی گوارەیان لە گوێکردبێت. بە بۆچوونی ئێمە مەبەستی شاعیر ئەوەیە کاتێك بەفرێکی زۆر دەبارێت و بەسەر زەوی و داروردەختەوە دەمێنێتەوە، پاش برانەوەی بەفربارینەکە ئیتر تۆفی هەوای سارد بە شەودا دەبێت بە هۆی مەیینی دڵۆپە ئاوەکان کە لە توانەوەی بەفرەکەوە سەرچاوەدەگرن و وەك چلوورەیەیان لێدێت، کە ڕۆژ دەبێتەوە و تیشکی خۆر لێیاندەدات بەجارێك وەك گوارەی ئاڵتوونی دەنوێنن کە لە گوێی ئەمامەکان کرابن. دیارە گوارەی ئاڵتوونی زەردە و چلوورەکانیش لە ژێرتیشکی خۆردا زەردباو دەنوێنن، هەر بۆیە شاعیریش تۆفی هەوای ساردی بە زەڕەنگەر چواندووە.

لە دێڕی (چوارەم)یشدا باسی لەوە کردووە بۆ بینینی نیگای خۆشەویستی بێگەرد (مەبەست خودای گەورەیە)، بە جارێك زەوی بووە بە سەهۆڵبەندانێك وەك ئاوێنە ئەو وێنەیە نمایشدەکات و تەم وەك چارشێو بەرزاییەکانی داپۆشیوە. لەم دێڕەشدا دووبارە شاعیر لە هونەری چواندنەوە هاتووەتەگۆ، بەوەی سەهۆڵبەندانی بە ئاوێنە و (تەم)ی بە چارشێو چواندووە.

هەموومان دەزانین لە زانیاری ڕۆژانەی خەڵکدا ئەرکی (زەڕەنگەر، تۆف و سەرما، چلوورە و یەخ، سەهۆڵبەندان، گوارە، تەم، چارشێو) دیارو ئاشکران، بەڵام (مەولەوی) لەم دوو دێڕەدا خودای مەزنی کردووە بە (زەڕەنگەر)، چلورە و یەخبەندانی سەرچڵ و ئەو تاکە تاکە گەڵایانەی بە ئەمامە دارەکانەوە ماون بە (گوارە)، سەهۆڵبەندانی زەوی بە (ئاوێنە)، تەم بە (چارشێو)، دیارە ئەمانە هەموویان ئەرکی نوێی شاعیر پێیداون و سەرچاوەی هێنانیان لە شیعرەکەیدا لە ئەندێشەی خۆڵقێنەرەوە سەرچاوەیانگرتووە، کە دەرئەنجامەکەی بەرهەمهێنانی وێنەی هونەرییە.

ئەوەی گوزەرێك بە دیوانی شیعرەکانی ئەم شاعیرەدا بکات دەیان وێنەی تری هونەری لەوانەی لەم دە نموونە شیعرییەدا خرانەڕوو دەبینێت، بەڵام من وەك لە سەرەتای کتێبەکەدا وتوومە، مەبەستم هێنانەوە و خستنەڕووی چەند نموونەیەکە بۆ ئەو بابەتانەی ئەم کتێبە دەیانگرێتەوە، نەوەك هەموو پارچە شیعرەکان، یان هەموو

دێڕەکان لە ناو پارچەیەکدا، بۆیە تەنیا ئەم دە نموونەیەم خستنەڕوو، پێموایە بۆ روونکردنەوەی مەبەست لە ئەندێشەی خوڵقێنەری (مەولەوی) و بەرهەمهێنانی وێنەی هونەری بەسن و پێویست بە نموونەی زیاتر ناکات.

ئەگەرچی ئەم بابەتەم بۆ بەرهەمهێنانی وێنەی هونەری تەرخانکردووە، بەڵام پێویستە هەر لێرەدا ئاوڕێکی خێرا لە وێنەی ئاسایی و ئەوانەی لە ژیانی رۆژانەی خەڵکدان لە شیعرەکانی ئەم زاتەدا بدەمەوە، ئەگەرچی ئەو جۆرە وێنانەش لە شیعردا جوانی و هێزی خۆیان هەیە، بە دەسەڵاتی زمان و سەلیقەی جوانی شاعیر هۆنراوەدەن، بەڵام لە بواری لێکۆڵینەوە و بەهای شیعریدا قورسایی وێنەی هونەرییان نییە.

بۆ تێگەیستنی زیاتری خوێنەرانی ئەم کتێبەو جیاوازی نێوان وێنەی ئاسایی و وێنەی هونەری لە شیعری ئەم زاتەدا، بەباشی دەزانم دوو نموونە لەو شیعرانەشی کە وێنەی زۆر جوانیان تێدایە، بەڵام بە وێنەی هونەری لە قەڵەمنادرێن بخەمەڕوو، ئەم جۆرە شیعرانە سەرچاوەکەیان ئەندێشەی ئاسایی شاعیرە، نەوەك ئەندێشەی خوڵقێنەر، دیارە ئەمەش هیچ کەم و کورییەك بۆ شیعرەکان دروستناکات و لە گەورەیی و دەسەڵاتی شاعیر کەمناکاتەوە، چونکە زۆربەی شاعیرانمان لە هۆنینەوەی شیعرەکانیاندا ئەم وێنانەیان بەرهەمهێناوە.

نموونەی یەکەم:

١- وەهارەن، سەوزەن، ئاوەن، سەرگاوەن
هاژەی وەفراوەن، شاخەی شەتاوەن
٢- ساقیەن، بادەن، نەسیمەن، بادەن
بوڵبوڵ جە دەوری گوڵان ئازادەن
٣- بەزمەن، شادیەن، عەیشەن، نیشاتەن

کەیفەن، شۆخیەن، شەوقەن، حەیاتەن

٤- سەنگەن، کۆسارەن، سەرکوەن، هەردەن

خەمەن، مەینەتەن، زوخاوەن، دەردەن

٥- هیجرەن، دوریەن، عیجزەن، فیراقەن

واوەیلاو شینەن، نالەی عوشاقەن

٦- سەبزەن، سۆسەنەن، نەورۆز گولآنەن

کەمەرەن، هەردەن، ملەن، کەلآنەن

٧- سەرعیەن، شەیدان، نەجدەن، مەجنوونەن

مەزاقەن، جامەن، پیالەی هونەن[٣٦]

بەر لەوەی بچمەسەر قسەکردن سەبارەت بەم پارچە شیعرە پێویستە بڵێم: لە دەستخەتێکی دیوانی (مەولەوی) کە لە دووتوێی (١٢٠) لاپەڕەدایە، بە ناوی (ئەبوئەلوەفا موعتەمیدی کوردستانی)یەوە بۆ کتێبخانەی (استان قدس رضوی) وەقفکراوە، دێڕی یەکەمی شیعرەکە بەمشێوەیە:

ماهان وەهارەن سەوزەن سەحراو کۆ

گولشەنەن، گولەن، بولبولەن، گول ڕۆ[٣٧]

هەر لەم بوارەدا مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە دیوانی (مەولەوی)، ئەم دێڕەی چۆن لە کەشکۆڵەکەی (ئەبو ئەلوەفا موعتەمیدی کوردستانی)دا هاتووە نووسیوەتەوە، ئەگەرچی ئەم کەشکۆڵەشی لەبەردەستدا نەبووە، مانای ئەوەیە نووسینی دێڕی یەکەم لە کەشکۆڵی تریشدا بە هەمانشێوە نووسراوە. مامۆستا مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس ئەم دێڕەی خوارەوەشی نووسیوە: لە نوسخەیەکدا کە (٣٠، ٤٠) ساڵ لەمەوبەر خۆم نووسیومەتەوە ئەم دێڕە بەم جۆرەیە[٣٨]

---

[٣٦]- (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- انتشارات کردستان- لاپەڕە (٥٢٣، ٥٢٤).

[٣٧]- دیوان مولوی کورد- دەستنووس- (ئەبوئەلوەفا موعتەمیدی کوردستانی)- ١٣٥٣ خ.

[٣٨]- (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- پەراوێزی لاپەڕە (٥٢٣)- انتشارات کردستان.

بۆ مانادانەوەی ئەم پارچە شیعرە باس لەوە دەکەم، ئەگەرچی وێنەی جوان و سەلیقە و دەسەڵاتی گەورەی (مەولەوی) لەم شیعرانەدا لە باسکردنی وەرزی بەهار لە جوانی سروشت بە سەوزایی و گوڵ و گوڵزار، هاژەی بەفرا و خوڕەی چەم شەتاوەکان، هەوای نەرمە شەماڵی فێنك، ئاوازی بولبولان لە ناو دەشت و گوڵزارەکاندا، بەزم و شادی و کەیف و خۆشی خەڵك، ئەمانە هەموویان پێکەوە جۆرە دۆخێکی خرۆشانی دڵی مرۆڤ بۆ جوانی و خۆشەویستی زێد و ماوا و نیشتمان دەردەخەن، لە ناو ئەم جوانیيانەدا شاعیر باسی لە کۆچکردنی خۆشەویست و دابڕان و ئازار و بێتوانایی و شین و گریانی خۆی کردووە، چونکە بەهار بیرەوەرییە تاڵەکانی بە لە دەستدانی هاوسەرە خۆشەویستەکەی هێناوەتەوە یاد، باسی لەوە کردووە چۆن مەجنوون لە بیابانی (نەجد) لە خۆشەویستییەکەی ناکامبوو، خۆشی سروشتی بەهار بەلای شاعیرەوە وەك ئەوەیە لەو بیابانەدا بژی و تیایدا وەك فێدارو و شەیدا چێژی خوێناوی خۆی بکات.

بۆ کۆتاییهێنان بەم دێڕانە باس لەوە دەکەم، ئەو ناو و دەستەواژانەی شاعیر ناویهێناون، وەك: (بەهار، سەوزی، ئاو، سەرکاو، بەفراو، شەتاو، ساقی، بادە، نەسیم، با، بولبول، گوڵ، بەزم، عەیش، شادی، نیشات، کەیف، شۆخی، شەوق، حەیات، سەنگ، کۆسار، هەرد، خەم، مەینەت، زوخاو، دەرد، هیجر، دووری، عیجز، فیراق، واوەیلا و شین، ناڵە، عوشاق، سەوزایی، سۆسەن، نەورۆز گوڵ، کەمەر، هەرد، سەرعی، شەیدا، نەجد، مەجنوون، مەزاق، جام، پیاڵە، خوێن)، هەر ئەوانەن کە لە زانیاری رۆژانەی خەڵکدا هەن، هەر وەك بوونی خۆشیان بەکارهێنراون، بۆیە شاعیر لە هۆنینەوەی شیعرەکاندا ئەگەرچی وێنەی جوانی بەرهەمهێناون، بەڵام سەرچاوەکەیان ئەندێشەی ئاسایی شاعیرە، ئەوەك ئەندێشەی خوڵقێنەر.

**نموونەی دووەم:**

١- وادەی سەفەرەن، های نەسیم ئامان

بە لای ئازیزدا بویەر چون جاران

٢- تەقریر کەر ئەوەڵ بەو زوانی حاڵ
سەلام و دوعای ئەو دوڕدانەی لاڵ
٣- دووەم جە حاڵات پەشێوی حاڵم
جە شۆریی بەخت وێرانی ماڵم
٤- جە بێ قەراری، جە دەسی دووری
جە بێ ئارامی، جە ناسەبووری
٥-جە سۆزەی شەرار نائیرەی هیجران
جە ناسۆری زام تیرەکەی موژگان
٦- جە قرچەی قاوەی جەرگی جەفاکێش
جە وەلوەلەی دەرد دەروونی پڕ نێش [39]

ئەم پارچە شیعرە لە دووتوێی (١٣) دێڕدایە، بەڵام دیارە مەبەستی من لە نووسینەوەی ئەم شەش دێڕەی لێرەدا، تەنیا بۆ زیاتر روونکردنەوەی بابەتەکەیە، هەر بۆیە تەنیا ئەم شەش دێڕەم بە پێویست زانیین بیاننووسمەوە و قسەیان لێوەبکەم، وەك لە دیوانەکەیدا هاتووە، ئەم پارچە شیعرە یەکێکە لەو شیعرانەی بۆ هاوڕێی (شێخ عەزیزی جانەوەری) نووسیوە، دیارە لەم کتێبەدا بابەتێکم بۆ (مەولەوی و نامەی شیعری) تەرخانکردووە و تیایدا سەبارەت بە هەندێك لە نامە شیعرییەکانی (مەولەوی) قسەدەکەم، لێرەدا دەڵێم: هەر شەش دێڕەکە تێگەیشتنیان ئاسانە و گرێ و گۆڵ و ئاڵۆزییان تێدا نییە، هەر بۆیە راستەوراست دەچمەسەر ماناداناەوەیان، وەك ئەمەی لە خوارەوە هاتووە:

لە دێڕی (یەکەم، دووەم)دا، شاعیر (نەسیم)ی کردووە بە نامەبەری خۆی بۆ لای (شێخ عەزیزی جانەوەری) هاوڕێی و وتوویەتی: کاتی سەفەرە های نەسیم دەخیلتم وەك جارانی پێشوو گوزەرێك بەلای (ئازیز)دا بکە، بە زمانی حاڵ سەلامی من بەو دوڕ و مرواورییە بگەیەنە. دیارە راسپاردنی (نەسیم) بە مەبەستی نامەگەیاندن وەك

[39] - (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- انتشارات کردستان- لاپەڕە (٥١٥، ٥١٦).

پەیكێكی نامەبەری دڵسۆز و كارامە و نهێنیپارێز لە شیعری زۆربەی شاعیراندا دووبارەبووەتەوە.
لە دێڕەكانی (سێیەم، چوارەم، پێنجەم، شەشەم)دا، شاعیر چووەتەسەر باسكردنی دۆخی پەشێوی خۆی و بەدبەختی و ماڵوێرانی، لە بێ ئۆقرەیی بە دەستی دوورییەوە لە هاوڕێكەی، لە نائارامی و ناخۆشی ئەو دوورییە و كاریگەری بەسەرییەوە، لە بڵێسەی ئاگری بەلاّ و لە ئاسۆری ئەو زامانەی بە تیری ئەبرۆ كراونەتە جەستەی، لە سووتانی جەرگی كە وەك قرچە قرچی سووتانی قاوە دەقرچێتەوە و هاواری لێبەرزدەبێتەوە.
لەبەر ئەوە مەبەستم لە هێنانەوەی ئەم دێڕانە وەك نموونەیە بۆ ئەوەی سەرچاوەكەیان ئەندێشەی سادەی شاعیرە، وێنەكانیشیان ئەگەرچی وێنەی جوانن و لێوان لێون لە سۆز و هەڵچوون، بەلاّم هەر ئەو وێنە ئاساییانەن لە ژیانی رۆژانەی خەڵكدا هەن و وێنەی هونەرییان تێدا نییە، چونكە (ئەسیم، سەفەر، ئەرز و حاڵ، پەشێوی، ماڵوێرانی، بێقەراری، دووری، بێئارامی، سەبووری، سۆزە، شەرارە، ئاگرە، هیجران، ئاسۆری، زام، تیر، مۆژگان، قرچە، قاوە، جەرگ، جەفاكێش، وەلوەلە، دەرد، دەروون)، هەر هەموویان وەك ئەوەی لە زانیاری گشتی خەڵكدا هەن، بەهەمانشێوە بەلای شاعیرەوە بەكارهێنراون، هیچ ئەرك و مانایەكی تریان ئەدراوەتێ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا وێنەی ئاسایین لە شیعردا.
هەر لە بواری مانادانەوەی ئەم شەش دێڕە شیعرەدا، باس لەوە دەكەم، (مەولەوی) هەر وەك خووی تا رادەیەك هەمیشەیی لە هۆنینەوەی شیعردا، لەم دێڕانەشدا بە خستنەڕووی ئێش و ئازاری جەستەیی و دەروونی، ناڵاندنی بە دەست دەرد و بەلاّی دووری، لە ئاسۆری زامەكانی، لە قرچەی جگەر و هات و هاواری دەروونی هاتووەتەگۆ.
بۆ كۆتاییهێنان بەم بابەتە پێویستە قسەیەك لەوە بكەم، ئەم دێڕانەی مەولەوی كە وەك نموونەی دووەم بۆ ئەندێشەی سادە و وێنەی ئاسایی لە شیعرەكانیدا هەڵمبژاردوون، لە گەڵ ئەوەی لە دێڕەكانی پێشتردا باسكرد گەڕانەوەیەكیان بۆ

بابەتی رۆحی تێدایە، هەرچەندە شاعیر نامەکەی بۆ (شێخ عەزیزی جانەوەریی) هاوڕێی بووە، بەڵام دەکرێت لە رووی باری دەروونی ناوبرا و هەروەها پەیوەندی رۆحیشدا قسەیان لێوە بکرێت. بە تایبەت کە شاعیر باسی لە بڵێسەی ئاگری سووتان، دەردو باڵای دووری، برینداربوون بە تیری ئەبرۆ، هەروەها هاواری دەروونی کردووە، ئەمانەش هەموویان بێئارام و بێتاقەتیان کردووە و نۆقرەیان لێبڕیوە.

وەك وتیشم کۆی دێڕەکان (١٣) دێڕن و لە دێڕەکانی دواتردا بادانەوە بۆ لای پەیوەندییە رۆحییەکان زیاتر دەرکەوتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی بابەتێکی ئەم کتێبە بۆ پەیوەندی رۆحی مەولەوی بە شێخەکانی نەقشبەندی هەورامانەوە تەرخانکراوە، لێرەدا پێویست بە شیکردنەوەی ئەو دێڕنەی تر ناکات.

# پەیوەندی رۆحی مەولەوی بە شێخەکانی نەقشبەندی هەورامانەوە

# پەیوەندی رۆحی مەولەوی بە شێخەکانی نەقشبەندی هەورامانەوە

وەك پێشتر وتم (مەولەوی) موریدی شێخەکانی نەقشبەندی هەورامان بووە و پەیوەندی رۆحی بەوانەوە بەستووە، ئەو پەیوەندییەش لە سەر بنەمای ئەو هێزە رۆحییە دادەمەزرێت کە لە نێوان (مورید و پیر)دا دروستدەبێت، هەر ئەو هێزە رۆحییەش بووە کە ئەم شاعیرەی راپێچی دونیای سۆفیگەری کردووە، دیارە سەرەتای پەیوەندی رۆحی شاعیر لە گەڵ حەزرەتی (شێخ عوسمانی سیراجەددین)دا بووە کە وەك رابەرێکی گەورەی نەقشبەندی و یەکەم خەلیفەی[1] حەزرەتی (مەولانا خالیدی شارەزووری)، دەستێکی باڵای لەمبوارەدا هەبووە، ئەم هێزەش لە ناو فیکرو فەلسەفەدا قسەی زۆری لێکراوە، لە ناو سۆفیگەریشدا دەبێتە بنەما بۆ بڕینی قۆناغەکان بە باڵاکردنی رۆح و گەیشتن بە (عیرفان). لەمبارەوە (خواجە شەمسەددینی شیرازی- حافظ) زۆر جوانی فەرمووە:

بمی سجادە رنگین کن، گرت پیری مغان گوید
کە سالك بی خبر نبوود ز راه و رسم منزلها
حضوری گر همی خواهی از او غافل مشو حافظ
متی ماتلقی من تهوی، دع الدنیا و اهملها[2]

---

[1] - سەبارەت بەوەی کێ یەکەم خەلیفەی (مەولانا خالید) بووە، مامۆستا (مەلا عبدولکەریمی مودەڕیس) لە کتێبی (یادی مەردان)- بەرگی یەکەم- ئاماژەی بە نووسینێکی (ئیبراهیم فەصیح ئەلحەیدەری) داوە کە لە کتێبی (المجد التالد فی مناقب مولانا خالد)دا نووسیویەتی: (شێخ عەبەیدوڵای حەیدەری) لە ناو ئەهلی بەغداد و (شێخ عوسمانی تەوێڵەیی) لە ناو ئەهلی شیمال عێراقدا یەکەم خەلیفەی مەولانا بوون.

بڕوانە: یادی مەردان- بەرگی دووەم- لاپەڕە (١٤).

[2] - دیوان (حافظ)- دکتر قاسم غنی و علامە قزوینی- نوبت چاپ چهارم (١٣٨٦) — انتشارات گلی.

دێمەوە سەر ئەوەی لە سۆفیگەریدا راکێشانی رۆحی دەبێتە کرۆکی بالاگرتنی رۆح، ئەمەش سەرەتاکەی بە هاوڕێیەتی و پەیوەندیبەستن بە مورشدێکی (الکامل و المکمل)ەوە دەستپێدەکات، بە واتا ئەو مورشیدەی خۆی پێگەیشتووە و توانای پێگەیاندنی سۆفی هەیە، حەزرەتی (مەولانا خالیدی نەقشبەندی) فەرموویەتی: (هاوڕێیەتی لە گەڵ پیاوچاکان و راستگۆیان دووبەشە، یەکەمیان هاوڕێیەتی رواڵەتی و ئاشکرا لە نێوان مورید و پیر، دووەمیان هاوڕێیەتی پەنهانی ئەمەش لە رێگەی (دڵ)ەوە کە بە (الرابطة) ناویدەهێنرێت[3]، ئەم پەیوەندییەش زۆر گرنگە و لە چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆزدا باسی لێوە کراوە، هەر بۆ نموونە: (یا ایها اللذین امنوا اتقوا الله وکونوا مع الصادقین[4]) لێرەدا شێخ دەبێت بە رێنماییکارو رێپیشاندەری سۆفی و ئەوەیە کە پێیدەوترێت (الفناء فی الشیخ). من بە دڵنیاییەوە دەڵێم: (مەولەوی) لە رووی سۆفیگەرییەوە لەم قۆناغە تێنەپەڕیوە و تا دوا ساتەکانی ژیانی دەستەوداوێنی پیرەکەی بووە.

وەك لە هەندێك لە شیعرەکانیا دیارە (شێخ عوسمانی سیراجەددین و شێخ محەممەد بەهائەددین)ی بە مورشدی (الکامل و المکمل) سەیرکردووە، زۆر ستایشی پایەو هێزی رۆحی ئەم زاتانەی کردووە، بۆ ئەوەی زیاتر بەم بابەتەدا شۆڕببمەوە پێویستە برۆمە ناو دونیا جوان و دانسقەکەی شیعرەکانییەوە و لەوێوە وەك گەواهیدەر لەمبوارەدا بیانهێنمەگۆ، بۆ ئەم مەبەستەش چەند نموونەیەك دەخەمەڕوو، نموونەکان هەیانن پەیوەستن بە پەیوەندی رۆحی شاعیر بە (شێخ عوسمانی سیراجەددین)، یان (شێخ محەممەد بەهائەددین)ەوە، هەشیانن هەر لە بواری سۆفیگەری و ئەشقی مورید بۆ پیرەکەیدان، بێئەوەی بتوانین ئەوە ساخبکەینەوە، ئایا بۆ کام لە دوو زاتە، یاخود چە بۆ کەسێکی تری ئەم بنەماڵەیە نووسرابن.

---

[3]- رسالة فی اثبات الرابطة للشیخ مولانا خالد النقشبندی ذی الجناحین الشهرزوری- (ص ١- ٩)

[4] - (سوورەتی تەوبە -١١٩).

**نموونەی یەکەم:**

١- ئاخر سەفەرەن را خەیلێ دوورەن

مەنزڵ بێ پایان تۆشە زەروورەن

٢- دینت تۆشەی چەم مەیلت تۆشەی دڵ

رازت تۆشەی گۆش مەنزڵ وە مەنزڵ

هەتا فەرموویەتی:

٣- من شەوێ ئاڵەم جۆش ناوەردە بۆ

سەگی ئاسانەت بێدار کەردە بۆ

٤- یان ئاستەبۆ سەیل دیدەم نەفەسێ

نەسیم گەرد پات بەرۆ پەی کەسێ

٥- چەمینت زەحمەت نیگام کێشابۆ

کەفی پات وە خار (موژەم[٥]) نێشابۆ[٦]

بەر لەوەی بچمە سەر ماناداانەوەی ئەم (٥) دێڕە، دەبێت قسەیەك لەوە بکەم، ئەم پارچە شیعرە لە دیوانی (مەولەوی) لە دوو توێی (٢٠) دێڕدا بڵاوکراوەتەوە، مامۆستای بەهەشتی (مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس) باسی لەوە کردووە بۆ (شێخ عەزیزی جانەوەری[٧]) نووسیوە کە هاوڕێ و هاوفەقێی بووە لە مزگەوتی

[٥] - لە هەندێك شوێندا لە جیاتی موژەم نووسراوە دیدەم، بەڵام بەلای ئێمەوە (موژەم) راستترە – (نووسەر).

[٦] - - دیوانی مەولەوی- کۆکردنەوە، لێکۆڵینەوە، لێکدانەوە و لەسەر نووسینی (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- لاپەڕە (٣٤)- انتشارات کردستان- سنە.

[٧] - (شێخ عەزیزی جانەوەری کوڕی شێخ محەممەدی کوڕی مەحموود) لە بنەماڵی شێخەکانی (مەولاناوایە)، شاعیرو خۆشنووسێکی گەورە بووە و دۆستایەتی پتەوی لە گەڵ (مەولەوی)دا هەبووە. (جانەوەرە)ش دێیەکە لە ناوچەی (کەڵاتەرزان) لە خۆرهەڵاتی کوردستان،، دەکەوێتە نێوان (مەریوان و سنە). (نووسەر)

(دارولئیحسان) له (سنه)، پاش ئەوەی ناوبراو لێی جیابووەتەوە و چووە بۆ (بانە)، ئەم شیعرەی لە دوو توێی نامەیەکدا بۆ ناردووە.

دیارە ئەم دەربڕینە قسەی زۆر هەڵدەگرێت، لەو روانگەیەوە کە هیچ مرۆڤێک نییە هەڵە نەکات و ناکرێت زانایی و پایەی گەورەی وامان لێبکات هەموو دەربڕین و کارەکانی بە لامانەوە قسەهەڵنەگرن، پێمان وابێت ئەمە شوورەیی و لە کەمکردنەوەی خەرمانی کارو بەرهەمی ئەو کەسەیە و دەبێت قرووقپی لێبکەین، دەی باشە ئەگەر وامانکرد ئیتر چە نرخێک بۆ رەخنەو تێبینی و باری سەرنج دەمێنێتەوە؟؟ لە گەڵ ئەوەی سەری رێزو ئەوازش بۆ یادی مامۆستای رەحمەتی و خەرمانی کارو داهێنانەکانی ئەویدەکەم، ئەگەرچی من لە سەرەتای ئەم کتێبەوە روونکردنەوەم داوە بەوەی مەبەستم رەخنەکردنی راڤەکردنی هیچ بەڕێزێك نییە، بەلام قسەکردنم لێرەدا پەیوەستە بە تێکەڵکردنی دوو پارچەشیعر، نەوەك راڤەکردنەکانیانەوە، هەر بۆیە پێویستە لێرەدا قسەی جیدی خۆم هەبێت.

لەوەوە کە من سالانێکە لە گەڵ شیعرەکانی (مەولەوی) دەژیم بە شێوەیەك زۆربەیانم لە بەرن، هەروەها ئەودالی خوێندنەوە و بەراوردکردنیانم و بە زیادەڕۆییش نەبێت زۆربەی ئەو کتێب و نووسینانەی سەبارەت بە شیعرو شاعیرییەتی ناوبراو نووسراون بە وردی خوێندوومنەتەوە، هاوکات ژمارەیەك دەستنووسی شیعرەکانی و ئەو کەشکۆڵانەی شیعری ئەم زاتەیان تێدا بلاوکراونەتەوە لە بەردەستمدان، دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم شیعرەکان دوو پارچەن، بەلام لە دیوانەکەیدا جۆرە تێکەلاوییەك لە دێڕەکاندا کراوە، راستە چەند دێڕێکیان بە سۆزو خۆشەویستی هاوڕێیانە قولبەدەن و دەشێ بۆ (شێخ عەزیزی جانەوەری) نووسرابن، بەلام ئەم چەند دێڕەی کە لێرەدا وەکو نموونەی یەکەم بۆ پەیوەندی رۆحی بە (شێخی سیراجەددین) خستوومنەتەڕوو، بە هیچ شێوەیەك لە دوور و نزیکەوە پەیوەندییان بە (شێخ عەزیزی جانەوەری)یەوە نییە، بەڵکو بۆ (شێخی سیراجەددین) نووسراون و گەورەترین پەیوەندی رۆحی نێوان (پیرو مورید)یان لە خۆگرتووە، بۆ دەرخستی ئەم راستییەش پێویستە بڵێم:

لە دێڕی (یەکەم)ی ئەم نموونەدا، شاعیر باسی ئامادەکردنی توێشووی دوا سەفەری کردووە کە مەبەست تیایدا ئەو توێشوەیە مرۆڤ لە ژیانی بڕاوەی دونیاییدا بۆ ژیانی نەبڕاوە و هەتا هەتایی ئامادەیدەکات، خۆ مەولەوی لە سەردەمی گەنجیەتی و فەقێیەتیدا هاوڕێی (شێخ عەزیزی جانەوەری) بووە و لێی جیابووەتەوە، دەی گوا لەو قۆناغەدا ئەو باسی دوا سەفەرو توێشووی کردووە، لە کاتێکدا لە سەرەتای ساڵانی گەنجییەتیدا بووە ، بە تایبەت دێڕی دووەم گەواهیدەرە بۆ ئەوەی بینینی (شێخی سیراجەددین) بە لای (مەولەوی)یەوە توێشووە بۆ چاوەکانی، کاتێک فەرموویەتی (دینت تۆشەی چەم) و مەیلی توێشووە بۆ دڵی لەوەدا فەرموویەتی (مەیلت تۆشەی دڵ)، هەروەها رازەکانی توێشوون بۆ گوێی کە فەرموویەتی (رازت تۆشەی گۆش)، لەم دێڕەدا بە تەواوی دەردەکەوێت کە بەلای (مەولەوی)یەوە، ئەوە تەنیا بینینی (شێخی سیراجەددین) توێشووی چاو و مەیلی توێشووی دڵ و رازو قسەکانی توێشووی گوێیەتی، چونکە لە ناو سۆفیگەری و بە تایبەت لای نەقشبەندییەکان پەیوەندی رۆحی نێوان پیرو مورید، پاشان بالاکردنی ئەو پەیوەندییە سەرچاوەکەی (دڵە)، وەك لەم دێڕەدا هاتووە:

ای بـرادر در طریق نقشـــبند

نقش حق را در دل خود نقشبند[٨]

هەروەها پێویستە ئەوە بزانین زیکری نەقشبەندییەکان بەشێوەیەکە، سۆفی لە قووڵایی هەناوییەوە (لا اله) دەهێنێت و (الا) لەسەر مەمکی راستی گیردەکات و (الله) لە سەر مەمکی چەپی بە واتە لە ناو دڵیدا دەچەسپێنێت.

دەگەڕێمەوە سەر ئەوەی، ئەوە (شێخی سیراجەددین)ە توانیویەتی دڵی (مەولەوی) وەها داگیربکات کە هەمیشە مەیلی بەلای ئەوەوە بێت و لە ئاوێنەی چاوەکانیدا تەنها نیگای ئەو زاتە بکات.و بە فەرموودەکانی توێشووی گوێچکەکانی هەڵبگرێت، ئەوەك (شێخ عەزیزی جانەوەری) هاوڕێی.

---

٨- (ئەمین شێخ عەلادین نەقشبەندی)- تەصەوف چییە- چاپی سێیەم- لاپەرە (٤٢٥)- لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی بێخود- ٢٠١٥.

دێڕەکانی دواتریش لەم بوارەدا زیاتر دڵنیاییمان دەدەنێ، (مەولەوی) لە دێڕی سێیەمی ئەم نموونە شیعرییەدا، باسی لەوە کردووە لەو شەوەدا بە جۆرێك ناڵەو هاواری لێبەرزبووەتەوە، تەنانەت سەگەکانی ئاسانەی پیرەکەی لە حاڵەتی ئەم بێزاربوون، لێرەدا زۆر پێویستە لە سەر ناوی سەگ و بەکارهێنانی کەمێك راوەستم، هەندێك پێیانوایە هێنانی ناوی سەگ پێدەچێت بۆ شاعرێکی گەورەی وەکو (مەولەوی) ناوهێنانێکی جوانتەبێت.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم دەربڕینە دەڵێم :

١- شتێکی ئاشکرایە لە روانگەی دینە ئاسمانییەکان و خەڵکانی خوداناسەوە، هەموو بوونەوەر و گیان لەبەرەکان دروستکراوی خودایەکی تاك و تەنیان، کەواتە ناوهێنانیان شتێکی زۆر ئاساییە و بقە نییە، سەبارەت بە (سەگ)یش ئەی مەگەر لە گەڵ (هاورێیانی ئەشکەوت- اصحاب الکهف)دا ئامادەیی نییەو وەك یەکێك لەوان لە قورئانی پیرۆزدا ناوینەهێنراوە ؟؟. وەك فەرموویەتی :

(سیقولون ثلاثه رابعهم کلبهم ویقولون خمسه سادسهم کلبهم رجما بالغیب ویقولون سبعه ثامنهم کلبهم. سورەتی کەهف – ئایەتی ٢١).

٢- مەولەوی لە شیعرەکەدا مەبەستی سەك نییە بە مانا فیزیکییەکەی، بەڵکو مەبەستی خەسڵەتەکانیەتی لە (وەفا و ئێشکگرتن) بۆ خاوەنەکەی، کاتێك فەرموویەتی: (سەگی ئاسانەت بێدار کەردەبۆ)، مەبەستی ئەوە بووە باری دەروونی و ئەو جۆشەی سەراپا تەن و رۆحی تەنیوەتەوە، ناڵەو هاوارێکی وایان بەرهەمهێناوە کە هەموو موریدو سۆفییەکانی ناو خانەقاو ئاسانەی (سیراجەددین)ی بێدارکردوە و خەوی لێزڕاندوون. دیارە سۆفی و موریدی راستەقینە وەفاو دڵسۆزییەکی لە رادە بەدەرییان بەرامبەر پیرەکەیان هەیە و بەردەوام وەك ئێشکگرن بۆ پەیوەندییە رۆحییەکەی نێوانیان وەك پێشتر باسمکرد.

لە دێڕی (چوارەم)دا باسی لەوەکردووە ئەو دۆخەی بەسەریدا هاتووە، ئەوەندە گریانویەتی و فرمێسکی هەڵڕشتووە، لە ئەنجامدا لێتەو قوڕاوێکی وەها دروستبوون بوار نادەن یەك گەردیلە لە تۆزی ژێر کەوشەکانی پیرەکەی بۆ کەسێکی تر بڕوات. بە

راستی خۆشەویستی (مەولەوی) بۆ پیرەکەی تەواو گەورە بووە. ئەگینا ئەگەر دەربڕینی ئەو خۆشەویستییە لە رادەبەدەرە و ئەو کاریگەرییە رۆحییە نەبێت، گوا گریان و فرمێسکی کەسێك ئەو هەموو لیتاوو قوڕاوە دروستدەکەن؟ کە تەنیا یەك گەردیلەش تۆزی لێهەڵنەسێت، دیارە ئەم بابەتانە مانەوین هەر لە دونیای رۆح و پەیوەندی رۆحیدا هەن و کارێکیان بە دونیای مادەوە نییە.

لە دێڕی (پێنجەم)دا وتویەتی ئەوەندە سەیری ناوچاوانتم کردووە، ئەترسم بەو سەیرکردنە ئازارمدابێت و نارەحەتم کردبێت. لە پێیانانی چاومدا دڕکی برژانگەکانم نێشیان بە لەپی پێیەکانت گەیاندبێت.

ئەگەر کەمێك لەم دوا دێڕە رامێنین، زۆر بە ئاشکرایی بۆمان دەردەکەوێت کاتێك کەسێك سەیری ناوچاوانی کەسێکی تر دەکات و لێی رادەمێنێت. ئەوە چاوی خۆی ماندوودەبن نەوەك چاوی ئەوی تر، هەروەها کە پێدەنێن بە چاویدا ئەوە چاوی خۆی ئێش و ئازاریان پێدەگات، بەڵام ئەوە تەنیا لە سۆفیگەری و پەیوەندی رۆحیدایە، خۆشەویستی مورید بۆ پیرەکەیەتی بەمشێوە شتەکان پێچەوانە دەبنەوە.

کەواتە لە ئەنجامی خوێندنەوە و وردبوونەوە لەم (٥) دێڕەی سەرەوە، بەدڵنیایی تەواوەوە دەڵێم، بە هیچ شێوەیەك بۆ خۆشەویستی (شێخ عەزیزی جانەوەری) نەهۆنراوەتەوە کە هاوڕێی و هاوفەقێی (مەولەوی) بووە، لێی جیابووەتەوە و چووە بۆ (بانە)، بەڵکو لە دوو توێیاندا گەورەترین خۆشەویستی سۆفیانە و دەستەوداوێنبوونی (موریدە مەولەوی) بۆ (پیر= شێخی سیراجەددین) تیایاندا بەرجەستەبوون.

ئەمەش بەڵگەیەکی دیاری گەورەیی پەیوەندی رۆحی (مەولەوی تاوەگۆزی)یە بە حەزرەتی (شێخ عوسمانی سیراجەددین)ەوە.

نموونەی دووەم:

١- شێخی دەوڵەمەند بەهرەی سەرمەدی

پاگەی هەقیقەت جیلوەی ئەحمەدی

٢- جه شەو هەوارگەی فەنا ویەردە

پای هەردەی بەقا یاتاغگە کەردە[١]

٣- موتەسیف بە وەسف شەئنی و سیفاتی

موشەڕەف بە فیض تەجەلای زاتی

٤- خەلیفەی سەدای (ادن) شنەفتە

بەڵەد ئەسارای ئەطواری حەفتە

٥- پیری پاك جه گەرد خاکی ناسووتی

مەنزڵگەی سەربەرز سەر مەلەکووتی

هەتا فەرموویەتی:

٦- جسما لدینا روحا لدیه

دائیرەی تەمام (منه الیه)[٢]

خوالێخۆشبوو مامۆستا (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس) لە (دیوانی مەولەوی)دا نووسیویەتی: ئەم شیعرەی (مەولەوی) بۆ وەڵامی نامەیەکی (شێخ عوسمانی سەڕاجەددین) بووە، کە تیایدا شێخ گلەیی لێکردووە بۆچی نامەی بۆ نانووسێت، شیعرەکە (٣٠) دێڕە، بەڵام من تەنیا ئەم (٦) دێڕەی سەرەوەم هەڵبژاردن قسەیان لێوە بکەم و چونکە مەبەستی بابەتەکەیان تێدا دەردەکەوێت.

مەولەوی لە دێڕی (یەکەم)دا زۆر بە ئاشکرا پێماندەڵێت (شێخی سیراجەددین)، لە بەهرەی نەبڕاوە و سەرمەدیدا تەواو دەوڵەمەندە و جیلوەی راستەقینەی پێغەمبەری

---

[١] - لەدەستنووسێکی (دیوانی مەولەوی)دا کە ساڵی (١٣٢٨ك) نووسراوە و لە لایەن (ئەبو ئەلوەفا موعتەمیدی کوردستانی)یەوە پێشکەش بە کتێبخانەی (استان قدس رضوی) کراوە نووسراوە: (جه وارگەی مەنزڵ فەنا ویەردە پای هەردەی بە قا وە یاتاغ کەردە).
دیارە مانای گشتی شیعرەکە هەر مەبەست لەوەیە، (شێخی سیراجەدین) بە قۆناغی بەقای دوای فەنا گەیشتووە.

[٢] - دیوانی مەولەوی- کۆکردنەوە، لێکۆڵینەوە، لێکدانەوە و لەسەر نووسینی (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- لاپەڕە (٢٤٦- ٢٤٨)- انتشارات کردستان- سنه.

تیادا دەرکەوتووە، لە دێڕی (دووەم)دا باسی لەوە کردووە لە هەوارگەی (فەنا) تێپەڕیوە و لە مەنزڵگەی هەمیشەیی و نەبڕاوەدا جێگای خۆی قاییمکردووە، دیارە ئەمەش دڵنیاییدانی (مەولەوی)یە بەوەی (شێخی سیراجەددین) گەیشتووەتە (بەقای دوای فەنا)، لە دێڕی (سێیەم)دا وتویەتی: خاوەنی هەموو خەسڵەتە (کردەیی = فیعلی- وەك ڕێنماییکردن و پارمەتیدان) و (خودی = زاتی- وەك زانایی و توانایی)ت و بە تیشکی ڕووناکی خودای گەورە شەرەفمەند بوویت.

لە دێڕی (چوارەم)دا بە ڕاشکاوانە وتوویەتی: ئەی ئەو شێخەی کە هەر حەوت (دۆڵ= مەقام= شار= قۆناغ)ەکەی سۆفیگەرییت تەیکردووە و بوویت بە جێنشین و نوێنەری ئەوەی گوێی لە دەنگی (ادن) بوو، مەبەست لە (ادن) ئەو دەنگەی خودای گەورەیە کە لە شەوی (میعراج)دا فەرمانیداوە بە (پێغەمەر- د.خ) لێی نزیکبێتەوە. لێرەدا پێویستە ناوی ئەو حەوت دۆڵە هەر وەك چۆن لە سەرچاوەکاندا هاتوە بهێنین:

١- وادی الطلب

٢- وادی العشق

٣- وادی المعرفة

٤- وادی الاستغفار

٥- وادی التوحید

٦- وادی الحیرة

٧- وادی الفقر والفناء

سەبارەت بەم قۆناغانە (مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی) لە ستایشی پایەی ڕۆحی (عەتاری نەیشاپووری)دا فەرموویەتی:

هفت شهر عشق را عطار گشت

ما هنوز اندر خم یك کوچەایم[*]

بە واتا (عطار) هەر حەوت شارەکەی ئەشق گەڕا ، کەچی من هێشتا لە پێچی کۆڵانێکدام.

---

[*] - (ئەمین شێخ عەلادین نەقشبەندی)- تەصەوف چییە- لاپەڕە (٥٠٦).

لە دێڕی (پێنجەم)دا باسی لەوەکردووە (شێخی سیراجەددین) لە هەموو خۆڵ و خاشاکێکی مرۆڤبوون پاکبووەتەوە و لە بەرزایی شوێنی فریشتەکانەوە مەنزڵی خۆی گرتووە.

لێرەدا پێویستە لەسەر پاکبوونەوەی مرۆڤ لە خاشاکی بە مرۆڤبوون کەمێك بوەستم، دیارە کەسێتی هەموو تاکێك وەك باسی لێوەکراوە بریتییە لە:

١- (من)= مرۆڤ بە هەستەکانییەوە.

٢- (ئەو) = ئەست= حەزو ئارەزووەکان.

٣- (ئەوان)= ئەو هێزانەی مرۆڤ لێیان دەترسێت و حیسابیان بۆ دەکات وەك: (خودا، هێزە ئاسمانییەکان، یاسا، عورف و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان..هتد)[٣٢].

دیارە (من) کە مرۆڤە بە هەستەکانییەوە لە لایەکەوە بەردەوام وا لە ژێر داواکارییەکانی (ئەو) بە واتا وا لە ژێر داواکاری حەزو ئارەزووەکانیدا و لە لایەکی تریشەوە ترسی لە (ئەوان)، بە واتا ئەو هێزانەی حیسابیان بۆ دەکات هەیە، کاتێك حەزەکانی سنووری ڕێپێدراو ببەزێنن و بە شێوەیەکی ناڕەوا هەوڵی گەیشتنپێیان بدات، ئیتر دەتلێت بە خاشاکی بە مرۆڤبوونییەوە و بەرامبەر (ئەوان) دەچێتە ژێر پرسیاری ئاکارییەوە.

سۆفیگەری راستەقینە مرۆڤ وا پەروەردە دەکات هەمیشە نەوەك حەزەکانی لە سنووری رەوای خۆیان تێنەپەڕن، بەڵکو زۆر جاریش حەزە رەواکانیشی خەفەدەکات و هەموو ژیانی بۆ خۆشەویستی پەروەردگارو بەدەستهێنانی رەزامەندی ئەو تەرخاندەکات. ئا لێرەوە ئیتر لە هەموو خاشاکێکی بە مرۆڤبوون پاکدەبێتەوە.

هەر لەم بوارەدا زۆرێك لە عاریفانی دیار و گەورە پیاوانی رێگەی سۆفیگەری، داوای هەڵگرتن و لادانی منیەتی مرۆڤیان کردووە، هەتاکو بتوانێت لە هەموو خاشاکێکی بە مرۆڤبوونی پاکببێتەوە، چونکە پێیانوایە هەتاکو (منیەتی) مرۆڤ بمێنێت، جیلوەی هەقیقەتی خودا دەرناکەوێت، چونکە (منیەتی) پەردەیەکە لە بەردەمیدا، گەورە

---

[٣٢] - (د. علی عبدالمعطی محمد)- فلسفة الفن- ص (٨٢)- دار النهظة العربیة للطباعة و النشر- بیروت.

عاریف و شاعیری ناودار (شێخ مەحموودی شەبستەری) خاوەنی کتێبی (گلشن راز) کە سەراپای شیعری عیرفانی زۆر بەرزن، فەرموویەتی:

تا تو پیدایی خدا باشد نهان
تو نهان شو تاکه حق گردد عیان
چون بر افتد از جمال او نقاب
از پس هر ذره تا بد افتاب[3]

واتاکەی بەمشێوەیە:

(تا تۆ دیاربیت خودا پەنهانە، تۆ خۆت پەنهان بکە تا خودا دەربکەوێت، چونکە پەردە لەسەر جوانی ئەو لابدرێت، لە پشتی هەر گەردیلەیەکەوە خۆر دەدرەوشێتەوە)[4].

دێمەوە سەر باسکردنی دوا دێڕی شیعرەکەی (مەولەوی) کە فەرموویەتی:

جسما لدینا روحا لدیە
دائیرەی تەمام (منە الیە)[5]

لەم دێڕەدا فەرموویەتی تۆ تەنیا بە لەش لای ئێمەی دەتبینین و هەڵسوکەوتت لە گەڵدا دەکەین، بەڵام رۆحت لای پەروەردگارە و بە دڵ لە گەڵ ئەودای، بازنەی مانەوییت لە خۆتەوە بۆ خۆتە.

ئەگەر بە وردی لەم (٦) دێڕەی شیعری (مەولەوی) رامێنین و بە سەر یەکەوە مانایان بدەینەوە، ئەوە بۆماندەردەکەوێت ناوبراو بێ هیچ دڵەراوکێ و پێچ و پەنایەك ،

---

[3] - (ساسان رحمانی)- تصوف وتجلی اندیشەی حلاج در ادب فارسی- دانشگاهە ازاد اسلامی- سنندج- ١٣٧٨.

[4] - (سەبور عەبدولکەریم – شکار)- رەنگدانەوەی کەسێتی و دنیابینی حەللاج لە شیعری کلاسیکی کوردی و فارسیدا- لاپەڕە (٢١٩)- سلێمانی (٢٠٠٩)

[5] - دیوانی مەولەوی- کۆکردنەوە، لێکۆڵینەوە، لێکدانەوە و لەسەر نووسینی (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- لاپەڕە (٢٤٦- ٢٤٨)- انتشارات کردستان- سنە.

پێماندەڵێت: (شێخ عوسمانی سیراجەددین) ئەو زاتەیە لە بەهرەی سەرمەدی و ئەبراوەدا تەواو دەوڵەمەندە و جیلوەی ڕاستی پێغەمبەری تیادا دەرکەوتووە، لە سۆفیگەریدا گەیشتووەتە (بەقای دوای فەنا) و لەوێ مەنزڵیگرتووە، دارای هەموو خەسڵەتە کردەیی و خودییەکانە و بە نووری خودایی شەرمەفمەندبووە، هەروەها جێگرەوەو نوێنەری ئەو زاتەیە کە خودای گەورە لە شەوی (میعراج)دا فەرمانیپێداوە لێی نزیکببێتەوە، لە هەموو خەوش و خاڵێکی مرۆڤبوون بە دوورە و لە شوێنی بەرزی فریشتەکاندا جێگەی هەیە، بە شێوەیەك تەنیا لاشەی لای موریدەکانی و ڕۆحی لای خودای مەزنە.

نموونەی سێیەم:

١- وەخیلافەوەن یاران سەرمەس

تقضای ذاتیی طبعم هەرچی هەس

٢- جەزبەی ناهینم دەماخ دان پەرداخ

میقناتیس تۆی جام گەردەن وە یاتاخ

٣- گەرمیم تافی ساف شی وە ئەندەردا

پەستەن وە رووی تاش نیمە گەمەردا[1]

٤- نازیز یەقین عەکس وەش نامەکەی تۆن

سایەکەی سیفەت گەلامەکەی تۆن

٥- نازوون وەی مظهر های های یە چێشەن

نەشئەی ئەو سیفەت زاتی تۆ پێشەن

٦- جە نامای جواو جە بێ وەفاییم

هەرچیت فەرماوان راسەن بینایی‌م[2]

---

[1] - لە دیوانی (مەولەوی)یەکەی مامۆستا (مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس)-دا ئەم دێڕە بەمشێوە نووسراوە:

گەرمیم تافی ساف وە سەر ئەندەردا بەستەن وەرووی تاش نیمە گەمەردا

ئەم پارچە شیعرە وەڵامی نامەیەکی (مەولەوی)یە بۆ (شێخی سیراجەددین)، لە دوو توێی (٣٢) دێڕ لە ناو دیوانەکەیدا بڵاوکراوەتەوە، من تەنیا قسە لەم (٦) دێڕەیان دەکەم کە پێموایە مەبەستی بابەتەکەم بن، بەر لەوەی مانایان بدەمەوە دەڵێم؛ شیعرەکە یەکێکە لە شیعرە بەرزەکانی (مەولەوی) کە هەم رەهەندێکی فەلسەفییانەی هەیە و هەمیش لە چەند دێڕێکیدا قسەی لە باڵاکردنی رۆحی پیرەکەی کردووە.

بەر لەوەی بچمە سەر مانادانەوە و قسەکردن لەم دێڕانەی سەرەوە، دەگەڕێمەوە سەر ئەوەی لەسەرەتای ئەم بابەتدا وتم؛ هێزی رۆحی لە دونیای فیکرو فەلسەفەدا قسەی زۆری لێوەکراوە، ئەم هێزە (ئەفلاتوون) کە کەسێکی وسەنی بووە و هەوڵێکی لە خوداپەرستن نەبووە، زۆر بە وردی لە (تیۆری ئایدیا- نظریة المثل)گەیدا باسیکردووە، وەك دیارە ریشاڵەکانی ئەم تیۆرە بۆ لای (هۆمیرۆس و هیراقلیطس) دەگەڕێنەوە، لەمبارەوە (هیراقلیطس ) وتوویەتی؛ من وەك ئەو فاڵچییانەم لە قسەکانیاندا باس لە بەهرە و بلیمەتی دەکەن[٣٤]. دەگەڕێمەوە بۆ لای (ئەفلاتوون) کە لە تیۆرەکەیدا، سێ جیهانی بۆ تێگەیشتنی مرۆڤەکان دیاریکردووە، وەك لە خوارەوە هاتووە؛

ا- جیهانی ئایدیا؛ ناوبراو پێیوایە ئەم جیهانە بارەگای نموونەی بەرزی هەموو شتەکانە.

ب- جیهانی هەستپێکراو- ئەمەش شانۆی هەموو شتێکی مادییە، مرۆڤ لە رێی یەکێك، یان زیاتر لە هەستەکانییەوە هەستیپێدەکات و لێی تێدەگات.

---

[٣٣] - دیوانی مەولەوی- کۆکردنەوە، لێکۆڵینەوە، لێکدانەوە و لەسەر نووسینی (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- لاپەڕە (٥٠٢- ٥٠٤)- انتشارات کردستان- سنە.

[٣٤] - (جان ماری جویو)- مسائل فلسفه الفن المعاصرة- ترجمه سامی الدروبی- ص (١٢٨)- دار لیقظة العربیة- بیروت.

ج- جیهانی سێبەر، ئەم جیهانە هەستیارەکان بە هۆی کارە جوانەکانییانەوە دروستیدەکەن[١٩].

لە سەر رۆشنایی جیهانی (ئایدیا)، هەموو کارو داهێنان و ئەفراندنێکی مرۆڤ دەبەسترێنەوە بە ئاسمان و هێزە باڵادەستەکانەوە، بەوەی لە لایەن ئەو هێزانەوە رادەکێشرێن هەر وەك چۆن موگناتیس ئاسن بۆ لای خۆی رادەکێشێت، (ئەفلاتوون) وتوویەتی: ئەوە ئاسنەکە نییە لە موگناتیسەکە نزیکدەبێتەوە، بەڵکو خودی موگناتیسەکەیە لە هێزی خۆی بە ئاسنەکە دەبەخشێت و لە خۆی نزیکدەکاتەوە. دیارە ئەم ئاراستەیە لە بیری ئیسلامیدا بە ناوی (الجبریة) هاتووە، کە شوێنکەوتوانی مرۆڤ لە هەموو تواناکانی خۆی بەتاڵدەکەنەوە و پێیانوایە بوونەوەرێکی ئاراستەکراوە.

ئەم راکێشانە لە بواری سۆفیگەریشدا ئاکارێکی زۆر گەورەی هەیە و هەر لەم رێگەوەیە کە رۆحی سۆفی لە لایەن پیرەکەیەوە رادەکێشرێت و قۆناغەکانی سۆفیگەری دەبرێت.

دیارە ئەم شیعرانەی (مەولەوی) وەڵامی نامەیەکی ئەون بۆ (شێخی سیراجەددین)، پاش خوێندنەوەی نامەکەی (شێخ) لە رێی ئەو پەیوەندییە رۆحییەی لە نێوانیاندا بووە، شاعیر تووشی جەزبەیەکی وەها بووە وەك لەم دێرانەدا دەرکەوتووە، هەموو شتەکان لە لای پێچەوانە بوونەتەوە.

لە دێری (یەکەم)دا زۆر بە ئاشکرا باسی ئەو پێچەوانەبوونەوەی کردووە کە فەرموویەتی: (وەخیلافەوەن یاران سەرمەس).

ئەوەی بەلامەوە گرنگە قسەی لێوەبکەم بەر لە مەبەستی سەرەکی بابەتەکە، ئەمەیە (مەولەوی) تەواو لە دیدی (ئەفلاتوون) لە تیۆری ئایدیاکەیدا ئاگادار بووە، ئەوەی (ئەفلاتوون) باسی لێوەکردووە لای ئەم بە تەواوی پێچەوانە بووتەوە.

---

[١٩] - (د. کامل حسن عزیز البصیر)- رەخنەسازی- لاپەرە (١٦)-چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق- ١٩٨٣ز.

لە دێڕی (دووەم)ی ئەم نموونە شیعرییەدا پێچەوانەوە بوونەکە زۆر بە زەقی دەرکەوتووە بەوەی (مەولەوی) وتوویەتی:

جەزبەی ئاهینم دەماخ دان پەرداخ

میقناتیس تۆی جام کەردەن وە یاتاخ

بەو واتایەی ئەو جەزبە ئاسنینەی لە منداپە بە جۆرێکە جەزبەی موگناتیسی کردووە بە پەرۆ.

لە دێڕی (سێیەم)دا باسی لەوە کردووە ئەگەرچی گەرمایەکی زۆر بەتین لە ناخیدایە بەشێوەیەك دەبوایە بیسووتێنێت، بەڵام لە ناوقەدیەوە هەست بە سەهۆڵبەندانێکی لەو جەشنە دەکات، کە ئاشەبەردێك لە کاتی سەرماو سۆڵەی توندا لای خوارەوەی شەختەدەکات و سەهۆڵی پێدا شۆڕدەبێتەوە.

لە دێڕی (چوارەم و پێنجەم)دا هاتووە ئەی ئازیز (مەبەست لە سیراجەددینە) ئەوە بە دڵنیاییەوە بە بۆنەی هاتنی نامەکەی تۆ و لە سایەی قسەکانی تۆوەیە کە بۆمت نووسیون، من بەم دەرگەوتەیەی ئێستای خۆم شانازیدەکەم، چونکە رۆحم لە خەسڵەتە گەورەکانت بەهرەمەند بووە، ئەم دۆخەی مەلەوی تێکەوتووە و سەرجەم بارە رۆحی و دەروونییەکەی لە ناو رێورەچەی نەقشبەندی و لە سۆفیگەریدا بە گشتی بە (توانەوە لە شێخ)دا ناویدەهێنرێت.

لە دێڕی (شەشەم)یشدا وتوویەتی هەرچی تۆ فەرمووتە سەبارەت بە نەناردنی نامەو لە بێوەفاییم هەمووی راست و دروستە. دیارە ئەمە گەورەیی پەیوەندی رۆحی (مەولەوی)ی و بالاکردنی رۆحی (شێخ عوسمانی سیراجەددین)ە، کە بە نامەیەك شاعیریان خستووەتە ئەم دۆخەوە لەم دێڕانەی سەرەوەدا باسمانکرد.

نموونەی چوارەم:

١- ئارەزووی ئازیز وەنەم سەرداوە

نە هەردەی دەروون ئایر وەرداوە

٢- تاقەت بی وە هوون جە سەختی زامان

تك تك چەنی هەرس رێزا وە دامان

٣- خەم جە سەرجۆی هوون سارای دڵ جەم جەم

بار چنی چون فەوج قافڵەکەی عەجەم

٤- هەر وە زۆر مەندەن نیم نەفەس باقی

وادەی دەورەتەن، هانا هەی ساقی

٥-دەورێ دەر وە ناز وە پیاڵەوە

ژەنگی دڵ وە جام مەی بماڵەوە

٦- بۆی گوڵاڵەی دەرد دڵبەر عەزیزەن

مەزەی تام خەم یاران لەزیزەن

٧- فەریادڕەسیم کەر نەجای گشت کەسم

مازە نەو لەزەت پەرشۆ نە دەسم

٨- نیحیام کەر وەجام ساقی یەک مەنی

بەڵکو بمانوون، پەی غەمێ هەنی[٢٠]

بەر لەوەی بچمە سەر ماناداناوەی شیعرەکان، قسە لەوە دەکەم؛ ئەم پارچە شیعرە یەکێکە لەو شیعرانەی کە وەك پێویست نەخوێندراونەتەوە و بە وردی لێکۆڵینەوەیان لێوە نەکراوە، من هەرگیز مەبەستم توانجدان لە هیچ کەس و کەم نرخاندنی بەرهەم و کاری ئەو بەڕێزانە نییە کە هەریەکە و لە گۆشەنیگای خۆیانەوە خوێندنەوەی جیا جیایان بۆ شیعرەکانی (مەولەوی) کردووە، بەڵام پێشتر وتوومە و ئێستاش دەیڵێم دەریای شیعری مەولەوی زۆر قووڵ و فراوانە، مەلەکردن لەو دەریایەدا کەرەستەی خۆی پێویستە لە: (زانینی زمانی شیعرەکان، تێگەیشتن و مەعریفەیەکی هەمە لایەنە سەبارەت بە شیعرەکانی، وردبوونەوە و تێڕامان لێیان)، هەروەها شارەزایی باش لە دونیای سۆفیگەری و عیرفان و تا رادەیەك فەلسەفەش.

لەو نووسینانەی سەبارەت ئەم دێڕانە نووسراون و بە تایبەت ئەوانەیان بەرچاوی من کەوتوون، ئەم شیعرە زیاتر بەستراوەتەوە بە (عەنبەر خاتوون) و خۆشەویستی شاعیر بۆ ئەو، بەڵام لە راستیدا ئەم شیعرە یەکێکە لە شیعرە سۆفیگەرییەکانی

---

[٢٠] - (مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- لاپەڕە (٧٢)- انتشارات کردستان.

مەولەوی، ئەگەرچی هەندێکجار (مەولەوی تاوەگۆزی) تێکەڵەیەکی شیعری لە (ئەوینی مەجازی و ئەوینی خودایی)دا کردبێت، بەڵام ئەم دێڕانەی زیاتر بە لای ئەوینە خوداییەکەدا باردەخەن و ناوێتەی دونیای سۆفیگەرین، خۆ ئەو زاتە تەواو لەوە ئاگاداربووە چەندە ئاشقی عەنبەر و چەندە ئاشق و سەوداسەری پیرەکەیەتی، ئەو تێکەڵاوییەش لە هەندێك شیعردا کە لە نێوان چەمکە مەجازی و عیرفانییەکاندا کردوویەتی، هەرگیز نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی خۆشەویستی (عەنبەر خاتوون) بخاتە تای تەرازووی خۆشەویستییەکەی بۆ پیرەکانی وەك: (شێخ عوسمانی سیراجەددین و شێخ محەممەد بەهائەددین).

پاش ئەم دێرانە دێمە سەر مانادانەوەی شیعرەکان.

لە دێڕی (یەکەم)دا شاعیر باسی لەوە کردووە ئارەزووی خۆشەویستەکەی سەری لێداوەتەوە، دیارە ئەم ئارەزووە چەندینجارە بووە نەوەك یەکجار، چوون (مەولەوی) باسی لە سەردانەوە کردووە، نەوەك سەردان، ئەگەر بیوتایە سەردان ئەوە ئاسایی بوو بوترێت ئارەزوویەکی سلبی و کاتی بووە و لەگەڵ تێپەڕبوونی ئەو دۆخە دەروونییەی مەولەوی تێکەوتووە ئارەزووەکەش ئاوابووە، بەڵام ئەم سەردانەوەی ئارەزووە، بە نیوەدێڕی دووەمەوە ڕاڤەکەی ڕاست و دروستدەبێت کە باس لە بەردانەوەی ئاگر لە کێوی دەروونی کردووە، کەواتە لە گەڵ هەموو دووبارەبوونەوەیەکی ئارەزووەکە دووبارە گڵپەی ئاگر لە کێوی دەروونی شاعیردا بە جۆرێکە خەریکە دەیکاتە سووتماك، ئەمەش دەمانبات بۆ حاڵەتی یادەوەرییەکان لای مەولەوی، ئەوەك بیرەوەرییە سادەو ساکارەکانی ڕۆژانی پێکەوەژیانیان لە تەك پیرەکەیدا، ئاشکرایە یادەوەرییەکان کاتێك دێنە ناوبیر و هزری مرۆڤ دەبن بە بەشێك لە کەسێتی ئەو مرۆڤە و لە گەڵیدا دەژین، دەی ئەوە (شێخ عوسمان سیراجەددین)ە توانیویەتی ئەو شوێنە لە ناو یادەوەرەکانی شاعیردابگرێت، بە شێوەیەك کە بەردەوام لەگەڵیدا بژی.

لەم بوارەدا (مەحوی) بۆ خۆشەویستی پیرەکەی وتوویەتی:

ساقی، ئەی مایەی طرەب لەب، پەرچەمت رەیحانی رۆح

نیم خەندێ کە لە خونچە، دەرخە سەرچاوەی صەبوح [21]

لە دێڕی (دووەم)دا باسی لەوەکردووە سەختی دەردی دووری زامێکی وەهای لێکردووە، تەنانەت تاقەت و تواناکانی بوون بە خوێن و دڵۆپ دڵۆپ تێکەڵ بە ئەسرینەکانی دەرژێنە داوێنیەوە.

لە دێڕی (سێیەم)دا باسی لە گلێربوونەوەی خەم و ناسۆرییەکانی کردووە کە لە بنەوانەی جۆگەی خوێنیەوە سەرچاوەیانگرتووە و پانتایی دڵیان بە تەواوەتی تەنیوە، ئەوەشی بە بە بارخستنی قەوجێك لە کاروانی (عەجەم)ی چواندووە کە چۆن لە کاتی ململانێکاندا هەمیشە لە کەناراوەکاندا باریانخستووە.

لە هەندێك راڤەکردندا بۆ ئەم دێڕە (سارای دڵ) بە دەشتی دڵ، یان بە تەختایی دڵ هاتووە، کە ئەمە لێکدانەوانە زۆر لە جێی خۆیاندا نین و مەبەستی شاعیر لە (سارای دڵ) هەموو پانتایی دڵیەتی.

بۆ ئەوەی راستی بۆچوونەکەشمان زیاتر بسەلمێنین، ئەم شیعرە ناوەرۆکێکی سۆفیگەرییانەی هەیە و وا لە ناو ئەوینی خودایدا، ئەوەك ئەوینی مەجازی و خۆشەویستی (عەنبەر خاتوون)، ئەوەتا دێڕەکانی چوارەم و پێنجەم و حەوتەم و هەشتەم بەڵگەی حاشاهەڵنەگرن.

لە دێڕی (چوارەم)دا باسی لەوەکردووە ئەگەر مەیگێڕ با ئەدات بە لایەوە و فریای نەکەوێت، ئەوە خۆ هەر بە زۆرەملێ توانای نیوە نەفەسێکی هەیە، ئەم دۆخە دۆخێکی سۆفییانەیە کە وا بەو شێوە بوون و دەروونیی شاعیری تەنیوەتەوە، کە پێیوایە ئەگەر پیرەکەی فریای نەکەوێت و زیاتر خۆراکی رۆحی نەداتێ، ئەوە تەواو پەرێشان و پەککەوتووە.

لە دێڕی (پێنجەم)دا شاعیر وتوویەتی: پیاڵەیەکم لەو مەیە بدەرێ هەتاکو ئەو ژەنگەی دڵمی گرتووە بە تەواوی دابماڵرێت و زاخاوبدرێتەوە، دیارە ئەم مەیە

---

[21] - (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەممەدی مەلا کەریم)، دیوانی مەحوی، لاپەڕە (١٠١)، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد.

رۆحییە و (ساقی)یش پیرەکەیەتی. ئەم شیعرە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ خاشاکی بە مرۆڤبوون کە پێشتر ئاماژەمانپێدا، لێرەدا شاعیر داوای مەیدەکات لە پیرەکەی بۆ پاکبوونەوە و سواڤدانەوەی دڵ و دەروونی.

لە دێڕی (حەوتەم)دا دەپارێتەوە بۆ ئەوەی پیرەکەی فریادڕەسیبێت، هەتاکو ئەو چێژە رۆحییە لە دەستی دەرنەچێت. دەی خۆ هەموومان دەزانین هەمیشە فریادرەس دەبێت لایەنی بالأبێت لە بەرامبەر ئەوەی کە داوای هێزو توانا و بەخشندەیی لێدەکات، باشە کوا لە خۆشەویستی مەجازیدا ئەم شتگەلە هەن. ئەمانە تەنیا لە خۆشەویستی خودایی و دونیای پان و بەرینەکەیدا وایە و کەرەستەکانیشی هەر ئەوانەن لەو دونیایەدا هەن.

لە دێڕی (هەشتەم)دا شاعیر لە رووی رۆحییەوە تەواو وێرانە و پێیوایە لە لێواری مەرگدایە، هەر بۆیە داوای جامێکی مەی یەك مەنی کردووە، هەتاکو لەو گیانەلأیە دەربازبێت و زیندووببێتەوە.

لە بارەی ئەم مەیە رۆحییەوە کە بەرای شەیدانانی رێگەی خۆشەویستی خوداییەوە چەندە گرنگە، عاریفی گەورە، (شێخ مەحموود شەبستەری) فەرموویەتی:

شـــراب و شمع، سكر و نور عرفان

ببین شاهد كه از كس نیست پنهان[٢٢]

لەوانەیە لێرەدا خوێنەرێك بڵێت کە بۆچی مانای دێڕی (شەشەم)م لە شوێنی خۆیدا نەداوەتەوە، پێدەچێت بیری بۆ ئەوە بچێت لە گەڵ راڤەکردنەکەی مندا بۆ شیعرەکە نەیەتەوە، بۆ وەڵامدانەوەی دەربڕینێکی لەم جۆرە، دەڵێم: دێڕەکانی (چوارەم و پێنجەم و حەوتەم و هەشتەم) لە بیرو تەنینی دەقەکەدا وەك زنجیربەندییەك وان و هەر بۆیە بەسەریەکەوە مانامدانەوە.

سەبارەت بە دێڕی (شەشەم)یش هەر ناوەرۆکێکی سۆفیگەرییانەی هەیە، باسی لەوە کردووە کە گوڵی دەردی دوڵبەر بۆنی زۆر خۆشە و هێندەی خەمی یاران

---

[٢٢] - (شێخ محمود شبستری)- گلشن راز- (مثنوی)- بكوشش (د. پرویز عباسی داكانی)- لاپـەڕە (٨٤)- چاپخانە پیام.

چێژدەبەخشێت، هیچ گومانێکی تێدا نییە مەبەستی (مەولەوی) لە وشەی (یاران) کە وشەیەکی کۆیە، موریدو شوێنکەوتوانی ڕێوڕەچەکەیەتی، ئەگەر مەبەستی لە (عەنبەر) بوایە ئەوە وەك تاك ناویدەبرد. بۆ ئەوەی هیچ گومانێکیش نەمێنێت لەو شیعرانەدا کە باسی خۆشەویستی (عەنبەر خاتوون)، یان شیوەنی بۆی کردووە، زیاتر بەرووی تاکدا قسەیکردووە، نەوەك کۆ.

نموونەی پێنجەم:

١- رەفیقی مەحرەم عیجزو سروورم
حەکیمەکەی نێش زامی ناسۆرم
٢- ئاویارەکەی سەوزەی ئارەزووم
دانا بە گردین رازی کۆنە و نۆم
٣- دەماخ وە ئەشئەی سەربەرزان کەیل
مورشیدی میراو سەرجۆی بادەی لەیل
٤- ئەنیسی مەجلیس عەیش و نشاتم
دەسگیری راگەی هات و نەهاتم
٥- جلەوکێشی زەوق ئاهووی رەوێڵم
بەزم ئارای مەجلیس کەمەن وە پێڵم
٦- وە مەرگت پەند خەم جە لام بیەن جەم
لاوی هوون گرتەن پای شەرم مەحکەم
٧- زنجیری مەینەت پای گوریز بەستەن
مارەکەی دووریت ریشەی دڵ گەستەن
٨- سامان سام کەردەن دەردەکەی فیراق
بۆی تاڵی دووریم مەیۆ نە مەزاق
٩- جەوساوە ئازیز لێم نادیارەن
سەیری کائینات نە دیدەم خارەن

١٠- ئیلتیجام بە تۆن جای هانامەنی

نە بەیدای هیجران رەهنومامەنی[٣]

ئەم دێڕانەم لە پارچە شیعرێکی (مەولەوی) وەرگرتوون کە تا رادەیەك درێژە و لە دوو توێی (١٨) دێڕدایە، بە پێی تێگەیشتنی من تەنها ئەوانەیانم نووسیوەتەوە مەبەستی ئەم بابەتەن و گرنگی پەیوەندی رۆحی (مەولەوی) بە پیرەکەیەوە، هەروەها گەورەیی پایەی رۆحی (شێخی سیراجەددین) دەردەخەن و بە وردی دماییشیدەکەن.

لە دێڕی (یەکەم)دا شاعیر پیرەکەی بە هاوڕێی هەموو کاتەکانی خۆشی و ناخۆشی لە قەڵەمداوە و بە تیمارکاری هەموو زامە سەخت و ناسۆرەکانی ناوبیردووە، ئەم هاوپەیتییە مەولەوی باسیکردووە هەرگیز هاوڕێیەتی نێوان دوو کەس نییە خۆشەویستی و رێزیان بۆ یەکتری هەبێت و بەس، بەڵکو مەبەست لەو هاوپەیتییە پتەومیە کە لە هەموو ساتەکانی ژیانیدا بە خۆش و ناخۆشیانەوە، رۆحی مەولەویان وابەستەی پیرەکەی کردووە و لێی غافڵنابێت، چونکە چارەسەری هەموو ئێش و ئازاری دەروونی لە لای پیرەکەی دەبینێتەوە.

لە دێڕی (دووەم)دا مەبەستی شاعیر لە ئاودانی سەوزەی ئارەزووەکانی شتێکی مانەوییە و پەیوەندی بە لایەنی مادی (سەوزە و ئاو)، هەروەها ئارەزووە جەستەییەکانی مرۆڤەوە نییە، تەنها مەبەست لە پەروەردەکردنی رۆحی و ئارەزووە رۆحییەکانی شاعیر بە پیرەکەیەوە هەیە، چونکە پێیوایە ئەو زاتە ئاوی هەموو ئارەزووەکانی لە بواری رۆحیدا دەدات، هەروەها باسی لەوە کردووە (شێخی سیراجەددین) لە هەموو رازەکانی بە گۆن و نوییانەوە شارەزایە، مەبەست لە رازەکانیش ئەو رازانەن لای (مەولەوی) هەن و لە کاتی پەیوەندیبەستنی رۆحی (الرابطة) بە پیرەکەیەوە لە هەموویان ئاگادارە.

---

[٣] - (مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- لاپەڕە (٣٠٠، ٢٠١، ٢٠٢)- انتشارات کردستان.

له دێڕی (سێیەم)دا باسی له گەورەیی پایەی پیرەکەی کردووە و وتوویەتی دەماخت بە ئەشئەی بەرزی بە خودا گەیشتن چاخبووە و ڕێنماییکاری سەر جۆگەی مەی خۆشەویستی خوداییت. ئەمە گەواهیدانی شاعیرە بۆ پیرەکەی (شێخی سیراجەددین) کە بە (بە ڤای دوای فەنا) گەیشتووە و لە هێزو تواناکانی پەروەردگار لە بواری سۆفیگەریدا بەهرەمەند بووە و توانای هەیە موریدەکانی لەم بوارەدا پەروەردەبکات.

لە دێڕی (چوارەم)دا وتویەتی: ئەی هاودەمی مەجلیسی خۆشی و چالاکی ژیانم و دەستگیری ڕێگەی هات و نەهاتم، لە هەندێك ڕاڤەدا (عەیش و نیشات) تەنها بە چالاکی لە قەڵەمدراون، بەڵام لە ناو کۆمەڵی کوردەواریدا (عەیش و نیشات) بەو چالاکییانە وتراوە و دەوترێت لە ژیانی مرۆڤدا خۆشی و ئەشئە بەخشن، چونکە لە نیوە دێڕی دووەمدا ئەمە بە تەواوی دەسەلێت شاعیر وتوویەتی: لە هەموو کاتە خۆش و ناخۆشەکاندا هەر تۆ دەستگیرمی و بە هانامەوە دێیت.

لە دێڕی (پێنجەم)دا وتوویەتی: ئەی ئەو زاتەی هەمیشە جڵەوی ئاسکە (ڕەوێڵ)ەکان دەکەیت، مەبەست لەو ئاسکانەیە لە گەڵ ئاسکەکان جیادەبنەوە، دیارە ئەم جۆرە ئاسکانە هەمیشە زیاتر ڕووبەڕووی ترسی ڕاوکردنیان دەبنەوە، چونکە لە (گەلە-ران)کەیان لایانداوە، (مەولەوی) لێرەدا زۆر بە وردی ئەو بابەتەی هێناوەتە بەرباس، گوایا حەزرەتی (شێخ عوسمان سیراجەددین) بەردەوام چاودێری وردی سۆفی و موریدەکانی دەکات، ئەوانەیان کە (حەز و هەواو هەوەس= نەست) وایان لێدەکات جۆرە لادانێك لە ڕەوشتییان دەرکەوێت، بە توانایی خۆی (تەوەجوه)یان لێدەکات و دەیانهێنێتەوە ناو کۆڕی گەرمی سۆفیگەری و بواریان نادات بە لاڕێدا بڕۆن.

لە نیوە دێڕی (دووەم)ی دێڕەکەشدا باسی (کەمەن وە پێڵ)ی کردووە، سەبارەت وشەی (کەمەن) و (کەمەن وە پێڵ) ڕاڤەی جیاجیا لە لایەن ئەو نووسەرانەی سەبارەت بە (مەولەوی) نووسیویانە کراون، من بە ڕاڤەی ئەو بەڕێزانەدا ناچمەوە و مەبەستم بەراوردکردن و هەڵسەنگاندنی ڕاڤەکانیان نییە، بەڵام قسەی خۆم لەم بوارەدا هەیە، (کەمەن) وەك مانا ڕواڵەتییەکەی و لە ڕووە مادییەکەیەوە ئەوەیە تا ئێستاش لە هەندێك شوێندا بۆ ڕاوی باڵندە و ئاژەڵی کێوی بەکاردێت و چەند

جۆرێکی هەن و بە چەندین شێواز دادەنرێت. هەر لەم بوارەدا من لە تەمەنی خۆمدا چەندین جار لە ناو خانەقاکانی هەوراماندا سۆفی و تەنانەت دەرویشی (کەمەن بە شانم) بینیون کە وەك هێمایەك بۆ تەوبەکردنیان دەیانکردە شان و جوانیش دروستەکراو دەرازێنرایەوە، سەبارەت بە وشەی (پێڵ)یش ئەوە بە لامەوە مانای (شان) دەگەیەنێت، چونکە (کەمەن)لای سۆفییەکان وەك فیشەکلۆغێکی ستارخانی دەگرایە شان. چەندین دێرە شیعریشمان لە ناو گۆرانییە شێخانەکاندا هەن کە باس لە کەمەن و کەمەنکێشی دەکەن، هەر بۆ نموونە:

کـــەمەنت وستەن (هۆیە و بێساران)[24]

مورید جەم کەردەن چوون گەلاَی داران

تا ئێرە باسمان لە مانا رواڵەتییەکەی کەمەن و رووە مادییەکەی کرد. بەلاَم (کەمەن و کەمەنکێشی) لە ناو سۆفیگەریدا هەر ئەم چەمکە رواڵەتی و مادییە نییە، بەڵکو مانایەکی گەورەی مانەوی هەیە، (پیر) لە رێی هێزی رۆحییەوە مورید کەمەنکێشدەکات و دەیخاتە داوی خۆشەویستی خۆیەوە، بەوەش مورید لە ناو جوغزی خۆشەویسی پیرەکەیدا وەك کەسێکی بەند و زنجیرکراوی لێدێت، ئیتر ئەوەك هەر ناتوانێت هێڵەکانی سنووری ئەو ئەو جوغزە ببەزێنێت، بەڵکو بە بەندبوون لە ناویدا جێژوەردەگرێت و تیایدا دەمێنێتەوە، هەتاکو پیرەکەی بواردەدات بەوەی کە ئیتر دەتوانێت لەو جوغزە دەرچێت، چونکە ئەو قۆناغەی تێپەڕاندووە و ئەرکەکانی جێبەجێکردوون. پێمانوایە مەبەستی (مەولەوی)یش لێرەدا بوارە مانەوی و رۆحیەکەی کەمەن و کەمەنکێشییە ئەوەك بوارە مادییەکەی.

زۆر جێی خۆیەتی لێرەدا قسەیەك لە بارەی ئەم خۆشەویستییە لە نێوان (مەولانا و شەمسی تەبریزی) بکەین، رۆژێك (مەولانا) لە مەدرەسەی لۆکە فرۆشانەوە لە شاری (قوونیە) بە سواری ئێسترێك جووتەدەرەوە، ژمارەیەك مورید و خوێندکار بە دوایەوە بوون، لە پڕ رووبەرووی (شەمسی تەبریزی) بووەتەوە، لەم بارەوە فەرموویەتی:

---

[24] - (هۆیە و بێساران) دوو گوندی هەورامانن لە خۆرهەلاَتی کوردستان.

منـــم ان ناگهان ترا دیده

گشتـــه سرتاپا همه دیده

جان من همچو مرغ دیوانه

در غـمت از گزاف پریده[25]

(مەولانا) لێرەدا وتوویەتی: ئەوە من بووم لە ناکاو سەرتاپاتم بینی، ڕۆحم وەك باڵندەیەکی دێوانە و سەرلێشێواو، لە خەمی تۆدا باڵیگرتەوە و فڕی.

دێمەوە سەر قسەکردن سەبارەت نموونە شیعرییەکە و دەڵێم: ئەگەرچی (مەولەوی تاوەگۆزی) چەندین دێڕە شیعری تر لە ناو دیوانەکەدا هەن گەواهیدەرن بۆ پەیوەندی ڕۆحی خۆی لە گەڵ حەزرەتی (شێخ عوسمانی سیراجەددین) و باڵاکردنی ڕۆحی ئەو زاتە، بەوەی لە بواری سۆفیگەری و عیرفاندا زاتێکی تەواو پێگەیشتوو، ڕێنماییکاری (تەواو و تەواکار- الكامل والمكمل)بووە بە واتا خۆی پێگەیشتووە و توانای پێگەیاندنی موریدی هەبووە، بەڵام پێموایە ئەم نموونانەی کە هێنامنەوە و سەبارەتیان دوام تا رادەیەکی باش بۆ تێگەیشتن لە بابەتەکە گرنگی خۆیان هەیە.

لە دێڕی (شەشەم)دا شاعیر سوێندی بە مەرگی (شێخی سیراجەددین) خواردووە، ئەم جۆرە سوێند خواردنە لای ئێمەی کورد قورساییەکی زۆر دەخاتە سەر سوێندخۆرەکە، زۆرجار بەرامبەرەکەشی ڕووبەڕووی قایلبوون بە سوێندەکە دەکاتەوە، ئەمە لە ژیانی ئاسایی تاکەکانی کۆمەڵی کوردەواریدا وایە، دەی خۆ دیارە کاتێك موریدێك بەم جۆرە سوێندە پیرەکەی دەدوێنێت، ئەوە زۆر کاریگەرترە و بەرپرسیارییەتێکی گەورەی ڕۆحی و ئەخلاقیشی دەخاتەبەردەم.

لەم دێڕەدا (مەولەوی) باسی لەوە کردووە خەم و پەژارەیەکی زۆر بە لایەوە مۆڵیانداوە، ئەوەندە گریاندوویانە فرمێسکەکانی بوون بە خوێن و لافاو و لیتاوی خوێن هەردوو پێیانبەستووە و توانای جووڵەیان نەهێشتووە، دیارە چاو بەسەرومیە و لە سەرووی زۆربەی ئەندامەکانی جەستەدایە، چاو سەرچاوەی فرمێسکە و لەوێوە دەبارێنە خوارەوە، خۆ شتێکی ئاشکراشە کە لافاو هەمیشە سەرچاوە لەسەرەوە

[25] - (خوسرەوجاف)- مەولاناو رازی نەی- لاپەڕە (٢٥)- ٢٠١٤.

دەگرێت و بەرەوخوار ڕێچکەی خۆی دیاریدەکات، دیارە گریان بە فرمێسک یەکێکە لە دەرهاوێشتە ئاساییەکان بە لای مرۆڤ و هەندێک گیان لەبەرانی ترەوە. بەڵام گریان بە خوێن ئەوە دەبێت ئەوەی دەگرێت ئەخۆشییەکی کاریگەر لە چاوەکانیدا، یان بە شێوەیەکی گشتی لە لە شیدا هەبێت، هەر بۆ نموونە: (دەوترێت لە کاتی تووشبوون بە بەتای خوێنبەربوون تەنانەت لە چاویشەوە خوێن دێتە دەرەوە)، تا ئێرە باسمان لە مانا رواڵەتییەکەی ئەم دێڕە کرد، بەڵام مەبەستی (مەولەوی) لێرەدا بە هیچ شێوەیەک ئەم لایەنە نییە، فرمێسکی خوێنین و لافاو و لیتەی خوێناوی کارێکیان بە کاری مادەوە نییە و هەر هەموویان چەمك و ئاماژەی مانەوین و بۆ ئەو دۆخە رۆحی و دەروونییە دەگەڕێنەوە (مەولەوی) سۆفی و سەوداسەری ئەوینی (سیراجەددین)یان تەنیوەتەوە.

لە دێڕی (حەوتەم)دا کە تا رادەیەك تەواوکەری مانای دێڕی شەشەمە، شاعیر وتوویەتی: بە شێوەیەك زنجیری مەینەت هەردوو پێی بەستووم، توانای راکردن و خۆدەربازکردنم نەماوە و ماری دووریشت ریشەی دڵمی گەستووە، لێرەشدا ماناکە هەر رۆحییە و کارێکی بەسەر مارهێوەدان و مارانگازییەوە نییە، بەڵام لە دێڕەکەدا ئەوە دەردەکەوێت ئەوینی مەولەوی بۆ پیرەکەی لە دڵیدا تەواوکاریگەرە، بە جۆرێك پابەندیکردووە توانای هیچ جووڵەیەکی لە دەرەوەی ئەو ئەوینە و بە هیچ ئاکارێکی تردا نەبێت.

لە دێڕی (هەشتەم)دا شاعیر هاتووتە سەر ئەو باسەی کە دەردوو ئازاری دووری لە پیرەکەیەوە بە تەواوی تیشکی رووناکی لێبڕیوە و تەختی زەوی کردووە، وشەی (سامان سا) وشەیەکی زۆر جوانە و دەقاو دەق بەرامبەر ئەو سێبەرە چڕە دێت کە جێگەی بۆ گەردیلەیەك لە تیشکی خۆر نەهێشتبێتەوە.

یەکێك لە بنەما دیارەکانی شیعر لای ئەو شاعیرانەی خاوەنی (ئەندێشەی خوڵقێنەر) بوون و هەر لەوێشەوە توانای خوڵقاندنی وێنەی هونەرییان لە شیعرەکانیاندا هەبووە، ئەمەیە کە (مەولەوی) لەم دێڕەدا کردوویەتی، دیارە ئەرکی دووان لە هەستەکانی تێکداوەتە سەر یەك و ئەرکی تری داوەتێ، هەمووومان باش دەزانین

تاڵی بە زمان چێژدەکرێت و بۆنیش لە ڕێی لووتەوە بە مرۆڤ دەگات، بەڵام (مەولەوی) زۆر شارەزایانە لێرەدا گەمەی خۆی کردووە و ئەرکەکانیانی پێچەوانە کردووەتەوە، ئەوەتا بۆنی تاڵی دووری لە شێخەکەی لە ڕێی زمانەوە چێژکردووە، ئەمە خۆی لە خۆیدا وێنەی هونەرییە و تەنیا لەو شاعیرانە هاتووە ئەندازیار و پسپۆڕی کارامەی بواری تەلارسازی شیعر بوون، دیارە یەکێك لە بابەتەکانی ئەم کتێبە سەبارەت بە وێنەی هونەرییە لە شیعری مەولەویدا هەر بۆیە پێویستناکات بەو بابەتەدا بچمەوە، خوێنەری ئازیز دەتوانێت بۆ بابەتەکە بگەڕێتەوە کە بە درێژی باسم لێی کردووە و چەند نموونەیەکی شیعری ئەم شاعیرەم تیایدا خستوونەڕوو، هەروەها ڕاڤەم بۆیان کردووە.

دێمەوە سەر ئەوەی (مەولەوی) باسی لەو حاڵەتە کردووە، دووری لە پیرەکەیەوە ئەوەندە تاڵ و ناخۆشە تەنانەت لەو هەموو دووریەشەوە بە هەناسەدانیشی تامی ئەو تاڵییە دەکات.

لە دێڕی (نۆیەم)دا شاعیر باسی ئەوەی کردووە لەو کاتەوە ئەو یارەکەی بە واتا پیرەکەی لێوە دیار نییە، ئیتر دونیای بە جۆرێك لێ گۆڕدراوە سەیری هەرکەس و نیگای هەر شوێنێك دەکات، وەکو ئەوەیە درك لە چاویدا بچەقێن، ئەم دێڕە مانایەکی زۆر قوڵ و فراوانی سۆفیگەرییانەی هەیە، بەڵام پێمباشە سەرەتا لە ناو ئەوینی مەجازی و ئینجا لە نێو ئەوینی ڕاستەقینەدا قسەی لێوەبکەم.

دیارە بینینی خۆشەویست لە ناو ئەشقی مەجازی جوانترین و خۆشترینی ساتەکانی ژیانی ئەویندارانە، تەنانەت جاروبار ئەگەر بە لاچاوێك، یان لە ڕێی درز و کونە دیوارێکەوە بێت، لەم بوارەدا دەبینین شاعیرانمان چەندین ئاواتیان خواستووە و جارجاریش دەم بە نزا و پاڕانەوە بوون، ئەوەتا شاعرێکی وەك (مەلا مستەفای بێسارانی) فەرموویەتی:

چـڵێ نــە پــەنا چـڵێ نــە پــەنا
چـڵێ چـون چـون ڕەقـیـب مـدران نـە پـەنا

هۆرنامــــان مـــدران نـــه رووی تەمــــەنا
مـــەر بـــاد قـــودرەت بـــدەرۆش فــــەنا
وە بـــاد قـــودرەت لـــەتار لـــەتا بـــۆ
نمـــازۆ بـــالآو قیبلـــیّم دیـــار بـــۆ
بســـۆزۆ بـــاهر بـــازەدەی ســـەحەر
ریشـەش جـە زەمـین بـەر بـارۆ وە بـەر
تـــا بـــالآی قیبلـــیّم چـــون شـــەمع خانـــان
بوینـــوون وە چـــەم نـــە بـــەرزە بانـــان[٢٦]

(بێسارانی) بۆ بینینی خۆشەویستەکەی نزایکرووە و پاڕاوەتەوە بۆ ئەوەی ئەو دارەی بەرچاویگرتووە و نەیتوانیوە خۆشەویستەکەی ببینێت، بسووتێت و بە رەشەبای قودرەت لە رەگ و ریشەوە دەربێت.

دێمەوە سەر ئەوەی نەبینینی پیر بۆ مورید چە نازارێکی سەختی هەیە و بینینیشی چەندە ئاسوودە و دڵخۆشیدەکات، (مەلا ساڵح کوڕی مەلا نەسروڵای زێوێ- ناسراو بە حەریق) کە پەپوولەی باڵسووتاوی دەوری چرای ئەوینی (شێخ یووسف شەمسەددین- شێخی بورهان)بووە، لەم دێڕەدا فەرموویەتی:

جـە سـوب سـەحەردا دیـم خونچـە دەمـێ
نـــە پـــەردەی عیصـــمەت نمانـــا چـــەمێ[٢٧]

لەم دێڕەدا شاعیر باسی لەو نیگایە کردووە سەر لەبەیانییەکی زوو پیرەکەی- (شێخی بورهان) لێیکردووە، کە چەندە دڵخۆشیکردووە و ئەشئەی داوەتێ.

---

[٢٦] - (عەلائەددینی سەجادی)- مێژووی ئەدەبی کوردی- چاپی دووەم- لاپەڕە (٢١١)- بەغداد- (١٩٧١ز).
[٢٧] - هەمان سەرچاوەی پێشوو- لاپەڕە — (٤٢٥).

دەی با بزانین شاعیر (شێخ سەلیم- سالی سنە) شەیدای ئەوینی (شێخ عومەری بیارە-ضیائەددین) بینینی پیرەکەی چۆن باسکردووە، هەر وەك لەم دێڕەدا فەرموویەتی:

هەر نگاهێ سەیقەلێکە بۆ مسی پڕ ژەنگی دڵ
بەڵ، تەلآی خالص دەبێتن، مس بە ئەکسیری نگات[28]

لێرەدا شاعیر وتوویەتی، هەر نیگایەکی پیرەکەی (شێخ عومەری ضیائەددین) مشتومالکردنێکە بۆ ئەو دڵانەی وەك مس ژەنگیان هەڵهێناوە، هەر بەوەشەوە نەوەستاوە و لە نیوەی دووەمی دێڕەکەدا نیگاکردنەکەی کردووە بەو ئەکسیرە ئەگەر بکەوێتە سەر مس ئەوە دەیکات بە تەلآی خاوێن.

پێموایە ئەم دوو نموونەیەش بەسن بۆ زیاتر تێگەیشتن لە گەورەیی بینینی پیر بەلای موریدەکەیەوە و بایەخی گەورەی ئەو بینینە لە بواری پەیوەندی رۆحی و دونیای سۆفیگەریدا.

لە دێڕی (دەیەم)دا شاعیر ئەوەی بە تەواوی دەرخستووە دەستەوداوێنبوونی بۆ پیرەکەی لە هەردوو دونیادا بەردەوامدەبێت، چونکە لە (سارای مەحشەر)یشدا هەر هیواو ئۆمێدی پێیەتی کە دەستیبگرێت و رێنماییبکات، دیارە ئەمەش گەورەترین دەستەوداوێنبوونە و بە ئاشکرا (مەولەوی) ئەوەی دەرخستووە لە هەردوو دونیادا بە بێ بەهاناهاتنی پیرەکەی دەستەوەستانە و هیچپێناکرێت.

ئێستاش پێویستە بێمە سەر چەند نموونەیەکی تر سەبارەت بە پەیوەندی رۆحی ناوبراو بە (شێخ محەممەد بەهائەددین کوڕی شێخی سیراجەددین)ەوە، کە پاش لە کۆچی دوایی (شێخ عوسمان) مورشیدی (مەولەوی) بووە و شاعیر پەیوەندی رۆحی لە گەڵیدا بەستووە، بەڵام چونکە لە چوارچێوەی یەك بابەتدان لەسەر زنجیرەندی نموونە شیعرییەکان بەردەوامدەبم و پێویستناکات هەم بە ژمارە یەك دەستپێبکەم.

---

[28] - هەمان سەرچاوە- لاپەڕە (٤٠٥).

نموونەی شەشەم:

١- دەلیلی وادەی سەر سەراوەکەم
بینایی دیدەی شەو بێ خاوەکەم

٢- رەفیقی سەرحەد ئەقلیمی دەردان
ناخودای کەشتی بەحرەکەی هیجران

٣- ئوستادی تەعلیم دەرسی مەجنوونیم
دەسگیری راگەی سەختی و زەبوونیم

٤- شەمعی بەزمگەی مەهجووری و دووری
میعماری ئەساس پایەی سەبووری

٥- مەصقەڵچی سەواد ئایینەکەی دڵ
غەواص دانەی دەریاچەی موشکڵ

٦- خەم نە وەختی بەزم فەرمان فەرماشەن
شادیم ئەڵوەدای چە لەیل جیاشەن

٧- من خۆ پای خەمان سامان سام کەردەن
دەك بمرم هانات بە من ئاوەردەن

٨- وە مەرگت دایم زامم هەر بە سۆن
دەردی وێم کەمەن ئەمجار نۆرەی تۆن

٩- پێسە مزانی هیچم کەم نیەن
وێران یانەکەم وێت وە جەم دیەن[٢٩].

سەبارەت بەم نۆ دێرە شیعرەی (مەولەوی)، لە دیوانەکەیدا هاتووە لە وەڵامی ئەوەدا نووسراون گوایا جارێکیان (شێخ محەممەد بەهائەددین) ناردوویەتی بە دوای شاعیردا هەتاکو بینێرێت بۆ راپەڕاندنی کارێکی تایبەت، بەڵام بۆینەگراوە بڕوات بە دەم داواکاری پیرەکەیەوە و لە وەڵامدا ئەم دێڕانەی لە نامەیەکدا بۆ نووسیوە:

---

[٢٩] - (مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- لاپەڕە (٢٧٢، ٢٧٣)- انتشارات کردستان.

ئەم پارچە شیعرە لە بواری پەیوەندییە رۆحییەکەی مەولەوی بە حەزرەتی (محەممەد بەهائەددین)ەوە گەورەو کاریگەرە، ئەگەرچی لە لایەن ژمارەیەك لەو بەرێزانەی پێشتر هەریەکەو بە شێوەیەك راڤەی شیعرەکانی ئەم زاتەیان کردووە، دەربڕین و ئاراستەی جیاواز دەرکەوتوون کە بەش بە حاڵی خۆم دەستیان دەگوشم و درووود بۆ کارەکانیان دەنێرم، وەك پێشتریش وتوومە و دەیڵێمەوە هەرگیز مەبەستم خوانەخواستە بەدرۆخستنەوە، یان دانەدواوەی راڤەی ئەو بەرێزانە نییە و بەو ئاکارەشدا کارناکەم، بەڵام منیش تێگەیشتنی خۆم بۆ شیعرەکان هەیە کە بۆی هەیە لە گەڵ هەندێك لەوانە دژ، یان تەبا بێت، خۆ ئەوە هەر خوێنەران و رەخنەگرانیشن دەتوانن شوێن دەستی راڤەکاران لە خوێندنەوەی راڤەکاندا دیاریبکەن و کاریگەرییان لە بواری ناسینی شیعرەکانی (مەولەوی)دا دەربخەن.

لە دێڕی (یەکەم)ی شیعرەکاندا (مەولەوی) پیرەکەی بە رێپیشاندەر و رێنماییکاری وادەی سەرسەراوەکەی ناوهێناوە، دیارە سەرسەراو بە مانا رواڵەتییەکەی ئەو شوێنەیە کە ناوی لێ وەردەگیرێت و ئیتر بەکارهێنانی ناوەکەش بۆ هەر مەبەستی بێت سوودی لێدەبینرێت، بەڵام سەرسەراوەکە لێرەدا مانایەکی سۆفیگەرییانەی هەیە و پەیوەندی بەو ئاوە رۆحییەوە هەیە مەزرای رۆحی سۆفی ئاودەدات و بە گەشاوەیی رایدەگرێت، من پێموایە ئەگەرچی شاعیر لە سەردەستی (شێخی سیراجەددین)دا رەوییەی نەقشبەندی وەرگرتووە و ساڵانێکی زۆر پەیوەندی رۆحی بەو زاتەوە بووە، بەڵام کاریگەری رۆحی (شێخ محەممەد بەهائەددین) زۆر بەسەریەوە دیاربووە و زیاتر لە بەیەکگەیستنی رۆحی (وەسڵ لە تەك پیر) لێیەوە نزیکبووە، هەر بۆیە لە بواری تێربوون لە مەی رۆحی بە رێپیشاندەری خۆی لە (سەرسەراوەکە) و رۆشنایی دیدە (چاو)ە خەو لێ تۆراو بێدارەکانی ناوبهێناوە. بۆ کۆتاییهێنان بە مانادانەوەی ئەم دێڕە، دەڵێم لە چەندین دێڕ و پارچە شیعری تردا، داوای مەولەوی بۆ مەی رۆحی دووبارە و چەند بارە بووەتەوە، وەك فەرموویەتی:

ساقی باوەرە ئەو مەی دوو ساڵە
پێم دەر یەك جامێ حاڵە بەد حاڵە

مغنـــی کۆکـــەر ســـازنت وە هـــەم
ســەمتووریَ، تـــاریَ، وە هــەم کــەرە جـــەم

ئەم دوو دێڕە کاریگەری تەواوی ئەم دێڕەی (سەعدی شیرازی)یان بەسەرەوەیە، کە فەرموویەتی:

وقـت طـرب، خـوش یـافتم ان دلـبر طنـاز را
ساقی بیار ان جامی می، مطرب بـزن ان ساز را[20]

لە دێڕی (دووەم)دا باسی لەوەکردووە لەوکاتانەدا دەچێتە ناو هەلمەڕەوی وڵاتی دەردو نەهامەتییەوە، بە واتا لە هەر کاتێکدا رووبەڕووی دەردو نەهامەتی دەبێتەوە، ئەوە پیرەکەیەتی دەبێتە هاوڕێی و وەك کەشتیوانێکی کارامە لە ئازار و مەینەتی دەریای لێکدابڕاندا رزگاریدەکات، ئەم دەربڕینانە هەموویان هێنی دونیای سۆفیگەریین، هیچ پەیوەندییەکیان بە وڵات و دەریاو کەشتی مادییەوە نییە. بەڵکو شاعیر باسی لەوە کردووە لە هەر کاتێکدا بە ئازاری لێکدابڕانی رۆحی بتلێتەوە، ئەوە پیرەکەیەتی بە هانایەوە دێت و لەو ئازارە دەیپارێزێت و ئاسوودەیدەکات.

لە دێڕی (سێیەم)دا زیاتر راستی ئەو بۆچوونەی پێشتر خستمەڕوو سەبارەت بە کاریگەری گەورەی رۆحی (شێخ محەممەد بەهائەددین) بەسەر شاعیرەوە دەسەلمێنرێت، چونکە وتوویەتی: تۆ مامۆستای فێرکردنی وانەی (مەژنوونیم= شێتیم)ی، مەبەست لە شێتی لێرەدا مانەوییە، ئەو هەموو ئەوینە رۆحییە دەگەیەنێت کە (مەولەوی) وەك شێت لێکردووە، هەمووشمان دەزانیین لە ناو کۆمەڵی کوردەواریدا ئەوانەی زۆر بە پەیوەندی رۆحی بە پیرێکی دینییەوە گرێدەدران و هە شیانن دەگەیشتنە حاڵەتی خۆدواندن و تەنانەت بزرکاندن (الشطحات)یش، شێتی تەریقەتیان پێدەوترا.

---

[20] - ناب غزلهای عاشقانه سعدی- به انتخاب (منصور خرامانی) - لاپەڕە (٥)- انتشارات حسام محفوظ

لە نیوەی دووەمی دێڕەکەدا هاتووە، لە هەموو ساتەکانی داماوی و بێتواناییدا (شێخ محەممەد بەهائەددین) بە دەستگیری ڕێگەی سەخت و دژواری دەزانێت .

لە دێڕی (چوارەم)دا هاتووە: لە هەر کاتێکدا هەستی بەوە کردبێت کە لە دووری پیرەکەی، یان لە جیابوونەوەیەکی کاتی ڕۆحی (فەسڵ)دا، دڵی کەوتووەتە ناو تاریکستان و دونیای لێبووە بە شەو، ئەوە شێخ وەك مۆمێك بە تیشکی ڕووناکی خۆی دڵی ڕۆشنکردووەتەوە و وەك ئەندازیارێکی بواری (تەلارسازی) پایەی دڵدانەوە و هەرەسبووگردنەوەی دەروونی تەواو مکۆمکردووەتەوە.

لە دێڕی (پێنجەم)دا باسی لەوە کردووە، هەرکاتێك ڕەشایی و گەردو تۆز بە ئاوێنەی دڵیەوە بنووسێت، ئەوە حەزرەتی (شێخ محەممەد بەهائەددین)ە کە دەبێتە (مەصقەڵچی - ئارایشتکار)، ئەو ڕەشایی و تۆزو گەردە لادەبات و دڵ و دەروونی شاعیر پاکدەکاتەوە، هەروەها باسی لەوەکردووە وەك چۆن مەلەوانێکی شارەزاو کارامە لە قووڵایی دەریادا دوڕو گەوهەر دەردەکات، ئەوە هەر پیرەکەیەتی گەوهەری ماناکان لە دونیای قوڵی مەعریفەی خوداییدا دەردەهێنێت و پەمیان دەناسێنێت.

من لێرەدا وشەی (مەصقەڵچی)م بە ئارایشتکار هێنا، ئەگەرچی لە هەندێك ڕاڤەدا بە (سپیکەرەوە) هاتووە، بەڵام شتێکی ئاشکرایە جیاوازی لە نێوان (سپیکەرەوە و ئارایشتکار)دا هەیە، ئەگەر بۆ ماناکانیشیان لە زمانێکی تردا بگەڕێین ئەو جیاوازییە زیاتر دەردەکەوێت، هەر بۆ نموونە لە زمانێکی دەولەمەندی وەك زمانی عەرەبی، سپیکەرەوە بە (المبیض) دێت کە زۆر لە وشەی (مەصقەڵچی) جیاوازە. باس لەوەش بکەم هەموو سپیکردنەوەیەك جوان نییە، بەڵام ئارایشتکردن مانای جوانکردن و لابردنی هەر ناجوانییەك دەگەیەنێت کە هەبێت. دیارە لە خۆشمەوە ئەو مانایەم بە (مەصقەڵچی) نەداوە، بەڵکو بۆ فەرهەنگی زمان[٦] هەروەها بەکارهێنانی وشەکە لە لایەن شاعیرەوە و لە شوێنەکانی تردا گەڕاومەتەوە، هەر بۆنموونە ئەو دێڕە شیعرەی گەواهیدەرە:

(ڕوخسارش وەختێ مەصقەڵ مەدۆ لێش — وە شنۆی پایز خەیاڵ مەبۆ ڕێش).

---

[٦]- (هەژار)- هەنبانە بۆرینە- لاپەڕە (٨٢٩)- سروش- تهران.

لێرەدا (مەولەوی) دەقاودەق (مەصقەڵ)ی بۆ ئارایشت بەکارهێناوە، شتێکی دیارە ئیتر (مەصقەڵچی)یش دەبێتە ئارایشتکار.
لە دێڕی (شەشەم)دا شاعیر باسی ئەوەی کردووە، خەم و ناسۆر لە ناو ژیانی ئەودا فەرمانڕەوایدەکەن، لە ناو ژیانیدا بە جۆرێك دەسەڵاتدارن، هیچ بوارێکیان بۆ شادی و خۆشی نەهێشتووەتەوە، هەر بۆیە شادی ماڵئاوایی لێیکردوە و لێی جیابووتەوە.
من پێموایە (مەولەوی) لێرەدا وشەی (لەیل)ی بۆ خودی خۆی بەکارهێناوە نەوەك کەسێکی تر، چونکە لە ئەنجامی باڵادەستی خەم و فەرمانڕەوایەتییەکەیدا ئیتر ئەوە ژیانی خۆیەتی سەراپا خەم تەنیوویەتی.
لە دێڕی (حەوتەم)دا وتوویەتی: منێك کە لە ژێر هێزو دەسەڵاتی سوپای خەمدا پلیشاوەتەوە بەشێوەیەك لە گەڵ زەویدا تەختیکردووم، تۆش هانات بۆ من هێناوە هەتا کارت بۆ رابەڕێنم، دەبینین جارێکی تر وشەی (سامان سا) هاتووەتەوە مەیدان، وەك پێشتر وتم وشەیەکی زۆر جوانە و دەقاو دەق بەرامبەر ئەو سێبەرە چڕە دێت کە جێگەی بۆ گەردیلەیەك لە تیشکی خۆر نەهێشتبێتەوە، بەڵام لێرەدا (مەولەوی) بە مانای پلیشانەوەی لە ژێر پێی خەمە زۆر و چڕەکانیدا بەکاریهێناوە، لە نیوەی دووەمی دێڕەکەشدا جۆرە سەرسووڕمانێکی سەبارەت بە داواکەی (شێخ محەممەد بەهائەددین) دەربڕیوە،، شاعیریش بە شێخ دەڵێت: منێك باری خەم بەم شێوەیە ژیانی تەنیوم کە هیچ رووناکییەکی تێدا نییە، تۆش هانات بۆ لای من هێناوە.
سەبارەت بە سەرسووڕمانەکەشی پێدەچێت لەوەوە سەرچاوەیگرتبێت، ئەو کارەی شێخ ویستوویەتی (مەولەوی) بۆی جێبەجێبکات، کارێکی وابووبێت شاعیر خۆی بە شایستەی پێسپاردن و بەجێگەیاندنی ئەو کارە نەزانیبێت.
لە دێڕی (هەشتەم)دا شاعیر سوێندی بە مەرگی پیرەکەی خواردووە کە پێشتر و هەر لەم بابەتەدا کەمێك سەبارە بەم سوێندە قسەمکرد، (مەولەوی) بە پیرەکەی وتووە: من هەمیشە برینەکانم ناسۆرن و دێنەوە سۆ بەردەوام ئازارمدەدەن، وا سەرەرای دەردی خۆم هینی تۆشی هاتەسەر و ئەوەندەی تر باری سەرشانم قورسبوو.

لە دێڕی (نۆیەم)دا کە دوا دێڕی پارچە شیعرەکەو هاوکات دێڕێکی زۆر ماناداره لە چوارچێوەی پەیوەندی رۆحی (مەولەوی) بە پیرەکەیەوە، بەڵام لە رواڵەتەکەیدا هەر ئەوەیە شاعیر وتوویەتی: تۆ وا دەزانیت من لە هیچم کەم نییە؟؟ خۆ بەچاوی خۆت ماڵە وێرانەکەمت دیوە و باش دەزانی چۆنە. لە هەندێك راڤەو لێکدانەوەی شیعرەکانی (مەولەوی)دا تەنیا ئەم لێکدانەوە رواڵەتییە خراوەتەڕوو، هەندێکی تریش مانایەکی عیرفانیان داوەتێ.

بۆ قسەکردن لەم دێڕە پێمباشە بڵێم: (مەولەوی) هەرگیز لە رێی سلوککردنەوە نەگەیشتووەتە پایەی بەدەستهێنانی عیرفان، ئەو تەنها لە چەند ساتێکی تایبەتدا توانیویەتی ناراستەی عیرفانی هەبن کە لەو ساتانەدا (گێشکراوی رێکار- مجذوب سالك) بووە، ئەو ساتانە کاتین و پەیوەستن بە باروودۆخێکی زۆر تایبەتەوە، هەر بە رەوینەوەی باروودۆخەکە ساتەکانیش کۆتاییان دێت.

ئەم دێڕەی شاعیر لە ناو جەرگەی پەیوەندییە رۆحییەکەیدایە لە تەك پیرەکەی و کارێکی بەسەر عیرفانەوە نییە، ئەو بە ئاشکرا بە پیرەکەی وتووە: تۆ لە پایەی رۆحی من لە هەموو کەسێ ئاگادارتری و باش دەزانیت لە کوێدام، دەزانێت لەم بوارەدا ماڵم وێرانە و ئەوەی پێویستە تا ئێستا بەدەستمنەهێناوە، ئەوەك ئەوەی لە هیچم کەمنەبێت، دیارە لە سۆفیگەریدا هەمیشە پیر لە پایەی رۆحی موریدەکەی ئاگادارە، مورشیدی (تەواو و تەواوکار) کاتێك کە زانی موریدەکەی ئەوەندە باڵاکردووە پێویستی بەو نییە، ئیتر زۆر بە راشکاوی ئەو راستییەی پێدەڵێت.

لێرەدا بەباشی دەزانم چەند دێڕێك لە رازی پەیوەندی رۆحی نێوان (محەممە بەهائەددین بوخارایی- شاهی نەقشبەند و سەید ئەمیر کلال) باسبکەم، رۆژێك ئەمیر کلال هەموو موریدەکانی خۆی کۆکردووەتەوە، لەبەر چاوی هەموویان بە (شاهی نەقشبەندی) وتووە: وا من وەسیەتی مورشیدی خۆم (خواجە سەماسی)م سەبارەت بە پەروەردەکردنی تۆ ئەنجامدا، ئەوەی لە سنگمدا بوو هەمووم بۆت دادۆشی، توانیم

باڵندەی ڕەوانی تۆ لە ناو توێکڵی (بەشەرییەت) بهێنمەدەر، برۆ بەڵکو پیاوی خودای بە دەسەلاَتتر پەیدا بکەیت، ئەوان بتوانن لەمەیش زیاتر سەرتبخەن"[٢٢].

من نامەوێ لێرەدا لە پایەی ڕۆحی (مەولەوی) کەمبکەمەوە و هەمیشەش وتوومە و دەیڵێم؛ زۆر ئاشق و سەوداسەری دونیا جوان و بەرفراوانەکەی شیعرەکانیم، بەلاَم پێویستە لە لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی شیعرەکانیدا نەچمە ژێر باری سۆز و ئەوەی بە لامەوە ڕاستە هەر ئەوە بڵێم، چوون ئەو زاتە لە ناو زانست و ئەدەب و سۆفیگەریدا وەك خۆی هەیە و شیعرەکانیشی هیچ پێویستیان بە زیادەڕەوی لە لێکدانەوەیاندا نییە.

**نموونەی حەوتەم:**

١- چەرخە یە تۆنی ئەی مەیلە کەردی؟

بەختە یە تۆنی شادی ئاوەردی؟

٢- خەمە فرسەتێ ئامانەن ئامان

دەردە مۆڵەتێ نامەی لەیل ئامان

٣- تەحریری خوردەی ڕێحان بێزەکەت

تەقریری شیرین شەکەر ڕێزەکەت

٤- یاوا وە سەر وەخت خەستەی دەردەگەت

مەڵهەم دا وە زام دووری گەردەگەت

٥- من گێنان خامەی وە یادم کەردەن

حوسنت زیاد بۆ پەی دڵان بەردەن

٦- جەمینت هەر سات نە جەلایێ بۆ

هەر جەلا پەی من وە بەلایێ بۆ

---

[٢٢]- (ئەمین شێخ عەلائەددین نەقشبەندی)- تەصەووف چیە- لاپەڕە (٤٤٩)- دار الحرية للطباعة- بغداد.

٧- ئیم نیگات رەفیق تیرئەندازی بۆ
دڵەی من نیشان نە جانبازی بۆ
٨- واتم مەیلی دڵ، پەی کەسێ گەسەن
جە ئەنخوای سوحبەت زاهیری وەسەن
٩- خەیاڵم کەفتەی ئاسانەکەی تۆن
چ زاهیر حاجەت ئاماو ئامۆشۆن
١٠- دیام خەیر دووریت زۆرش ئاوەردەن
ئامانێ بەڵکم ئینە چەپگەردەن
١١- هەر پاسە شادییش ئیەن بەیەنەتش
بەڵ بێ بەقا بۆ سزاو مەهنەتش
١٢- سێر ساوون وە چەم ئەو پالأی بێ گەرد
چێ هەر زیاد کەرد دەرد وە بانی دەرد
١٣- ئەر سەد تۆی دەروون پەرێت قەفتەس بێ
یانەی دڵ وە یاد ئاوا بێ بەس بێ
١٤- ئیسە حەسرەتان بیمێ بەد ئەندێش
هەر یەك جە لایێ مەکێشۆم پەی وێش
١٥- خوسووس تۆ وەی رەنگ مەوینوون دڵگیر
چمان دەروونم مەپێکان وە تیر
١٦- دڵ خەریکی مەوج گێجاوی دەردەن
زوانم دایم ویردش ئەی فەردەن
١٧- من ئەبوون ئازیز گەردەن بلووری
کێن رەحمت کەرۆ وەسڵش نە دووری
١٨- خاس بی ئەر سەد جار شادی وە یاد بیم
دووراو دوور وە دین ئاسانەش شاد بیم

١٩- ئیسه ها فەڵەك گەڵەك بەستەوە

تۆڕ داوی دووریش ها وە دەستەوە

٢٠- خەفەت وادەتەن، مەینەتان سا دەی

وەختی یارانەن ئەسرین دەی پەی پەی

٢١- ئازیزت ئاستەن ها وە دماوە

تەنە بۆ بێ گیان ساشۆ وە راوە"[٢٣]

بەر لەوەی بێمە سەر ماناداناوەی ئەم دێڕانە، پێمباشە باس لەوە بکەم من لە نووسیندا هەمیشە حەزم لە بەیفی کورت و پوختە و هەرگیز مەیلم بۆ درێژدادڕی نییە، هەروەها پێموایە درێژدادڕی لە نووسیندا جێزی ناهێڵێت و خوێنەر ناتوانێت وەك پێویست لێی سوودمەندبێت، بۆیە ئەوەی مەبەستی منە لێرەدا دەرخستنی پەیوەندی رۆحی شاعیرە بە شێخەکانەوە و بەلای شتی تردا ناچم ئەگەر پێویستنەبێت.

ئەوەی سەبارەت ئەم پارچە شیعرە باسی لێوەکراوە، گوایا (مەولەوی) جارێکیان بۆ سەردان و دیدەنی حەزرەتی (شێخ محەممەد بەهائەددین) چووەتە تەوێڵە، بە رێککەوت لەو کاتەدا شێخ نەخۆشبووە، هەرچەندە چەند رۆژێك لە خانەقا ماوەتەوە، بەڵام نەیتوانیوە بیبینێت، پاشان کە چاکبووەتەوە نامەیەکی بۆ شاعیر نووسیوە، ئەم شیعرانەش وەڵامی مەولەوی بوون بۆ (شێخ محەممەد بەهائەددین) کە لە دوو توێی نامەیەکدا بۆی ناردووەتەوە"[٢٤].

من پێموایە ئەم شیعرە یەکێکی ترە لەو شیعرانەی (مەولەوی) کە بایەخێکی گەورەیان لە بواری سۆفیگەری و پەیوەندی رۆحی نێوان مورید و پیرەکەیدا هەیە، ئەگەرچی لە هەندێك نووسیندا باس لەوە کراوە کە ئەم دەقە دەقێکی عیرفانی بێت، بەڵام من پێموانییە بەوشێوە بێت، خۆ ئەگەرچی باسی لە بابەتی پێکگەیشتن و

---

[٢٣] - (مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- لاپەڕە (٢٠٠، ٢٠١، ٢٠٢، ٢٠٣، ٢٠٤)- انتشارات کردستان.

[٢٤] - هەمان سەرچاوە- لاپەڕە (٢٠٠).

دابڕانی تێدایە. بەڵام سنووری دێڕەکان هەرگیز بازنەی پەیوەندی نێوان (موریدو پیر) ئەوەی کە (الرابطة)ی پێدەوترێت تێنەپەڕاندووە و هەر لەو خولگەیەدا دەسووڕێنەوە. چونکە دەبێت بزانین لە سۆفیگەریدا (عیرفان) سنووری پەیوەندی نێوان (سۆفی و پێغەمبەر)یش دەبڕێت و ڕاستەو ڕاست بۆ لای (السر فی الله) ملدەنێت، کە هیچ دەربڕینێکی لەم جەشنە لەم دێڕانەدا دەرناکەوێت.

لەبەر ئەوەی شیعرەکە درێژە و ئەگەرچی لە هەندێك سەرچاوەدا چەند دێڕێکی تریش هەبوون من نەمنووسینەوە، چونکە هەر بە ڕاستی گومانم هەبوو لەوەی سەر بە هەمان ئەم پارچەیەبن، دێڕ بە دێڕ قسەیان لێوە ناکەم و هەوڵدەدەم بەسەریەکەوە و لەم خاڵانەدا مانایانبدەمەوە:

١- مەولەوی وەك موریدێکی دڵسۆز و بە ئەمەك، لە زێدی خۆیەوە گوندی (سەرشاتە)، بەڕێکەوتووە بۆ ئەوەی سەردانی پیرەکەی بکات و بە دیداری شادببێت، ئەگەرچی بە یەکگەیشتنی نێوان پیرو مورید لە سۆفیگەریدا نەوەك هەر لە نزیکەوە، بەڵکو دوور بەدووریش هەر کارێکی ئاساییە و دەکرێت، ئەوەش بە ئامادەبوونێکی ڕۆحی نەوەك جەستەیی، بەڵام کاتێك مورید ڕووبەڕوو لە خزمەت پیرەکەیدا دەبێت، ئیتر ئەوە هەم بە جەستە و هەمیش بە ڕۆح لە خزمەتیدا دەبێت و بە تەواوی ئاسوودە و سەرمەستیدەکات، کاتێك شاعیر ڕێیەکی دووری نێوان (سەرشاتە و تەوێڵە)ی بڕیوە، دیارە لەو ڕۆژانەدا کە نە ئۆتۆمبێل و نە هۆکارێکی تری گواستنەوەی وەها بۆی مەیسەر نەبوون ماندووبوونی ڕێگەو سەفەرەکەی کەمبکەنەوە، دڵنیاشم (مەولەوی) لە بارێکی ژیان و گوزەرانی وەهادا نەبووە، توانیبێتی بە وەڵاخێکی باش سەفەرەکەی بکات، کە بەو ئامەزرۆییەوە چووەتە خانەقا، هەتاکو بە خزمەتی (شێخ محەممەد بەهائەددین) بگات، چەند ڕۆژێکیش بۆ ئەو مەبەستە ماوەتەوە، بەڵام نەخۆشییەکەی (شێخ) بوارینەداوە بەو ئاواتەی بگات، بە جۆرێك لە جۆرەکان دڵگرانبووە و بەسەر خۆیدا شکاوەتەوە. بەڵام هەرگیز ئەم دڵگرانییە واناکات (مورید) بتوانێت پشت لە پیرەکەی بکات و پەیوەندی لە گەڵیدا بپچڕێنێت ئەمەش زۆر بو زەقی بەم پارچە شیعرەوە دیارە.

٢- کاتێك نامەکەی (شێخ محەممەد بەهائەددین) کە بە دڵنیایی وەك قەرەبووکردنەوەیەکبووە بۆ چاوپێنەکەوتنەکەی لە لایەن شێخەوە گەیشتووەتە دەستی، ئیتر دەروونی هاتووەتە جۆش و لە وەڵامەکەیدا وەك موریدێکی بە دەستەوداوێن و ملکەچ وەڵامی پیرەکەی داوەتەوە، ئەوەتا ئەوەندە بە سەرسووڕمانەوە هاتووەتەگۆ، پرسیاری لە چەرخی گەردوون کردووە و وتوویەتی: ئەمە تۆی بەرامبەر بە من ئەم مەیلەت نواند؟ هەروەها بە بەختی خۆی وتووە: ئەوە تۆی ئەم شادی و خۆشییەت بۆ من هێنا؟؟.

پێویستە ئەوە بزانین لە پەیوەندی رۆحی نێوان (پیرو مورید)دا دەگرێت تەنانەت نامەکەش لە بەینیاندا نەبێت و شاعیر لە گەرمەی (الرابطة) ئەنجامدانی پەیوەندی رۆحی لە گەڵ شێخدا چووبێتە ئەو دۆخەوە و شیعرەکەی نووسیبێت، بەلاّم بە هەر حاڵ ئەمەیان بۆ ئێمە ساخنابێتەوە و هەر بە گریمانەی بوونی نامەکە قسەدەکەین. مەولەوی چونکە لە ژیانی خۆیدا تا ئاستێکی زۆر تەنیا لە خۆشەویستی هاوسەرەکەی (عەنبەر خاتوون) نەبێت ئیتر زۆر بێبەختبووە، بە چاوی خۆی مردنی سیان لە کورەکانی بینیوە، هاوسەرە خۆشەویستەکەی لە دەستداوە، کتێبخانەی سووتاوە و زۆربەی خەرمانی نووسینەکانی بوونەتە خۆراکی ئاگر، هەروەها بە تەمەن (٣١) ساڵ لە (شێخ محەممەد بەهائەددین) گەورەتر بووە کە ساڵی (١٢٩٣ ك) پاش کۆچی دوایی باوکی لە گەڵ (عەبدولڕەحمان ئەبو ئەلوەفا)ی برایدا و لە سەر وەسیەتی باوکیان بوون بە ڕێنماییکارو رابەری موریدانیان کردووە و ساڵی (١٢٩٨ ك) کۆچی دواییکردوە، لەم روانگەوە دەبینین لەو ساڵانەدا مەولەوی تەواو پیربووە، کەواتە بە دڵنیایی ئەم سەفەرەی بۆ سەردانی (شێخ محەممەد بەهائەددین)، لە ساڵەکانی دوادوای تەمەنی و سەردەمی پیری و بێتاقەتیدا بووە، لە گەڵ ئەوەشدا گەیشتنی ئەو نامەیە هێزو توانایەکی تری بەخشیوەتە مەولەوی و تەواو ئاسوودەیکردووە. چونکە بە راشکاوی لە گەڵ خەم و ئازارەکانیدا گەوتووەتە قسەو پێیوتوون دەرفەتێکی بدەنێ چونکە نامەی خۆشەویستەکەی بە دەستگەیشتووە، هاوکات ستایشی شێوازی نووسینی نامەکە و ناوەڕۆکەکەی وەها کردووە کە بە خەتێکی ورد نووسراوە و

شەكری لێباریبووە، هەروەها لای شاعیر نامەكە مەرهەمێكبووە بۆ ئەو زامەی كە لە دووری پیرەكەیدا گینگڵی پێداوە بە شێوەیەك تەواو ئارامی لێهەڵگرتووە.

٣- لەم شیعرەدا (مەولەوی) باسی لە خۆ بە كەمزانیین و گەورەیی بەرامبەر پیرەگەی كردووە، ئەم خۆ بەكەم سەیركردنەو و خۆ بەكەمزانینە لە ناو شیعری كوردیدا، هەم لە ناو ئەشقی مەجازی و هەم لە ناو ئەشقی خوداییدا زۆر بەرچاودەكەون، هەر بۆ نموونە لێرەدا چەند دێرێك دەخەمە پێشچاو:

*- (نالی شارەزووری) بۆ خۆشەویستەكەی (حەبیبە) فەرموویەتی:

دوور لە تۆ نالی سەگێكە، بێ وەفایە، هەرزەگۆ
بۆچی بانگی ناكەی ئەم كەلبە كە نالی نانیە[٢٥].

*- (صەیدی هەورامی) فەرموویەتی:

دادەم پەنـــە چـــێو ریـــۆن، قیمەتشـەنە ســۆنەم گیـــۆن
جـــی مامەڵـــە مـــەگنۆم زیـــۆن، خـــۆ كافرســـتانی نیـــۆ
وێڵێ وێڵێ مـەگێلام كۆ بـە كۆ، دەردم گران بێ رۆ بـە رۆ
ســـا حـــاڵو دەردێـــم پەرســـە تـــۆ، خـــۆ كافرســـتانی نیـــۆ[٢٦]

شیعرەكە بە شێوەی هەورامیی كۆنە، هەر بۆیە پێویست بە مانادانەوەی دەكات، (صەیدی) لێرەدا بچووكی خۆی بەرامبەر خۆشەویستەكەی پیشانداوە و وتوویەتی: چڵێك رەیحانەم بدەرێ- (مەبەست لە زولف و ئەگریجەی خۆشەویستەكەیەتی)، لە بەرامبەردا گیانم لێبسێنە، لەم مامەڵەیەدا هیچ زەرەر ناكەم، وێڵ وێڵ بە ناو كێوەكاندا دەگەرێم و دەردەم رۆژ لە دوای رۆژ گرانتردەبێت، دەی هەواڵی دەردەكەم بپرسە، خۆ كافرستانی نییە؟

*- (مەحوی) لە دێرێك لە پارچە شعرێكی لێوان لێو لە سۆفیگەری فەرموویەتی:

---

[٢٥]- (د. كامل حسن عزیز البصیر)- رەخنەسازی- لاپەرە (١٨٦)- بەغداد- ١٩٨٣ز.

[٢٦] - (ئەیوب رۆستەم)- هەورامان- لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی- كولتوورییە- بەرگی یەكەم و دووەم- چاپی دووەم- لاپەرە (٤٧٤)- ٢٠٠٨.

لە من نازانم ئیتر نەفسی بەدخوو چی دەویْ مەحوی
کە بەد کردارو، بەد رەفتارو بەد نەکارو بەد تەورم[37]

*- (تاهیر بەگی جاف) لە ستایشی پێغەمبەری پێشەوامان حەزرەتی (محەممەد- د.خ) فەرموویەتی؛

ئـەی حـەبیبی خـالقی عالـەم تـەرەحم، تـا زوە
ئەو سەگی ئەصحاب کەهف و مـن سـەگێکی تـابعین.

پاش خستنەڕووی ئەم نموونانەی سەرەوە سەبارەت بە خۆشکاندنەوە و خۆ بەکەمزانینی شاعیرانمان لە ناو ئەوینی مەجازی و ئەوینی راستەقینەیاندا، دێمەوە سەر کرۆکی باسەکەم (مەولەوی) لە شیعرەکانیدا بە پیرەکەی وتووە: ئاخر من کێم بە رامبەر بە تۆ، هەتاکو بە خامەکەت یادمبکەیت و هاوکات دەم بە نزا وەستاوە بۆ ئەوەی جوانی پیرەکەی درەوشاوەتر و ئاکاریتر بێت بۆ راکێشانی دڵان، هەتاکو زیاتر ئەویندارەکانی شەیداو سەرمەستبکات.

لە شیعرەکەدا داواکارە نێوچەوانی پیرەکەی بە نووری خودایی درەوشاوەتربێت و زیاتر لە تواناکانی یەزدانی بەهرەمەندبێت، هەر جارە و لە لایەکەوە و بەشێوەیەك خەسڵەت و سیما بەرزەکانی باڵاکردنی رۆح تیایدا دەرکەون، ئەگەرچی وەك بەلایەکیش وابن بەسەر شاعیرەوە.

4- هەر لەم شیعرانەدا (مەولەوی) هاتووتەسەر ئەو باسەی پیرەکەی بە لاچاو سەیرکردنێکەوە کە بە (نیم نیگا) باسیکردووە سەیریبکات، ئەم سەیرکردنەی شاعیر داویکردووە، تەنها سەیرکردنێکی رواڵەتی نییە، بەڵکو مەبەست، ئەوەیە پیرەکەی (تەوەجوهی) لێبکات و ئەمەش لە بواری سۆفیگەریدا بایەخی گەورەی هەیە، چوون رۆحی مورید لە قۆناغی (الرابطة)دا لەم رێیەوە باڵادەکات. بۆیە ویستوویەتی بە (نیم نیگا)وە لێی بڕوانێت، پاش لەوە ئاگاداربووە بەو شێوەیە تیری ئەشقی (شێخ محەممەد بەهائەددین) زیاتر لە دڵیدا دەچەقێ و پێکانەکەی کاریگەرتردەبێت،

---

[37] - (عەلائەددین سەجادی)- مێژووی ئەدەبی کوردی- چاپی دووەم- لاپەڕە (365)- 1971ز.

ئاشکرایە کاتێك مرۆڤ نیشانەیەك دەکاتە ئامانج بۆ ئەوەی بیپێکێ، پێویستە لەسەری باش هەرەوڵی لێبگرێت، بۆ ئەو مەبەستەش چاوێکی دادەخات و هەموو توانای نیشانەگرتنەکەی لە چاوێکیدا کۆدەکاتەوە هەتاکو باش بیپێکێت.

هەروەها شاعیر ئەوەی دەرخستووە،ئەو لە دڵێکی پڕ لە خۆشەویستییەوە ئەوینێکی راستەهینەی لە گەڵ پیرەکەیدا هەیە، بۆیە شتە رواڵەتییەکان و بە لایەوە هیچ گرنگنین و ئەوانە بە کاری (ناکەسان) دەزانێت، (مەولەوی) هەرگیز و لە تەك هیچ کەسێکدا لە دۆستان و ناسراوان و خزمان و دەسەڵاتداران، تەنانەت بەرامبەر پیرەکانیشی بە لای شتی رواڵەتی و کاری ریاکارانەدا نەرۆیشتووە. چونکە پێیوابووە ئەو کە هەمیشە بە ئەندێشەو رۆح و هزر و هەموو بوونیەوە لە ئاسانەی پیرەگەیدا ئامادەگی هەیە، ئیتر هاتۆچۆی رواڵەتی چ مانایەکی بۆی هەیە!!

پاشان باسی لەوەکردووە هەرچەندە من پێموابوو کە خۆشەویستی من بۆ تۆ لە دڵەوەیە و پێویست بە هاتوچۆ ناکات، بەڵام دواجار تاسەی دووریت زۆر کاریگەربوو لەسەرم و بڕیاری ئەوەمدا بێمە خزمەتت، چونکە دڵنیابووم لەوەی دونیا هەر چۆن خۆشییەکانی تاسەرنین و زۆرجار بێ وەفایی دەنوێنن، بەڵکو ناسۆرییەکانیشی هەر بەهەمانشێوەبن و دەرفەتی بینینتم هەبێت، هەتا تێر کەوشە پاك و بێگەردەکانت بسووم بە چاومدا.

لێرەدا کەمێك لەسەر ئەم تێسوونەی کەوشەکانی (شێخ محەممەد بەهائەددین) لە لایەن (مەولەوی)یەوە بوەستین، ئێمە لە چەند دێڕی پێشتردا باسێکمان لە خۆ بەکەمزانینی ئاشق بۆ مەعشوقەکەی لە ناو هەردوو ئەوینی مەجازی و هەقیقیدا کرد و لێرەدا بەو بابەتەدا ناچینەوە، بەڵام پێویستە باس لەوە بکەین شاعیر کە ئامادەیە پێڵاوی بێگەردی پیرەکەی باش لە چاوی بسوێت، مەبەست تەنیا لەوە نییە پێڵاوەکانی بە رواڵەت پاکن و هیچ گەردو تۆزێکیان لێنەنیشتووە، بەڵکو ئەمە دەربڕینێکی سۆفییانەیە ئەو پێڵاوانە هی زاتێکن بە هیچ کردارێکی خراپ و خوویەکی ناشیرینەوە نەگلاوە و هەموو هەڵسوکەوت و کردارەکانی جوان و نموونەیین، زاتیویەتی چۆن شوێنپێی لە دونیای سۆفیگەریدا مکۆمبکات، ئەمەش

یەكێكە لە بنەماكانی ڕەویەی نەقشبەندی كە بە (نظر بر قدم) ناودەبرێت. هەروەها وتوویەتی: بەو هەموو هیوایەوە هاتم كەچی دەرفەتی چاوپێكەوتنم بۆ نەرەخسا، ئەوەش باری سەرشانی گرانتر و دەروونی نائارامتركردم.

سەبارەت بە (نظر بر قدم) وەك ڕەوشێكی ڕێورەچەی نەقشبەندی، (فەخرەددین كاشفی) لە كتێبی (الرشحات)دا نووسیویەتی، مەبەست لە (نظر بر قدم) پەنجەڕاكێشانە بۆ ڕادەی پێشكەوتنی ڕێبوار لە ناو تەریقەتدا.

ه- من لە سەرەتاوە باسم لەوەكرد مەبەستم مانادانەوەی دێڕ بە دێڕی شیعرەكان نییە و تەنها مەبەست دەرخستنی وابەستەبوون و پەیوەندی ڕۆحی (مەولەوی تاوەگۆزی)یە بە پیرەكانییەوە، دیارە ئەم شیعرەشی ناراستەیە بۆ (شێخ محەممەد بەهائەددین)، لە درێژەی دێڕەكاندا ئەوەی دەرخستووە ئەگەرچی ئازاری دووریت ئاگری لە دەروونم بەردابوو بەشێوەیەك كردبووی بە قەقنەس، بەڵام هەر باشتر بوو لە شادنەبوونم بە دیدارت، چونكە هەر هیچ نەبێت لە دڵەوە یادم دەكردیت و بەوە ماڵی دڵم ئاوەداندەبووەوە.

من وەك نووسەری ئەم كتێبە ئەگەرچی شەیدای دونیای شیعری (مەولەوی)م بەشێوەیەك سەوداسەریكردووم، ناتوانم تەنیا بۆ ڕۆژێكیش لە شیعری ئەم زاتە دووربم، بەڵام قسەم لەوە هەیە هەم (مەولەوی) و هەم شاعیرانی تریش باسیان لە تۆی دەروون كردووە، دەڵێم: (دەروون) لە ڕووی زانستییەوە (نەبینراو- نامەرئی)یەو ناچێتە سنووری دەسەڵاتی پێنج هەستەكەی مرۆڤەوە، ئەوە دڵە چوار تۆی هەن ئەوەك دەروون.

بەڵام دەروون لە دونیای سۆفیگەریدا بایەخی گەورەی هەیە و دەبێت بەسەرچاوەی سەرەكی بۆ (دیتن و چەشتن) كە ئاكامی سۆفیگەرین.

دەگەڕێمەوە سەر ئەوەی ئەم پارچە شیعرە یەكێكە لە شیعرە سۆفیگەرییەكانی مەولەوی و هەر هەموو دێڕەكانیشی لە خولگەی ئەو پەیوەندییەدا دەسووڕێنەوە، ئەوەندەی من شارەزاییم لە شیعرەكانی ئەم زاتە و بوونی عیرفان و ئاماژە

عیرفانییەکان لە شیعرەکانیدا هەبێت، لەم شیعرانەدا تەنانەت ئامازەکانیش نین و هەستیان پێناکرێت.

### نموونەی هەشتەم:

١- تا تەوانام بێ شەو بێداریم کەرد
پەرێ نۆشای جام بێ قەراریم کەرد
٢- وێت واتەن هەر کەس شەوان بێدا بۆ
مشۆ مەستی زەوق بادەگەی یار بۆ[٢٨]

دیار نییە (مەولەوی)ئەم شیعرەی بۆ کام لە پیرەکانی نووسیوە، بەڵام بەوەی کە باسی بێتوانایی و بێ ئۆقرەیی خۆی کردووە، دڵنیا دەبین لە سەردەمی پیری و داهێزرانی توانای جەستەییدا نووسیوتی، دیارە شەوبێداری لە ئاکاری ئەو کەسانەیە هەم لەناو خۆشەویستی مەجازی و هەم لە ناو خۆشەویستی هەقیقیدا گینگڵدەدەن، ئەوانەی ئەشقی مەجازی دەکەن شەوبێدارییەکەیان بە خەیاڵی خۆشەویستەکەیان، ڕێورەویەی بەیەکگەیشتن و ژوان، یان دابڕان و دوورکەوتنەوە... هتد دەبەنەسەر، لەم بوارەدا (وەفایی) وتوویەتی:

دەردەدارم، بـێ زبـانم، بـێ دڵـم، سەوداسـەرم
ئاخ لە بۆ دڵ میهرەبانێ، هەم زبان و هەمسەرێ[٢٩].

بەڵام ڕێبوارانی ڕێی سۆفیگەری و ئەوینی ڕاستی، بە خوداپەرستی و زیکرو ریازەتکێشان لە خەویان بێدار دەبن. ئەمەش لە پێناوی نۆشینی مەی یەزدانی و باڵاگردنی ڕۆحیان لە بواری سۆفیگەریدا.

---

[٢٨]- (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس)- دیوانی مەولەوی- لاپەڕە (١٦٧)- انتشارات کردستان.
[٢٩]- (صدیقی بۆرەکەیی)- مێژووی وێژەی کوردی- بەرگی دووەم- لاپەڕە (١٩٩)- چاپخانە- چهر تبریز.

بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش، (مەولەوی) وەك لەم دوو دێڕەدا دەردەکەوێت ئۆقرەی لێبڕاوە، باسی لەوەکردووە هەتا هێزو توانای هەبووە بە خوداپەرستی و ڕیازەتکێشان شەوبێداریکردووە، بۆ ئەوەی لە نۆشینی مەی ڕۆحی کە خۆراکی سەرەکی ڕێبوارانی ڕێی سۆفیگەرییە بەهرەمەندبێت، کاتێکیش پیری توانای لێبڕیوە ڕوویکردووەتە پیرەکەی و پێیوتووە، خۆت وتووتە هەر کەس لە پێناو گەیشتن بە مەرامەکەی شەونخوونی کێشاو بەندایەتیکرد، ئەوە بە دڵنیایی بە بادەی خۆشەویستی خودایی سەرمەستدەبێت، ئەوەش وەك پاداشتێك بۆ شەونخونییەکەی.

نموونەی نۆیەم:

١- دەرمانی زامان دەردەکەی کاریم
هامڕازی ناڵەی شەوان بێداریم

٢- راحەتی جەستەی مەینەت بارەکەم
تەسکینی دڵەی پڕ جە خارەکەم

٣- نامەو هەدییەی دۆسانەت یاوا
تەسدیعت کێشان خەیڵێ ماڵ ئاوا

٤- ڕەویەی بوزورگیت وە جا ئاوەردەن
غەریب نەوازیت وە پیشە کەردەن

٥- بەڵام بینایم، من دۆسی گیانیم
نەك چون بێ شەرتان نانی و زوانیم

٦- دڵم وە مۆیەت مەیلی تۆ شادەن
ئەی تەعاروفە جە لام زیادەن

٧- خوسووس من سەرعی و لێوە و وێڵی تۆم
سەودایی خەمبار ئەراگێڵی تۆم

٨- پەی تۆ خاترم پڕ نێش و خارەن
پەی تۆ زیندەگیم چون ژار مارەن

٩- دمروونم دایم جه هون کەیلێ تۆن
حەیاتم وە شەوق هەوای مەیلێ تۆن
١٠- هەر گا دیم وە جەم شێوەی پالاکەت
بۆسام خاکی پاو گەردی پالاکەت
١١- ئانە گرد مایەی کامەرانیمەن
ئانە گرد وەشی و شادمانیمەن
١٢- وەرنە من نیسە هونی دڵ وەردە
قامەت سەنگی بار خەمان خەم کەردە
١٣- دمروون وە مەودای دووریت بیەن ڕێش
هەی خاکم وەسەر سەوقاتم پەی چێش[1]

سەبارەت بەم شیعرە لە دیوانەکەیدا نووسراوە گوایا (مەولەوی) بۆ دۆستێکی خۆی نووسیوە کە دیارییەکی بۆی ناردووە و دوور نییە ئەو کەسە شێخی تەوێڵە بووبێت. پاش وردبوونەو ڕاڤەکردنی شیعرەکە ئێمە دەڵێین؛ شتێکی ئاساییە کە نامەیەکی دۆستانە بۆ هاوڕێیەك، یان خزم و ناسراوێك لە لایەن (مەولەوی)یەوە، دێڕەکانی سەرەتای ئەم شیعرە، بە تایبەت دێڕەکانی (١، ٢، ٣، ٤) بگرێتەخۆ، چون ئەم دێڕانە ئەگەرچی بە هونەری شیعری و لیریك هۆنڕاوەتەوە، بەلام هیچ دەستەواژە و ئاماژەیەکی سۆفیگەرییانەیان پێوە دیار نییە. بەلام لە دێڕی پێنجەم بەدواوە ئیتر هاوکێشە مانایەکانی تەواو دەگۆڕێن و بە تەواوی بە ئاراستەی پەیوەندی ڕۆحی نێوان (پیر و مورید)دا دەشکێنەوە، هاوکات هیچ گومانێك نامێنێتەوە لەوەی بڵێین شاعیر ئەم شیعرەی بۆ پیرەکەی نووسیوە.
نامە بۆ خزم و کەس و هاوڕێ هەرچەندە لێوان لێو بێت لە سۆز و خۆشەویستی و دەربڕینی ڕێز لە نووسەرەکەوە، بۆ ئەوەی نامەکەی بۆ نووسراوە، بەلام هەرگیز نووسەر ئەو خۆ بەکەم سەیرکردن و خۆ بە کەمزانینەی لە چەند دێڕێکی ئەم

[1] - (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس)- دیوانی مەولەوی- لاپەڕە (٢٥٤، ٢٥٥، ٢٥٦) انتشارات کردستان.

شیعرەدا هەیە بۆ بەرامبەرەکەی دەرناخات، تەنانەت لەو حاڵەتانەشدا کە کەسێکی ڕیاکاریش بۆ مەبەستی وەرگرتنی شتێك، یان لە پێناو بەدەستهێنانی سوود و بەرژەوەندی تایبەتی زەحمەتە بەمشێوەیە بێتەگۆ. ئەوە تەنیا پەیوەندی ڕۆحی و دونیای سۆفیگەرییە ئەم دەربڕینانە ناسایدەکات، مورید بە گەردەنکەچی و تەنانەت دەستەوداوێنیش دەخاتە بەردەم پیرەکەی بەو پەڕی ڕەزامەندی لە دڵ و دەروونییەوە.

لە دێڕی (پێنجەم)دا شاعیر دڵنیایی دڵسۆزی و پابەندبوونی خۆی داوە و وتوویەتی: ڕووناکی چاوم من دۆستی گیانیم و بە هەموو بوونمەوە دۆستایەتیتدەکەم، بە پێچەوانەی ئەوانەی کە تەنیا مەبەستیان خۆتێرکردن و خۆلەوەڕاندنە و هەر بە زمان و قسەی ڕواڵەتی دۆستن، بەڵام لە ڕاستیدا هەرگیز بەو شێوەیە نین.

لە دێڕی (شەشەم)دا باسی لەوە کردووە کە دڵی تەنیا لە ڕێی خۆشەویستی و مەیلی پیرەکەیەوە تامی شادی دەچێژێت و لە ڕاستیدا ناردنی دیاری و ئەم شێوازە لە دڵڕاگرتن بەلایەوە زیادەن و پێویستنین. دیارە بنەمای سەرەکی پەیوەندی بەستنی ڕۆحی لە نێوان (پیر و مورید) لە ناو ڕێوڕەچەی نەقشبەندیدا (دڵ)ە، چونکە دەبێتە کانگای خۆشەویستییەکە و وەك پێشتر باسمکردووە.

لە دێڕی (حەوتەم)دا باسی لەوەکردووە خۆشەویستییەکەی بۆ (پیر) بەشێوەیەکە کردوویەتییە خەڵکێکی (سەرعی- شێدار) و هەمیشە وەك وێڵ و لێوە وایە، بە واتا ئەو ئەوینەی (مەولەوی) بۆ پیرەکەی هەیبووە ئەوەندە کاری لێکردووە لە باشترین حاڵەتیدا وەك کەسێکی (وێڵ) بە دوای شتێکدا بێتەپێشچاو، دەستەواژەی (سەرعی)یش ڕاستەو ڕاست پەیوەندی بەو حاڵەتەوەیە کاتێك سۆفی (جەزبە) دەیگرێت، دەچێتە دۆخێکی ڕۆحی و جەستەیی زۆر سەیرەوە، تەنی دێتە لەرزین و زۆرجار بێ هۆشدەبێت و کەف دەچەڕێنێت وەك ئەوانەی نەخۆشی فێیان هەیە، سەبارەت بە وشەی (ئەراگێڵ)یش کە لە کۆتایی دێڕەکەدا بە پیرەکەی وتووە (ئەراگێڵ)ی تۆم، مەبەستی ئەوەیە بەردەوام بۆ تۆ دەگەڕێم هەتا بتدۆزمەوە، لێرەدا

مەبەست لە دۆزینەوەکە دۆزینەوەیەکی مادی نییە، بەڵکو (مانەوی)یەو راستەو راست بە پەیوەندییە رۆحییەکەی نێوانیانەوە وابەستەیە.
هەر بۆ ئەوەی دڵنیایی بدەینە خوێنەر (مەولەوی) ئەم شیعرەی بۆ پیرەکەی نووسیووە، دەڵێین: باشە هیچ کەسێك هەیە لە پێناو خۆشەویتی و رێزی بۆ دۆستێکی، یان هاورێیەکی بهێنێتە ئەم دۆخەوە کە شاعیر خستوویەتییەڕوو؟؟.
لە دێڕی (هەشتەم)دا نووسیویەتی هەر لە پێناو خۆشەویستی تۆیە دڵم هەمیشە ئازاردەکێشێت، وەك ئەوەی بە درِك ئاخنرابێت، ژیانیشم ئەوەندە تاڵە وەك ئەوەی ژاری مارم نۆشیبێت.
سەبارەت وشەی (خاتر) لەم دێڕەدا کە (مەولەوی) فەرموویەتی: (پەی تۆ خاترم پڕ نێش و خارەن)، کەمێك دەوەستم، (خاتر) بە چەند مانایەك دێت، لەوانە (دڵ، لە بەر تۆ، بۆ رێزنان لە تۆ، تەنانەت بۆ ماڵئاوایی لێکردنیش دێت وەك لە دیالێکتی گرمانجی باکوور دەڵێن: خاترێ تە[1])، بەڵام لێرەدا دیارە شاعیر بۆ دڵ بەکاریهێناوە چونکە باسی لەوە کردووە کە پڕە لە نێش و ئازار.
لە دێڕی (نۆیەم)دا باسی لەوە کردووە هەمیشە دەروونی خوێناوی و ئاثارام و بێتاقەتە، چونکە هەموو ژیانی بە هەواو مەیلی پیرەکەیەوە گرێداوە. جارێکی تر دێمەوە سەر ئەوەی شاعیران دەروونیان بەو مانا زانستییەی خۆیەوە بەکارنەهێناوە کە ئەمرۆ لە زانستی (دەروونسازی)دا هەیە.
لە دێڕی (دەیەم و یانزەیەم)دا کە ماناکانیان بەسەریەکەوە دێن و تەواوکەری یەکترن، شاعیر بە تامەزرۆییەکی زۆر گەورەوە باسی لەوە کردووە هارکاتێك رووبەڕوو بە خزمەتی پیرەکەی گەیشت و ماچی خۆڵی ژێر پێی و تۆزی پێڵاوەکەی کرد، ئەوە ئیتر ئەوە گەورەترین سەرمایەی کامەرانی و دڵخۆشی و شادمانییەتی.
لێرەدا هەم دووبارە گەورەترین خۆ بەکەمزانین و خۆ شکاندنەوەی مەولەوی بەرامبەر پیرەکەی بەرجەستەبوون، بە شێوەیەك ساتەکانی بینینی ئەو و ماچکردنی خۆڵی ژێرپێڵاوەکانی، دەبنە خۆشترین ساتەکانی ژیانی شاعیر، دەتوانین لێرەدا

---

[1] - (هەژار)- هەنبانە بۆرینە- چاپی شەشەم- سروش- تهران (١٣٨٨).

قسەیەك لە (وەصڵ) بكەین وەك تەن، بە واتا بینینی پیر لە لایەن موریدەكەیەوە رووبەڕووو كە چە ئارامییەكی دەداتێ و چە چێژێكی پێدەبەخشێت و دەیخاتە دۆخێكەوە لە شاگەشكەیی، بەلاّم (وەصڵ) بە رۆح كە ئەمەیان زۆر گرنگترە بۆ باڵاكردنی سۆفی لە بواری سلوككردندا، دەكرێت لە دووری هەزاران كیلۆمەتریشەوە بێت و زۆر بە ئاسایی ئەنجامدەدرێت. دیارە چێژوەرگرتن لەم بەیەكگەیشتنەدا رۆحی و دەروونییە.

دێڕەكانی (دوانزەیەم و سیانزەم)یش تەواوكەری یەكترن و دەكرێت بەسەر یەكەوە مانابدرێنەوە، چونكە شاعیر زۆر بە زەقی باسی لەوەكردووە، من لە باروودۆخێكی وەهادام لە ئەنجامی دووری لە تۆوە، خوێناوی دڵی خۆم دەخۆمەوە و بەژن و باڵام لە ئەنجامی خەم و ئاسۆزەوە چەماوەتەوە، وەك ئەوەی بارە بەردەم بە كۆڵەوە بێت، ئیتر ئەی خاكم بەسەر كەی پێویستم بە دیارییە.

دەبێت لێرەدا باس لەوە بكەین، ئەوینی (مەولەوی) بۆ پیرەكانی (شێخەكانی نەقشبەندی هەورامان)، بەتایبەتیش (شێخ عوسمانی سیراجەددین و شێخ محەممەد بەهائەددین) ئەوینێكی تەواو پاك و رۆحی بووە و دووربووە لە هەموو بەرژەوەندییەك، ئەو مەلا ز زاناو شاعیرو كەسێكی وەها بووە تەنیا بە رۆح پێویستی بە پیرەكانی بووە، بەردەوام تا دوا ساتەكانی ژیانیشی هەر ئەوە بە لایەوە مەبەستبووە. لە گەڵ ئەو هەموو خۆشەویستییەشی لە دەربڕینەكانیدا تەواو رووساخ و لە ریاكاری دوور بووە، ئەوەتا بە ئاشكرا باسی لەوە كردووە كە ئەو لە دڵ و دەروونیەوە ئەوانی خۆشدەوێت وبە دووری لێیانەوە ئازاردەچێژێت و ئیتر كەی پێویستی بە دیارییە.

هەر لەم بوارەدا دەڵێم هەندێكجار لە شیعرەكانیدا لە گەڵ خۆبەكەمزانین و خۆشكاندنەوەی خۆی بەرامبەر بە پیرەكانی، كە بادەی سۆفیگەری بە دەستی ئەوان نۆشكردووە و هەر لە دەستی ئەوانیشەوە لە نۆشینی بەردەوامبووە، چەند دێڕە شعرێكی هەن وەك جۆرە ئامۆژگاریكردنێكن بۆیان، لە دێڕە شعرێكیدا بۆ حەزرەتی (شێخی سیراجەددین) نووسیویەتی:

پەی کەسێ خاسەن نامەی جە حوب گەیل

تــازە بســازۆ وضــو جــە جــۆی مــەیل[٣]

بەر لەوەی بێمە سەر ماناداناەوەی شیعرەکە پێویستە بڵێم: لە هەندێک کەشکۆڵدا دێڕی دووەم بە شێوەیەکی تر هاتووە و نووسراوە:

(تازە بسانۆ وضو نە جۆی مەیل)، ئەمەیان زیاتر بە لای هەڵەدا دەچێت و بۆی هەیە لە ئەنجامی باش نەخوێندنەوە، یان باش نەنووسینەوە لە ناو کەشکۆڵەکاندا ئەم هەڵەیە کرابێت، دیارە (وضو) بە مانای دەستنوێژ دێت، بۆ دەستنوێژشتنیش (بسازۆ) گونجاوترە نەوەك (بسانۆ)، چونکە (بسانۆ) لە هەوراسیدا بە مانی (گرتن) دێت، خۆ ئاشکرایە دەستنوێژ ناگیرێت.

واتای شیعرەکەش بەمشێوەیە (مەولەوی) خۆی بەو کەسە دەزانێت کە بە تەواوی لە ئەوینی ناو سۆفیگەری و دونیا بەرفراوانەکەی و ڕەویە جیاجیاکانی تەواو تێگەیشتووە، لەو کەسانە نییە کە تازە تازە دەستنوێژی خۆشەویستی بۆ پیرەکەیان لە جۆگەلەی ئەوینە ئەوە وە هەڵدەگرن، ئەو جۆرە کەسانە بە سادە و بەوە دەزانێت کە سەرەتاییترین ئامازەیان لە خۆشەویستیەوە لە ناو دونیای سۆفیگەریدا بەسە، ملەجیرێ لە هەندێك شت ناکەن و بەڵگەی گەورەیان بۆ هایلبوونیان بە خۆشەویستی (پیر) پێویستنییە.

ئەم دێڕە جۆرە ئامۆ ئامۆژکاریکردن، یان بە مانایەکی تر ماکێکی سەرزەنشتکردنیشی تێدایە، (مەولەوی) پێیوابووە ئەو بۆ سەلاندنی خۆشەویستی خۆی بۆ پیرەکەی پێویستی بە نامەناردن و نامە وەرگرتن نییە، چونکە هەر لە سەرەتاوە گیرۆدەی ئەو ئەوینە بووە و هەموو بوونی گرتووەتەوە.

---

[٣]- (حەمەکەریم هەورامی)- مەولەوی شاعیری ئازار و خەمە- لاپەرە (٣٢٠)- ٢٠١٢- هەولێر.

نموونەی دەیەم:

١- یاوا پێم نامەی شیرین خیتامەت
دەك دەك نەڕێزۆ سەرپەنجەی خامەت
٢- سیای سورمەی خەت نە دیدەم شانا
بادرەوشەی وەرەق خەمان رفانا
٣- مەرهەم بێ پەی زام نەفعیان گەستەم
دەوا بێ پەی دەرد جەستەکەی خەستەم
٤- تەسکین دا وە نێش نێشەکەی دووری
وە دڵەی سۆچیای ناری مەهجووری
٥- مەگەر خوداوەند کەرەم کەردەوە
تەفرەقەی یاران جەم ئاوەردەوە"[42]

ئەم نامەیە وەڵامێکبووە لە شاعیرەوە بۆ نامەیەکی (شێخ محەممەد بەهائەددین) کە هەواڵی گەڕانەوەی (شێخ عومەر ضیائەددین)ی برای لە سەفەری ئێران داوەتێ، ئەگەرچی بابەتەکە دنیایی و تا رادەیەکی زۆریش ئاسایی بووە، بەڵام لە چەند دێڕێکی شیعرەکەدا شاعیر چووەتەوە ناو بابەتی سۆفیگەری و پەیوەندی نێوان (پیر و مورید).

لە دێڕی (یەکەم)دا شاعیر وتوویەتی: نامەکەت پێمگەیشت کە بە شێوەیەکی زۆر شیرین کوتاییت پێهێنابوو، خوالێخۆشبوو (مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس) لە پەراوێزی دیوانەکەی (مەولەوی) و لە لاپەڕە (٦٩٦)دا نووسیویەتی: (وشەی شیرین خیتامەت ئیشارەتە بۆ ئایەتی ختامە مسك)[43].

لە نیوەدێڕی دووەمدا وتوویەتی: دەك دەستەکانت خۆشبن و سەرپەنجەی خامەت نەڕزێت.

---

[42] - (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- لاپەڕە (٥٩٦، ٥٩٧) انتشارات کردستان.

[43] - سەرچاوەی پێشوو- لاپەڕە- (٥٩٦).

لە دێڕی (دووەم)دا ئەوەی بەرچاوی من کەوتبێت وەها لێکدراوەتەوە گوایا شاعیر وتوویەتی ڕەشایی خەتەکەم وەك کل وەشانده ناو بینایمەوە، من پێموایه ئەم مانادانەوەیە زۆر لە جێی خۆیدا نییە، چونکە ڕەشایی مەرەکەبی نامە پاش ئەوەی وشکدەبێتەوە ئیتر هیچی لێهەڵناوەرێ، هەتاکو بوەشێنرێتە ناو چاوەوە، دیارە ئەو جۆرە مەرەکەبانەی ئێستا هەن، لەو سەردەمەدا کە (مەولەوی) ژیاوە نەبوون، ئەو مەرەکەبانەی ئەوێ ڕۆژێ بۆ ئەوەی بە نامەکەدا بڵاونەبنەوە و زوو وشکببنەوە، دوای نووسینی نامە خۆڵێکی زۆر وردی ڕەش وەشێنراوە بەسەریدا، پاش وشکبوونەوەی مەرەکەبەکە خۆڵەکە تەکێنراوە، من پێموایە مەبەست لەو خۆڵە بووە کە شاعیر وەك سورمە بیوەشێنێتە ناو چاویەوە، خۆ لە شیعری تریدا بە ئاشکرا باسی ئەو خۆڵەی کردووە کە دڵنیایی بە من دەدات مەبەست لەو خۆڵە بووە، هەر بۆ نموونە فەرموویەتی:

دەوات دووی سیاش جە دەم مەخێزۆ

نامە سیاخـــاك وە ســـەر مەڕێزۆ

لێرەدا بە ڕوونی دیارە (سیاخاك) مەبەستی ئەو خۆڵە ڕەشە وردەیە من باسمکرد.

لە دێڕی (سێیەم)دا، شاعیر بە (شێخ محەممەد بەهائەددین)ی وتووە، نامەکەت هەر وەك مەرهەمێکبوو بۆ زامە مارانگازەکانم و دەرمان بوو بۆ برینی جەستەی ماندووی تێکشکاوم.

لە دێڕی (چوارەم)دا هاتووەتە سەر ئەوەی نامەی پیرەکەی ئەوەندە بۆی کاریگەربووە ئێشی زامی دوورییەکەی ئارامکردوەتەوە و ئۆقرەی بەخشیوەتە ئەو دڵەی کە بە ئاگری دووری پیرەکەی سووتاوە.

لە دێڕی (پێنجەم)دا مەگەر هەمیشە خودای گەورە بە بەخشندەیی و لوتفی خۆی دۆستان و یارانی دوور لە یەکتری یەکبخاتەوە، مەبەستی شاعیر تەشریفهێنانەوەی (شێخ عومەر ضیائەددین) و گەڕانەوەیەتی لە سەفەرەکەی ئێران و شادبوونەوەی بە یاران و کەسوکاری.

**نموونەی پانزەم:**

١- نەسیم دووی دەروون چون هەردە جاران
ئیمجار دەر نە كاخ دەماخ یاران
٢- واچە دیم وە چەم دێوانەكەی تۆ
رووش كەردەن نە رووی ئاسانەكەی تۆ
٣- نامەی ئایرین دڵسۆزیت یاوا
بلێسەم وە سای گەردون سەر ساوا
٤- سۆچنا جەستەی زامەتان خەستە
لابەرد تۆزی دەروون دڵەی دەرد گەستە
٥- وەشی و شادی و زەوق پێ ئێمە نیەن
جە دەسمان رشتەی راحەتی شیەن
٦- دۆژمنی فەڵەك پێمان قەدیمەن
جەنیمان مەینەت قەدیم نەدیمەن
٧- مەستی بادەی كەف رۆزگارانیم
بێ هۆشی هیجران قەدیم یارانیم
٨- نە دڵ ئەو دڵەن، نە هۆش ئەو هۆشەن
نە فام ئەو فامەن، نە گۆش ئەو گۆشەن
٩- هەر كاتێ زانای فەڵەك ئەردێ شەند
وێنەی هام جامان، جامان وە جا مەند[15]

وەك لە دیوانەكەیدا هاتووە (مەولەوی) ئەم شیعرەشی هەر لە وەڵامی نامەیەكی (شێخ محەممەد بەهائەددین)دا هۆنیوەتەوە، بە مەبەستی گەیاندنی (بای نەسیم)ی كردووە بە پەیكی نامەبەر، دیارە ئەم جۆرە راسپاردنانەی (بای نەسیم، بای شەماڵ)

---

[15] - (مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- لاپەڕە (٤٨١، ٤٨٢) انتشارات كردستان.

لە ناو شیعری (مەولەوی) و زۆربەی شاعیرانی ترماندا دووبارە بووەتەوە، دوای ئەم دێڕانە دێمەسەر مانادانەوەی پارچە شیعرەکە بەمشێوەی خوارەوە:

لە دێڕەکانی: (یەکەم، دووەم، سێیەم)دا، شاعیر روویکردووەتە بای نەسیم و پێیوتووە: ئەی بای نەسیم ئەمجارەش هەر وەك جارانی پێشوو برۆ، دووگەڵی دەروونم بدە لە کۆشکی دەماخی دۆستان، بڵێ بە چاوی خۆم دۆستە شەیداو دێوانەکەتم بینی، روویکردبووە ئاسانەی تۆ و دەیوت: نامە ئاگرینەکەت کە پڕ لە دڵسۆزی بوو گەیشت، بڵێسەی دەروونمی گەیاندە ئاسمان.

بۆ زیاتر وردبوونەوە لە ناوەرۆکی ئەم سێ دێڕەی سەرەوە و راڤەکردنیان دەڵێم: (مەولەوی) وەك مورێدێکی وابەستە بە پیرەکەیەوە، گەیشتنی نامەکەی (شێخ محەممەد بەهادین) کاریگەری گەورەی رۆحی بەسەریەوە دروستکردووە، بە جۆرێك دەروونی هێناوەتەجۆش، وەك خۆی دەریخستووە دووگەڵی لێهەستاوە و بە کۆشکی دەماخی یاران گەیشتووە، دیارە (دووگەڵ لێهەستان، کۆشك) هیچیان مادی نین و مەبەست لێیان، باری دەروونی مەولەوی و پایەی رۆحی بەرزی پیرەکەیەتی، هەروەها باسی لە خۆشەویستی گەورەی خۆی بۆ پیرەکەی کردووە، بەوەی بە (بای نەسیم)ی وتووە بە پیرەکەی بڵێت بە چاوی خۆم ئاشقە شێت و دێوانەکەی تۆم بینی چاوی ئۆمێدە هیوای لە بارەگا و ئاسانەی تۆ بوو، دەیوت نامە ئاگرین و دڵسۆزانەکەی تۆی پێگەیشتووە بە شێوەیەك ئاگریگرتووە بڵێسەی بە سایەی ئاسمان گەیشتووە.

لە هەردوو دێری (چوارەم، پێنجەم)دا شاعیر وتوویەتی: نامەکە جەستەی نەخۆش و ماندووی ژێر ئەرك و زەحمەتی سووتاندم، توێکڵی دەروونی دڵی بەدەرد گەستراوەمی بە جارێك داماڵی. هەر بۆیە باسی لەوە کردووە هیچ خۆشی و شادی و کەیفێك بۆ ئێمە نییە (مەبەست خۆیەتی)، چونکە رشتەی حەسانەوەمان لەدەستدەرچووە.

لەم دوو دێڕەدا شاعیر لەسەر باسکردنی کاریگەری نامەکەی (شێخ محەممەد بەهائەددین) بەسەریەوە بەردەوامبووە، بەشێوەیەك باسیکردووە، جەستەی نەخۆش و پلیشاوەی ژێر ئەرك و ماندووبوونی ئاگرتێبەرداوە و توێکڵی دەروونی دڵە بە دەرد گەستراوی داماڵیەوە، هەمووومان دەزانین شیعر بەرهەمی خەسڵەتە ئامادییەکانی

مرۆڤە، هەر بۆیە زۆرجار شتی وا دەهێنێتە مەیدان گەر بە پێوەری مادی و زانستی لێیبڕوانین لە دەردوەی ئەو پەیوەرانەدایە، لێرەدا مەولەوی باسی لە (تۆی دەروون، توێکڵی دەروون) کردووە، دەی خۆ هەمووومان دەوانین ئەگەر شتێك توێکڵ، یان توێ توێی هەبێت پێویستە بەرجەستەو بینراو بێت، بەلآم دەروون نابینرێت، هەر بۆیە لە رووی مادی و زانستییەوە نابێت توێکڵ، یان توێی هەبێت، لێردوە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی مەبەست لە رامانینی توێکڵی دەروون مانەوییە نەوەك مادی.

لە دێڕەکانی (شەشەم، حەوتەم، هەشتەم، نۆیەم)دا شاعیر باسی لەوە کردووە، دۆژمنایەتی چەرخی گەردوون لە گەڵماندا زۆر کۆنە، هاوکات مەینەتی پێشینە هاوڕێمانە، مەستی بادەی دەستی رۆژانی رابوردوو، بەدەست دەردی دووری یارانی گۆنمانەوە بە تەواوی بێهۆشین.

نە دڵی ئێستا دڵی جارانە و نەهۆشیشم ئەو هۆشەیە، نە هەمان تێگەیشتنی ئەوسام ماوە و نە هەمان گوێ، هەر ئەوەندەت زانی چەرخی گەردوون زارێکی هلدا، وێنەی هاو رۆحەکانمان شوێنمان بە چۆڵی مایەوە.

لەم چوار دێڕەشدا شاعیر کەوتووەتەوە ناو باس و خواسی گلەیی و گازەندەی لە چەرخی گەردوون، باسی لەوە کردووە دوژمنایەتی نێوانیان زۆر کۆنە و هەرگیز (ئەو- چەرخی گەردوون) بە کامی (ئەم- شاعیر) نەبووە، چونکە پێشتریش هەمیشە مەینەتی هاوڕێی و هاوڕازیبووە، دەردی رۆژانی پێشوو ئەوەندە نازاریداوە بەردەوام وەك مەستی بادەی دەستی دەرد و مەینەتی بووە و لە ئەنجامی دەردی دووری لە یارانییەوە بە تەواوی بێهۆشبووە، نە دڵی توانای ئەشقی ئەوسای ماوە و نە هۆشیشی بە شێوەی ئەوسا جەم و گلێرە، هۆشی کۆنی نەماوە و گوێکانیشی وەك ئەوسا رازەکانی خۆشەویستی نابیستن. خۆی بۆ وەشاندنی زاری چەرخی گەردوون نامادە کردووە لە هەر کاتێکدا بێت، وێنەی هاوڕیانی رێگەی سۆفیگەری شوێن و ماوای ئەمیش بە چۆڵی بمێنێتەوە.

من وای بۆ دەچم شاعیر ئەم پارچە شیعرەی لە سەردەمی پیری و پەککەوتەییدا نووسیوە، ئەگەرچی لە دووتوێی نامەکەی بۆ (شێخ محەممەد بەهادین) باسی لەوە

کردووە دەردی دووری لە پیرەکەی بە جۆرێك ئاگری تێبەرداوە کە قرچەی سووتانی دڵ و دووکەڵی ئاگری جەستەی بە کۆشکی دەماخی یاران و بە سایەی ئاسمان گەیشتوون، بەڵام لەزۆربەی دێڕەکاندا زیاتر بێزاری و بێتاقەتی خۆی باسکردووە و نالەباری باری جەستەیی و دەروونی خستووەتەڕوو، تەنانەت ئەوەشی پێوە دیارە (دڵ، هۆش، فام، گوێ)یشی هیچ کامیان وەك ئەوسا نین، بە جارێك سست و بێکەلکبوون و ئەو گوڕ و تینەی جارانیان نەماوە، هەر بۆیە چاوڕێدەکات کەی چەرخی گەردوون ئەمیش بۆ لای یارانی تری کۆچکردوو ببات کە بارگەیان پێچراوەتەوە و ماوایان چۆلکردووە. بۆیە بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەم دێڕانەی لە بواری سۆفیگەری و پەیوەندی رۆحیدا ناگەنە هەندێك پارچەی تر کە لە لاپەڕەکانی پێشتری ئەم بابەتەدا قسەیان لێوەکراوە.

بەر لەوەی بێمە سەر کۆتایی ئەم بابەتە باس لەوە دەکەم، هەندێك کەس لە ئەنجامی ناشارەزاییان، یان بە دەستی مەبەست قسەیان لەوە کردووە و تا ئێستاش ئەم قسانە بە جۆرێك لە جۆرەکان دەکرێن، گوایا هەر لە دوای کۆچی دوایی (شێخ عوسمان سیراجەددین)، پاش ئەوەی لە سەر وەسیەتی باوکیان هەریەك لە: (شێخ محەممەد بەهائەددین و شێخ عەبدولڕەحمان ئەبوئەلوەفا)ی برای ئەرکی ڕێنمایی و پەروەردەکردنی موریدەکانیان گرتووەتە ئەستۆ[٦]، جۆرە دڵساردییەك لە نێوان (شێخ محەممەد بەهائەددین و شێخ عومەر ضیائەددین)دا دروستبووە، هەر ئەوەش بووە بە هۆکاری کۆچکردنی (شێخ عومەر ضیائەددین) بۆ بیارە. ئیتر لە سەر بنەمای ئەو

---

[٦] - وەك لە سەرچاوەکاندا هاتووە، (شێخ عوسمانی سیراجەددین)، لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا گرفتاری نەخۆشی ئیفلیجی بووە، هەر لەو کاتەوە ئیتر کاروباری ڕێنموونیکردنی موسڵمانانی زیاتر بە کوڕەکانی هەریەك لە: (شێخ محەممەد بەهائەددین و شێخ عەبدولڕەحمان ئەبوئەلوەفا) سپاردووە، لە شەوی سیانزەی (شەشەلان- شەوال)ی ساڵی (١٢٨٣ك) لە تەمەنی (٨٨) ساڵیدا کۆچی دواییکردووە.

بڕوانە: (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- یادی مەردان- بەرگی دووەم- لاپەڕە (٢٥)- بەغداد- ١٩٨٢ز.

دڵساردییە ناکۆکی لە نێوان موریدەکانیشیاندا درووستبووە و (مەولەوی)یش دەخەنە ناو چوارچێوەی ئەو ناکۆکییەوە.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە کەسانە دەڵێم: ئەوانەیان بە ناشارەزایی ئەو جۆرە قسانەیان کردووە و هەن تا ئێستاش ئەو قسانە دەجوونەوە و لە لێدانەوەی ئەو قەوانە سواوە بەردەوامن، ئەوە هەق وایە زیاتر بە مێژووی ڕێوڕەچەی نەقشبەندی و مێژووی ژیان و ئاکاری شێخەکانی نەقشبەندی هەورامان و گەورە موریدەکانیاندا بچنەوە کە یەکێك لە کارە سەرەکییەکانیان بەرهەمهێنانی خۆشەویستی و برایەتی بووە ، ئەوەك هەر لە نێوان خۆیان و لە گەڵ خەڵکانی دوروو‌بەریان، بەڵکو لە ناو خەڵکیدا بەگشتی و هەربەو ئاکارەشدا کاریانکردووە.

ئەوانەش بە دەستی مەبەست و بۆ مەرامی تایبەتیان ئەم قسانەیان کردووە، لێرەدا دەڵێین: ڕاستە (مەولەوی) پەیوەندی ڕۆحی بە (شێخ عومەر ضیائەددین)ەوە نەبووە، بەڵام زۆر بە خۆشەویستی و ڕێزێکی بەرامبەر لە نێوانیاندا هەبووە و هەرگیز لە تەك یەکتردا ناکۆکنەبوون، بۆ سەلماندنی ئەمە دەچینە ناو شیعرەکانی (مەولەوی)، بزانین چۆن لە نامەیەکی شیعریدا ئەو جۆرە قسانەی بەدرۆخستووەتەوە و خۆشەویستی و ڕێزی گەورەی بۆ (شێخ عومەر ضیائەددین) دەربڕیوە، وەك فەرموویەتی:

ناوەری وەدڵ ماوەروو ئەدڵ
من جە مەیلی تۆ لادێ بوو غافڵ
وە دیدەی مەخموور شیرین تەرزی تر
وە ئەشنەی شێوەی باڵای بەرزی تۆ
نە شێخ، نە مەلا، نە قازی رووی شەرع
نە سۆفی و عابید ئەهلی تەقواو وەرع
نیەن داخی تۆش نەبۆن نە تۆی دڵ
موشکڵەن ئازیز جەمین پەڕەی گوڵ
وە تیری تانەی رەقیبی دڵ سەنگ

بینـــایی دیـدەم خـــاتر مەکـــەر تـــەنگ
نـــاریْ واجبـــەن تانـــەی بـــەدکاران
پـــەی گـــەرمی بـــازار عەشـــقی دڵـــداران
نەسـیوی هەرکـــەس موبتـــەلای یـــارەن
زۆلانـــەی زنجـــیر قـــەتڵی ســـێدارەن[٤٢]

هەرچەند ئەم دێڕانە مەبەستی بابەتەکەی من نین، بەلام بە پێمباشبوو وەك نموونە بۆ رێزو خۆشەویستی (مەولەوی) بەرامبەر حەزرەتی (شێخ عومەر ضیائەددین) بیاننووسمەوە، بۆیە پێویست بە مانادانەوە و قسەکردنی دێڕ بە دێڕ لە سەریان ناکات، بەلام باشترە بە شێوەیەکی گشتی مانایان بدەمەوە، هەتاکو ئەو خوێنەرانەی کە هەورامی تێناگەن باشتر لێیان تێبگەن و مەبەستەکەیان بە لاوە روونتربێت.

١- لەم پارچە شیعرەدا مەولەوی بە (شێخ عومەر ضیائەددین)ی وتووە: ئازیزەکەم ئەکەی هەرگیز ئەوە بێت بە دڵتدا، وەك ئەوەی کە بە دڵی مندا هات، تەنانەت بۆ تاوێکیش من لە خۆشەویستی تۆ غافڵ و بێئاگابم، سوێندبێت بە دیدەی شیرین و بەژن و باڵای جوان و بەرزی تۆ، هیچ شێخ و مەلاو قازی و خوداپەرستێك نییە کە بتناسێت و خۆشەویستی تۆ لە دڵیدا نەبێت و رەحمەتە شتێکی وەها هەبێت.

٢- هەرگیز باوەڕ بە قسەی کەسانی بەدگۆ و ناحەز نەکەیت بەشێوەیەك باسی من بکەن گوایا کەسێکی بێوەفام بەرامبەر بە تۆ، چونکە ئەوان بێبەزەیین و دڵیان وەك بەرد رەقە، ئەگەرچی هەندێکجار قسەوقسەلۆکی بەدکاران زیاتر بازاری خۆشەویستی گەرمدەکات، بەلام هەرکەس گرفتاری خۆشەویستی یارەکەی بێت گوا باکی بەم قسەوقسەلۆکانە هەیە؟

دیارە لەم دێڕانەدا (مەولەوی) زۆر بە باشی دەمی ئەو کەسانەی گرتاوە کورد واتەنی (لە باخەڵی خۆیانەوە گوێزی باخەڵی خەڵك دەژمێرن)، لەو سەردەمەشدا هەمیشە

---

[٤٢] - (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس)- دیوانی مەولەوی- لاپەڕە (٤٨٦) انتشارات کردستان.

به بەدگۆیی و قسەی ناحەزانە و هەوڵدانیان بۆ نانەوەی بشێوی، ویستویانە دۆخێك لە دڕدۆنگی و بێمتمانەی لە نێوان بنەماڵی شێخەکان، هەروەها موریدەکانیاندا دروستبکەن، دیارە لەوەشدا مەبەستیان خۆبردنە پێشەوە و ریاکاری و بەدەستهێنانی بەرژەوەندی تایبەتبووە.

خۆ ئاشکرایە ئەو جۆرە کردارانە زۆر بە دونیای سۆفیگەری و جوانییەکانی ئەو دونیایە نامۆن، ئەوانە (سۆفی) راستەقینە نەبوون و هیچ لە دونیا جوان و بێگەردەکەی سۆفیگەری راستەقینە تێنەگەیشتوون، کە لەسەر بنەمای پاکی و خۆشەویستی و پەروەردەکردنی رۆح، هەروەها دوورکەوتنەوە لە هەوای نەفس و خاشاکی بە مرۆڤبوون دامەزراوە.

باشترین بەڵگە بۆ راستی ئەم قسانەی من دەقی ئەم نامەیە کە لە لایەن (شێخ حیسامەددین و شێخ عەلائەددین) مۆرو واژۆکراوە، تیایدا هاتووە: ئەگەر خاتری ئێمەی هەژار و بەختیاری دین و دونیا رەچاودەکەن، دەبێ لەمەولا بێ رق و کینە و بێ دڵپیسی و دووریگرتن لە یەکتر، خەریکی خواپەرستیبن و لە بەجێهێنانی ئەرکە دیاریکراوەکانی رێبازەکەدا، هەوڵ و کۆششبکەن و چاوچنۆکی و کینە بەرامبەر براکانی دیکە نەگرنەبەر، لە هەر جێ و رێگایەکدا رووبەڕووی خوازیارانی رێبازەکە بوونەوە، لەو پەڕی هۆگری و نیازپاکیدا هاوڕێیەتییانبکەن، چونکە گەورە پیرانی ئەم رێبازە فەرموویانە: رێگای ئێمە هەمووی ئەدەبە، دیسانەوە فەرموویانە: رێگای ئێمە هەمووی هاوڕێیەتییە، هەروەها فەرموویانە:

جان گرگان و سگان از هم جداست


متصل جـانهای مردان خـداست.

بۆیە پێویستە بە پێی شەریعەتی رۆشن و ئاداب و رێوڕەسمی تەریقەتی پیرانی دڵپاك خەریکبن و هاتوچۆی خەتم و تەهلیلەی یەکتربکەن[58]. (نامەکە درێژترە و هەر ئەمەندەی بە پێویست زانرا بنووسرێتەوە).

---

[58]- ( ئەمیروەزیری) — نەقشبەندی لە کوردستان- وەرگێڕانی لە فارسییەوە (عەلی میرزا عارف هەورامی)- چاپی یەکەم- لاپەڕە (٢٥٦، ٢٥٧)- چاپخانەی کارۆ- ٢٠١٢.

ئەمەش وێنەی نامەکەیە:



لێرەدا پێویستە بە خوێنەرانی بەڕێز بڵێم: ئەو پارچە و دێڕە شیعرانەی (مەولەوی) سەبارەت بە پەیوەندی رۆحی بە پیرەکانییەوە شێخەکانی نەقشبەندی هەورامان، بە تایبەت (شێخ عوسمان سیراجەددین و شێخ محەممەد بەهائەددین) نووسراون زۆر لەمانە زیاترن، من تەنها ئەوەندەی بۆ بابەتەکانی ئەم کتێبە پێویستبن نموونەم لێیان هێناوەتەوە، بۆیە ئەمانە هەموو شیعرەکانی نین لەم بوارەدا، هەیانن لە بابەتی تری ئەم کتێبەدا قسەم لێوەکردوون، هەشیانن هەر نەمنووسیونەتەوە و قسەم لێیاننەکردووە، چونکە من وەك پێشتریش وتوومە: لەم کتێبەدا مەبەستم راڤەکردنی هەموو پارچەو دێڕە شیعرەکانی (مەولەوی) نییە و تەنها بە ئاکاری نموونەوەرگرتن بۆ روونکردنەوەی بابەتەکان کاردەکەم.

# مەولەوی و عەنبەر خاتوون

# مەولەوی و عەنبەر خاتوون

مەولەوی هەر وەك هەموو کەسێکی تر لە ژیانی ئاساییدا حەزی لە ژنهێنان و خێزان پێکەوەنان کردووە، لە هەندێك قسەوباسی ناو سەرچاوەکان ئەم بابەتە خراوەتەڕوو، باس لەوەکراوە دڵی چووەتەسەر خۆشەویستی (لەیلێ کچی خوسرەو چاوەش) کە خوشکی (کاکە ئەحمەد بریسی[1]) هاوڕێ و هاوموریدی بووە، بەر لەوەی داوایبکات شوویکردووە بە ئامۆزایەکی خۆی بەناوی (ئەحمەد کوڕی عەلی چاوەش)، دوای شووکردنی (مەولەوی) ویستوویەتی داوای (بەییجێ کچی عەلی چاوەش) و ئامۆزای (کاکە ئەحمەد بریسی) بکات. لەمبارەوە لە نامەیەکدا بۆ هاوڕێکەی دێڕە شعرێکی بە شێوە ئاخاوتنی ئەو کاتەی خەڵکی ناوچەکەی نووسیوە:

قسەیێ ئەکەم وە ڕێی و جێ وێ

کە لەیلێ نەبوو، با بەییجێ وێ[2]

لەم دێڕە شیعرەدا (مەولەوی) وتوویەتی: پێشتر ویستوویەتی داوای (لەیلێ) بکات، بەڵام ئەوەی بۆ ڕێکنەکەوتووە، ئێستا داوای (بەییجێ) دەکات.

---

[1] - (کاکە ئەحمەدی برسیی): یەکێکە لە شاعیرە گەورەکانی گەلەکەمان، دەستێکی باڵای لە شیعری عیرفانیدا هەبووە، هاوزەمانی (حەزرەتی مەولەوی) بووە و یەکێك بووە لە موریدەکانی (حەزرەتی شێخ عوسمانی سیراجودین- شێخ عوسمانی تەوێڵە)، لەبەرئەوەی ئەویندارێکی گەورە وتواوەی ناو(عیشقی خودایی) بووە زۆرجار چووەتە (دۆخی جەزبە)وە بە ڕادەیەك بە (کاکە ئەحمەدی مەجذوب) ناسراو بووە، دەربارەی پایەی (کاکە ئەحمەدی بریسی) لە دینداری و سۆفیگەریدا (مەولەوی) فەرموویەتی:

بڕیا وە باڵای کاڵای ڕەبیسی - (رجال الغیب)ە ئەحمەد بریسی

(ئەیوب ڕۆستەم)- هەگبەو هەوارگە- لاپەڕە (١٠١).

[2] - (مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس)- لە دیوانی (مەولەوی)دا نووسیویەتی «لەیلێ و بەییجێ هەردووکیان کچی خوسرەوچاوەش بوون، بەڵام لە یادی مەردان- بەرگی دووەم- دا نووسیویەتی: ئامۆزای یەکتری بوون.

بڕوانە: دیوانی مەولەوی- لاپەڕە (٣٩٢)- انتشارات کردستان-

یادی مەردان –بەرگی دووەم- لاپەڕە- (٤٨٩)- ١٩٨٣.

(کاکە ئەحمەد پریسی) زۆرباش لە داواکەی مەولەویّ تێگەیشتووە، بە دێڕە شعرێکی بەهێزتر وەڵامی شاعیری داوەتەوە و وتوویەتی:

قســــەیێ ئەکەی بێ رێو جێ وێ

تۆ کە مەجنوونی چۆن بەبیجیّ وێ.

دیارە کاکە ئەحمەدی پریسی مەبەستی ئەوە بووە بە (مەولەوی) بڵێت، ئەگەر راستدەگەیت و تۆ (لەیلیّ)ت خۆشویستووە، چۆن ئێستا دڵت دەگۆڕیت و بە (بەبیجیّ) ڤایلدمبیت؟؟

لەم دێڕەدا (کاك ئەحمەدی پریسی) وەڵامێکی زۆر وردو جوانی (مەولەوی) داوەتەوە و ئامادەی بۆ داستانی خۆشەویستییەکەی نێوان (لەیلاو مەجنوون)ی کردووە، وتوویەتی: نابێت مەجنوونی شەیدای لەیلا بە خۆشەویستی کەسێکی تر رازیبێت، دیارە (بەبیجیّ) شوویکردووە بە (شێخ عەبدولڕەحمان ئەبولوەفا کوڕی شێخ عوسمان سیراجەددین).

پێشتر لە کورتە پەیڤەکانی سەرەتادا باسم لەوەکرد ئەو ئەفغانییانەی هاتووچۆی تەوێڵەو (شێخی سیرجەددین)یان کردووە، هەر لە سەردەمی هەڤێیەتی (مەولەوی)یەوە ناسیویانە و خۆشیانویستووە، چوونکە سیماو رەوشتی پیاوی زاناو دیندارو خوداپەرستی راستەقینەیان تێدا بەدیکردووە، یەکێك لە ئەفغانییەکان بە ناوی (ئەکرەم) لە ناو ئەوانەیاندا لە وڵاتی خۆیانەوە کۆچیانکردووە و کەوتوونەتە ناوچەکانی قەڵمڕەوی میرایەتی بابان، لە هەموویان دیارترو ناسراوتربووە، مەولەوی هاوسەرگیری لە گەڵ (عەنبەر خاتوون)ی خوشکیدا کردووە و بە درێژایی ژیانیشی هەر ئەو ژنەی هێناوە.

قسەکردن سەبارەت بە خۆشەویستی و پێکەوەژیانی (مەولەوی و عەنبەر خاتوون)، پڕە لە رازو گێڕانەوەی خۆش و ناخۆش و شیرین و تاڵ، ئەوان وەك ژن و مێرد هەمیشە هەوڵیانداوە لە دیوە خۆش و شیرینەکەی ژیانیان بەهرەمەندبن، بەڵام خۆ رۆژگاریش لەو رووداوانە خاڵی نەبووە کە هەر لە سەردەمی پێکەوەژیانیشیاندا دیوە ناخۆش و تاڵەکەی ژیان ببینن و بچێژن، لە لایەکەوە سەختی ژیانی ئەو سەردەمە و

دەستکورتی مەولەوی لە دابینکردنی گوزەرانێکی باش شایانی کەسێکی زاناو شاعیر و کەسێتی ناسراوی وەك ئەو بێت، لە لایەکی تریشەوە ئێش و ئازاری جگەرسووتان و لە دەستدانی منداڵ، ئەو هۆکارانە بوون لە ژیانی خێزانی (مەولەوی)دا ئازاربەخشبوون.

ئەو خۆشەویستییەی لە نێوان (مەولەوی و عەنبەر خاتوون)دا بووە، ئاسان نییە کەس بتوانێت گەورەیی و کاریگەری لە ماوەی ژیانیاندا وەك پێویست باسبکات، بۆ ئەوەی باش لە گەورەیی خۆشەویستییەکەیان تێبگەین و بزانین چەندە ئاسوودەیکردوون، ئەوە هەر شیعرەکانی (مەولەوی)ن دەتوانن بێ گرێ و گۆڵ ئەم راستییەمان بدەنێ. ئەو پارچە شیعرانەی بۆ مەرگی (عەنبەر خاتوون) وتوونی، بە ئاشکرا ئەوەمان بۆ دەسەلێنن مەرگی ناوبراو چی بە شاعیر کردووە، چۆن ئاگری لە دڵ و هەناوی بەرداوە و لە پەلوپۆی خستووە، لە شیعرەکانیدا (مەولەوی) بە دڵێکی زامدار بە ئازاری دابڕان و ئائارامی دەروون و کرۆشتنی مێشکیەوە، شیوەنی گەرمی بۆ هاوسەرە خۆشەویستەکەی کردووە.

بەم شیعرانەیدا دەردەکەوێت (عەنبەر خاتوون) زۆر بەباشی هەڵسوکەوتی لە گەڵ شاعیردا کردووە، زانیویەتی پێداویستی کەسێکی وەك (مەولەوی) زاناو داناو شاعرو سۆفی چین بۆ ئەوەی بتوانێت ژیانێکی ئاسوودە بگوزەرێنێت، بەرامبەر بەو هەموو خۆشەویستی و دڵسۆزییەی (عەنبەر خاتوون)یش، شاعیر خۆشەویستییەکی زۆر جوان و پاك و قوڵیدەر بە راگرتنی ئەرزشە ئینسانییەکان و رێزلێگرتنێکی زۆر بۆ هاوسەرەکەی رەفتاریکردووە، من لێرەدا چەند پارچە شعرێکی (مەولەوی) بە نموونە دەهێنمەوە کە هەموویان شیوەنن بۆ هاوسەرەکەی، دیسان ئەوە دەڵێم: مەرج نییە هەموو دێڕەکانیش بنووسمەوە، بەڵکو تەنها ئەوانەیانم مەبەستن بۆ باسەکەم جێدەگرن.

*- نموونەی یەکەم:

١- ئیمسالْ نەوەهار چون خەزانی سەرد
بەرگی وەردی باغ (مەعدووم) بەرد پەی هەرد

٢- مشیۆ تاڵەی من خیلاف ئەنگێز بۆ
وەرنە، گەی؟ کێ دی؟ وەهار گوڵ ڕێز بۆ

٣- دڵ وە گیج بازی چەپکەرد بازیش کەرد
جفت ئارەزووگەرد، چەپگەرد تاك ئاوەرد

٤- بۆی (عەنبەر) نە تۆی دەماخم دوور کەرد
فرسەتش ئاوەرد هەوای وەبای دەرد

٥- نەیچی وە بێ بەزم یارانی جانی
کام سەفای مەندەن پەی زیندەگانی؟

٦- چون مەزاق تاڵەن جە گردین لاوە
بۆ وە شیرینی یەك دوو نەواوە

٧- یەکێ یەکجاری تاونۆمەوە
ئەو یەك لاونۆم، یاونۆمەوە[٣]

بەر لەوەی بچمەسەر مانادانەوەی شیعرەکان، ئەو خەمەی نووسەر (هەمایۆن صاحب)م کەوتەوەیاد کە لە کتێبی (شەریعەتی مەیل- بەرگی یەکەم)دا دەریبڕیوە، ناوبراو نووسیویەتی: (بەداخەوە نازانم تا ئێستا بۆ قەبری عەنبەر خاتوون بەشایستەیی دیارینەکراوە، هەر لە درێژەی نووسینەکەیدا هاتووە من بەو هەستە چەند جارێك لە سەر مەزاری مەولەوی سووڕاومەتەوە و بە دڵ خواستوومە یەکێك لە قەبرە نزیکەکان گۆڕی یاری مەولەوی بووبێت[٤]).

---

[٣] - (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- لاپەڕە (٧٤، ٧٥)- انتشارات کردستان.

[٤] - (هەمایۆن صاحب کەریم)- شەریعەتی مەیل- بەرگی یەکەم- لاپەڕە (١٢٩)- لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان.

منیش لێرەدا دەڵێم ئەو خەمەی (هەمایۆن) خەمی ئێمەو مانانیشە کە سەوداسەری خۆشەویستی شیعرەکانی (مەولەوی)ن، بەش بە حالی خۆم سەرەڕای ئەوەی چەندجارێك سەردانی گۆڕستانی (ئەسحابە)م کردووە کە مەزاری ئەم شاعیرەی تێدایە، لەو شوێنانەش تێیایدا نیشتەجێبووە وەك: (چرۆستانە، گوندە، بیاوێڵە، گانی گەوەی شەمێران، وڵۆمر) بەر لە گەڕانەوەی یەکجاری بۆ سەرشاتە، سۆراخی قەبری (عەنبەر)م کردووە، خۆ دڵنیاش بووم لەوەی (عەنبەر خاتوون) لە (سەرشاتە) کۆچی دواییکردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی مەبەستمبووە بزانم لە کامە گۆڕستان بە خاکسپێردراوە هەر پرسیارمکردووە، هەروەها چەند جارێك لە (سەید ئەورەحمانی تاوەگۆزی) و خەڵکانی تری خوێندەوارو دیاری تیرەی (تاوەگۆزی)م پرسیوە، بەڵام وەڵامەکان هەمیشە نائومێدیانکردووم بەوەی وتوویانە ئەوانیش هیچی لێنازانن.

ئەو راڤانەی سەبارەت بۆ ئەم شیعرە کراون و لەبەردەستی مندان، هەندێکیان تا رادەیەك رواڵەتییانە لێیانیان روانیوە، هەشیانن زۆر باش بۆی چوون، وا منیش بە پێی شارەزایی خۆم لێکدانەوەی بۆ دەکەم.

لە دێڕی (یەکەم)دا بە ئاشکرا دیارە مردنی (عەنبەر خاتوون) لە وەرزی بەهارو لەو کاتەدا بووە ناوچەی تاوەگۆزی بە فەرشی سەوزەگیا و چەندین گوڵ و گوڵاڵەی جوان دەرازێنێتەوە، ئیتر زەویش وەك ئاسمان رەنگە جوانەکانی دیمەنی (پلووسکە بارانێ-فەوس و فەزەح) بەخۆیەوەدەگرێت. کەچی بۆ شاعیر بووەتە خەزانێکی سارد و گەڵای گوڵی باخی (مەولەوی) وەراندووە و راپێچی کێو و هەردی کردووە. مەبەست لە (گەڵا) تەمەن و مەستیش لە (گوڵ) هاوسەرەکەیەتی، دیارە ئەوە لە ناو ئەدەبیاتی ئێمەدا زۆرباوە بۆ مردن، وەرینی گەڵای تەمەن بەکاردەهێنرێت و (گوڵ)یش بۆ خۆشەویست و دەربڕینی خۆشەویستی بەکاردێت، کەسمان نییە لە ژیانماندا چەندینجار بەو کەسانەی خۆشماندەوێت دەستەواژەی (گوڵ)مان بەکارنەهێنابێت.

لێرەدا دوو دێڕە شیعری (مەستوورەی کوردستانی) لە یەکێك لە شیوەنە گەرمەکانی بۆ مەرگی هاوسەرەکەی (خوسرەو خانی ناکام) دەنووسمەوە، وەك نموونەیەك لە ناو ئەدەبی ئێمە سەبارەت بە تێڕوانین بۆ گوڵ و بەهار لە کاتی لە دەستدانی ئازیزاندا.

خوسرەوم وەهار، خوسرەوم وەهار
یا شا نەیۆوە ، ئیمساڵ ئەو وەهار
بەر نەیان وە بەر گوڵان جە گوڵزار
نەکەرۆ درەخت شکۆفە ئیظهار[5]

مەبەستی (مەستوورە) ئەوە بووە مادام خوسرەوخانی مێردی مردووە، خوایا بەهار نەیەتەوە و گوڵەکان لە گوڵزار سەردەرنەهێنن، درەختەکانیش گۆپکە دەرنەکەن.

لە دێڕی (دووەم)دا مەولەوی باسی لە بەدبەختی خۆی کردووەوە بەوەی وتوویەتی: ئەوە بەدبەختی منە تەنانەت پێچەوانەی یاساکانی سروشتیشە، ئەگینا لە چە کاتێکدا و کێ بینیویەتی وەرزی بەهار وەرزی وەرین و خەزانکردنی گوڵەکان بێت.

لێرەدا مەبەستی (مەولەوی) ئەوەیە هەرچەندە وەرزی بەهار وەرزی گوڵ و جوانییە، بەڵام بە ئەو چی کە (گوڵ)ی خەزانیکردووە و کەوتووەتە سەر زەوی.

لە دێڕی (سێیەم)دا باسی (چەپگەرد)ی کردووە کە مەبەستی چەرخی گەردوونە، زۆر بە سەلیقەیەکی ورد وتوویەتی: لە گەڵ چەپگەرددا گرەوەی (تاکمان جووت)ی کردووە، بەڵام دۆڕاندوویەتی، چونکە لە کاتێکدا ئەم گرەوی لەسەر جووت کردووە، ئەو بە (دەۆ- گزی) لێیبردووەتەوە و ئیتر تاکی هێناوە، بە واتا ئەم ویستوویەتی لە تەك هاوسەرەکەیدا بە جووتە پێکەوە بژین ، کەچی ئەو راپێچی مردن بووە و شاعیر بە تەنیا ماوەتەوە.

دەکرێ لێرەدا بیرمان بە لای ئەوەشدا بچێت (مەولەوی)، وەك کەسێکی دونیادیدە لێرە ئاماژەیەکی بە یاری (تاوڵە) و هێنانی تاك و جووتی ئەو یارییەی کردبێت، دیارە ئەوانەی ئەم یارییە دەکەن هەتاکو بتوانن لە یارییەکەدا براوەبن، لە کاتی هەڵدانی (زار) زۆرجار ئارەزووی هێنانی جووت دەکەن.

لە دێڕی (چوارەم)دا بەر لەوەی بڕۆمە سەر ماناداناەوەی دێڕەکە وەك ئەوەی مەبەستی (مەولەوی)یە، باس لەوە دەکەم وشەی (عەنبەر) لە ناو رۆشنبیری ئێمەدا

---

[5]- (صدیق بۆرەکەیی)- مێژووی وێژەی کوردی- بەرگی یەکەم- لاپەرە (٥١٢)- چاپخانە- چهر تبریز.

بۆ بۆنی خۆش و بۆ مانای تریش بەکارهاتووە، لەم بوارەدا دەوترێت (بۆی عەنبەرین، عەنبەرین بۆ)، هەمووشمان بیستومانە جۆرێك لە برنجی بۆنخۆش هەیە (عەنبەر بۆ)ی پێدەوترێت، بۆ بەکارهێنانیشی بە مانای تر، وەك: (خاڵ شیرین، خاڵ جوان) ئەوە دەستەواژەی (عەنبەرین خاڵ) هاتووە، بەڵگەشمان ئەم دێڕەی (وەلی دیوانە) کە پەرەمێردی ئەمر هێناویەتە سەرشێوازی گۆکردنی خەڵکی سلێمانی و دەوروبەری تیایدا شاعیر وتوویەتی:

ئەی عەنبەرین خاڵ، سۆسەنی کلاف

ئەی رووناکایی رەشماڵانی جاف

هەروەها ئەم وشە بۆ ئەو ماکە چەورو خۆڵەمێشی رەنگە لە گەدە، یان لە ریخۆڵەی جۆری ماسی بە ناو (کاشالووت)دا هەیە بەکارهاتووە[٦].

ئینجا دێمە سەر ماناداناوەی دێڕە شیعرەکە، بۆ ئەوەش دەبێت بگەڕێمەوە بۆ کرداری چەپکەرد لە دێڕی پێشوودا کە (مەولەوی) لە خۆشەویستەکەی تاککردووەتەوە، ئەو تاککردنەوەی بۆن و بەرامەی خۆشی (عەنبەری) لە دووتوێی (دەماخ)یدا دوورخستووەتەوە، دیارە مرۆڤ هەم بۆنی خۆش و هەم ناخۆشیش لە رێی هەستی بۆنکردنەوە دەکات، بەڵام هەردووکیان کار لە (دەماخ)ی دەکەن و بەرامبەریان کاردانەوەی هەیە، ئەوەتا بەبۆنی خۆش سەرمەست و هەندێکجار دەماخ چاخدەبێت، بە بۆنی ناخۆشیش پەقدەکاتەوە و زۆر جار تفیش رۆدەکاتە سەر زەوی، وشەی (پەع) بەرامبەر بەو بۆنە ناخۆشە بەکاردەهێنێت. دیارە (دەماخ) وشەیەکی عەرەبیە و کوردییەکەی دەبێت بە (مێشك)، بەڵام لە هەندێك دێڕە شیعر و لە قسەکردنیش لە هەندێك ناوچەی کوردستاندا بۆ مانای تریش بەکارهێنراوە، وەك: (هەستی بۆنکردن، تەندروتی باش...هتد)، هەر بۆ نموونە بۆ بەکارهێنانی وەك هەستی بۆنکردن، شاعیری زمانشیرینی هەورامان (حەمەخان مستەفا بەگ هانەگەرمەڵەیی) وتوویەتی:

---

[٦]- (حەکیم مەلا ساڵح)- مەولەوی و تەفینەوەی زمان- چاپی یەکەم- لاپەڕە (٤٠)- هەولێر ٢٠٠٨.

لـوام ئـۆ سـەرگەڵ شـای شـاهانی گـۆ
داش وە دەمــاخم تێکـەڵ هـەزار بـۆ
داش وە دەمــاخم سـۆزەی هـەوای سـەرد
سـێرانی شـەوبۆ مـن چـنوورم گـەرد[٢]

مەبەستی شاعیر لەم دوو دێڕە کە لە ناو پارچە شیعرێکی درێژی (٣٨) دێڕی دایە، باسی ڕۆیشتنی بۆ کوێستانە خۆشەکانی (خوڕ خوڕە و پێنجاوپێنجەکانی شاخی ژاڵانە و نوەیچەڕ)ی کردووە بە مەبەستی سەیران و ڕاوکردن، بەو مانایە دێت، بۆنی خۆشی چنوور و شەوبۆ لەتەک گزەی هەوای سارد داویانە بە دەماخیدا.
هەروەها بۆ مەبەستی بەکارهێنانیشی وەکو (تەندروستی باش) چەندینجار لە هەوراماندا بیستوومە و ئێستاش دووبارەدەبێتەوە، بۆ کەسێک تەندروستی باشبێت، دەڵێن: (دەماخا).
شاعیر مەبەستی ئەوە بووە، بۆنی پیسی (وەبا) فرسەتیهێناوە لێی، بۆنی خۆشی (عەنبەر)ی لێ دوورخستووەتەوە. لە هەندێک ڕاڤەدا وشەی (وەبا) بە تاعوون لێکدراوەتەوە، نووسەرەکانیان بۆ ئەوە چوون (عەنبەر) بە تاعوون مردبێت، منیش دەڵێم: لەو سەردەمەدا بۆ زۆربەی نەخۆشییە درمی و ترسناکەکان، وەک: (تاعوون، ناوڵە، چاوەقووڵە= کۆلێرا) وشەی وەبا بەکارهاتووە، تەنیا بەکارهێنانی وشەی (وەبا) نابێتە بەڵگە بۆ ئەوەی (عەنبەر خاتوون) بە نەخۆشی تاعوون مردبێت، دیارە کە تاعوون بڵاوبووەتەوە زۆر بە خێرایی دروێنەی خەڵکی کردووە و زۆر پێنزی بە تەواوی کوێرکردوونەتەوە و هەندێک ئاوەدانی کردوون بە وێرانەیەکی تەواو، بۆیە ئەقڵ نایگرێت ئەو نەخۆشییە تووشی (عەنبەر خاتوون) هاتبێت و لە ناو خێزانەکەیان و گوندەکەیاندا تەنها ئەوی کوشتبێت. کەواتە دەچم بۆ ئەوەی (مەولەوی) هەر بۆ لێکچواندنی نەخۆشییەکە لە شیعرەکەدا بای (وەبا)ی بەکارهێنابێت.

---
[٢]- (ئەیوب ڕۆستەم)- هەورامان- بەرگی یەکەم و دووەم- چاپی دووەم- لاپەڕە (٦٣٦)- ٢٠٠٨- سلێمانی.

لە دێڕی (پێنجەم و شەشەم و حەوتەم)دا کە دڵنیام لەوەی لێکدانەوەیان بەسەر یەکەوە زیاتر مانادار و سوود مەندە، چونکە پەیوەندییەکی تەواو جەدەلییانە لە نێوانیاندا هەیە، ئەگەر بە شێوەیەکی رواڵەتییانە لێکدانەوەیان بۆ بکرێت، دەبێت بوترێت (شاعیر) باسی لەوە کردووە، بە بە بێ بەزم و رەزم و کۆڕی رابواردن و کەیف و خۆشی لە گەڵ یاران، دیارە لە سەرووی هەمووشیانەوە (عەنبەرخاتوون) دێت، ئیتر کوا خۆشی و شادییەك هەیە بۆ بەردەوامی ژیان. چونکە لە هەموولایەکەوە تەنیا و تەنیا تام و چێژی تاڵی هەیە و بە (ئەیچی= شمشاڵژەن)ی وتووە: لەم بارودۆخەدا بە ژەنینی یەك دوو ئاواز وەرە بە هانامەوە، یا یەکێکیان بمتوێنێتەوە و ئەویتریشیان بملاوێنێتەوە و بمگەیەنێتەوە.

تا ئێرە مانا رواڵەتییەکانی ئەم سێ دێڕەیە، بەڵام کرۆکی ماناکانیان بە جۆرێکی ترە و (مەولەوی) تیایاندا بابەتی زۆر گەورە و گرنگی پێوتووین، دەوێرم ئەوەش بڵێم: هێزی پارچە شیعرەکەی لەم سێ دێڕەدا گەیشتووەتە ترۆپك و بە تەواوی دەرکەوتووە، دێڕەکانی پێشوو ئەگەرچی زۆر مانادارن، بەڵام وەك دەستپێك و چوونە ناوەوەی ناوەرۆکی دەقەکە دێنەپێشچاو.

بەر لەوەی بچمە سەر مانادانەوەی دێڕەکان بە باشی دەزانم چەند دێڕێك لە تێڕوانینی (کۆنفۆشیوس) دانای گەورەی چینی سەبارەت بە گرنگی مۆزیك لە رۆحی مرۆڤدا بخەمەڕوو، ناوبراو وتوویەتی: دونیای دەرەوەی مرۆڤ کاردەکاتە سەر دڵ و سۆزەکانی ئەو کارکردنە دەبێتە مۆزیك، کەواتە مۆزیك لە دڵ و ویژدانی مرۆڤەوە سەرچاوەدەگرێت[8].

بە پێی تێگەیشتنی من لە دنیای شیعری (مەولەوی) دەکرێت لە دوو دیدەوە راڤەی ئەم سێ دێڕە بکرێت بەمشێوەی خوارەوە:

١- دیدی سۆفیگەری و عیرفانی: بەر لەوەی دەستبکەم بە دەربڕینی تێڕوانینی خۆم سەبارەت بەم دێڕانەی سەرەوە، باس لەوە دەکەم ئەم دێڕانە لەو شیعرانەی

---

[8] - (الدکتور حسن شحاتة)- کۆنفۆشیۆس- ص ٨٧- مصر – القاهرة.

(مەولەوی)ن کە تێکەڵەیەکیان لە نێوان (ئەوینی مەجازی و ئەوینی هەقیقی[٩])دا کردووە، لە شێوەی عەنبەرخاتوونی هاوسەری و ئازاری لەدەستدانی ئەو و جیابوونەوەیان لە یەکتری، هاتووەتە سەر بابەتی ڕۆحی گەورە، بۆیە ئەگەر لەم دیدەوە بۆ مانای ئەم دێڕانە بڕوانین، دەبینین شاعیر پەنای بۆ (نەیچی) بردووە، دیارە پەنابردن بۆ (نەیچی، دەفژەن، سازلێدەر، دەروێش، ساقی) لە ناو شیعرەکانی مەولەویدا و بە مەبەستی پەیوەندیبەستی ڕۆحی و باڵاکردنی لە بواری سۆفیگەریدا، لە چەندین دێڕە شیعریدا دووبارەبووەتەوە، بۆیە بۆ ئەوە دەچم مەبەست لە (نەیچی) لێرەدا پیرو دەستگیرەکەی بێت.

بۆ ئەوەی لێکدانەوەیەکی ورد بۆ دێڕەکان بکەم، پێویستە بگەڕێمەوە بۆ ئەوە بڵێم؛ ئاشکرایە لە دونیای (سۆفیگەری و عیرفان)دا هەمیشە قسە لە گرنگی ڕۆح دەکرێت، باس و خواسێک لە گرنگی مادە لەم دونیایەدا نییە، ڕێبوارانی ئەم ڕێگایە هەمیشە بیرو هۆش و دڵیان لای ئەوەیە، ئەو ڕۆحەی بە ئەمانەت لایانە چۆن و بە چە شێوازێك بیگەڕێننەوە بۆ لای ئەو زاتەی پێیبەخشیون، کاتێك بەو مەرامەش گەیشتن، نیتر شتێکی تر بە لایانەوە گرنگ نییە، دیارە ئەوەی لە بوونی مرۆڤدا هەیە (ڕۆح و جەستە)ن، گەڕانەوەی ڕۆح بۆ لای پەروەردگارە و جەستەش لە خاك ئافەریدە کراوە و دەبێتەوە بە خاك.

هەر بۆیە گەورە عاریفەکان لە ناویاندا (مەولانا جەلالەددین) مردن لە ناو ژیان و ژیان لە ناو مردندا دەبینێت، وەك فەرموویەتی؛

---

[٩]- سەبارەت بە هەردوو جۆری ئەوینی هەقیقی و مەجازی (صەیدی هەورامی) فەرموویەتی:

تا مەجاز نەبۆ حەقیق نمەبۆ　　حەقیق بێ مەجاز تەحقیق نمەبۆ

ئەر حەقیقیەن ئەر مەجازیەن　　دڵو من بە ئەو بە خوا ڕازیەن

گرد جە من فێشتەر حاڵشان فەنان　　داخم هەر ئێدەن هەر بێ من مەنان

گرد جە هام دەردی من حاشاکەران　　سا خەڵقان بەیان تەماشا کەران

گەر شەیدا نەبان یەکسەر مەلا و شێخ　　فتوا بۆ (صەیدی) سەر بڕان بە تێخ

(ئەیوب ڕۆستەم)- هەورامان- بەرگی یەکەم و دووەم- چاپی دووەم- لاپەڕە (٤٨٢)- ٢٠٠٨- سلێمانی.

از مودم مرگ من در زندگی امست
چون رهم زمن زیندگی پایندگی است
اقتلونی اقتلونی یا ثقات
ان فی قتلی حیاتا فی حیات[١٠]

مانای دوو دێڕەکە ئەوە دەگەیێنێت (مەولانا جەلالەددین)، پێیوابووە ئەوە مردنە رازی نهێنی ژیان دەردەخات و زیندووبوونەوەشە رازی مردن دەردەخات.
دەگەڕێمەوە لای (مەولەوی) کە روویکردووەتە (نەیچی) و پێیوتووە: بە بێ بەزمی یارانی گیانی ئیتر چە خۆشییەك بۆ بەردەوامی ژیان ماوەتەوە، ئەمە لە دیدی سۆفیگەرییەوە وا لێکدەدرێتەوە شاعیر بە پیرەکەی وتووە: بە دوورکەوتنەوە و نەمانی کۆڕی زیکرو خوداپەرستی، ئیتر چە خۆشییەك بۆ (سۆفی و مورید) دەمێنێتەوە، دیارە سۆفی لە رێی دەروونەوە خۆشی دەچێژێت و مەبەست لە چەشتنەکە لێرەدا رۆحییە، هەمیشە لە ناو ئەم کۆڕانەدا چەشەی رۆحی وەردەگرێت، ئەوەك لە رێی هەستی چێژکردنەوە، کەواتە کە چەشەی رۆحی ئەما ئیتر هەموو شتەکانی تر تالدەبن، بۆیە داوای ژەنینی دوو ئاوازی لە نەیچی کردووە، یەکێکیان بیتوێنێتەوە، مەبەست لێرەدا ئەوەیە پیرەکەی دەستیبگرێت و بالأی پێبکات هەتاو لە ناو خۆشەویستی پەروەردگاردا دەتوێتەوە (فەنا فی ئەلا)، بە ئاوازێکی تریش بیلاوێنێتەوە و بیگەیێنێتەوە لای ئەوزاتەی کە هەمووومان بۆ بارەگاکەی دەگەڕێینەوە (بەقای دوای فەنا و سەیر فی ئەلا)، بە واتا گەڕانەوەی رۆحی بۆ لای پەروەردگار و بەهرەمەندبوون لە تواناکانی ئەو زاتە.
لێرەدا پێویستە قسەیەك لەو پەیمانە بکەین لە نێوان پەروەردگار و رۆحی خۆیدا لە گەڵ ئافەریدەکردنی یەکەم مرۆڤ بەستراوە، رۆح نەیویستووە بچێتە ناو ئەو قورەی کە وەك هەویرێك لە (خۆڵ و ئاو) لایەن مەلائیکانەوە شێلراوە و ئامادەکراوە، بۆ

---

[١٠] - (د. سەبور عەبدولکەریم- شکار)- چەمکی ژیان و مردن لە شیعری مەولەوی و مەولانای رۆمی دا- لاپەڕە (٢٢٧)- چاپی یەکەم- ناوەندی غەزەلنووس ٢٠١٤.

ئەوەی رۆحی خودا بچێتە ناویەوە، خودای گەورە بەڵێنی بە رۆح داوە دواجار بە پاکی بۆ لای خۆی دەگەڕێتەوە. بۆیە جیابوونەوەی رۆح لە جەستە بە جێبەجێکردنی ئەم پەیمانە لە قەڵەمدەدرێت.

جێی خۆیەتی لێرەدا باسێك لەوە بکەم، یارسانەکان پێیانوایە خودای گەورە فەرمانیداوە بە (جوبریل) تەمبووری ژەندووە و سروودی سەرتەرزی چڕیوە، بۆ ئەوەی رۆح قایلبێت بچێتە ناو جەستەوە، دیارە ئەمەش میسۆلۆژیای جوانی گوردە بۆ نافەریدەکردنی یەکەم مرۆڤ. لە خوارەوە چەند دێڕێك لە سروودی (سەرتەرز) دەنووسمەوە:

ئەر چون کێخوسرە و خوسرەوانیت بۆ
ئەو جوقەی دەرەفش کاویانیت بۆ
تاجی دەسەلات ئەسەر سەرت بۆ
حەفتاو دوو کیشوەر فەرمانبەرت بۆ
باز هەم تا وەسەر دنیات ئەومەردەن
دمایت مەرگەن هەر مەرۆ مەردەن[٨]

٢- دیدی هەردوو جەمسەری ژیان (لەدایکبوون و مردن)، ئاشکرایە بە پێی هەموو دینە ئاسمانییەکان، لە دایکبوون و مردن هەردووکیان لە دەسەڵاتی خودای گەورەدان و هیچ هێزێکی تر لە ئاراستەکردنیاندا دەستی نییە، ئەگەر لەم دیدەوە بۆ ماناداانەوەی سێ دێڕە شیعرەکەی (مەولەوی) بچین، پێویستە دووبارە بگەڕێینەوە بۆ

---

[٨]- ئەم سرووده بریتییە لە چەند بڕگەیەك، ئەمەی نووسیمانەوە یەکێك لە بڕگەکانییەتی، دیارە زمانی هۆنینەوەی شیعرەکە کۆن نییە، ئەمەش دەمانبات بۆ ئەو بڕوایەی رازەکە دەماودەمی و سینە بە سینە هاتووە، پاشان لە لایەن شاعیران و عاریفانی یارسانەوە بە شیعر هۆنراوەتەوە، بەڵام جوانی ئەم رازە لەوەدایە بەستراوە بە دوو چمك لە چمکەکانی رۆشنبیرییەوە، ئەوانیش ئەدەب و هونەرن، ئەدەب لە رێی شیعرەکانی ناو سروودەکە و هونەریش لە رێی ئەو ئاوازە تایبەتەوە بۆی کە بە ئامێری تەمبوور دەژەنرێت.
بۆ زانیاری زیاتر لەمبارەوە بڕوانە:
(ئەیوب کوێخا رۆستەم)- ئازگار- بەرگی دووەم- لاپەڕە (٦٤)- چاپخانەی ئەژنە- سلێمانی – ٢٠١٦.

ئەفراندنی یەکەم مرۆڤ (ئادەم)، دیارە لە خۆڵ و رۆحی پەروەردگار ئافەریدەکراوە، لە سەر رۆشنایی دینی پیرۆزی ئیسلام خودای گەورە لە چەند ئایەتێکدا باسی ئەوەی کردووە رۆحی خۆی خستووەتە ناو جەستەی ئادەم، وەك فەرموویەتی:

(فاذا سويته ونفخت فيه من روحي فقعوا له ساجدين)- سورەتی حوجر- ئایەتی (٢٨). هەر لەوێوە ئێمەش کە نەوەی (ئادەم)ین هەموومان رۆحی خودایيمان تێدایە، ئەو رۆحە بە خولقان لە رەحمی دایکەکانماندا و لە دایکبوونمان دەمانهێنێتە ناو ژیان و بە دەرچوونی لە جەستەماندا دەمرین، زۆرێك لە زاناکان وتوویانە: (مردن بریتییە لە جیابوونەوەی رۆح لە جەستە). دیارە بابەتی رۆح لە ناو هەموو دینەکاندا بە دەستی هێزە ئاسمانی و بالأدەستەکانە، دینی پیرۆزی ئیسلامیش راستەوراست بە پەروەردگاری مەزنەوە گرێیداوە، بە ئایەتی قورئانی پیرۆز بە پێغەمبەری گەورەمانی(دخ) فەرمووە: (ويسئلونك عن الروح قل الروح من امر ربي وما اوتيتم من العلم الا قليلا)- سورەتی الاسراء- ئایەتی (٨٥).

کەواتە تەنانەت بۆ ئەو زاتەش نەبووە قسەیەك لە (رۆح) بکات.

شاعیر کاتێك هاتووەتە سەر ئەوەی بە (نەیچی) بڵێت بێ بەزم و رەزمی یارانی گیانی هیچ خۆشییەکی بۆ بەردەوامی ژیان نەماوە، مەبەستی لە یارانی گیانی لێرەدا هاوسەرەکەیەتی کە بە کۆ ناویبردووە نەوەك تاك، دیارە ناوبردنەکەشی بەمشێوەیە تەنها بۆ کێشی شیعرەکەیە، کاتێك بە لە دەستدانی (عەنبەر خاتوون) هیچ خۆشییەکی نەماوە بۆ بەردەوامی ژیان و هەموو شتەکان بۆ ئەو تامیان تاڵە و هیچ شتێك نییە بەلایەوە چێژی شیرینی بداتێ، داوای لە پەروەردگار کردووە کە لێرەدا بە (نەیچی) ناویبردووە، گیانی لێبسێنێتەوە، بۆ ئەوەی جەستەکەی ببێتەوە بە خۆڵ و رۆحیشی بۆ بارەگای خۆی بگەڕێنێتەوە.

بۆ زیاتر رووچون لەم بوارەدا و ناوهێنانی پەروەردگار بە (نەیچی) بەڵگەی بەهێز هەن، هەر لێرەوە دێرە شیعرێکی تری ئەم شاعیرە بە نموونە دەهێنمەوە وەك بەڵگەی حاشاهەڵنەگر بۆ ئەوەی دەکرێت مەبەستی (مەولەوی تاوەگۆزی) لە (نەیچی) پەروەردگاربێت، وەك فەرموویەتی:

مەعدوومی غەفڵەت تا چەند و پەی چی
گۆش دەر وە ناڵەی سـەحـەری نەیچی

لەم دێڕەدا شاعیر بە خۆی وتووە، ئەی (مەعدوومی) بێئاگا تاکەی و لە پێناوی چیدا بەردەوامی بەم بێئاگاییەت دەدەیت، دەی هەستە گوێ بۆ ناڵەی بەرەبەیانی (سەحەری- جۆرە ئاوازێکی شمشاڵە) نەیچی بگرە، مەبەست لەم ناڵەی بەرەبەیانە لێرەدا دەنگی بانگی بەیانییە کە خەڵك بۆ نوێژکردن و خودا پەرستی بانگدەکات. ئاشکرایە نوێژی بەیانی جیواز لە نوێژەکانی تر لە قورئانی پیرۆزدا بە (قرءان الفجر) ناویهاتووە- سوورەتی الاسراء- ئایەتی (٧٨).
(مەولەوی) پاش کۆچی دوایی هاوسەرەکەی لە ناخی دڵیەوە حەزی بەوە کردووە ئەویش بچێت بۆ لای، لەم بوارەدا چەند دێڕێك لە شیعرەکانی بە نموونە دەهێنینەوە، وەك فەرموویەتی:

قازانان هەتار قوڵنگان حەوای
حەیفەن باڵاکەت شەو بە تەنیایی

لێرەدا بە راشکاوی باسی لەوە کردووە زۆر حەیفە (عەنبەر خاتوون) شەوان بە تەنیا بێت و ئاواتی بە مردنی خۆی خواستووە، هەروەها شاعیر ئاماژەیەکی زۆر وردی کردووە بۆ حاڵەتی (قازی قورنگ)، کاتێك کە مێیەکە دەمرێت، نێرەکە ئەوەندە خۆی دەخواتەوە هەتا ئەویش بە هەمان چارەنووس دەگات.
هەر لە بواری شیکردنەوە و ماناداناوەی شیعرەکان، پێدەچێت بیر بۆ ئەوە بڕوات مەبەست لە نەیچی فریشتەی مەرگ (ئیزرائیل) بێت، بەڵام کوا ئەم فریشتەیە لە خۆیەوە دەتوانێت رۆحی هیچ کەسێك بکێشێت، ئەگەر بە گریمانەش وتمان ئەو کارە بە فەرمانی خودای گەورە بەو فریشتەیە سپێردراوە، ئەی باشە گێڕانەوەی رۆحەکە کە شاعیر بە (پاونۆمەوە) باسیکردووە کەی لە دەستی (ئیزرائیل)دایە؟؟.

بۆ كۆتایهێنان بەم راڤەیە بۆ ئەوەی زیاتر درێژنەبێتەوە، دەڵێم: هەر لەم بوارەدا دەكرێت مەبەست لە دوو ئاوازەكەی ئەیجی، كۆتایهاتن بە دونیا و ژیان و دووبارە زیندووكردنەوەی مرۆڤەكان بێت.

★- نموونەی دووەم:

١- ئەدای پەشێوی حاڵاتی جەستەم
دوورەن جە تەحریر خامەی شكستەم
٢- بەلام (مەعدووم) هەرس دیدەش جۆش وەردەن
نا عیلاج خامەش وە دەسگیر كەردەن
٣- پەلە پەل پێكان پەل وە خامەدا
یەك فەرد رەقەم كەرد وە رووی نامەدا
٤- ئیسە دیدەی دڵ دێوانەكەی وێت
نە بێخی ئاودا مەگێڵۆ پەرێت"[11]

بەر لەوەی بچمەسەر ماناداناەوەی ئەم پارچە شیعرە كە لە ڤەوارەی چوار دێڕدایەو یەكێكە لە شیعرە كورتەكانی (مەولەوی)، پێویستە دووبارە بگەڕێمەوە سەر بابەتی گەورەیی و فراوانی دونیای خۆشەویستی شاعیر بۆ هاوسەرەكەی، دیارە ماڵەكانی شیعری ئێمەی كورد بەم جۆرە شیعرانە ڤولپەدەدەن، بەوانەیان كە هۆنەرەكانیان بە كامی دڵی خۆیان گەیشتوون، یاخود ئەوانەیان لە خۆشەویستییەكەیاندا ناكام و مایەپووچبوون، خۆشەویستیكەی (وەلی دێوانە، سەیدی هەورامی، نالی، وەفایی....هتد) بۆ دڵئەوازەكانیان بەڵگەی زیندوون لەم بوارەدا، كە هەریكەو گەوهەرێكیان لە ماناكانی خۆشەویستی خستتوەتە ناو گەنجینەی شیعری كوردییەوە، بۆ نموونە (وەلی دێوانە) لە پارچەشیعرێكیدا بەمشێوەیە هەواڵی (شەم)ی پرسیووە:

دەلیل شەم نەدیت، دەلیل شەم نەدیت؟
جە ئێلاخ ئامای سپی شەم نەدیت؟

---

[11]- (مەلا عەبدولكەریمی مودەرریس)- دیوانی مەولەوی- لاپەڕە (٨٥)- انتشارات كردستان.

## ئاهووی سەر شەتار ئەوای ردم ئەدیت؟
## ئووری بینایی هەردوو چەم ئەدیت؟[3]

بەڵام هیچ زیادەڕۆییەکی تێدا نییە گەر بڵێم ئەو خۆشەویستتییەی (مەولەوی) لە شیعرەکانیدا بۆ هاوسەرەکەی دەریخستووە، لە هەموویان سەرلەبەرترە و کوردوالتەمنی کەفەڕێژە لە سۆزی راستەقینە و مانای قووڵ و وێنەی جوان.
خۆشەویستییەکەی (مەولەوی) بۆ هاوسەرەکەی شتێکی دروستکراو و هەڵبەستراو نییە، تەنیا لە پێناوی شیعر و دەرخستنی توانای شاعیری خۆی نەبووە، بۆ بەدەستهێنانی ئافەرین و پاداشت و خەڵات و بەرات شیعری بۆی نەهۆنیوەتەوە، ئەو هەموو مانا جوانەکانی ژیانی لەو خۆشەویستتیەدا بینیوەتەوە، بە جۆرێک کە (عەنبەر خاتوون)ی لە بیرو هزری خۆیدا گەیاندووەتە ئاستی ئەمری و هەتا دوا هەناسەکانیشی هەر بەوشێوەیە بووە.

لە بەر ئەوەی هەر چوار دێرەکە بە تەواوی تێکەڵی یەکترن، پێمباشە منیش بەسەر یەکەوە و لەم خاڵانەدا لێکدانەوەیان بۆ بکەم:

١- خۆشەویستی (مەولەوی) بۆ هاوسەرەکەی بە جۆرێکبووە، بوونی خۆی وئەوی وەك یەك بوون سەیرکردووە، بە پێکەوە ژیان لە گەڵ ئەودا دڵخۆش و ئاسوودە بووە، کاتێك (عەنبەر)ی لە دەستداوە، ئیتر پێیوابووە جەستەی بە تەواوی پەشێوە و دەروونی بە جۆرێك نا ئارامە پێنووسە شکاوەکەی هەرگیز ناتوانێت باس لەو دۆخە جەستەیی و دەروونییەی بکات، ئەو کە نیوەی بوونی لە دەستداوە، ئیتر ئەبێ مانای بوون و مانەوەی لە ژیاندا چی بێت؟ بەڵام وا گوڵی گریان و ئەسرینی چاوەکانی زۆریان بۆ هێناوە، ئیتر بە ناچاری دەستیداوەتە پێنووسەکەی هانای بۆ بردووە بە

---

[3]- (صدیق بۆرەکەیی)- مێژووی وێژەی کوردی- بەرگی یەکەم- لاپەرە (٤٧٠)- چاپخانە- چهر تبریز.

ئومێدی ئەوەی فریابکەوێت، ئەگەرچی گومانی لەوە هەبووە پێنووسەکەی بتوانێت، ئەوەی کە هەیە وەك خۆی دایبڕێژێت.

٢- ئەگەرچی لە هەندێك نووسین و راڤەدا سەبارەت بە شیعرەکانی (مەولەوی)، باس لەوە کراوە (عەنبەر خاتوون) بە ماوەی حەوت ساڵ بەر لە کۆچی دوایی شاعیر مردووە، بەڵام بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەیان هیچ بەڵگەیەکیان بە دەستەوە نەداوە، دیارە وەك باسکراوە شاعیر بەر لە حەوت ساڵ لە مردنی خۆی بینایی لە دەستداوە، لە هەندێك لە شیعری شیوەنەکانی بۆ هاوسەرەکەی دیارە کە هێشتا توانای بینینی هەبووە، ئەگەرچی هەشیانن بە جۆرێك لە جۆرەکان نابینایی دەردەخەن، بەڵام لە شیکردنەوەیاندا دەتوانین ئەو ئەنجامە بدەین بە دەستەوە، کاتێك هاوسەرەکەی مردووە ئەو توانای بینینی هەبووە، چونکە دەوترێت پاش مردنی (عەنبەر خاتوون) بەردەوام (مەولەوی) چووەتە سەر گۆڕەکەی، باوەشی بە کێلەکاندا کردووە و خۆی بە خۆڵەکەیەوە گەوزاندووە، جاری واش هەبووە هەتا بەیانی بە سەر گۆڕەکەیەوە بە کوڵ شیوەنیکردووە، بە دڵنیایی شاعیر لە ساڵانی کوێریدا توانای هاتووچۆیەکی وەها گەرمی بۆ سەر قەبری هاوسەرەکەی نەبووە، چونکە ئەگەر (عەنبەر) لە گۆڕستانی (ئەسحابە) بە خاکسپێردرابێت، ئەوەی من بینیومە گۆڕستانەکە کەمێك لە دێی (سەرشاتە)وە دوورە، دەتوانم بڵێم: هاتوچۆکردنی نابینایەك بەو شێوە گەرمەی باسی لێکراوە ئەستەمە، وە ئەگەر لە شوێنێکی دوور تریشدا بووبێت خۆ ئەوە بۆ نابینایەك ئەرکێکی قورستربووە.
کەواتە دەکرێت بڵێین: (عەنبەر خاتوون) چەند ساڵێك بەر لە کوێربوونی شاعیر مردووە.

٣- لەم شیعرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت شیوەنی (مەولەوی) بۆ عەنبەر ئەوەندە گەرمبووە فرمێسکەکانی بوون بە دەریایەك، شتێکی ئاشکرایە شاعیر بە چاوی ئاسایی فرمێسکی بۆ (عەنبەر خاتوون) رشتووە، بەڵام لە ناو قوڵایی دەریای فرمێسکەکانی

چاویدا ئیتر وا بە چاوی (دڵ) بۆیدەگەڕێت. (چاوی دڵ، یان چاوی دەروون) لە سۆفیگەریدا ئەوەیە بە (بەصیرەت) ناودەبرێت، لەم دێڕەدا شاعیر دووبارە گەڕاوەتەوە بۆ ئەو تێکەڵەیە کە بەیناوبەین لە شیعرەکانیدا بۆ هەردوو جۆرە خۆشەویستی مەجازی و هەقیقی کردوویەتی، زۆر بەباشیش مەبەستەکەی پێکاوە، ئەو مەبەستیبووە ئەو ڕاستییە بسەلمێنێت خۆشەویستییەکەی بۆ (عەنبەر خاتوون) سەرمەدی و نەبڕاوەیە، بە چاوی ئاسایی شیوەنی بۆ دەکات و بە چاوی (دڵ)یش بەردەوام ئەودالیەتی.

*- نموونەی سێیەم:

١- دڵەی دڵ وە مەی مەیل لەیل کەیل
مەحرەم وە ڕازان خەڵوەتخانەی لەیل

٢- لانەی حەڵقەی زوڵف عەنبەر بۆی شەو ڕەنگ
هامدەمی جای تەنگ ئەڵحەد سەرای سەنگ

٣- پەروانەی مەزار ئەو ئاوات وەستەم
تەرجەمەی حاڵات پەشێوی جەستەم

٤- عەرز کەر وە لەیلا وە سەد خەمەوە
چەم وە نمەوە، دڵ وە تەمەوە

٥- دیوانەکەت دیم بڵێسەش بەرز بێ
بەرزی بڵێسەش هەر سات سەد تەرز بێ

٦- وە هەر تەرزێ لەیل ملاوناوە
دڵەی سەنگی سەخت متاوناوە

٧- گا گۆیا مەویەرد ئێد مەویەردەوە
گا مەوات وە دەم ئێشی دەردەوە

٨- ئای جە ئێشی تەن جە گیان جیای من
ئای جە لوای تۆ و ئەو شۆن دیای من

٩- سەختی ئێشی دەرد بەدحاڵیم لایێ

وای بێ تۆ مەنزڵ گشت خاڵیم لایێ

١٠- وە هەر مەنزڵدا و هەر راگوزەردا
هەر دەستی حەسرەت مدا وە سەردا

١١- چێشەن موینوون مەنزڵ بێ تۆ بۆ
بێ هۆشم، خەو بۆ، راس بۆ، درۆ بۆ

١٢- گا تێکەڵ مەگەرد چەنی دەردی وێش
فەردی هام فەردش چەنی فەردی وێش

١٣- موات: فیداش بام بە جای شیرینەن
گوزەرگای ئەو شۆخ زوڵف عەنبەرینەن

١٤- جە باڵای ئەی شەنگ پا ئاوەردەوە
بەرقەی ناز جە رووی ئەو شەنگ گەردەوە

١٥- جەو جاسووسگاوە، بەو خەدەنگەوە
دڵ تلنا وە زام هەزار رەنگەوە

١٦- جەو سەردەشتەوە گوڵاوڕێزان کەرد
سارا بۆی عەنبەر سارا هەرزان گەرد

١٧- جۆگە جە لای جام جەبهەی جەماڵدا
بەرگەشتی وە بەخت بەدری کەماڵدا

١٨- چێگە حوقەی راز شیرین گەردەوە
تامی تاڵی دەرد دووری وەردەوە

١٩- گوزەرگەی جیلوەی لەیل بێ حەد بەو تەرز
زایەڵەی مەجنوون جە عەد رەد بەو تەرز

٢٠- چون کەرووون تەقدیر پەی سەرکاری تۆ
نە تۆ بزنەوی نە دۆسداری تۆ

٢١- (مەعدووم) چون قەزا ئاما جە ناکاو

دانا چون نادان وزۆ وەگەرداو[٤]

بەر لەوەی بچمە سەر لێکدانەوە و راڤەکردنی ئەم پارچە شیعرە، پێویستە بڵێم، شیعرەکە یەکێکە لە شیوەنە گەرم و درێژەکانی (مەولەوی) بۆ هاوسەرەکەی و لە دووتوێی (٣٦) دێڕدایە، من تەنها ئەم (٢١) دێڕەیانم نووسیەوە قسەیان لێوە بکەم، چونکە پێموابوو دێڕەکانی تر رووبەرووی هەندێك قسەم دەکەنەوە کە لە راڤەی پارچەشیعرەکانی تردا کردوومن و دووبارەکردنەوەیانم بە پێویست نەزانی.
هەر لەبەر ئەوەش جۆرە پێکەوە لکانێکی مانایی لە نێوان ژمارەیەك لە دێڕەکاندا هەیە، پێمباشە بەسەر یەکەوە و لێکدانەوە و راڤەیان بۆ بکەم وەك لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا هاتووە:

١- شتێکی ئاشکرایە سەرەڕای ئەوەی (دڵ) لە رووی بایەلۆژییەوە ئەندامێکی زۆر بایەخدارە بۆ بەردەوامی ژیان، هاوکات کانگا و گەنجینەی هەردوو ئەوینی (مەجازی و هەقیقی)یە، ئەوەی لە رۆشنبیری ئێمەی کوردیشدا هەیە کە وەك سامانێك لە ناو شیعری میللی و فۆلکلۆری بیستراوماندا هەیە هەر بەم ئاکارەدا رۆیشتووە، شاعیرانیشمان ئەوانەی بەرهەمەکانیان بە ئێمە بەناوی خۆیانەوە گەیشتوون، قسە و دەربڕینەکانیان لەم چوارچێوەیەدان، لێرەدا دەچمە ناو ماڵەکانی سامانی شیعری میللیمان بۆ ئەوەی دوو نموونە بخەمەڕوو:

*- دڵ هەر ئادڵەن دڵداریٚ بەردەن
وێڵ و ئاوارەی گرد شاریٚ گەردەن
*- ئاشقی تۆ بووم وەك تۆبەکار
نەخۆش بووم دڵەکەم زامدار[٥]

---

[٤] - (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- (دیوانی مەولەوی)- لاپەڕەکانی (٢٤٠، ٢٤١، ٢٤٢، ٢٤٣، ٢٤٤)- انتشارات کردستان.

بۆ شیعری شاعیرانیشمان سەدان نموونەی بەردەست هەن. لێرەدا تەنیا دوو دێڕ وەك نموونە دەهێنمەوە:

(ئەحمەد هەردی) وتوویەتی:

*- گیانەکەم ئەمما دڵی من لەو دڵە شێتانەیە

بێ ئەوەی هیچ شك بەرێ کوژراوی ئەو چاوانەیە[١٦]

(کامەران موکوری) وتوویەتی:

*- دوو دڵدار بین، بە راستی دوو فریشتە

ئەو ژیانە بەو جۆرە بێت بەهەشتە[١٧]

سەبارەت بە خۆشەویستی حەقیقی دەچینە ناو دونیا پاك و بێگەردەکەی ئەوینی پیری رێبازەکەی نەقشبەندی (شێخ عومەر ضیائەدین) و لەوێوە نموونەیەك هەڵدەگرین، وەك فەرموویەتی:

*- لە نەشئەی فەیضی عیشقی فەخری عالەم دڵ موصەففایە

لە ژەنگی مەعصیەت شۆراوە سینەم پڕ تەجەللایە[١٨].

پاش ئەم چەند دێڕەی سەرەوە، دەگەڕێمەوە سەر لێکدانەوەی شیعرەکەی (مەولەوی).

١- شاعیر وتوویەتی: ئەی ئەو دڵەی بە مەیل و خۆشەویستی (لەیل) مەست و ناخنراوی، تۆ هەمیشە مەحرەم و راستگری رازەکانم بووی لە گەڵ خۆشەویستەکەم، دیارە رازەکانی دڵی شەیدا بە خۆشەویستی بڕیاری خۆی هەیە، لە دەربڕین و پاراستن و بەردەوامی خۆشەویستیدا تەنانەت ناچێتە ژێرباری ژیری و ئەقڵیشەوە و

---

[١٥] - (ئەیوب کوێخا رۆستەم)- توێژینەوەی تایبەت بە شیعرە فۆلکلۆرییەکانی شارەزوور- چاپی یەکەم- لاپەڕە٩٢- سلێمانی (٢٠١٣)

[١٦] - (ئەحمەد هەردی)- رازی تەنیایی- لاپەڕە (٢١).

[١٧] - (کامەران موکری)- دیوانی دیاری- لاپەڕە (٢٢).

[١٨] - (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- یادی مەردان- بەرگی دووەم- لاپەڕە (١٧١)- بەغداد- ١٩٨٣.

زۆرجار سنوورەکانیان دەبەزێنێت، چونکە ئەوەی مەبەستییەتی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خۆشەویستکەی و چێژوەرگرتنە لەو خۆشەویستییە، ئەمە لە هەردوو جۆرە ئەشقی مەجازی و هەقیقیشدا بە هەمانشێوەیە، (دڵ)ی خۆشەویست ئەفرە ناخوات و مل بە بەرژەوەندی نادات، لە جەرگەی وەفاو دلسۆزییەکی ڕاستەقینەوە، هەمیشە ئامادەیی قوربانیدانە و ڕووبەڕووبەوەی ئەو تەنگ و چەڵەمانە دەبێتەوە کە دێنە ڕێی. کەواتە بە لەدەستدانی خۆشەویست ئیتر دڵی بەرامبەرەکەشی لە گەڵ خۆیدا دەبات، ئەگەرچی تا کۆتایی ژیانیشی هەر ترپە لێبدات، بەڵام هەرگیز ئەو دڵە نییە پێشتر بووە، تەنیا ئەوەی هەیە ڕازەکانی خۆشەویست دەباتە ناو بیرو هزرەوە و دەیانکات بە یادەوەری. خۆ ئاشکراشە بۆ ڕاستگۆیی مرۆڤ لە باوەڕی و کردار و ئاکارەکانی لە ژیاندا، پەروەردگار سەیری سیمای مرۆڤ ناکات، بەڵکو سەیری دڵ دەکات، لە سەر ئەوەی لە دڵدا هەیە لێیدەپرسێتەوە.

٢- مردنی (عەنبەر) وایکردووە لە شاعیر، ئەگەرچی نەیتوانیوە بە جەستە لە گەڵیدا بچێتە ناو گۆڕەوە، بەڵام (دڵ)ی لە گەڵیدا ناردووە، هەتاکو وەك نوێنەرێکی تایبەت لە هەموو ڕازەکانی (مەولەوی) لە نەهامەتی و پەشێوی و دابڕان، لە گریان و فرمێسکی چاو و دڵتەنگی ئاگاداری هاوسەرەکەی بکات، هەروەها لە ناوماڵە تاریك و تەنگەکەیدا (گۆڕ) هاودەم و هاوڕازی بێت.
شاعیر باسی لەوە کردوە مردنی هاوسەرەکەی بە جۆرێك وێڵ و دێوانەیان کردووە، لە هەر ساتێکدا سەدجار دەسووتێت و گڵپە و گڕی لێبەرزدەبێتەوە، ویستوویەتی دڵی وەك پەیامبەر باس و خواسی سووتان و گڕکرتنەکەی بۆ (عەنبەر) ببات.
ئەگەرچی وشەی (دێوانە) لە فەرهەنگەکاندا بە چەند مانایەك هاتووە و لە ڕووی کولتووری دینیشەوە لە ناو ئارییەکاندا قووڵاییەکی مانایی هەیە، بەڵام لەم شیعرەدا بە مانای ئەوینداری شەیدا و وێڵ بەکارهێنراوە.
لە شیعرەکەدا ئەوەش خراوەتەڕوو شیوەن و گریانی (مەولەوی) وایکردووە تەنانەت بەردی ڕەق و تەقیشی تواندووەتەوە، من پێموایە مەبەستی لە تواندنەوەی بەردی

ڕەق و تەق، (بەرد) نییە وەك ئەوەی لە سروشتدا هەیە، بەڵكو ئەو دڵە ڕەقانەن كە جێی سۆز و بەزەییان تێدا نییە، بەلاّم شاعیر وتوویەتی: تەنانەت ئەو دڵڕەقانەش بەزەییان بە حاڵیدا هاتووەتەوە.

لە هەندێك دێڕە شیعری كۆنی ئێمەی كورددا زۆرجار مانای سەیر وسەمەرە بە دڵ دراون، گراوە بە بەرد و دارو شتی بێگیان، دەبینین ئەو كاتگای خۆشەویستییە ئەرگی ئەرێنی و خەسڵەتی ئەرێنی دراوەتێ، دیارە ئەمەش لە لایەكەوە سۆز و هەڵچوونی شاعیران و فۆرمە باوەكانی شیعری سەردەمی ژیانی شاعیرەكان ڕۆڵیان تێداگێڕاوە، كە زۆرێك لە ئەندامەكانی جەستەی خۆشەویست ئەرێنییانە باسیان لێوەگراوە، لەم بوارەدا (دڵ گراوە بە بەرد، زولف و ئەگرینجە بە ڕەشمار، بڕۆ و برژانك بە تیر و جزووی دووپشك و ....هتد). لەم بوارەدا سالم وتوویەتی:

**زولفی جانـــانە لە دەوری كەمەرا**

**وەك سیەه مارە بە قەد نەی شەكەرا**[19]

٢- (مەولەوی) لەم شیعرەدا قسەی لەوە كردووە كە (نوێنەرەكەی، یان زمانحاڵەكەی مەبەست لە دڵیەتی) بەیناوبەین بە ئاگاییەكی باش و دەمپاراوییەوە باس لە حاڵی ئەم دەكات، بەیناوبەینیش وەك بێهۆش و زمانبەستراو لە بەردەمیدا قەتیسدەمێنێت، ئینجا هاتووەتەوە سەر باسی چەمكی مردن و ژیان و جیابوونەوەی گیان لە جەستە، مردنی عەنبەر بۆ ئەو جیابوونەوەی گیانی بووە و بەو مانایە ئیتر شاعیر وەك جەستەیەكی بێگیان بووە، لە چەندین شوێنێكی تریشدا شاعیر بازاری ئەم باسانەی گەرمكردووە، بە وردی و ژیری خۆی لە دووتوێی شیعرەكانیدا، چە ئەوانەی شیوەن بوون بۆ (عەنبەر خاتوون)، یان ئەوانەی بە بۆنەی مردنی دۆستان و هاوڕێیانییەوە نووسیونی خستوونیەتەڕوو.

---

[19] - (دیوانی سالم)- چاپی دووەم- لاپەڕە (١٦٢)- چاپخانەی كوردستان- هەولێر.

لە دیدی دونیـای سۆفیگەری و عیرفانـەوە ، ژیـان تـەنها بـە مانـای هەناسـەدان و ئەنجامدانی کرداری ڕۆژانە نییە، بەڵکو مانای دووبارە لە دایکبوونەوەی خۆویستە، نـەوەك زۆرەملـێ و فیزیکـی، واتـا لـە نـاو تاریکستانی دەروونـی شـەڕەنگێزدا خـۆت بمرێنیت و لەناو دەروونی پاك و بەها جوانەکاندا لەدایکببیتەوە[20]. لە سەر ڕۆشنایی ئەمە بەلای عاریفانەوە، زۆر لەو کەسانەی لە ژیاندان بە مردوو لەقەڵەمدەدرێن.

(مەولەوی)یش کە ڕێبوارێکی ئـەم ڕێگە پاك و بێگەردە بووە، لە شیعرەکانیدا بە چەند شێوەیەك ناوی (ژیان)ی هێناوە، وەك: (زیندەگی، زیندەگانی، حەیات)، بەلای ناوبراوەوە ژیـان لەوەدایـە دۆست جێگـەی (تۆ) لـە (تۆ)دا بگرێتـەوە[21] و بـە بێ ئـەم جێگرتنەوەیە مانایەك بۆ ژیان نییە، دیارە لە ژیانی دونیاییدا (تۆ) عەنبەرە و لە ژیانی مانەویشدا (تۆ) پیرەکەیەتی. لێرەوە دەتوانین بڵێین، لە دەستدانی (عەنبەر) لە دەستدانی جێگرتنەوەکەیە لە ژیـانی دونیاییدا هەر بۆیە شاعیر لە ناخی دڵییەوە ئـاواتی مـەرگی خواسـتووە، باسـی لـەوە کـردووە مردنـی هاوسـەرەکەی گیـان و تـەنی شـاعیری لـە یـەك جیاکردوونەتـەوە، بەشـێوەیەك ئـیتر تـەنیا بـە دوانـاوڕێنێکی بەردەوامی بۆ ئەم بەرهەمهێناوە.

4- هـەر لـە بـواری ڕاڤـەکردنی ئـەم شـیعرەدا ئـەوەمان بۆ دەردەکـەوێت (مەولـەوی) ئەگەرچی مردنی هاوسەرەکەی بینیوە و دڵی خۆیشی لە گەڵدا ناردووەتەگۆڕ، کەچی هەندێکجار پێیوایە ئەوە لەوانەیە خەوبێت و گومانی لە ڕاستی ڕووداوەکە هەبووە، دیارە خەو لە دیدی عارفانـەوە مردنێکی کاتییـە، لەم بوارەشدا لە دیدی خۆیانـەوە بەلگەیان خستووەتەڕوو، بۆیە شاعیریش بە خۆی وتووە، ئەوە چییە دەبینم ماڵ تۆی تێدا نییە (مەبەست عەنبەر خاتوون)ە، ئەمە ڕاستە، درۆیە، بڵێیت من بێهۆشبم، یان خەوببینم، هێزی ئەم شیعرە وا لە حاڵەتی خەوبینینەکەیدا، مەبەست لێی مردنی

---

[20]- (کریم زمانی)- میناگر عشق- لاپەرە (١٨٨).

[21]- (د. سوبوور عەبدولکەریم- شکار)- چەمکی ژیان و مردن لە شیعری مەولەوی و مەولانای ڕۆمیدا- چاپی یەکەم-لاپەرە (٢٥١)- ناوەندی غەزەلنووس- ٢٠١٤.

عەنبەر، بۆ ئەمیش مردنییەتی لە ناو ئەو تەمەنەیدا کە ماویەتی، هەتاکو یەکجار دەچێتەوە لای و پێی شاددەبێتەوە، بەم پارچە شیعرەدا بۆمان دەردەکەوێت (عەنبەر) بە لای شاعیرەوە نەمرە.
دیارە ئەمەش دیدێکی سۆفیگەرانەیە بۆ مردن چونکە لە دونیای سۆفیگەریدا ژیانی کۆتایی راستەقینە و تەواوە و کۆتایینایەت"[22].

٥- مەولەوی لەم پارچە شیعرەدا گەڕاوەتەوە بۆ ناو داستانی ئەوینی گەورەی نێوان (شیرین و فەرهاد)، لەو داستانە مێژووییەوە لێکچواندنی لە نێوان خۆشەویستی (خۆی و عەنبەر) و خۆشەویستییەکەی نێوان (شیرین و فەرهاد)دا کردووە، ناوی هێناونەتە نێو شیعرەکانییەوە و تێکەڵاوییەکی لە نێوان شیوەنەکەی خۆی و فەرهاد بۆ خۆشەویستە لە دەستچووەکانیان کردووە، ئەوەتا خۆی فەرهادە و شیرینە لە دەستچووەکەی (عەنبەرخاتوون)، ئەم چۆن شیوەنی گەرمی بۆ خۆشەویستەکەی کردووە، بەهەمانشێوە (فەرهاد)یش لە لاواندنەوەکانیدا خۆی بە قوربانی شیرین و شوێن و ماوانگەی کردووە.

گەڕانەوە و وەرگرتنەکەی شاعیر لە داستانی شیرین و فەرهاد تەنیا مەبەست لێکچواندنی خۆشەویستی و شیوەنەکانیانە، ئەگینا لە راستیدا جیاوازی لە نێوان مەرگی (عەنبەر) و مەرگی (شیرین)دا هەیە، (عەنبەر) لە مردندا پێش مەولەوی کەوتووە، بەڵام لە راستیدا مردنی شیرین کەوتووەتە دوای مردنی راستەقینەی فەرهاد و داستانەکەش ئاماژە بۆ پیلانێکی ناپاکانەی (خوسرەوی پەروێز) بۆ کۆتاییهێنان بە ژیانی فەرهاد کردووە، ئەگینا ئەم شتگەلە لە ژیانی (مەولەوی و عەنبەرخاتوون)دا نەبوون.

---

[22]- (د. مجدی ابراهیم)- مشكلة الموت عند صوفية الاسلام- (ص ٢٢٠)- الطبعة الاولى- مكتبة الثقافة الدينية- قاهرة.

٦- ئـەوەی جێـی سـەرنجێکی زۆر وردە لـە شـیوەنەکانی (مەولـەوی)، لـە زۆر دێڕ و ئامازەبۆکردنـدا، ئـەمری بـە خۆشەویستەکەی داوە، لـە چـەند دێـڕی پێشتریشـدا ئاورێکمان لەم باسە دایەوە، گەیشتن بە ئەمری لە دیدی عارفانـەوە زۆر قسە و باسی لێکراوە، هەر لەم بوارەدا ژیانی دونیا بە لایانەوە بڕاوە و فانی و ژیانەکەی تریان بە نـەبڕاوە و سـەرمەدی زانیـوە، (مەولـەوی)یش بـە تـەواوی لـە ژێـر کاریگـەری ئـەم تێڕوانینـە عیرفانییـەدا بـووە، ئـەوەتا باسـی لـەوە کـردووە چۆن مـانگ لـە سـەرەتاوە دەردەکەوێت بەرە بـەرە خـۆی دەڕازێنێتـەوە هـەتا دەبێتـە مـانگی چواردە، ئینجا بۆ خۆحەشاردانێکی کورت و کاتی دەڕوات، ئەوەش بە مەبەستی خۆڕازاندنەوەیەکی تـر، مردنەکـەی (عەنبـەر)یش دەکرێـت بەهەمانشـێوە بێـت و پـاش تەدارەکـدان و خۆئامادەکردن، جارێکی تر بۆ ژیانی هەتا هەتایی دەگەڕێتەوە، چونکە مردنی بە لای عاریفانەوە ژوانێکە تێیدا بە خۆشەویستەکەیان دەگەن[٣].

هەروەها دەکرێت بۆ مانادانەوەیەکی تریش بچین کە مەولەوی مەبەستیبووە، بەوەی ئەگەرچی لە پاش مردنی عەنبەر دڵی شاعیر لە گەڵیدا چووەتە گۆڕ، بەڵام دڵنیایە لەوەی لە دونیـای تر و ژیـانی نـەبڕاوەدا جارێکی تر لە گەڵ خۆشەویستەکەیدا بە رۆح و جەستە یەکدەگرنەوە.

زۆرێك لە راڤەکانم سەبارەت بەم شیعرە خوێندوونەتەوە و لە گەڵ خۆمـدا تـاوتوێی بۆچوونی ئەو بەڕێزانەم کردووە کـە راڤەکانیان کـردووە، من وەك چەند جارێکیش وتوومە ئاویانناهێنم، هەندێکیان تەواو رواڵەتییانە بۆ ئەم شیعرە چوون و مانایەکی وەهایـان بـە دەستـەوە نـەداوە، هەشیانن ئەگەرچی راڤەکانیان ورد و جوانن، بـەڵام ئەوەندە قورس دەستییان داگرتووە ئەم شیعرەیان بردووەتە ناو کرۆکی عیرفان و لەم بوارەدا ماناى گەورەتریان لەوەی هەیە داوەتێ، راستە وەك پێشتر وتم لـە شیعرەکەدا

---

[٣]- (د. سەبوور عەبدولکەریم- شکار)- چەمکی ژیان و مردن لە شیعری مەولەوی و مەولانای رۆمی دا- چاپی یەکەم- لاپەڕە (١٢٥)- ناوەندی غەزەلنووس- ٢٠١٤.

شاعیر بە تەواوەتی کەوتووە ژێر کاریگەری عیرفان، بەڵام ناکرێت بەشیعرێکی عیرفانی لە قەڵەمبدرێت.

چونکە پێویستە ئاگامان لەوە بێت (مەولەوی) سۆفییەك بووە لە هەموو ژیانیدا جوغزی پەیوەندی نێوان (پیر و موریدی) تێنەپەڕاندووە و تا دوا ساتەکانی ژیانیشی هەر دەستەوداوێنی پیرەکەی بووە، بەڵام بۆ عاریف شتێك نامێنێتەوە ناوی (پیر) بێت، دەستگیری ئەو نیتر پەروەردگار خۆیەتی و لە ناو هێزو توانای ئەودا کاردەکات (السیر فی الله)، دەی خۆ ناکرێت ئێمە بڵێین مەولەوی لە شیعردا عارف بووە، بەڵام وەك سۆفی تەنها موریدێکی شوێنکەوتووی پیرەکانی بووە، مەولەوی لە (عیرفان)دا تەنیا کێشکراوی رێکەر بووە و ئەگەرچی چەند دێڕێك شیعری عیرفانی گەورەشی هەن، بەڵام ناتوانین بسەلێنین تەنیا ناوهێنانی (جیلوە و لەیل) و دەستەواژەکانی تر ئەم دەقەی دەخاتە ناو ئەدەبی عیرفانی، بەڵکو تەنها شیوەنگرانێکی بە سۆزە بۆ (عەنبەر خاتوون) هاوسەرە خۆشەویست و کۆچکردووەکەی، بە زمانی شیعری قوڵپدەر بە سۆز و خۆشەویستی و پێکەوەژیان بۆیکردووە.

هەر بۆ سەلاندنی راستی ئەم دەربڕینەمان، ئەوە دەهێنینەوە یاد کە لە دێڕی (٢١) شیعرەکەدا فەرموویەتی:

(مەعدووم) چون قەزا ئاما جە ناکاو
دانا چون نادان وزۆ وەگەردا

ئەم دێڕەدا باسی ئەوەی کردووە کاتێك فەرمانی مردن هات، هیچ جیاوازییەك لە نێوان مرۆڤەکان ناکات، چونکە داناو نادان بەرەو گەرداوی خۆی راپێچدەکات.

لێرەدا دەبینین (شاعیر) بە تەواوی گەڕاوەتەوە ناو ئەو مانایانەی ژیان و مردن کە بە لای هەموو کەسێکەوە بوون بە واقعی بەرجەستەو هیچ مشت ومڕێکیان لەسەر نییە.

بۆ گۆتاییهێنان بەم باسە دەڵێم: ئەگەر هەموو لاپەڕەکانی ئەم کتێبە تەنیا بۆ یەکێك لەم بابەتانەی دەیانگرێتەوە تەرخانبکەم، دڵنیام لەوەی هێشتا قسەی زیاتر و زیاتریش لە دیدی جیاوازەوە هەڵدەگرن، بەڵام من هەر لە سەرەتاوە وتوومە: تەنیا مەبەستم هێنانەوەی نموونەیە بۆ قسەکردن لە ناو بابەتەکاندا، ئەوەتا لە گۆی هەشت پارچە شیعر کە تایبەتن بە (عەنبەر خاتوون) تەنیا قسەم لە نیوەیان کردووە و لە ناو ئەو چوار پارچەیەشدا قسەم لێکردوون، مەرج نییە هەموو دێڕەکانیانم ماناداینەوە و سەبارەتیان قسەم کردبێت.

شایانی نووسینە لە کتێبی (مەولەوی شاعیری ئازار و خەمە)، پارچە شیعرەکانی (مەولەوی) بۆ هاوسەرەکەی بە (٤) پارچە شیعر دیاریکراون، بەڵام لە راستیدا (٨) پارچەن[٢٤].

نموونەی چوارەم:

١- شووڕای عاشووران دیسان بەزمش بەست
   موحەڕەم ئاما مەحرەم شی نەدەست

٢- ئەو خەریك نە جۆڵ شاری عەدەمدا
   من نە (گەربەلا)ی سارای ماتەمدا

٣- ئەو (یەزید)ی مەرگ وە ئەسیر بەردە
   من زادەی (زیاد) خەم یەقیر گەردە

٤- بازارەن، وادەی مامەڵەن، ساقی
   هەی بگرە فانی، وەی بدەر باقی

٥- رۆ (حوسەین) ئاسا فەردا کە رۆ بۆ
   دا خۆم سەر جەگۆ، لاشەم جە گۆ بۆ[٢٥]

---

[٢٤]- (حەمەکەریم هەورامی) – مەولەوی شاعیری ئازار و خەمە- لاپەرە (٢٥٧)- لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی- ٢٠١٣.

[٢٥] - (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- لاپەرە (٣٦٨، ٣٦٩)- انتشارات کردستان.

ئەم شیعرە یەکێکە لە شیعرەکانی (مەولەوی) کە سەرەڕای شیوەن بۆ هاوسەرە خۆشەویستەکەی، تیایدا باس لە بابەتێکی زۆر گرنگدەکات ئەویش کوشتارەکەی (کەربەلا) و شەهیدکردنی حەزرەتی (حوسێن کوڕی ئیمامی عەلی)یە، ئەو بەرگەوتنەی کەربەلا لە نێوان شوێنکەوتووانی (حوسێن) و شوێنکەوتووانی (یەزید کوڕی موعاویە) لە رۆژی عاشوورا کە دەکاتە رۆژی (١٠)- موحەڕەم، هەر لەو سەردەمەوە تا ئێستا خوێندنەوەی جیاجیای بۆ کراوە، موسڵمانانی (شیعە) بە گەورەترین تاوانی مێژووی ئیسلامی دەزانن. ساڵانە شیوەنی گەرم بۆ ئەم یادە دەگێڕن، هەزاران دێڕە شیعر و سەدان رازو گێڕانەوەی جیا جیایان هەیە لە یادکردنەوەیدا، بە دڵێکی بە جۆشەوە شیعرەکان بە ئاوازی خەمناك دەچڕن و رازەکانیش وەك جۆرێك لە شانۆگەری نمایشدەکەن، سەبارەت بە زۆرینەی هەرە زۆری موسڵمانانی (سونە)ش خۆشەویستی خۆیان بۆ نەوەکانی حەزرەتی (عەلی) هەیە. لەم بوارەدا وەك خۆم بینیومە لە چەند شوێنێکی کوردستاندا خەڵکانی (سونە)یان تێدا دەژین، پیرۆزی گەورە بە رۆژی (عاشوورا) دراوە، بە شێوەیەك تەنانەت رەشپۆشی و بەرۆژووبوونیشی گرتووەتەوە.

پاش ئەم دێڕانە دێمە سەر مانادانەوەی شیعرەکان و مانادانەوەشیان بەسەر یەکەوە بە بەمشێوەی خوارەوە بە گونجاو دەزانم:

١- بە شیعرەکەدا دیارە (عەنبەر خاتوون) لە مانگی موحەڕەمدا مردووە، بۆیە (مەولەوی) زۆر بە روونی ئاماژەی بەو شین و گریان و جۆش و خرۆشە پڕ لە نائومێدیەی کردووە، کە شیعەکان ساڵانە بە سنگکوتان و لە خۆدان و ئازاردانی جەستەیی خۆیان یادیدەکەنەوە، دیارە ئەوەش بە ئەرکێکی گەورە دەزانن و پێیانوایە هۆکارێکی کاریگەرە لە بواری خۆشبوون لە تاوانەکانیان.
(مەولەوی)یش باسی لەوە کردووە لەو رۆژەدا شیوەنی عاشوورا دەگرێت، ئەویش خۆشەویستەکەی کە بە (مەحرەم) ناوبردووە لە دەستداوە، هەر لێرەدا سەلیقە و

وردەکارییـەکی گـەورەی شـاعیر دەکەوێتـەڕوو، جۆرە لێکچـوانێکی لـە زاراوەی (مەحرەم) بۆ حاڵـەتی خۆی لـە تـەك هاوسـەرەکەی و نـەوەکانی حـەزرەتی عـەلی بـە ناسانەی پەیامبـەری گـەورەی ئیسلام (محەممەد- د.خ) کردووە، هاوکات وتوویەتی (عەنبەر خاتوون) لە ناو گۆڕی تەنیاو تاریک داماوە و هیچی لە دەستنایەت کە بە شاری (عـەدەم- نـەبوون) چواندوویەتی، ئـەم دەربڕینـەی شاعیر زۆر وردەکارانەیـە، قسەکردنە لـەوەی مـردوو لـە نـاو گـۆڕی تـەنیا و تاریـك جەستەیەکی بێدەسەڵاتە دەبێتـەوە بـە خـۆڵ، چـونکە رۆحەکـەی لێـی جیادەبێتـەوە. هـەروەها ئـەوەی خستووەتەڕوو مردنـی هاوسـەرەکەی شاعیری خستووەتە دەشتێکی پان و بـەرینی بێهیوایی کە سەرانسەری ماتـەمی و دڵتەنگییە، بە وێنەی شاری کەربەلا لە رۆژی شەهیدبوونی (حوسێن کوڕی ئیمامی عەلی).

٢- بووچـوونێك لـە نـاو هەنـدێك کەسدا هەیـە پێیانوایە گوایا (مەولەی) لـە ژێـر کارگەری (سوونەگەرایی)دا رقی لە شیعە بووە، بۆ بەدرۆخستنەوەی ئەم بۆچوونە و دەرخستنی راستی دیـد و بۆچـوونی شـاعیر، دێـڕی سـێیەمی ئـەم پارچـە شیعرە دەمکوتیانـدەکات، دیـارە ئـەم زاتـە مـافی رەوای خـۆی بـووە وەك زانـاو شـاعیرێك لـە هەنـدێك شـوێنی عەقیدەنامەکانیـدا داکـۆکی لـە بووچـوونەکانی زانیـان و رابـەرانی (سونە) لـە بـواری بابـەتە دینییە جۆراوجۆرەکان بکات، هاوکات ئەوەی بە راستی زانیوە سەبارەت بە (حوسەین و یەزید) و مەرگەساتەکەی کەربەلا بخاتەڕوو، کەسیش ناتوانێـت ئـەو مافـەی لێزەوتبکـات، دیـارە نـاوبراو موسـڵمانێکی (سـونە)یە، بـەڵام سوونەیەکی تونـدڕەو و دەمـارگیر نییـە، هـەر ئەمەشە وایکـردووە کـە هاتووتـە نـاو دونیای شیعر بە زمانێکی تر، گونجاو بۆ دونیای شیعر و ئەدەب شتەکانی باسکردووە، مەینـەتی و نـەهامـەتی خـۆی بـۆ لـە دەسـتدانی هاوسـەرەکەی بـە مەینـەتی و نەهامەتییەکانی کەربەلا بۆ لە دەستدانی (حوسێن) چواندووە و شەرمیشی لە کـەس نەکردووە، هاوکات بە جۆرێك باسی (یەزید)ی کردووە خستوویەتییە تـای تـەرازووی مەرگـەوە، باسـی لـەوە کـردووە (یەزیـد) ماناکـانی مـەرگی بەخشیوەتەوە، ئـەوە

(عەبدولای کوڕی زیاد)ی فەرماندەی لەشکرەکەی ئەو بووە، بڕیاری سەربڕینی (حوسەین) و هەموو ئەوانەی لە گەڵیدا بوون داوە، تەنانەت ژن و منداڵی شیرەخۆرەشی نەبەخشیوە، پێویستە لێرەدا بڵێم: کەمێک جیاوزی لە ژمارەی شەهیدەکانی مەرگەساتەکەی (کەربەلا)دا هەیە، لە هەندێک سەرچاوە بە (٧٢) و لە هەندێکی تریشدا بە (٧٠) مەزەندەکراون.

(مەولەوی) لە شیعرەکەدا دڕندایەتی (یەزید) و ڕەفتارەکانی دەخاتە خانەی مەرگەوە، بە ئاشکرا خۆیشی دەخاتە ناو خانەی ئەو خەم و پەژارەوە کە لە ئەنجامی مەرگەساتی کەربەلا لە دونیای ئیسلامدا بەجێماون، بە ئاشکراش وتوویەتی: لە ناو ئەو ئازارانەدا گیرکردووە.

لێرەدا دەچینە سەر ئەوەی (حوسەین و عەنبەر) هەردووکیان خۆشەویستی لە دەستچوون، (حوسەین) ئەو کەسە نازدارەیە کە (پێغەبەر) بە ڕەیحانەی خۆی ناویبردووە، تەنانەت باس لەوەش کراوە، کاتێک سەری (حوسەین)یان بەسەری شمشێردا کردووە و بۆ (یەزید)یان بردووە، لە گەڵ ئەو هەموو دڵڕەقییەیدا وتوویەتی: (ئەو شمشێرە لە دەمی دەربێنن، چونکە بە چاوی خۆم بینیومە چەندینجار پێغەمبەر ئەو دەمەی ماچکردووە). (عەنبەر)یش خۆشەویستە لە دەستچووەکەی (مەولەوی)یە کە مەرگ ڕاپێچی گۆڕی کردووە، (مەولەوی و خەم)یش بوون بە یەک هاوکێشە و جیابوونەوەیان لە یەکتری نییە.

٣- لەم شیعرەدا (مەولەوی) مامەڵەیەکی خستووەتە بەردەم پەروەردگارەکەی کە بە ڕاستی مامەڵەیەکی زۆر ڕووساخانە و جەسوورانەیە، لە ڕاڤەکاندا بە تایبەت ئەوانەیان بەرچاوی من کەوتوون کەمێک ڕواڵەتییانە سەبارەت بەم دێڕە قسەکراون، ئەم دێڕە شیعرە ڕەهەندێکی گەورەی عیرفانی هەیە، دیارە مامەڵەبردن بۆ بەردەم پەروەردگار دوو لایەنی هەیە، لێرەدا لایەنێکی (مەولەوی) و لایەنەکەی تری خودای

گەورەیە و شاعیر بە (ساقی) ناویهێناوە، بەراشکاوی و بە بێ هیچ دامانێك وتوویەتی: ئەم تەمەنەی ماوەمە نامەوێ، لێم وەرگرەوە کە لە هەر ساتێکدا کۆتاییدێت، بەلای (مەولەوی)یەوە کۆی ژیانی دونیایی (فانی= مردووە)، ژیانەکەی تر نەبڕاوە و جاویدانییە[٦]. بۆیە لە مامەڵەکەیدا مەبەستییەتی ژیانە دونیاییەکەی بە ژیانی جاویدانی بگۆڕێتەوە، دیارە مەبەستی ئەو ژیانەیە ئیمانداران لە بەهەشتدا دەیگوزەرێنن.

ئاشکرایە مرۆڤی ئیماندار و خوداناسی ڕاستەقینە، هەموو کاتێك لە پەروەردگارەکەی دەپاڕێتەوە هەتا ژیانی هەمیشەیی و نەبڕاوەی لە بە هەشتی بەریندا بداتێ، بە خوداپەرستی و کڕنووشبردن و نزاکردن و بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکانەی لە سەری پێویستن هەوڵی گەیشتن بەم مەرامەی دەدات، کە دەڵێم ئەم شیعرە ڕەهەندێکی عیرفانی هەیە مەبەستم لەوەیە لێرەدا (مەولەوی) بە ڕووساخانە مامەڵەیکردووە، دیارە بۆی هەیە مامەڵە سەربگرێت، یان سەرنەگرێت، چونکە هەردوو لایەنەکانی بەش بە حاڵی خۆیان هێزی هەڵسووکەوت و جووڵانەوەیان لە چوارچێوەی مامەڵەکەدا هەیە، دەی باشە تەنیا لە چوارچێوەی دونیای عیرفاندا نەبێت، ئیتر کێ دەتوانێت باسی مامەڵەیەکی لەم چەشنە لە پەروەردگارەکەی بکات.

٤- دیارە من لە دێڕەکانی پێشتردا باسم لەوە کردووە خۆشەویستی (مەولەوی) بۆ هاوسەرەکەی بە جۆرێك بووە خۆی و ئەوی بە یەك کەس زانیوە، بوونی خۆی لە بوونی (عەنبەر خاتوون)دا بینیوەتەوە، ئەمانی (عەنبەر)ی بەوە چواندووە ئیتر ئەم جەستەیەکی بێسەرە، ئەو تێکەڵاوییەی نێوان (عەنبەر و مەولەوی) بە شێوەیەکە یەکەمیان سەرەو دووەمیان جەستەکەیە، دەی کەواتە کە سەر نەما ئیتر جەستە نرخی چی هەیە؟، جەستەی بێسەر چ مانایەك دەگەیەنێت؟. هەر لەم دێڕەدا

---

[٦]- (د. سەبوور عەبدولکەریم- شکار)- چەمکی ژیان و مردن لە شیعری مەولەوی و مەولانای ڕۆمیدا- چاپی یەکەم-لاپەڕە (٤١٩)- ناوەندی غەزەلنووس- ٢٠١٤.

گەڕاوەتەوە بۆ جیاکردنەوەی سەری (حوسەین) لە لاشەکەی، بڕینی سەری (حوسەین)، مەرگی (عەنبەرخاتوون) و کەوتنی لاشە بێنازەکەی بە مانەوەی خۆی لە ژیاندا چوواندووە و ڕۆحیشی بە دوای هەردووکیاندا وێڵ و نەراگێڵە.

# مەلەوی و نامەی شیعری

MAWLAWI.KRD

# مەلەوی و نامەی شیعری

بۆچوونە ناو ئەم باسەوە، لەوەوە دەستپێدەکەم شتێکی بەڵگە نەویستە پیاوێکی وەکو مەولەوی (شاعیر، زانای ئایینی، دانا، سۆفی، کەسێتی دیاری سەردەمی خۆی)، لە ماوەی تەمەنیدا چەندین نامەی نووسیون، وەك لە سەرچاوەکاندا هاتووە نامەکانی زۆر و جۆراو جۆر و فرە مەبەستبوون، ئەوانەیان کەوتوونەتە بەردەست بە زمانەکانی: (فارسی، عەرەبی، کوردی) نووسراون. مەبەست لە نامە کوردییەکانی ئەو نامە شیعریانەن شاعیر بە شێوەزمانی هەورامی نووسیونی. لێرەدا منیش تەنیا قسە لەم نامانەی دەکەم، کارم بەونامانەوە نییە وەك پەخشان بە زمانی فارسی و عەرەبی، زیاتریش بە زمانی فارسی نووسیونی[1]، چونکە وەك لە ناوونیشانی بابەتەکەدا هاتووە بۆ نامە شیعرییەکانی تەرخانکراوە.

---

[1]- سەبارەت بە نامەکانی مەولەوی کە وەك پەخشان نووسیونی، (مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس) لە کتێبی (یادی مەردان)- بەرگی دووەم- سی و هەشت نامەی بڵاوکردووەتەوە هەموویان بە زمانی فارسی نووسراون، تەنیا بەشی یەکەمی نامەی هەشتەم نەبێت بە عەرەبی بۆ (شێخ محەممەد جەسیمی مەردۆخی) نووسیوە، (مامۆستا حەکیم مەلا سالح) لە کتێبی مەولەوی و تەقینەوەی زمان، دوانزە نامەی ئەم زاتەی بڵاوکردووەتەوە، هەموویان بە زمانی عەرەبی نووسراون و باسی لەوەش کردووە لە شاری سنە بەدەستیهێناون. هونەرمەند (دارا محەممەد عوسمان)یش لە کتێبی نامەی شیعری لە شیعرەکانی مەولەویدا، سەبارەت بە نامەکاکانی مەولەوی، هەمان ژمارەکانی ئەم دوو نووسەرەی دووپاتکردووەتەوە، بەڵام کۆی نامە شیعرییەکانی بە (٩٠) نامە دیاریکردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

١- (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس)- یادی مەردان- بەرگی دووەم- لاپەڕەکانی (٤٢٤ هەتا ٤٨٦)- چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق- بەغدا- ١٩٨٣.

٢- (حەکیم ملا سالح)- مەولەوی و تەقینەوەی زمان- چاپی یەکەم- لاپەڕە (١٣٥ هەتا ١٤٤)-هەولێر ٢٠٠٨.

٣- (دارا محەممەد عوسمان)- نامەی شیعری لە شیعرەکانی مەولەویدا- لاپەڕە (٢٢٣، ٢٢٤)- لە بڵاوکراوەکانی دیداری مەولەوی- ٢٠١٠.

نامەكانی (مەولەوی) چ ئەوانەیان بە شیعر، یان ئەوانەیان بە پەخشان نووسراون، بۆ كەسانی جیاجیای سەردەمی ژیانی خۆی نووسیون، لەوانە:

١- شێخانی تەریقەت و زانایانی ئایینی و گەورە دیندارانی، وەك: پیرەكانی خۆی هەریەك لە (شێخ عوسمانی سیراجەددین و شێخ محەممەد بەهائەددین) و شێخانی تری ڕێبازی نەقشبەندی هەورامان وەك: شێخ عومەر ضیائەددین و شێخ عەلی حیسامەددین و شێخ تاجەددین... هتد، هەندێك لە شێخانی ڕێبازی قادری كە پەیوەندی دۆستایەتی لە تەكیاندا هەبووە، وەك: شێخ عەبدولڕەحمانی خاڵصی تاڵەبانی و شێخ عەلی كوڕی شێخ عەبدولڕەحمان، كاكە ئەحمەدی شێخ، هەروەها زانایانی وەك: شێخ عەبدولقادری موهاجیر و كوڕەكانی شێخ ئەسیم و شێخ جەسیم و شێخ وەسیم، مەلا ئەحمەدی نۆدشی، مەلا مەحموودی دشەیی، مەلا عیسای جوانڕۆیی، مەلا عەبدولرەحیمی نجاری، شێخ مۆمنی سازانی.......هتد.

٢- شاعیرانی هاوڕێی كە هەندێكیان كاریگەرییان بە سەر ژیانی شاعیرەوە دیارە و زۆر زۆر خۆشیویستوون بە تایبەت: شێخ عەزیزی جانەوەری، ئەحمەد بەگی كۆماسی، شێخ یووسفی نۆسمەیی- لە شیعرەكانیدا هەمیشە ناوی ئەحمەد بەگی كۆماسی و شێخ یووسفی بە خاڵۆ بردووە، كاكە ئەحمەدی بریسی، محەممەد صاڵحی فەخرولعولەما، شێخ عەبدوڵای مرادوەیس، شێخ حەسەنی سازانی- (بولبول)، مەلا فەتاحی جەباری، مەلا نیظام و ....هتد.

٣- پیاوانی دیار و خاوەن دەسەڵات، وەك: محەممەد پاشای جاف و هەردوو كوڕەكەی مەحموود پاشا و عوسمان پاشا، مەحموود بەگی جاف، بنەماڵەی وەكیلەكانی جوانڕۆ، حاجی مەحموود پاروەیسی و ......هتد.

٤- حوكمڕانانی وەك: ئەحمەد پاشای بابان- (میری بابان)، غولام شاخانی ئەردەڵانی، ڕەزاقولی خانی ئەردەڵانی- هەردوكیان كوڕی خوسرەوخانی ناكام و هەریەكەیان ساڵانێك میری ئەردەڵان بوون، فەرهاد میرزای مامی نەسرەددین شای قاجار كە بە

موعتەمیدونەلدەولە بەناوبانگ و والی سنە بووە[*]. عەلی ئەکبەرخانی شەرەفەلولك کە یەکێك لە فەرماندە دیارەکانی سوپای قاجار لە کوردستان و ماوەیەکیش حاکمی جوانرۆ بووە.....هتد.

٥- هەندێك کەسی تر کە لەناو هەندێك لە نامە شیعرییەکانیدا تەنیا ئەوە هاتووە بۆ دۆستێکی خۆی نووسیوە بە بێ ئەوەی لە ناو شیعرەکەدا ناویهێنابێت.

دێمەوسەر قسەکردن سەبارەت بە نامە شیعرییەکانی، دیارە پێشتر ئەوەم خستەڕوو نامە شیعرییەکانی (مەولەوی) جۆراوجۆر و فرە مەبەستن، هەندێکیان سەبارەت بە پەیوەندی رۆحی شاعیرن بە پیرەکانییەوە، ئەمانە چەند نموونەیەکیان لە بابەتی

---

[*] - (فەرهاد میرزا – موعتەمیدو ئەلدەولە) ناوبراو مامی (ناسرەددین شای قاجار) بووە، پاش ئەوەی بووە بە والی سنە، رۆژی هەینی ریککەوتی (١٤ ذولقەعیدەی سالی ١٢٨٤ کۆچی گەیشتووەتە شاری سنە، سانەکانی هەورامان هەریەك لە (هەسەن سان) لە هەورامانی تەخت و (حەمەسەعید سان) لە هەورامانی لهۆن لە رێورەسمی پێشوازی لێکردنیدا ئامادەنەبوون، ئەو ئامادەنەبوونەش لە لایەن دەسەلاتی قاجارییەوە بە نادۆستانە و تەنانەت بە جۆرە سووکایەتیپێکردنێك بە شان و شکۆیان لێکراوەتەوە، لە ئەنجامدا لەشکرکێشییەکانی دەولەتی بۆ هەر دوو ناوچەی هەورامانی تەخت و هەورامانی لهۆنی لێکەوتووەتەوە، بووە بە هۆی شەڕ و نائارامی، کوژرانی (هەسەن سان و حەمەسەعید سان و عەبدولڕەحمان بەگی کوڕی حەمەسەعید سان)یش، هەروەها زنجیرەیەك راپەڕینی هەورامییەکانی دژی دەسەلاتی قاجارییەکان بە دواوە بووە، تەنانەت هەلهاتن و راکردنی فەرهاد میرزا لە مەیدانی جەنگدا یەکێکبووە لە دەرئەنجامەکانی، وەك لە سەرزمانی خۆیەوە و بۆ فەرمبووکردنەوەی دەروونی ئەم دێڕە شیعرەی وتووتوە:

فلیس الفرار الیوم عارا علی الفتی

اذا کان معلوما شجاعە امسە

بۆ زانیاری زیاتر لەمبارەوە بڕوانە:

١- (د. محمد علی سلطانی)- ایلات وطوایف کرمانشاهان- جلد (١)- لاپەڕە (٤٧ هەتا ٥٨)- نوبت چاپ اول – ١٣٧٢- تهران.

٢- (ئەیوب رۆستەم)- هەورامان- لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی- کولتوورییە- بەرگی یەکەم و دووەم- چاپی دووەم- لاپەڕە (٦٧ هەتا ٨٩). ٢٠٠٨.

(پەیوەندی رۆحی مەولەوی) قسەم لێوەکردوون و لێرەدا بەو باسانەدا ناچمەوە، هەندێکیان گۆڕینەوەی نامەی شیعرین لە تەک شاعیرانی هاوڕێیدا، ئیتر ئەگەر شاعیر دەستپێشخەربووبێت بۆ نووسینی نامەکە، یان وەڵامی بۆ نامەی شیعری هاوڕێ شاعیرەکانی نووسیبێت، هەیانە بۆ دەرخستنی دۆستایەتی و دووپاتکردنەوەی دڵسۆزی و پەیوەندی دۆستانەن، هەیانە شیوەنگێڕانە بۆ لە دەستدانی دۆستێکی، یان یەکێک لە خێزان و بنەماڵەی دۆستەکەی، هەیانە جۆرێک لە گلەیی و گازندەن، ئیتر ئەگەر گلەیەکان لە شاعیر کرابن و ئەمیش وەڵامیدابێتەوە، یاخود هەر خۆی ئەو گلەییانەی کردبێت. هەشیانە دەربڕینی بێتاقەتی و دوورکەوتنەوەن لە هاوڕێیانی و چەند مەبەستێکی تریش.

نامە شیعرییەکان بۆ هەر مەبەستێک نووسرابن، سەرەڕای ئەوەی دەسەڵاتی گەورەی شاعیر و سەلیقەی بەرزی ئەم زاتە لە بواری شیعر هۆنینەوەدا دەردەخەن، ئەفسوونی گەمەی زمان و دەسەڵاتی مەولەوی تیایاندا بە شێوەیەکە خوێنەریان دەخاتە ناو دەریایەکی گەورە لە جوانی دونیای شیعر و چێژکردنی شەهدی شیعرەکانی، بە جۆرێک ئەوەی بۆ دەسەلێت (مەولەوی) چۆن پادشای سەرتەختی شیعری هەورامییە هەروەک لە پێشەکی ئەم کتێبەدا باسمکرد.

پاش ئەم چەند دێڕە کە بە پێویستم زانین وەک سەرەتایەک بۆ بابەتەکە، دێمە سەر نووسینەوەی ژمارەیەک لە نامە شیعرییەکانی وەک نموونە، ئەوەک سەرژمێر بۆ هەموو نامەکانی کە بە شیعر نووسراون، لە خستنەڕووی نموونەکانیشدا باسی مەبەست لە هۆنینەوەیان و گرنگی ئەو کەسانەی نامەکانیان بۆ نووسراوە لە ژیانی شاعیردا دەکەم. بۆ ئەوەی بابەتەکەش دووربێت لە درێژدادڕی و خوێنەر بێتاقەت نەکات، بۆ هەر کەسێک لەوانەی نامەکانیان بۆ نووسراون تەنیا خستنەڕووی نموونەیەک بە پێویست دەزانم.

بۆ کۆتاییهێنان بەم چەند دێڕە دەڵێم، پێدەچێت خوێنەری ئەم بابەتە بیری بۆ ئەوە بچێت بڵێت، دەبوایە نووسەر لە سەرەتای بابەتەکەوە شتێکی سەبارەت بە (نامە) بە گشتی و (نامەی شیعری) بە تایبەتی بوتایە، منیش وەک وەڵامدانەوەیەکی پێشوەخت

بۆ ئەو بەڕێزانەی ئەم جۆرە دەربڕینەیان دەبێت، دەڵێم: مەبەستی سەرەکی لە بابەتەکەدا نامە و نامەی شیعری نییە، بەڵکو مانادانەوە و راڤەکردنی شیعرەکانە، نەوەک قسەکردن دەربارەی نامە و نامەی شیعری بۆیە بەو ئاکارەدا کارمنەکردووە.

نموونەی یەکەم:

١- بولبوڵی گوڵشەن بێ نام و نەنگی
تەزەروی سەر سەرو باغچەی بێ رەنگی

٢- نوختەی ئینتیهای دائیرەی تەمام
ئەی دەسی ئەیچی توتی دیای جام

٣- یانەی دڵ وە فەیض رای مەولا ئاوا
شابازی تەڕلان لان (مەولان ئاوا)[٢]

٤- پایەت بوڵند بۆ، سایەت فراوان
پەی پەی کەردەی رەم دیدە سیاوان

٦- ئاهوی تونی دڵ وە بۆی ناف ئاوا
تار بی جە چڵەو گەرمەسێر ماوا

٧- رەم کەرد، مدراوە، دیاوە مەس مەس
پەی هەردی بارگەی تۆ گۆمەتەش بەس

٨- پەرێش گەر سای وەڵگ هیمەت وە پاتاخ
ئەگەرۆش سەردی ئێلاخ بێ دەماخ

---

[٢]- ئەگەرچی لە دیوانەکەیدا وشەی (شاباز) بە تەوار نووسراوە، بەڵام لە کەشکۆڵەکەی (ئەبوئەلوەفا موعتەمیدی کوردستانی) کە پۆختەی چەند کەشکۆڵێکە، هەموو جیاوازییەکان لە وشەو دەستەواژەکان تیایدا دەستنیشانکراون، (شاباز) نووسراوە، منیش (شابازم)م بە راستتر زانی و لە راڤەکردنی دێڕەکەشدا قسە لێدەکەم.

(نووسەر)

٩- چوزەی سەوزەی هەرد فەیضی تۆ وەرۆ
گەردش نە پای گاو لوتفی تۆ گەرۆ

١٠- نەواچی من پیر نیفتادەی دڵ ڕێش
نیسە چەنی مەیل نازیزانم چێش

١١- تا یاران نیگای نیهانیشان بۆ
پیران مشیۆ تاف جوانیشان بۆ

١٢- پەی چێش مەیلی لەیل پیریش مەحاڵەن؟
سەنەی باڵغیش سەد هەزار ساڵەن[4]

ئەم شیعرە کە لە دوو توێی (١٢) دێڕدایە، شاعیر بۆ ڕۆحانیەتی خوالێخۆشبوو (شێخ حەسەنی مەولاناوایی) نووسیویەتی، وەك بە ناوەرۆکەکەیەوە دیارە لە نامەیەکدا نووسراوە، بەڵام دیار نییە بۆ کێی ناردووە، پێویستە باس لەوە بکەم ئەم زاتە (٨٥)ساڵ بە ساڵی کۆچی بەر لە دایکبوونی (مەولەوی) کۆچی دواییکردووە، پیاوێکی خوداپەرست و دیندارو لە دونیا دەستداشۆردوو، هەروەها شێخی ڕێبازی (قادری) و شاعرێکی تەڕدەست و بە تواناش بووە[5]، دیارە نووسینی شیعر بۆ ڕۆحیانیەتی ناوبراو، بڕوای پتەوی شاعیر بووە بە پایەی ڕۆحییەکەی، چونکە بەلای شاعیرەوە مردن کۆتاییهێنانی ڕۆڵی ناوبراو نییە و بەرەکەتی پاش مردنیش هەر بەردەوامە.

---

[4] - (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- لاپەڕە (١٠٤، ١٠٥، ١٠٦، ١٠٧).

[5] - بۆ ئاشنابوون بە پایەی شیعری (شێخ حەسەنی مەولاناوا) ئەم چەند دێڕەی خوارەوە لە شیعرەکانی بە نموونە دەنووسمەوە:

دایم خەیاڵم فکر دەروونەن — چە فکر دووریت دڵ پڕ چە هوونەن
تك تك مەتکێ زۆخ چە زامانم — چون جەیحون چەم بی نە پای دامانم
خەو و خۆراکم شین و زاریەن — مەتای مایەکەم بێ قەراریەن
گڕەی نار عەشق بڵێسەی دووری — مەسۆچنا تەناف خەیمەی سەبووری
ئارەزووی دیدار یارانم کەردەن — هەوای سەیرانم وە دڵ ئاوەردەن
بەڵام چێش کەرون گەردش چەپگەرد — دوری وە مابەین من و تۆ ئاوەرد

بڕوانە: (د. صدیق بۆرەکەیی)- مێژووی وێژەی کوردی- بەرگی یەکەم- لاپەڕە (٤٢٠).

بۆ هۆکاری پشت هۆنینەوەی شیعرەکە، لە سەرچاوەکاندا دوو هۆکار دیاریکراون، بەمشێوەیە:

١- پیاوێکی ئاژەڵدار لەوانەی کۆچ و کۆچباریانکردووە، لە کۆچی هاوینەیاندا روویانکردووەتە (نزیك دێی (مەولاناوا) لە ناوچەی (سەقز)، هاوسەری پیاوەکە کچی شێری (مەولەوی) بووە و زۆر خۆشیویستووە، لە شیعرەکەدا هاواری بۆ رۆحیانەتی (شێخ حەسەن) بردووە بۆ ئەوەی لە ئەهامەتییەکانی رۆژگار بیانپارێزێت و بە خۆشی و سەلامەتی ماوەی کۆچەکەیان بگوزەرێنن[١].

٢- (خانزاد خان کچی محەممەد پاشای جاف) شێتبووە، گوایە بردوویانە بۆ سەر مەزاری (شێخ حەسەنی مەولاناوا) بە مەبەستی چاکبوونەوەی[٢].

بەر لە دەستپێکردن بە مانادانەوە و راڤەکردنی پارچە شیعرەکە، پێویستە ئەوە بخەمە پێشچاو، لە راڤەکردنەکانی دیوانی (مەولەوی)دا باس لەوە کراوە، لە دەستنووس و کەشکۆڵەکاندا جیاوازی لە چەند وشەو ناوێکدا هەن، دیارە ئەم جیاوازییانە لە شیعری (مەولەوی) و شاعیرانی تریشدا بە جیاوازی سەرچاوەکان بەرچاودەکەون، بە رەچاوکردنی ئەوەی لەو سەردەمانەدا شیعرەکان بە دەست نووسراونەتەوە و ئامێری باش بۆ نووسینەوەیان لە بەردەستدانەبوون، سەبارەت بە چاپکردنیش ئەوە هەر نەبووە، پێدەچێت هەندێکجار لە ئەنجامی باش هەڵنەگرتن، یان تەڕبوون و تێکەڵاوبوونی وشەکانەوە هەڵە لە نووسینەوەی دەستخەتەکاندا کرابن، بەڵام لێکۆڵەر بە پێی شیکردنەوە و تێگەیشتن و شارەزایی خۆی دەتوانێت لەم بارەوە قسەی هەبن، ئێستاش دێمە سەر مانادانەوە و راڤەکردنی شیعرەکە بە پێی تێگەیشتنی خۆم، بەمشێوەی خوارەوە:

---

[١] – (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- پەراوێزی لاپەڕە (١٠٤).

[٢] - (هەمایۆن ساحب کەریم)- شەریعەتی مەیل- بەرگی یەکەم- لاپەڕە (٢٦٢)- لە بڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان.

پێویستە لێرەدا باس لەوە بکەم نووسەری شەریعەتی مەیل وەك خۆی وتوویەتی: ئەم رایەی لە کتێبی نووسەر (حەکیمی مەلا ساڵح)ی وەرگرتووە.

(نووسەر)

لە دێڕی (یەکەم)دا شاعیر (شێخ حەسەنی) بە بولبولی ناو گوڵزاری بێ ناوونەنگی لە قەڵەمداوە، لێرەدا پێویستە، کەمێك لەسەر (ناوونەنگ) بوەستم، ئاشکرایە لە زمانی ئێمەی کوردیدا (نەنگ) بە مانای شورەیی دێت و هەرواش بەکارهاتووە، بەڵام کە لە گەڵ ناودا دێت و دەبێت بە (ناوونەنگ) مانایەکی دوولایەنە دەدات، چونکە ئەگەر بۆ زمانێکی دراوسێی وەکو زمانی عەرەبی وەریبگێڕین دەقاو دەق دەبێت بە (الشهرە= شوهرەت)، دەی کەواتە بۆی هەیە مرۆڤ خاوەنی شوهرەتی باش ، وەیان خراپبێت، لێرەوە ناوونەنگی خراپ، هەروەها ناوونەنگی باش هەن. بەڵام لێرەدا پێویستە بزانین، مادام شیعرەکە بۆ پیاوێکی دیندار و خوداناسێکی گەورە نووسراوە و وتراوە (بێ ناوونەنگی)، کەواتە مەبەستی شاعیر ئەوەیە ئەو زاتە لە هەموو ناوونەنگێکی خراپ بە دووربووە. چونکە لە نیوە دێڕی دووەمدا وتوویەتی: (تەزەرووی سەر سەرووی باخچەی بێ رەنگی)، سەبارەت بە مانای (تەزەروو)، بە دوو مانا باسکراوە، هەم بە کۆترە باریکە، هەم بە جۆرە کەڵەشێرێکیماڵینەبووی رەنگاورەنگ مانادراوەتەوە. بەش بە حاڵی خۆم پێموایە زۆر لە کۆترە باریکەوە نزیکە هەتاکو کەڵەشێر، چونکە ئاشکرایە کەڵەشێر هەرچەندە کێویش بێت، وەك کۆترە باریکە توانای باڵگرتنەوە و فڕینی نییە، هەتاکو بە سەر سەرووی بەرزی باخچەکانەوە بنیشێتەوە. ئەگەرچی بەسەر داریشدا سەربکەوێت، بەڵام کۆترە باریکە زۆر باشتر لەو دەفڕێت.

لەم دێڕەدا شاعیر دەلالاتی عیرفانی گەورەی خستووەتەڕوو، دیارە لە دونیای سۆفیگەری و عیرفاندا، ئەوانەی رۆحیان باڵادەکات خۆیان لە خەوشی بە مرۆڤبوون بە تەواوی پاکدەکەنەوە، هەر بۆیە رۆحیان بەرزدەبێتەوە و باڵادەکات و پلەکانی سۆفیگەری دەبڕن، من وای بۆ دەچم لێرەدا شاعیر مەبەستی لەوە بووە (شێخ حەسەنی مەولاناوا) لە سۆفیگەریدا بە قۆناغی (بەقای دوای فەنا) گەیشتووە.

لە دێڕی (دووەم)دا زیاتر راستی ئەم بۆچوونەم دەسەلمێنێت، ئەوەتا شاعیر ناوی ئەو زاتـــەی بە

(نوختەی ئینتیهای دایرەی تەمام) بردووە، بە مانای بە خاڵی کۆتایی (گەراماتی ئەولیا) گەیشتووە و لەو بوارەدا بەهرەمەند بووە، لە سەرچاوەکاندا هاتووە: (ئەم مەقامە لە بناغەدا هینی پێغەمبەرانە وە ئەولیا بە وەراثە لەوانەوە دەستیاندەکەوێت)، ئیمامی رەببانی لە (مەکتوبات)دا بە دووردرێژی باسیکردووە و فەرموویەتی: ئەگەر خوا یارمەتیبدات ئەکرێ رێبوار ئەم رێگایە ببڕێت، ئەگینا تەمەنی مرۆڤ هەرگیز بەشی هەنگاوێکیان ناکات[٨].

دەگەڕێمەوەسەر مانادانەوەی شیعرەکە و بۆ زیاتر تیشکخستنەسەر مەبەستی شاعیر لەم دایرەیە کە (شێخ حەسەن) بە خاڵی کۆتاییەکەی گەیشتووە، تەنیا دێڕە شیعرێکی مەولەوی لە ناو ئەو پارچە شیعرەی لە نامەیەکی شیعریدا بۆ پیرەکەی (شێخ عوسمانی سەراجەددین)ی ناردووە بە بیردەهێنمەوە:

(جسما لدینا روحا لدیه    دایرەی تەمام منه الیه)

بۆ تیشکخستنە سەر (دایرەی تەمام= بازنەی تەواو). مەبەست ئەو بازنەیە بە خاڵێک دەستپێدەکات و هەر لەو خاڵەشدا کۆتاییدێت و سەرچاوەکەی خودای گەورەیە، لە قورئانی پیرۆزدا بە (هو الاول والاخر) باسکراوە، ئەمەش لە سۆفیگەریدا (یەکێتی بوون)ە، لە کولتووری دینی کورددا بە تایبەت لای یارسانەکان شیعرو پەخشانیان لەم بارەوە زۆرن، بە تایبەت لە (بارگە بارگە و گڵیم وە کۆڵ) کە دووبەشی کتێبی پیرۆزی (سەرئەنجام)ن، چەندین نموونە لەم بارەوە هەن، من هەر لەم کتێبە و لە بابەتی (کاریگەری عیرفانی یارسان بەسەر شیعری مەولەوی)یەوە، لەم رووەوە قسەمکردووە و دووبارەکردنەوەی قسەکان بە پێویست نازانم، تەنیا ئەوە بەبیردەهێنمەوە نزای رۆژانەی یارسانەکان کە هاوکات شایەتومانیانە هەر باس لەم دایرەیە دەکات و تیایدا دەڵێن:

(هەوەڵم یار ئاخرم یار).

---

[٨] - (ئەمین شێخ عەلائەددین نەقشبەندی)- تەسەووف چیە- لاپەڕە (٤١٤)، دار الحریة للطباعة – بغداد.

ئەیوب کوێخا رۆستەم

شاعیر لە نیوەی دووەمی دێڕەکەدا (شێخ حەسەن)ی بە (نەی دەسی نەیچی تووتی دیای جام) ناوبردووە، شتێکی ئاشکرایە (نەی= شمشاڵ) ئەگەر بە دەس شمشاڵژەنێکی شارەزاو کارامـەوە بێت هەمیشە ئاوازی جوان و سەرنجڕاکێشی پێدەژەنێت، (نەیچی)یەکەش لێرەدا پەروەردگارە و لە چەندین دێڕی تری (مەولەوی)دا ناوی نەیچی بە هەمان ماناوە هاتووە، کەواتە (شێخ حەسەن) نەی دەستی (نەیچی)یە، سەبارەت بە (تووتی)یش ئەگەرچی ئەم باڵندەیە بۆ مەبەستی جیاجیا ناویدێت لەوانە:

١- زۆر بڵێی و جوینەوەی قسەی خەڵکی تر، ناوهێنانی لەم بوارەدا زۆرجار بۆ تانەلێدانە لە کەسێك ئەم خووانەی هەبێت.

٢- رەوانبێژی و توانای باش و زمانی شیرین لە قسەکردندا، لە ناو شیعرو ئەدەبیاتدا زیاتر بەم مەبەستە ناویهێنراوە.

٣- ناوهێنانی بۆ دەلالەت لە رۆحی خودایی هەر وەك چەندین گیانداری تر لەوانە: (سیمرغ، باز، شاباز) کە لەم بوارەدا لە شیعری عیرفانی لای گەورە عاریفان ناویانهێنراوە.

٤- ناوهێنانی بە مەبەستی بێدەسەڵاتی مرۆڤ و وێناکردن و دیاریکردنی چارەنووسی دوور لە ویستی خۆی (جەبریەت).

بەڵام ناوهێنانی لای شاعیر ناوهێنانە عیرفانییەکەیەتی، چونکە (شێخ حەسەن) وەك تووتییەك وایە لە پشت ئاوێنەیەکەوە قسەی لە گەڵدا بکرێت، هەرچی پێدەوترێت ئەویش دەیڵێتەوە، کەواتە وتنەکانی (شێخ حەسەن) سەرچاوەکەیان خودای گەورەیە و تەنیا فەرمانەکانی ئەوزاتەن، ئەمیش دەیانڵێتەوە.

لە دێڕی (سێیەم)دا شاعیر سەبارەت بەو زاتە وتوویەتی: ماڵی دڵت بە فەیزو بەرەکەتی خودای گەورە سواقدراوە، شابازێکی تیژڕەو و بە توانای رێگەی (مەولان ئاوای)، ئەم دێڕە لە راڤەکردنەکاندا قسەی زۆری لێوەکراوە، بەوەی لە هەندێك لە کەشکۆڵ و دەستنووسەکاندا، جیاوازی وشە بەرچاو دەکەون، بەر لەوەی قسە لەو وشەیە بکەم کە بە بڕوای منیش جیاوازە، باس لەوە دەکەم، سواقدانی ناوماڵ و

سەربان و کەپر و شوێنی تریش لە سەردەمی خۆیدا زۆر بایەخپێدراوە، بە تایبەت ناومالْ، بۆ سواقدانی هەوڵدراوە کام گڵ جوان و سپی و نەرمبووە، ئامادەکراوە و ژنی کارامە و سەلیقەداریش بە کارەکە هەڵساون، بە سێ قۆناغ سواقدراوە، (تەڕە سواق، نەرمە سواق، رەقە سواق) کە هەریەکەیان (هێلە ساوی) تایبەتی خۆی هەبووە، هەمیشە هەوڵدراوە سواقدانەکە درزی تێنەکەوێت و بریقەبداتەوە، بە چاوی خۆم سواقدانی ماڵەکانی (هەورامانم) دیوە، بە جۆرێکبوو زۆر لە گەچکارییەکەی ئێستا جوانتربوو.

(مەولەوی)یش لە نیوەی یەکەمی ئەم دێڕەدا باسی لەوە کردووە، ماڵی دڵی (شێخ حەسەن) جێی خۆشەویستی خودایە، بە فەیزو بەرەکەتی پەروەردگار بە شێوەیەکی وا سواقدراوە هیچ درزو کەلێنێکی تێدانییە.

سەبارەت ناوهێنانی (تەوار) بۆ شێخ حەسەن لە نیوەدێڕی دووەمدا ئەوە هەڵدەگرێت زیاتر قسەی لێوە بکەم، من بەش بە حاڵی خۆم لە کاتی نووسینی ئەم کتێبەدا (٢٠) کەشکۆڵ و دەستخەتی دیوانی (مەولەوی)م لە بەردەستدان، سەرەتای ئەم نیوە دێڕە لە زۆربەیاندا (تەوار) هاتووە، لە (٣) دانەیاندا شاباز هاتووە[٩]، بەش بە حاڵی خۆم شاباز بە راستتر دەزانم لە بەر ئەم هۆیانە:

١- (تەوار) لە ناو فەرهەنگی زماندا بۆ مێینەی باز، هەروەها بۆ منداڵی قەڵە و جوان و گوێن هاتووە[١٠]، ئەمانە هەردووکیان بۆ (شێخ حەسەن) زۆر گونجاو نین.

٢- (شێخ حەسەنی مەولاناوا) نێرینەیە و نێری (باز)یش بە (شاباز) ناویدێت، بۆیە ئەمەیان لە تەوارەکە گونجاوترە.

---

[٩] - لە دەستنووسەکەی (ئەبولوەفا موعتەمیدی کوردستانی) کە بەشێوەیەکی زۆر ورد جیاوازی وشەو دێڕەکانی شیعری مەولەوی تێدا دەستنیشانکراوە، نیوە دێڕی دووەمی دێڕی سێیەم، بەمشێوەیە نووسراوە:

(شاباز طرلان لا مکان ماوا).

دیوان مولوی کرد- دەستنووس (ئەبو ئەلوەفا موعتەمیدی کوردستانی)- لاپەڕە (٣٩).

[١٠] - (هەژار)- هەنبانە بۆرینە- چاپی شەشەم- لاپەرە ١٤١- سرش- تهران.

بەمشێوەیە مانادانەوەی نیوە دێڕەکە بەسەر یەکەوە دەمانگەیەنێت بە مەبەستی شاعیر کە (شێخ حەسەن) وەك شابازێکی شکاری چوست و چالاك چۆن راوی نێچیرەکانی دەکات، ئەمیش راوی هەموو خەوشەکانی مرۆڤبوونی لە خۆیدا کردووە و هێلانەکەشی دێی (مەولان ئاوایە) کە شوێنی ژیان و گوزەرانی شێخ بووە.

لە نیوە دێڕی یەکەمی دێڕی (چوارەم)دا وتوویەتی: پایەت بوڵند و سایەو سێبەرت فراوانبن، ئەمە خۆی لە خۆیدا تێگەیشتنی بۆ هەموو خوێنەرێك ئاسانە. بەڵام ئەوەی پێویستە زۆر وردبونەوە و تێڕامان لە مانادانەوەیدا بکرێت نیوەدێڕی دووەمە کە کرداری (پەیکەردەی) تێدا هاتووە، کاتێك شاعیر فەرموویەتی:

(پەی پەی کەردەی رەم دیدە سیاوان)، بە بڕوای من ئەو راڤانەی پێشتر کراون لە مانادانەوەی وشەی (پەیکەردەی) سەرکەوتوو نەبوون، ئەم وشەیە وەك لە بەکارهێنانی کۆنی لە ناوچەو هەورامان، هەروەها وەك ئەوەی لە (فەرهەنگ)دا هاتووە، مانای (بەدوا کەوتن) و لە زمانی فارسیشدا مانای (تەعقیب= بە دواداچوون) دەدات[٨]، ئاشکرایە لەم نیوە دێڕەشدا (مەولەوی) بە هەمان مانا بە کاریهێناوە. بۆیە مانادانەوەی دێڕەکە بەسەر یەکەوە ئەوە دەگەیەنێت، شاعیر داوایکردووە لە رۆحیانەتی (شێخ حەسەن مەولاناوایی)، هەمیشە سایەو سێبەری فراوانبێت بۆ ئەوەی بتوانێت بەدوای ئەوانەوە بێت مەبەستیان داواکردنی بەرەکەتی ئەولیاکانە، هەتاکو بتوانن رێگەی راستی خوداپەرستی بگرن.

بۆ مانادانەوەی دێڕی (بێنجەم) من پێموایە ئەگەر راڤەکردنی لە نیوەدێڕی دووەمیەوە دەستپێبکات باشترە و دەتوانرێت جوانتر مانا بدات، لەم نیوە دێڕەدا شاعیر باسی لەوە کردووە ئەو ئاسکەی لە گەرمەسێر تاککەوتووە و لە گەلەکەی تاربووە، لە نیوە دێڕی یەکەمیشدا وتوویەتی: ئەوە ئاسکی تووتی دڵی منە، بۆن و بەرامەی وەك (نافە= موشك) خۆشە و بە لامەوە زۆر خۆشەویستە، دیارە ئەو خانمە وەك پێشتر وتمان کچی شیری (مەولەوی) بووە و هەر وەك کچی خۆی خۆشی ویستووە، ئەوەشی تێدا دەخوێنرێتەوە، شاعیر مەبەستی ئەوەبێت، ئەگەرچی ئەو

---

[٨]- (هەژار)- هەنبانە بۆرینە- چاپی شەشەم- لاپەڕە (١٣٦)- سروش- تهران.

(ناسکە= مەبەست کچە شیریەکەیەتی) گەرمەسێر ماوایەتی. بەڵام لە توونی دڵی منیشدا ماوای هەیە. سەبارەت بە توون لە ناو زمانی کوردیدا بە چەند مانایەك دێتە پێموایە لێرەدا لە گەڵ دڵ پێکەوە بوون بە (توونی دڵ) مانای قوڵایی دڵ دەدات.
سەبارەت بە وشەی (توون) چەندین دێڕە شیعر لە ناو ئەدەبی سەرزارەکی و هەروەها لە ناو شیعری شاعیراندا هەن، هەر بۆ نموونە،

**دەســـتم لێمەدە یا هەر مــەزنوون بم**

**یا هەر تووناو توون دەسی گەردوون بم**

هەروەها لە هەندێك ناوچەی کوردستاندا تا ئێستاش وەك نزای شەڕ، یان بێباکبوون لە چارەنووسی کەسێك، یان ئەنجامی کارێك بەکاردەهێنرێت[*].
(دێـڕی شەشـەم) تەواوکـەری دێـڕی پـێش خۆیـەتی و شـاعیر وتوویـەتی: (ناسکە تەریوەگە= کچە شیرییەکەی) دەسڵەمییەوە، رایدەکرد، ئینجا دەوەستاو ناوڕیدەدایەوە و سەیری دواوەی دەگرد، هەتا کەوتە قونە قون و هەڵەمبازدان بەرەو ماوای تۆ (مەبەست لە شێخ حەسەنی مەولاناوایە).
بۆ ئەوەی زیاتر لەسەر مانادنەوەی ئەم دێڕە بوەستم، دەڵێم: مەبەستی (مەولەوی) لە شیعرەکەدا ئەوەیە، ئەو خانمە گەرمیانییە کە بە ناسکە تەریوەکە چواندوویەتی، لە کۆمەڵی خۆی دابڕا دەڕۆیشت و دەوەستا، بەین بەین ناوڕدەدایەوە و بە چاوی مەستەوە دەیڕوانی، ئینجا بەرەو بارگەو ماوای تۆ کەوتە قونە قون. لێرەدا دەبێت ئەوە بهێنینەوە یاد لە وەرزی کۆچ و کۆچبار بۆ هەوارگەی هاوینە و بە پێچەوانەشەوە، کۆچەرییەکان هەمیشە لە ڕێڕەوی کۆچەکەیاندا لە هەوارگەی کاتی، بە مەبەستی پشوودان و حەسانەوەی خۆیان و ئاژەڵەکانیان لایانداوە، ئەمەش ساڵانە لە وەرزی کۆچدا دووبارە بووەتەوە، مەبەستی (مەولەوی) لەم دێڕەدا ئەوەیە، ئەگەرچی (کچە شیریەکەی) دەڕوا و چەندینجار دەوەستێت، دواجار بەرەو ماوای ئەو زاتە ملدەنێت و دەچێتە بارەگای ئەو.

---

[*]- لەم بوارەدا دەوترێت (وە توونی بابا چن)، یان (دەی وە توون).
(نووسەر)

لێرەدا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی بتوانین بڵێین: بۆ دیاریکردنی هۆکاری پشت هۆنینەوەی پارچە شیعرەکە، ئەگەری کۆچکردنی کچە شیرییەکەی (مەولەوی) بۆ مەولاناوا، لە رازی شێتبوونی (خانزاد خانی کچی محەممەد پاشای جاف) زیاترە.

لە دێڕی (حەوتەم و هەشتەم)دا کە مانادانەوەیان بەسەر یەکەوە بۆ خوێنەر باشترو گونجاوترە، شاعیر لە رۆحییانەتی (شێخ حەسەن) پاڕاوەتەوە وتوویەتی: داواکارم سێبەری گەڵای هیمەتی خۆتی بۆ بکەیت بە پێخەف و ماوا، هەتاو لە سایەیدا باش بحەوێتەوە و سەرمای کوێستان کاری لێنەکات، هەروەها لە چووزە گیای بەرەکەتی تۆ بخوات و لە سایەی (لوتف)تدا لەو هەردوو کوێستانە گەشتی خۆی بکات.

ئەگەرچی ئەم دوو دێڕە تا رادەیەکی زۆر مانایان ئاسان و دیارە، بەڵام بۆ وردبوونەوەی زیاتر باشتر وایە کەمێك لە سەریان بوەستم، پێموایە ئەو گەڵای هیمەتەی شاعیر بۆ کچە شیرییەکەی خواستووە، هەتاکو سەرمای کوێستانەکان کاری لێنەکەن و بە تەندروستی و حاڵێکی باشەوە ماوەی مانەوەی لە کوێستان بەسەر ببات، هەروەها ئەو چووزە سەوزەی کە ببێت بە خۆراکی و ئەو گەشت و هاتوو چوەی لەو هەرد و کوێستانە لە ماوەی مانەوەیدا دەیکات، هەر هەموویان بابەتی مانەوبین و کاریان بەسەر بابەتی مادییەوە نییە، چونکە شاعیر بۆ مەیسەرکردن و دەستبەرکردنی ئەمانە داوای (هیمەت و فەیض و لوتف)ی شێخ حەسەنی کردووە، کە ئەمانە وەك سێکۆچکەیەك کاریگەری رۆحی بەرهەمدەهێنن، مرۆڤ لە رێی رۆحەوە لە پەروەردگارەکەی نزیکدەکەنەوە و پشتگیری بۆ مەیسەر دەکەن، بۆیە هەر لە سایەی ئەم هێزە رۆحییەشدا ئەو ناوو دەستەواژانەی وەك: (وەنگ، یاتاخ، ئێلاخ، چووزە و سەوزە، گەردش، هەرد....هتد) مانادەدەن و هەر لە سایەی ئەو هێزەشدا دەچنە ناو رۆحی (کچە شیریەکە)یەوە. بەوەش لە ماوەی مانەوەی لەو کوێستانەدا بە ئارامی و ئاسوودەیی ژیان دەگوزەرێنێت.

لە دێڕی (نۆیەم و دەیەم)یشدا کە بە هەمان شێوەی دوو دێڕی پێشوو مانایان پێکەوە دەدەمەوە، چونکە بەیەکەوە پەیوەستن، شاعیر بە رۆحییانەتی (شێخ حەسن)ی وتووە: ئەڵێت من کە ئێستا کەسێکی پیر و دڵ بریندار و پەککەوتووم،

چیمە بەسەر مەیل و خۆشەویستی نازیزانەوە، هەروەها باسی لەوە کردووە، تا یاران (مەبەستی لە یاران پاوچاکانە، دیارە لێرەدا رۆحیانەتی ئەو زاتەیە) لە پەناوە و بە نهێنی نیگا لە ئێمە بکەن و چاویان لێمانبێت. ئێمەی پیر هەر لە تاقی جوانیدا دەمێنینەوە.

ئاشکرایە شاعیر ئەم پارچە شیعرەی لە سەردەمی پیری و پەککەوتەیی و نالآن بە دەست ئێش و ئازاری جەستەیەوە هۆنیوەتەوە. بەلآم لەم دوو دێڕەی (نۆیەم و دەیەم)دا ئەوە دەخوێنرێتەوە، هەرگیز پیری و ئازاری جەستە ناتوانن ببنە هۆی ئەوەی رێ لە پەیوەندی نێوان شاعیر و ئەوانەی بە خۆشەویستی خۆیان دەزانێت، بگرن، چونکە ئەو یارە نازیزانە نەمرن، ژیان و مردن بۆ ئەوان هیچ جیاوازییەکی نییە (مەبەست لە ژیانی سەرمەدی)یە، ئەوان هەمیشە لە گۆشەنیگای چاوانییانەوە دەروانن و لوتفی خۆیان دەبەخشن، ئاشکرایە ئەمە لە ناو سۆفیگەری و عیرفاندا نەخشێکی گەورەی هەیە و لە چەند شوێنێکی ئەم کتێبەدا ئاوڕی لێدراوەتەوە.

پێویستە لێرەدا قسە لەوەش بکەم پیری و جیاوازی تەمەن لە پەیوەندی رۆحیدا بایەخیان پێنادرێت، (مەولەوی) کە بە تەمەن (٥٧) سالّ لە (شێخ عەلی حیسامەددین) گەورەتر بووە، پاش مردنی شێخ محەممەد بەهائەددین، سەری پێیسپاردووە، زۆر بە رێز و گەورەییەوە ناویبردووە لە سەرەتای نامەیەکیدا کە بۆی ناردووە نووسیویەتی:

(یا علی الاعلی و یا ابا الحسن)، ئەمەش دێڕێکی نامەکەیەتی:

(عەرزەکەم بەندەی پیریان لە تاقی سەرهەیوانی فەرامۆشیدا دانا و لە بەلآو گارەساتی ئەمسالّ و پارسالّدا نایانە مالّی کۆژاوە[٣]).

---

[٣]- (ئەمیری وەزیری)- نەقشبەندی لە کوردستان- وەرگێڕانی لە فارسییەوە (عەلی میرزا عارف هەورامی)- چاپی یەکەم- لاپەڕە (٢٢٨)- چاپخانەی کارۆ- ٢٠١٢.

لە کۆتا دێڕی ئەم پارچە شیعرەدا کە دێڕی (پانزەم)ی شیعرەکەیە هاتووە: مەیل و خۆشەویستی (لەیل) پیربوونی بۆ نییە و شتێکی مەحاڵە، بە جۆرێکە تەنانەت ساڵی (پێگەیشتن = بالغ= بالق) بوونیشی سەد هەزار ساڵە.

بۆ ماناداناەوە و راڤەکردنی ئەم دێڕە شیعرە، پێویستە باس لەوە بکەم گرێکەگەی بابەتێکی عیرفانییە، سەبارەت بە نیوە دێڕی دووەمی جیاوازی لە ناو کەشکۆڵ و دەستنووسەکاندا هەیە، (مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)یش لە دیوانی (مەولەوی)دا ئاماژەی بەم جیاوازییە داوە و باسی لەوە کردووە لە بری (سەد هەزار ساڵە) نووسراوە (دوای سەد ساڵە)، ئەم جیاوازییە شتێك نییە کار لە سەر مانای شیعرەکە لە رووی عیرفانییەوە بکات، چونکە ئەو ساڵانەی بۆ تەمەنی (پێگەیشتن= باڵقبوون) دیاریکراون، ئەگەرچی جیاوازییان زۆر زۆرە، بەڵام هەرکامیان بێت بۆ ئەو قۆناغەی پێگەیشتنی مرۆڤ زۆرە، ئینجا دەگرێت راڤەکاری ئەم شیعرە بۆ ئەوەش بچێت، دەی مادام دوای سەد ساڵ دیاریکراوە، کەواتە دیارینەکراوە چەندە و بۆی هەیە سەد هەزار ساڵ بێت.

بە باوەڕی من دیاریکردنی ئەم تەمەنە بۆ (پێگەیشتن= باڵقبوون) راستەوراست پەیوەندی بە لەدایکبوونەوە هەیە، بۆیە پێویستە لێرەدا قسەیەك سەبارەت بە لەدایکبوون بکەین، ئەوەی باسی لێوەکراوە لە دایکبوون دوو جۆری هەیە بەم ناوانە:

١- لە دایکبوونی روخساری

٢- لە دایکبوونی مەعنەوی

سەبارەت بە یەکەمیان ئەمە هەموو گیان لەبەرەکان تیایدا بەشدارن و بە دەست خودی گیان لەبەرەکە نییە، سەبارەت بە مرۆڤ بریتییە لە جیابوونەوەی منداڵ لە منداڵدانی دایکی و هاتنەناو پانتایی ئەم دونیا پان و بەرینە.

بەڵام لەدایکبوونی (مەعنەوی) تایبەتە بەو کەسانەی لە ئەنجامی خوداپەرستی و ریازەتکێشان و بەندایەتی راستەقینەیانەوە، لە هەموو خەوشێك کە حەزو ئارزووە

دونیاییەکان بەرهەمیدەهێنن پاکدەبنەوە، ئیتر پەروەردگاری مەزن لەدایکبوونی (مانەوی)یان پێدەبەخشێت، کەواتە بۆ ئەو لە دایکبوونە هەڵیاندەبژێرێت[٧].

لە کۆتاییدا دەڵێم: (مەولەوی) وەك شاعیرێکی بە تواناو شارەزا بە جیهانی سۆفیگەری و موریدێکی سەوداسەر لە بواری پەیوەندی رۆحیدا، بە سەلیقەیەکی گەورە و شێوەیەکی زۆر جوان ئەم لە دایکبوونە مانەوییەی خستووتەڕوو، بەوەی ئەو مرۆڤەی بێگەیشت لە ژیانێکی نەمری و هەتا هەتاییدایە و لە هەموو کاتێکدا هیمەتی ئامادەیە.

**نموونەی دووەم:**

١- نەسیمی مەحرەم مابەینی یاران

ماچان وەهارەن سەوزەن دیاران

٢- گیان وە بێتاقەت مەینون ئارۆ

ظاهیرەن هەوای لای نازیز دارۆ

٣- ئامێتەی خەیاڵ ئەو دڵ پەسەندەن

نێڵاخیچ هەلای کەمی یەخ بەندەن

٤- زەحمەت وە خەیاڵ ئەو نازیز مەدەر

وەر نەیۆ گیان، هیچ، بە وێت تەشریف بەر

٥- چون باوای پەرساش بە ناڵە عەرز کەر،

دیم تەن سفتەکەی خەستەی زام خەتەر

٦- دڵ دەروون هەر یەك وە دەس خامەیێ

ئینشا کەردەبێ توغرا نامە یێ

٧- دڵش کەردەبێ وە دوو (هوو) مەرقوم

دەرونش وە هون (محبك معدوم)

---

[٧]- (كريم زمانى) — ميناگر عشق- لاپەرە (١٩١).

ئەیوب کوێخا ڕۆستەم

٨- ئەر تەسدیع نەبۆ وە جان فیدای وێت
گوش دەر سەوادش بوانوون پەرێت
٩- وە نامی دەرمان زامانی موشکوڵ
جە نەوای بوڵبوڵ جە نیستیفنای گوڵ
١٠- (بەعد) وە دیدەت شای ئەونەمامان
هەر ئێد مژنەوو وەهارێ ئامان
١١- ئاستەنش هەوای ئەو وەهاران پێم
تەماشای وەهار حاڵەتەکەی وێم
١٢- شەتاوم هوناو دیدەی پڕ دەردەن
نەسیمم شنۆی هەناسەی سەردەن
١٣- خونچەی نە شکوفتەم زامی کارییەن
بوڵبوڵم ناڵەی دڵ نەوگارییەن
١٤- (والحاصل) سەمووم بای تاڵی سستیم
پەژموردە کەردەن وەهاری هەستیم
١٥- تا واچی خەرمان خەم وە کۆنانێ
وە گەیفی دەماخ دووری تۆنانێ
١٦- خوسوس چون خەبەر میاونانێ
گوڵان، بوڵبوڵان، ملاونانێ
١٧- من وێم موینون خاتر زیزەنان
مەحرومی بۆی گوڵ روی ئازیزەنان
١٨- مکیانۆ رەحمەت حەسرەت وە کۆ کۆ
رەحمەت پەی جەناب دەردی دووری تۆ
١٩- کورەی ئارەزو جۆشی سەختشەن
ئای بێ مەیل، ئاوێ، دەخیل وەختشەن

٢٠- ئاخر ئەك ئێمەیچ داخ نە دڵێنمێ

سوچیای ئایر چون تۆکڵێنمێ

٢١- تۆ پەی نیشتمان، من پەی سەودای تۆ

هەردوو بناڵین وە گریەو رۆ رۆ [15]

بەرلەوەی بچمە سەر ماناداندنەوەی شیعرەکە پێویستە قسە لەوە بکەم (مەولەوی) ئەم شیعرەی بۆ (شێخ عەزیزی جانەوەری[16]) هۆنیوەتەوە، ناوبراو کوڕی شێخ محەممەد کوڕی شێخ مەحموود و لە نەوەی (شێخ حەسەنی مەولاناوا)یە، کەسێکی زاناو شاعیرو خۆشنووسبووە، هەر لە سەردەمی فەقێیەتییەوە لە گەڵ (مەولەوی) دۆستایەتی پتەویان هەبووە و زۆریش دڵسۆزی یەکتریبوون، لەماوەی ژیانیدا چەندین نامەی شیعری بۆ نووسیوە، (٦) دانە لەو نامانە لە دیوانەکەیدا بلاّوکراونەتەوە، بەمشێوەیە:

١- سێ دانەیان وەڵامدانەوەی نامەی (شێخ عەزیز)ن.

٢- دوونامەیان بۆ هەواڵپرسین نووسراون.

٣- دانەیەکیان بە مەبەستی گەردن ئازادی وماڵئاوایی یەکجارەکی نووسراوە. سەبارەت بەم نامەیان کە لە دوو تویێ (٢٠) دێڕدایە و بەم دێڕەی خوارەوە دەسپێدەکات:

(ئازیز دیارەن وادەی لوامەن ئەڵوەدای ئاخر ئەوە نامامەن).

شایانی وەبیرهێنانەوەیە من لە بابەتی (مەولەوی و پەیوەندی رۆحی) لەم کتێبەدا سەبارەت بەم نامە شیعرییە قسەمکردووە، پێموایە جۆرە تێکەڵییەکی لە تەك پارچە شیعرێکی تری شاعیردا تێدا کراوە، لەو بارەوە بە پێی تێگەیشتنی خۆم سەبارەت بە شیعری (مەولەوی) قسەمکردووە و بەڵگەم هێناوەتەوە.

پاش ئەم دێڕانەی سەرەوە لەم بابەتەدا من تەنیا قسە لە نامەیەك لە كۆی (٦) نامەکەی (مەولەوی) بۆ (شێخ عەزیزی جانەوەری) دەکەم، وەك نموونەیەك لە

---

[15]- (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- لاپەڕە (٤٥٤ ، ٤٥٥، ٤٥٦، ٤٥٧).

[16]- (جانەوەر) دێیەکە لە ناوچەی (کەلاتەرزان) لە نێوان سنە و مەریوان.

نامەکانی، چونکە چەند جارێك وتوومە: مەبەستم خستنەڕووی نموونەکان تەنیا بۆ زیاتر تێگەیشتنی بابەتەکانە. شیعرەکەش وەك لە سەرەوە نووسراوەتەوە لە دوو تویی (٢١) دێردایە.

لە دێڕی ( یەکەم و دووەم)دا کە ماناکانیان پێکەوە بەندن، شاعیر نەسیمی بەرەبەیانی ڕاسپاردووە بۆ گەیاندنی نامەکەی بە (شێخ عەزیز)، دیارە ڕاسپاردنی نەسیم و بای شەماڵ بە بردنی نامە بۆ لای ئازیزان، بە مەبەستی گەیاندنی (سلاّو و خۆشەویستی، ڕاز و نیازەکان بە خۆش و ناخۆشیانەوە، و گلەیی و گازندە، دابڕان و دووری، بێزاری و بێتاقەتی و ....هتد) لە شیعری زۆربەی شاعیرانماندا بەرچاودەکەوێت. چونکە ئەمانە هەمیشە بە مەحرە م و نهێنیپارێز، هەروەها چالاك و تیزڕەو بۆ گەیاندنی نامەکان زانراون، هەر بۆیە لێرەدا شاعیر وتوویەتی: ئەوا وەرزی بەهارە و دەشت و دەر هەمووی بەرگی سەوزی پۆشیوە، بەلاّم من گیانی خۆم زۆر بە بێتاقەت دەبینم چونکە بە ئاشکرا ئارەزووی چوون بۆ لای ئازیزی هەیە (مەبەست لە ئازیز شێخ عەزیز)ە.

بەهەمانشێوەی دوو دێڕی پێشوو هەردوو دێڕی (سێیەم و چوارەم)یش ماناکانیان پێکەوە تەواو تێکەڵ و تەواوکەری یەکترن، هەر بۆیە بۆ یە پێویستە بەسەر یەکەوە مانابدرێنەوە. لەم دوو دێڕەدا شاعیر وتوویەتی: دڵ و گیانم بە تەواوی تێکەڵ بە خەیاڵ و ئامەزرۆیی بۆ دیدەنی ئازیز بوون، دیارە کوێستانیش هێشتا کەمێك سەرماو سۆڵەو سەهۆڵبەندانە، بۆیە ئەگەر گیانم لە تەکتدا نەهات، ئەوە زۆر ئازاری مەدە و بە شوێن خۆتدا ڕاپێچی مەکە، ئەو کات تۆ خۆت بە تەنیا تەشریف بۆ لای ببە.

لە دێڕی (پێنجەم)دا شاعیر بە شەماڵی وتووە، کە گەیشتیتە خزمەتی هەواڵی من دەپرسێ لێت بە ناڵینەوە ئازاری منی بۆ باسبکە و پێی بڵێ: خۆشەویستەکەتم بە جەستەیەکی سوتاو و برینێکی سەختەوە بە تەواوی نەخۆشبوو.

لە دێڕی (شەشەم)دا جیاوازی وشەیەك لە سەرچاوەکاندا هەیە، بەوەی لەنیوە دێڕی دووەمیدا وشەی (توغرا) هاتووە، بەلاّم لە دەستنوسی تردا لە بری ئەم وشەیە (سۆزش) هاتووە، ئەم جیاوازییە هیچ گرفتێك بۆ لێکۆڵەر و ڕاڤەکاری شیعرەکان

دروستناكات و شتێكى ئاساييه، شاعير لەم دێڕەدا بە (نەسيم)ى وتووە، بڵێ: دڵ و دەروونى هەريەكەو پێنووسێكيان بە دەستەوە بوو. پێكەوە نامەيەكى مۆرگراويان نووسيبوو، لێرەدا مەبەستى (مەولەوى) لەوەى دڵ و دەروون هەريەكە و پێنووسێكيان پێبووە بۆ نووسينى نامەيەك و مۆريانكردووە ئەوەيە كە چۆن لە دڵەوە بيرى (شێخ عەزيز)ى كردووە و بۆى بێتاقەتبووە، بە هەمانشێوە لە دەروونيشەوە بۆ ئەو يادگاريانەى كە پێكەوە وەك دوو هاوڕێ هەيانبووە كوڵاوە و ئاواتى بەو رۆژانە خواستووە.

لە دێڕى (حەوتەم)دا شاعير باسى لەوە كردووە بە دووكەڵى هەناسەى بەسەر نامەكەوە (هو)ى نووسيبو، لێرەدا پێويستە قسە لەوە بكەم لەو سەردەمەدا و هەتا ساڵانێكى زۆر دواتريش كاتێك شاعيران و زانايان و ميرزا خوێندەوارەكان نامەيان نووسيوە، لە باتى ناوى خوداى گەورە لە سەرەتايەوە نووسيويانە (هو)، مەبەستى شاعيريش لێرەدا ئەوەيە كە بە دووى هەناسەى ئەم وشەيەى نووسيوە، لە كۆتايى نامەكەشدا بە خوێنى دەروونى نووسيبوى خۆشەويستت (مەعدوم)، هەموومان دەزانين ئەو نازناوە نازناوى شيعرى (مەولەوى)يەو لە شيعرەكاندا بەكاريهێناوە.

لە دێڕى (هەشتەم)دا وتوويەتى: بە نازيز بڵێ ئەگەر نابێتە هۆى سەر ئێشان و بێتاقەتى بۆت، رێمبدە با نامەى گيانفيداكەى خۆتت بۆ بخوێنمەوە، شتێكى ديارە ئەم جۆرە دەربڕينانەى مەولەوى و ئەم زمانشيرينى و ئەزاكەتەتە، سەلێنەرى ئەوەن شاعير كەسێكبووە پڕاوپڕ لە رەوشتبەرزى و خۆنەويستى، بەردەوام رەوييە جوانەكانى پەيوەندى دۆستايەتى بەوپەڕى تواناو جوانييەوە لەبەرچاوگرتوون.

لە دێڕى (نۆيەم)دا باسى لەوە كردووە سەرەتاى نامەكەى بە ناوى ئەو زاتەوەيە تواناى دەرمانى هەموو زام و برينە ترسناكەكانى هەيە كە لە ناڵەى بوڵبوڵ و بێباكى گوڵەوە سەرهەڵدەدەن- (مەبەست خوداى گەورەيە)، لێرەدا پێويست بە وردبوونەوەيەكى زياتر لە ماناداناوەى نيوەدێڕى دووەم بڕوانيين كە تيايدا (نەواى بوڵبوڵ و ئيستيغناى گوڵ) هاتوون، ئاشكرايە (بوڵبوڵ) لە شيعرى شاعيراندا زۆربەى جار بۆ دەلالەتى جوان و دەنگخۆشى و ئيسكسووكى ئاوەدانكردنەوەى باخچە و گوڵزار

بە دەنگی خۆش و ئاوازی دڵرفێن ناویهێنراوە و هەندێکجاریش بۆ دەلالەتی شیوەن و گریان ناڵەو فوغان و ماتەمی لە ناو گوڵزاردا هاتووە.

لەم بوارەدا (کاکە حەمەی ناری) وتوویەتی:

شۆرش و نالینی کەس بێ وەجهـ و بێ عیللەت نیە
ئاهی من فەریادی بولبول ئیشی بێ خەم خوارییە[١٧]

هەروەها (گوڵ)یش هەروەك بولبوڵ بە هەردوو شێوەکە بەکارهێنراوە، بەلام زیاتری بەکارهێنانەکان بۆ مانا جوانەکانی گوڵ بوون، هەر بۆ نموونە خانای قوبادی وتوویەتی:

چون ئەوسا دڵم مایل وە گوڵ بی
سەر گوڵ مەیکام هەر کام وە گوڵ بی[١٨]

هەر بۆیە من وای بۆ دەچم مەبەستی لە (نەوای بولبوڵ) ناڵەو فوغانی خۆی و مەبەستیشی لە (ئیستیغنای گوڵ) بێ باکی خۆشەویستەکەیەتی لەو دۆخەی.

دێڕی (دەیەم و یانزەم)دا ماناداناەوەیان بەسەر یەکەوە بۆ تێگەیشتن گونجاوترە، شاعیر لە راسپاردەکەی بۆ (نەسیم) بەردەوامبووە و پێیوتووە، پاش ئەوانەی باستکردن بڵێ: ئەی خۆشەویست و ئەی ئەوەی وەك شای ئەونەمامەکانی، من هەر ئەوەندە دەبیستم و دەدرێت بە گوێمدا بەهارێك هاتووە، بە هیچ شێوەیەك هەوای خۆشی ئەوبەهارانی پێمنەهێنشتووە، بەهاری حاڵی خۆم زۆر بێزاریکردووم، ئاگام لەو ئەوبەهارە نەماوە کە دەبیستم هاتووە.

بەهەمانشێوە مانای هەردوو دێڕی (دوانزەم و سیانزەم) بەسەر یەکەوە دەدەمەوە، چونکە تیایاندا شاعیر باسی بەهارەکەی حاڵی خۆی کردووە و وتوویەتی: شەتاوی من خوێناوی دیدەی پڕ نێش و ئازارمە کە لە تەك فرمێسکەکانمدا دەڕژێتە خوارەوە،

---

[١٧] - (صدیق بۆرەکەیی)- مێژووی وێژەی کوردی- بەرگی دووەم- لاپەرە (٢٣٦)- چاپخانە- چهر تبریز.

[١٨] - دیوانی خانای قوبادی- کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی- (کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین)- چاپی یەکەم- ٢٠١٦

شنەبای فێنك و خۆشم هەناسە ساردەكانمە، خونچەی نەبوشكوتووم زامە كارییەكانم و (بولبول)یشم ناڵەو نۆفی (نەوگاری)مە بە دەستی نازارەكانمەوە.

بۆ مانادانەوەی دێڕی (چواردەم)، بەر لە هەموو شتێك پێوستە كەمێك لە سەر وشەی (تاڵە) كە لە نیوە دێڕی یەكەمی شیعرەكەدا، هەروەها (هەستی) لە نیوە دێڕی دووەمدا هاتوون بوەستم.

سەبارەت بە وشەی (تاڵە) لە (فەرهەنگی زمان)دا بە چەندین مانا هاتووە، لەوانە: (بەخت، مەڕی سپی دەم و چاو رەش، شووم و بێفەڕ، جۆرێك لە هەرزن، مرۆر، ئەسمەری نامالْ رەش[٩])، هەروەها وشەی (هەستی)یش بە چەند مانایەك هاتووە، لەوانە: (ئێسقان، بۆن، هەڵسانەوە)، بەلام بە بۆچوونی من لەم دێڕە شیعرەدا (هەستی) بە مانای بۆن و (تاڵە) بە مانای بەخت بەكارهێنراون، چونكە شاعیر وتوویەتی: بە هەرحاڵ بای بەختی سستم بەهاری ژینمی بێ بۆن كردووە، دیارە ئەو بێ بۆنییە لە دێڕی (سیانزەم)دا هۆكارەكەی بە نەپشكووتنی خونچەكانی دیاریكراوە. شاعیر لە پارچەی تریشدا (تاڵە)ی بە هەمان مانای بەخت بەكارهێناوە، هەر بۆ نموونە لە یەكێك لە شیوەنەكانیدا بۆ (عەنبەر خاتوون) وتوویەتی:

**مشیۆ تاڵەی من خیلاف ئەنگێز بۆ**

**وەرنە، كەی، كێ دی؟ وەهار گوڵ رێز بۆ**

لە دێڕی (پانزەم)دا باسی لەوە كردووە هەتا بڵێت خەرمانی خەمەكانم گلێرن و كۆمەڵیانداوە، دیارە ئەوەش بە كەیفی دوژمنەكەمە، مەبەستی لەو دوژمنە دوورییەتی لە (شێخ عەزیز)ی هاوڕێیەوە.

دێڕەكانی (شانزەم، حەڤدەم، هەژدەم) ئەوەندە پێكەوە گرێدراون و پەیوەندییان بە یەكترییەوە هەیە، ئەگەر بەیەكەوە مانا نەدرێنەوە، تێگەیشتنێكی باش وەك ئەوەی بۆ خوێنەر پێویستە نادەن بە دەستەوە، لەم دێڕانەدا (مەولەوی) وتوویەتی: بە تایبەتی لەو كاتانەدا هەواڵم بۆ دەهێنن و دەڵێن، وا گوڵ بولبول دەلاوێنێتەوە من خۆم بە زیزو خەمبارم دەبینم، چونكە لە بۆنی گوڵی روومەتی نازیز بە دوورم،

---

[٩] - (هەژار)- هەنبانە بۆرینە- چاپی شەشەم- لاپەڕە (١٤٣)- روش- تهران.

داخی نەلاواندنـەوەم لـە لایـەن تـۆوە کۆمـەڵ کۆمـەڵ ڕەحمـەت دەنێرێـت بـۆ ئـازاری دووریت، چونکە لە دووریتدا داخی نەلاواندنەوەم ناخۆم.
ئەگەرچی ئەم پارچە شیعرە لە زۆربەی دێڕەکانیاندا تێگەیشتنی تا ڕادەیەك ئاسانە، لە چاو هەنـدێ دێـڕ و پارچـە شـیعری تـری (مەولەوی) کە جۆرێك لە ئاڵۆزی بۆ تێگەیشاتنی خوێنـەر دروستدەکەن و بـۆ تێگەیشتن لێیان پێویست بـە شارەزایی باشدەکات، بەڵام هەندێك وشەو دەستەواژە، یان هەندێك دێڕ زیاتر لە دێڕەکانی تـری ئەم نامە شیعرییە وردبوونەوەیان لە ماندانەوەیاندا گەرەکە، لێرەدا بە باشی دەزانم دووبارە بۆ (گوڵ و بولبول) بگەڕێمەوە کە لە نیوەدێڕی دووەمی شیعری (پانزەم)دا هاتوون، هـەروەها دووبارەبوونـەوەی ناوهێنـانی گـوڵ لـە نیوەددڕی دووەمی شیعری (شانزەم)دا، هەر وەك لە دێڕەکانی پێشتردا وتم مەولەوی باسی لەوە کردووە کاتێك دەڵێن گوایە گوڵ، بولبول دەلاوێنێتـەوە من خۆم بە زیزو خـەمبار دەبینم، دیارە لێـرەدا مەبەسـتی (گـوڵ و بولبـوڵ)ی بەرجەستە بـە مانـا باوەکانیـان نـین، بـەڵکو مەبەستی لە بولبول خۆیەتی و مـەبەستیشی لـە گـوڵ (شێخ عـەزیزی جانەوەری)یە، دووری نێوانیان وایکردووە لەو کاتانەدا نەیانتوانیوە یەکتری ببینن و ئەوەش جۆرێك لە تاسـەبردن و بێتاقـەتی بـۆ شاعیر دروستکردووە، چونکە لـە نیـوە دێـڕی دووەمـی شانزەمدا وتوویـەتی: من ناتوانم بۆنی گوڵی ڕووی ئازیزم بکەم، دیارە ئـەو بۆنکردنـە مەبەستی یەکتربینین و ئامادەیی ڕووبەڕووە لە گەڵ (شێخ عەزیز)دا.
لـە دێـڕی (نـۆزدەم و بیستـەم)دا کـە بەسـەر یەکەمـەوە مانایان دەدەمەمـەوە، شاعیر وتوویـەتی: گوورەی ئارەزووم بۆ بینینت بە جۆرێك جۆشی سەندوە، تـەنیا بـە ئـاوی بینین و بە یەك گەیشتنمان دادەمرێکێنەوە، کەواتە ئەی بێ مـەیل- (مەبەستی شێخ عەزیز)ە، ئاوێکی پیابکە، ئاخر ئێمـەیش لـە ئـەنجامی داخ و کەسـەری دڵمانـەوە، وەك توێکڵی سووتاومان لێهاتووە.
بەش بە حـاڵی خـۆم وەك ئـەو ئەشق و تێگەیشتنەی بۆ شیعری (مەولەوی) هەمـە، پێموایە لەم دوو دێڕەی شاعیردا ماناو دەلالاتی عیرفانی هەن، زیاتر پەرۆشی شاعیر بـۆ (وەصـل- بـە یەکگەیشـتنی ڕۆحـی) دەکـەن، داوای ئـاوی ڕۆحـی دەکـات بـۆ

دامرکاندنەوەی ئەو جۆشە دەروونییەی کە تەنیا چارەسەرەکەی (وەصل)ە، چونکە بە دەست ئازاری سەختی ئەو جۆش و خرۆشەیەوە، وەك توێکڵە داری سووتاوی لێهاتووە، وەك وتم ئەمە بۆچوونی منە و پێدەچێت هەڵە بم، لەوانەشە مەبەستەکەم پێکابێت کە بەلامەوە ئەمەیان دروستە.

لێرەدا پێمباشە سەبارەت بە (وەصل) بچم بۆ (حەرمسەرای گوڵشەنی راز) و لە خزمەت گەورە عاریف (شێخ مەحموودی شەبستەری)یەوە نموونە بهێنمەوە، ناوبراو فەرموویەتی:

**وصال حق زخلقيت جدائيست**

**زخود بيگانە گشتن اشنائيست**

بەمانای ئەوەیە گەیشتن بە (حەقیقەت) بریتییە لەوەی سۆفی لە بوونی مەجازی و ئەندێشەی پەیوەست بە (خولقاندن) جوێببێتەوە و لە خودی خۆی بێگانە بێت، چونکە لە خۆ بێگانە بوون خودی ئاشنایەتییە[20].

دیارە بابەتی (وەصل و فەصل) لە چەند شوێنێکی تری شیعرەکانی (مەولەوی)دا هاتووە، هەر بۆ نموونە با لەم دوو دێڕەی وردببینەوە:

**نازیز وەس بوزەم نە گێجاوی خەم**

**وەس جەون بینایی پەنهان بەر نە چەم**

**وەختێ جە وەصڵیچ هەر دڵم ڕێش بۆ**

**مشۆ وەصل و فەصڵ فەرقشان چێش بۆ**[21]

هەر لێرەوە بە پێویستی دەزانم کەمێك لە سەر مانادانەوە و راڤەکردنی ئەم دوو دێڕە راوەستم، ئەگەرچی لە سەرچاوە و نووسینەکاندا سەبارەت (مەولەوی) راڤەکردنی ئەم دوو دێڕە بە ئاکاری جیاجیادا براون، کە وەك چەندینجار وتوومە هەرگیز مەبەستم هەڵسەنگاندن و رەخنەگردنی ئەو راڤانە نییە و ناوی هیچ کەس

---

[20] - (محمد لاهيجى گيلانى)- شرح گلشن راز- لاپەڕە (٣٦٤)-چاپ مهارت- تهران- ١٣٧٧.

[21] - (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- لاپەڕە ( ٨٨).

نـاهێنم، لـه هەنـدێك شـوێندا ئـەم شـیعره بەسـتراوه بـه کۆچـبوونی مەولـەوی و شیوەنکردن بۆ (عەنبەر خاتوون)ی هاوسەرییەوە، بۆیە لێرەدا بە رەوای دەزانم بڵێم:

١- شیوەنەکانی مەولەوی بۆ (عەنبەر خاتوون) لە زۆربەی کەشکۆڵ و سەرچاوەکاندا ئاماژەیان بۆ کراوە، بەڵام لەو (٢٠) کەشکۆڵ و دەستنووسەی لە بەر دەستی مندان لە هیچ کامیاندا باس لەوە نەکراوە شاعیر ئەم دوو دێڕەی بۆ شیوەنی هاوسەرەکەی نووسیبن.

٢- لەو هەشت پارچە شیعرەی (مەولەوی) بۆ لاواندنەوەی هاوسەرەکەی نووسیونی، لە سەر رۆشنایی هونەری (بەدیع) شەش جار وەك (تەوریە) ناوی عەنبەری هێناوە[٣٢]، هەر بۆنموونە، ئەوەك سەرژمێر با لەم سێ نموونەیان بروانین:

*- بۆی (عەنبەر) ئە تۆی دەماخم دوورکەرد

فرسەتش ناوەرد هەوای وەبای دەرد

*- لانەی حەڵقەی زوڵف (عەنبەر) بۆی شەوڕەنگ

هام دەمی جای تەنگ ئەلحەد سەرای سەنگ

*- موات: ڤیداش بام بە جای شیرینەن

گوزەرگای ئەو شۆخ گوڵ عەنبەرینەن[٣٣]

بەڵام لەم دوو دێڕەدا بە هیچ جۆرێك ناوی عەنبەر وەك (تەوریە)ش نەهاتووە، هەر بۆیە من وای بۆ دەچم (وەصڵ و فەصڵ) لە دوو دێڕەدا بابەتە عیرفانییەکەیە کە لەم کتێبە و لە شوێنی خۆیدا قسەی لێوەکراوە.

لە دێڕی (بیست و یەکەم)یشدا کە کۆتا دێڕی ئەم نامە شیعرییەیە هاتووە: کەواتە با پێکەوە هەردووکمان بناڵێن و شیوەن و رۆ رۆ بکەین تۆ بۆ (نیشتمان= مەبەست دڵی مەولەوی)یە، منیش بۆ خۆشەویستی و خولیای بینینی تۆ.

بۆ زیـاتر قسەکردن سـەبارەت بـەم دێـڕە پێویستە بـاس لـەوە بکەم، دڵ نیشتمان و کانگای هـەموو خۆشەویستیەکە، ئەگـەر خۆشەویستەکە (دڵـدار، هاوسـەر و منداڵ،

---

[٣٢]- (حەکیم مەلاساڵح)- مەولەوی و تەقینەوەی زمان- لاپەڕە (٤٠)- چاپخانەی دەزگای ئاراس.

[٣٣]- هەمان سەرچاوەی پێشوو- لاپەڕە (٤٠، ٤١).

باوك و دایك، هاورێ، هەموو ئەو كەسانەی تریش بن كە مرۆڤ بە جۆرێك لە جۆرەكان خۆشەویستی بۆیان هەیە)، هەروەها لە ناو رێورەچەی نەقشبەندیشدا كە (مەولەوی) پەیرەوكاریبووە، ئەوە هەر دڵە دەبێتە كانگا و نیشتمانی خۆشەویستی، لێرەدا شاعیر ویستوویەتی ئەوە دووپاتبكاتەوە هەمیشە خولیای خۆشەویستی دیداری (شێخ عەزیزە) بە شێوەیەك دڵی كردووەتە نیشتمان بۆی.

نموونەی سێیەم:

١- شی ئەو سەفاو سەیر دیدەنی جاران
لوا ئەو دوری و ئەو وەصڵی یاران

٢- ئێد نە ئەو دوورەن هەر ئاماو مەویەرد
ئەمجار وەراسی چەپگەرد شانا ئەرد

٣- وەختی تەماشای سەوزەی شەتاوان
سەیری شكۆفەی پای لارە گاوان

٤- مەدارە ئەم بەزم شكۆفان جەم جەم
هەنێ شكۆفە دیدەنی وە چەم

٥- مەوجی دجلەی چەم تۆغیان كەردەوە
گێجی هۆنی دڵ جۆش ئاوەردەوە

٦- ئەو سارای بەغداش ئاوەردەن وە تەنگ
ئێد كەردەن سارای كەربەلا رەنگ

٧- ئەو جە ئەندازەی گەشتی بەرشیەن
ئێد بۆی هون مەدۆ، رای گوزەر نیەن

٨- ئەر نامە نامان قاصد نەیاوان
بینایی دیدەم مەگێرە تاوان

٩- راویار ماتەم، گرد دەرون تەنگەن

قافلەم تا قام قیامەت لەنگەن[24]

وەك لە دیوانەکەیدا هاتووە (مەولەوی) ئەم پارچە شیعرەی کە لە دوو تویّی (٩) دیّردایە بۆ (کاکە ئەحمەدی پریسی) نووسیوە، بۆیە پێویستە کەمێك سەبارەت بە ناوبراو بنوسرێت، ناوی (ئەحمەد کوڕی خوسرە چاوەش)، لە تیرەی (مکایەڵی) سەر بە ئێلی گەورەی جافە، ساڵی (١٢٣٣ ك) لە دێی (پریس) لە دایکبووە، (زانا، شاعیر، خوداپەرستێکی راستەقینە و سۆفییەکی تەواوی ناو ڕێوڕەچەی نەقشبەندی)، هەروەها دۆستێکی دیاری (مەولەوی) بووە، لە سۆفیگەریدا پێشکەوتووە و یەکێکبووە لە مەنسووبە دیارەکانی (شێخ عوسمانی سیراجەددین)، زۆرجار جەزبە گرتوویەتی هەر بۆیە بە (کاکە ئەحمەدی مەجذوب) ناویدەرکردووە[25]، سەبارەت بە پایەی ناوبراو لە بواری سۆفیگەریدا (مەولەوی) وتوویەتی:

**بڕیا وە بـاڵای کـاڵی رەئیسی**

**(رجال الغیب)ە ئەحمەد پریسی**

(کاکە ئەحمەدی پریسی) ساڵی (١٣٠٧ك) کۆچی دوایکردووە و بەسەر بەرزایی (ملەی مزیاد- ملەی مزیات[26])دوە بە خاکسپێردراوە. هەر بۆ وەبیرهێنانەوە لە بابەتی

---

[24]- (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی – لاپەڕە (٣٦٢، ٣٦٤)- انتشارات کردستان.

[25]- (صدیق بۆرەکەیی)- مێژووی ئەدەبی کوردی- بەرگی یەکەم- لاپەڕە (٥٢٢)- چاپخانە- جهر تبریز.

[26]– لەگەشتی ناوچەی (ئەوروّڵی پارچە) هەر لەدوای تێپەڕبوون بەگوندی (پریس)دا (ملەی مزیات- ملەی مزیاد) دێتە ڕێت، پێدەچێت ئەم ناوە لە ملەی زیارەتەوە، یان ملەی مەزارەکانەوە هاتبێت، چونکە مەزارگەی سەیدەکانی (هانە سوورە) لەوانە (سەید ئەسرەدین، سەید ئەورەحمان، سەید ئەورەحیم) و مەزاری (کاکە ئەحمەدی پریسی) لێیە کە خەڵکان لە ناوچەکە ودەوروبەری ناوچەکەدا زۆر بەرێزو پیرۆزییەوە سەیریانکردوون، سەیدەکانی (هانە سوورە) بە زوهدو خوا پەرستی بەناوبانگبوون، هەمیشە دۆستی جووتیارو هەژارو داڵدەی لێقەوماوان بوون، تێکەڵای فەرمانڕەواو دەسەڵاتدارانیان نەکردووە هەرگیز مەبەستیان پێیان نەبووە بەتایبەت (سەید ئەو ڕەحیم) لەم بوارەدا زۆر ناسراو بووە. (نووسەر)

(مەولەوی و عەنبەر خاتوون) لە پەراوێزی لاپەڕەی یەکەمدا قسەیەك سەبارەت ناوبراو کراوە.

پاش ئەم چەند دێڕەی سەبارەت (کاکە ئەحمەدی بریسی) خرانەڕوو، دەگەڕێمەوە بۆ ماناداناوەی شیعرەکان بەمشێوەی خوارەوە:

دێڕی (یەکەم)دا بەر لەوەی بێمەسەر ماناداناوەی قسە لەوە دەکەم، لە کۆتایی هەردوو نیوە دێڕەکەدا وشەی (یاران) هاتووە، لە هەندێ دەستخەتیشدا کۆتایی نیوە دێڕی یەکەم بە (جاران) هاتووە، هەر لەبەر ئەوە سەلیقەی شاعیر زۆر لەوە دوورە لە دوای هەردوو نیوە دێڕدا یاران بۆ یەك مانا بەکاربهێنێت، پێدەچێت ئەمە هەڵەی چاپبێت، چونکە (مامۆستا مەلا عەبدولکەریم) لە لێکدانەوەیدا (جاران)ی بەکارهێناوە، بۆیە دڵنیام لەوەی بۆ کۆتایی نیوە دێڕی یەکەمی ئەم دێڕە شیعرە، (جاران) لە (یاران) راسترە و منیش هەر (جاران) وەردەگرم.

هەر سەبارەت بەم پارچە شیعرە (مامۆستا محەممەد عەلی قەرەداخی) باسی لەوە کردووە بە پێی نوسخەیەك کە بە نوسخەی (میم) ناویهێناوە، شیعری ژمارە نۆزدەی بیتی (هێ) و (دوو)ی بیتی (گاف) و ژمارە شەش لە بیتی (ش) دیارە مەبەستی ئەم پارچەیە، هەر هەموویان یەك شیعرن، بەڵام لەو کەشکۆڵ و دەستنووسانەی لای من شتێکی لەم جۆرەم بەرچاونەکەوت، هەروەها ئەم سێ شیعرە بە بڕوای من بۆ مەبەستی جیاجیا نووسراون و هیچ شتێك نییە بە یەکەوە بیانبەستێتەوە، هەر بۆیە من وەك ئەوەی لە دیوانەکەیدا هەیە وەرمگرتووە.

لەم دێڕەدا شاعیر وتوویەتی: ئەو (سەفا) و خۆشییەی جاری جاران هەمانبوو، ڕۆیشت و کاتی بەسەرچوو جارێکی تر نایێتەوە، وشەی (سەفا) ئەگەرچی مانای تریشی هەیە، بەڵام لێرەدا بە مانای ئاشتییەوە هاتووە، چونکە لە دێڕەکانی دواتردا دەردەکەوێت، باسی ئەوەشی کردووە ئەوەوە ڕۆیشت ئێمە لە یاردابڕێین و پێیبگەین، دیارە لێرەدا (مەولەوی) هاتووەتەوە سەر بابەتی (وەصڵ و فەصڵ).

لە دێڕی (دووەم)دا وتوویەتی: ئێستا ئەو زەمانە نییە ناخۆشییەکان دەهاتن و تێدەپەڕین، ئەمجارە چەپگەرد- (مەبەستی دەوری گەردوونە) زاری خۆی وەشاند و

جارێکی تر خۆشی نایەتەوە. دیارە لە لە کۆتایی نیوە دێڕی دووەمدا وشەی ئەرد- (مەبەست لە زاری یاری تاوڵە)ی بەکارهێناوە، لەم یارییەدا کاتێک کەسێک زارەکە هەڵدەدات و بە دڵی نابێت، ئیتر بێتاقەت دەبێت و بۆی هەیە یارییەکەش بدۆڕێنێت، مەولەوی خۆی بە دۆڕاوی دەستی گەردوون زانیوە بۆیە بەمشێوەیە هاتووەتەگۆ.

لە دێڕی (سێیەم چوارەم)دا کە بەسەریەکەوە مانایان دەدەمەوە، وتوویەتی: لەو کاتانەدا کەناری شەتاوەکان سەوزدەبن و کۆپکەی درەختی لێژایی چیاکان دەردەکەون و بە کۆمەڵ هەڵدەتۆقێن، ئیتردەکەونە ناو گەمە و بەزم و رەمزی خۆشی دیدار و بە یەککەیشتنەوەیان، تۆ ناتوانیت نیگایان بکەیت و لەو دیمەنانە دیدە مەستببیت، چونکە دووری لە یاران و ئازیزتانەوە. هەر بەراستی دەسەڵاتی مەولەوی لە شیعر هۆنینەوەدا زۆرجار هەموو سنوورەکانی جوانی تەیدەکات و پێماندەڵێت ئەو شاسواری باسکردن و وێناکردنی جوانییەکانە و ئەندازیارێکی تەواو کارامەیە لە ریزکردنی وشەو دەستەواژەکان و گەیاندنیان بە خوێنەری شیعرەکانی بە زمانی شیرین و تەڕ و پاراو.

هەموومان لە وەرزی بەهاردا نیگای جوانییەکانی دەکەین و پێیان دیدەمەست و دڵخۆشدەبین، بەڵام ناتوانین بەمشێوەی (مەولەوی) باسیکردووە، لێیان رامێنین، ئەو لە ژیانەوەی نوێی درەختەکان لەوەرزی بەهاردا و کۆپکەکردنیان کە بەشنەبای ئەو وەرزە ئاوێزانی یەکتری دەبن و دەست لە ملان دەکەن، جوانترین تابلۆی شیعری نەخشاندووە و خستوویەتییە بەرچاوی (کاکە ئەحمەدی پریسی) پێیدەڵێت: تۆ ناتوانیت لەو جوانییانە دیدە مەست ببیت، چونکە دووری لە خۆشەویستان و یارانتەوە، ناتوانیت بە شێوەی گۆپکی دارەکان لە باوەشیان بگریت و دەست لە ملانیان لە تەکدا بکەیت.

دێڕەکانی (پێنجەم، شەشەم، حەوتەم)، مانادانەوەیان بەسەر یەکەوە تێگەیشتنی تەواو بە دەستەوە دەدەن، تیایاندا شاعیر وتوویەتی: شەپۆل فرمێسکی چاوەکانم وەك شەپۆلە بێڕەحمەکانی رووبای (دجلە) بەیەکدادێن، خوێنی دڵم لە ئەنجامی جۆشخواردنەوە هاتووەتە کوڵ، ئەویان- (مەبەست لە فرمێسکەکانییەتی) ساراو

دەشتی بەغدای داپۆشیوە، ئەمیشیان- (مەبەست لە خوێنی دڵیەتی) دەشتی کەربەلای بەجارێك رەنگکردووە، ئەویان بە ئەندازەیەکە ئیتر کەشتییەکان توانای تێپەڕبوونیان نەماوە، ئەمیشیان بۆنی خوێن دەدات و ئیتر رێگەی هاتو چۆ نییە.

بۆ وردبوونەوەی زیاتر لە ماناداتەوەی ئەم سێ دێڕە شیعرە، پێشتر وتمان شاعیر لە کاتی نووسینی نامە شیعرییەکەدا لە شاری (بەغدا)بووە. هەر لەوێوە بۆ (کاکە ئەحمەدی بریسی) ناردووە و وەرزەکەش بەهار بووە، لەم وەرزەدا ئاوی رووباری (دیجلە) لە ئەنجامی بارانبارین و توانەوەی بەفری چیاکانەوە، بە شێوەیەك زیاد دەکات زۆرجار لافاو لێهەڵدەستێت و ئاو دێتە ناو شاری (بەغدا)وە، شتێکی ئاشکرایە لەو بەهارەدا ئاوی رووبارەکە زۆر هەڵساوە و شەپۆلەکانی سەرشێتانە داویانە بە یەکدا، چونکە شاعیر هەڵسانی ئاوەکەی بە دەسەڵاتدارییەتی بێبەزەییانە- (توغیانکردنەوە) ناوبردووە بەرادەیەك بە تەواوی رێی لە تێپەڕبوونی کەشتییەکان گرتووە و ناتوانن بە ناویدا هاتوچۆبکەن، سەبارەت بە جۆشخواردنی خوێنی (دڵی)یشی بە شێوەیەکی وەها دەشتی (کەربەلا)ی رەنگ رەنگکردووە و بۆنی خوێن رێی هاتوچۆکردنی لەو ناوەدا بڕیوە.

من وای بۆ دەچم ئەو کاتەی (مەولەوی) لە بەغدا بووە، یادی عاشوورای تێدا کراوەتەوە کە تیایدا شیعەکان بە زنجیر و چەقۆ و شتی تر لە خۆیان دەدەن و خوێن لە جەستەیان دەچۆڕێت، بەجۆرێك هەشیانە گیان لە دەستدەدات، هەر بۆیە جارێکی تر گەڕاوەتەوە بۆ وەبیرهێنانەوەی مردنی (عەنبەر خاتوون) و شەهیدکردنی (حەزرەتی حسێن کوڕی ئیمامی عەلی) کە پارچە شیعری (شووڕای عاشووران دیسان بەزەمش بەست)ی بۆیان هۆنیوەتەوە.

دێڕەکانی (هەشتەم، نۆیەم)یش تەواوکاری یەکترن و منیش بەسەر یەکەوە مانایان دەدەمەوە، شاعیر لەم دێڕانەدا بە هاوڕێکەی وتووە؛ ئەگەر نامەتان بۆ نەهاتبێت، ئەوە تاوانی من نییە و (قاصد) نەگەیشتووەتە لاتان، دیارە (قاصد) ئەو کەسەیە بۆ

ڕاپەڕاندنی کارێك ڕادەسپێردرێت، لێرەدا مەبەستی (شاعیر) ئەو کەسە بووە ئەرکی گەیاندنی نامەکەی خراوەتەسەر"[٢٢].

هەروەها وتوویەتی ڕێبوارەکان هەموویان مات و دڵتەنگن، قافڵەی منیش هەتا بەرپابوونی ڕۆژی (قیامەت= پەسڵان) هەر لە دواوەیە و هەرگیز ناگاتەجێ.

بۆ گۆتاییهێنان بە مانادانەوە و ڕاڤەکردنی ئەم نامە شیعرییەی (مەولەوی)، بە باشی دەزانم زیاتر لەسە مانادانەوەی نیوە دێڕی دووەمی دێڕی (نۆیەم) بوەستم، کە تیایدا شاعیر وتوویەتی:

(قافلەم تا قام قیامەت لەنگەن).

بۆ خۆم زۆرجار بە دەم خەڵکانی ئەخوێنەواری هەورامانەوە بیستوومە وتویانە (تا قافەل قیامەت)، دیارە مەبەستیشیان ڕۆژی (قیامەت- پەسڵان) بووە، ئەمە هەر (قام قیامەت)ی ناو ئەم نیوەدێڕەیە کە لای پێشیان، پاش گەیشتنی دینی ئیسلام پێیان فێربیبوون، ئیتر چەکۆشکاریکراوە و بەو شێوەیە کەوتووەتە سەرزاریان و ئەوە لە پاش ئەوە بۆ یەکتریان گواستوەتەوە. (مەولەوی) لەم نیوەدێڕەدا کە قوفڵی پارچە شیعرەکەیەتی، هەم جارێکی تر گەڕاوەتەوە بۆ سەر بابەتی ناڕازیبوون لەخۆی، چونکە ئەوەی لەسەری بووە لە ژیانیدا بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار بیکات، نەیتوانیوە تیایدا بەهرەمەند ببێت، هەر بۆیە لە ناو ڕێبوارانی کاروانی ڕێی خوداپەرستیدا هەردەم بەجێماوە و ناگاتە مەبەستی خۆی.

---

[٢٢]- ئەو کەسانەی لە سەردەم کۆنەکاندا ئەرکی نامە گەیاندنی دەسەڵاتداران و پیاوە دیارەکانیان لە ئەستۆدا بووە، پێویستبووە زۆر گورج و گۆڵ و بە ئاگابووبن، بۆیە زۆر جار بە (شاطر= زیرەك) ناویانهێنراوە، بەڵام (قاصد) مەرج نییە هەموو جار ئەرکی گەیاندنی نامەبوو‌بێت، لەوانەیە تەنیا ڕاسپاردنی زارەکی گەیاندبێت، ئەرکی سەرەکیشی وە خۆی نامە گەیاندن نەبووە، بەڵکو لە پاڵ کارەکەی خۆیدا نامەشی گەیاندووە، هەر لێرەوە باس لەوە دەکەم تیرەی (شاتری) جاف، یەکێك لە باپیرە دێرینەکانیان لە سەردەمی عوسمانییەکاندا ئەرکی گواستنەوەی بەریدی لە ئەستۆدا بووە، ئەوەندە گۆرج و گۆڵ و چاپووکبووە بە (شاطر) ناویانهێناوە، ئیتر نەوەکانی بە (شاتری) ناویاندەرکردووە.

(ئەیوب ڕۆستەم)- هۆزی وەڵی لە ڕابوردوو، ئێستادا)- لاپەڕە (٢٨) چاپی یەکەم- ٢٠٠٨- سلێمانی.

نموونەی چوارەم:

١- چێشەن پەشێویم: مانەمی دڵەن
یا گزەی ئامای نامەی بوڵبوڵەن

٢- شاهیدی دانای گردین ئەحوالان
وەسەن پەی راسی عەرزەی مەلالان

٣- ئێشی هام فەردم، ئێشی وێم زانان
دەردی هام دەردم، دەردی وێم زانان

٤- بەڵام تۆ فەزاو بێ تەدبیری وێت
گەردەن پێت ئانا هەرچی کەردەن پێت

٥- کەی تۆ خەیاڵێت وە دەروون ئاوەرد
هانات گەرد ئەو من، من بێ مەیلیم کەرد

٦- تا تەنسیرێ بۆ پەرێ شەو ناڵەت
یا پەی هەناسەی سوب دۆعاو لاڵەت

٧- گۆیا جە لاو وێت دەروونت ئێشان
بەد دۆعاییت کەرد تەسدیعت گێشان

٨- من رۆی مامەڵەی گردین خاس و گەس
چەو راسە بازاڕ شارەکەی ئەلەس

٩- جەسەر دوکانچەی شای سەر توجاران
هۆرگرتم کاڵای بەلای نازداران

١٠- ئامان نە گۆشت مەر فەردەکەی من
فەردی وەش مضمون بێ گەردەکەی من

١١- ئەر هەر سات دەردێ دەردێو تەر چەنی
بەیۆ ماچو ئاخ پەی دەردێ هەنی

١٢- یەکێوەن جە لام شادی و رەنجووری
کەیفی و بێ کەیفی، نزیکی و دووری

١٣- مەر چۆن تۆ هەڵوای محەبەت خامێ

قەبای عەشقی دڵ پشت ناتەمامێ

١٤- وەشی و ناوەشی تەفاوت زانۆ

مەڵێ نەزانۆ هەر پەڵێ شانۆ

١٥- مەیل و ڤین هەردوو هەر جە شەخسێوەن

جەریمە و خەڵات شێوەی گەسێوەن

١٦- لا هۆرگەردە جەو، پەی نێد تەماشا

بەو شاد، پێد ناشاد (کلا و حاشا)

١٧- سا هەر دۆعا گەر با چەرخی چەپگەرد

تا تاقەتش هەن هەر بشانۆ نەرد

١٨- من وزۆ نەو دەرد، ئەو نەو سەردی مەیل

نەو نەو قەبایل، من نەو گۆی دوجەیل

١٩- خصوصەن بوڵبوڵ جەلای زامداران

دووری خاستەرەن نە وەصڵی یاران

٢٠- نزیکی پاگەی تەریدەی فەصڵەن

دووری رای خەیاڵ قافڵەی وەصڵەن

٢١- پەوگە خوگرتەی بەلاو کۆسەنان

نزیکی بێزار، دووری دۆسەنان

٢٢- نە گۆی نزیکی شادی وە یادم

نە دەورەی دووری وە یادش شادم[٢٨]

وەك لە دیواگەی (مەولەوی) هەروەها لە کتێبی (یادی مەردان)دا هاتووە، شاعیر ئەم پارچە شیعرەی بۆ (بولبول) ناردووە، ناوی (شێخ حەسەن کوڕی شێخ مۆمنی سازانی)یە، شێخ مۆمنی سازانی خەلیفەی (شێخ محەممەد بەهائەددین) بووە،

---

[٢٨]- (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس)- یادی مەردان- لاپەڕە (٢٠٥، ٢٠٦، ٢٠٧، ٢٠٨، ٢٠٩، ٢١٠)- انتشارات کردستان.

بنەماڵەکەیان لە پشت وەزەنێی بەڵخە کە (سەروەزەن)ی پێدەوترێت خانوویان دروستکردووە و ساڵانێك لەوێ ژیاون، تا ئێستاش شوێنەواری خانووەکانیان دیارە، پاش کۆچی دوایی (شێخ مۆمن) لە گۆڕستانی دێی سازان بەخاکسپێردراوە.

وەك لە کتێبی (یادی مەردان)دا هاتووە: (شێخ حەسەنی سازانی) شاعرێکی باشبووە، لە ساڵانی فەقێیەتیدا لە خزمەتی (مەولەوی)دا خوێندوویەتی. حەزی لە کچێکی کردووە و لە دڵیشیدا بووە داوای بکات، بەڵام دەنگینەکردووە تا مەولەوی کچەکەی بەشوووداوە، ئەوسا بە پارچە شیعرێك گلەیی لە (مەولەوی) کردووە، شاعریش بەم نامە شیعرییە لە دووتوێی (٢٢)دا وەڵامیداوەتەوە.

ئێستاش دەچمەسەر ماناداناەوەی پارچە شیعرەکە بەمشێوەی خوارەوە:

لە دێڕەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم، چوارەم)دا مەولەوی پرسیاری لە خۆی کردووە و وتوویەتی: هۆی پەشێویم چییە، ئایا بە هۆکاری دڵتەنگی خۆمەوە، یان لە ئەنجامی گزەی هاتنی نامەی (بولبول)ەوەیە، ئەو شاهیدە دانایەی لە هەموو شتێك ئاگادارە (مەبەست خودای گەورەیە) بەسە بۆ دەرخستنی راستی زیزی و خەمباریم وەك بۆتی دەنووسم. ئێشی هاوڕێکەم کە وەکو خۆم شاعیرە بە هێنی خۆم زانیوە، بەهەمانشێوە دەردی هاودەردم بە هێنی خۆم زانیوە، بەڵام تۆ لە ئەنجامی قەزای بەروەردگار و بێ تەدبیری خۆت ئەمەت بەسەر هاتووە و هەر چیان پێتکردووە لەوەوەیە.

بۆ زیاتر وەستان لە سەر مادانەوە و راڤەکردنی ئەم چوار دێڕەی سەرەوە، پێویستە سەرەتا باسێك لە کاریگەری ئەم جۆرە بابەتانە لە ناو بڕیاری کۆمەڵایەتی و ئەقڵی خێڵ بکەین، شتێکی ئاشکرایە بڕیاری کۆمەڵایەتی لە ناو کۆمەڵی کوردەواریدا تا ئێستاش بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەقڵی خێڵ کۆنترۆڵیکردووە، ئەو ئەقڵەی هەمیشە خۆپەسەندو خۆناسە بە شێوەیەك لە سەر بنەمای (من هەم، تۆش یان لە خوار منەوەی یان هیچیت) کاردەکات، ئامادەیە لە پێناو دەسەڵاتی خۆیدا هەموو سنوورەکانی مرۆڤ ببەزێنێت و بەسەر مافەکاندا بازبدات، دیارە لەو سەردەمەدا زۆر زیاتر لە ئێستا کاریگەرتر و بڕیار بەدەستتر بووە، لە ناو کۆمەڵەیەك تەنیا

بچووکترین کێشە بەسبووە بۆ ئەوەی گەورەبکرێت و نان و پیازی پێوەبخورێت، بە تایبەت ئەگەر جۆرێك لە بابەتی خۆشەویستی و پەیوەندی لە نێوان کوڕ و کچ تێدا بووبێت، کەچی ئەوەتا (بولبول) بۆ مامۆستاکەی نووسیوە حەزی لە کچەکەی بووە، زیاد لەوەش نزای بەد و خرابیشی لێکردووە، کەچی شاعیر شتەکانی زۆر بە ئەقڵێکی گراوە و ژیرییەکی نموونەییەوە وەرگرتوون، هیچ هەڵچوون و کاردانەوەیەکی خراپی بەرامبەر بولبول نەبووە، بەڵکو بێئاگایی خۆی لە مەرامەکەی راگەیاندووە، بە (هامفەرد)ی خۆی ناویبردووە، دیارە مەبەست لە (فەرد) شیعرە، کەواتە ئەگەرچی بولبول شەقێ بووە لای مەولەوی و بە هیچ شێوەیەك لە تای تەرازووی شیعری ئەویشدا نەبووە، کەچی بە هاوڕێی شیعر و شاعیرەوانی خۆی لە قەڵەمداوە، لە هەمانکاتدا خۆی بە هاودەردی (بولبول) زانیوە، وتوویەتی: هەم ویستی خودایی و هەمیش بێسەروبەری خۆت وایانکردووە لێت.

لە دێڕەکانی (پێنجەم، شەشەم، حەوتەم، هەشتەم، نۆیەم )دا شاعیر وتوویەتی: کەی تۆ خەیاڵێکی لەو شێوەت لە دەروونیدا بوو، هانات بۆ من هێنا، هەتا بەرامبەرت بێ مەیلیم کردبێت، تا ئەو هاناهێنەت کاریگەرییەکی بۆ ناڵاندنی شەو، یان بۆ هەناسەی ساردو و نزا و پاڕانەوەی بەرەبەیانت هەبێت، گوایا بە لای خۆتەوە دەروونت ئێشاوە و نزای بەدت لێکردووم، بەڵام ئەوە بە ناهەق زەحمەتی خۆتت داوە، چونکە من لە بازاری ئەو رۆژەدا مامەڵە لە تەك هەموو چاك و خراپێکدا کراوە، لە ناو راستە بازاری شاری (ئەلەست) و بەسەر دوکانی (شای سەر توجاران- خودای گەورە) من تەنیا بەڵای نازدارنم وەك کاڵا بەبەردا بڕاوە و وەرمگرتووە.

ئەم پێنج دێڕەی سەرەوە ماناکانیان تەواوکەری یەکترن بۆیە منیش بەسەر یەکەوە مانایان دەدەمەوە و راڤەیان دەکەم، (شاعیر) بێئاگایی خۆی لە حەزو مەرامەکەی (بولبول) راگەیاندووە، بەجۆرێك پرسیاری لێکردووە و پێیوتووە، کە تۆ خەیاڵێکی لەو شێوەیەت هەبووە، بۆبەمنت نەوتووە و ئاگادارت نەکردووم، ئینجا بتزانیایە من بەرامبەر بە داواکارییەکەن بێمەیلیم دەکرد، پێدەچێت خۆشەویستییەکەی (بولبول) بۆ کچەکەی (مەولەوی) هەر تاك لایەنە بووبێت، تەنیا دڵی بولبول بۆ ئەو

خۆشەویستییە جۆشیخواردبێت و بە نازارییەوە تلابێتەوە، ئەگینا ئەگەر خۆشەویستییەکە دوو لایەنە بوایە، ئەقڵ نایگرێت خانمێکی ژیرو بە تەدبیری وەك عەنبەر خاتوون، رۆژێك لە رۆژان لە ئاماژە و هەڵسووکەوتێکی کچەکەیەوە هەستی بەو خۆشەویستییە نەکردایە و شاعیری لە شتێکی وا ئاگادار نەکردایەتەوە، هەتا کارەکە بۆیان مەیسەربکات. بە تایبەتی لەوەوە عەنبەر خاتوون و مەولەوی بەردەوام مەحرەمی رازی یەکتری بوون و رێزو خۆشەویستییەکی زۆریان بۆ یەکتری هەبووە. (مەولەوی) بە ئاشکرا ئەوەی دەرخستووە ئەگەر بە رازی دڵ و خۆشەویستی (بولبول)ی بزانیایە، ئەوە دەیتوانی کارێك بکات کاریگەری بۆ شەو ناڵین و هەناسەساردەکان و نزاو پارانەوەکانی بەرەبەیانیدا هەبێت، لێرەدا شاعیر مەبەستی ئەوە بووە بە داواکەی بولبول رازیدەبوو جێبەجێیدەکرد.

ئینجا هاتووەتەسەر ئەوەی وتوویەتی: تۆ گوایا بە لای خۆتەوە دڵت ئێشاوە بۆیە نزای بەدت لە من کردووە، ئەوە هەر بە خۆڕایی ئازاری خۆتت داوە و خۆتت تووشی دەردەسەری کردووە، بە بۆچوونی من مەبەستی (مەولەوی) لەو باوەڕەوە هاتووە کە نزای ناهەق بە لای پەروەردگارەوە وەرناگیرێت، چونکە هەر لە دێرزەمانەوە لە ناو کوردەدا باوە نزا بە پێی ستەم وەردەگیرێت، بەو مانایە کەسێك کە ستەمی لە یەکێکی تر نەکردبێت لە نزاکانی ئەترسێت چونکە لێی وەرناگیرێن، هەروەها تێڕوانینێکی تریش بووە سەبارەت بە نزای ناهەق، بووە بە جۆرێك لە پەندی گاڵتەئامێز لە ناو کوردەواریدا و ئەوە بۆ ئەوە گوێزراوەتەوە، بەوەی وتوویانە: (ئەگەر بە دۆعا دەبوو پشقڵ بە خورما دەبوو)، زیاد لەمانەی باسکردن خودی رێبازی نەقشبەندی لەسەر بنەمای پاکبوونەوە و خۆشەویستی خودای گەورە و بەندەکانی، هەروەها خۆناسین و چاکەخوازی و مرۆڤدۆستی دەڕوات، کە نزای بەد لە ناو ئەمانەدا هەرگیز جێنابێتەوە، دەی کەواتە (مەولەوی)یش وە کەسێکی شەیدا و تواوەی ناو ئەوینی ئەم رێبازە بایەخێکی بەو جۆرە نزایانە نەداوە. لە درێژەی ئەم دێڕانەدا هاتووە، لەو رۆژەدا رۆحی هەموو خەڵکانی (چاك و خراپ، چاکەکارو خراپەکار) هەریەکەو بەکرداری خۆیان لە راستەبازاڕی شاری (ئەلەست)، لەناو دوکانی (شای سەر توجاران»

خـوداى گـەورە) ئامـادەبوون. مـن كـالاّى بـەلاّى ئـازدارانم هەڵبـژاردووە، بـۆ زیـاتر ڕوونكردنـەوەى مەبەسـتى شاعیر لـە شارى ئەلەسـت و كـالاّى بـەلاّى زازداران، شاعیر ئەوەى خستووتەڕوو. هەر لە ڕۆژى (ئەزەلە)وە من دەردو ئـازارو خـەم و مەینـەتى و دوورى و دابڕان و مەینەتیم هەڵبژاردووە و لـە لایـەن پـەروەردگارەوە وەرمگرتـوون، لێرەدا پێمباشە سەبارەت بە (ڕۆژى ئەلەست، شارى ئەلەست) كە لە شیعرى شاعیراندا زۆر ناویانهێنراوە قسەیەك بكەم و بڵێم: ئەم دوو دەستە واژەیە یـەك مانایان هەیـە، ماناكانیان لەو باوەڕەوە هاتووە، هەر لەسەرەتاوە پەروەردگار ڕووى كردووەتە جیهانى ڕۆحەكان و فەرموویەتى: (الست بـربكم)؟ ئەوانـەیان بـە (بلى) وەلاّمیانداوەتـەوە لـە دونیادا بە ئیماندار دەرچوون، ئەوانى تریشیان بە (نعم) وەلاّمیانداوەتەوە لە دونیـادا بە بێئیمان دەرچوون، ئەمە لاى ئێمەى كورد بە ڕۆژى (قالو بەلا) ناودەبرێت[٢٩].

كەواتە (مەلەوى) بۆ خۆى بەتەواى بڕوایەوە ئـەم كالاّیانـەى هەڵبژاردووە، ئیتر چە باكێكى بە نزاى بەدى (بولبول) هەیە.

دێڕەكانى (دەیـەم، یـانزەم، دوانـزەم، سیانزەم، چواردەم، پـانزەم، شانزەم) بەتـەواوى پێكـەوە گرێـدراون و بەسـەریەكەوە مانایـان دەدەمـەوە، شاعیر تیایانـدا وتوویـەتى: مەگـەر تـۆ شـیعرە پڕمانـاو جـوان و بێگـەردەكـەى مـنت بەرگوێنەكـەوتووە تیایـدا وتوومە: ئەگەر لەهەر چركەساتێكدا دەردێكم پێوەبێت و یـەكێكى تریش بگرم، لە دڵـەوە ئـاخم بـۆ ئەوەیـە دەردێكـى تریشـم بـۆ بێت، چونكە بـەلاى منـەوە شادى و ناشـادى، بـە دەمـاخى و بێـدەماخى، نزیكـى و دوورى هەرهـەموویان یـەكن و سەرچاوەكەیان یەكێكە، بەو مانایە هەموویان لە خوداى گەورەوەن، هەر لـە درێژەى ئـەم دێڕانـەدا شاعیر وتوویـەتى: مەگـەر كەسێكى وەك تـۆ هـەڵواى خۆشەویستى بە بێتامى خواردبێت و كەواى ئەشقى تەنك و بێ بەتانە پۆشیبێت جیاوازى لە نێوان خۆشى و ناخۆشیدا بكـات، لـە دەریـاى خۆشەویستیدا مەلـە نـەزانێت و هـەر پـەل بهاوێت، مەیل ڕەتلێبوونەوە هەردووكیان لە كەسێكەوەن، تاوان و پاداشتكردنیش هەر شێوەى یەك كەسیان هەیە - (مەبەست پەروەردگارە).

---

[٢٩]- (حەمەكەریم هەورامى)- مەولەوى شاعیرى ئازار و خەمە- لاپەڕە (٢٠٦)- هەولێر ٢٠١٢.

ڕوووەرگێڕان لەو مەبەست لە: (ناخۆشی و دەردو مەینەتی و دابڕان و داخ و کەسەر...هتد)، تەنیا سەیرکردنی ئەم مەبەست لە: (خۆشی و لەشساخی و کەیف و دیدار و بێخەمی....هتد)، ئەمە خووی من نییە و حاشای لێبێت.

بۆ مانادانە و ڕاڤەکردنی وردو زیاتری ئەم دێڕانە قسە لەوە دەکەم، ئەگەرچی پێشتر وتم شاعیر لە نامەکەیدا هیچ هەڵچوون و تووڕەیەکی بەرامبەر بولبوول پیشاننەداوە، بە هاوڕێ و هاوخەمی خۆی باسیکردووە، بەڵام جۆرە سەرزەنشتکردنێك بەم دێڕانەوە دیارە بەوەی بە (بولبول)ی وتووە: مەگەر تۆ دێڕە شیعرە جوان پڕمانا و بێگەردەکەی منت نەبیستووە کە تیایدا وتوومە: لەوکاتەی بەدەردێکەوە گیرۆدەبم و بەکێکی تریش بێتەسەری، هەرگیز بێتاقەتنابم و هێشتا لە ناخەوە ئاوات بۆ دەردێکی تر دەخوازم، ئەمەی (مەولەوی) باسیکردووە دیدێکی سۆفیگەری و عیرفانییە بۆ ژیان، کەڵەکەبوونی ئەم دەردانە پێکەوە و لەیەك کاتدا بۆ شاعیر هەرگیز مایەی نیگەرانی نییە، بەڵکو بەتەواوی پێی قایلە و بەو دۆخە سوپاسگوزارە. شادی و ناشادی، بەدەماخی و بێ دەماخی نزیکی و دووری بەلایەوە یەك مانایان هەیە، هەرگیز لە یەکێکیان بێزار نییە و ئەوی تریانی خۆشبوێت، چونکە سەرچاوەی بەخشینیان تەنیا پەروەردگارە.

سەرزەنشتکردنەکەی (مەولەوی) لەوەوەیە بە (بولبول)ی وتووە: مەگەر کەسێك جیاوازی لە نێوان ئەو بەخششانە بکات، وەك تۆ حەڵوای خۆشەویستی بە خامی خواردبێت (قەبای ئەشق- کەوای ئەشق)ی بێ بەتانە پۆشیبێت، لێرەدا پێویستە باسێك لە (هەڵوای خاو، کەوای بێ بەتانە) بکەم، دیارە مەبەست لەم (هەڵوا)یە ئەو حەڵوایە نییە کە زیاتر بە (گەزۆ، حەڵوای گەزۆ) ناودەبرێت و تامێکی شیرین و خۆشی هەیە، ئەم هەڵوایەی مەولەوی باسیکردووە زیاتر لە (ئارد، ڕۆن، شەکر) دروستدەکرێت، لە ناو کوردەواریدا بەپێی جیاوازی ناوچەکان بە (سێڵی- هەڵوا پەڵۆڵە) ناودەبرێت، زۆرجار دراووە بەبووك لەیەکەم شەوی بووك و زاوایەتیدا، هەروەها بەو ژنانەی منداڵیان بووە، یان لەباریان چووە، بەیناوبەینیش وەك ژەمە خواردن کەیوانووەکان دروستیانکردووە، ئەگەر باش دروستکرابێت، ئەوە تام و

بوونێکی زۆر خۆشی هەبووە و باش خوراوە، بەڵام ئەگەر بە خاوی درووستکرابێت ئەوە کەس نەیخواردووە و بەلای کەسەوە پەسەند نەبووە، هەر بۆیە بە کەسانی سست و تەمبەڵ وتراوە (هەڵوای خام)، سەبارەت بە (گەوای بێ بەتانە)ش، دیارە لەو سەردەمەدا هەردوو توخمی نێر و مێ گەوایان لەبەرکردووە، گەوا بە دوو جۆر درووستکراوە، (بەتانەدار) ئەمەیان باش درووستکراوە، گەرم و گوڕی داوە بەو کەسەی لەبەری کردووە، بەڵام جۆری دووەمیان تەنك و سووکبووە، ئەو سوودەی نەبووە، هەر بۆیە شاعیر لە شیعرەکەیدا بە(بولبول)ی وتووە، مەگەر کەسێك وەکو تۆ هەڵوای ئەشقی بە خاوی و بێتامی خواردبێت و گەواکەی بە بێ بەتانە و پۆشیبێت جیاوازی لە نێوان خۆشی و ناخۆشیدا بکات، بە دڵنیایی ئەوە لە ناو دەریای ئەشقدا مەولەوان نییە و هەر پەلو پۆ دەکوتێت. چونکە سەرچاوەی مەیلپێدان، یان ڕەتلێبوونەوە، تاوان و خەڵات هەر شێوەی یەك کەسیان پێوەیە، بە مانا هەموویان لە پەروەردگاری مەزنەوە سەرچاوەدەگرن، کەواتە ڕوووەرگێڕان لە یەکێکیان و تەماشاکردنی ئەوی تر، دڵشادبوون بە یەکێکیان و ناشادبوون بەوی تر، ئەوە خووی مرۆڤی شەیدا و ئاشق نییە و حاشا لەو خووە بێت.

ئەمەی (مەولەوی) وتوویەتی، لە ناو هەردوو شێوازی خۆشەویستیدا، ئەگەر خۆشەویستی نێوان هەردوو توخمی نێر و مێ، یان خۆشەویستی خودایی بێت، بە تەواوی ڕاستە و جێی خۆیەتی، دیارە مرۆڤ ئەگەر بەڕاستی خۆشەویستی بکات، پێویستە لە هەموو باروودۆخێکدا لە تەك خۆشەویستەکەیدا بێت، لە خۆشەویستی تاك لایەنە و تەنانەت ناکامیشدا هەر پێویستە دان بەخۆدابگرێت و مانای ئەرزشە ئینسانییەکان پێچەوانە نەکاتەوە، ئالێرەوە ماناکانی ئاشقبوون بە تەواوی خۆیان دەردەخەن، بەهەمانشێوە ئاشقی ڕێگەی خۆشەویستی خودایی پێویستە هەموو ئەو شتانەی لە پەروەردگارەوە بۆی دێن بە بەخششی ئەو زاتەیان بزانێت، ئەوەك تێڕوانینی بۆیان لە سەر بنەمای سوود و بەرژەوەندی خۆی بەرامبەریان بێت.

پێمباشە بڕۆمە ناو گوڵزاری شاعیران و خودناسان، دوو نموونە سەبارەت بە خۆشەویستی بەمشێوەی خوارەوە بخەمەڕوو؛

(ئەحمەد موختار بەگی جاف) سەبارەت بە خۆشەویستی مەجازی فەرموویەتی:

گــە من پەروانەیی شەمعی سەری دوو گوڵمی تۆم جانا
دڵی (ئەحمەد) بە فتنەی ئەو صەگی پەتیارە مەشکێنە[٣٠]

(شێخ عومەری ضیائەددین)یش سەبارەت بە خۆشەویستی خودایی فەرموویەتی:

لە دەرگای عەشقی تۆ کەوتم کە تێفکریم لە عومری خۆم
مروی دەھـــر و ئەیامی فەنـــا چوو وەك حوبابێ زوو[٣١]

دێڕەکانی (حەفدەم، هەژدەم، نۆزدەم، بیستەم، بیست و یەکەم، بیست و دووەم)، نامەکەی مەولەوی بۆ بولبول هەر تەواو پێکەوە گرێدراون، هەر بۆیە منیش بەسەر یەکەوە مانایاندەدەمەوە، لەم دێڕانەدا شاعیر بە (بولبوول)ی تووە: دەسا هەتا دەتوانیت هەر نزای بەدم لێبکە و با چەرخی چەپکەردیش هەتا توانای هەیە مۆرەی بەد لە ناوچاوم بوەشێنێت، دەبا من بخاتە ناو دەردوو نازاری دووری لەیل و لە گەڵم سارد و بێمەیلبێت، ئەویش لە ناوجۆش و خرۆشی بەزم و رەزمی ناو ناوەدانی خێڵەکان و منیش ئاوارەی کێوی (دوجەیل) بم.

هەروەها بە (بولبول)ی وتووە: بەتایبەتی برینداراني داوی ئەشق دووریان لە گەیشتن بەهار پێ باشترە، چونکە هەندێکجار نزیکی دەبێتە ماوای جەردە و چەتەکانی جیایی، بەڵام دووری هەمیشە هیوای نزیکبوونە و بەیەکگەیشتنی تێدایە، هەر بۆیە من خووم بەدەرد و بەڵاو کۆستکەوتنەوە گرتووە، لە نزیکی بێزارم و لە دوورەوە دۆستایەتم پێ باشترە، لە (کۆ)ی نزیکیدا شادیم بەربادە، بەڵام بە دەوردانەوە و خولانەوە بە دەوریدا بە یادهێنان و وبیرکردنەوە لێی شاد دەبم.

دیارە ئەم شەش دێڕە هەر وەك دێڕەکانی پێشتر لێکدانەوە و ماناداناەوەی وردیان پێویستە، بەرلەوەش پێمباشە سەبارەت بە وشەی (کۆ) قسەیەکم هەبێت، ئەم وشەیە لە زمانەوانی ئێمەی کورد و لە فەرهەنگدا بۆ زۆر مانا هاتووە، لەوانە: (کۆمەڵێك

---

[٣٠] - دیوانی ئەحمەد موختار جاف- ئامادەکردن و بەراوردکردن و لێکدانەوە و پێشەکی بۆ نووسینی (د. عیزەددین مستەفا رەسووڵ)- چاپی دووەم- لاپەڕە (١١٧)- ٢٠١٣.

[٣١] - (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- یادی مەردان- بەرگی دووەم- لاپەڕە (١٦٩)-بەغدا- ١٩٨٢.

شت پێکەوە، ئەستێرەی پێرو- سورەیا، جیا، جۆرێك نەخۆشی چاوی مەڕ و بزن، گام جێ، سێ- رەوەکی، کول، کۆبوونەوە، پاشگری بچووککردنەوە، هەروەها مانای تریش)[32]، هەر بۆیە زۆر پێویستە لە کاتی مانادانەوە و راڤەکردندا ئەو وشەیە لە گۆی مانای دێرەکانی پێشتریەوە سەیربکرێت، نەوەك سەیرکردنێکی تەنیاو موجەرەد کە مانادانەوەکە بە ناراستەیەکی تردا ببات.

ئێستاش دەچمە سەر مانادانەوەی ئەم حەوت دێڕە و بە پێی تێگەیشتنی خۆم لێیان مانایان دەدەمەوە و لێیان دەدوێم. مەولەوی لە شیعرەکانیدا بێباکی خۆی لە نزاکانی (بولبول) دەرخستووە.. وتوویەتی: هەتا دەتوانی و بۆت دەکرێت هەر نزای بەدی خۆت بکە، یا چەرخی چەپکەردیش ئەردی شوومی خۆی بە چارەمدا هەڵبدات، خۆ من هیچ باکم بەمانە نییە، یا من ئاوێتەی ناو دەردی دووری و بێمەیلی یار بکات و بمخاتە ناو تووناوتوونی (هەردی دوجەیل)، ئەویش بخاتە ناو بەزمی پڕ جۆش و خرۆشی خێڵ و ئاوەدانییەوە. لێرەدا لێکچوونی لە نیوان خۆی و (مەجنوون)دا کردووە، بەوەی مەجنوونی شەیدا و وێڵی خۆشەویستی (لەیل)، ئاوارەی ناو تووناوتوونەکانی (هەردەی دوجەیل)بووە، شاعیریش دەخوازێت بەو شێوەیە بێت، دیارە رازی خۆشەویستی نێوان (لەیلا و مەجنوون) لە ناو شاعیران و هەروەها لە ناو شیعری فۆلکلۆری ئێمەدا شوێنی خۆی گرتووە، داستانەکەیان بە زمانی خۆمان و بەشیعری شیرین و رەوان هۆنراوەتەوە، بەشێکی دیار لە گۆڕی دەمەتەقێ و شەوچەرەی مالانی بۆ خۆی بردووە کاتێك لە لایەن خوێندەوارانی ئەو دەمانە خوێندراوەتەوە، لێرەدا دوو نموونە لە ناو شیعری شاعیران و لە ناو شیعری میللیمان دەخەمەڕوو، شاعیری زمانشیرین (شێخ شەهابی لهۆنی کە لە نێوان ساڵەکانی (١١١٢ك-١١٨٥ك) ژیاوە لە پارچە شیعرێکدا وتوویەتی:

دیدە گریان جا بیابان، هەمچوو قەیسی عامری

گوڵ حەنا، لەولاو و رەیحان، شەست پەڕو گوڵ جەعفەری[33]

---

[32] - (هەژار)- هەنبانە بۆرینە- چاپی شەشەم- لاپەڕە (٦٢٢، ٦٢٣)- سروش- تهران ١٣٨٨.

[33] - (صدیق بۆرەکەیی)- مێژووی وێژەی کوردی- بەرگی یەکەم- لاپەڕە (٤٤٩)- چاپخانە- چهر تبریز.

مەبەست لە قەیسی عامری (مەژنوونە). هەر بۆ نموونە لە شیعرە فۆلکلۆرییەکانیشدا هاتووە:

مەژنوونە وڵە خێز کەرە وە خێز
دۆرت بەر ئامان سێفەرە و هەرێز.

دوای ئەم دێڕانە بۆ ناو مانادانەوەی شیعرەکان دەگەڕێمەوە کە تیایاندا (مەولەوی) چارەنووسی (مەژنوون)ی بۆ خۆی پێباشتر بووە، هەر بۆیە لە نزا بەدەمگان بێ منەتبووە. لە درێژەی شیعرەکەدا بە (بولبول)ی وتووە: بە لای زامداران و دڵبریندارانی ئەوینی راستەقینەوە دووری لە (وەصڵی یاران- گەیشتن بە یاران) چاکترە، شتێکی ئاشکرایە لە ناو خەڵکدا بە شێوەیەکی گشتی، هەر شتێک بە ئاسانی بێتەبەردەست و ئەرک و ماندووبوون بۆبەدەستهێنانی نەکێشرێت، هێندەی ئەو شتەی لە ئەنجامی خۆماندووکردن و ئەرکێشانەوە بە دەستبێت نرخی نییە، ئەمەش خوویەکی مرۆڤە و هەر لە دێرزەمانەوە تا ئێستا وا هاتووە، کەواتە (مەولەوی) پێیوایە رێی ئازارچەشتن و ماندووبوون بۆ بە دەستهێنانی (وەصڵ- بەیەك گەیشتن) زۆر بەلایەوە چاکترو بە چێژترە.

لێرەدا پێویستە کەمێك لەسەر وشەی (یار) بوەستم، شاعیر هەم بۆ خۆشەویستەکەی (عەنبەر خاتوون)، هەم بۆ پیرەکانی بە تایبەت (شێخ عوسمانی سیراجەددین و شێخ محەممەد بەهائەددین)، هەروەها بۆ خودای تاك و تەنیا بەکاریهێناوە، لێکدانەوەی مانای ئەم وشەیە لە ناو دێڕەکاندا بە پێی شوێنەکەی و مەبەستی بەکارهێنانەکەی لە ناو ماناگشتییەکەدا دیاردەکرێت، بۆیە من لێرەدا وەك هەندێك بەرێز بۆ بەکارهێنانەکەی ناچم، دەڵێم لەوەی بە کۆ (یاران) بەکارهێناوە، زیاتر مەبەستی پیران و رێبوارانی رێی ئەشقی هەقیقییە، نەوەك خودایەکی تاك و تەنیا، لە درێژەی دێڕەکاندا باسی ئەوەی کردووە، هەندێکجار رێگە نزیکەکان دەبن بە ماوی دز و جەردەکانی رێی (فەصڵ- جیایی- دابڕان)، بەڵام کاروانچییانی رێگەی دوور هەمیشە بیر لە (وەصڵ- بەیەکگەیشتن) دەکەنەوە و بۆ ئەو مەبەستە دەژین.

مەبەستی شاعیر لەم دەربڕینەیدا ئەوەیە هەمیشە لای ئاشقانی ڕێی خۆشەویستی خودایی، ترسیان لەوە هەیە (وەصڵ)ێك بە ئاسانی بەدەستبێت (فەصڵ)ی بە دواوەبێت، چونکە هەردەم باوەڕی تەواویان بەوە هەبووە، هەموو نزیکییەك دوورییەکی بەدواوەیە، هەر لەوەوە هەڵبژاردنی ڕێی دوور، ماندووبوون تیایدا و زەحمەتکێشانیان پێ باشتر بووە، چونکە لەوێدا هیوایان بە بەیەگەیشتن و نزیکییەکی راستەقینە هەبووە. هەر بۆیە مەولەوی وتوویەتی: لەبەر ئەمەیە من هەمیشە خووم بە بەڵا و دژواری ژیان و کوستەکانییەوە گرتووە، ئەوەتا ئەویش لە نزیکی بێزارە و دووری بە دۆستی خۆی هەڵبژاردووە، ئەم دەربڕینە بەتەواوی ئەوەمان بۆ دەردەخات، شاعیر هەمیشە بە هیوای خۆشەویستی و نزیکییەکەوە بووە لە ئەنجامی ماندووبوون و بەندایەتی راستەقینەوە بەدەسبێت، ئەمەش هەمیشە دیدی ڕێبوارانی ماندووی ناو ڕێگەی گەیشتن بە خۆشەویستی راستەقینە بووە.

بۆ ماناکانەوەی کۆتا دێڕی ئەم شیعرە کە دێڕی (٢٢)یەتی، پێویست بە زیاتر وەستان لەسەری دەکات، ئەگەر بە تەنیا وەڵامبدرێتەوە پێموایە مەبەستی تەواو ناپێکێت، بە بۆچوونی من ماناکانەوەی لە کۆی مانای دێڕەکانی پێشەوەی قووڵتر و تەواوتر دەکەوێتەوە، هەمووومان باش دەزانین زۆر جار جوانی و بەهای هەندێك شت زیاتر لە دووری لێیانەوە دەردەکەوێت، ئەوەك نزیککەوتنەوە و چوونە ناویان، یان هێنانی جوانییان بۆ ناو خودی جەستە، هەر بۆ نموونە مرۆڤ کاتێك لە دوورەوە نیگا لە باخێکی جوان و رازاوە دەکات زۆر جوانتر لەوە دێتەپێشچاوی کە بچێتە ناویەوە، چونکە ئەگەر زۆر لێی نزیکببێتەوە، بۆی هەیە شوورایەکی بەرز، یان پەرژینێکی قایم کرابێت بەشێوەیەك نەتوانێت بچێتە ناویەوە، یاخود بۆی هەیە هینی کەسێکی دەسەڵاتدار و ملهوڕ بێت هەر بواری چوونە ناوەوەی نەبێت، لەو کاتە ئیتر هەموو ماناکانی جوانی ئەو باخە لە نزیکەوە بە لایەوە دەبنە بڵقی سەر ئاو، یان جوانی تیشکی خۆر و ئەو مانایانەی بە ژیانیان دەبەخشێت، نزیکبوونەوە لێی مرۆڤ دەکاتە سووتماك و کۆتایی پێدێت، هەروەها نزیکخستنەوەی شت و هێنانی بۆ ناو جەستە

زۆرجار وەك ئەوەی هەیە نابینرێت، ئەوەتا مەولەوی لەمبوارەدا شیعری هەیە و هەر لەم کتێبەدا راڤەی بۆ کراوە، بۆ نموونە ئەو دێڕە کە وتوویەتی:

دڵ پەی دیدەنیت کام خەڵوەت سازۆ

تۆی دیدەیچەم بی مـــــــەردم دمازۆ

هەر بۆ ئەم مەبەستە بۆ لای هەندێك لە ماناکانی (کۆ) دەگەڕێمەوە وەك پێشتر خرانەڕوو، ئەگەرچی ئەم وشەیە بە زۆر مانا دێت، بەڵام خۆ بەستنەوە بە یەك مانایانەوە پێدەچێت بە تەواوی مەبەست نەپێکێت و ماناکانی تر ونبکات، من پێموایە دوو مانایان بۆ ئەم دێڕە شیعرە گونجاون بەشێوەی خوارەوە:

١- پێدەچێت مەبەستی لە (کۆ) بە مانای ئەستێرەی سورەیا بێت وەك یەکێك لە ئەستێرەکانی ئەو شەش ئەستێرەیە کە شەوانە بە زریوەن و دەدرەوشێنەوە، دیارە دیمەنی نیگاکردنیان لە دوورەوە زۆر جوان و ئارامبەشە، بەهەمانشێوە جوانی هەموو ئەستێرەکانیش هەر لەوەوە هاتووە لێمانەوە دوورن، دەی خۆ نزیك کەوتنەوە لێیان بۆمان کارێکی مەحاڵە، تەنانەت زانستیی فەلەکناسی بە هەموو تواناکانییەوە، بە ئەو هەموو پێشکەوتنەی بەدەستیهێناوە، کارکردنی بۆ ناسینیان هێشتا لە خەوی تاڵەدمزوویەك زیاتر نییە. پاش ئەم دێڕانە دەڵێم: بۆی هەیە مەبەستی شاعیر لەوەدا بووبێت، ئەگەر بێت لە یارەکەم زۆر نزیکببمەوە ئەوە دیارە شادی بەتاڵدەبم، بەڵام کە بە دووری سەیری جوانی دروستکراوەکانی دەستی هێزو توانای ئەو دەکەم، نیگاکردنی ئەو هەموو جوانییانە دەمخاتە ناو دەریای یادکردنەوە و ناوهێنانی بەردەوامی ئەو زاتە گەورەیە، ئیتر تەواو ئاسوودە و شاد دەبم.

٢- یاخود مەبەست لە (کۆ) گلێربوونەوەی یارانی رێگەی خوداپەرستی بێت، بەوەی نزیککەوتنەوە لێیان پێدەچێت بیخاتە ناو هەندێك باس و خواسی تری لابەلاییەوە، ئاشکرایە کۆڕی ناو مزگەوت و خانەقا ئەگەرچی زۆربەکی کاتەکانی بە مەبەستی خوداپەرستییە، بەڵام لە ناو کوردەواریدا تا ئێستاش ئەو کۆڕانە جۆرێك لە بابەتە دونیاییەکان تییاندا دەخرێنەڕوو، هەر بۆیە باشترین شوێن بۆ خودا ناسانی رێی هەقیقەت هەمیشە خەڵوەتگە و خۆ تەرخانکردنی تەواو بووە بە بیر و هزر و

جەستەوە بۆ خودایەکی تاك و تەنیا، هەر لەم بوارەدا چلە و ریازەتکێشان دیاردەی دیاری رێگەی خوداناسانین و ئیماندارای راستەقینە بوون، دەگرێت لێرەدا مەبەستی مەولەوی ئەوە بێت لەو گلێربوونانەوەدا هەندێك كات بە فەرۆدەچن تیایاندا مرۆڤ لە نیكاكردن و چێژوەرگرتن لە جوانییەكانی پەروەردگار و دروستكراوەكانی بە جۆرێك لە جۆرەكان غافڵدەبێت، هەر بۆیە دووربوون لەو گۆڕانە زیاتر بۆ شادبوون بە یادكردنەوەی پەروەردگار مەبەستیبووە.

بۆ كۆتاییهێنان بە مانادانەوە و راڤەكردنی ئەم پارچە شیعرە، بە پێی تێگەیشتنی من لە شیعرەكە و لە دونیای شیعری مەولەوی بەشێوەیەكی گشتی، شاعیر سەرەڕای دەربڕینی گەلێك مانای ناو دونیای سۆفیگەری و عیرفان، ئاراستەیەكی سێكوچكەیی بە (بولبول)داوە وەك لە خوارەوە هاتووە:

١- بێئاگابوونی لە حەز و مەرامەكەی بولبول و خۆبێبەریكردن لە دەرئەنجامەكەی، هاوكات وتوویەتی: ئەوەی بەسەریدا هاتووە لە نەزانین و بێ تەدبیری خۆیەوە بووە.

٢- بێباكی لە ئزا بەدەكانی بولبول و چونكە مەولەوی خۆی هەر لە رۆژی ئەزەلەوە ئێش و دەردو مەینەتی هەڵبژاردووە.

٣- ئامۆژگاریكردنی بەوە مرۆڤی ئاشق و شەیدا مەرج نییە لە نزیكەوە بە خۆشەویستەكەی بگات، ئەگەر راستدەكات ئەوە دەتوانێت لە دوورەوە چێژ لە خۆشەویستییەكەی ببات، بەوەی لە گەڵ بیركردنەوە لێی و یادەوەرییەكانیدا بژی.

هەر بۆ ئەوەی خوێنەر لە خوێندنەوەی شیعرەكەی بولبول بەهرەمەند بێت لە خوارەوە دەینووسمەوە:

*- نیشانەی ناوك نیگای نازداران

یانێ سەر دەفتەر سوپای خەم باران

وە غەڵەت مەشهور حاڵ زانی دەردان

پەی وێت وەرپاگەرد هەناسەی سەردان

نەتیجەی قیاس (قضیة)ی قەضای تۆ

تەدبیری چەند دڵ بێ ئارەزای تۆ

بزیسکەی ئاسۆر دەردی جەستەی من
گزەی کولیای زام تۆ زار بەستەی من
گەردەلوی گەرد هەناسانی سەرد
دوور نیەن بوزۆت نە سەد گێجی دەرد
فەلەك وە کورەی مۆرەی ساختەی دەرد
پەی تەفرەقەی وەصڵ بشانۆ یەك ئەرد
وزۆت نە گێجاو مەینەتانی خەم
رۆی شادی، رۆی وەصڵ نەوینی وە چەم
تا ئاوخانەی دڵ نە کەلەی سەر بۆ
ئانە شیرینەن نەوەڵ چەمەر بۆ
پەی گەرمی کورەی مەیلی دەروونت
هەناسەی سەردم ئاما ئەو شۆنت"[٢٤]

ئەم دێڕانەی (بولبول) پێویست بە مانادانەوەیان ناکات چوون لە چوارچێوەی کارەکەی مندا نیین، تەنها بۆ ئەوەی خوێنەر لێیان ئاگاربێت لێرەدا نووسیومن.

**وێنەی پێنجەم:**

١- ئەیازی هامڕاز ناڵەو ئاخ و دود
عەرزەش هەن وە خاك ئاسانەی مەحمود
٢- یاوا وات، نامەی شیرین ئینشادت
ئەی رەمەزاندا ئەشوون چە یادت
٣- ئەکەردەن افطار، دۆسەکەی کامڵ
سیوای وە (مەی کوس) خەیاڵکەت، دڵ
٤- (فاتحەی کیتاب) دۆعام، شەو ئەر رۆن
ئیلتیماسی حوسن خاتمەکەی تۆن

---

[٢٤]- (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس) – دیوانی مەولەوی- پەراوێزی لاپەڕە (٢٠٥).

ئـەیوب کرێخـا ڕۆستـەم

٥- حەق وە لوتفی وێش باوەرۆ ئەو رێت
سودی سەرمایەی عەقیدەکەی وێت
٦- وەرنە من لاهاو تاوانان بەردەم
دوعا رای دەرگای قەبول گوم کەردەم
٧- ئەیچی، من پەنجەی پای ناڵەم سفتەن
تۆ دەی چون تەنسیر وە ناڵەت جفتەن
٨- چەند فەردی (مەعدوم) دەروون نە وەیدا
باوەر وە تەنخوای ناڵە وە ئەیدا
٩- من وێم مزانو کام تۆمم کاڵان
یاران پەی هیمەت وەنەم مەلاڵان
١٠- گەرەم دەر نە دەس رجای ئەوگاران
بۆ بەخشەم وە عەشق مەزنەی یاران
١١- وەختێ گوشەی شار خامۆشان بۆ جێم
ئەبون وە تەسدیع هامسایانی وێم[٢٥]

وەك لە دیوانەکەیدا هاتووە (مەولەوی) ئەم پارچە شیعرەی لە وەڵامی نامەیەکی (مەحموود پاشای جاف)دا نووسیوە، (مەحموود پاشا) نامەکەی لە مانگی رەمەزاندا نووسیوە و داوای لە شاعیر کردووە لەو مانگە پیرۆزەدا لە بارەگای پەروەردگار بۆی بپاڕێتەوە و نزای خێری بۆ بکات.

ئاشکرایە (مەحموود پاشای جاف کوڕی محەممەد پاشا کوڕی کێخوسرەو بەگ)، ساڵی (١٨٤٦ ز) لە دایکبووە، سەرۆکی ئێلی گەورەی جاف و لە پیاوە دەسەڵاتدارەکانی سەردەمی خۆی بووە، پیاوێکی ژیرو بە تەدبیر و ئەدەب دۆستیش بووە، کەشکۆڵەکەی سەرچاوەیەکی دانسقەیە لە بواری ئەدەبی کوردیدا، لە کاروباری

[٢٥]- (سەرچاوەی پێشوو)- لاپەڕە (٥٢، ٥٣، ٥٤).

دەوڵەت لە سەردەمی عوسمانییەکاندا گەیشتووەتە پلەی (والی) ولایەتی (رەهاء ئۆرفە)[٣٦]، ساڵی (١٩٢١ز) کۆچی دوایکردووە.

دۆستایەتی (مەولەوی) لە گەڵ سەرۆکەکانی جاف بۆ سەردەمی (محەممەد پاشا) دەگەڕێتەوە، پاشان لە ژیانی کوڕەکانیشیدا (مەحموود پاشا و عوسمان پاشا) درێژەیکێشاوە، ئەو پەیوەندییە بە شێوەیەک پتەو بووە، بنەماڵەی پاشکانی جاف (مەولەوی)یان بە مەحرەمی ماڵ و خێزانی خۆیان داناوە.

پاش ئەم چەند دێڕە دەچمەسەر ماناداناوەی شیعرەکە بەمشێوەی خوارەوە:

لە دێڕی (یەکەم)دا شاعیر خۆی بە (ئەیاز) و مەحموود پاشای بە (سوڵتان مەحموودی غەزنەوی) چواندووە، ئەم لێکچواندنە لە نێوان دوور و نزیکدا بە مەرجێك بۆ مانادوورەکەی بەکاربهێنرێت وەك لە دیوانەکەیدا هاتووە (تەوریە)ی پێدەوترێت، بۆ زیاتر وردبوونەوە پێویستە باس لەوەبکەم (ئەیاز) وەزیری کارامە و ژیر و بەناوبانگی (سوڵتان مەحموود) بووە، لە ناو رۆشنبیری گشتی نێمەی کورددا بە (هەیاسی خاس) ناویدەهێنرێت و چەندین رازو گێڕانەوە سەبارەت بە کەسێتی ناوبراو هەن، ناوهێنانی مەولەوی بە (ئەیاز) و مەحموود پاشای جاف بە (سوڵتان مەحموود) لەم دێڕەدا، پتەوی پەیوەندی نێوانیان و ئامادەگییان لە ژیانی یەکتریدا دەخاتەڕوو، چونکە ئەو دوو کەسە وەك وەزیر و سوڵتانەکەی هەمیشە وەك دوانەیەکی لە یەکدانەبڕاو بوون، (ئەیان) بە ژیریەکەی و سوڵتانیش بە دەسەڵاتە گەورەکەی رۆڵی خۆیان لە ژیاندا نەخشاندووە، ئەگەرچی (مەولەوی) هەرگیز لە شیعرەکانیدا شانازی بە (ناو، نازناو، پایەی ئەدەبی و زانستی) خۆی نەکردووە و هیچ شتێك لەم چەشنە بە شیعرەکانییەوە نابینرێت، بەڵام لێرەدا دەکرێت مەبەست لە ناوهێنانی خۆی بە (ئەیاز) و مەحموود پاشا بە (سوڵتان مەحموودی غەزنەوی) ئەڵ بۆ جۆرە مانایەك لە دانایی و زانایی و شاعیر و دەسەڵاتی دونیایی (مەحموود پاشا) بهێنێت. شاعیر لە نیوەدێڕی دووەمدا بە ناوبراوی وتووە، یاداشت و گوزارشتم بۆ بەڕێزت هەیە کە بە (ئاسانەی تۆ) باسیکردووە.

---

[٣٦] - (د.حەسەن جاف)- کەشکۆڵی مەحموود پاشای جاف- بەرگی یەکەم- لاپەڕە (٩)- بەیرووت ٢٠١٤.

لە دێڕی (دووەم)دا وتوویەتی: نامەکەت زۆر بە شێوەیەکی شیرین و جوان نووسرابوو، پێم گەیشت، تیایدا هاتبوو لەم مانگی رەمەزانەدا تۆم لە یادابێت، دیارە لە یادبوونەکە مەبەستی ئەوەیە نزای خێری بۆ بکات، ئەم دێڕە تێگەیشتنی بە لای خوێنەرەوە زۆر ئاسانە و پێویست بەوە ناکات راڤەکار زۆر بە ماناداندەوەیەوە خۆی سەرقاڵبکات.

لە دێڕی (سێیەم)دا، شاعیر وتوویەتی: ئەی دۆستی کامڵ، من بێجگە لە خەیاڵی تۆ بە هیچ شتێکی تر رۆژووم نەشکاندووە و بەربانگم نەکردووەتەوە، هەمیشە بۆ بەربانگکردنەوە پەنام بۆ جامی شەرابی خەیاڵی تۆ بردووە، ئەم دێڕە بێجگە لە مانا رواڵەتییەکەی مانایەکی تری گەورەی هەیە، من پێموایە دەچێتە ناو بابەتی عیرفانی و مەبەستیش لە جامی مەی، خۆراکی رۆحییە کە لە رێیەوە رۆح بەرەو مەراد باڵادەکات.

لە دێڕی (چوارەم)دا، شاعیر ئەوەی خستووەتەڕوو دەستپێکی نزام، یان کردنەوەی کتێبی نزام، ئەگەر بە شەو بێت، یان بە رۆژ، پاڕانەوەی بەردەوامە بۆ ئەوەی تۆ ئاخر خێر بیت، بە مەبەستی ئەوە زیاتر بە مانای ئەم دێڕەدا رۆبچم، پێویستە باس لەوە بکەم هاوبەرابەرییەك لە نێوان (فاتحە و خاتمە)دا هەیە، بەوەی (فاتحە)ی شاعیر بەرامبەر بە (خاتمە)ی مەحموودە، من لێرەدا وای بۆ دەچم مەبەست لەم (فاتحە و خاتمە) ئەوە بێت، لە گەڵ دەستپێکی هەموو نزایەکم لە بارەگای یەزدان داواکارم تۆ ئاخر خێر بیت.

لە دێڕی (پێنجەم)دا زۆر بە ئاشکرا ئەم بۆچوونەوەی من لەدێڕی پێشوودا خستمەڕوو بە تەواوی دەسەلێنێت، بەوەی شاعیر وتوویەتی: (هەق- خودای گەورە) بە لوتف و بەزەیی خۆی سوودی باوەڕی خۆتت پێبەخشێت و بەرهەمی کارەکانت بچنێتەوە.

لە دێڕی (شەشەم)دا وتوویەتی: من لە ناو لافاوی تاواندا نغرۆبووم و رێگەی قبوولکردنی نزام ونکردووە، دیارە شاعیر لەم دێڕەدا خۆی بە کەسێکی وەلی و خوداناسێکی ئەوەندە گەورە نەزانیوە، نزاکانی لێوەربگرێن و رێگای قبوولکردن بگرن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا رەوشتی زۆرینەی پیاوانی رێگەی خوداپەرستی راستەقینەیە کە تەنیا مەبەستیان بەدەستهێنانی رەزامەندی خودای گەورەیە، نەوەك

خۆبادان و خۆدەرخستنی دونیایی و بە دەستهێنانی سوودو بەرژەوەندی تایبەت لەسەر حیسابی دیین.

لە دێڕی (حەوتەم)دا شاعیر وتوویەتی: ئەیچی من پێیی نالەم ئەوەندە سواوە هەر بە تەواوی سفت بووە هەر بۆیە نالەی من ناگات. بەلام تۆ نالەو کارگەریت پێکەوە جووت و تەبان، مادام وایە نالەی منیش لە گەڵ زمنینەکەی خۆتدا تێکەڵبکە بۆ ئەوەی ڕێی خۆی بۆ شوێنی مەبەست بگرێت.

بۆ زیاتر تیشکخستنسەر مانای ئەم دێڕە، پێویستە لە وشەی (سفتەن)ەوە دەستپێبکەم، من هەرگیز ئەوە بە بیرمدا نەهاتووە ئەم وشەیە وەك کردار و بۆ مانای (سووتان) لە لایەن (مەولەوی)یەوە بەکارهێنرابێت، لەم ڕاڤەیەشدا هەر بەو ئاکارەدا ناچم، چونکە تا ڕادەیەك زۆر دڵنیام بەکارهێنانەکەی لە (سفت و سواو)ەوە نزیکە، هەر لەم بوارەدا باس لەوە دەکەم شاعیر بە ڕاشکاوی وتوویەتی: ئەوەندەم ناڵاندووە و ئەوەندەم نزاوپاڕانەوە کردووە بە جارێك پێی نالەو سواوە، نزاکانم بێئەنجامن و لێم وەرناگیرێن، چۆن کەسێك لە ئەنجامی هاتوچۆکردنی بەردەوامەوە پێی سفت و سواو دەبن، منیش پێی نالەم بەوشێوەیە، لێکچواندنی پێی نالەی خۆی و نالەیەك لە (نەی)دا کە توانای هاتوچۆی بە ناو کونەکانی نەیدا نەبێت، دەربڕینێکی ئێکجار جوان و هونەری بەرز لە شیعری (مەولەوی)دا دەخاتەڕوو.

دوای ئەم چەند دێڕەی سەرەوە، پێویستە بچمە سەر ئەوەی سزاو پاڕانەوە لە بارەگای یەزدان پێویستە لە ناخی دڵەوە و لە خوداپەرستی ڕاستەقینەوە سەرچاوەبگرێت، دووربێت لە کاری ڕیکارانە و خۆ نمایشکردن بە مەبەستی بە دەستهێنانی ناوبانگ و بەرژەوەندی، ئەوەی تێدا بە گرنگ بزانرێت، مرۆڤ چۆن دەتوانێت ڕەزامەندی ئەو زاتە بە دەستبهێنێت، کە بوون و ژیان و مردن و کۆتایی بە دەستی ئەون، ئەمەش تەنها و تەنها لە ڕێی خوداناسینی ڕاستەقینەوە بە دەستدەهێنرێت، نەوەك بە تەنیا جێبەجێکردنی ئەرکی دیینی لە بەرچاوی خەڵکدا.

لە نیوە دێڕی دووەمی دێڕەکەدا وتوویەتی: تۆ کە بە (ئەیچی) ناوبیردووە، نالەو کاریگەریت پێکەوە جووت و تەبان، دەتوانیت نزابکەیت و بۆی هەیە نزاکانت

لێودبربگیرێن و ئەنجامیان هەبێت، هەر بۆیە نالەی منیش تێکەڵ بە نالە ئەیەکەت بکە، بەڵکو لەو رێیەوە بگەنە شوێنی مەبەست.

بۆ مانادانەوەی شیعری (هەشتەم) باشتر وایە کەمێك بگەڕێمەوە دواوە و بچمەوە بۆ لای دێڕی شەشەم و ئەوە بەبیربهێنمەوە، شاعیر خۆی بە نغرۆی ناو لافاوی گوناهەکانی لە قەڵەمداوە و لەو نغرۆبوونەوە هاتووەتە گۆ، هەر بۆیە لە دێڕی (هەشتەم)دا وتوویەتی: من کە لە دەرووونەوە کەوتوومەتە ناو گەورەترین (وەی)یەوە، دەی تۆ چەند نزاو پاڕانەوە و لالانەوەیەکم تێکەڵ بە ئەیەکەت بکە، لێرەدا بۆی هەیە خوێنەر بیری بۆ ئەوە بچێت، دەی خۆ (مەحموود پاشا) لە نامەکەیدا داوای ئەوەی کردووە (مەولەوی) نزای بۆ بکات، کەچی وا شاعیر داواکارییەکەی ئەوی پێچەوانە کردووەتەوە و پێیوتووە: وەرە تۆ نزاو پاڕانەوەکانی من تێکەڵ بە هێنەکانی خۆت بکە بەڵکو بێنەدی، هەر بۆیە ئەم دێڕە جۆرێکە لە پێچەوانەکردنەوەی ئاراستەکان لە نێوان نامەکەی (مەحموود پاشا) و وەڵامەکەی شاعیردا، مەولەوی لە کەسێکی جێگەی هیوا بۆ نزاکردن و پاڕانەوە، دەکات بە داواکاری نزاو بەخشین لە رێی هانا بۆ هێنەرەکەیەوە.

لە دێڕی (نۆیەم)دا شاعیر باسی لەوە کردووە کە خۆی دەزانێت چۆن تۆوێکی کێڵاوە، بەو مانایە لە کردەوەکانی خۆی رازی نییە، کەچی دۆستەکانی داوای ئەوەی لێدەکەن نزایان بۆ بکات.

لە ناو شیعری زۆربەی ئەو شاعیرانەی بە جۆرێك لە جۆرەکان پابەندی دونیای سۆفیگەرێبوون، یان لە ژیانیاندا خواپەرستی و بەندایەتی راستەقینەیان کردووە، ئەم شیعرانە زۆر بەرچاو دەکەون کە تیایاندا شاعیران خۆیان بەوە نازانن توانیبێتیان ئەوەی لە سەریان پێویستە بۆ بەدەستهێنانی پەروەردگار بیکەن، هەر بۆ نموونە با لەم دێڕانەی (مەلا کاکە حەمەی بێلوو- ناری) وردبببینەوە:

بۆ نەفسی خەتا چوو بە عەبەس، غەرقی خەتا خۆم
هەم سایە لە گەڵ فاسقی بێ شەرم و حەیا خۆم
مەحکومی هەواخواهی تەڵەبکاری ریا خۆم

بـیٚ تاعـەت و زیکـر و عەمـەڵ و حەمـد و سـەنا خـۆم
روو زەرد و سـەر ئەفگەنـدەیی دیـوانی خـودا خـۆم[٣٧]

دەگەڕێمەوە بۆ لای شیعرەکەی (مەولەوی) و دەڵێم: بۆ زیاتر وردبوونەوە پێویستە ئەوە بزانرێت، کێڵان و تۆوکردنی زەوی هەمیشە چاوەڕێی بەرهەمی کارەکەی لێدەکرێت، ئەگەر زەوی باش بکێلرێت و تۆوبکرێت و خاوەنەکەی بەردەوام خزمەت و چاودێریبکات، ئەوە ئەنجامی باشی دەبێت و بەرهەمی رەنج و ماندووبوونی خۆی وەردەگرێت، بە پێچەوانەشەوە نائومێد و دەستبەتاڵ لێی دەردەچێت.
ئاشکرایە مەبەستەکە لای شاعیر زەویکێلان و تۆوکردن نییە وەك ئەوەی جوتیارێك دەیکات، بەڵکو ئەوەی خستووەتەڕوو ئەیتوانیوە ئەوەندەی پێویستە لە بواری خوداپەرستیدا بیکات، هەر بۆیە لە کردەوەکانی خۆی رازی نییە، کەچی لە گەڵ ئەمەشدا دۆستان و یارانی هانای پاڕانەوە و نزاکردنیان بۆ هێناوە.
بۆ مانادانەوەی دێڕی (دەیەم) و وردبوونەوە لە مەبەست و ئاراستەی شاعیر تیایدا، پێویستە لە سەر مانای دوو وشە بوەستم کە کاریگەرییان لە مانادانەوەی هەمووی دێڕەکە بەسەر یەکەوە هەیە، ئەمانەش وشەکانی: (ئەوگاران و مەظنە)ن، لە هەورامانی زێدی پیرەکانی مەولەوی و مەڵبەندی ژیان و گوزەرانیان و شوێنی خانەقاکانی نەقشبەندی کە شاعیر زۆر پێیانەوە گرێدراو بووە، وشەی (هۆگار-ئەوگار) بۆ ئەو کەسانە بەکارهێنراوە زۆر بەدەم ئێش و ئازاری قورس و گران، یان ئەهامەتییەکی گەورەتر لە توانای خۆیان، یان کارێك پێوەی گیرۆدە بوون و بۆیان جێبەجێنەکراوە، ئاڵاندوویانە، ئاشکرایە زۆربەی ئەم کەسانە بۆ رزگاربوون لە ئەوگارییەکەیان هانایان بۆ خانەقاکان و پیاوچاکانی ئەوێ بردووە، (مەولەوی) چەندین کەس لەمانەی بینیوە و ئاگاداری ئەوە بووە زۆریان لەو ئەوگارییە

[٣٧]- دیوانی ناری- کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و لەسەرنووسین و پێشەکی (کاکەی فەللاح)- ساڵی ١٩٨٤.

رزگایانبووه، هەر بۆیە خۆشی بەوە لە قەڵەمداوە کە (یاران) دەتوانن لە ئەوگارییەکەی خۆی دەریبهێنن.
سەبارەت بە وشەی (مەظنە) لە هەورامانیدا زیاتر بەرامبەر (پێوەر) بەکارهێنراوە، ئەوەك گێڕانەوەی بۆ (گومان)، لێرەشدا هەمان مانا دەگەیەنێت و (مەولەوی) هەر بەو ئاراستەیەدا بەکاریهێناوە.
کەواتە دەتوانرێت مانای دێڕەکە بەسەر یەکەوە بەمشێوەیە بدرێتەوە: خودای گەورە یارانم من بە کەسێکی پیاوچاك و خوداپەرستی راستەقینەم سەیردەکەن، هەر بۆیە بە مەبەستی دەربازبوون لە (ئەوگار)یان رووم لێدەنێن بۆیان بپاڕێمەوە و نزایان بۆ بکەم، چونکە تەنیا تۆ بە فریادڕەس و ساحیب توانا دەزانن بۆ جێبەجێکردنی مەرامەکانیان، منیش خۆم دەناسم و دەزانم ئەو کەسە نیم لە بارەگای تۆ تکای وەهایان بۆ بکەم، هەر بۆیە لێت دەپاڕێمەوە بە (پێوەر- مەظنە)ی ئەوان بۆ من ببەخشە و تێکەڵ بە نزاو پاڕانەوەکانیانم بکە.
لە دێڕی (پانزەم)یشدا کە دوا دێڕی ئەم پارچە شیعرەیە، (مەولەوی) وتوویەتی: ئەو کاتەی دەمرم و ئیتر قەبر دەبێت بە ماوام، نەبمە مایەی سەرئێشەو بێزاری ئەو مردوانەی دراوسێی و قەبرەکەمن، بۆ وەستانی زیاتر لەسەر مانادانەوەی ئەم دێڕە دەڵێم: شاعیر ئەگەرچی خۆی کەسێکی خوداناس و پیاوچاکبووە و هیچ رەوشتێکی گومڕایی بەرامبەر بە پەروەردگار و خراپەکاری بەرامبەر خەڵك نەبووە، بەڵام لەو شیعرانەیدا کە زۆر شەقڵی پاڕانەوەیان پێوە دیارە، هەمیشە خۆی بە گوناهکار لە قەڵەمداوە و ئەوەی خستووەتەڕوو هێشتا رێی بەدەستهێنانی بەزەیی پەروەردگاری نەدۆزیوەتەوە.
ئەوەتا لەم دێڕەدا بەراشکاوی وتوویەتی: ئەی خودای گەورە لێت دەپاڕێمەوە پاش مردنم عەزابم بە شێوەیەك نەبێت مردووەکانی دراوسێم لە ئەنجامی ناڵەو هاوارمەوە سەریان بێتەژان و نەبمە هۆی بێزاربوونیان لە دراوسێیەتیم،، دیارە تێڕوانینی مەولەوی بۆ دراوسێیەتی تێڕوانینێکی زۆر مرۆڤانە بووە و هەمیشە بە بەها جوانەکانی ژیان هەڵیپیداوە، ئەوەتا ئەوەك هەر لە رۆژانی ژیانیدا سەرئێشەو

بێتاقەتی نەهێناوەتە ڕێیان، ڕووی پارانەوەی لە پەروەردگارەکەی ئەوەیە تەنانەت پاش مردنیشی دراوسێی بێزار نەبن بە دەستییەوە دیارە لێرەدا دراوسێکانی مردووی ناو ئەو گۆڕستانەن تیایدا بە خاك سپێردراوە. ئەگەر لێکدانەوەیەکی ورد بۆ ئەم شیعرە بکەین ئەمە پەیامێکی گەورە و مرۆڤدۆستانەی شاعیرە بۆ مرۆڤەکان بۆ ئەوەی لە ژیانیاندا دراوسێی باشبن بۆ یەکتری و کردارەکانیان جێی ڕەزامەندی خودای گەورەبن بۆ هەتاکو پاش مردنیشیان دراوسێی قەبریان بێزارنەکەن.

نموونەی شەشەم:

١- دەخیلم خاڵۆ زەدەی زامی سەخت
حاڵ شێوێنەکەی (مەعدومی) بەدبەخت

٢- ڕاز ڕێزەی شەکەر، شای شەکەر ڕازان
فتیلە پەی زام کەسێ مسازان

٣- وەختێ دڵ وە تیر مەینەتان ڕێش بۆ
چەو دما تەمای سارێژی پێش بۆ

٤- خۆ جای پەیکانان ژار وەردەکەی تۆ
تا بەر بەڕەی دڵ پەی گەردەکەی تۆ

٥- وەختێ فوارەی هوناوان پێشەن
زوخاو جۆش بدۆ، ئانە سارێشەن

٦- دەرگای مەینەتان جای نەدامەتەن
ئاسۆریش یاد ئار ڕۆی قیامەتەن

٧- فتیلە پەی چێش ڕۆ وە یانەم ڕۆ
پەکجار داد نەدەس ئیستیغناکەی تۆ

٨- تۆ بەریت بازەم دڵ وەشی دڵەن
غەم زەدەی زامان وەشیش موشکڵەن[٢٨]

---

[٢٨]– (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- لاپەڕە (٢٧٤، ٢٧٥).

وەك لە دیوانەكەیدا هاتووە، (مەولەوی) ئەم نامەیەی بۆ (شێخ یووسفی ئۆسمەیی) هاوڕێی نووسیوە كە ئەمیشی وەك (ئەحمەد بەگی كۆماسی) بە خاڵۆ ناوبردووە، لە دیوانەكەیدا سێ پارچە شیعر هەن بۆ ئەم هاوڕێیەی نووسراون، ئەم پارچەیەیان وەڵامە بۆ نامەیەكی ناوبراو كە وەك جۆرە هانا هێنانێكی بووە بۆ (مەولەوی)، پێویستە ئەوەش بخرێتە پێشچاو (شێخ یووسفی ئۆسمەیی) پیاوێكی دیندار و خوداناس و كەسێتییەكی ناسراوی سەردەمی خۆی بووە، هەروەها تفەنگچییەكی زۆر كارامە و هەمیشە لە راو و شكاردا نێچیرەكەی بە باشی پێكاوە، (مەولەوی) لەم بوارەدا پارچە شیعرێكی هەیە باس لە شێوەی خۆ رازاندنەوە و خۆ ئامادەكردنی بۆ راو و شكار و دەست و تفەنگی كردووە.

پاش ئەم دێڕنە دێمەسەر ماناداناەوەی شیعرەكە بەمشێوەیەی خوارەوە:

لە دێڕی (یەكەم)دا وتوویەتی: دەستم دامێنت خاڵۆ، ئەی پێكراو و تووشبوو بە دەست زامی سەخت و ئازارەكانییەوە، ئەی ئەو كەسەی بوویتە هۆی شێواندنی حاڵی من و نائارامتكردم، مەبەستی شاعیر ئەوەیە كاتێك نامەكەی (شێخ یووسفی ئۆسمەیی) خوێندووەتەوە تیایدا ناوبراو باسی گیرۆدەبوونی خۆی بەو بابەتەوە كردووە لە نامەكەدا هاتووە، كە ئێمە لێی ئاگادار نین چی بووە، تەنها لە دووتوێی شیعرەكەی (مەولەوی)دا بۆمان دەردەكەوێت كێشەو ناسۆرییەك لای (شێخ یووسف) هەبووە و لە رێی نامەوە داوای چارەسەری لە (مەولەوی) كردووە.

لە دێڕی (دووەم)دا شاعیر وتوویەتی: تۆ كە قسە و رازو گێڕانەوەكانت وەك وردە شەكر وان و شای شیرین گوفتارەكانی، ئاخر فتیلە بۆ زامی كەسێكە !!.

بەش بە حاڵی خۆم زۆر پێم سەیرە ئەو كەسەی مەبەستە لە دێڕەكانی دواتری ئەم پارچە شیعرەدا، بە هیچ شێوەیەك نە بە ناو نە بە نازناو، یان تەنانەت بە ئاماژەش روون نییە كێیە و چۆن كەسێكە.

بەڵام لە ئەنجامی تێڕمان و وردبوونەوە لەم دێڕە دەتوانرێت خوێندنەوەی ئاكاری بۆ بكرێت، بەوەی ئەو زامانەی لە ژیانی دونیاییدا هەن هەریەكە فتیلە و چارەسەری تایبەتی خۆیان هەیە، ئەو فتیلەو چارەسەرەش جۆری زامەكان و ئەو كەسەی زامەكە

گراوەتە جەستەی دیاریدەکەن، چونکە هەر فتیلە و چارەسەرێك بەکاردەهێنرێت مەرج نییە زامی هەموو کەسێك سارێژبکات. ئەمەیان لە رووی تێڕوانینە دونیاییەکەوەیە، بەڵام لە رووی تێروانینی عیرفانییەوە بۆ ئەم شیعرە جیاوازە، چونکە عیرفان خۆی لە خۆیدا هەموو ماناکان کۆدەکاتەوە، زۆرجار شتەکان لە دژەکانی خۆیانەوە مانا وەردەگرن، زام پێویستە چونکە لە بوونی زامەکەوە چارەسەرەکەی بۆ مەیسەر دەکرێت، زامداربوونی عاریف لە ئەنجامی گیرۆدەبوونییەتی بە ئەشقی راستەقینە، ئەم گیرۆدەبوونە خەڵکی ئاسایی لێی ئاگار نین، ئەوە تا (حافظ) بەمشێوەیە هاتووەتەگۆ:

شب تاریك و بیم موج و گردابی چنین هایل

کجا دانند حـال ما سبکبـاران سـاحلها[36]

مەبەستی (حافظ) ئەوەیە لە شەوێکی ئەنگوستەچاو و لە ناو تەلاتومی شەپۆلەکانی دەریادا، ئەوانەی لە لێواری دەریاکە پاڵکەوتوون و دەستیان خشتووەتە ژێر چەناگەیان چی لە حاڵی ئێمە دەزانن.

کەواتە عیرفان لە دەردەوە دەرمان دیاریدەکات، دەردەکە گیرۆدەبوونە بە رێگەکە و دەرمانەکەشی بەدەستهێنانی عیرفانە.

دەگەڕێمەوە سەر ئەوەی (مەولەوی) لەم تێڕوانینەوە بە (شێخ یووسفی ئۆسمەیی) وتووە: تۆ دەرد و دەرمانت لای خۆتە و لە دەرەوەی خۆت بۆی مەگەڕێ.

لە دێڕی (سێیەم)دا شاعیر وتوویەتی: کاتێك دڵی کەسێك بەرتیری مەینەت دەکەوێت خۆ چاوەڕێی ئەوە دەکات دواتر ئەو زامەی سارێژببێت، هەربۆیە لێرەوە وابەستەبوونێك بە فتیلەو چارەسەرەکەی دێڕی پێشووەوە هەیە، چونکە دەردەکەوێت (مەولەوی) مەبەستی ئەوەیە، ئەو کەسانە لەبەر ئەوەی زامەکانیان زۆر قوڵ و کاریگەر نییە، فتیلەو چارەسەر بۆ چاکبوونەوەی زامەکانیان سوودیان هەیە.

هەردوو دێڕی (چوارەم و پێنجەم) مانادانەوەیان بەسەریەکەوە گونجاوە، چونکە شاعیر تیایاندا باسی لەوە کردووە، زامەکانی تۆ لە ئەنجامی پێکانی تیری ژەهراوییەوە

---

[36]– (دیوانی حافظ)- دکتر قاسم غنی وعلامە قزوینی- لاپەڕە (٣٢)- چاپ چهارم- ١٣٨٦.

کراونەتە جەستەت و هەتا پەردەی دڵیان سمیوە، هەر بۆیە کاتێک چاکدەبنەوە فوارەی خوێناو بڕژێنن و زوخا لێیانەوە جۆشبدات، ئەوە بۆ تۆ سارێژە.
دیارە ئەم چەند دێڕەی سەرەوە تەنها ماناداناوەی سادەی دوو دێڕەکەیە، بەڵام بە پێی بۆچوونی من ماناداناوەی قووڵتر و فراوانتریان پێویستە، (مەولەوی) لەم دوو دێڕەدا ئەوەی مەبەستبووە بە (شێخ یووسف) بڵێت: بۆ ئەوەی چێژ لەو برینداریيەت وەربگریت، پێویستە وابکەیت هەمیشە برینەکانت بکولێنەوە، خوێن و زوخاو دەربدەن بە جۆرێك ببن بە (تیراوێ)، لەوەوە کە (شێخ یووسف) دیندار و خوداناێکی دیار بووە، شاعیر پێیوتووە: چارەسەری تۆ لە ڕێی زیاتر قووڵبووەتەوەیە لە ڕێگەی خوداپەرستیدا و تەنها ئەو چارەسەر دەتگەیەنێتە ئەو چەشتنەی کە مەبەستتە بیگەیتێ.
بۆ کۆتاییهێنان بە ماناداناوەی ئەم دوو دێڕە کەمێك لە سەر وشەی (تیراوێ) دەوەستم، ئەم وشەیە لە هەوراماندا بۆ ئەو برینانە بەکارهاتووە بەردەوام کولاونەتەوە، بەشێوەیەك خوێن و کێمیان دەرداوە، بە تەواوی کاریگەرییان دروستکردووە، یان زۆر بە زەحمەت چاکبوونەتەوە، یاخود هەرگیز چاکنەبووتەوە، دەرئەنجام بوون بە هۆی کەمئەندام بوون، یان مردنی نەخۆشەکە، ئەم جۆرە زامانە جۆرێك لە جۆرەکانی (شێرپەنجە- سەرەتان) بوون.
دێڕەکانی (شەشەم، حەوتەم، هەشتەم) لە بەر ئەوە پێکەوە گرێدراون بەسەر یەکەوە تێگەیشتن لێیان ئاسانترە، شاعیر لەم دێڕانەدا وتوویەتی: ئەو دەرگایەی مەینەت لێتی کردووەتەوە ڕێی پەشیمانبوونەوەیە و ناسۆری زامەکانیشت بیرخەرەوەی ڕۆژی (قیامەت- پەسڵان)ە، فتیلەت بۆ چییە ئەی ماڵی من بە فوو بگرێت و ڕۆڵەڕۆ بکەوێتە ناوی بۆ بێباکییەکەی تۆ، تەنها ئەو دەرگایەت هەیە بۆ پەشیمانبوونەوە، کەچی بە دەستی خۆت لەسەر خۆتی دادەخەیت. لە کۆتا دێڕدا کە دێڕی (هەشتەم)ی شیعرەکەیە (مەولەوی) بە هاوڕێکەی وتووە: تو بڕییەکەت لێم گەڕێ، ئەوە چارەسەرو چاکبوونەوەی زامە تەنیا بۆ دڵخۆشکردنە، ئەگینا کەسی گرفتاربوو بە دەستی زامەکانییەوە چاکبوونەوەی زۆر گرانە.

(مەولەوی) لەم دێڕانەدا مەبەستی ئەوەیە ڕێی پەشیمانبوونەوەی مرۆڤ لەو کارانەی لە دونیادا کردوونی، تەنیا ڕێی خوداپەرستی ڕاستەقینە و چاکەکاری و دوورکەوتنەوەیە لە ئارەزووەکانی دونیا و خۆ تەرخانکردنە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار.

لەم بوارەدا مەحووی فەرموویەتی:

**ئەسیر و سەیدی قەیدی کەیدو شەیدی نەفسی ئەمارەم**

**لە دەست ئەم مارە بەد چارە، چیە چارەم، خودا چارەم**[40]

**نموونەی حەوتەم:**

**١- تا چە (داخی) تاق، جفتی خەمەنان**

**ڕاس باڵا چون چۆی چەوگان چەمەنان**

**٢- شەماڵ وە خزمەت ئەو زامان خەتەر**

**بشۆ. ئەر پەرساش ئێش جواب دەر**

**٣- گیرۆدەی ئازار سەختی فیراقەن**

**هەر چەند موشتاقی ئێندە موشتاقەن**

**٤- بەڵام ئاوی سەیل دەردەگەی دووریت**

**لافاوی هوناو ڕەنجی مەهجوریت**

**٥- ئانجەرۆی ئەی چەم، سیروانی ئەو چەم**

**جۆشاوێ وە هەم ئەی چەم تا ئەو چەم**

**٦- کەڵەك هۆرمدا نمازا دەو لێش**

**ڕای ئاسام ئەوی پا بنیەو ئەو پێش**[41]

---

[40]- (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەممەدی مەلا کەریم)- دیوانی مەحوی- لاپەڕە (٢٢٨)- چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.

[41] - (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- لاپەڕە (١٦٢، ١٦٣)- انتشارات کردستان.

(مەولەوی) ئەم پارچە شیعرەی بۆ (شێخ عەبدوڵڵای مورادوەیس) نووسیوە، سەبارەت بە ناوبراو هەندێ جیاوازی لە سەرچاوەکاندا هەن، لە کتێبی (یادی مەردان- بەرگی یەکەم)-دا نووسراوە لە سەیدەکانی (تاوەگۆزی)یە و لە تەك (مەولەوی) خاڵۆزاو پوورزان، لە دێی (کێوەڕێ- بەشی ئەحمەدبەگ) لە ناوچەی (شەمێران) لە دایکبووە، موریدی ڕێوڕەچەی نەقشبەندی بووە و لە سەر دەستی (شێخ عوسمانی سیراجەددین) ئەم ڕێوڕەچەی وەرگرتووە، شاعرێکی بە تواناو تەڕدەستیش بووە، ساڵی (١٣٢١ك) کۆچی دوایکردووە و لە گۆڕستانی (کلاوسوور)ی بە خاکسپێردراوە[١٢].

لە کتێبی (مێژووی وێژەی کوردی- بەرگی یەکەم)یشدا هاتووە، ناوی (عەبدوڵڵای کوڕی شێخ مەحموود) نازناوی شیعری (داخی)یە و لە لە گوندی (قەڵاتەبزان) لە دایکبووە، لە نێوان ساڵەکانی (١١٢٤ك- ١٢٠٥ك) ژیاوە، زاناو شاعیر و یەکێکبووە لە یارانی مەولەوی، سێ پارچە شیعری لەم کتێبەدا بڵاوکراونەتەوە، یەکێکیان سەبارەت بە مەرگی (مەولەوی)یە، ئەمانەی خوارەوە چەند دێڕێکیەتی:

مەیخانە خاڵی، مەی خۆران بێ شەوق
یادەکەش ماتەم، بادەنۆش بێ ذەوق
زیاد جە گردین شای سینە صافان
مەخدوومی (مەعدووم) مەولەوی جافان
جادار رەوییەی (بیسارانی) وی
صاحیب تەریکەی (هادی) و (ثانی) وی[٢٢].

پاش ئەم چەند دێڕە دێمە سەر ماناداناەوەی ئەم نامە شیعرییە بەمشێوەی خوارەوە:
لە دێڕی (یەکەم)دا شاعیر وتوویەتی: تا لە (داخی) تاکیم و ئەوەم لە تەکدا نەبێت، خەم هاوچووتمە و لە گەڵ ئەودا هاوڕێم، ئیتر باڵام هەر وەك گۆجانێکە چۆن لەسەرەوەی دەچەمێتەوە، مانادانەوە و ڕاڤەکردنی ئەم شیعرە زیاتر هەڵدەگرێت،

---

[١٢]- (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- یادی مەردان- بەرگی دووەم- لاپەرە (٥٢٧).

[٢٢]- (صدیق بۆرەکەیی)- مێژووی وێژەی کوردی- بەرگی یەکەم- لاپەرە (٥٢٧- ٥٢٨)- چاپخانە چهرتبریز.

هەر لەوەوە زۆربەی پارچە و دێڕە شیعرەکانی (مەولەوی) بە جۆرێك لە جۆرەکان باسی خەم و ئازار و مەینەتی دەکەن، بەرادەیەك نووسەرێکی وەکو (مامۆستا حەکەریم هەورامی) کتێبەی خۆی ناوناوە (مەولەوی شاعیری ئازارو خەمە).

هەر وەکو وتم خەم و ئازار و مەینەتی شەقڵ زۆر دیارن بە شیعرەکانی ناوبراوەوە، بۆیە من وای بۆ دەچم لەم دێڕەدا جۆرە لێکچوونێکی لە نێوان (خەم)ی خۆی و نازناوەکەی (شێخ عەبدوڵای موراودەیس)دا کردبێت کە لە بواری شیعردا بە (داخی) بەناوبانگبووە، مەبەستی لەم دێڕەش ئەوە بێت، من ئەوەندە تەنیایم چەشتووە بە تەواوی بوومەتە هاوجووتی خەم، دیارە لێرەشدا پێویستە بڵێم: هەموو تەنیاییەك بۆ مرۆڤ خراپنییە و لێی بێزانابێت، چونکە زۆرجار بیرکردنەوە و تێرمان لە تەنیاییدا هەم بۆ بەخۆداچوونەوە، هەم بۆ دووبارە سوواقدانەوەی ناخی مرۆڤ و پاکبوونەوەی لە خەوشی حەزوو ئارەزوو تەواو پێویستە. بەڵام دیارە تەنیاییەکەی مەولەوی زیاتر لە رووی ژیانی کۆمەڵایەتی و خێزانیەوەیە. هەر بۆیە وتوویەتی: ئەو تەنیاییە ئەوەندە بەسەرییەوە کاریگەرە لە ژێر ئازار و ئاسۆرییەکانیدا وەك دەمی گۆچان چەماندوویەتییەوە.

لە دێڕی (دووەم و سێیەم)دا کە بەسەر یەکەوە مانایان دەدەمەوە، شاعیر (شەماڵ)ی کردەوەتە پەیکی نامەبەر و پێیوتووە: برۆ بۆ خزمەتی ئەوکەسەی تووشی برینی ئاسۆر و مەترسیدار هاتووە، کە پرسیاری منی ردیت پێی بڵێ: گیرۆدەیە بە دەست ئێش و ئازاری تەنیاییەوە دەناڵێنێت، خۆ ئەویش هێندەی تۆ ئارەزووی دیداری هەیە.

بۆ زیاتر وردبوونەوە لە مانادانەوەی ئەم دوو دێرە سەرەوە پێویستە بڵێم: وا جارێکی تر (مەولەوی) نامەی شیعری خۆی داوەتە دەست (شەماڵ) و ئەرکی گەیاندنی نامەکە و هەروەها زمانحاڵی خۆی پێسپاردووە، چونکە پێیوتووە: گەر لێتی پرسی بەمشێوە وەڵامیبدەرەوە و بڵێ: ئەویش زۆر ئارەزووی دیداری تۆیە، بەڵام ئەوەی بووە بە رێگر لە ئەنجامگەیاندنی ئارەزووەکەی، گیرۆدەبوونییەتی بەدەست ئازارەکانییەوە، دەگەڕێمەوە بۆ ئەوەی لە چەند دێڕێکی پێشتر وتم: تەنیاییەکەی

شاعیر خێزانی و کۆمەڵایەتی بووە چونکە بە دەست ئازارەکانییەوە تەواو بێزاربووە، بەڵام لامان روونە لەو شیعرانەیدا ماکی عیرفانیان هەیە، چۆن ئەوەك هەر بۆ خۆی ئازدرەکانی خۆشویستووە بۆ زیاتر پاکبوونەوەی لە ئارەزووەکان و لە پێناو بە دەستهێنانی رەزامەندی پەروەردگار، بەڵکو ئەمەی کردووەتە پەیام و لە رێی نامە و شیعردوە بە گوێی خەڵکیدا داوە.

لە (دێڕی چوارەم، پێنجەم، شەشەم)دا کە ئەمانیش هەر بەسەریەکەوە مانادانەوە و راڤەکردنیان گونجاوترە، (مەولەوی) وتوویەتی: بەڵام هێز و تاوی (سەیل)ی دەردی دووریت، لافاوی خویناوی رەنجی دوورکەوتنەوە لێت، لە چاوەکانمەوە یەکێکیان وەك (سیروان) و ئەوی تریشیان وەك (تانجەرۆ) هەڵساون، هەرچەند (کەڵەك)م هەڵدا بەڵام بە هیچ شێوەیەك نەمتوانی پێبخەمە ناو لافاوەکە و بواری هاتنم نەبوو، پێویستە ئەوە بڵێم: (سەیل ئەو لافاوەیە بەسەردەشت و دەردا دەدات و خاك و خۆڵەکەی لەتەك خۆیدا راپێچدەکات)، مەبەست لە (کەڵەك)یش ئەو جۆرە بەلەمەیە بۆ پەڕینەوە بە سەر ئاودا بەکاردێت.

بۆ زیاتر قسەکردن سەبارەت ئەم سێ دێڕە پێویستە بڵێم: لە پەراوێزی دیوانەکەی (مەولەوی) هۆی نووسینی ئەم شیعرە بۆ (شێخ عەبدوڵای مورادویس) وا باسکراوە، گوایا شاعیر ویستوویەتی سەردانیبکات، بەڵام لافاوی ئاوی (سیروان و تانجەرۆ) بە شێوەیەك هەڵساوە بواری پەڕینەوەی بۆ لای هاوڕێکەی نەداوە، من بەشێوەیەکی تر بۆ مانادانەوە و راڤەکردنی دەچم، دەڵێم: ئەگەرچی شاعیرخۆی ئاسا بە شێوەیەکی وردو بەسەلیقەیەکی گەورەوە باسی هەڵسانی لافاوی سیروان و تانجەرۆ و تێکەڵبوونیان بە یەکتر و چواندنی ئەو لافاوەی بە فرمێسك و خوێنی چاوی بە دەست ئازارەکانی دووریەوەی کردووە، بەڵام لەوانەیە لە راستییەکەیدا باسێك لە سەفەر و سەردانی مەولەوی مەبەست نەبووبێت، هۆی ئەم بۆچوونەشم لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەخەمەڕوو:

١- وەك لە ناوەرۆکی نامە شیعرییەکەدا دەردەکەوێت لەو دەمەدا نووسراوە (مەولەوی) چەماوەی ناو ئازارەکانی بووە، دیارە ئازارە گەورەکانی لە ساڵەکانی بەرەو

کۆتای تەمەنیدا بوون، هەر لە کۆچی دوایی (عەنبەر خاتوون)وە بیگرە، هەتا سووتانی کتێبخانەکەی و کوێربوون و شکانی پشتی. هەموویان لەم ساڵانەدا بوون، شتێکی دیاریشە لەو ساڵانەدا ئەو حەز و توانای سەفەرکردن و پەڕینەوە لە ئاوی (سیروان)ی هەر نەبووە، بە تایبەتی ئەگەر سەفەرەکەش بۆ دیدەنی ئاسایی بووبێت.

٢- ئاشکرایە (مەولەوی) تەنیا چەند ساڵێك دوای وەرگرتنی مۆڵەتی مەلایەتی لە گوندەکانی: (جرۆستانە و گوندە و بیاوێڵە) ژیاوە، پاشان چووە بۆ ناوچەی شەمێران[*]، دوای ئەوەی بەڕێوەبردنی ناوچەی (شەمێران) بە فەرمانی مەحموود پاشای جاف لە شێخ عەلی عەبابەیلێ وەرگیراوەتەوە و دراوە بە (عوسمانی خاڵە)، ئیتر شاعیر بە تەواوی گەڕاوەتەوە بۆ گوندی (سەرشاتە) زێد و مەڵبەندی خۆی و تا کۆچی دوایی هەر لەو گوندەدا ژیاوە. ئەوەی شارەزای ناوچەکانی شەمێران و ئاوەگۆزی بێت، باش دەزانێت رۆیشتن لە (سەرشاتە)وە بۆ (گوندی کێوەرێ- بەشی ئەحمەد بەگ) کە شێخ عەبدوڵای مورادوەیس تێیدا ژیاوە پێویستی بە پەڕینەوە لە ئاوی (سیروان) نییە.

٣- کەواتە هۆی نووسینی ئەم شیعرە تیایدا مەبەست سەردان نەبووە، شاعیر لەم شیعرەدا باسی لە ئازارە جەستەیی و دەروونییەکانی خۆی بۆ شاعیری هاوڕێ و خزمی خۆی کردووە، هێنانی هەندێك ناوی وەك: (لافاو، تانجەرۆ، سیروان، کەڵەك) هیچ کامیان بە مانا ئاساییەکانی خۆیان بەکارنەهێنراون.

---

[*] - ناوچەی شەمێران ماوای تیرەی (یەزدان بەخشی= شەمێرانی)یە، یەزدانبەخشییەکان دووەم تیرەی جاف بوون لە پاش دوای شەڕی (حسێن شەهید) لە نێوان جافە مورادییەکان و هاوپەیمانی هۆزە شارەزوورییەکان لە سەر ئاوی شلێر، دوای وەرگرتنی رەزامەندی پاشای جاف، دەستیان بە نیشتەجێبوون کردووە و هەشت گوندیان ئاوەدانکردووەتەوە.

بڕوانە: (سیسل جون ئیدمۆندز)- کرد، ترك، عرب- ترجمە جرجیس فتح الله- ص ١٢٦ - شەیوب کرێنضا رۆستەم

نموونەی هەشتەم:

١- پەشێوی وە نەزم لولەی نەسرین دا
پەروین دانیرەی خۆرشید تەرزین دا

٢- جای ناخون وە خون نەو گونای بێ گەرد
نیشارەت وە مانگ مەینەتی دڵ گەرد

٣- شیرینی قامەت قیامەت نەوەرد
سەڵای هەرزی بەرگ نازیەتی ناوەرد

٤- هەنی فتوای شەرع بادە نۆشان بۆ
حەڵاڵی کاڵای ماتەم پۆشان بۆ

٥- وەشەن نەو باڵا چون بەو کاڵاوە
بازش نەو کاڵا هەر وە باڵاوە

٦- حەیات جە ضولمات جیا نمەبۆ
کاوە وە بێ بەرگ سیا نمەبۆ[٤٥]

وەك لە دیوانەکەیدا هاتووە ئەم شیعرەی لە لاواندنەوەی (پەریزاد خان)دا وتووە کە یەکێکبووە لە ژنە بەگزادەکانی جاف، ئەم لاواندنەوەیە پارچە نەختینەیەکی جوانکاری بێ وێنەیە لە ئەدەبی لاواندنەوەدا، جیهانی بەرفراوانی ئەندێشەی (مەولەوی) وەك بڵێی بە وێنەو دیمەنی بە نموودی خانمانی جاف نەخشێنراوە، لە نازداری و رەویە و شۆخ و شەنگی ئە خانمانەوە وێنەی راست و بێگەردی بۆ ئێمە نەخشاندووە.

دێری (یەکەم، دووەم) دیارە ئەوەندە پەیوەستن بەیەکەوە مانادانەوەیان بۆ تێگەیشتن ئاسانترە، شاعیر باسی لەوە کردووە رشتەی فرمێسکی گریانی بەکوڵی نازداران کە شیوەنی مەرگی (پەریزاد خان)یان کردووە تێکچووە، ئەوسا ئەو رشتەیە وەك دەنکە مرواری بە سەر رووومەتییانەوە وابوون و دەیرازاندنەوە، هەروەها وتوویەتی: شوێن

---

[٤٥] - (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس)- دیوانی مەولەوی- لاپەرە (١٤٠، ١٤١، ١٤٢).

نینۆکیان لە ئەنجامی هەڵکەندنی ڕوومەتیان وەک مانگی یەک شەوەی سوور دەردەکەوێت.
بۆ مانادانەوەی ئەم دوو دێڕە وردبوونەوە و تێرامان لە ناوەرۆکیان پێویستە، هەندێک لەو ڕاڤانەی بەرچاو من کەوتوون بە تەواوەتی تینویەتییان نەشکاندووم، بە بۆچوونی من ئەگەرچی خوازراوە و خواستن و لێکچوون لە ناویاندا هەن، بەڵام من بەمشێوەیە ڕاڤەیان دەکەم، دیارە ئەوە سەلێنراوە (بازنەی خۆر) هەیە و بریتییە لەو هێڵە بازنەییەی لە ئەنجامی سووڕانەوەی ئەستێرەکان بە دەوری خۆردا دروستبووە، بەڵام ڕووناکی تیشکی خۆر بە جۆرێک بە هێزە بوارنادات ئەستێرەکان بە دەوریدا دەرکەون، لێرەدا شاعیر وتوویەتی: ڕوومەتی نازداران، ئەو ڕوومەتانەی فرمێسکی وەک مرواییان بەسەردا دەهاتە خوارەوە و دەم و چاویانی دەڕازاندەوە، لە ئەنجامی گریان و شیوەنی گەرم و بەکوڵیاندا بۆ (پەریزاد خان) تەواو تێکچووە، بەشێواوە و زەردبووە، هەر وەک تێکچوونی تەرزی ئەستێرەی (پەروین- ثریا) بە دەوری خۆردا، هەروەها باسی ئەوەی کردووە، بەشێوەیەک ڕوومەتی خۆیان بە نینۆک بریندارکردووە و ڕنیوە، دەڵێی مانگی یەک شەوەی سوورە کە لە کۆندا هەمیشە هێمای مەینەت و نائارامی بووە بۆ خەڵک و چاوەڕێی شەڕو خوێنڕشتنی لێکراوە، دیارە شاعیر زۆر بە وردی ئەمەی خستووەتەڕوو. چونکە لەو سەردەمەدا تەنانەت مردنی کەسێکی ئاسایی پرسەو ماتەمێکی درێژی بووە و بە ئاسانی نەبڕاوەتەوە، دیارە خۆ (پەریزاد خان) خانمێکی دیاری ناو جاف بووە، پرسەو ماتەمی بۆی ماوەیەکی زۆری پێویستبووە هەتا زامی مردنی ساڕێژببێت.
لە دێڕی (سێیەم)دا شاعیر باسی لەوە کردووە هەر چۆن (قامەت- وێردی پێش دەستپێکردنی نوێژ)، پێویستە بۆ هەڵسانەوە و خۆ ئامادەکردن بۆ نوێژکردن، پاش مردنی ئەو نازدارەو ئاوابوونی (قامەت- مەبەست لێرەدا بەژنو باڵایە) شیوەن و گریان و پۆشینی بەرگی ماتەمی هێناوە.
ئەگەر زیاتر بەمانادانەوەی لەم دێڕەدا شۆڕببینەوە دەکرێ بۆ ئەوە بچین (مەولەوی) مەبەستی ئەوەبووبێت، پاش مردنی (پەریزاد خان) ئەوەتا بە بەژن و باڵای جوان و

شێوەی شیرینییەوە لە بیابانی (قیامەت)دا دەگەڕێت و ئەو بیابانە تەیدەکات، ئەوەشی بۆ ئێمە هێناوە پێویستە پرسە بگێڕین و بەرگی ماتەمی بپۆشین، یان دەکرێت بەم مانایەش بۆی بچین، ئەو مردنەی وەك ڕۆژی قیامەتە، بۆ ئێمە ئەرکی ماتەمی لەسەرمان پێویستکرد و دەبێت ئەنجامیبدەین.

لە دێڕی (چوارەم)دا شاعیر وتوویەتی: مادام (پەریزاد خان) کۆچی دوایکرد و ڕۆیشت، دەی نیتر با زانایانی شەرع بڕیاری ڕەوابوونی بادە نۆشین و پۆشینی بەرگی هەترانی ماتەمی بدەن.

شتێکی ئاشکرایە نۆشینی بادە بە هیچ شێوەیەك لەناو (شەرع)دا ڕەوا نییە و بڕیاری لەسەر نادرێت، بە هەمانشێوە ڕەشپۆشی و ماتەمی لە ڕادەبەدەر مایەی ناڕازیبوونی زانایانی دینیی شەریعەتە و بەردەوام باس لەوە دەکەن هیچ سوودێك بە مردووەکە ناگەیەنێت، بۆ ئەوەشی دەیکات وەك جۆرە یاخیبوونێکە لە فەرمانی خوا، من وای بۆ دەچم مەبەستی شاعیر لەوەی زانایان بڕیاری ڕەوابوونی نۆشینی بادە بدەن ئەوەیە، مرۆڤ لە کاتی نۆشینیدا سەرخۆشدەبێت و کاریگەری هۆشی لە سەری کەمدەبێتەوە، هەر بۆیە مەبەستی ئەوە بووە ماتەمگێڕانی مەرگی (پەریزاد خان) هەوڵبدەن کەم کەم کاریگەری ئەو مەرگە لەسەر خۆیان کەمبکەنەوە، هۆشیان لەوە بێت دونیا بە مەرگی ئەو کۆتاییینایەت، ئەوەك بیانەوێ زانایان ڕەوایی نۆشینی بادە بۆیان بدەن، بۆ ئەوەی بینێن بەسەریانەوە و بیبی پێوەبنێن.

ئەم دەربڕینانەی مەولەوی لە بڕیاری ڕەوابوونی مەی و ماتەمی و ڕەشپۆشین، تەنیا بەمەبەستی وێناکردنی گەورەیی کۆستی مەرگی پەریزاد خانە لە ڕێی هونەری شیعر و توانای شاعیر لە خستنەڕووی ئەو هونەرەدا.

هەردوو دێڕی (پێنجەم، شەشەم)یش تەواوکاری یەکترن بۆیە ماناداناەوەیان بەسەر یەکەوە باشترە، لەم دوو دێڕەدا شاعیر وتویەتی: ئەو بەرگە ڕەشە کە ماتەمگێڕان پۆشیویانە بە بەژن و بالآیان جوانە، بۆیە لێیانگەڕێن با هەر لە بەریاندا بێت، هەروەها ئەوەی دەرخستووە ژیان لە تاریکی جیانابێتەوە، ئاوی حەیات سەرچاوەکەی

تاریکییە، خوداپەرستانیش لەکاتی نوێژ و بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان روو لە کەعبە دەکەن، دەی خۆ کەعبە بە بێ بەردە رەشەکە (حجر الاسود) نابێت.

بۆ زیاتر تێگەیشتن لە مانای ئەم دوو دێڕە شیعرە، پێویستە بۆ ماناکانی ژیان و مردن و رووناکی و تاریکی بگەڕێینەوە، بۆ قسەکردن لەمانەش بە بۆچوونی من باشتر وایە بە کورتی بۆ ماناکانیان لە ناو فەلسەفە و عیرفان بگەڕێینەوە، سەبارەت بە فەلسەفە وەك ئاشکرایە هەمیشە پرسیار لە (بایەخ، ئامانج، چارەنووس، پایەی بوون و ژیان) دەکات و بە دوای دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانەوەیە، سەبارەت بە (مردن)یش هەموو ئاراستەکانی فەلسەفە وەك دیاردەیەکی بەرجەستە (بەرچاو) لە مردن دەکۆڵنەوە[٤].

دیارە (عیرفان)یش هەمیشە ئەوەی دووپاتکردووەتە، بوونی راستەقینە تەنیا بوونی پەروەردگاری مەزنە و هەموو بوونەکانی تریش سێبەری ئەون، کەواتە سەرچاوەی ژیان تەنیا پەروەردگارە، ئاشکرایە ژیان لە ناو هەموو زیندەوەراندا هەیە، بەڵام ژیانێکی ناتەواوە، ژیانی تەواو تەنیا زاتی خودای تاك و تەنیایە، (مەولەوی) لەم بارەوە فەرموویەتی:

**ئەر گرد مەوجوودێ جە تۆ گرد مایە**

**مەوجوود هـــەر تۆنی ماسیوا سایە**

ئەم دێڕە شیعرە لە ناو پارچەکەیدا و لە شوێنی خۆیدا قسەی لێوە کراوە، لێرەدا بەو بابەتەدا ناچمەوە. ئەگەرچی شاعیر لە چەندین دێڕو پارچە شیعریدا سەبارەت بە ژیان و مردن قسەی کردووە، بەڵام کاریگەرینترینیان بە لایەوە ئەوەیە بەدەستی خۆی حەز و ئارەزووەکان لە ژیانی بڕاوەی دونیاییدا بکوژێت و خۆی بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی نەبڕاوەی هەتا هەتایی تەرخانبکات.

لە کۆتایهێنان بەم بابەتە دەڵێم، لە کۆتا دێڕی ئەم پارچە شیعرەدا شاعیر پێیوتووین، ژیان و مردن و رووناکی و تاریکی بێ یەك نابن، بۆ ئەمەش ئەوەی

---

[٤]- (د.سەبوور عەبدولکەریم (شکار)- چەمکی ژیان و مردن لە شیعری مەولەوی و (مەولانای رۆمی)دا، لاپەڕە (٦٤، ٦٦)- ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

خستووەتەڕوو هەر چۆن کەعبە بە بێ رەشایی بەردە رەشەکە نابێت، تاریکی ژیانی ئەم دونیایەش بە بێ رۆشنایی ژیانی هەمیشەیی ئەو دونیا نابێت. مەولەوی لە چەندین دێڕی تری شیعرەکانیدا ئەمەی دووپاتکردووەتەوە، ژیانی دونیایی بە لایەوە براوەیە و ژیانی راستەقینە کە دەبێتە نیشتمانی مرۆڤ لە دونیاکەی تردایە، لەم بوارەدا فەرمووویەتی:

موطن ئەصلیت نـــــە خاتر لوان
مێخ مۆبەتت نە رووی خاک گوان[*]

نموونەی نۆیەم:

١- نامەکەت پەی چێش؟ پەرێ دەوای دەرد
یاوا خاس وانام مطالعەم کەرد

٢- ئاخ، داخان نیشات جە بێخ کەندە وێم
رای تەدبیری کەس پێ نەمەندە وێم

٣- سەرەتای زوخاو نە جەرگم سەردان
پەیدی پێمەوە، یاران هام فەردان

٤- هاوار یانی های خالۆم ئەشنەفتەن
جە نۆ کۆسێ تەر خاستەرم کەفتەن

٥- دیدەکەم ماچان بێ وەفایش کەرد
شەرت و عەهدی بەین وەرین جە یاد بەرد

٦- زیاد بێ سەردی پەی غەم کەیلەکەش
کەم بێ گەرمی تاو کورەی مەیلەکەش

٧- هەوای دۆسی نۆش وە دەرون ئاوەرد
سفتەکەی گۆنەش یەکجار جە ویر بەرد

٨- دیدەکەم تۆ مەیل خەستەت زەرور بێ

---

[*]- (حەکیم مەلا سالح)- مەولەوی تاوەگۆزی- (دیوانی مەولەوی)- چاپی یەکەم- لاپەڕە (٦٣)- دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- سلێمانی (٢٠٠٦)

ئەی بێ شەرتیە فرە چێت دوور بێ

٩- خەیلێ واتم خەیچ نێشی زامم مەرد
ئای گوڵناتەوە ئینە چێشت کەرد

١٠- بەزمیت ئاما بەی زاریمەدا
وەی ناڵی شەوان بێداریمەدا

١١- وەی دڵی پڕ ئێش پڕ زوخاومەدا
وەی هەناسەی گەرم تەوەن تاومەدا

١٢- من دڵم وەتیڕ تۆ ئێشا، یا ئەو
من جەفاو مەینەت تۆ کێشام، یا ئەو

١٣- من وێم وە سەرگەرد باڵات کەرد، یا ئەو
من وێم فیدای خاك پاڵات کەرد، یا ئەو

١٤- جە بەدبەختی وێم وەنەش وارۆ سەنگ
زانام بێ مەیلێ ئەما ئەك وەی رەنگ

١٥- من هیچ بەرگەنار ئەحواڵم مەپەرس
خۆ قیامەت هەن، جە خودا بتەرس

١٦- خاڵۆ دەردی دڵ بێ ئیهایەتەن
شکایەت نیەن، پە حیکایەتەن

١٧- ئاوایی پەی غەیر، وێران ماڵە وێم
عالەم شیرین کام، مەزاق تاڵە وێم

١٨- ئاوەش بی حەلاڵ، وەش حەرامە وێم
شادی بێ نوقسان، غەم تەمامە وێم

١٩- هەڵۆ زەدەکەی ترسیاگە وێم
درۆ بۆ یا راس هەوەسیاگە وێم

٢٠- چ وەختێ ئامای ئینشای فەردت بێ
چ وەختی داوای دەوای دەردت بێ

٢١- گلاراوی مەرگ چێگەو چۆگەمەن

دەخیل تەدبیریٚ جاریٚ نۆگەمەن [48]

(مەولەوی) ئەم نامەیەی بۆ شاعیر (ئەحمەد بەگی کۆماسی) نووسیوە، کە یەکێکبووە لە دۆستە خۆشەویستەکانی، هەر وەك لە دیوانی شیعرەکانیدا هاتووە شەش نامەی شیعری بۆ نووسیوە، لە سێ نامەیانەدا بە خالۆ ناویبردووە، دوو نامەیان وەڵامی نامەی (خالۆی) کۆماسی داوەتەوە، دانەیەکیشیان بە بۆنەی دوورخستنەوەی لە ناوچەکەی خۆی بە فەرمانی حوکمڕانانی دەوڵەتی بۆی نووسیوە[49].

(ئەحمەد بەگی کۆماسی) ساڵی (١٧٩٣ز) لە دێی بەردەسپی سەر بە مەریوان لە دایکبووە، ئەگەرچی خوێندەوارییەکی بەرزی نەبووە، بەڵام دەستێکی باڵای لە هۆنینەوەی شیعردا بووە، چامە بە ناوبانگەکەی (گلکۆی تازەی لەیل) بەڵگەی زیندووی سەلیقە و دەسەڵاتی ناوبراوە لە هۆنینەوەی شیعردا، (ئەحمەد بەگی کۆماسی) زۆربەی کاتەکانی ژیانی بە کاروباری موڵکداری و کشتوکاڵەوە خەریکبووە، ساڵی (١٨٧٦ ز) کۆچی دواییکردووە و لە گۆڕستانی دێکەی خۆیدا بە خاکسپێردراوە[50].

بەر لەوەی بچمە سەر مانادانەوەی ئەم نامە شیعرییە پێویستە باس لەوە بکەم، ئەگەرچی لە لە ناو کەشکۆڵەکاندا جیاوازی لە چەند وشەیەکیدا هەیە، بەڵام جیاوازییەکان بە شێوەیەك نین مانای دێڕەکان بگۆڕن، زۆربەی دێڕەکانی بۆ تێگەیشتن ئاسانن و گرێ و گوڵێکی ئاڵۆزیان تێدا نییە، بە شێوەیەکی گشتی بۆنی گلەیی و گازندەیەکی زۆریشیان لێدێت، هەرچەندە ئەم دوو شاعیرە زۆر یەکتریان خۆشویستووە و پەیوەندییان پتەو بووە، بەڵام بەم نامەوە بێتاقەتی مەولەوی دەردەکەوێت، شتێکی ئاشکرایە شاعیر زۆرجار ئەم بێتاقەتی و ناڕەحەتییەی خۆی لە

---

[48] - (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- لاپەڕە (٤٥٠، ٤٥١، ٤٥٢، ٤٥٣)- انتشارات کردستان.

[49] - (حەمەکەریم هەورامی)- مەولەوی شاعیری ئازار و خەمە- لاپەڕە (٢٦٥)- هەولێر (٢٠١٢).

[50] - (صدیق بۆرەکەیی)- مێژووی وێژەی کوردی- بەرگی یەکەم- لاپەڕە (٥٠٦)- چاپخانە- چهر تبریز.

نامە و شیعرەکانیدا دەرخستووە، بەڵام لەم نامەیەدا بەشێك لە بێتاقەتییەکەی رووبەڕووی (خاڵۆی کۆماسی) کردووەتەوە.

پاش ئەم دێڕانەی بە پێویسم زانین، دێمە سەر ماناداناوەی نامە شیعرییەکەی مەولەوی بەمشێوەی خوارەوە:

لە دێڕی (یەکەم)دا شاعیر وتوویەتی: نامەکەت گەیشت، بۆ چی، بە مەبەستی دەوای دەرد، گەیشتە لام زۆر بە وردی خوێندمەوە. لەم دێڕەدا (مەولەوی) وتوویەتی: گوایا نامەکەی هەم خوێندووەتەوە، هەمیش موتالعەی کردووە، شتێکی ئاشکرایە مەبەست لە موتالەعە خوێندنەوەی رووکەشی نییە، بەڵکو لە زۆر کاتدا خوێندنەوەی دووبارەی نامە و وردبوونەوە و تێڕامان دەگەیەنێت.

لە دێڕی (دووەم)دا، شاعیر ئاخی بۆ ئەوە خواستووە داخ و کەسەر جموجووڵ و چالاکی نەهێشتووە و هەر بەتەواوی رێگەی تەدبیرکردنی بۆ کەس پێنەماوە، بە واتا شاعیر لە ئەنجامی داخ و کەسەری خۆیەوە، توانای رێپیشاندانی کەسی تری نییە.

لە دێڕی (سێیەم، چوارەم)دا شاعیر ئەوەی خستووەتەڕوو، سەرەتای زوخاو لە جەرگییەوە سەریداوە و هەر بۆیە هانا بۆ دۆستان و ئاسراوانی دەبات کە فریای کەون و بچن بە هانایەوە، هەروەها وتوویەتی: ئەی هاوار بۆ (خاڵۆم- ئەحمەبەگی کۆماسی) ئەوەی نەبیستووە من کۆستی گەورەترم کەوتووە، وا داوای راو تەدبیرم لێدەکات.

دێڕەکانی (پێنجەم، شەشەم ، حەوتەم) کە پەیوەندییان بە یەکترەوە زۆرە و ماناداناوەیان بەسەر یەکەوە باشترە، (مەولەوی) نووسیویەتی: دیدەکەم دەڵێن تۆ بێوەفاییت بەرامبەر بە من کردووە و بەڵێن و پەیمانی پێشینت لە یاد کردووە، باسی ئەوە دەکەن ساردی تۆ لە گەڵ مندا زیادیکردووە و تاو و تینی گوورەی مەیلت کەمیکردووە، چونکە مەیل و ئارەزووی دۆستی تازەی لە دڵگرتووە و رێی خۆشەویستی یارە کۆن و دڵسووتاوەکەی لە بیر خۆی بردووەتەوە.

لە دێڕەکانی: (هەشتەم، نۆیەم، دەیەم، یانزەم)دا کە بە هەمانشێوەی سێ دێڕی پێشتر زۆر پێکەوە گرێدراون، شاعیر وتوویەتی: دیدەکەم تۆ لە سەرت پێویستبوو

گرفتارەکەی خۆت بەلاوە مەبەستبێت، ئەم بێپەیمانییە زۆر لە تۆوە دوور بوو، زۆرم وت، ئۆخەی ئێشی زامەکانم دامرکایەوە، ئای دووبارە بە کولاندنەوەیان هێناتنەوە سۆ ئەوە چیت کرد؟ باسی ئەوەشی کردووە هیچ بەزەییەکت نەهاتەوە بە شیوەن و زاریکردنم و نالەو خەو زڕان و بێداری شەوانمدا، بەڵی بەو ئێش و ئازار و زوخاو چەشتنەم، بەو هەناسە گەرمانەم کە بەرد دەتوێننەوە.

لە هەردوو دێڕی: (دوانزەم، سیانزەم)دا، شاعیر جۆرە بەراوردێك لە نێوان خۆی و کەسێکی تر کردووە کە بە (ئەو) ناویبردووە، بەراوردکردنەکەی بەشێوەی پرسیار رووبەڕووی (خاڵۆی کۆماسی) کردووەتەوە، بەوەی وتوویەتی: من دڵم بە تیری تۆ هاتە ئێش یان ئەو؟ من جەورو ناخۆشی تۆم کێشا، یان ئەو؟ من خۆم بەسەرگەردی باڵاتکرد، یان ئەو؟ من خۆی فیداکاری خاکی ژێر پێڵاوەکانت کرد، یان ئەو؟ دیارە لەم پرسیارانەدا شاعیر مەبەستی هەبووە، بەوەی هەرچەند زۆر بۆ هاوڕێکەی دڵسۆز بووە، لە پرسیارەکانیشیدا ئەو دڵسۆزی و بە ئەمەکییەی بۆی دەرخستووە، بەڵام ئەو بەوشێوە نەبووە، زیاتر کەسێکی تری بەلاوە مەبەستبووە لە شیعرەکەدا دیار نییە کێ بووە.

لە دێڕی (چوادەم، پانزەم، شانزەم)دا شاعیر وتوویەتی: داواکارم بەدختی خۆم سەنگی لێبباریێت، خۆ من زانیم تۆ بێ مەیلی، بەڵام ئەوەك بەمشێوەیە، من ئەوە هیچ بمخەرە لاوە و هەر هەواڵم مەپرسە، بەڵام خۆ قیامەت هەیە و ترسی خوات هەبێت. هەروەها وتوویەتی: خاڵۆ دەری دڵی من کۆتایی بۆ نییە ، ئەمە سکاڵا نییە کە دەیکەم، بەڵکو رازێکە دەیگێڕمەوە.

لە دێڕەکانی (حەڤدەم، هەژدەم، نۆزدەم) باسی لەوە کردووە هەموو شتە ناخۆشەکان بۆ من حەلاڵن و شتە خۆش و جوانەکانم لێ حەرامە، شادیم کەمو کورت و لە خەمدا هیچ کەمو کورتییەکم نییە، باسی لەوەش کردووە وەك چۆن هەڵۆ دەدات بەسەر باڵندەیەکدا دەیترسێنێت، منیش ئەگەر درۆبێت، یان راست بەهەمانشێوە ترساوم و هەناسەم کورتبووە و کەوتوومەتە دڵەکوتێ.

لە دێڕی (بیستەم، بیست و یەکەم)یشدا وتوویەتی: باشە ئەمە کەی وەختی ئەوە بوو تۆ شیعر دابنێیت و بە نامە بۆ منی بنێریت؟. کەی کاتی ئەوە بوو داوای دەرمانی دەردی خۆتم لێبکەیت؟ خۆ من لە ناو ئازاری خۆمدا گینگڵدەدەم، هەر ئەمدیو ئەودیومە و چاوەڕێی مردن دەکەم. دەپاڕێمەوە تۆ تەدبیرێکم بکەی چونکە جارێ نۆبەی منە بمرم.

دیارە من ئەم پارچە شیعرەم تا رادەیەك بە کورتی مانادایەوە، هەر لە سەرەتاشەوە وتم بە شێوەیەکی گشتی تێگەیشتنی ئاسانە. بەڵام سەبارەت بە هۆکاری پشت نووسینی بۆچوونی بە شێوەیەکی تایبەتی خۆم بەمشێوەی خوارەوە دەردەبڕم.

١- شاعیر نیگەرانییەکی لە هاوڕێکەی هەبووە، بەوەی دەبوایە پێشتر لێی بپرسیایەتەوە، بەڵام بەرامبەری بێباکبووە و هەرگیز چاوەڕێی ئەو بێباکییەی لێی نەکردووە.

٢- لە کاتی گەیشتنی نامە شیعرییەکەی (خاڵۆی کۆماسی)، شاعیر لە بارێکی دەروونی و جەستەیی زۆر خراپدا بووە، ئەگەری لە دەستدانی کەسێکی نزیکیشی لە ئارادایە. ئەوەش بە نامەکەوە دیارە کە خەڵکانی دەوروبەری، باسی ساردی ناوبراویان لای (مەولەوی) کردووە و جۆرە زمان لێدانێك لای ئەوانە بەرامبەر (خاڵۆی کۆماسی) بە شیعرەکەوە دیارە.

٣- کەسێك هەیە کە نە بەناو و نە بەئاماژە لە ناو شیعرەکەدا دەرنەکەوتووە کێیە، مەولەوی بە ئاشکرا باسی لەوە کردووە، سەرەڕای ئەوەی دڵسۆزییەکی زۆری بۆ (خاڵۆی کۆماسی) هەبووە، کەچی بەرامبەر ئە کەسە هاوڕێکەی دڵسۆزتر و بە ئەمەکتربووە، ئەمەشی بە بەدبەختی خۆی لە قەڵەمداوە و ئاواتی خواستووە بەرد بە باڵای بەختی ببارێت.

٤- شاعیر بە ئاشکرا باسی پێچەوانەبوونەوەی شتەکانی کردووە بەوەی ماڵی خەڵکان ئاوەدان و هێنی ئەم وێرانەیە، خەڵك بە کامی خۆیان لە ناو خۆشی و شیرینییەکانی ژیاندان، کەچی ئەو خۆشییانە بە لای ئەمەوە نین و تەنیا چێژی تاڵی دەکات، بە شێوەیەك هەموو ناخۆشییەکانی ژیان بۆی حەڵاڵبوون خەم و ئازارەکانی تەواون.

٥- لە دێڕی (١٩) دوو دەستەواژەی خستووەتەڕوو کە (هەڵۆ زەدە و هەوەسیاگە)ن، ئەمانە دوو دەستەواژەن کە لە ناو قسەی ڕۆژانەی خەڵکدا بەکاردێن و لێرەدا مەولەوی ناوێتەی ئەم دێڕەی کردوون، سەبارەت بە (هەڵۆزەدە) مەبەست لەو باڵندەیە هەڵۆ دەدات بەسەریدا، بە شێوەیەك لە شێوەکان بریندارییەکات، بەڵام دەرفەتی دەربازبوونی بۆ دەڕەخسێت و لە ئەنجامدا هەرچۆنێك بووە لە دەستی ڕزگارییەدەبێت. پاش ئەوە ئیتر هەمیشە لە ترس و نائارامیدا دەژی، سەبارەت بە (هەوەسیاگە)ش، ئەوەیە کەسێك لە پڕ تووشی ڕووداوێك دەبێت، یان دەکەوێتە دۆخێکەوە پێشتر چاوەڕێینەکردووە، ئیتر تووشی هەناسەگورتی و دڵە کوتێ و ڕەنگ بزرنکاندن دەبێت و تا ماوەیەك ناکەوێتەوە دۆخی ئاسایی پێشتری.

شاعیر ئەم دوو دەسەواژەی بۆ دۆخی ژیانی خۆی لەو کاتەدا بەکارهێناوە، من پێموایە نامەکەی (خاڵۆی کۆماسی) لە کاتێکی زۆر نەگونجاوی دۆخی جەستەیی و دەروونی (مەولەوی) گەیشتووەتە دەستی تازە بە تازە کارەساتێکی قورس تووشی هاتووە، بە شێوەیەك لە ژێر ئازارەکانیدا گینگڵێیداوە، بە تەواوی لە ژیان بێزاریکردووە و هیوای بە مەرگی خۆی خواستووە.

نموونەی دەیەم:

١- ئەوباوەی خەیاڵ (مەحروم) دانا

ڕەدیفی لە تیف زەریفی خانا

٢- یاوا وە دیدەی کەم بینام ساوا

جە ئەو بینایی پەی دیدەم یاوا

٣- پەیڕەوی خانات یاد ئاوەردەبێ

ئەو ئەسڵ و ویت فەرع جەساو گەردەبێ

٤- لاکین زادەی طبع بۆ عەنبەرینت

دەس ڕێسەکەی فیکر بیکری شیرینت

٥- پەسەندیدەی فام عەقڵی دانا بێ
خاستەر جە خەیاڵ خاسەی (خانا) بێ

٦- زیادە بەی فەرع بەسەر ئەسڵەدا
خاسەی واتەی تۆن جەی سەر ئەسڵەدا[٥]

وەك لە دیوانەکەیدا هاتووە (مەولەوی) ئەم پارچە شیعرەی لە نامەیەکیدا بۆ شاعیر (میرزا عەبدوڵای پاوەیی) ناردووە وەك وەڵام بۆ نامەیەکی ئەو، وەك باسکراوە نازناوی شیعری (مەحرووم[٦]) بووە، نامەکەی (مەحرووم) جۆرە بەربەرەکانێیەك بووە بۆ شیعرێکی (خانای قوبادی) کە تیایدا هاتووە:

بەرقی سەیفی ناز ئەبرۆی خەمینان
عەکسی ماوی خاڵ خۆرشید جەمینان
ئەر بگنۆ وە کۆی قوڵـــەی هەزاڵە
مەکەرۆش وە بووڵ سفتەی صەد ساڵە

(میرزا عەبدوڵای پاوەیی- مەحرووم)یش بەم چوار دێڕە بەربەرەکانێی شیعرەکەی (خانای قوبادی) کردووە:

---

[٥] - (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- لاپەڕە (٤٨٨، ٤٨٩).

[٦] - لە دیوانی خانای قوبادی- کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی (کاروان عوسمان- ڕێبین)، دوو دێڕی تر شیعر بە ناوی (مەحرووم) بڵاوکراونەتەوە، بەمشێوەیە:

زەردی زریزەی بازو خڕخاڵان          پەشێوی شێوەی پەشێو دەسماڵان
ئەر بگنۆ وە ئەجد قوڵەی پەڕ خەتەر          مە کەرۆش وە تۆز باد بەردەی سەحەر

بڕوانە (دیوانی خانای قوبادی)- کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی (کاروان عوسمان خەیات- ڕێبین)- چاپی یەکەم- لاپەڕە (٤٢٠)- ٢٠١٦.

دیارە وشەی (بازو) لە فەرهەنگدا تەنیا بە مانای (ئەو شتە بێنە) هاتووە و مانایەکی تری نییە، بۆیە من دەڵێم: ئەوە (بازوو)ە، ئەوەك (بازوو)، هەمووشمان دەزانین خڕخاڵ دەگرێتە بازوو.
بڕوانە: (هەژار)- هەنبانە بۆرینە- چاپی شەشەم لاپەڕە (١٠٢٧)- سروش – تهران.

بـــەرقی برقـــەی نـــاز عێشـــوە فرۆشـــان
چــەخماخەی لەنجــەی تــەلاّ نەگۆشـــان
بزیـســکەی نیگـــای دیـــدە شـــاباَزان
بریقـــەی غـــەمزەی شـــەگەرین رازان
ئـەر بگنۆ وە سـەنگ جـای تەجـەلای نـور
مەکەرۆش وە گەرد چون سورمەی کۆی طور
مەعـدووم راس (خانـا) سۆزان عەشـق بـی
کەی وێنەی (مەحروم) عەشقش مەشق بی

بۆ ئەوەی خوێنەر لە سەرچاوەی وەرگرتنی دوو دێڕەکەی (خانای قوبادی) هەروەها چوار دێڕەکـەی (مـەحرووم) ئاگاداربێت، پێویستە بڵـێم هـەر شـەش دێڕەکـە لـە پەراوێزی ژمارە (٤٤٨)ی دیوانی مەولەوی، چاپەکەی (انتشارات کردستان) وەرگیراون. من لێرەدا مانادانـەوە بـۆ شیعرەکانی (خانـای قوبادی و مـەحرووم) ناکەم، چونکە کتێبەکە تایبەتە بە مانادانەوە و راڤەکردنی شیعرەکانی (مەولەوی).
بۆیـە دێمـە سـەر مانادانـەوە و راڤـەکردنی شـیعرەکانی (مەولـەوی)، هـەروەك لـە شیعرەکاندا دەرکەوتووە، شاعیر ئەم شەش دێڕەی لە سەردەمی چاوکزی و نزیکبوونی لە دەستدانی بیناییەوە هۆنیوەتەوە.
لە دێڕەکانی: (یەکەم، دووەم، سێیەم)دا وتوویەتی: شیعرەکانی بەرهـەمی ئەندێشەی (مـەحرووم)ی دانـا کـە هاوچەشـن و هاوشـێوەی (خانا)یـە لـە جوانی ناسکی شیعرەکانیدا، بەدەستم گەیشتن، سویمن بە سەر چاوە کزو کوێرەکەمدا، ئیتر لە نوێ بینـایی بـۆ چـاوەکانم گەڕایـەوە، بـە لای خۆتـەوە لـە هۆنینـەوەی شـیعرەکانتدا، پەیڕەوکردنی شێوازی شیعری خانات بەیاد هێنابووەوە، ئەوت بە بنچینە و خۆت بە (لق) لە قەڵەمدابوو.

بۆ زیاتر وردبوونەوە بە مانادانەوەی ئەم سێ دێڕەدا دەڵێم: بە ناوەڕۆکی دێڕەکاندا دەرکەوتووە (مەولەوی) ناوبراوی زۆرباش ناسیوە و ئاگاداری شیعرەکانی بووە، ئەگەرچی (خانای قوبادی) شاعیرێکی زۆر بەرز بووە بە لایەوە و شێواز و زمانی شیعرییان زۆر لە یەکەوە نزیکن. لە گەڵ ئەوەشدا (مەحرووم)ی گەیاندووەتە ڕیزی ئەو لە سەلیقە و توانای شیعریدا. هاوکات خۆشەویستییەکی زۆری بۆ (مەحرووم) هەبووە، چونکە باسی لەوە کردووە ئەوەندە گەیشتنی نامە شیعرییەکەی ئەوی بەلاوە خۆشبووە، سوێیەتی بە نێوچاوانیدا و بینایی بۆ چاوە کز و کوێرەکانی گەڕاوەتەوە، دیارە ئەمە کرۆکی ئەدەبی مەولەوییە کە هەمیشە ڕێزێکی زۆری بۆ هاوڕێیان و دۆستانی هەبووە، بە بایەخیشەوە سەیری نامەکانیانی کردووە و وەڵامیداونەتەوە.

باسی ئەوەشی کردووە تۆ بە لای خۆتەوە ئەوە بە یادتدا هاتووە لە هۆنینەوەی شیعرەکەتدا پەیڕەوی شێواز و ناوەڕۆکی شیعری (خانای قوبادی)ت کردووە، بۆ ئەو مەبەستە ئەوت بە بنچینە و خۆت بە لق داناوە، ئەم جۆرە دەربڕینانە هەمیشە لە زمان و سەلیقەی شیعری مەولەویدا بەرچاو دەکەون. هەموومان دەزانین بنچینە هەتاکو پتە و جێگیر و باش بێت (لق)یش بەهامان شێوە دەبێت، بۆ نموونە دارێک ئەگەر ڕەگ و ڕیشە و قەد و لقە سەرەکییەکەی ساخ و بەهێزبن، ئەوە بە دڵنیاییەوە لقەکانیشی تەواو پەخش و بەلگەشان و بەهێز دەبن، بۆیە لێرەشدا شاعیر ئەوەی دەرخستووە گوایا (مەحرووم) ئەوەی بە یادی خۆیدا هێناوە، خۆی (لقە) و بنچینەکەی لای (خانای قوبادی)یە.

لە هەردوو دێڕی (چوارەم، پێنجەم)دا وتوویەتی: بەڵام ئەوەی لە دایکبووی قسەو هەناسەی بۆنخۆش و عەنبەرینی تۆیە (مەبەست شیعرەکانیەتی)، ئەوشیعرانەی دەستڕێسی بیری (بکر- دەستبۆنەبراو) و شیرینتە، بەلای کەسانی داناو ژیرەوە پەسەندن و لە ئەندێشەی تایبەتی خانا باشتربوون.

بۆ زیاتر وەستان لەسەر مانادانەوەی ئەم دوو دێڕە شیعرە، پێویستە قسەیەک لە (دەستڕێس، بکر)بکەم، دیارە دەستڕێس لە ناو کوردەواریدا زیاتر بۆ ئەوشتانە

بەکاردەهێنرێت بەدەست دەرێنسرێن، وەك: (خوری، مەرەز، موو....هتد)، هەتا ڕێسانەکە جوان و ساف و ناسکبێت، ئەوە ئەو شتەی لێی بەرهەمدەهێنرێت باش و بایەخدارە، سەبارەت بە (بکر)یش بە مانای دەستلێنەدراو دێت، دەبینین لێرەدا (مەولەوی) دەسرێسی بۆ (هیکر- بیر) بەکارهێناوە، هەر زۆر بە جوانی ئەوەی دەرخستووە شیعرەکەی (مەحرووم) ئەوەندە بە بیری وردەوە هۆنراوەتەوە، بە جۆرێك پێشتر کەسی تر بۆی نەچووە و دەستی بۆ نەبردووە، هەروەها بە زمانێکی شیرین دایڕشتووە، ئەو جۆرە هۆنینەوە و دەربڕینە بە لای کەسانی ژیر و داناوە تەواو پەسەندە و باشتر لە ئەندێشەی خانا لە شیعرەکەدا باسەکەی خستووەتەڕوو.

لە دێڕی (شەشەم) کە کۆتا دێڕی شیعرەکەیە شاعیر وتوویەتی: زیادە بۆ لق بە سەر بنچینە، تەنیا وتنی چاکی تۆیە و بۆ تۆ مەیسەربووە لەم سەردەمەدا.

لەم دێڕەدا شاعیر بۆ بابەتی (ئەسڵ- بنچینە) و (لق) گەڕاوەتەوە. هەموومان دەزانین وەك شتێکی سەلێنراو هەمیشە (بنچینە) سەرچاوەیە بۆ (لق)، ڕەگ و قەدی سەرەکی دار دەبن بە بنچینە بۆی، هەموو تەلار و باڵاخانەکان بەسەر بنچینەکەیانەوە وەستاون، (بیر و فەلسەفە و زانست و......هتد، لە بنچینەکەیانەوە سەرچاوەدەگرن و لەوێوە پەل و پۆ دەهاون بۆ ناو ژیان، کەواتە بنچینە هەمیشە کاریگەرترە لە لق، بەڵام لەم دێڕەدا شاعیر بە (مەحروومی) وتووە: شیعرەکەت کە تیایدا خۆت بە فەرع و ئەوت بە بنچینە باسکردووە، بەڵام لق بەسەر بنچینەدا زیادی و باڵادەستی هەیە، ئەمەش لە چاکی واتە و بە مانایی دەربڕینەکانتەوەیە، لەم سەردەمەشدا کە بە (فەسڵ- وەرز) ناویبردووە، تەنیا تۆ کارێکی لەم چەشنەت کردووە. لێرەوە ئیتر بە تەواوی دڵنیادەبین شیعرەکەی (مەحروومی) بەلای (مەولەوی)یەوە، بەماناتر و جوانتر، هەروەها سەرکەوتووتر بووە.

بۆ کۆتایهێنان بە لێکدانەوەی ئەم پارچە شیعرە دەڵێم: ئاشکرایە لە (پەندی پێشینانی کوردی) خۆماندا تەنانەت مرۆڤەکانیش بۆ بنچینە و ڕەگی خۆیان دەگەڕێنرێنەوە، چونکە وتراوە:

(گیواو سەرو بنجۆ وێشۆ مڕسۆوە- گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە[53])

تموونەی پانزەم:

١- هەی نیظام نە زام نامەت تۆ لابەرد
ئای ئای سزاش داو قیامەتش کەرد
٢- چەنی کزەی گەرم زایەڵەی موشکڵ
اظهار کەردەبێت پەرێ ئامای دڵ
٣- زۆر ئاوەردەن پێش ئاسۆری زامان
گۆیا جەلای تۆ وە لای من ئامان
٤- مزانو هەر کەس جە عیرفان کەیلەن
هەر جنسێ چەنی جنسی وێش مەیلەن
٥- بێ دەر ئەو بێ دەرد، خەجڵ ئەو خەجڵ
گیان ئارەزووش گیان، دڵ تەمەناش دڵ
٦- ئەدیەنم وە جەم ئاگاهیم نیەن
دڵەکەی منیچ خەیلێ بەرشیەن
٧- ئەو نە ئاخ و داخ، ئێد هەناسەی سەرد
ئەو ئالودەی خەم، ئێد خەریکی دەرد
٨- ئەو هوناو وەتاو، ئێد ئەسرین چون سەیل
ئەو نە واوەیلا، ئێد کۆ لەیل، کۆ لەیل
٩- ملاقاتشان کەو جە کام هەردەن
کام وێرانەشان ئاوەدان کەردەن[54]

---

[53] - (جەمال حەبیبوڵا فەرەج - بێدار)- هۆرامان و هۆرامی و واتۆ وەڵێنا- بەرگی سێیەم- چاپی یەکەم- لاپەڕە (٩٦).

[54] - (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- لاپەڕە ( ٥٧٨، ٥٧٩)- انشارات کردستان.

وەك لە دیوانەکەیدا هاتووە، مەولەوی ئەم پارچە شیعرەی لە وەڵامی (مەلا نیزام) ناوێکی هاوڕێیدا نووسیوە کە ئەم سێ دێڕە شیعرەی لای خوارەوەی بۆ ناردووە:

*- دڵــەی دێوانــەم هیمــەتش واســتەن
ئامــان، هــا ئامــان تــەن وە جــا ئاســتەن
چــون کەفتــەکاران دڵ ئــەو شوێنی تــۆن
بــەن وە تــای رشــتەی وێ وە هــون تــۆن
تــەن چــون سیاســەنگ نــە هەوارانــەن
پــا شکســتەی دەرد دمــای یارانــەن

بەر لەوەی بچمە سەر ماناداتەوەی شیعرەکانی مەولەوی، باس لەوە دەکەم ئەم (مەلا نیزام) ناوە لەم سێ دێڕە شیعرەیدا خۆشەویستییەکی لە رادەبەدەری بۆ شاعیر دەربڕیوە، باسی لەوە کردووە دڵی دێوانەی بەجێیهێشتووە و ماڵئاوایی لێی کردووە، وەك داماوان و کەوتەکاران کەوتووەتە شوێنی مەولەوی، جەستەی وەك بەردی رەشەوبووی ئاگردانی هەواری کۆچەرییەکان رەشبووەتەوە و لە دوای یارانی قاچی شکاوە و کەنەفت کەوتووە.

ئێستاش دێمە سەر ماناداتەوەی شیعرەکانی (مەولەوی) بەمشێوەی خوارەوە:
لە دێڕەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم)دا شاعیر وتوویەتی: (ئەی نیزام نامەکەت زامەکەمی کولاندەوە و پەترۆکەی سەری هەڵکەند، ئای چەندە سزایدا و قیامەتی بۆم بەرپاکرد، لە کزەی گەرمی ئاشکراکردنی کێشەکەت بە هاتنی دڵت، چونکە ئاسۆری و سەختی برینەکانت زۆریان بۆ هێناوە و ئیتر لە لای تۆوە بۆ لای من هاتووە.
بۆ زیاتر ماناداتەوەی ئەم پارچە شیعرە، دەڵێم، هەموومان دەزانین ئێشی زام چەندە سەختە و چۆن مرۆڤ بێتاقەتدەکات و هەندێکجار هێزی لەبەردەبڕێت، بەڵام کاتێك بەرەو چاکبوونەوە دەڕوات و (قەتماغە -پەترۆ) دەبەستێت، ئیتر ئێش و ئازاری زامدارەکە کەمدەبێتەوە و رۆژ لە دوای رۆژ هیوای بە چاکبوونەوەی زیاتردەبێت،

بەڵام کولانەوە و لاچوونی (قەتماغەکەی) جارێکی تر بە نێش و ئازارێکی سەختی دەسپێرێتەوە، کە لە ئازاری سەرەتای برینداریەکەی قورستر و توندترە، (مەولەوی) لە شیعرەکەیدا ئەوەی خستووەتەڕوو ئەگەرچی ئەو بەدەست زامی قەتماغەبەستووی دووری (مەلا نیزام)ەوە بێتاقەتبووە، بەڵام نامەکەی جارێکی تر برینەکەی کولاندووەتەوە و قەتماغەکەی لابردووە، هەر بۆیە سزایەکی وەها بووە بۆی هەر وەك ئەوەی قیامەتی بۆ بەرپاکردبێت. هەروەها وتوویەتی: لەگەڵ دەنگدانەوەی گەورە و کاریگەری زۆری باسکردنی کێشەکەی لە نامەکەیدا، گوایا لە ئەنجامی ئاسۆری زامەکانییەوە دڵی ئەوی بەجێهێشتووە و بۆ لای (مەولەوی) هاتووە.
ئەم دەربڕینەی شاعیر وەڵامێکی دۆستانەی پڕ لە خۆشەویستییە بۆ هاوڕێکەی، چونکە (مەلا نیزام) لە نامەکەیدا باسی بێتاقەتی و ئانارامی خۆی بۆ مەولەوی کردووە، تا ئەو رادەیەی دڵی کەوتووەتە شوێن خۆشەویستی (مەولەوی) و بە تاڵە بەنی خوێناوی بە خۆشەویستی پێوەی بەستراوە، زامی دووری لە شاعیرەوە زۆری بۆ هێناوە و ئیتر دڵی ئەوی بەجێهیچشتووە و بۆ لای (مەلەوی) هاتووە.
لە دێڕەکانی (چوارەم، پێنجەم، شەشەم)دا مەولەوی وتوویەتی: ئەو کەسەی تێگەیشتنی بێت، باش ئەوە دەزانێت، هەموو خەڵکان ئارەزووی هاولف و هاوچەشنی خۆیان دەکەن، بێدەرد لە گەڵ بێدەرد و داماو لە گەڵ داماو. هەروەها گیان ئارەزووی گیان و دڵیش ئارەزووی دڵ دەکات، من بەچاو دڵتم نەمدیوە و ئاگام لێی نییە، چونکە دڵەکەی منیش ماوەیەکە دەرچووە و بەلامەمەوە نییە. بۆ زیاتر وردبوونەوە لە مانای ئەم سێ دێڕە وا جارێکی تر بۆ لای زمانی شیعر و دەربڕینەکانی دەگەڕێمەوە، هەموومان باش دەزانین، دڵ بۆ بەردەوامی ژیان چەندە پێویستە خۆ وەستانی بۆ چەند چرکەیەك ئیتر کۆتایی بە ژیان دەهێنێت و شتێك بە مانای زیندوویی مرۆڤ لەم ژیانەدا ناهێڵێت، بەڵام ئەوەتا دڵی مەلا نیزام بە تاڵە بەنی خوێناوییەوە بۆ لای مەولەوی کۆچیکردووە، کەچی هەر زیندووە، (مەولەوی)یش لەم سێ دێڕەدا وەڵامیداوەتەوە و ئەوەی بۆ خستووەتەڕوو، ئەو کۆچکردنی دڵە لەوەوەیە هەر مرۆڤێك ئارەزووی هاوچەشنی خۆی دەکات، خۆشەویستی لای مرۆڤ بەرامبەرە،

پێویستە ئەوەی لە دونیا تێگەیشتبێت ئەمە بزانێت، بێدەرد و دەردەدار و داماو هەر یەکەو ئارەزووی بەرامبەرەکەی خۆی دەکات، بەو مانایە ئەوەی کە وەکو خۆیەتی لە ئێش و ئازار و خۆشی و ناخۆشییەکەی دەزانێت، هەروەها باسی ئەوەی کردووە و وتوویەتی؛ خۆ من دڵی تۆم نەدیوە، چونکە ماوەیەکە دڵی منیش لە لام دەرچووە. مەبەستی مەولەوی لەم دەربڕینەی ئەوەیە ئەمیش هاوشێوەی (مەلا نیزام) بە دووری ئەوەوە ئازاردەکێشێت و ئەوەتا بەشێوەیەکە دڵی بەلایەوە نەماوە. ئەم بارکردن و کۆچکردنی دڵە هەم لای مەلا نیزام و هەم لای مەولەوی، کۆچکردنێکی مادی نییە، چونکە لە واقعدا کۆچێکی لەو جۆرە نەبووە و بەلای هیچکامیان رووینەداوە، بەڵام دەرخستنی خۆشەویستی و ڕێزی بەرامبەرە بۆ یەکتری، مەولەوی لێرەدا دەربڕینەکانی خۆی سەلماندووە، بەوەی هاوشێوە و هاوچەشنەکان هەمیشە تامەزرۆی یەکترن و خۆشەویستییان بۆ یەکتری وەك یەك وایە.

لە دێڕەکانی؛ (حەوتەم، هەشتەم، نۆیەم)دا شاعیر وتوویەتی؛ ئەو بە مانا دڵی (مەلا نیزام) لە ناو ئاخ و داخ ، ئەم بە مانا دڵی مەولەوی هەناسەی سەرد، ئەو لەگەڵ خەمدا ئالوودە و ئەم خەریکی دەردە، ئەو بەتاو و تین خوێناوی لێدەچێت، ئەم لافاوی خوێن دەڕژێنێت، ئەو لە هاوار کردن و واوەیلا و ئەمیش هەی هاواریەتی کوا لەیل، کوا لەیل چی بەسەرهات ئاخۆ بەیەکگەیشتنیان لە کام هەرد و هەڵەتدا بێت و چە وێرانەیەکیان ئاوەدانکردبێتەوە.

بۆ زیاتر ماناداندنەوەی ئەم سێ دێڕە شیعرە پێویستە باس لەوە بکەم، (مەلەوی) بەراوردی لە ناو ئازەرەکانی دڵی (مەلا نیزام) و دڵی خۆیدا کردووە، بەراوردەکە لە رووی لێکچوونی تەواوەوەیە، ئەوەك جیاوازی لە نێوانیاندا و هەردوو ئازارەکەی بە یەك چواندووە، ئەوەی دەرخستووە هەردووکیان وەکو یەك بە دەست ئێش و ئازاری دووری لە یەکترەوە دەناڵێن، دەبێت ئەو دوورییە لە یەکتری هەردوو دڵەکەی بەرە و کام هەردە و هەڵەت بردبێت و کام وێرانەیان ئاوەدانکردبێتەوە؟؟ ئاشکرایە دوا دێڕی ئەم پارچە شیعرە پرسیارە تیایدا مەولەوی ئەوەی خستووەتەڕوو ئایا هیچ کام لەو دڵانە بەرەو خۆشەویستتیەکی تر ڕۆیشتوون کە مەولەوی بە ئاوەدانکردنەوەی

وێرانە ناویهێناوە، ئەمەش گەورەیی خۆشەویستی بۆ هەموو کەسێك دەسەلمێنێ، چونکە هەردوو شێوازەکەی خۆشەویستی پاك دەتوانن وێرانە بکەن بە ئاوەدانی، دیارە کاتێك دوو خۆشەویست لە دڵەوە و بەراستی یەکتر ینیان خۆشبێت، ئەوە ماڵی دڵی هەردووکیان پۆشتە و ئاوەدانە، بە پێچەوانەشەوە وێرانە بەرهەمدەهێنێت، بە هەمانشێوە خۆشەویستی (راستی- خودایی) و خۆ تەرخانکردن بۆ بەدەستهێنانی ئەو خۆشەویستییە ماڵی ئەو دڵانە کە پێش بەدەستهێنانی وەك وێرانە وان پۆشتە و ئاوەداندەکاتەوە.

لێرەدا پیمباشە قسەیەك لە (وێرانە) لە دیدی عیرفانییەوە بکەم، گەورە عاریفان پێیانوایە وێرانە بە مانای (فەنابوونی خود)ە، دەبێت هیچ خەصڵەت و توانایەك بە خۆت و خەڵکانی تریش نەدەیت، چونکە لە دیدی ئەوانەوە هەموو کردار و خەصڵەتەکان سەرچاوەیان پەروەردگارە و تەنیا ئەو چەقی هەموو شتەکانە. لەم بوارەدا (شێخ مەحموودی شەبستەری) فەرموویەتی:

خراباتی شـدن از خـود رهائیست

خودی کفر است اگر خود پارسائیست[55]

بۆ کۆتاییهێنان بە قسەکردن سەبارەت بەم پارچە شیعرە دەڵێم: ئەم شیعرە ئەگەرچی بە دەربڕینە جوانییەکانی مەولەوی و زمانی شیعری قوڵپدەدات، بەڵام یەکێکە لە شیعرەکانی کە گرێ وگۆڵ و ئاڵۆزی تێدا نییە و بۆ تێگەیشتن زۆر ئاسانە.

نموونەی دوانزەم:

١- هەوای (سەر ساران) وە خصوص وەتەن بۆ

ئەرچی سەفای رۆح، راحەتی تەن بۆ

٢- بەڵام دووری تۆ یەند زۆر ئاوەردەن

دەردێ وە دەرون هام دوردان بەردەن

---

[55] - (محمد لاهیجی گیلانی)- شرح گلشن راز- چاپ اول- لاپەڕە (٦٢٠)- چاپ مهارت.

٢- وە هەرجا تەشریف تۆ ئەرزانیەن

هەر دیدە پەی تۆ (هەزار کانیەن)[٥٦]

وەك لە دیوانی شیعرەکانیدا هاتووە (مەولەوی) ئەم شیعرەی بۆ (شێخ حسێنی هەزارکانیانی) نووسیوە، سەبارەت بە نیوەدێڕی (١) لە دێڕ یەکەم جیاوازی لە دەستنووس و کەشکۆڵەکاندا هەیە چونکە بەمشێوەیەش هاتووە:

(هەرچەندە سارالْ خصوص وەتەن بۆ[٥٧])

جیاوازییەکە بە شێوەیەك نییە مانای شیعرەکە بە شێوەیەکی گشتی بگۆڕێت و من پێشتریش سەبارەت بەم جۆرە جیاوازییە قسەمکردووە کە لە شیعری مەولەوی و شاعیرانی تریشدا هەن و لێرەدا بەو باسەدا ناچمەوە، پێمباشە مانای هەر سێ دێڕەکە بەسەر یەکەوە بدەمەوە چونکە هەموویان یەکەیەکی بابەتیان دروستکردووە.

دیارە شیعرەکە بۆ زاتێکی دیارو بەناوبانگ نووسراوە و تیایدا (مەولەوی) باسی ئەوەی کردووە ئەگەرچی هەوای (سەرساران) کە مەبەستی ناوچەی ژیان و گوزەرانی (شێخ حسێن) بووە، دیمەنی جوان و کەشو هەواکەی خۆشە و ژیان تیایدا بۆ مرۆڤ مایەی ئارامی رۆح و ئیسراحەتی جەستەیە، بەڵام نەبوومتە هۆی ئەوەی تۆ لە یارانتەوە دووربیت، ئەگەرچی لە راستییدا ئەو دوورییە بە رادەیەك کاریگەرە زۆری بۆمان هێناوە و دەردی خستووەتە دەروونمانەوە، بەڵام تەشریفت لە هەر کوێ بێت و لە هەر ماوایەك دانیشیت، یاران چاویان لەو ماوایەیە و هێندەی هەزار کانی فرمێسکی شادمانی دەڕێژن، دیارە لە نیوە دێڕی دووەمی کۆتا دێڕی شیعرەکەدا، (مەولەوی) وتوویەتی: (هەر چاوێك پێ تۆ هەزار کانییەن)، ئەم نیوە دێڕە دەگرێت بە دوو مانای بخوێنرێتەوە، بەڵام هەردوو ماناکە گەورەیی پایەی (شێخ حسێن) دەردەخەن لە دڵی شاعیر و یارانی تریشدا، خوێندنەوەکان بەمشێوەی خوارەوەن:

١- دەگرێت مەبەستی شاعیر هەر ئە مانایە بێت لە چەند دێڕی پێشتردا دامانەوە، بەوەی چاوانی هەر یارێکت هێندەی هەزار کانی فرمێسکی خۆشیت بۆ دەڕێژن.

---

٥٦ - (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- لاپەڕە ( ٥٨٢).

٥٧ - (ئەبو ئەلوەفا موعتەمیدی کوردستانی)- دیوانی مولوی کرد- دەستنووس.

٢- هاوکات دەتوانرێت بەو مانایە بخوێنرێتەوە دیدەی هەر یارێکت بۆ تۆ وەك (هەزارکانی) وایە، ئاشکرایە گوندەکەی (شێخ حسێن) ناوی (هەزار کانیان)بووە. لێرەدا بە باشی دەزانم باس لەوە بکەم لە هەردەی (گەرمیان)یشدا لە سنووری ناحیەی (تیلەکۆ) سەر بە قەزای کەلار، دێیەك بە ناو (هەزار کانی) هەیە.

نموونەی سیانزەم:

١- من کە دڵ دایم نە واوەیلمەن
غەرقی موتالای خاڵی لەیلمەن
٢- ج باکی ئانەی تەوەن ئاومەن
شەوقی موتالای رووی کتاومەن [٥٨]

لە دیوانەکەی (مەولەوی) هاتووە، ئەم شیعرە جۆرە رەتدانەوەیەکی رای شاعرێکە بەناوی (مەلا قاسم) کە لە دوو دێڕیدا وتوویەتی:

*- هەرگا من پێکیای پەیکانی لەیل وام
جە بێ مەیلی لەیل وەتەن دوجەیل وام
ج بــاکی بەدی بەدگارانمەن
ج پەروای ئانەی ئەغیارانمەن.[٥٩]

پاش نووسینەوەی دوو دێڕەکەی (مەلا قاسم)، پێویستە بڵێم، ناوبراو (مەلا قاسمی پایگەلانی)یە، کە وەك لە سەرچاوەکاندا هاتووە، ناوی (قاسم کوڕی عەبدولحەقی پایگەلانی)یە، ساڵی (١١٩٧ ك) لە دێی (پایگەن) لە ناوچەی ژاوەرۆ لە دایکبووە، مەلایەکی زاناو شاعیر و هونەرمەندێکی خەتخۆشی سەردەمی خۆی بووە، لە شاری سنە مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە، ساڵی (١٢٥٩ ك) کۆچی دواییکردووە[٦٠].

---

[٥٨]- (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- لاپەڕە ( ٤٤٨).

[٥٩]- هەمان سەرچاوەی پێشوو- پەراوێزی هەمان لاپەڕە.

[٦٠]- (صدیق بۆرەکەیی)- مێژووی ئەدەبی کوردی- بەرگی یەکەم- لاپەڕە (٤٩٢)- چاپخانە- چهر تبریز، شەبوب کوێخا رۆستەم

پێش ئەوەی بچمە سەر مانادانەوەی ئەم دوو دێڕە پێویستە باس لەوە بکەم: (شاعیر) هەندێك شیعری تاکی یەك دێڕی، یان دوو دێڕی هەیە، جۆرێك ئاڵۆزی لە خۆدەگرن و مانادانەوەیان فرە ڕەهەندی هەڵدەگرێت، هەیانن بە جۆرێك لە جۆرەکان دەچنە ناو بابەتی فەلسەفی و هەشیانن وەك عیرفان و شیعری عیرفانی دەردەکەون، لە بابەتی (مەولەوی و عیرفانی یارسان)دا کە بابەتێکی ئەم کتێبەیە لەمبارەوە قسەماکردووە. بە بۆچوونی من ئەم دوو دێڕەش لەو شیعرانەن.

پاش ئەم چەند دێڕە بۆ لای مانادانەوەی شیعرەکان دەگەڕێمەوە.

شاعیر وتوویەتی: من کە هەمیشە لە دڵەوە خەریکی شیوەن و واوەیلام، بە چاو لە ناو خوێندنەوەی بێدەنگ و هێمنی خاڵی (لەیل)دا نغرۆبووم، چە باکێکم بەو توانجانە هەیە لێمدەدرێن، هەرچەند بە جۆرێکن بەرد دەتوێننەوە و کەی ئارەزووی خوێندنەوەی لاپەڕەکانی کتێبم هەیە؟.

بۆ زیاتر وردبوونەوە لە مانادانەوەی ئەم دوو دێڕە شیعرە دەبێت باس لەوە بکەم: شاعیر لەم دێڕانەدا لە ژێر کاریگەرییەکی توندی ڕۆحیدایە، باسی لەوە کردووە ئەو لە دڵەوە بە بەردەوام شین و واوەیلای گەرمیەتی، بە شێوەیەك ئارەزووی ڕوانینی ورد و هێمنانەی خاڵی (لەیل) دەکات کە بە دڵنیاییەوە دەڵێم، لێرەدا مەبەستی پەرەگەیەتی، هیچ تاسەو ئارەزوویەکی خوێندنەوەی لاپەڕەی کتێبی نییە.

دیارە ناوهێنانی کتێب لێرەدا بۆ ئەو مەبەستە هاتووە، مرۆڤ بۆ خوێندنەوەی کتێب هەمیشە پێویستی بە (چاو)ە، بەڵام ئەوەتا شاعیر ئەوەندە بە سەیرکردنی خاڵی لەیلەوە سەرقاڵبووە، بە هیچ شێوەیەك تاسە و ئارەزووی خوێندنەوەی کتێب ناکات.

سەبارەت بە (خاڵ) لای عاریفان هێمایە بۆ یەکانەیی (وەحدەت)، چونکە سەرەتاو کۆتایی هەموو شتەکان بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، لەمبارەوە (شێخ مەحموودی شەبستەری) فەرموویەتی:

**بر ان رخ نقطه خالش بسیط است**

**که اصل و مرکز دور محیط است**[1]

---

[1]- (محمد لاهیجی گیلانی)- شرح گلشن راز- چاپ اول- لاپەڕە (٥٩٢)- چاپ (مهارت).

مانای ئەوەیە ئەو نوختەی خاڵە بنچینە و چەقی هەموو شتەکانی ناو (بازنەی بوون)ە و هیچ دابەشبوونێك لەو خاڵەدا نییە (مەبەست هەقیقەتی رەها-پەروەردگارە).

ئاشکرایە نامە شیعرییەکانی (مەولەوی)، هەر ئەوانەی لە دیوانی شیعرەکانیدا بڵاوکراونەتەوە زۆر لەمانە زیاترن من لێرەدا قسەم لێکردوون و بە پێی تێگەیشتنی خۆم راڤەم بۆیان کردووە، لە هەندێك سەرچاوەدا باس لەوە کراوە گۆی نامە شیعرییەکانی (٩٠) نامەن، بەڵام من پێموایە ئەم ژمارەیە کەمێك زیادەڕەوی تێدایە، هاوکات لە ناوی ئەو کەسانەشدا کە نامەکانیان بۆ چووە هەڵەی بچووك کراون، هەر بۆ نموونە نووسراوە: نامەی ژمارە حەفتا بۆ (خانای قوبادی) نووسیوە[٦٢]، کە سەرەتاکەی بەم دێرە دەستپێکردووە:

**ئەویاوەی خەیاڵ (مەحرووم)ی دانا**

**رەدیفی لە تیف زەریفی (خانا)[٦٣]**

(مەولەوی) ئەم نامەیەی لە وەڵامی نامەیەکی (میرزا عەبدوڵای پاوەیی-مەحرووم)دا نووسیوە، ئەوەك بۆ خانای قوبادی، من لە نموونەی دەیەمی ئەم بابەتەدا بە درێژی قسەم لێیکردووە.

---

[٦٢] - (دارا محەممەد عوسمان)- نامەی شیعری لە شیعرەکانی (مەولەوی)دا- لە بڵاوکراوەکانی دیداری مەولەوی- ٢٠١٠ سلێمانی.

[٦٣] - (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی لاپەڕە (٤٨٨)- انتشارات کردستان- ١٣٨٩.

# مەولەوی و عیرفانی یارسان

MAWLAWI.KRD

# مەولەوی و عیرفانی یارسان

بۆچوونە ناو بابەتەکەوە لەوەوە دەستپێدەکەم کە ئەدەبی یارسان لە زۆربەیدا ئەدەبێکی عیرفانییە، هەموو شەقڵەکانی عیرفان بە شیعرو پەخشانەکانیانەوە دیارن، بەشێوەیەك بنەما سەرەکییەکانی عیرفان لە شیعرەکانیاندا گەیشتوونەتە ئاستی تێزرێژەکردن، ئەوەش لەسەر رۆشنایی هێڵی سەرەکی باوەڕ کە هێڵێکی تەواو عیرفانییە و ناوەرۆکەکەی بەمشێوەیە:

خودای گەورە سەرچاوەی هەموو بوونێکە. (ئاسمان و زەوی، ئاو و هەوا، هەموو زیندەوەرەکان، رووەك و شینایی) لە ناو ئەم گەردوونەدا لە ژێر فەرمانی ئەودان، دونیای لە نووری خۆی و مرۆڤێشی لە رەوانی خۆی و مادە ئافەریدەکردوون، مادەکانیش (خۆڵ و ئاو)ن، هەر لێرەوە بوونی خودا تەنها بوونی راستەقینەیەو هەموو بوونەکانی تریش سێبەری ئەون[1]، مرۆڤ تەنها لە رێی ناسینی پێغەمبەران و پیاوچاکانەوە ناتوانێت عیرفان بەدەستبهێنێت، بەڵکو لەسەری پێویستە بە خوداناسی راستەقینەو ریازەتکێشان بگاتە راستی بوون، پاش تێپەڕبوونی بە سێکوچکەی باوەڕدا کە (شەریعەت و تەریقەت و حەقیقەت)ن، ئەمەش کرۆکی عیرفانی یارسانە، لەمبارەوە (پیرمووسای شامی- مووسا قەڵەمزەڕین) فەرموویەتی:

شەرت شەریعەت تەوقیتی هەقەن
تەریقەت چاوش خەلق خالقەن
هەقیقەت بەرپا شەریعەت لەنگەن
جیهان سەقامگیر بەندەی یەك
رەنگەدماریفەت مۆرەن نە پەردەی سرپۆش
بینای یارەن جامەی تۆ وەنۆش

---

[1]- (ئەیوب رۆستەم) کاریگەری ئاوێستا بەسەر رابەران و پیرانی یارسانەوە- لاپەڕە (٩٧)- لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی (جەمال عیرفان).

واتای ئەم دێرانە بەمشێوەیە: مەرجی شەریعەت سەرخستنی ڕاستییە و (تەریقەت) بۆ ئەوەیە خەڵك بەباشی خودای خۆیان بناسن و گەواهی بوونی بدەن، کە (هەقیقەت) بەرپابوو، شەریعەت لەنگدەبێت و (مەعریفەت) دەبێتە مۆری گەیشتن بە نهێنییە پەردەپۆشەکان، ئیتر ڕەوانی مرۆڤ چیژی خودا دەکات و بە چاوی دەروون کە (بەصیرەت)ی پێدەوترێت دەیبینێت[2].

هەروەها هێڵی سەرەکی باوەڕ لای یارسانەکان دڵنیاییدەدات، مرۆڤ تەنها بە ئەنجامگەیاندنی ئەرکە دینییەکان، خودا ناناسێت، بەڵکو لەسەری پێویستە باش خۆی بناسێت، پاش ناسینی خۆی ئینجا دەتوانێت پەروەردگارەکەی بناسێت، هەروەك لە دێری دووەم- بڕگەی دووەم- بەندی (٥٥)ی کتێبی بارگە بارگەدا هاتووە کە (پیر نازداری شیرازی) فەرموویەتی:

هەرکەس وێش ناسا محەممەد ئاسا

بێ شك ئەو کەسە (مەولا)ج شناسا[3]

دیارە زەردەشتییەکانیش لەم بوارەدا هەمان باوەڕیان هەیە و دەڵێن: (خۆناسین باشترین بەخشندەیی و سەرکەوتنە)، ئەوەتا لە بەندی (٤٣- ی یەسنا)دا هاتووە: (ئەی مەزدا باشترین بەخشندەیی کە خۆناسینە بە ئێمە ببەخشە)[4].

سۆفیگەری ئیسلامیش هەمان ئاکاری هەیە، سۆفی لەسەری پێویستە خۆی بناسێت، بەوەی کە بەندەیە و ئافەریدەگراو، بەرامبەر پەروەردگارەکەی ئەسپاردەی لەسەرە، هەروەها بەرامبەر هەریەك لە: (دایك و باوك و خێزان و منداڵ و دراوسێ و هاووڵاتییەکانیشی)بەرپرسیاریەتی هەیە، بۆیە هەرکەس توانی هەستی چاکە لە خۆیدا پەروەردەبکات و هەستی ناپاکی لە دەروونیدا پاککردەوە، ئەوە خۆی ناسیوە و

---

[2]- هەمان سەرچاوە- لاپەرە (١٠٧).

[3]- سەرەنجام- بارگە بارگە- بەندی (٥٥)- بڕگەی دووەم- دێری دووەم- لاپەڕە (٧٥).

[4]- (رستم شهرزادی)- مووبد- سیری در اموزشهای گاتها- چاپی پێنجەم- لاپەڕە (٤١)- انتشارات فروهر.

ئامادەییشی پەیداکردووە پەروەردگارەکەی بناسێت. ئەوەش لە سەر رۆشنایی (من عرف نفسه فقد عرف ربه[5]).

هەر لە بواری خستنەڕووی چەردەیەک لە عیرفانی یارسان وەک لە ناوونیشانەکەدا هاتووە، پێویستە ئاوڕێکی خێرا لە چەند دێرێک لە شیعرە عیرفانییەکانیان، وەک چۆن لە ناو تێکستە پیرۆزەکاندا هاتوون بدەینەوە. ئاشکرایە سەرەتای عیرفانی یارسان بۆ (دەورەی بالوولی مایی) دەگەڕێتەوە. ئەمانەی خوارەوەش چەند نموونەیەکن لە شیعرە عیرفانییەکانی ناوبراو و چەند کەسێک لە گەورە موریدانی:

*- (بالوولی مایی) وتوویەتی:

دێوانـــەی زایـــر، دێوانـــەی زایـــر
دانـــای یـــارانم، دێوانـــەی زایـــر
زایـــر وە عەبـــەس، کەوتـــەن وە بـــایر
رەجـــەبم نەسیم، لوڕەمەن ئایر[6]

لەم دوو دێرەدا (بالوولی مایی) پێماندەڵێت، بە رواڵەت شێت و دێوانە دێمە پێشچاو، بەڵام من دانای یارەکانم و رابەرایەتییان دەکەم. (رەجەب)م- مەبەستی (باوە رەجەبی لوڕستانی)یە، شنەی شەماڵە بۆ دۆستان و شوێنکەوتوانم (لوڕە)شم- مەبەستی (باوە لوڕەی لورستانی)یە، بۆ دوژمنانم ئاگرە، دیارە لێرەدا (بالوول) بە ئاشکرا دوو توانای پەروەردگاری داونەتە پاڵ خۆی کە بریتین لە: (پاداشت و سزادان)، ئەوەش لە رێی دوو فریشتە لە فریشتەکانی سەردەمی بەرجەستەبوونی رەوانی خودایی لە تەنی ناوبراودا.

[5]- (ئەمین شێخ عەلادین نەقشبەندی)- تەصەووف چیە- لاپەڕە (٧٥)- چاپی یەکەم- ١٩٨٥.

[6]- (ئەیوب رۆستەم)- کاریگەری ئاویستا بە سەر رابەران و پیرانی یارسانەوە- لاپەڕە (٩٣)- لە بلاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بەخشی جەمال عیرفان.

*- (باوە لوڕەی لوڕستانی) وتوویەتی:

ئەو سەراپەردە، ئەو سەراپەردە
جبرەئیلەنان ئەو سەراپەردە
محەممەد بەردم ئەو پشت پەردە
هەولێوەم چەنی بەهلوولم گەردە[7]

مەبەستی (باوە لوڕەی لوڕستانی) لەم دوو دێرەدا ئەوەیە، گوایا (محەممەد)ی بردووەتە پشت پەردەو ئەو پەیامەی پێگەیاندووە کە (بالوول) پێی راسپاردووە، بۆ ئەو مەبەستەش لە سەر پەردەی ئاسمانەوە هاتووەتە خوارێ، ئەو دەمە ئەو (جوبریل) بووە، لێرەدا زۆر بە روونی و بەبێ هیچ پەردەپۆشکردنێك (باوا لوڕە) پێمندەڵێت: لە سەروبەندی دابەزاندنی سروش بۆ پێغەمبەری گەورەی ئیسلام (محەممەد- د.خ)، ئەو لە دۆنی (جوبریل)دا بووە.

*- (باوە رەجەبی لوڕستانی) وتوویەتی:

سا هیا دەستم، ساهیا دەستم
جامێ تەر باوەر، بگێرە دەستم
ئەز جە مەیخانەی، رۆی ئەلەست مەستم
وە مەستی پەیمان، ئابینم بەستم[8]

(باوە رەجەبی لوڕستانی)، لەم دوو دێرەدا ئەوەی خستووەتەڕوو، ئەگەرچی ئەو هەر لە رۆژی ئەلەستەوە مەستە و بە مەستییەوە پەیمانی دینی خۆی بەستووە، بەڵام داواکارە مەیگێڕ بە جامێکی تری مەیەوە دەستیبگرێت. دیارە مەبەستی ناوبراو لە (مەی) لەم دێرانەدا (مەی خودایی) و (مەیگێڕ)یش خودای گەورەیە.

هۆنینەوەی شیعری عیرفانی لای رابەران و پیران و داناپانی یارسان، دوای (بالوولی مایی) لە قۆناغە مێژووییە جیاوەزەکاندا بەردەوامبووە، وەك: (دەورەی باوا

---

[7]- هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەرە.

[8] - (صدیق بۆرەکەیی)- مێژووی وێژەی کوردی- بەرگی یەکەم- لاپەرە (٥٧)- چاپخانە- جهر تبریز.

سەرهەنگی دەودانی، دەورەی شاخۆشینی لوڕستانی- موبارەك شا، دەورەی باوا ناوسی سەرگەتی، دەورەی سان سەهاکی بەرزنجی- دەورەی پەردیوەر، دەورەی شاوەیسقولی قرمزی، دەورەی عالی، دەورەی حەیدەری)، ئەم دەورانەش هەر لە سەدەی چوارەمی کۆچییەوە، هەتا کۆتایی سەدەی سیانزەمی کۆچی بەردەوامبوون. ئەوەتا (دەروێش نەورۆزی سۆرانی) کە یەکێکبووە لە عاریفانی سەدەی سیانزەمی کۆچی وتوویەتی:

بـالوول زاتێـوەن زاتــی یەکاتــە
عامیــان ماچــان بــالوول دێوانــە
کێ دی دێوانــە وەی تــەور دانـا بۆ؟
مەرگەو نە مەیدان گەردوون زانا بۆ[٩]

(دەروێش نەورۆزی سۆرانی) لەم دوو دێرەدا باوەڕی خۆی و هاودینەکانی خستووەتەڕوو، بە ڕاشکاوی باسی لەوە کردووە کە (بالوول) زاتی یەکانەیە، بەلام خەلکانی نەزان بە شێتی دەزانن، هەروەها هەردوو خەسلەتی (زانا و دانا)ی داوەتێ کە هەردووکیان خەسلەتی پەروەردگاری گەورەن.

هەردوو سەدەی حەوتەم و هەشتەمی کۆچی ئەو دوو سەدەیە بوون شیعری عیرفانی یارسان تیایاندا بە لووتکە گەیشتووە، کتێبی پیرۆزی (سەرەنجام) کە شیعرەکانی لەو دوو سەدەیەدا هۆنراونەتەوە، خەرمانێکن لە عیرفان، بەشی یەکەمی (سەرەنجام) کە کتێبی (بارگە بارگە)یە هەمووی شیعری عیرفانییە و باس لە (٧٢) بارگەی خودایی دەکات کە بە پێی باوەڕی یارسانەکان لە سەرانسەری تەمەنی دونیادا دێنەسەر زەوی و بەرهەمی (٧٢) پیردیە، هەروەها کتێبی (گلێم وە کۆڵ) کە بەشی چوارەمی (سەرەنجام)ە سەراپاکی شیعری عیرفانین، باس لە سەفەری ڕەوانی هەریەك لە: (پیر بنیامین، مستەفا دەودانی، پیر مووسا، پیرڕەمزبار، باوا یادگار، شا ئیبراهیمی ئیوەت)

---

[٩] - (ئەیوب ڕۆستەم)- کاریگەری ئاوێستا بەسەر ڕابەران و پیرانی یارسانەوە- لاپەڕە (٩٢)- لە بلاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی جەمال عیرفان.

دەکەن، لە (پەردیوەر)ەوە بۆ ولاتانی یەمەن و میسر لە شێوە و بەرگی جیاجیادا، بە جۆرێك کەسیان ئەوی تریانی نەناسیوەتەوە، (پیر بنیامین- وەك میر حوسێن) لە یەمەن ژیاوە، هەریەك لە، (مستەفا دەودانی- وەك قەرچیل، پیر مووسا وەك کوری میرزای کەشتی، رەمزبار وەك کوری کەشتیوان، باوا یادگار- وەك هەزارێکی سەرنشین، شا ئیبراهیم- وەك میرەی باش بازرگان)، لەناو کەشتییەك لە رووباری (نیل)دا بوون. بە هەمانشێوە بەشەکانی تری کە بریتین لە، (دەورەی هەفتەوانە، دەورەی چلتەن، دەورەی عابدینی جاف، وردە سەرەنجام) چەندین بابەت و دەلالاتی عیرفانیان تێدان.

دیارە لە نووسینەدا بواری ئەوە نییە نموونە لە شیعری عیرفانی هەموو دەورەکان بهێنینەوە و پێویستیش ناکات، چونکە ئەم دێرانەی خرانەروو ئامانجی خۆیان دەپێکن، ئەوانەش مەبەستیانە زیاتر بە شیعری عیرفانی یارسان ئاشنا بن، دەتوانن بفەرموون بۆ سەر خوانی (سەرەنجام) و کتێبە پیرۆزەکانی تری یارسان، هەتا باش لەوە دڵنیابن کە عیرفان لە شیعری کوردیدا لە رێی تێکستەکانی یارسانەوە، هاوتەمەنی عیرفانە لە ناو شیعری عەرەبی و فارسیدا. بەڵام بە باشی دەزانین تەنها نموونەیەك لە کتێبی (دەورەی گڵێم وەکۆڵ) بهێنینەوە کە تیایدا (سەید میر ئەحمەد) سەبارەت بە (داودی دەلیل) وتوویەتی؛

تاوپـــاوە بـــە تـــاو تاوپـــاوە بـــەتاو
شـــام ئینـــا (داود) تاوپـــاوە بـــە تـــاو
چـــا کـــورە و قـــودرەت هـــا بـــیا بـــە ئـــاو
تا سەنگ وە حەجەر تـەخت ماهی وەگاو
عـــازیز بـــێ داود نیـــەمان هـــەناو
رۆشـــنایی و رامـــان داودەن چـــراو
وە بـــێ یـــار داود یـــار نیـــا خـــراو
قەوزەی جەم بێ مهر هیچ جا نیەن باو[1]

---

[1] - سەرەنجام- گڵێم وە کۆڵ- بەندی (٢٠)- لاپەرە (٣٧٥)

لەم سرووددەدا باس لە سەرزەنشتکردنی (داود) کراوە لە لایەن (سان سەهاك)دوە، لەسەر ئەو کارەی کە فایلبووە، شەش کەسەکە پێشتر بە سەفەرکردنی رەوانیان ناماژەماندا، لە تەنی نوێیاندا لە ناو کەشتییەکەی دەریای نیل سەری پێبسپێرن، ئەویش هیچ سەرپێچییەکی فەرمانەکەی نەکردووە و پێیەوە وابەستەبووە، (سەید میر ئەحمەد) وتوویەتی: داود چرای رۆشنکەرەوەی رێمانە و بە بێ ئەو هیچ تواناو تاقەتێکمان نییە، چونکە یاران هەموویان تێکدەچن و روو لە خراپەکاری دەنێن، هەروەها باسی ئەوەی کردووە هەر کۆمەڵێک رێپیشاندەریان نەبێت هیچ بایەخ و رەواجیان نییە.

لە کۆتاییی ئەم دێڕانەشدا دوو نموونە لە شیعرە عیرفانییەکانی (عابدینی جاف) بۆ ئەوانەی لە شیعرە هەورامییەکان تێناگەن دەخەمەڕوو، کە تیایاندا هاتووە:

ا- سەهاك نێژێ شای گەردوونم
دانەی دیدەی ژێر حەیحوونم
ئەو راس نێژێ ئەزیش سوونم
دەتان مژم بە سنوونم
ئەو هەودایەو من مەجنوونم
شێتی ئەوم چاوەڕوونم[١]

ب- دەرهات وەك خودر گریا
چوار فریشتەی وە دی هێنا
زەوی و ئاسمانی سرشت کرد
چتی گوتکی درشت کرد
ئەوسا (مەشیە[٢])ی لە خاك خوڵقان

---

[١] - سەرەنجام- دەورەی عابدین- لاپەرە (٤٩٦).

[٢] - (مەشیە)- مەبەست (باوا ئادەم)ە.

داروبەریشی بۆ لەڤان

(ماشیۆ[13])ی داهێنا لە دمنی

مەشیە لە خۆشیا پێکەنی[14]

ئاشکرایە سێ دێڕەکەی زنجیرەی (ئەلف) بۆ تێگەیشتن زۆر ئاسانن و پێویست بە مانادانەوە و شیکردنەوەیان ناکات، بەڵام پێویستە کەمێک لەسەر نموونەی زنجیرەی (ب) بوەستم، چونکە دێڕەکان هەندێک ئاڵۆزییان بۆ خوێنەر تێدایە و پێدەچێت تێگەیشتن لێی زۆر ئاسان نەبێت.

لەم چوار دێڕەدا (عابدینی جاف) وەک یەکێک لە عارفان و رابەرانی یارسان، هاوکات هۆنەری بەشێک لە بەشەکانی (سەرەنجام) بە ناوی (دەورەی عابدین)، بە شێوەی شیعر باسی فەلسەفەی یارسانەکانی بۆ خولقاندنی جیهان کردووە، ئەم زمانەی ناوبراو شیعرەکانی پێهۆنیوەتەوە لە سەرچاوەکاندا بە (ئەورامانی- جافی) ناوبهاتووە. هەر چوار دێڕەکە بەسەر یەکەوە قسەیان لێوە دەکەم، تیایاندا (عابدین) وتوویەتی: دەرهات وەک خۆر بزیسکەی دەدا، مەبەستی (خاوەندگار- پەروەردگارە) کە بە پێی باوەڕی ئەوان دوڕێکبووە لە ناو دەریا، لە دووڕەکە دەرهاتووە و هەر چوار فریشتەکەی خولقاندووە مەبەست لە: (جوبرائیل، میکائیل، ئیزائیل، ئیسرافیل)، ئینجا زەوی و ئاسمانی درووستکردوون و شتە بچووکەکانی گەورە کردووە، مەبەستی ناوبراو لە گەورەکردنی شتە بچووکەکان ئەوەیە، بە پێی باوەڕی یارسانەکان (خاوەندگار) یەک بەردی هەواداوە بووە بەئاسمان و ئینجا خۆر و مانگ و ئەستێرەکانی خولقاندووە، پاشان (مەشیە- باوکە ئادەم)ی لە خۆڵ و رۆحی خۆی خولقاند و هەموو بوونەوەرەکانی ناو گەردوون لە (دارو بەرد... هتد) هەروەها فریشتەکان سەریان بۆ لەقاندووە، پاشان (مەشیۆ- دایە حەوا)ی لە باڵی ئەو خولقاندووە، ئادەم لە خۆشی خولقاندنی حەوا پێکەنیوە. پێکەنینی ئادەم بەرامبەر

---

[13]- (ماشیۆ)- مەبەست (دایە حەوا)یە.

[14]- سەرەنجام- دەورەی عابدین- برگەی (١٨)- لاپەرە (٥١٠).

خولّاندنی حەوا پێویستی بوونی هەردوو رەگەزی نێر و مێ بۆ بەردەوامی ژیان دەردەخات، هەروەها خۆشی پێکەوەژیان و بایەخی ئەم پێکەوە ژیانە دەسەلمێنێت.

## ئایا مەولەوی سۆفی و عاریف بووە؟

بۆچوونە ناو ئەم باسەوە لێرەدا پێویستە شتێك سەبارەت بە هەردوو چەمکی (سۆفییگەری و عیرفان) بڵێین، بەلام وەك پێناسەی ئەبستراکت نەبێت، چونکە سەدان پێناسە بۆ ئەم چەمکانە کراون، لەو پێناسانەدا سۆفی و عاریفەکان دیدی خۆیان لە بارەیانەوە خستووەتەڕوو، بۆیە ئێمە زۆرمان بەلاوە مەبەستە، وەك واتا لە بارەیانەوە بدوێین، هەتاکو تێگەیشتنیان بە بەلامانەوە ئاسانبێت، بەشێوەیەی خوارەوە:

سۆفیگەری: بریتییە لە پاککردنەوەی دەروون بە چەشنێك کە هەرگیز ناپاکنەبێتەوە، بە خۆبەدەرگرتن لە ئارەزووی (نەفس) و نزیککەوتنەوە لە ئارەزووی (رۆحی)، بنەما سەرەکییەکەی (پاکی) و ئاکامەکەی (دیتن و چەشتن)ە، جگە بۆ مەردی مەیدانی خۆی نەبێت، بۆ کەس ناناسرێت[٥].

عیرفان: وەك چەمك و دیاردە لە رووە گشتییەکەیەوە جیهانییە، تایبەت نییە بە دینێکی دیاریکراو، هەموو دینییەکان هەریەکە و بە پێی لێکدانەوە و تێگەیشتنی خۆیان بۆ گەیشتن بە سەرچاوەی راستی بوون، تیایدا بەشدارن، کرۆکی (عیرفان)یش بریتییە لە بالاکردنی رەوان و سەرەنجام گەیشتن بە (یەکێتی بوون- وحدة الوجود). لە روانگەی عیرفانی ئیسلامییەوە مانای (عیرفان) بینینی هەقە (پەروەرگار)، لەم بوارەدا (مەولانا جەلالەددین) فەرموویەتی: عیرفان گەیشتنە بە هەقیقەت[١٦].

---

[٥] - (ئەمین شێخ عەلائەدین نەقشبەندی)- تەصەووف چیە- لاپەڕە (٨٢ و ٨٨)- دار الحرية للطباعة. بغداد.

[١٦] - (د. قاسم انصاری)- مبانی تصوف و عیرفان- چاپ چهارم- لاپەڕە (١٦)- انتشارات طهوری- تهران.

دێینەسەر ئەوەی بزانین کە ئایا مەولەوی سۆفی و عاریف بووە یان نا؟، بۆ ئەو مەبەستەش تەنیا بەرهەمەکانی لە بەردەستدان، لە ناو بەرهەمەکانیشیدا ئەوەی مەبەستی ئێمەیە شیعرەکانیەتی، ئەوەك سەرجەمی بەرهەمە نووسراوەکانی، هەر هیچ نەبێت تەنها ئەوانەیان کە تا ئێستا بەردەستکەوتوون.

لە بارەی سۆفیبوون، یان سۆفینەبوونی (مەولەوی)یەوە، لە لایەن (نووسەران و لێکۆڵەران)ی کوردەوە بیروراو قسەوباسی جۆراوجۆر هەن، بە دڵنیاییەوە ئەم بابەتە جێی خستنەڕووی ئەو گشت قسەو باسانەی تێدا نابێتەوە، بەڵام لە سەر بنەمای مشتێك لە خەروارێك، لەسەر ئەمانەی خوارەوەیان دەوەستین کە ئەوانەن، یان کتێبی تایبەتیان سەبارەت بە شیعرەکانی ئەم زاتە نووسیوە، یان لە کتێب و نووسینەکانیاندا لەم رووەوە قسەی خۆیان بووە:

١- خوالێخۆشبوو (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس) لە سەرەتای (دیوانی مەولەوی)دا نووسیویەتی:

(سەید عەبدولرەحیمی تاوەگۆزی) زانایەکی بەرزی ئاینی و سۆفیەکی بێگەرد و شاعرێکی بێهاوتا بووە[١٧]، دیارە بەبۆچوونی ناوبراو، (مەولەوی) نەوەك هەر سۆفی، بەڵکو سۆفیيەکی بێگەرد بووە.

٢- خوالێخۆشبوو (ئەمین شێخ عەلائەدین نەقشبەندی) نووسیویەتی: مەولەوی گومانی تیا نییە (صۆفی) مەسلەك بووە، چونکە مورىدی (شێخ عوسمان سەراجەددین) بووە، شیعرەکانی هەرگیز ئەوە ناگەێنن خۆی لە گۆرەپانی (تەصەووف)دا گەپشتبێتە مراز، بەڵکو شیعرەکانی هەمیشە پیشاندەری ئەوەن دەستەوداوێنی مورشیدەکەپەتی کە لوتفی لەگەڵ بکات[١٨].

---

[١٧] - دیوانی مەولەوی- کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و لەسەر نووسینی (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس)- لاپەرە- (٦)، بلاوکەرەوەی کوردستان- سنە- (١٣٧٨).

[١٨] - (ئەمین شێخ عەلائەدین نەقشبەندی)- تەصەووف چیە- لاپەرە (٤٨٩)- دار الحرية للطباعة- بغداد..

٣- خوالێخۆشبوو (عەلائەددینی سەجادی) نووسیویەتی: مەولەوی بادنۆشی خانەی تاوەگۆزی، شەیدا بە نووری یەزدانی پاك، مەفتوون بە سۆزی نالەی دەرویشان، خەرقە پۆشی ئاهەنگی مەینۆشان، سۆزی رایەڵی مەعنەویاتی (شێخ عوسمانی تەوێڵە) راینەکێشێ بۆ لای خۆی، لەوێ ئەبێ بە داوی تەریقەتەوە، یا بە بولبولی تینوو بە عەتری گوڵی سەراجەددین و ئەبێ بە خەلیفەشی[19].

٤- (مامۆستا محەممەدی مەلا کەریم) نووسیویەتی: یەکێتی ئادەمیزاد و سروشت بیرێکی ترە زۆر بەشیعری مەولەوییەوە دیارەکە ئەمەش دیمەنێکی بیری (وحدة الوجود)ە، کە لە ناو سۆفیانا زۆر بەربلاوە و (مەولەوی)ش وەك سۆفییەکی ساف یەکێ بووە لە هەڵگرانی[20].

٥- (د. ئەنوەر قادر جاف) نووسیویەتی: ناتوانرێت باسی مەولەوی و شیعری بە بێ سۆفیزم بکرێت، ئەم موریدی شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامان بووە و توێژاڵێکی سۆفیانە سەرجەمی شیعرە لیریکییەکانی گرتوەتەوە، کۆمەڵێ زاراوە و تەعبیری سۆفییانە و (وەحدەتولوجودیشی) لا بەرچاودەکەوێ[21].

٦- مامۆستا (حەمەکەریم هەورامی) نووسیویەتی: مەولەوی سۆفی کەس نەبووە، شیعرەکانیشی ناچنە خانەی ئەدەبی سۆفییانەوە[22].

٧- مامۆستا (حەکیم مەلا سالح) نووسیویەتی: مەولەوی نەیتوانیوە بێ پرد بپەڕێتەوە و نەیتوانیوە لە تەسەوفدا سەربەخۆیی بەدەستبهێنێت، بە شێوەیەك

---

[19] - (عەلائەددینی سەجادی)- مێژووی ئەدەبی کوردی- چاپی دووەم- لاپەڕە (٢٧٦ و ٢٧٩)- چاپخانەی مەعارف- بەغدا.

[20] - (محەممەدی مەلا کەریم)- مەولەوی ژیان و بەرهەمی- کتێبی میهرەجانی مەولەوی – لاپەڕە (٢١) لە بڵاوکراوەکانی دیداری مەولەوی (٢٠١٠).

[21] - (د. ئەنوەر قادر جاف)- کتێبی میهرەجانی مەولەوی- لاپەڕە (٧٤)- لە بڵاوکراوەکانی (دیداری مەولەوی)- ٢٠١٠.

[22] - (حەمەکەریم هەورامی)- مەولەوی شاعیری ئازار و خەمە- کتێبی دیداری مەولەوی- لاپەڕە (١٢١)- لە بڵاوکراوەکانی دیداری مەولەوی (٢٠١٠)

خۆی تەسلیمی ئەو شێخانە کردوە (مەبەست لە شێخ عوسمان و شێخ محەممەد بەهادین و شێخ حسامەدین)ە، هیچ دەسەلاتێکی بە خۆیەوە نەهێشتووە"[٢٣]. ناوبراو پێیوایە هەموو شیعرە سۆفیگەرییەکانی (مەولەوی) بنەماکەیان فەلسەفەی عیرفانی شەرقییە، تەنها شعرێکی نەبێت، کە سەرەتاکەی بەم دێرە دەستپێدەکات:

(ئەر گرد مەوجودێ جە تۆ گرت مایە

مەوجود هەر تۆنی ماسیوا سایە).

٨- مامۆستا (لەتیف هەڵمەت) وتوویەتی: بە داخەوە هیچ شیعرێکی سۆفیگەریم لە لای (مەولەوی) بەدینەکردوە، ئەوەی عاشقانی شیعری مەولەوی ناویانناوە شیعری تەسەوف، شیعرگەلێکی ئایینی و خوداناسین و هیچ پەیوەندییەکیان بە تەسەوفەوە نییە"[٢٤].

٩- مامۆستا (مەلا مۆمنی نووری) نووسیویەتی: ئەوی کە دەڵێن پلەو پایەی مامۆستا مەولەوی لە رادەی عاریفێکی پایە بەرزدایە بێ جێگا نییە"[٢٥].

دیارە ئەوەی لەم دێرانەدا خرایەڕوو، بۆچوونی چەند نووسەرو لێکۆڵەرێکن کە هەر یەکەو بە پێی تێگەیشتنیان لە شیعرەکانی مەولەوی، قسەی خۆیان کردووە سەبارەت بەوەی ئایا (سۆفی و عاریف) بووە، یان نا.

ئێمە پێشتریش باسمان لەوەکرد کە بۆ تێگەیشتن لە شیعرەکانی مەولەوی، هەم شارەزایی تەواو لە زمانی شیعرەکانی پێویستە، هەمیش شارەزایی لە باگراوندی (مەعریفە) لای ناوبراو، لێرەدا ئێمەش لەسەر رۆشنایی ئاگاییمان لە شیعرەکانی دیدی خۆمان سەبارەت بە هەمان بابەت دەخەینەڕوو:

---

[٢٣] - (حەکیم مەلا سالح)- مەولەوی و تەقینەوەی زمان- لاپەرە (٩ و ١٠)- چاپخانەی دەزگای ئاراس.

[٢٤] - (هەمایۆن صاحب کەریم)- شەریعەتی مەیل- بەرگی یەکەم- لاپەرە (١٤٤)- لە بڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیریی (جەمال عیرفان).

[٢٥] - (مەلا مۆمنی نووری)- لێکدانەوەیەکی سەرپێیی لەسەر چەند دێڕی لە ئاسەواری مەولەوی- کتێبی دیداری مەولەوی- لە بڵاوکراوەکانی دیداری مەولەوی- لاپەرە (٢٢٤)- ٢٠١٠.

(مەولەوی) وەك لە ژمارەیەك لە دێرە شیعرەكانیدا دەركەوتووە، بە دڵنیاییەوە (سۆفی) بووە، بەڵام لە قۆناغەكانی سۆفیگەریدا بالاًینەكردووە، هەتا ساڵەكانی كۆتایی تەمەنی دەستەوداوێنی پیرەكەی بووە، پاش كۆچی دوایی (شێخ عوسمانی سەراجەددین)، پەیوەندی رۆحی خۆی بە (شێخ محەممەد بەهائەددین)ەوە گرێداوە، پاش ئەویش ئەوینی رۆحی خۆی داوەتە كوڕەكەی بە ناوی (شێخ عەلی حسامەددین) كە پەنجاوحەوت ساڵ بە تەمەن لە مەولەوی بچووكتر بووە، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی سۆفیەتی (مەولەوی) لە رووی رواڵەتەكەیەوە لە قۆناغی پەیوەندی نێوان مورید بە پیرەكەیەوە تێنەپەڕیوە، نەیتوانیوە قۆناغەكانی سۆفیگەری تەیبكات و بگاتە (بەقای دوای فەنا)و ببێت بە رێنماییكارێكی تەواو و تەواوكار (الكامل و المكمل).

شیعرەكانیشی بەڵگەن بۆ ئەم راستییەو لە خوارەوە چەند نموونەیەك دەخەینەڕوو، پێویست بە نووسینەوە و واتادانەوەی هەموو دێرە شیعرەكانیش ناكات، چونكە تەنها واتایەكی گشتی بەسە بۆ تێگەیشتن لە مەبەستی هۆنینەوەیان.

نموونەی یەكەم:

حەیفەن تۆ میراو سەرچۆی بادە بی
وە هەر كەس و قەد كەفاف دادە بی
من كەشتم رووزەرد هام فەردانم بۆ
دانەم روو سیای هام دەردانم بۆ
سا هۆركەر بابێ جۆ جۆ جۆگەی مەی
بەسەر كەشتم دا پەی پەی، پەیا پەی[٢٦]

[٢٦] - (ئەمین شێخ عەلائەددین نەقشبەندی)- تەصەووف چیە- لاپەڕە (٥٠٢)- دار الحریة للطباعة بغداد.

لەم دێڕانەدا گەورەترین دۆخی دەستەوداوێنبوونی مورید بۆ پیرەکەی بەرجەستەبووە، ئەوە دەرکەوتووە کە (مەولەوی) هێشتا لە رووی رەوانییەوە دەستەودستانە و بە بێ پیرەکەی هیچی پێناکرێت، کێڵگەی بەرهەمی لە بواری خوداپەرستیدا وشکە، داوای بەردانەوەی ئاو لە پیرەکەی دەکات هەتا کێڵگەکەی وشکنەبێت و لە ناو هاورێکانیدا رووزەرد نەبێت[٢٧]. پێویستە ئەوە بزانین کە (دانە و کەشتیاری و کێڵگە و ئاوبەردانەوە و ...هتد)، هەر هەموویان مانەوبین و کارێکیان بە مادەوە نییە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا کرۆکی (سۆفیگەری)یە لە قۆناغی پەیوەندی نێوان (مورید و پیر)دا، چونکە لێرەدا (مورید) بە رێنمایی و دەستگرتنی پیرەکەی باڵادەکات.

نموونەی دووەم:

ئایینــەی کامــڵ ئازیزەکــەی هــەرد
هیــدای ئامــات بــام، سـەفایت ئــاوەرد
خــەیڵێن گــەرد پــات نــە دیــدەم دوور بــێ
پانــەی چــەم وێــران تــەمام خــاپوور بــێ
خــاس بــێ تەشــریفت هــەم ئــاوەردەوە
گــەرد پــات، وەتــەن ئــاوا کــەردەوە
ســاقی، ئینــە بــەزم وەســڵ یارانــەن
چەرخیچ هەر ئەو چەرخ هەردە جارانەن[٢٨]

زۆربەی ئەو فسانەی سەبارەت بەم دێڕە شیعرانە کراون، دڵنیاییانداوە (مەولەوی) بە بۆنەی گەڕانەوەی (شێخ محەممەد بەهائەددین) لە سەفەری حەج، وەك

[٢٧] - (ئەیوب رۆستەم)- کاریگەری ئاوێستا بە سەر رابەران و پیرانی یارسانەوە- لاپەڕە (٩٦)- لە بلاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی جەمال عیرفان.

[٢٨] - دیوانی مەولەوی- کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و لەسەر نووسینی (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- لاپەڕە (٧٦، ٧٧)- بڵاوکەرەوەی کوردستان- سنە- (١٣٧٨).

پێشوازیکردنێك لەو زاتە هۆنیونیەتەوە. لە دوو تونیاندا پەیوەندی رەوانی مەولەوی بە (شێخ محەممەد بەهائەددین)وە دووپاتکراوەتەوە. سەبارەت بە دێڕی یەکەم کە بەلای ئێمەوە لە رووی سۆفیگەرییەوە لووتکەی هەموو دێڕەکانە، بە تایبەت لە رووی پێدانی دوو خەسڵەتی زۆر گەورە بە (پیر)، ئەوانیش (ئاوێنەی کامڵ و ئازیزەکەی فەرد)ن، لە پەراوێزی لاپەڕە (٧٦) دیوانەکەیدا نووسراوە: (ئەی کەسێ کە وەك ئاوێنەی بێگەرد وایت، بۆ وەرگرتنی شێوەو خووڕەوشتی باوکە پێگەیشتووەکەت، ئەی تاقە خۆشەویستەکەم بە قوربانی هاتنت بم، خۆشیت لە گەڵ خۆت هێنا)[٢٩].

مەبەست لە فەرد لێرەدا خودای تاك و تەنیایە، بەڵام پێویستە بڵێین ئەگەرچی (العزیز- خۆشەویست)، یەکێکە لە ناوەکانی (خودا)، بەڵام وەك دەستەواژە لە شیعری سۆفیگەری و عیرفانی کوردیدا، ئەوەندەی ناوەکان و سیفەتەکانی تری (خودا) هاتوون، ئەم ناوە نەهاتووە، خۆشەویست زیاتر بە باڵای پێغەمبەری گەورەی موسڵمان براوە کە خۆشەویستی خودای تاك و تەنیایە. ئاشکراشە ناوەکانی خودای مەزن هەرکاتێك کەسێك بێیانەوە ناونرابێت هەمیشە (عەبد) خراوەتە پێشیانەوە، ئەوەش وەك دووپاتکردنەوەی بەندایەتی مرۆڤ بۆ پەروەردگارەکەی.

بە قوڵبوونەوە لە واتای نیوەی یەکەمی ئەم دێڕە شیعرە، بۆمان دەردەکەوێت، (ئازیزەکە) بۆ لای (ئاوێنەی کامڵ) دەگەڕێتەوە. ئینجا پێکەوە هەردووکیان بۆ لای (فەرد) دەگەڕێنەوە، بۆیە ئێمە وای بۆ دەچین مەبەستی(مەولەوی) لەم دێڕە شیعرەدا ئەوەیە کە (شێخ محەممەد بەهائەددین)یش لە بەر ئەوەی گەیشتووەتە پلەی رێنماییکارێکی تەواوو و تەواوکەر (الکامل و المکمل)، بەلای خودای تاك و تەنیاوە خۆشەویستە، ئەمەش ئاماژەیەکی عیرفانی گەورەیە بۆ بەهرەمەندبوونی (شێخ محەممەد بەهائەددین) لە (السیر فی الله) کە پاش گەیشتنی (پیر) بە (بەقای دوای فەنا) دەستپێدەکات، واتاکەی دەقاو دەق نزیکبوونەوە و بەهرەمەندبوون لە تواناکانی (خودا) دەگەیەنێت.

---

[٢٩]- هەمان سەرچاوەی پێشوو- پەراوێزی لاپەڕە (٧٦).

دیڕەکانی تری ئەم شیعرە دەگەڕێنەوە بۆ لای خۆشەویستی مەولەوی بۆ پیرەگەی و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە کە سەفەری ناوبراو بۆ حەج بەرهەمیهێناوە، بەگەڕانەوەی بۆشاییەکەی لە هەموو ئەو رووانەی بەلای شاعیرەوە مەبەستبوون پڕکردووەتەوە، واتای دیڕەکانی تریش تەنها لە چوارچێوەی پەیوەندی رۆحی نێوان مەولەوی و پیرەکەیدان و دووبارەبوونەوەی دەستەوداوێنبوونیەتی بە پیرەکەیەوە.

نموونەی سێیەم:

مـن قەقنـەس نەویم، ها بیم وە قەقنـەس
یـەکجاریچ ئەمشـەو ها بەرشیم نـەدەس
ئەوەنــد خــەیالأن بــەردم وە دەروون
پـەی دووری یـاران بەتـەر بـیم زەبـوون
رۆ جــە شــەو فێشـتەر، زارو زەلــیلم
ساقی سـا جـامێ، ئـەمجار دەخـیلم
بـەر بێم ئێش کـەم چون هەردە جاران
وەرەخـــم گـــردین گـــرۆی مـــەیخواران
شـیعرو وێـم تـەنخوای سـەتوور و سـازێ
لێــەر سـا نەیـهی، هـەر تـارێش گـازێ
چنك پێکۆ نـە جـەرگ نەغمـەی سازەکەت
بـەرارۆ تـۆ تـۆ میقــراز گازەکـەت
سـا دەروونش کـەفێ بـدە نـە رووی دەف
گیـان مونتـەزرەن بەرێ رێزەی دەف[30]

[30] – دیوانی مەولەوی- کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و لەسەر نووسینی (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس- لاپەڕە (٢٧- ٢٨)- بلاوکەرەوەی کوردستان- سنە- (١٣٢٨)،

بەر لەوەی بچینەسەر راڤەکردنی ئەم دێڕانە، پێویستە کەمێك لەسەر (قەقنەس) بوەستین، لە فەرهەنگی (هەمبانە بۆرینە)دا هاتووە:

(قەقنەس) باڵندەیەکی خەیاڵییە، دەڵێن دەخوێنێ و باڵ لێکدەدا، ئاگر دەگرێ و دەسووتێ، هەروەها نووسراوە بە شتی تەواو سووتاویش دەوترێت[31].

لە (دیوانی مەولەوی)دا نووسراوە:

وەك ئەڵێن (قەقنەس) کە مردنی نزیك ئەبێتەوە، هەندێ پەل و پووش کۆدەکاتەوە و دەس ئەکا بە خوێندن بەسەریا، وە لە خۆشی دڵی خۆیا ئەوەندە باڵ ئەدا بە یەکا تا ئاگر لە باڵەکانی ئەبێتەوە و پەل و پووشەکەش ئاگری تێ بەرئەبێ وە خۆیشی ئەسووتێ. دیسان خۆڵەمێشەکەی ئەبێتەوە بە قەقنەسێکی ترو هەر بەم چەشنە[32].

لە کتێبی (شەریعەتی مەیل) بە وەرگرتن لە (فەرهەنگی عەمید) نووسراوە: ریشەی قەقنەس (Kaknos)ی یۆنانییە، باڵندەیەکی ئەفسانەیە کە دەنووکی کونی زۆر تێدایەو لە کاتی خوێندندا ئاوازی سەیر سەیر دەردەکات، هەزار ساڵ دەژی و لە کۆتایی تەمەنیداو کاتی نزیکبوونەوەی مەرگی، پووش و پەلاش کۆدەکاتەوە و دەچێتەسەری، هێندە پەروباڵ بەیەکدادەدا و دەخوێنێ تا گڕ لە خۆی بەردەدات[33].

ئێمەش دەڵێین: چەندین ناوی گیاندار هەن کە هەموویان دەلالەتی (عیرفان)یان هەیە، لەوانە (گا، عەنقا، سیمرغ، قەقنەس، باز، شاباز....هتد)، هەندێك لەم گیاندارانە خەیاڵین، لەوانە: (عەنقا، قەقنەس) ئەوانی تریشیان بەرجەستەن، بۆ نموونە (باز، شاباز).

---

[31] - (هەژار)- هەمبانە بۆرینە- چاپ شەشم- لاپەرە (٥٨٢)- انتشارات (سروش).

[32] - دیوانی مەولەوی- کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و لەسەر نووسینی (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس- لاپەرە (٢٧)- بڵاوکەرەوەی کوردستان- سنە- (١٣٧٨).

[33] - (هەمایۆن صاحب کەریم)- شەریعەتی مەیل- بەرگی یەکەم- لاپەرە (١٦)- لە بڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری (جەمال عیرفان).

لە دینی (یارسان)دا ناوی (سیمرخ) دەلالەتە بۆ کامڵترین مرۆڤ مەبەست ئەو مرۆڤانەیە کە رەوانی خودایی تیایاندا بەرجەستە بووە[24]، لای زۆربەی (عاریفان)یش هەر بە هەمان واتاوە هاتووە، لەم رووەوە، (سەنایی) فەرموویەتی:

با دلم بە مهر و محبت یگانە بود
سیمرغ عشق را در دل من اشیانە بود
بودم معلم ملکوت اندر اسمان
امید من بە خلد بر این جاودانە بود[25]

ئەوەندەی ئێمە لە شیعرەکەی مەولەوی تێبگەین، (قەقنەس) لێرەدا دەلالەتە بۆ ئەو سۆفییانەی خۆیان لەناو خۆشەویستی خودای گەورەدا دەتوێننەوە و دەچنە قۆناغی (الفناء فی الله)، ئەمەیان سووتانی قەقنەسەکەیە، بە بەردەوامی ریازەتکێشان و باڵاکردنی رەوانیان بە قۆناغی (بەقای دوای فەنا) دەگەن، ئەمەشیان بوونەوەی خۆڵەمێشەکەیەتی بە قەقنەسێکی تر، بەڵام پێویستە باش لەوە ئاگاربین لەم دێڕە شیعرەدا، سووتانی قەقنەسەکە و لە دایکبوونی قەقنەسێکی تر بابەتێکی عیرفانییەو کاری بەسەر لایەنە مادییەکەی (بوون و سووتان و بوونەوەی خۆڵەمێشەکەی بە قەقنەسێکی ترەوە نییە).

سەبارەت بە لێکدانەوەی واتای ئەم چەند دێڕەی (مەولەوی)، ئەو بەرێزانەی راڤەیان بۆ شیعرەکانی کردووە، هەر یەکەو قسەی خۆی کردووە، پێویستینەکرد لێرەدا ئێمە ئەو راڤەکردنانە بنووسینەوە، لەبەر ئەم هۆیانە:

١- مەبەستی سەرەکی لە خستەڕووی نموونە شیعرییەکان، تەنها ئاوڕدانەوەیە لە چەند دێڕە شیعرێکی سۆفیگەرییانەی (مەولەوی) و کارێکی بە بەراوردکردنی راڤەکان، یاخود رەخنە لێگرتنیان نییە. بەڵام ئەگەر تەمەن و تەندروستی بواربدات ئەوە بۆ دەرفەتێکی تر هەڵدەگرین.

---

[24] - سەرەنجام - لاپەڕە (٥٩٦)

[25] - سەرەنجام- لاپەرە (٥٩٧).

٢- ئەگەر هەموو ڕاڤەکان، هەر هیچ نەبێت ئەوانەیان لەبەردەستدان بنووسینەوە، ئەوە بابەتەکە هەر زۆر درێژدەبێتەوە و دەبێت بە جۆرێك لە فۆتۆكۆپی نووسینەکانی ئەوان، کە هەندێکیان ئەوەندە درێژن جاری وا هەیە بۆ ڕاڤەکردنی تەنها دێڕێك، زیاتر لە لاپەڕەیەك لە کتێبەکاندا نووسراوە، ئەمەش وە نەبێت کارێکی خراپیانکردبێت، بەڵکو هەر زۆریش چاکە. بەڵام لە گەڵ مەبەستەکەی لە مەڕ ئێمە نایەتەوە.

دێینە سەر ئەوەی بڵێین: بابەتی بە فەقنەسبوونی (مەولەوی) لەو شەوەدا کە وەك خۆی ئاماژەپێداوە، یەکێکە لەو حاڵەتە عیرفانییانەی کە سۆفی تیایاندا (مجذوب سالك = کێشکراوی ڕێکەر)ە، لەم دێڕەدا مەولەوی بەتەواوی نوقمی ئەو حاڵەتە بووە، ناوبراو چەند دێڕە شیعرێکی تری لەم بوارەدا هەن، هەر لەم باسەدا و کەمێك پاشتر نموونەکانیان دەخەینەڕوو. ئەوەی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە حاڵەتە عیرفانییەکەی (مەولەوی) لەم شیعرانە کاتییە، ئەوەیە هەر دوای ئەم دێڕە یەکسەر شاعیر گەڕاوەتەوە بۆ ناو بابەتە ساکارەکانی سۆفیگەری و باس لە دورکەوتنەوەی لە یاران و چێشتنی ئازاری ئەو دوورییەی کردووە، کە تەنانەت لە ڕۆژدا زیاتر لە شەو پێوەی دیارە، بۆ چارەسەری ئەو دۆخەی داوای مەی ڕۆحی لە پیرەکەی کردووە، بە هەموو بوونیشیەوە دەستەوداوێنی بووە کە وشەی (دەخیلم) گەواهی ئەمە دەدات، هاوکات ویستویەتی لە ناو بە فەقنەسبوونەکەیدا شیعرەکانیی ببنە سەرمایە بۆ ئامێرەکانی (سەمتوور و ساز)، لەولاشەوە نەیچی لە گەڵ ڕۆحیدا بێتەگۆ، مەبەستی مەولەوی لە خڕکردنەوەی ئامێرە مۆزیییەکانی وەك: (سەمتور و سازو نەی) مەبەستی مادی نییە، ناوبراو لە ڕووی مەجازییەوە نەیسویستووە تیپی مۆزیك کۆبکاتەوە و لە گەڵ ژەنینی ئامێرەکاندا بین بە مەیەوە بنێت، ئەمانە هەموویان شتی مانەوین و هیچ پەیوەندییەکیان بە مادەوە نییە. لێرەدا بۆمانەدەردەکەوێت ئەو ئامێرانەی ناویهێناون تەنها لە ڕووی مانەوەییەوە ئاوێزانی شیعرەکانی بوون و کەوتووەتە ئەو دۆخە ڕۆحییەوە کە باسیکردووە.

بۆ ئەوەی باسەکە زۆر درێژنەبێتەوە، پێمانوایە تەنها ئەم سێ نموونەیە لە شیعری (مەولەوی) بەسن، بۆ ئەوەی بۆ خوێنەری ئەم بابەتە بیسەلێنین ناوبراو شیعری سۆفیگەرییانەی هەبووە، خۆ پێشتریش لە بابەتی (پەیوەندی رۆحی مەولەوی بە شێخەکانی نەقشبەندیی هەورامانەوە) چەند نموونەیەك لەم بوارەدا خراونەتەڕوو پێویست بە دووبارەکردنەوەیان ناکات، چونکە ئەگەر چەندین دێڕی تریش بنووسینەوە، زیاتر هەر لەچوارچێوەی ماناکانی ئەمانەی خرانەڕوو دەرناچن، لێرەدا ئەوە دووپاتدەکەینەوە مەولەوی لە بواری سۆفیەریدا سنووری (الفناء فی الشیخ)ی تێنەپەڕاندوە، هەروەها دەزانین شاعیر موریدی شێخەکانی نەقشبەندی هەورامان بووە، لە دیدی نەقشبەندیشەوە ئەم مەسەلەیە ئێجگار هەستیار و گرنگە، بۆ بەهۆی ئەو خالەوە بەشێکی ئێجگار بەرچاوی سۆفییان بە تەواوی بڕوایان بەو قسەیە هەیە کە دەڵێ: (مَن لا شَیخَ لَهُ فَشَیخُهُ الشَّیطان[36]) بەواتای هەرکەسێکی سۆفی شێخی نەبێت ئەوە شەیتان شێخیەتی.

سەبارەت بەوەی ئایا (مەولەوی) عاریف بووە یان نا، ئەمە قسەوباس زۆر هەڵدەگرێت و بیروڕای جیاوازی لەسەرە، هەندێکیان لە خستنەڕووی بۆچوونەکان سەبارەت بەسۆفیبوون، یان نەبوونی تیشکیان خرایەسەر، بۆ خستنەڕووی دیدی خۆشمان دەڵێین: لە شیعرەکانی (مەولەوی)دا بابەت و هێمای عیرفانی زۆر بەرچاو دەکەون، هەروەها چەند دێڕە شعرێکیشی ئەوەك هەر دەتوانرێت ناوی شیعری (عیرفان)یان لێبنرێت، بەڵکو وان لە ناو کرۆکی عیرفاندا و هیچیان لە شیعری گەورە عاریفان کەمتر نییە، بۆ نموونە:

[36] - (عەبدوڵا قەرەداخی)- شاعیر و شێخ- کتێبی دیداری شاعیر (شێخ ئەحمەدی شاکەڵ)- لاپەڕە (٥)- لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرێتی چالاکی وەرزیی سلێمانی- ٢٠١٢.

**یەکەم:**

بــــازاڕەن، وادەی مامەڵەن، ساقی

هەی بگرە فانی، وەی بدەر باقی [٣٧]

لێرەدا شاعیر چووەتە بازاری خودایی و مامەڵە لە گەڵ پەروەردگارەکەی دەکات، لەو مامەڵەیەدا مەبەستێتی ژیانی براوەی دونیایی بە ژیانی هەمیشەیی و جاویدانی بگۆڕێتەوە، ئایا ئەم رووساخی و مامەڵەکردنە بێجە لای عاریفان، لای کەسانی تر هەبووە؟؟.

**دووەم:**

هەرچیت دابو پێم یەك یەك دامەوە

حیســاب حەشــرەت وا وەلامــەوە. [٣٨]

لەم دێڕەدا (مەولەوی) زۆر بێدەربایسانە هاتووەتەگۆ، بە پەروەردگارەکەی وتووە: هەرچی تۆ بە منت دابوو لێتسەندمەوە، مەبەستی لە (مەرگی عەنبەر خاتوون، لەدەستدانی بینایی چاوەکانی، سووتانی کتێبخانەکەی، شکانی پشتی)، کەواتە لەم دونیادا بە هیچ شتێك قەرزدارت نیم، تەنها حسیابی حەشر ماوە کە پێی قەرزدار بم، بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەمە بێباکییە و دەربڕینێکی تەواو عاریفانەیە[٣٩].

**سێیەم:**

سـەراپای ئـازام نـەرووی پـەردەی پـۆس

دایـم مـەیۆ لـێش زایلــەی یــا دۆس

---

[٣٧] - دیوانی مەولەوی- کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و لەسەر نووسینی (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس- لاپەڕە (٣٢٩)- بلاوکەرەوەی کوردستان- سنە- (١٣٢٨).

[٣٨] - هەمان سەرچاوەی پێشوو- لاپەڕە (٥٢٩).

[٣٩] - (ئەیوب رۆستەم)- کاریگەری ئاوێستا بەسەر رابەران و پیرانی یارسانەوە- لاپەڕە (٩٧)- لە بلاوکراوەکان دەزگای چاپ و پەخشی جەمال عیرفان.

## دۆســەن نــە تــۆی پــۆس مەواجــۆ یــا دۆس
## وەرنە کێ دیــەن صــەدا بــدۆ پۆس؟؟

لەم دێڕانەدا (مەلەوی) بە ئاشکرا و زۆر بە راشکاوی باسی لەوەکردووە، سەراپا بە مانای هەموو ئەندامەکانی لەشی لە (ئێسقا ن و مۆخ و پێست)، بەردەوام بە ئیکری (دۆس- پەروەردگار)ەوە سەرقاڵن و، دەنگی ناوهێنانی زاتی ئەویان لێبەرزدەبێتەوە، ئینجا وتوویەتی ئەوە خودی (دۆس- پەروەردگار)ە لە ناو پێستەکەدا، ئەگینا کێ بینیویەتی پێست دەنگی لێبەرزببێتەوە؟؟.

ئەمە خۆی لە خۆیدا حاڵەتی (حلوول) دەگەیەنێت، ئەم حاڵەتە لای (مەحیەددینی عەرەبی) بەمشێوەیە پێناسەکراوە: (ان یحل الله جزءا او کلا فی الانسان)، بە واتا بەهرەمەندبوون لە بەشێك، یان لە هەموو تواناکانی خودا. دیارە ئەمە بابەتی عیرفانییەو کارێکی بەسەر کاری مادەوە نییە.

هەر لێرەدا پێویستە باس لەوە بکەین (حلوول) یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی دینی یارسان، لە تێکستە دینییەکاندا هاتووە، هەموو مرۆڤێك خاوەنی گەردیلەی خودایییە، ئەو گەردیلانە لە مرۆڤی باوەڕدارو چاکدا گەشەدەکەن و بە پێچەوانەشەوە لە مرۆڤی بێباوەڕو خراپدا دەپووکێنەوە، هەر لێرەشەوە هەڵگرانی ئەم دینە دەڵێن (دۆناودۆنی رۆحەکان) لە تەنێکەوە بۆ تەنێکی تر لەسەر باوەڕو کرداری خاوەنەکەیەتی، ئەوانەی لە رێی ریازەتکێشان و چاکەکارییەوە رەوانیان باڵادەکات، رۆحانیەت و جیسمانییەت تیایاندا پێکەوە موتوربە دەبن و

لە توانای خودایی بەهرەمەند دەبن. هەر حەفتاودوو بارگە خودابییەکە نموونەی بەرچاوی (حلوول)ن[10].

پاش ئەم سێ نموونەیە باس لەوە دەکەین گەیشتن بە عیرفان دوو رێگەی هەیە بەمشێوەیە:

---

[10] - بۆ زانیاری زیاتر خوێنەر دەتوانێت (شیعرە عیرفانییەکانی حەفتاودوو پیرە بەناوی (بارگە بارگە) کە بەشی یەکەمە لە کتێبی (سەرەنجام) بخوێنێتەوە.

١- (ڕێکەری کێشکراو= سالك مجذوب)، کە تیایدا سۆفی بە خوداپەرستی و ڕیازەتکێشان مەقامەکان یەك لە دوای یەك تەیدەکات. لەو تەیکردنەدا ڕەوانی باڵادەکات هەتا دەگاتە (بەقای دوای فەنا) و پاشان (السیر فی اللە= بەهرەمەند بوون لە هێزو توانای خودایی)، دواجاریش دەگاتە (وحدة الوجود= یەکیەتی بوون). ئەمەش ڕێو ڕەویەی تایبەتی خۆی هەیە سۆفی لە بڕینی مەقامەکاندا تەواو لێیان ئاگادار دەبێت. لەمبارەوە (حافظ) فەرموویەتی:

**بمی سجاده رنگین کن گرت پیر مغان گوید**

**که سالك بی خبر نبود ز راهو رسمی منزلها**[1]

شتێکی زۆر ئاشکرایە (مەولەوی) لەم ڕێگەیەوە بە (عیرفان) نەگەیشتوە.

٢- ( مجذوب سالك = کێشکراوی ڕێکەر[2] ). ئەمەیان جیاوازە لەوەی پێشوو، مەبەست لێی ڕاکێشانی سۆفییە بە شێوەیەکی کاتی بۆ هەندێك حاڵەتی عیرفانی، (مەولەوی) لەم ڕووەوە بەیناو بەین بەهرەمەند بووە و توانیویەتی لە ناو بابەتە عیرفانییەکاندا شیعر بهۆنێتەوە. وەك ئەم سێ نموونەی هێنامانەوە و چەندین نموونەی تریش کە لە نێو دیوانەکەیدا هەن و پێویست بە نووسینەوەیان ناکات.

---

[1]- دیوانی (حافظ)- لاپەرە (٢٢)- از روی نسخه دکتر قاسم غنی و علامه قزوینی- انتشارات گلی – تهران.

[2]- بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە (سالك مجذوب و مجذوب سالك)، خوێنەری بەڕێز دەتوانێت کتێبی (مبانی تصوف و عیرفان) - (د. قاسم انصاری)- چاپی چوارەم- بخوێنێتەوە.

## شیعری مەولەوی و عیرفانی یارسان

بۆچوونە ناو ئەم باسەوە دەڵێن: هەروەك لە سەرچاوەكاندا هاتووە، (مەولەوی) ماوەیەكی ژیان و گوزەرانی لەهەوراماندا بەسەربردووە، هەورامانیش ماوای ژیانی (سان سەهاك) و شوێنی رێكخستنەوە و گەشەكردنی دیینی یارسان بووە، (پەردیوەر) كە قیبلەی یارسانەكانە و ناوی كەوسەریان كە ناوی (كانی گەسلان- كانی غەسلانە) لە هەوراماندان، بازنەكانی: (هەفتەوانە، هەفتتەن، چلتەن، هەفت خەلیفە، هەفتاو دوو پیر، نەوەدوو نۆ پیرەی شاهۆ....هتد)، لەپەردیوەر و لە خزمەتی (سان سەهاك)دا پێگەیشتوون، ژمارەیەكی زۆریشیان تا كۆتایی ژیانیان هەر لەوی ماونەتەوە، سەدان ئارامگە و نشینگەی (رابەران و پیران و گەورە شاعیرو عاریفانی یارسان) لەو ناوچەیەدان، زۆرێك لەسەرچاوە و كتێبە دینییەكانی یارسان لە هەندێك گوندی ناوچەكە و دەوروبەریدا پارێزراون، لەمانە هەمووشی زیاتر (مەولەوی) وەك پێشتر وتمان موریدی شێخەكانی نەقشبەندی هەورامان بووە، ئەو شێخانەش هەرگیز بە سووكی لە دیینی (یارسان)یان نەڕوانیوە، ئەوەی ئاشكرایە بەدرێژایی تەمەنیان هەڵوێستێكی دژەكارانەیان دەرهەق بە یارسانەكان نەبووە، بەڵكو بە پێچەوانەوە تێكەڵاوی و جۆرێك لە نزیكبوونەوەشیان هەبووە، بۆ نموونە (مام رەشیدی هاواری) كە كەسێتییەكی دیاری ناو كاكەییەكان بووە، یەكێكبووە لە خەڵكە نزیكەكانی شێخ حیسامەددین و لە ناو هاوارییەكاندا بە (خەلیفە رەشید) ناویدەركردووە.

هەر سەبارەت بەوەی شێخەكانی نەقشبەندی هەورامان بە چاوی رێزەوە لە یارسانەكانیان روانیوە، خوالێخۆشبوو (كوێخا رۆستەم كەریمەی باوكم) باسی لەوەكردووە رۆژێكیان لەگەڵ چەند كەسێك لەسەر حەوزەكەی خانەقای تەوێڵە لە خزمەتی (شێخ حیسامەددین)دا بوون، كەسێكی هاواری بە ناوی (غەفار سەی موراد) بە رێگەكەی بەرامبەر خانەقادا بۆ ناودێ رۆیشتووە و تۆشەبەرەیەكی سووری بەسەر پشتێنەكەیەوە بەستووە، (شێخ حیسامەددین) بانگی لێی كردووە و وتوویەتی كاكەی هاواری وەرە بۆ ئەمبەر، كاتێك هاتووەتە لایان بەخێرهاتنی كردووە و پێیوتووە: تۆشەبەرەكەت چی تێدایە، ئەویش وتوویەتی: دوو كەوە كوشتوومن و دەیانبەم بۆ

(ئەورەحمانی مۆلکی- پیاوێکی تەوێڵەیی بووە)، شێخ پێیوتووە ئەم جارە ئەم گەوانە بۆ من دەبن و دەتوانیت جارێکی تر بۆ ئەوی بهێنیت، فەرمانیداوە بەوانەی دەوروبەری کە هەریەك لە خوالێخۆشبووان: (خەلیفە مەحموود و دەرویش مەحیەددین[٤٢])یان لە ناودا بوون، ئاگربکەنەوە و گەوەکان ببرژێنن، پاش ئەوەی برژاندوویانن خۆی لێی خواردوون و بەشی ئەوانەشی داوە لەوێ بوون، تەنانەت لە گێڕانەوەکەیدا باسی لەوە کرد گوایا (شێخ حیسامەددین) لە گەڵ پیاوە هاوارییەکەدا گۆشتی گەوەکەی خواردووە. دیارە ئەمە پەیامێکی گەورە و دۆستانەی ناوبراو بووە بەرامبەر پارسانەکان و ئەوەی داوەتە دواوە کە لە ناو خەڵکی ئەزاندا باوبووە گوایا خواردنی ئەوان حەرامە.

پاش ئەم دێڕانە دێینەوە سەر کرۆکی باسەکە. دیارە (مەولەوی)یش بەو پێیەی زاناو شاعیرو چاوکراوەیەکی گەورەی سەردەمی خۆی بووە، هەروەها بازنەی پەیوەندییەکانیشی بە خەڵکەکەوە زۆر فرانبووە. لەمانە هەمووی ئاگاربووە، دڵنیاشم لە کتێبخانەکەیدا سەرچاوە و کتێبی دینی پارسانی هەبوون، ئەو شیعرانەی کە ئێمە لەم بابەتەدا راڤەیاندەکەین بەڵگەی دڵنیابوونەکەمانن، ئەو وەك هەندێك شاعیر و نووسەری تر نەبووە، کە لە سەرچاوەکانی دینی پارسانەوە دووربوون، تەنها هەندێ رازو گێڕانەوەی دەماو دەمی و شتی بێبنەما و پڕوپووچیان بیستووە و جوونەتە ژێرکاریگەرییانەوە، یان بە پێی تێگەیشتنی خۆیان (پارسان)یان بە گومڕایی لەقەڵەمداوە.

لەم بارەوە پارچە شیعرەکەی شاعیرمان (شێخ رەزای تاڵەبانی) کە لێرەدا جێی نووسینەوەی نییە، هەروەها دەربڕینەکانی چەند زاتێکی تر لەوانە: گەورە مێژوونووس خوالێخۆشبوو (محەممەد ئەمین زەکی بەگ) کە نووسیویەتی: (واقیعەن

---

[٤٢] - دوو پیاوی خەڵکی تەوێڵە و موریدی (شێخ حیسامەددین) بوون.

ئەم مەزهەب چەوتانە. لەو عەقیدەیەدان کە حەزرەتی عەلی چووەتە ناو رۆژەوە، وە لە دوای ئەمە مەقصەدی تەفرەدەرەکان حاصلْ بوو، ئەتیجە هاتەسەر رۆژپەرستی)"[11].
کاریگەری (شیعری عیرفانی) یارسان بەسەر چەند شیعرێکی (مەولەوی)یەوە ئەوەندە دیارە، ئەوانەی لەم عیرفانە و لە شیعرەکانی (مەولەوی) ئاگادارن، زۆر بە ئاسانی دەرك بەو کاریگەرییە دەکەن، بەلاّم ئەم بابەتە تیشکی نەخراوەتەسەر، ئەوەی بەرچاومکەوتبێت تەنها چەند ئاماژەیەکە لەناو (کتێبی شەریعەتی مەیل)، کە من ئەگەرچی دەستخۆشی لە نووسەرەکەی دەکەم بۆ ئەو ئاماژانە، بەلاّم پێموایە وردبوونەوە و رۆچوونی زیاتر لەم بوارەدا پێویستن.
بۆی هەیە کەسێك لە خوێندنەوەی ئەم بابەتەدا بە بەدحالّیبون، وا تێبگات ئێمە دەمانەوێت (مەولەوی) لە دینی یارسان نزیکبخەینەوە، بۆ وەلاّمدانەوەی تێگەیشتنێکی لەم جۆرە دەلّێین: ناوبراو موسلّمانە و لەسەر رەوپەی دینینەکەی خۆی خوداپەریستیکردووە، بەلاّم وەك لە سەرەتاوە وتمان (عیرفان) لە رووەگشتییەکەیدا دیاردەیەکی جیهانییە، هەروەها خودی (دین)یش لە رووە گشتییەکەیەوە دیاردەیەکی جیهانییە، بریتییە لەو پەیوەندییە رۆحییەی کە لە نێوان مرۆڤ و ئەو هێزانەدا دروستدەبێت بە بالاّدەست و شاردراوە دەزانرێن، ئەو هێزانە لای باوەڕداران خودایەکی تاك و تەنیایە، لای کەسانی تریش ئەو هێزە شاردراوە و ئەفسووناویانەن کە لە جیهانی نموونە بالاّکاندان و هەموو راستییەکانیش لای ئەوانە[12]. هەر بۆیە شتێکی زۆر ئاساییە ئەگەر کاریگەری و رەنگدانەوەی هاوبەش لە رووی رەوانییەوە لە نێوان دینەکان و عیرفانەکانیاندا هەبن.
پاش ئەم دێڕانەی باسکران، دێینەسەر ئەوەی چەند نموونەیەك لەو شیعرانەی (مەولەوی) کە وان لە ژێرکاریگەری عیرفانی یارساندا بنووسینەوە و بە پێی تێگەیشتنی خۆمان راڤەیانبکەین.

---

[11] - (محەممەد ئەمین زەکی بەگ)- خولاصەیەکی تاریخی کوردو کوردستان- بەرگی (١ و٢)- لاپەررە (٢٠٢)- چاپی نوێ (٢٠٠٢) سلێمانی.
[12] - (د. کامل حسن عزیز البصیر)- رەخنەسازی- لاپەڕە (١٦).

نموونەی یەکەم:

ئەی گرد مەوجوودێ جە تۆ گرت مایە
مەوجوود هەر تۆنی، (ماسیوا) سایە
پەنهان بی تەنها، وەحدەت مەوج وەرد
پەی شناسایی ظلوهوریوەت کەرد
بە وێت، جەی عالەم بێ بەقای ئاسووت
ئەر وەی گرد جیلوەی وەرین نەشناسووت
بەسەد جیلوەی تەر بێ چوون و چەنی
شناسایی تۆم، دەمبۆ هەنی[41]

لەلێکدانەوەی ورد و واتای ئەم دێرانەی سەرەوەدا بۆماندەردەکەوێت، کە هەر چوار دێڕەکە واتاکانیان تەواوکەری یەکترن، راستەوراستیش کەوتوونەتە ژێر کاریگەری عیرفانی یارسان و بایەتی (وحدة الوجود)، وەك لە لایەن (ئیبن ئەلعەرەبی)یەوە باسکراوە، بەشێوەیەك ئەو کاریگەرییە بە سەریانەوە زۆر زەق و ئاشکرایە، بۆ ئەوانەی ئاشنایەتیان لە گەڵ ئەدەبی عیرفانی یارسان لە شیعرو پەخشانەکانیان هەبێت، هیچ دوودڵییەکیان بەلاوە نامێنێت کە کرۆکی عیرفانی یارسان تیایاندا خراوەتەڕوو، لێرەدا پێویستمان بە گەڕانەوەیەکی خێرا بۆ کرۆکی عیرفانی یارسان هەیە، وەك پێشتریش ئاماژەمانپێدا و بەمشێوەیە:

خودای گەورە سەرچاوەی هەموو بوونێکە، (ئاسمان و زەوی، ئاو و هەوا، هەموو زیندەوەرەکان، رووەك و شینایی لە ناو ئەم گەردوونەدا لە ژێر فەرمانی ئەودان، هەر لێرەوە بوونی خودا تەنها بوونی راستەقینەیەو هەموو بوونەکانی تریش سێبەری ئەون)، وەك ئاشکرایە (مەولەوی)ش لە دێڕی یەکەمدا روویکردوەتە پەروەردگاری

---

[41] - دیوانی مەولەوی- کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و لەسەر نووسینی (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس- لاپەڕە (٥٤- ٥٥)، بڵاوکەرەوەی کوردستان. سنە- (١٣٧٨).

مەزن و وتوویەتی، لە کاتێکدا هەموو بوونەوەرەکان سەرچاوەیان بۆ تۆ دەگەڕێتەوە، تۆ بوونی راستەقینەی و ئەوانی تریش هەموویان سێبەری تۆن. لە دێڕی دووەمیشیدا شاعیر ئەوەی دەرخستووە بوونی پەروەردگار لە کاتێکدا بە تەنهایی مەوجیداوەتەوە، لە پێناوی ناساندنی خۆی دەرکەوتنێکی کردووە، لە ئەدەبی یارسانیشدا لە چەندین شوێندا ئەمە بەرچاودەکەوێت و بە تەواوی باسی لێوەکراوە، هەر بۆ نموونە ئەم دێڕە شیعرەی (خان ئەلماسی لۆڕستانی) بە نموونە دەهێنینەوە:

**مەولا ڤە دوڕ بیۆ، دوڕ ڤە تەی دەریا**

**ڤە دوڕ بەرئاما جیهان کەرد مەهیا**[47]

واتای ئەم دێڕە ئەوە دەگەیێنێت کە سەرەتا هیچ شتێك نەبووە، (مەولا= خودا) دوڕێکبووە لە ناو دەریا، لە دووڕەکە هاتووەتەدەرەوە، هەتاکو ئاگاداری بوونی خۆی بدات.

دیارە گەوهەری دێڕی دووەمی شیعرەکەی (مەولەوی)یش، هیچ جیاوازییەکی لە گەڵ دێڕە شیعرەکەی ناو ئەدەبی عیرفانی یارساندا نییە، چونکە بەلای شاعیرەوە دەرکەوتنەکەی خودای گەورە بۆ ناساندنی بووە.

ئەم دەرکەوتنەی خودا لای هەندێك بەڕێز بەستراوە بە دەرکەوتنەکەی سەردەمی ژیانی حەزرەتی مووساو سووتانی کێوی (طور)، کە ئەمە لە روونگەی دینی ئیسلامەوە تەنها دەرکەوتنە و بە شێوەی ئیشکبووە، بەڵام ئەمە هەڵەیە، چونکە ئەو دەرکەوتنە بۆ ناساندنی نەبووە، شتێکی ئاشکرایە بەر لەوە پەروەردگار بەلای (نوح و ئادەم و ئیبراهیم و پێغەمبەرانی بەنی ئیسرائیل)، هەروەها گشت شوێنکەوتوانیانەوە ناسراوە و پەرستشکراوە.

لە دێڕی سێیەم و چوارەمدا مەولەوی باسی لەوەکردووە، ئەگەر بە دەرکەوتنی یەگەمینت نەتناسم، بەسەد دەرکەوتنی تر ناتناسم، هەر لەوەوە قایلم بەوەی کە هەیت. دیارە لە روانگەی دینی ئیسلامی پیرۆزەوە، دەرکەوتنەکە تەنها یەکجار بووە، بەڵام لێرەدا مەولەوی پەنجەی بۆ سەد دەرکەوتن درێژکردووە، کە ئەمەیان دەقاو

---

[47]. (محەممەد ئەمین هەورامانی)- گاگەبی- لاپەڕە (١٨٤)- چاپخانەی (الحوادث)- بەغدا- ١٩٨٤.

دەق لە دیینی یارساندا هەیە و لەسەر بنەمای (دۆناودۆن) خودای گەورە دەرکەوتنەکانی دووبارەدەکاتەوە، کە بریتین لە حەوت قۆناغەکەی بەرجەستەبوونی خودا لە تەنی مرۆڤدا، وەك لەم شیعرەدا هاتووە:

**حەفت دونەن بەیان بۆ ڤاجان پێتان**

**تەحقیق بزانـــان مەعلوم بۆ لێتان**

ئەم پارچە شیعرە درێژە و پێویست بە نووسینەوەی هەمووی ناکات چونکە مەبەستەکەی من لە دێڕی دەستپێکیدا خراوەتەڕوو کە حەوتجار دووبارەبوونەوەکەی دەرکەوتنی خودایە. هەروەها ئەو (٧٢) بارگە خوداییەی لەسەرانسەری تەمەنی دونیادا دێنەسەرزەوی، یەکەمیان لە جیهانی رەوانەوەکانەوە[48] هاتووە و لە کەعبەی پیرۆز دابەزیوە، لە بارگەی (٧٢)یەمیندا هەموو مرۆڤەکان بە دڵێکی پاك و رووناك بە نووری خودایی روودەکەنە خوداپەرستی و ئاسوودە دەبن[49].

ئەم چوار دیڕەی (مەولەوی) لەگەڵ ئەوەی لە ژێر کاریگەری ئەدەبی عیرفانی یارساندان، بۆ لای چەمکی (یەکێتی بوون- وحدة الوجود)یش دەگەڕێنەوە، کە (ئیبن عەرەبی) لە شێوەی تەواویدا دایڕشتووە، وتوویەتی: (زاتی خودا، راستیەکی بەڵگە نەویستە، دیاردەو سیفاتەکانی لە ژمارە نایەن، هەق- خودا بوونی راستەقینەیەو خەڵقیش بوونەوەری مەجازین). دیارە هێڵی سەرەکی (باوەڕ) لای یارسانەکان کە سەرچاوەی عیرفانی یارسانە، هەمان (یەکێتی بوون)ە. ئاشکرایە ئەم جۆرە شیعرانە لە چەندین شوێنی تری شیعرەکانی (مەولەوی)دا هاتوون، وەك فەرموویەتی:

**یەکڕەنگی مایەی رستگاریەن**

**ساقی وە جامێ دەردم کاریەن**

---

[48] - جیهانی رەوانەکان بەلای یارسانەکانەوە بە (کێوی نهێنییەکان)یش ناویهاتووە.

[49] - (ئەیوب رۆستەم)- کاریگەری ئاوێستا بەسەر رابەران و پیرانی یارسانەوە- چاپی یەکەم- لاپەڕە (٩١)- لە بلاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی (جەمال عیرفان).

(یەکڕەنگی) کە دەڤاودەق (یەکێتی بوون)ە، لە تێکستە عیرفانییەکانی یارساندا زۆر هاتووە و دووبارە بووەتەوە، هەر بۆ نموونە:

لە پەخشانی بیستەمدا (عالی) باسی لەیەکڕەنگی خۆی و سوڵتانی عالەم کردووە کە مەبەستی خودایە، وتوویەتی:

(تا قەعدەی هەزار هەن هەم زاتێ ویم هەم زاتێ سوڵتان عالەم یەکڕەنگ مەکەرووم).

هەروەها لە سروودی ژمارە (۳)دا نووسراوە:

**داڤید ڤات غولام سوڵتان سەهاکم**

**غولام یەکرەنگ شـــاهی بێ باکم**

ئەم شیعرەی (مەولەوی) کە مانامدایەوە و قسەم سەبارەتی کرد، تەنها ئەم چوار دێڕە نییە، بەڵکو ئەوەی کەوتبێتە بەردەست شیعرەکە بریتییە لە (۹) دێڕ، بەڵام تەنها ئەم چوار دێڕەیان خرانەڕوو مەبەستی بابەتەکە بوون.

نموونەی دووەم:

سەرشار سەهبای بەزم موناجات
مەلجەء ئیلتیجای ئەرباب حاجات
جای رجای جەرگەی پادشاو دەروێش
بارگا و پەنا، پەی بێگانە و خوێش
ئاهووی خوتەنی فەیزی ئیلاهی
نافەی ناف راهی جە مەه تا ماهی
شکۆفەی وەشبۆی رەیحانەی رەسوول
ئەوباوەی ئەمام (طیبە)ی بەتوول
سەرو سایەدار نیشاندەی وەلی
یەعنی یادگار (مرتضى علی)
وە رەوزەتانا هەر نوور واران بۆ
تا دەفع زولمەت دیدەی یاران بۆ[5]

دیارە ژمارەی دێڕەکانی ئەم پارچە شیعرە (١٨) دێڕن. (مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس) نووسیویەتی: (مەولەوی) ئەم قەسیدەیەی لەسەر مەزاری (باوایادگار) وتووە کە یەکێکە لە ئیمامزادەکان، هەروەها وتوویەتی: وا دەرنەکەوێ لەسەردەمی کوێریدا وتوویەتی[6]. باشتر وایە لێرەدا قسەیەکمان هەبێت، ئەگەر مەولەوی لەکاتی سەردانی ئارامگەی (باوا یادگار) ئەم هەڵبەستەی هۆنیبێتەوە، ئەوە ئەقڵ نایگرێت لەساڵانی کوێربوونیدا ئەو سەفەرەی کردبێت، چونکە ئەو هەموو بە پیرۆزو بەگەورە زانینەی (باوایادگار) و ئەو هەموو نزاو پارانەوە و خاکسارییە بە لای شاعیرەوە، ئەوە ناسەلێنێت لە ساڵانی پێشتر و لەو دەمەدا تەندروستی باشبووە و

[5] - دیوانی مەولەوی- کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و لەسەر نووسینی (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- لاپەڕە (٣٠٢- ٣٠٤)، بڵاوکەردوەی کوردستان- سنە- (١٣٧٨).

[6] - هەمان سەرچاوەی پێشوو- لاپەرە (٣٠٢- ٣٠٣).

بینایی لەدەستنەداوە، هەرگیز بە خەیاڵیدا نەهاتبێت سەفەری کۆنە گوندی (سەرانە) بکات کە ئارامگەی (باوا یادگار)ی لێیە، چونکە پێشتر چەندینجار سەردانی ئەو ناوچەی کردووە و لە گەڵ خەڵکەکەیدا پەیوەندی باشی هەبووە، بۆ سەلماندنی ئەم راستییە ئەم دێڕە شیعرەی مەولەوی بەڵگەی حاشاهەڵنەگرە کە وتوویەتی:

دیدەم (رێژاوە)ن روخسارم (زەردە)ن

چە داخی (یاران)، (پیران)م کەردەن

ئەوانەی خراونەتە ناو کەوانەکانەوە چوار دێی ئەو ناوچەیەن، زۆر لە مەزای (باوایادگار)ەوە نزیکن، راستەوراست لەسەر هێڵی هاتوچۆی جافە کۆچەرییەکان بوون، کە لە گەرمەسێری (هەسری شیرین و سەرپێڵی زەهاو) بەرەو کوێستانەکانی (دالاهۆ) کۆچی هاوینەیان کردووە، مەولەوی زۆرجار هاتوچۆی ئەو دێیانەی کردووە، بە تایبەت دێی (زەردە) هەر زۆر لە مەزاری (باوە یادگار) نزیکە و لەلای خوارەوەی مەزارەکەدایە، خەڵکی ئەم دێیە هەموویان شوێنکەوتووی رێبوڕەچەی یارسانن، چۆن باوەڕبکەین (مەولەوی) بەردەوام هاتوچۆی ئەوێی کردبێت و رۆژێك لە رۆژان تا ئەو تەمەنە پیرییە سەردانی مەزاری (باوەیادگار)ی نەکردبێت. خۆ ئاشکراشە (مەولەوی) لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا بینایی لەدەستداوە، نەوەك لە گەنجێتی، یان لە ساڵانی ناوەراستی تەمەنیدا، ئیتر چۆن بتوانین بڵێین تا ئەو ساڵانە کە پیر و کەنەفتبووە سەردانی مەزاری ناوبراوی نەکردووە.

بەر لەوەی بچینەسەر راڤەی ئەم دێرانەی خرانەڕوو، وەك پێشتر خراوەتەڕوو شیعرەکە (١٨) دێڕە، ئەو دێڕانەی بە تەواوی لە ژێر کاریگەری ئەدەبی عیرفانی یارساندان ئەم شەش دیڕەن نووسیومانن و لەسەریان دەوەستین و قسەیان لێوە دەکەین.

شاعیر لەم دیڕانەی مەبەستی ئێمەن، بە ئاشکرا (باوایادگار)ی بە سەردەستەی گۆڕی موناجات و پەناگەی هانابۆبردنی خاوەن پێداویستییەکان داناوە، هەروەها بە شوێنی لالانەوەی دەسەڵاتداران و بێدەسەلاتان لە قەڵەمیداوە، کە بە (پادشا و دەروێش) ئاماژەپێداون، ئەوەشی باسکردووە بارەگایە بۆ هەموو کەسێك، ئەگەرچی بێگانە و

نەناسراو، یان خزم و ناسراو بێت. سەرەڕای ئەمانەش بە گۆپکەی بۆنخۆشی ڕەیحانەی پێشەوامان (پێغەمبەری موسڵمانان د.خ) و لاسکی نوێی درەختی پاکی حەزرەتی (فاتیمە) ناویبردوە.

لە ڕاڤەکردنی ئەم شیعرەکەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت. گەورەترین کاریگەری عیرفانی یارسان بە سەر ئەم دێڕەیانەوە دیارە کە وتوویەتی:

**سەرو سایەدار نیشانەی وەلی**

**یەعنی یادگار (مرتضی علی)**

شاعیر لەم دێڕەدا (باوا یادگار)ی بە دەستنەمام و یادگاری (مورتەزا عەلی) ناوبردوە، شتێکی ئاشکراشە (مورتەزا عەلی) لای یارسانەکان مەبەست لە (عەلی کوری ئەبی تالیب)ە، کە بە باوەری ئەوان یەکێکە لە حەوت دەورەکەی خودایەتی و ڕۆحی خودایی تێدا جێگیر بووە، لەمبارەوە سروود و بەخشانەکانی گەواهیدەرن، لێرەدا دوو دێڕ لە (سروودی ستایشی حەزرەتی عەلی) دەنووسینەوە:

**ئەوەڵ ئاخر یار، ئەوەڵ ئاخر یار**

**بوانەم ئە ئای ئەوەڵ ئاخر یار**

**یار یەعنی مەولام ساحیب زولفەقار**

**ئوستادی ئەزەل جە بەر تا بە بار**[٥٢]

واتای شیعرەکان بەمشێوەیە، با ستایشی یاری بەردەوام بخوێنم، یار واتا (مەولام) کە خاوەنی زولفەقارە، دامەزرێنەی بنچینەی زەوی و دەریاکانە..

با بزانین (باوا یادگار) چۆن بووە بە یادگاری (مورتەزا عەلی)، لە دیینی یارساندا (باوا یادگار) یەکێکە لە دۆنەکانی (حەزرەتی حوسێن کوری عەلی)، بە واتا ڕەوانی (حوسێن) لەکاتی (دۆناودۆن) کردنیدا چووەتە چەند تەنێکی ترەوە، لەقۆناغی

---

[٥٢] - (ئەیوب ڕۆستەم)- یارسان- چاپی سێیەم- لاپەڕە (١٩٦)- لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی (جەمال عیرفان).

پەردیوەردا چووەتە تەنی (باوا یادگار)ەوە، بۆ سەلاندنی ئەمەش ئەم دێڕانە دەنووسینەوە:

یادگـــاری یـــار یادگـــاری یـــار
دەخیلـــەن ئامـــان یادگـــاری یـــار
یـــا زاتـــی زاتهـــاك سـەرداری سـەرکار
نـــازی نـــاز رەواج ژە پـــەروەردگار
چلانەی چل تـەن سـەبز پۆش نـوور پۆش
سـەرانەی یـاقی تیـز هـۆش تیـز گـۆش
رەواجـی هـەردین سـەر هەڵقـەی شـاهان
جەمشید جـەم بـەن شـۆن بـەرێ راهـان
ئیرەجـی یـه حیـا سیاڵەحشـی گـەی
(حوسـێن) شـەهید نـه کەربـەلا تـەی[٥٢]

باشە لێرەدا مافی خۆمانە بپرسین، ئەگەر مەولەوی لە تێکست و کتێبەکانی یارسان ئاگادار نەبووبێت و نەکەوتبێتە ژێر کاریگەری بابەتە ئەدەبی و عیرفانییەکانیانەوە، ئەم هەموو شتانەی چۆن زانیوە و لە کوێوە هێناونی کە وا لە شیعرەکانیدا باسیکردووون.

نموونەی سێیەم:

تـەمام تـەعزام تـەرووی پـەردەی پـۆس
مەشـغوڵەن وە ذیکـر نیسـات یـا دۆس
غێـر جـە حـایلێ هـیچ نیـەن بـاقی
وادەی دەورەتـــەن هاتـــا هـــەی ساقی

[٥٢] – (محەممەد ئەمین هەورامانی)- کاکەیی- لاپەرە (٢٢٨)- چاپخانەی (الحوادث) بەغدا.

## مەستم کەر وە جام بادەکەی سەرشار
## تاکەس نەزانۆ منەنان یان یار[٥١]

داخەکەم ئەم دێڕانە لای چەند نووسەرێك لێکدانەوەی هەڵەیان بۆکراوە، پێشتر لەم لێکۆڵینەوەیەدا وتمان، مەبەستمان لێرەدا ڕاڤەکردنی لێکۆڵینەوەکانی ئەو بەڕێزانە نییە، بۆیە تەنانەت ناویشیان ناهێنین، ئەمەش مەتەڵێك نییە داوای لێکدانەوەی واتاکەی لە خوێنەران بکەین، چونکە مەبەستی ئەم بابەتە لە ناوونیشانەکەیدا دیارە و بەو ئاکارەدا کاردەکەین، دیارە هەر وەکو لە پارچە شیعرەکانی پێشتر، هەموو دێڕەکانی ئەم پارچە شیعرەش نانووسینەوە، هەر بۆیە تەنها ڕاڤەی ئەو دێڕانە دەکەین کە مەبەستی باسەکەمانن.

ئەو دێڕانە جۆرە تێکەڵەیەکن لە ئەدەبی عیرفانی ئیسلامی و ئەدەبی عیرفانی یارسان، لە دێڕی یەکەمدا شاعیر سۆفییەکی نەقشبەندییەو هەموو ئەندامەکانی لەشی لە (ذیکر)دان، لێرەدا پێویستە بزانین (ذیکر لەسەر ڕەویەی نەقشبەندییەکان زۆر بێدەنگە، بە ئەندێشەو لە دەرووندا ئەنجامدەدرێت و دووجۆریشە بەمشێوەیە:

١- ذیکری (الله)، واتا ناوهێنانی بەردەوامی خودا.

٢- ذیکری (لا الله الا الله)، واتە نەفی- (نکولیکردن، ملەجێری) و ئیسپات- (سەلماندن- گەواهیدان)، دیارە کە

(لا الله) نەفی و (الا الله) سەلماندنەکەیەتی.

لەکاتی ئەم ذیکرەدا مەرج ئەوەیە واتای مەبەست لەبەرچاوبگرێت، پێویستە ئەو کەسە لە دڵی خۆیدا مەبەستی ئەوەبێت هیچ بوونەوەرێك شیاوی پەرستن نییە، جگە لە (خودا)ی تاك و تەنیا، وە هیچ مەبەست و داخوازیەکی نەبێت جگە لە بەندایەتی بۆ (خودا)، لەمبارەوە لە کتێبی (تەصەووف چیە)دا هاتووە: لە ذیکردا واتا پێویستە نەك (لەفظەکە)، کەسێك کە ذیکر دەکات پێویستە لە کاتی (لا الە)

---

[٥١] - (مەنسووری ڕەحمانی)- ڕۆژژمێری هەتاو لە گەڵ دووکتێب- ناوەندی بڵاوکردنەوەی پرتەوبەیان- سنە.

مەبەستی ئەوە بێ بڵێ کە من خۆم وە هەرچی مەوجوداتە هەموویم لا هیچە، وە لە کاتی (الا الله) مەبەستی ئەوە بێ بڵێ، ئەوەی ئەمێنێتەوە تەنها هەر خودایە[55].

هەر بۆیە (مەولەوی)یش هەموو ئەندامەکانی لەشی لە سەر ئەم ڕەوییە لە ذیکردان و مەبەستی سەلماندنی بوونی (خودا)یە. هەر لە بواری ذیکری خودا لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە:

(فاذکرونی اذکرکم- سورەتی بەقەرە -١٥٢).

لە دێڕی دووەمدا باسی لەوکردووە تەنها پەردیەك هەیە لە نێوان خۆی و خودای گەورەدا، هەر بۆیە داوای مەی ڕۆحی لە مەیگێڕ (خودا) دەکات بۆ ئەوەی ئەو پەردیەش هەڵبداتەوە.

لووتکەی باڵاکردنی دۆخی ڕۆحی (مەولەوی) لە شیعرەکەدا دوا دێڕیەتی، کە تیایدا شاعیر داوای سەرمەستییەکی وادەکات، ڕۆحی لە گەڵ پەروەردگار یەکانگیر ببێت، بە شێوەیەك هیچ کەس نەزانێت کە ئایا (مەولەوی)یە، یان یار.

ئەم دێرە چەقی (یەکێتی بوون- وحدە الوجود)ە، بەڵام لەسەر بنەمای (عیرفانی یارسان)، بەڵگەی زیندووش وشەی (یار)ە، ئەم وشەیە لە تێکستە دینییەکانی (یارسان)دا چەندینجار هاتووە، هەموو جارەکانیش مەبەست لە (خودا)یە، وەك لەم دەربڕینانەدا هاتووە:

هەوەڵم (یار) ئاخرم یار نیشارەتی پیر پادشا

هەوەڵم (یار) ئاخرم یار داود گۆسوار

ئەم دێڕە شیعرە نزای ڕۆژانەی یارسانەکانە و وەك شایەتومانیان وایە، پێویستە لەسەر شوێنکەوتوانی ئەم دینە، شەوانە کە دەچنەسەر نوێنی خەوتن، لەهەر کردارێکی ناڕەوا کە کردبێتیان تۆبەبکەن و ئەم دێڕە شیعرە بخوێنن. (یار) مەبەستی (سان سەهاکی بەرزنجی)یە کە بەپێی قەناعەتی یارسانەکان، (خودایە لەتەنی مرۆڤ- زاتی بەشەری)یە، (پیر پادشا) مەبەست لە پیر بنیامینی شاهۆییە کە لە سەردەمی

---

[55] – (ئەمین شێخ عەلائەددین نەقشبەندی)- تەصەووف چیە- لاپەڕە (٢٩٤)- دار الحریة للطباعة- بغداد.

(پەردیوەر)دا یەکێکبووە لە بازنەی (هەفتەن). لە سەردەمی حەزرەتی عەلی گوری ئەبی تالیب (سەلمانی فارسی) بووە و یەکێك لە دۆنەکانیشی (جبریل)ە، ئەم زاتە پایەیەکی گەورەی لای یارسان هەیە، بۆ نموونە لە سروودی ئەڵقینی مردوودا هاتووە:

ئەوەڵش یارەن ئاخرش یارەن

پەرش بنیامین شاهش خاوەندگارەن[56]

(داود کۆسوار)یش بەهەمانشێوە یەکێکبووە لە بازنەی (هەفتەن) و ڕێپیشاندەری یارسانە، گەورەیی پایەی دیینی (داود) لە چەندین سروودو پەخشاندا هاتووە، هەر بۆ نموونە، لە (سروودی ستایشی داودی کۆسوار)دا هاتووە:

فەریاد رەس داوێد فەریاد رەس داوێد

لە کول یارسان فەریاد رەس داوێد[57]

دیینەسەر ئەوەی مەبەستی (مەولەوی) لە وشەی یار لە دوادێڕی شیعرەکەدا، خۆشەویستەکەی، یان پیرەکەی نییە، چونکە لە سۆفیگەریدا موریدی پێویستە هەموو قۆناغەکان ببڕێت و ڕەوانی بالآبکات، هەتا دواجار دەگاتە لادانی پەردەکە کە شاعیر بە (حایل) ناویهێناوە و بەلادانی پەردەکەش، وەك دوا قۆناغی بەهرەمەندبوون لە عیرفان، ڕەوانی دەگەڕێتەوە بۆ لای پەروەردگارەکەی. ناوهێنانی خودا بە (یار) کە بەلا یارسانەکانەوە هەمان واتای هەیە، بەڵگەیەکی ترە بۆ ئەوەی بۆمان ئاشکرابێت، کاریگەری عیرفانی یارسان بەسەر شیعرەکانی مەولەوییەوە دیارو ئاشکرایە.

پێویستە لێرەدا جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی (عیرفان) لە ڕووە گشتیەکەیەوە چەمك و دیاردەیەکی جیهانییە و دیینەکان لە ڕووی ڕەوانییەوە جۆرە تێکەڵاویەکیان لە نێواندا هەیە، چونکە (هەوەڵم یار، ئاخرم یار) لە دیینی پیرۆزی ئیسلامدا بە: (هو الآول وهو الاخر و الظاهر والباطن) هاتووە.

---

[56] - (ماشەڵا سووری)- سروودی دیینی یارسان- لاپەڕە (٢٠٤).

[57] - (ئەیوب ڕۆستەم)- یارسان- چاپی سێیەم- لاپەڕە (١٩٨).

نموونەی چوارەم:

هەرکەس تەوەلود دووبارەش نیەن
ئەڵبــــەت سەعادەت ستارەش نیەن
هانە ئەشکەنجەی پەستی و تەنگەدا
تا مەنزڵ گێرۆ نە پای سەنگەدا[58]

ئەوەی دیار و ئاشکرایە، بە پێی دینی پیرۆزی ئیسلام مرۆڤ یەکجار لەدایکدەبێت، ئەم لە دایکبوونەش لە دایکبوونێکی رواڵەتییە و هەموو گیانلەبەرەکان تیایدا بەشدارن، بەدەستی خودی گیان لەبەرەکەش نییە، سەبارەت بە مرۆڤ رۆح لە ناو لەشیدا وەك باڵندەی قەفەس وایە، پاش ئەوەی کۆچی دواییدەکات رۆحەکەی بۆ بارەگای یەزدان دەگەڕێتەوە، رۆحی هەموو مرۆڤێکیش تایبەتە بە خۆیەوە، لە رۆژی پەسلاندا بە فەرمانی پەروەردگار دەچێتەوە بەبەریدا و حەشردەکرێت، لەم روانگەیەوە هیچ لە دایکبوونەوەیەکی تری روخساری لە دینی ئیسلامدا نییە، بەڵام لە دایکبوونەوەی مانەوی هەیە کە لە بابەتی (مەولەوی و نامەی شیعری)دا تیشکمخستەسەری و لێرەدا پێویست بە دووبارەبووکردنەوەی ناکات، تەنها ئەوەندە دەڵێم ئەم جۆرە لە دایکبوونە تەنیا لە دونیای عیرفاندایە.

پاش ئەم دێڕانەی خرانەڕوو باس لەوە دەکەم لەدایکبوونەوەی دووبارەی روخساری یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی دینی یارسان، کە رۆحی هەموو مرۆڤێك لەسەر بنەمای (دۆناودۆن) هەزارویەك تەن دەگەڕێت، لە هەزارویەکەمیندا وەك شۆڵەی ئاگر دەچێتە بەهەشت. ئەمەش ئەوەك تەنها بەسەر (مەولەوی)یەوە، بەڵکو بەسەر ژمارەیەك لە گەورە عارفانەوە کاریگەری داناوە و لە شیعرو دەربڕینەکانیاندا بەرچاودەکەوێت، ئەوەتا (شێخ حەسەنی ئەنصاری) وەك تواوەیەکی ناو خۆشەویستی خودایی وتوویەتی:

---

[58] - ( رەئووف مەحموود پوور)- خوێندنەوەی خەسارشناسی لە شیعری (مەولەوی)دا- کتێبی دیداری مەولەوی- لاپەڕە (٢٥٥).

من همان عیسی و منصورم که بردارم زدند
بـــاز بـــردارم گـــرز افتاده انصاری شودم[59]

لەم دێڕەدا ناوبراو زۆر بە ڕاشکاوی باسی لەوەکردووە. ئەو هەمان (حەزرەتی عیسا و مەنسووری هەلاج)ە کە بەداراکران، بەلام پاش بەداراکردنی گیرۆدەی ئەنساری بووە. ئەمە خودی بنەمای دۆناودۆنی یارسانە. کە دیارە لە هەندێك دینی تریشدا هەیە لەوانە، (دینی هیندۆسی).

بەوردبوونەوە لەم دوو دێڕەی شیعری (مەولەوی)یش ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، ناوبراو باس لە دایکبوونەوەی دووبارە دەکات، پێماندەڵێت: هەرکەسێك لەدایکبوونەوەی دووبارەی نەبێت، ئەڵبەتە ئەو کەسە خۆشبەخت نییە و لە پەنای بەردا (مەبەستی گۆڕە)، لە ژێر ئەشکەنجەدایە.

بۆی هەیە خوێنەرێکی نازیز بڵێت کە مەبەستی (مەولەوی) لە لەدایکبوونەوەی دووبارە ڕۆژی (بەسلان= حەشر)ە، بەلام هەر بە پێی دەقەکانی قورئانی پیرۆز ئەوە زیندووبوونەوەیە، نەوەك لە دایکبوونەوەی دووبارە.

بۆ کۆتایی ئەم بابەتە، پێمانباشە ناوڕێك لە دوو دێڕی تر لە شیعری مەولەوی بدەینەوە، ئەگەرچی هەردوو دێڕەکە، ناکەونە ژێر کاریگەری عیرفانی یارسانەوە، بە بۆچوونی ئێمە تەنانەت پەیوەندییان بە هیچ تیزێکی سۆفیگەری و عیرفانییەوە نییە، بەلام بۆ گرنگی ناوەرۆکەکەیان و بلیمەتی و ئاستی بەرزی بیری مەولەوی، هەروەها لێکدانەوەی بۆ بوون و سەرچاوەکەی، لێرەدا دەیانووسینەوە و قسەیەکیان لێوە دەکەین.

هەرچـی دیـت وەچـەم شـی وەسـەفەردا
هەرچـی مـەوینی هـا نـە گـوزەردا
کەس حـاڵی نـەبی وە هیچ نـەفاما
ئەو بەی چێش ویەرد، ئێد بەی چێش ئاما[60]

---

[59] - بارگە بارگە- لاپەرە (٣٠).

مامۆستا (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس) ئەم دوو دێڕەی بەمشێوەیە لێکداوەتەوە: (هەر کەست لەمەوپێش دیوە ئەم دنیایەی بەجێهێشتووە، وە هەرچی ئێستا ئەیبینی بەڕێوەیە بە جێی بێڵێ، کەسیش حاڵی نەبووە و تێنەگەیشتووە، ئەو بۆچی مردوو، ئەم بۆچی لەدایکبوو!!.

مامۆستا (محەممەدی مەلا کەریم)یش، نووسیویەتی:

(مەولەوی وەك هەموو ئەوانەی بیرکردنەوە لەم جیهانە سەرسامیکردوون و زۆریانی خستووەتە سەر ڕێگای پاکانەکردن لە هەموو ئەو شتانەی بە ڕێبازی خەڵکیانەوە ئەبەستێ و زۆریشیانی وا لێکردووە ئەیانتوانیوە تا دوا قۆناغ ڕێگەکەیان بېرن و پاشگەزبوونەوە، بەڵام تا ئێستا کەس وەڵامێکی دڵ متمانە پێکردووی ئەم پرسیارەی پێنەدراوەتەوە، کە هەر لە سەرەتای مێژووەوە خاوەن بیرانی هەموو شوێنێکی تیا حەیرانن، لە یەکێ لەو زمان هەڵکەوتنە بە دەگمەن و نایابانەدا، کە پێ بە جگەری خۆیا ئەنێ تیایاناو زاتی ئەوە ئەکا چی لە دڵیا بێ بێپەردە بیدرکێنێ[٦١]).

ئێمەش بە پێی تێگەیشتنی خۆمان پێمانوایە، ئەمە پرسیارێکی گەورەو جیدییە کە (مەولەوی) وروژاندویەتی، زۆر لە چەمك و تێگەیشتنی (دین)ەوە سەبارەت بە بوون و ژیان دوورە، بەڵام بە تەواوەتی چووەتە نێو چەمك و تێگەیشتنی فەلسەفەوە بۆ ئەو بابەتانە، کە دەڵێین لە چەمك و تێگەیشتنی دینەوە دوورە، بەڵگەمان ئەم ئایەتەی قورئانی پیرۆزە کە فەرموویەتی:

(وماخلقت الجن والانس الا ليعبدون)- سوورەتی (الذرایات- ئایەتی ٥٦).

لەم ئایەتەدا بەتەواوی مەبەستی ئەفراندنی (مرۆڤ و جنۆکە)ش تەنها بە بەندایەتی بۆ خودای تاك و تەنیا دیاریکراوە، بەڵام (مەولەوی) بەراشکاوانە وتوویەتی: هەرچی بەچاو بینیت کۆچیکردو ڕۆیشت، ئەوەش ئێستا دەیبینێت هەر هەمووی بۆ هەمان

---

[٦٠]- دیوانی مەولەوی- کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و لەسەر نووسینی (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- لاپەڕە- (٥٢٨)، بڵاوکەرەوەی کوردستان- سنە- (١٣٧٨).

[٦١] - (محەممەدی مەلا کەریم)- مەولەوی، ژیان و بەرهەمی- کتێبی میهرەجانی مەولەوی- لاپەرە (٣٢)- لە بڵاوکراوەکانی (دیداری مەولەوی)- ٢٠١٠.

مەبەست ملی ڕێگەی گرتووە، لەم نێوەندەشدا تا ئێستا هیچ کەس تێنەگەیشتوە و دەرگی بەوە نەکردوە، ئەو بۆچی ڕۆیشت و ئەمیش بۆچی هات، ئەمە ئەگەر بەوردی سەیریبکەین خۆی لە خۆیدا جۆرە گومانێکە لە مەبەستی پشتەوەی بەردەوامی ژیان. بۆ زیاتر وەستان لەسەر ئەم دوو دێڕە گوزەرێك بۆ لای فەلسەفەی هیندی بکەین، زۆربەی فەیلەسووفە هیندیەکان پێیانوایە مرۆڤ لە ڕۆژی لەدایکبوون و پاشان دەرکردنی بەدەوروبەرییەوە و بەردەوامبوونی ژیانی هەتاکو ڕۆژی مردنی، بێجگە لە هەندێك یادەوەری هیچی تر نییە، دیارە مەبەست لە یادەوەرییەکان تەنها بیرەوەری ئاسایی ڕۆژانەی مرۆڤ نییە، بەڵکو ئەو ڕووداو و کەسێتی و دیاردانەن لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا، دێنە ناو بیر و هزرییەوە، لە ئەستی تاك و کۆئەستی کۆمەڵدا جێگای خۆیان دەگرن و دەبن بە بەشێك لە کەسێتی مرۆڤ.




مۆتیفی عارفێك

# دەوروبەر لە شیعری (مەلەوی)دا

MAWLAWI.KRD

# دەوروبەر لە شیعری (مەلەوی)دا

مەبەست لە دەورووبەر هەردوو جۆرەکەیەتی کە بریتین لە دەورووبەری (مادی) و دەورووبەری (رۆحی)، ئەگەرچی مەبەستی من لەم بابەتەدا باسکردنی ئەم دوو جۆرە دەورووبەرە نییە لە روانگە جیاجیانی (لاهوت، زانست، فەلسەفە)وە، چونکە ئەمانە بابەتی کتێبەکەی من نیین و تەنیا مەبەستم کاریگەری ئەم دوو جۆرە دەورووبەرەیە لە شیعرەکانی (مەولەوی)دا، هەروەها تێڕوانینی شاعیرە بۆیان و وێناکردنیانە لە ناو شیعرەکانیدا. سەبارەت بە دەورووبەری رۆحی ئەوە لە ماناداناەوە و راڤەکردنی نموونە شیعرییەکانی دوو بابەتی ئەم کتێبەدا بە ناوونیشانی: (پەیوەندی رۆحی مەولەوی بە شێخەکانی نەقشبەندی هەورامان و مەولەوی نامەی شیعری)دا قسەم لێوە کردووە، بۆیە لێرەدا بەو بابەتەدا ناچمەوە. بەڵام لەم چەند دێڕانەی خوارەوەدا بە پێویستی دەزانم زۆر بە کورتی ئاورێك لە دەورووبەری مادی بدەمەوە.

دیارە مەبەست لە دەورووبەری مادی (گەردوون) بە هەموو پێکهاتەو دیاردەکانییەوەیە، وەك زانراوە مرۆڤ لە سەرەتاوە هەتاکو (سەدەی پانزەم)ی زایینی، تەنیا لە رێی هەستەکان و بیرکردنەوەیەوە لەم دەورووبەرەی روانیوە و هەوڵی تێگەیشتنی لێی داوە، (گالیلۆ) کە لە نێوان ساڵەکانی (١٥٦٤ز- ١٦٤٢) ژیاوە، یەکەم کەسبووە بۆ روانین لە (گەردوون) بە شێوەیەکی زانستی هاتووەتە بواری کارکردن و پەنای بۆ ئامێر بە مەبەستی تێگەیشتن لە سرووشت بردووە[1].

فەیلەسووفەکان سەبارەت بە (گەردون) لە پێکهاتە و دەرهاویشتەو کاریگەرییەکانی بوون بە چەند دەستەیەکەوە و بیروڕای جیاوازیان خستووەتەڕوو، تێڕوانینی خۆیان لە دیدی فەلسەفەکانیانەوە باسکردووە، هەر بۆ نموونە بۆچوونی (ئیفلاتوون) کە یەکتاپەرستنەبووە و تەنیا باوەڕی بە هێزی ئاسمانی سەبارەت بە خوڵقاندنی گەردوون هەبووە، لە تێڕوانینی (هێگڵ)ی مەسیحی و (ئیبن سینا)ی موسڵمان تەواو جیاوازبووە، چونکە ئەم دووانەیان لە تێڕوانین بۆ گەردوون لە ژێر کاریگەری کتێبە

---

[1] (د. نوری جعفر)- فلسفة التربیة، لاپەڕە ١٨- مطبعة الزهراء- بغداد ١٩٥٩ز.

ئەیوب کریخا رۆستەم

پیرۆزەکانی (ئینجیل و قورئان)دا بوون، بە هەمانشێوە تێڕوانینی فەیلەسووفە بیباوەڕەکان لەسەرووی هەموویانەوە (مارکس و ئەنگلس) جیاوازە لەمانەی ناومانهێنان[٢] .

مرۆڤ لە ماوەی ژیانیدا ئاوێتەی دەوروبەر بووە، هەر چۆن ئەوان کاریگەرییان بەسەریەوە دروستکردووە، ئەمیش هەمیشە هەوڵیداوە لە ناو ئەواندا کاریگەری هەبێت، کارکردنی مرۆڤ لە ماوەی ژیانیدا و ئەو هەموو پێشکەوتنەی بە درێژایی ژیانی لە قۆناغەکانی گەشەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی بەدەستهاتووە، هاوکات پێشکەوتن لە بوارە جیاجیانی تری وەك پیشەسازی و تەکنۆلۆژی و ...هتد، بە جۆرێك مرۆڤی کردووە بە مەزنترین گیانلەبەر، هەموویان کاریگەرییەکانیەتی بە سەر دەورووبەری مادییەوە، ئەوەش لە رێی خەسڵەتە تایبەتەکانییەوە، وەك، (ئەقڵ ، هۆش، ئیرادە، ویژدان).

سەبارەت بە دەورووبەری (رۆح)یش خۆ دیارە ئەوە هەر مرۆڤە لە مێژوویەکی دێرینییەوە لێکدانەوە و راڤەی بۆ ئەم دەورووبەرە هەبووە و بەردەوامیش هەیەتی، چونکە بە تەواوی تایبەتە بە مرۆڤەوە و لە خەصڵەتە تایبەتییەکانییەوە سەرچاوەیگرتووە، هەر بۆ نموونە لە ناو هیچکام لە بوونەوەرەکانی تردا شتێك وەك: (دین و مەزهەب، ئەدەب و هونەر) و هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی تریش نابینرێن.

پاش ئەم دێڕنەی سەرەوە و بۆچوونە ناو مەبەستی سەرەکی ئەم بابەتە، دەڵێم: وەك ئاشکرایە جیهانی بیرکردنەوەی (مەولەوی) لە ژێرکاریگەری زانستە ئیسلامییەکان و سۆفیگەری نەقشبەندیدا بووە، هەربۆیە بۆچوونەکانی سەبارەت بە (گەردوون) هەر ئەوانەن لە ناو زانستی ئیسلامی و سۆفیگەری و عیرفانەکەیدا هەن، ئەگەر بەپناو بەهێنیش لە دێرە شیعرێکیدا دەربڕینی تری هەبن، ئەوە لە کاتێکی زۆر دیارییکراو و لە دۆخێکی تەواو تایبەت لە شیعرەکانیدا خراونەتەڕوو، پاش ئەوە ئیتر گەڕاوتەوە بۆ سەر دۆخە ئاساییەکە. لێرەدا چەند نموونەیەك لە شیعرەکانی دەخەمەڕوو کە

[٢] - هەمان سەرچاوەی پێشوو- لاپەڕە (١٩).

بەشێوەیەك لە شێوەكان مامەڵەی شاعیر لە تەك دەورووبەردا دەخەنەڕوو، هەر وەك لە بابەتەكانی تریشدا وتوومە، لە سەر ڕۆشنایی تێگەیشتنی خۆم لە شیعرەكانی ناوبراو مانایان دەدەمەوە و ڕاڤەیان دەكەم.

نموونەی یەكەم:

١- وەهارەن، تەشریف خاڵ خاسان پەی هەرد
كەم كەم جوانیش ناوەرد پیریش بەرد

٢- جەم جەم سۆسەنان جە تاق تەوق وەردان
سەردان نە هەردان پەرێ هام هەردان

٣- وە رووی زاخاندا چنور لول وەردەن
پەی پای گیان تۆزڕ دام ئامادە كەردەن

٤- بەڕەزا بەو چین توغرای ئاتاوە
شەماڵ مشانۆش، یانێ، وەی لاوە

٥- نەرگس وە مەس مەس مدیۆ كێن ئەو كەس
گۆشەی چاكی دڵ وەرنەدۆ جە دەس

٦- (مەعدومی) غەفڵەت تا جەند و پەی چی
گوش دەر وە ناڵەی سەحەری نەیچی

٧- دڵە وادەی صوبح ئەو وەهارانەن
وەختی ئاگاهی دەردە دارانەن

٨- هەر كەسێ دانش نە فامش نەبۆ
بینی عیرفانش زوكامش نەبۆ

٩- گورفتی دەماخ نەدابۆ پەرداخ
پەی پەی بۆی ئازیز مەیۆش وە دەماخ

١٠- جەی بۆی گیان بەخشە بێ بەش مەمانە
ئەی سوبحە خاسە وە فرسەت زانە

١١- تۆ دیای وە شۆن چەند صوبحی نۆدا

گەو چەند صوبح بدیۆ وە شۆنی تۆدا[٣]

شاعیر لەم پارچە شیعرەدا باسی وەرزی بەهاری کردووە، بۆیە بەر لەوەی بچمە سەر مانادانەوەی دێڕە شیعرەکان بە باشی دەزانم کەمێك سەبارەت بە (بەهار) قسە بکەم: بەهار بە پێی پیشینەی دێرینی مێژوویی و لە سەر رۆشنایی کولتووری دیینی ئێمە، هەر لە یەکەم رۆژییەوە، وەرزی ئافەریدەکردنی مرۆڤ و سەردانەوەی رۆحەکانە بۆ دیدەنی ماواو پلێزی خێزان و کەسوکاریان، وەرزی بەدەستهێنانی سەرکەوتنە بەسەر نەیارەکانماندا، بووژانەوەی گژ و گیا و دارو درەخت زیادبوونی بەرهەمی ئاژەڵ و مەزراکانە[٤]، وەرزی دەرچوونە لە ماڵ بە مەبەستی گەشت و گوزار و دیدەمەستبوون بە جوانی سروشت، وەرزی سەیران و سازدانی زەماوەند و هەڵپەرکێ و ئاهەنگێڕانە، ئەگەرچی مرۆڤ لەم وەرزەدا بەم جوانییانە دیدە مەست دەبێت و چێژی خۆشییەکانی دەکات. بەڵام هەرگیز ناتوانێت وەکو شاعیر دەربڕینی خۆی هەبێت، ئەوەتا (مەولەوی) لەم پارچە شیعرەدا جوانییەکانی بەهاری وەك تابلۆیەکی هونەری جوان و رازاوە نەخشادووە و خستوویەتییە پێشچاوی ئێمە، لە شیعرەکەیدا بەمشێوەی خوارەوە هاتووەتە گۆ:

لە دێڕی (یەکەم)دا شاعیر وتوویەتی: بەهارە و خاڵخاسان بەرە و هەرد و کێو تەشریفدەبەن، ئەمەش کەم کەم جوانی هێناوە و پیری لابردووە، بە وردبوونەوەی زیاتر لەمانای ئەم دێڕە، من پێموایە شاعیر مەبەستی قوڵتری لە نیوە دێڕی دووەمی دێڕی یەکەمدا بووە کە تیایدا هاتووە:

(کەم کەم جوانیش ئاوەرد پیریش بەرد)

---

[٣]- (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- لاپەڕە (٥٢٤، ٥٢٥، ٥٢٦)- انتشارات کردستان..

[٤]- (محەممەد ئەمین هەورامانی)- گوڵزاری هەورامان- بەرگی دووەم- لاپەڕە (٤٤٧)- دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس- هەولێر.

شاعیر لەم نیوەدێڕەدا باسی ئەوە کردووە کوێستانەکان بە وەرزی زستان بەفر دایاندەپۆشێت بەشێوەیەك هەموویان سپی دەردەکەون، بەڵام هەر لە تەك هاتنی وەرزی بەهار و خۆشبوونی کەشوهەوا، بەفر کەم کەم دەتوێتەوە، ئیتر کوێستانەکان دەژێنەوە و بەرگی جوانی ڕەنگاوڕەنگ دەپۆشنەوە. سەبارە بە جوانی وەرزی بەهار شاعیرانمان بە زمانی شیرین و پڕاوپڕ بە ماناکانی جوانی باسی (بەهار)یان کردووە، هەر بۆ نموونە (صەیدی هەورامی) فەرموویەتی:

فەصڵ نە وەهار وەخت گوڵ گەشتەن

سەرزەمین بە ڕەنگ سارای بەهەشتەن

وەخت شادی و عەیش، ئەییام سەیرەن

بەنەش دڵ شادەن، ئەر وەحش و طەیرەن.[*]

لە دێڕەکانی (دووەم،و سێیەم، چوارەم، پێنجەم)دا کە زۆر وابەستەن بەیەکەوەو تەواکاری یەکترن، بەشێوەیەك تێکەڵن، باشتر وایە بەسەر یەکەوە مانابدرێنەوە، (مەولەوی) وتوویەتی: گوڵە سەوسەنەکان کۆمەڵ کۆمەڵ لە ناو تاقەکان و بە سەر بەرزاییەکانەوە بۆ دیداری هاوەڵەکانیان سەریاندەرهێناوە، چنوور بەرووی گاشەبەردەکانەوە پێچاوپێچ لوولیخواردووە، هەروەك داوی بۆ پێی گیان نابێتەوە، هەتاکو گیرۆدەی ئەو جوانییەی بکات، بەڕەزا بە زولفە چین چین و تاتاکانییەوە شەماڵ دەیشەنێ بەم لاو ئەولادا دەیلەرینێتەوە وەك ئەوەی بڵێ وەرن بەم لاوە، نێرگز بە چاوە مەستەکانییەوە دەڕوانێت، ئیتر ئەو کەسە کێیە لە جوانی ئەم دیمەنانە داوێنی دڵی خۆی لە دەستنەدات.

مانادانەوەی ئەم دێڕانە بەدەر لەو رووە ڕواڵەتییەی لەم چەند دێڕەدا خرایەڕوو، پێویستی بە ڕاوەستانی زیاترە لە سەریان، لە باسکردنی ئەوە لەوەرزی بەهاردا گوڵە سەوسەنەکان لە تاقەکانیانەوە سەردەردێنن بە مەستی دیدەنی هاوەڵەکانیان، دەڵێم: دیارە هەر لە کۆنەوە لە ناو کوردەواریدا ڕۆیشتن بۆ کوێستانەکان بە مەبەستی گەشتکردن و گەڕان، هەروەها کۆکردنەوەی ئەو گژوگیایەی بۆ خواردنی مرۆڤ و

---

[*] - (صدیق بۆرەکەیی)- مێژووی وێژەی کوردی- بەرگی یەکەم- لاپەڕە (٤٩٢)- چاپخانە -چهر تبریز.

ئاژەڵ بەکار هاتوون لە وەرزی بەهاردا خوویەکی کۆمەڵایەتی بووە و هاوکات کاریگەریشی لە رووی ئابوورییەوە هەبووە، زۆربەی خێزانەکان لەم وەرزەدا رۆیشتوونەتە کوێستانەکان، دەرفەتی یەکتربینین و پێگەیشتنی دڵداران و خۆشەویستان زیاتر بووە، بۆیە من وای بۆ دەچم مەبەستی شاعیر لە سەردەرهێنانی گوڵە سەوسەنەکان بۆ بینینی هاوەڵەکانیان، ئاشقان و ئەویندارانن لەم وەرزەدا دەرفەتی چاوبڕکێ و سەرەتاتکێ و یەکتربینیان بە هۆی گەشتکردن و رۆیشتن بۆ کوێستان ئاسانتر و خۆشتربووە.

ئەوەتا لە درێژەی دێڕەکاندا شاعیر باسی داونانەوەی چنووری کردووە بۆ گرتنی پێی گیان، ئەمە خۆی لە خۆیدا سەلماندنی ئەو راستییەیە ئەویندارانن لەو وەرزەدا بڕیان لەوە کردووەتەوە دڵخوازانی خۆیان بخەنە داوی خۆشەویستییانەوە، هەروەها چواندنی لە نیوان لەرینەوەی پرچی بەرەزای شاخەکانی کردووە، لە گەڵ پرچی ئەو ئاشقانەی زوڵفیان شانە و تاتا کردووە و بەملاو ئەولای رووممەتیاندا شەکاونەتەوە، ئەوەش وەك بانگکردنێك بۆ ئاشقانیان و بە ئامازە وتوویانە وەرن بەملاوە. هەر لە درێژەی ماناداناەوەی ئەم دێڕانەدا شاعیر باسی لە چاوی مەست و نیگاجوانەکانی نێرگزی کردووە، ئەمەش بە دڵنیاییەوە تەواوکردنی ئەو تابلۆ ئاشقانەیە (مەولەوی) بە سەیرکردنی دڵداران و سەرەتاتکێ و چاوەبڕکێی دەستپێکردووە و هەر بەوەش تەواویکردووە، ئینجا وتوویەتی؛ ئەوە کێیە بتوانێت بەرگەی ئەو دیمەنانە بگرێت و دڵی بەدڵدارەکەی نەبەخشێت.

لە دێڕی (شەشەم)دا شاعیر قسەی لە تەك خۆیدا کردووە و وتوویەتی؛ ئەی مەعدوومی بێئاگا هەتا چەند و بۆچی بە ئاگاپەیتەوە، وەرە گوێ بۆ ئاوازی (نەیچی- شەشالژەن) بگرە، وا ئاوازی سەحەری دەژەنێت.

بۆ زیاتر ماناداناەوە و راڤەکردنی ئەم دێڕە پێویستە بۆ بەکارهێنانی دەستەواژەی (نەیچی) لای شاعیر بگەڕێینەوە، دیارە لە چەندین دێڕە شیعریدا (مەولەوی) باسی لە نەیچی کردووە، هەروەها ئەرکی نەیچی خستووەتەڕوو، زۆرجاریش هانای بۆ بردووە، هەر بۆ نموونە:

أ- ئەیچی سالێدەر قەزات وە مالم

دەمێ دەر جە ئەی دەروون زوخالم

ب- ساقی مەی هەی داد مغنی چەنگێ

ئەیچی های فەریا، مطرب ئاهەنگێ[1]

دیاره لەم دوو دێڕەدا کە وەك نموونە بۆ ناوهێنانی (ئەیچی) لە شیعرەکانی مەولەویدا خرانەڕوو، لە نموونەی (ئەلف)دا شاعیر بۆ چارەسەرکردنی دەردی دەروونی کە بووە بە زوخاڵ داوای ژەنینی ئاوازێکی لێی کردووە، لە نموونەی (بێ)شدا ئەیچی فریادرەسە.

هەر بۆیە من وای بۆ دەچم مەبەستی مەولەوی لە ناوهێنانی (ئەیچی) لە دێڕی شەشەمی ئەم پارچە شیعرەدا، مانا (مانەوی)یەکەیەتی ئەوەك مانای مەجازی، هەر بۆیە لەم دێڕەدا بە خۆی وتووە: ئەو ئەیچییە- (مەبەستی خودای گەورەیە) بە ئاوازی سەحەرییەکەی دونیای هێناوەتە جۆش و خرۆش تۆ بۆ لێی بێئاگابوویت، دەی لەو بێئاگاییەت هەستەو گوێ بۆ داواکارییەکانی ئەو بگرە، بزانە چی لێت دەوێت و جێبەجێیبکە.

بۆ کۆتاییهێنان بە ماناداناەوەی دێڕەکان باس لەوە دەکەم، (سەحەری) یەکێکە لە ئاوازە هەرە خۆش و دڵڕفێنەکانی شمشاڵ، هەموو شمشاڵژەنێك ناتوانێت باش بیژەنێت، بەڵکو شارەزایی و دەست و پەنجەی سەلیقەداری پێویستە. لە هەوراماندا (سەحەری) زۆر باوبووە و تەنانەت لە کاتی گەلکارییە گەورەکان وەك (لۆکەندن و گزرەبڕین) ژەنینی ئەم ئاوازە پاش نوێژی بەیانی، هێما بووە بۆ ئامادەبوون و رۆیشتن بۆ گەلکاری[2].

---

[1]- (حەمەکەریم هەورامی)- مەولەوی شاعیری ئازار و خەمە- چاپی یەکەم- لاپەڕە (۲۷۹)- هەولێر- ۲۰۱۳.

[2]- (ئەیوب رۆستەم)- هەورامان- لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی- کولتوورییە- بەرگی یەکەم و دووەم چاپی دووەم- لاپەڕە (۲۲۸)- سلێمانی (۲۰۰۸ز).

له دێڕی (حەوتەم)دا شاعیر دووباره قسەی له تەك خۆیدا كردووه و وتوویەتی: ئەی دڵ ئەوا بەرەیانی وەرزی بەهاره، كاتی بەئاگابوونەوه و هۆشیاربوونەوەی دەردەدارانه، ئەم دێڕه سەلمێنەری ئەوەیه كه پێشتر باسمكرد، هەر وەك لەم كتێبەدا چەند جارێك وتوومه: سەرچاوەی خۆشەویستی به هەردوو شێوازی (مەجازی و خودایی)یەوه، دڵه، هەر بۆیه به دڵی خۆی وتووه، هەسته و هۆشیاربەرەوه چونكه ئێستا كاتی هۆشیاربوونەوەی دەردەدارانه، مەبەستیشی له دەردەداران، ئەو كەسانەن چوونەته ناو دونیای ئەشقی هەقی خوداییەوه و له پێناو بەدەستهێنانی رەزامەندی خۆشەویستەكەیان وەك دەردەدار و ئازارچەشتوو، هەمیشه و بەردەوام به ناوهێنانییەوه سەرقاڵن و دەناڵێنن.

سەبارەت به گرنگی (دڵ) وەكو سەرچاوەی خۆشەویستی، له سەر رۆشنایی رێبازی رۆمانسی له ئەدەب و هونەردا، دەیكاته سەرچاوەی ئەفراندن و داهێنان، هەر بۆ نموونه (دی مۆسیه) وتوویەتی: گرنگترین شت به لایەوه ئەوەیه هیچ گرنگییەك به (ئەقڵ) نەدرێت، له ئامۆژگاریكردنی یەكێك له هاوڕێكانی خۆیدا وتوویەتی: (له دەرگای دڵ بده)[^].

له دێڕی (هەشتەم، نۆیەم ،دەیەم)دا شاعیر، وەڵامی نەیچی وەرگرتووەتەوه، بەو مانایه (مەولەوی) به ناوی (نەیچی)یەوه قسەیكردووه و تتوویەتی: هەر كەسێك بێ ئەقڵنەبێت و دوورنەبێت له داناییەوه، قوڕگی دانایی تووشی هەڵامەت نەهاتبێت بەشێوەیەك لووتی به تەواوی گیرابێت، دەبێت پەیتا پەیتا بۆنی ئازیز بكات، كەواته تۆش لەو بۆنه گیانبەخشه خۆت بێبەش مەكه و ئەم بەرەبایەنه باشه بۆ خوداپەرستی به دەرفەت بزانه.

بۆ زیاتر وردبوونەوه له مانای ئەم سێ دێڕه، پێویسته بڵێم: لێرەدا (مەولەوی) چووەته ناو دیالۆكێكی گەوره له گەڵ (نەیچی)، بەڵام هەر خۆی قسەیكردووه و خۆیشی به زمانی (نەیچی)یەوه وەڵامیداوەتەوه، وەك به پارچه شیعرەكەدا دیاره له

---

[^] - (ارنست فيشر)- ضرورة الفن- ترجمة (اسعد حليم)- ص ( ٧٣)- الهيئة المصرية العامة للتاليف و النشر — (١٩٧١).

دێڕەکانی پێشووتردا قسەی خۆی کردووە، لەم سێ دێڕەشدا وەڵامی نەبجی وەرگرتووەتەوە، بەڵام هەر خۆیەتی بووە بە زمانحاڵی نەبجی، ئەوەی دەرخستووە مرۆڤی خوداپەرست لەسەری پێویستە لە پێناوی خوداناسیدا ڕێگەی دانایی و ژیری وننەکات، مێشکی خۆی بکاتەوە و بەردەوام تەن و بیر و هزری تەنانەت هەناسشی گە بە (بین) ناویبردووە بۆ ئەو مەبەستە تەرخانبکات، هەتاکو لە گەورەیی و توانای پەروەردگارەگەی تێبگات.

لە دێڕی (پانزەم) کە کۆتا دێڕی ئەم پارچە شیعرەیە، (مەولەوی) هەر بە زمانی (نەبجی)بەوە قسەیکردووە و وتوویەتی: تۆ چەند ڕۆژت گوزەراند و چەند بەیانیت بەرێکرد و لە دوای ئەوان مایتەوە، دەی ئاخۆ چەند بەیانیش پاش ئەوەی دونیا بەجێدەهێڵیت بەدوای تۆدا بڕوانن.

لەم دێڕەدا شاعیر باسی لەوە کردووە تۆ کە تەمەنێکت گوزەراندووە و چەندین بەیانیت بەرێکردوون، نازانی کەی دەمریت و چەند بەیانیش بە دوای تۆدا دەڕوانن، کەواتە بەیانیان زوو هەستە و خوداپەرستیبکە چونکە کاتێکی زۆر باشە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودای گەورە، پێویستە ئەوە بزانین لە لە قورئانی پیرۆزدا هەموو نوێژەکان بە (الصلاة) ناویانهاتووە، بەڵام نوێژی بەیەیانی بە (قرئان الفجر) ناویهاتووە.

**نموونەی دووەم:**

١- وەهارەن، سەیرەن، سەوزەی دیاران

ئم گەوت نە دیدەش چون شەو بێداران

٢- پەی دڵەی مانیای دەروون مەلالان

سایە بەستەوە خەیمەی گوڵاڵان

٣- بۆی یەخەی سەحەر پەی دەماخی دڵ

مانۆ وە نەسیم جێبی جەمین گوڵ

٤- چون دێوانەی شۆر ئازیز ئەسەردا

شەتاو سەرهۆرگرت وە دەشت و دەردا

٥- طولانی چون هیجر خاتر پڕدەردان
ڕەوان وێنەی وەصڵ گەرن بێ گەردان
٦- های جە شنۆی وەش ڕۆح ئەفزای گاوان
ئاخ جە شاخەی تاف سافی سەراوان
٧- ئەك چون تافی چەم پڕ ئەسرینی چەرخ
(بارك الله) چەرخ هەی ئافەرین چەرخ
٨- چەنی جە هەستی وێت تەواسییت
چەنی جۆشی عەشق مەجنوون ئاساییت
٩- بنیە چۆن هۆردان وە نام و ئەنگ دا
بێ پەروا مدۆ وێش وە رووی سەنگ دا
١٠- های سافی هەڵای سەرمایەی خامی
ئەمەدۆم وە دەس ڕای نیك نامی
١١- باوەرە وەش وەش سادەی هەی پەی پەی
تافی هەڵوەزەی سافی شیشەی مەی
١٢- مەوجش بنچینەم بدۆ وە هەمدا
هەستیم دۆ وە بەرد هەردی عەدەم دا[١]

وەك لە دیوانەکەیدا هاتووە (مەولەوی) ئەم پارچە شیعرەی لە سەرچاوەی (زەڵم) هۆنیوەتەوە، کە لە وەرزی بەهاردا بە مەبەستی سەیرانکردن لە تەك ژمارەیەك لە هاوڕێیانی چوون بۆ ئەوێ، دیارە چەمی زەڵم شوێنێکی گەشتوگوزاری خۆش و دڵڕفێنە، لە بەربوونی سەرچاوەی ئاوی زەڵم، هەروەها باخ و باخاتێکی خۆش و دلگیر پێکەوە کەشو هەوایەکی خۆشیان بە ناوچەکە بەخشیوە، هەر لە کۆنەوە تا ئێستا شوێنی گەشت و سەیران ڕابواردنی گەشتیاران بووە. هاوکات لە ڕووی مێژووییەوە بایەخێکی زۆر گەورەی هەیە، چەندین شوێنەواری وەك: (شوێنەواری دیواری

[١]- (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس)- دیوانی مەولەوی- لاپەڕە (٥١٧، ٥١٨، ٥١٩)- انتشارات گردستان.

مەملەکەتی زاموا[10]، قەلای یەزدەگورد، قەلا و سەکۆی خان ئەحمەد خان، شوێنەواری لە گەچگرتنی یووسف ئاسکە= یوسف یاسکە. ئەشکەوتی عەودالان و....هتد) تێدایە.

ئێستاش دەچمە سەر مانادانەوەی شیعرەکە بەمشێوەی خوارەوە:

لە دێڕی (یەکەم ، دووەم)دا شاعیر باسی لەوە کردووە، وەرزی بەهارە و سەوزایی هەموو شوێنێکی داپۆشیوە، گوڵ و گیای دەشت و کۆسارەکان شەونم لەسەریان نیشتووە، وەك فرمێسکی ڕوومەتی ئەوانەی بێداری شەون، بۆ دڵی ماندووی ئەوانەی لە دەروونەوە گیرۆدەن، خێوەتی گوڵاڵەکان بۆیان بووە بە سابات.

بە پێی تێگەیشتنی خۆم ئەو ڕاڤانەی بۆ ئەم شیعرە کراون لە زۆربەیاندا بە هەڵەداچوون، هەروەها گواستنەوەی دێڕی دووەمی شیعرەکەش لە کەشکۆڵ و دەستنووسەکانەوە بە هەڵە وەرگیراوە، دیارە وشەی کۆتایی نیوە دێڕی یەکەم لە دێڕی دووەم بە (مەلالان) هاتووە، بەڵام وشەی کۆتایی نیوە دێڕی دووەم لە هەمان دێڕ بە (گوڵاڵان) هاتووە، من پێیموایە ئەو وشەیە (مەلالان) نییە، بەڵکو (مەلالان)ە کە کۆی (مەلال)دەگەیەنێت، (مەولەوی) لە گەڵ دەروونیدا بەکاریهێناوە، بەوەی وتوویەتی: (دەروون مەلالان)، دەی خۆ دیارە ڕێبوارانی ڕێگەی سۆفیگەری بە چاوی دەروون پەروەردگار دەبینن کە (بەصیرەت)ی پێدەوترێت، کەواتە مەبەستی شاعیر ئەوەیە ئەوانەی ڕێبواری ئەم ڕێیەن شەوان بە دەم خوداپەرستییانەوە دەگرین و فرمێسك بە چاویاندا دێتە خوارەوە، هەتا بتوانن بە چاوی دەروون نیگای پەروەردگاربکەن.

هەر بۆ ڕێز لە هەوڵ و کۆششی ئەو بەڕێزانەی تا ئێستا کاریان لە ناو شیعرەکانی (مەولەوی) کردووە، منیش لە شیعرەکەدا هەر (مەلالان)م نووسیوەوە، بەڵام ئەم ڕوونکردنەوەیەم زۆر بە پێویستزانی.

لە دێڕی (سێیەم)دا شاعیر وتوویەتی: بۆنی یەخەی بەرەبەیان بۆ دڵخۆشکرنی دڵ بە بۆنی خۆشی سنگ و بەرۆکی نازداران دەچێت. دیارە بەرەبەیانی بەهار مرۆڤ بە

---

[10] - (ابو دلف)- سفرنامە ابو دلف در ایران- با تعلیقات و تحقیقات (ولادیمیر مینورسکی)- ترجمە سید ابو الفضل طباطبایی- لاپەڕە (٥٤، ٥٥)- کتابفروشی زوار- تهران.

بۆنی خۆشی گوڵ و گوڵزارو شنەبای نەرم و فێنکی بەرەبەیان سەرمەستدەبێت، هاوشێوەی سەرمەستبوونی بە بۆنی سنگ و بەرۆکی خۆشەویستەکەی.

لە هەردوو دێڕی (چوارەم، پێنجەم)دا کە ماناکانیان تەواوکاری یەکترین، شاعیر وتوویەتی: وەك دێوانەیەکی ئاشق خۆشەویستی دڵدارەکەی شێتیکردبێت، ئەوا شەتاو سەری خۆی هەڵگرتووە و دەشت و دەری گرتووەتەبەر، درێژ هەر وەك دابڕان لە دڵدارانی دوور لە یەکتری، ساف وەك گەیشتن بە یارانی خۆشەویست و گەردن بێگەرد.

من پێموایە مەبەستی مەولەوی لە (شەتاوی سەرهەڵگرتوو) ئاوی چەمی زەڵم بێت کە لەوەرزی بەهاردا زۆر زیاددەکات و لە سەرەوە بۆ خوارەوە شەپۆل شێتانە دەدات، روو لە دەشتی شارەزوور دەکات. کە دەکاتە تەختایی شارەزوور شەپۆلەکانی هێوردەبنەوە و بە شێوەیەك لە شێوەکان بە هێمنی دەڕوات، ئەمەشی زۆر بە جوانی بە ئاشقانی سەرشێت و شوێنکەوتووی خۆشەویستی یار، دەردو ئازاری ئەوانەی بەدەست دابڕان لە خۆشەویستانیانەوە دەناڵێنن، هەروەها بە ژوان و بەیەکگەیشتنی ئارام و خۆشی دڵداران چواندووە.

لە دێڕەکانی (شەشەم، حەوتەم، هەشتەم)دا شاعیر وتوویەتی: ئای لە شنەبای خۆش و ئاسوودەکەری رۆح لەسەر شاخەکانەوە دێت، لە هاژەی تاڤگەی ئاوی بەرزاییەکان کە دەڕژێنە خوارەوە، بەڵام نەك وەکو تاڤگەی چاو پڕفرمێسکی زەڵم کە بە (چەرخ) ناویبردووە، ئەی ئافەرینت بێت چەرخ، چۆن لە بوونی خۆت تەواساوەیت و لە خۆشەویستیت بە هاوشێوەی خۆشەویستییەکەی مەژنوون بۆ دڵدارەکەی.

لە دێڕی (نۆیەم)دا شاعیر هەر سەبارەت بە (چەمی زەڵم) وتوویەتی: سەیرکەن چۆن هیچ باکی بە ئاوو ئاتۆرە نییەو بێنەوەی شەرم لە هیچ بکات و بێباکانە خۆی بەو ئاش و بەردانەدا دەدات.

لە دێڕەکانی (دەیەم، یانزەم، دوانزەم) کە لەبەر پەیوەیسبوونیان بە یەکترییەوە ماناداتەوەیان بەسەر یەکەوە باشە، (مەولەوی) خۆی ئاسایی جارێکی تریش بۆ لای ساقی و مەی گەڕاوەتەوە، وتوویەتی: ساقی هێشتا سەرمایەی تێنەگەیشتن و نەفامی

نامداته دەستی رێگای چاکە و ناوبانگی باش. کەواتە دەسا بۆ کەی؟ دەی زووکە لە تاقگەی شووشەی مەیەوە، مەی روونم بۆ بەربدەرەوە. هەتا شەپۆلەکەی بنچینەی بوونم بدات بەیەکدا و تێکیبدات، خۆشم بدات بە تاشەبەردی کێوی نەبوونیدا. پێویستە ئەوەش بڵێم: مەبەستی لە ساقی و مەی مانا مانەوییەکانیانە لە سۆفیگەریدا، نەوەك ئەوانەی لە ژیانی دونیاییدا هەن.

دیارە لە زیاتر لە شوێنێکی ئەم کتێبەدا باسم لە بوون و نەبوون و ژیان و مردن لە دیدی عاریفانەوە کردووە، هەر بۆیە پێویستناکات بەو بابەتانەدا بچمەوە.

نموونەی سێیەم:

١- ئەوای گەزاوەی لەیلێ نازانەن
سەرەتای تەڵمیت شیرین رازانەن

٢- وەی رۆی دمای کۆچ مەجنون بەختانەن
نالەی فەرهادی زامەت سەختانەن

٣- چون شێویا لانەی دڵان پڕ داخان
جۆق جۆق سیاماڵ شین پەی لەیلاخان

٤- سەرعێل عەرزم هەن لابکەرەوە
خێڵ خانەی دڵان ها لە بەرەوە

٥- ماڵاتش سەرجەم وە دەرد ئەوگارەن
هەردو هەوارگەش مافەتە دارەن

٦- دەوڵەت مەندەنی لا بدەر چەنەش
ماڵات و حەشام وێت مەدەر وەنەش

٧- کۆچی خێرت بۆ ئیمساڵ چون ساڵان
تا لای ئێل بەگی ئێلی ئەوهاڵان

٨- وەختێ چون ساڵان وە دەرون ئاوەرد
پوشانەی دڵان لەوەڕپای ئەو هەرد

ئەیوب گوێخا رۆستەم

٩- پرسان کۆن؟ چێشەن، پۆشانەش نامان

چون تالآن بەردان جواو دەر نامان

١٠- نە دیدەی شادی دیدەنیش خار بێ

چە ئاشنایش تاقەت بێزار بێ

١١- گەنج مەدا سەبوون شارەزووری دڵ

سیروانی هوناو دەروونش گوڵ گوڵ

١٢- واژاوش مەویەرد نە دەماخ دەم دەم

تاف مەوەست سەراو چەرخی زەڵم چەم

١٢- عەدەمش نە پۆش هەستی مەگەرد ساف

منمانا چون خەس هەستیش نە رووی تاف

١٢- هەوای هاژەی تاف بەردەبێ هۆشم

بەلآم ئەی چەند بەیت ناما نەگۆشم

١٤- ئای بەختم تۆغیان وێران مالێشەن

گەرمەسێری دڵ سیا سالێشەن

١٥- کۆزی سوزچیای دەروونی پڕ دەرد

مالآتی شادیم یەکسەر قڕان کەرد

١٦- کزەی رەشەبای هەناسانی سەرد

سیامالێ عەیش تەختە تەختە کەرد

١٧- هاومالآن یاوان بە وارگەی جاران

من بێ بارەبەر مەندەی هەواران

١٨- جەورەگەی سەر ئێل خەم بێ شومارەن

خێڵ خانەم بەرپێچ تا خێڵ ئەو خوارەن[11]

---

[11] - (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- لاپەڕە |(٤٦٢- ٤٦٤- ٤٦٥- ٤٦٦- ٤٦٧)- انتشارات کردستان.

وەك لە دیوانەکەیدا هاتووە، شاعیر ئەم پارچە شیعرەی لە کاتی کۆچی جافەکان بۆ کوێستان هۆنیوەتەوە، دیارە کۆچ و کۆچبار سیمایەکی دیاری ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری زۆرێك لە خێڵ و تیرەکانی کۆمەڵی کوردەواری بووە، سەبارەت بە (ئێلی جاف)یش ساڵانێکی دوور و درێژ لە کۆچ و کۆچباردا بوون لە نێوان گەرمیان و کوێستان بەمەبەستی گەڕان بە دوای (لەوەڕگە) و (سەرچاوەی ئاو)دا، تیرەکانی جاف لە گەرمەی کۆچە گەورە و زەبەلاحەکانی ئێلەکەیان ڕێڕەوی کۆچی خۆیان هەبووە، هەر بۆ نموونە هێڵی کۆچ و کۆچباری تیرەکانی جافی مورادی لە نێوان (گەرمیان و کوێستان) کە مەولەوی لە شیعرەکەیدا مەبەستیەتی بەمشێوەیە بووە:

(مکایەلی) لە ناوچەی (سەنگاو)ەوە پاش تێپەڕبوون لە (سەگرمە و بەرانان) هاتوونەتە سەر ئاوی (تانجەرۆ و عەربەت)، لەوێشەوە بەسەر (گەل پیشان)دا لەسەر شاخی (ئەزمڕ) تێپەڕبون، لەڕێگەی (هەرمێلە)، یان (بەرزنجە و حاجی مامەند)وە شاربازێڕیان جێهێشتووە و بەدۆڵی (کانی دیزان و کۆترە ڕەش)دا ڕۆشتوونەتە لەوەڕگەکانی هاوینەیان لە خۆرهەڵاتی (بانە).

(ڕۆغزایی و تەرخانی) لەڕێگەی (پەیکوڵی و گەورەقەڵا)وە هاتونەتە شارەزوور، (گەلالی) لە پەیکوڵییەوە بەڕێگەیەکی کەمێك دوور لە (ڕۆغزایی) بەلای خۆرهەڵاتدا تێپەڕیوون.

(شاتری) نیوەیان لە هەمان ڕێگەی (ڕۆغزایی)یەوە کۆچیانکردووە، نیوەکەی تریشیان لەگەڵ (هاروونی) لە ڕێگەی تەنگەبەری (بانیخێلان و دەربەنیخان)ەوە هاتوونەتە سەر (تانجەرۆ) و لەپردی (تۆمەتوت) پەڕیونەتەوە.

پاشان هەموو ئێلەکە بێجگە لە (مکایەلی و کەمالەیی)، ئەوان وەك پێشتر باسکر چوونەتە خۆرهەڵاتی بانە، هەموو تیرەکانی تر لە (کەولۆس) یەکیانگرتووەتەوە، ئینجا لە ڕێگەی (تەڕاتەوەن و ئاڵپارێزەوە) ڕۆیشتوونەتە دەشتی (قزڵجە)، دواتر بۆ (شلێر و ناوخوان) ڕۆیشتوون بەڵام (هارونی) لەسەر سنوور لە شاخەکانی نزیك خۆرهەڵاتی (پێنجوێن) و نزیك (مەریوان)دا ماونەتەوە، تیرە و خێڵە بچووکەکانیش

هەندێکیان لە کۆچکردندا تێکەڵ بە تیرە گەورەکان بوون بۆ نوومونە: (کەماڵەیی) لەگەڵ (مکایەلی) کۆچیانکردووە و (عەمەلە و بەیاخی)یش لەگەڵ (هاروونی).

(مکایەلی) بۆ هاوین لە خۆرهەلاتی (بانە) رەشماڵیان هەڵداوە، (رۆغزایی)یش لە (خورخورە)ی نێوان (سەقز) و (دیواندەرە)، (تەرخانی) لە (هەواس بەگ و شەریفئاوا)ی ناوچەی (سەقز)، شاتریش لە (نەکەرۆز و دۆزەغەرە) کە تەنها چەند فرسەنگێ لە (سنە)وە دوورن.

بەم شێوەیە دەبینین (ئێلی مورادی) لە کۆچکردنیاندا زیاتر لە (١٤٠) میلیان بڕیوە[2]، ئەوانەشیان نیشتەجێبوون لە هەردوو دیوی هێڵی کۆچکردنی ئێلەکە خانوویان دروستکردووە، زۆرجار کۆچەرییەکان دەوار و ڕەشماڵی زستانە و کەلوپەلی قورسیان لای گوندنشینەکان جێهێشتووە تەنها رەشماڵ و دەواری بچووك و کەلوپەلی سووکیان لە کۆچی هاوینەیاندا لەگەڵ خۆیان بردووە، خاڵێك زۆر سەرنجڕاکێشە لەو کۆچانەی ئێلی مورادیدا ئەمەیە: سەرەڕای سەختی ژیان لەو سەردەمانەدا و گرانی دابینکردنی پێداویستی بژێوی خێزان، ژمارەیەکی زۆر لە کۆچەرییەکان کاتێك بەرەو کوێستانەکان رۆشتوون (هێزەی رۆن) و کەلوپەلی گرانبەهای تریان لە مەزارگەی پیاوە دینییەکانی ناوچەکە وەك: (مەحمود سەرەوالا) کە ئایینناس و زانایەکی گەورەی کورد بووە، مەزاری لە سەرچاوەی (قوماش)ە، هەروەها (شێخی تەراتەوەن) کە یەکێك بووە لە هاوەڵەکانی پێغەمبەر (د.خ) مەزاری لە رێگای نێوان (سەیسایەق - پێنجوێن)دایە، جێهێشتووە، هەتا لە کوێستان گەڕاونەتەوە، کەسیش نەیوێراوە بەمەبستی دزیکردن لەو شتانە نزیکببێتەوە، چونکە پێیانوابووە ئەو کەلوپەلانە لای ئەو زاتانە بە ئەمانەت دانراون[3].

---

[2]- (سیسل جون ئیدموندز)- کرد، ترك، عرب- ترجمە- جرجیش فتح الله- ص (١٣٦).

[3]- چاوپێکەوتن لە گەڵ (حاجی حەمەئەمین شاسوار، مامە عەلی حارس) لە هۆزی وەیس وەیس سەر بە رۆغزایی، (حاجی عەبدول) لە تیرەی تەرخانی، کە سالانێك لە تەمەنی خۆیان بە ژیانی کۆچ و کۆچباری گوزەراندووە.

ساڵی (١٩٣١ز) حكومەتی ئەو كاتەی (ئێران) مافی (ئێلی موورادی) لە لەوەڕگەكانی هاوینەیان لەناوچەكانی (كوردستانی ئێران)دا رەتكردۆتەوە و بەهیچ شێوەیەك ئامادە نەبووە دان بەو مافەیاندا بنێت. پاشان بەزاندنی سنوورەكانی خۆی لە (ئێلی موورادی) قەدەغە كردووە، ئیتر كۆچكردنی هاوینە لە سنووری شارەزوور تێنەپەڕیوە، ئەوەش بۆتە هۆی لەدەستدانی ژمارەیەكی زۆر لە ئاژەڵەكانیان و بەرزبوونەوەی رێژەی مردن لەناو كۆچەرییەكان بەتایبەت لەناو منداڵەكانیاندا لە ئەنجامی تووشبوون بە نەخۆشی جۆراوجۆری وەك (گرانەتا، مەلاریا، بەلهارزیا، خۆربردن-ضربة الشمس)، ئەمە هۆكارێكی گەورەی خێراكردنی نیشەجێبوونی جافەكانی موورادی بووە[٤].

پێویستە لێرەدا باس لەوە بكەم تا ئەم رۆژگارەش كۆچكردنی هاوینە بە مەبەستی گەڕان بەدوای لەوەڕگە و سەرچاوەی ئاو لەناو (ئێلی موورادی)دا هەیە، بەڵام لە سنوورێكی زۆر بەتەسكدایە، جیاوازی دیاریش لەبەینی كۆچەكانی ئێستا و كۆچە گەورە و زەبەلاحەكانی پێشوودا هەن، هەم لەڕووی رێوڕەسمی خۆسازدان بۆ كۆچ و هەم لە رووی چۆنیەتی بەسەربردنی ئەو كاتانەی بۆ مەبەستی پشوودان و حەوانەوەی خۆیان و ئاژەڵەكانیان لەسەر رێگەی كۆچكردنەكە لایانداوە، چونكە بێشتر ئەو كاتانە بە چڕینی (هۆرە[٥]) و گۆرانی و سازدانی (رەشبەڵەك) بەسەربراون. لەم بوارەدا سەرۆك تیرەكانی جاف هەریەكە هۆرەچڕ و گۆرانیبێژ و تەپڵێدەری تایبەتی خۆیان هەبووە كە لەو رێوڕەسمانەدا دەوری كاریگەریان گێڕاوە، بەڵام كۆچەكانی ئێستا سەرەڕای بچووكی و پەرتەوازەیی چێژ و بەهاكانی زوویان لەدەستداوە.

پاش ئەم دێڕانە دێمەسەر ماناداناوەی شیعرەكان بەمشێوەی خوارەوە:

---

[٤]- (ئەیوب رۆستەم)- هەگبەو هەوارگە- چاپی یەكەم- لاپەرە (٨٣)- ٢٠٠٣ زایینی.

[٥]- دیارترین جۆری هۆرە لەكاتی كۆچكردندا هۆرەی (بانەڕەیی) بووە. (نووسەر)

لە دێڕی (یەکەم)دا شاعیر باسی لەوە کردووە، دەنگی ئەو گەزاوانە دێت نازداران پێیانەوە دەنازن، سەرەتای دەرکەوتنی (تەڵمیت)ی ئەو گوفتار شیرینانەیە بەدەم ڕۆیشتنەوە رازو قسەی خۆش دەکەن، مەبەست لە (تەڵمیت) ئەو جێگەیە بەسەر پشتی ولاخەوە بە بەستنی دووچیغ بە هەردوو لایدا و ڕاخستنی نوێن تەختکراوە بەمەستی دانیشتن و سواربوون.

لە هەردوو دێڕی (دووەم و سێیەم)دا شاعیر باسی لەوە کردووە، کاتی (وەی ڕۆی) ئەو دڵدارانەیە بە هۆی کۆچکردنی خۆشەویستانیانەوە، وەك مەژنوون بەختیان ڕەشە و وەك فەرهاد بەدەست ئازاری سەختی برینیانەوە دەناڵێنن، ئەم ناڵەو ڕۆ ڕۆیە لە ئەنجامی تێکچوونی لانەی دڵدارە داخ لە دڵەکانە، لە ئەنجامی ئەوەی دەستە ڕەشماڵەکان بەرەو کوێستان ڕۆیشتن.

لە دێڕەکانی (چوارەم، پێنجەم، شەشەم)دا کە بەسەر یەکەوە مانایان دەدەمەوە، شاعیر وتوویەتی: ئەی سەرۆك ئێل داوایەکم هەیە، لایەك بکەرەوە خێڵخانەی خۆشەویستەکەم لە پێشەوەیە، هەموو مەڕو ماڵاتەکەی بە دەست نەخۆشییەوە (نەوگارن- لاوازو سیس هەڵگەڕاون)، ماواو هەوارگەشی پەتا و دەردیان تێدا بلاوبوومتەوە، تۆش دەوڵەمەندی و مەڕوماڵاتیکی زۆرت هەیە، لێی دووربکەرەوە و مەڕو ماڵات و ڤەڵەباڵغی خۆتی لێلادە هەتا تووشی نەخۆشی نەبن.

لەم دێڕانەدا مەبەستی مەولەوی ئەوەیە ئەی سەرۆکی ئێل لایەك بکەرەوە، خۆشەویستەکەم لە پێشەوەیە ئەوەندە کاریکردووەتە سەر دڵدارەکانی هەموویان نەخۆشکەوتوون گز و سیس هەڵگەڕاون، ماواکەشی بە تەواوی پەتاو دەرم گرتوویەتییەوە، ئەوەی نزیکیبکەوێتەوە تووشی پەتای خۆشەویستی دەبێت، تۆش کە کەسێکی دەوڵەمەندی و دەورت زۆر ڤەڵەباڵغە نزیك ماواو هەواری مەکەوەرەوە و خۆتی لێلابدە.

لە دێڕەکانی (حەوتەم، هەشتەم، نۆیەم)دا کە وەك هەمان سێ دێڕی پێشوو ئەمانیش بەسەریەکەوە مانادەدەمەوە، شاعیر وتوویەتی: ئەمساڵیش هەر وەك ساڵانی پێشتر کۆچی خێرت بێت، تا دەگەیتە لای سەرۆکی ئێلی (ئەوهاڵان- نازدارانی

تازەپێگەیشتوو)، کاتێك وەك سالآنی پێشوو ئەوەی هێنا بە دڵیدا داوای پووشانە لەو دڵدارانە بکات لە چوارچێوەی هەردی ئەودا لەوەڕاون. ئەگەر باسی منی کرد و پرسی کوا؟، لەبەر چییە پووشانەی نەهاتووە؟. دەستم بە دامێنت وەڵامیدەرەوە وەك کەسێکی مالأنتالأنکراو و پێی بڵێ:

لە دێڕەکانی (دەیەم، پانزەم، دوانزەم، سیانزەم)دا کە تەواوکاری وەڵامی پرسیارەکانی دێڕی (نۆیەم)ن، شاعیر وتوویەتی: پێی بڵێ: ئەوەندە حاڵی خراپبوو، بینینی وەك دڕك وابوو کە چەقیبێتە ناو چاوی شادمانییەوە و توانای مرۆڤ لە ئاشنایەتی لە تەکیدا بێزار بوو، گڵپەی دڵی وەك (سەبوون- گڕە)ی شارەزوور گێژیدەخوارد و خوێناوی دەروونیشی بە چەشنی ئاوی (سیروان) هاتبووە کوڵ. بەیتا پەیتا سەرێژی خوێن لە لووتیەوە سەریدەکرد وەك تاڤگە دەڕژایە چەمی زەڵمەوە. ئەبوونی لە پوشی بوون نابووتیکردبوو، بوونیشی ببووە پووش و پەلاش بەسەر ئاوی تاڤگەکەوە دەمێنواند، هەوای هاژەی تاڤگەکە هۆشی بردبووم. بەلأم گوێم لەم چەند دێڕە شیعرە بوو کە دەیووت: (وتەکان لە شیعرەکانی دواتری ئەم پارچەیەدا دێن).

ئەگەرچی ئەم پارچە شیعرەی (مەولەوی) وەك لە سەرەتاوە باسمکرد بە بۆنەی کۆچی ئێلی جاف لە گەرمیانەوە بۆ کوێستان هۆنراوەتەوە، دێرەکانی یەکەم هەتا نۆیەم ماناداناوەیان ئاسانەو گرێ و گوڵێکی شیعری وەهایان تێدا نییە، بەلأم دێڕەکانی (دەیەم هەتا سیانزەم) زیاتر قووڵبوونەوەیان لە ماناداناوەیاندا پێویستە، وەك خۆیان تێگەیشتنیان بۆ خوێنەر ئاسان نییە، تەنانەت بۆ راڤەکاران و شارەزایانی بواری (مەولەویناسی)ش ماناکانیان بە ئاسانی بەدەستنایەن.

لەم دێڕانەدا شاعیر بە زمانی ئەو سەرنێلەوە قسەیکردووە کە هانای بۆ بردووە بۆ لای ئەو نازدارەی بە (شای ئەوهالأن- شای نازدارانی تازەپێگەیشتوو)ناویبردووە و وەڵامی پرسیارەکانی ئەوی داوەتەوە، باسی خراپی دۆخی هاناهێنەری بە زمانی شیعر بۆ کردووە، کە دیارە ئەم زمانە لە تەك (جوانی و هونەر ماناو ...هتد)، رەوایی دەداتە خۆی زیادەڕۆییبکات، هەندێکجار زیادەڕۆییەکان ئاستی زیری و تاقەت و توانای مرۆڤ تێدەپەڕێنن، بەلأم ئیتر ئەمە شیعرە و زمانی شیعر بەو شێوەیە

دێتەگۆ. لەم دێڕانەدا شاعیر چەند وشەیەکی بەکارهێناوە، لەوانە (سەبوون= مانای گڕەی بەتینی گەرما دەدات، (واژاو= مانای سەرڕێژی ئاو)دەدات، (هەستی) لە ناو فەرهەنگ و زمانەوانیدا بە چەند مانایەك هاتووە، لەوانە، (بوون، ئێسقان، ڕاستەوبی[٦]) بەلام لەم دێڕەدا مانای (بوون) دەدات، هەروەها (خەس) ئەگەرچی چەند مانایەکی هەیە بەلام شاعیر بە مانای پوش و پولاش بەکاریهێناوە، دیارە بەبێ مانازانینی ئەم وشانە تێگەیشتن لە کۆی چوار دێڕەکان مەبەست لە دێڕەکانی (دەیەم هەتا سیانزەم)ی شیعرەکەیە گراندەکەوێتەوە.

ئەو زیادەڕۆییەی پێشتر ئامارەمان بۆ کرد لەم چوار دێڕەدا ئەوانەن کە بۆ وەلامدانەوەی (شای ئەوهالان= شای نازدارانی تازەپێگەیشتوون)، بەوەی شاعیر گەرمی هەوای دڵ بووە بە گڕەی شارەزوور، خوێناوی بووەتە ئاوی ڕووباری سیروان هاتوەتە کوڵ- (مەوجیداوەتەوە) ، بەشێوەیەك لە لووتییەوە پەیتا پەیتا سەرڕێژیکردووە وەك تافگەو رژاوەتە چەمی زەڵمەوە، بوونیشی بووە بە پووش و پەلاش و بە سەر ئاوی تافکەکەوە خولیخواردووە. لێرەدا پێویستە قسە لەوە بکەم لە ڕاستیدا ئاوی زەڵم دەڕژێتە سیراونەوە، بەلام لێرەدا مەولەوی پێچەوانەی کردووەتەوە و ئەمەش زمانی شیعرە وەك پێشتر ئامارەمان بۆی کردووە.

لە دێڕەکانی (چواردەم، پانزەم، شانزەم، حەفدەم، هەژدەم) کە دیارە وابەستەبوونیان بە یەکەوە پێویستیکرد بەسەر یەکەوە مانابدرێنەوە، لەم دێڕانەدا (سەرئێل) ئەو چەند شیعرەی خستووەتەڕوو لە جەستە بە پووش و پەلاشبووەکەی بیستوون لەو کاتەی بەسەر ئاوی تافکەکەوە خولیخواردووە و تیایاندا وتوویەتی: دەسەلاتی بەدبەختیم ئەوەندە بێبەزەییە لەو پەڕی وێرانمانیدام، گەرمیانی دلیشم بە تەواوی ساڵی نەهاتی و بێبارانییەتی. (کۆز= مەبەست لە جێی کار و بەرخ)ی دلم بە تەواوی سووتاوە و مەڕوماڵاتی خۆشی و شادیم یەکسەر قڕانییان کردووە، گزەی ئەو ڕەشەبایەی لە هەناسە ساردەکانمەوە هەڵیکردوە، ڕەشماڵی ژیانمی تەختە تەختە کردووە، هەموو هاوماڵەکانم گەیشتە هەوارگەو شوێنی جارانییان گەچی من لە جێی

---

[٦]- (هەژار) - هەنبانە بۆرینە- لاپەڕە (٩٧٥)- چاپ ششم- سروش- تهران.

خۆم ماومەتەوە چونکە باردبەرم نییە. ستەمی سەرنیلی خەم ئەوەندە زۆر و لە رادەبەدەرە، خێڵخانەم هەر بە پێچراوەیی ماوەتەوە. هەتاکو ئەو دەمەی خێڵ لە کوێستانەوە بۆ گەرمیان دەگەڕێتەوە.

بۆ زیاتر وردبوونەوە لە مانای ئەم پێنج دێڕەی سەرەوە (چواردەم هەتا هەژدەم) پێویستە ئەوە بزانین تیایاندا هاتووە. ئەو سەرنیلەی عەرزەی دراوەتێ و بۆ لای (شای ئەوهالان) پەیامی گەیاندووە، وتوویەتی: گوایا گوێی لەم دێڕانە بووە لە جەستە پە پووش و پەڵاشبووەکەی بیستوون. دیارە ئەو جەستەیەش بە دەست ئازارو مەینەتی دابڕان و خۆشەویستی ئازیزانەوە لە ئەنجامی کۆچکردنیان بۆ کوێستان بەو ئەنجامە گەیشتووە، جەستەکە وتوویەتی: ماڵی بەختی بە تەواوی وێرانە و گەرمیانی دڵی لە ئەنجامی بێبارانیدا بە تەواوی رەشبووەتەوە، وەك زانراوە لە ساڵانی بێبارانیدا گیاو شینایی گەرمیان وشکدەبن و ئیتر زەوییەکەی رەشدەبێت و سەوزایی نامێنێت، هەروەها وتوویەتی کۆزی دەروونی پڕ دەردم بە تەواوی سووتاوە و شادی تیایدا نەماوە، هەرچۆن لە ئەنجامی درم و پەتاوە کاروبەرخی ناو کۆزی ئاژەڵدارەکان فڕاندەکەن، هیچ کاروبەرخێکی تێدا نامێنێت. گزەی رەشەبای هەناسە سەردەکانی رەشماڵی ژیانی بە تەواوی تێکداوە و پارچە پارچەیکردووە، پارچە پارچەکردنەکەی بە (تەختە تەختە) ناوبردووە، ئاشکرایە ئەمەش وردەکارییەکی تری (مەولەوی)یە، رەشماڵ لە چەند پارچەیەك درووستدەکرێت پێیاندەوترێت (تەختە) بەیەکەوە دەدوورێن، کاتێك ئەو تەختانە لە یەکجیابوونەوە، ئیتر شتێك نامێنێت ناوی رەشماڵبێت. لە درێژەی دێڕەکاندا هاتووە، هەموو هاوماڵەکان گەیشتنە کوێستانەکان بە هەوارگەو شوێنی جارانی خۆیان شادبوونەوە، بەڵام من هیچ بارەبەرێکم نەبوو، ئەوەتا هەر لە شوێنی خۆمدا ماومەتەوە. مەبەست لە (بارەبەر) ئەو وڵاخانەیە لە کاتی کۆچ و کۆچباردا کەل و پەل و پێداویستی لێیان بارکراون، هەروەها کۆچبەران سواریان بوون، مانەوەکەشی لە دوا دێڕدا دەرخستووە کە لە ئەنجامی ستەمی زۆر و لە رادەبەدەری (سەرنێلی) خەمەوەیە و خێڵخانەکەی هەتا کۆچ و کۆچباری خێڵ لە کوێستانەوە بۆ گەرمیان دەگەڕێتەوە، هەر بە پێچراوەیی دەمێنێتەوە. بۆ کۆتاییهێنان

به مانادانەوە و راڤەکردنی ئەم پێنج دێڕە بە بۆچوونی من سووتانی گۆزی دڵی شاعیر و تاکبوونەوەی لە هاوڕێانی، هەروەها نەبوونی باردبەر و پێچانەوەی رەشماڵکەی تا نێل لە کوێستان دەگەڕێتە، گەڕانەوەیە بۆ بابەتی سۆفیگەر و عیرفان، چونکە سەفەرکردن بۆ کوێستانی بەسەفەرکردن و باڵاکردنی رۆحی بۆ لای پەروەردگار چواندووە، کە ئەو تیایدا بەجێماوە و چاوەڕێی گەڕانەوەی نێل دەکات، بە واتا کاتی زۆرتری پێویستە و هەوڵی زیاتری دەوێ، سەبارەت بەم جۆرە سەفەرە (شێخ مەحموودی شەبستەری) فەرمووویەتی:

بعکـــس سـیر اول در منــازل
رود تــا گــردد او انســان کامــل[17]

مەبەست لەم دێڕە ئەوەیە مرۆڤی (رێکەر= سالك) بۆ لای یەزدان، لەسەرەتاوە رێگەی سۆفیگەری دەگرێت بۆ بڕینی مەقامەکان، پاشان ئیتر بەرە و (مرۆڤی تەواو- ئینسانی کامیل) و (فەنا فی ئەلا) دەڕوات.

نموونەی چوارەم

١- موبارەکت بۆ بەزمی ئەو وە خەیر
توخوا تەنخوای من خاس خاس بکەر سەیر

٢- سەیر کەر تەماشای ئەو جەمین چامان
وە خوصوص ئازیز شای ئەومەمامان

٣- وەختێ ئامۆشۆی ئاماو لواشەن
تەرزەکەی وە بەرز دەوردەی سەماشەن

٤- گرمەی نەقارەو لرفەی شەروالان
خشپەی پاموورەو زرنگەی خرخالان

[17]. (محمد لاهیجی گەیلانی)- شرح گلشن راز- چاپ اول- لاپەڕە (٢٥٤)- چاپ مهارت.

٥- جریکەی سڕناو پریکەی خەندە

پەشێوی زوڵفان ریشەی دڵ کەندە

٦- نیشارەی وە ناز لەب خەندەی وە نەرم

نمانای خاڵان نە تۆی پەردەی شەرم

٧- سەرجۆیی وەناز قوڵ هۆردای دەسماڵ

بریقەی شیشە و لەرەی لیمۆی کاڵ

٨- ورشەی ستارە ئەو زوڵفی بوم زەڕ

چون قەوس و قوزەح گرتەن دەوری وەر

٩-جەو بە زمی شیرین منیش کەر وە یاد

بەزمتان جەم بۆ دایم وە دڵشاد

١٠- من وێم زوم زانان تاڵەم پەشێوەن

رەفیقم مەینەت نەنیسم دێوەن

١١- خودا وە تۆش دان سەیری نەمامان

وە من رەنگ زەردی ناڵەی بێ سامان[١٨]

وەك لە دیوانەكەیدا هاتووە (مەولەوی) ئەم پارچە شیعرەی بۆ (مەحموود پاشای جاف) نووسیوە بە بۆنەی زەماوەندكردنیەوە لە تەك (ئەمنە خانی كچی قادر بەگی رۆستەم بەگی وڵەد بەگی)، (مامۆستا مە عەبدولكەریمی مودەڕیس) باسی لەوەش كردووە، گوایا لە (حسێن بەگی حەسەن بەگی جاف)ی بیستووە، ئەمە یەكەم ژنهێنانی ناوبراو بووە، هاوكات نووسیویەتی لەو زەماوەندەدا ژنێكی گۆرابێژی خەڵكی (كرند) گۆرانی بۆ ژنان چڕیوە[١٩].

دیارە من لە بابەتی (مەولەوی و نامەی شیعری) چەند دێڕێكم سەبارەت (مەحموود پاشای جاف) باسكردووە و هەر بۆیە بەو باسەدا ناچمەوە، بەڵام پێویستەكات لێرەدا

---

[١٨]– (مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- لاپەڕە (٤٣٦، ٤٣٧، ٤٣٨)- انتشارات گردستان.

[١٩]– هەمان سەرچاوەی پێشوو- پەراوێزی لاپەڕە (٤٢٦).

شتێك سەبارەت بە گۆرانی و هەڵپەرکێ و رەویەی زەماوەندگێڕانی ئەو سەردەمانە باسبکەم، چونکە بەشێکی دیارو کاریگەر بووە لە ژیانی کوردەواری. هەر بۆیە بەر لەوەی بچمە سەر ماناداناەوەی پارچە شیعرەکە پێمباشە سەبارەت بە هەڵپەرکێ گۆرانی قسەبکەم کە بەشێکی زیندوو بوون لە ناو زەماوەندەکاندا.

١- هونەری گۆرانی: مرۆڤ هەر لە سەرەتای ژیانییەوە گوێی بۆ جریوە و ئاوازی جۆراوجۆری باڵندە وگیاندارەکانی تر، گفەی با، خوڕە و هاژەی کانیاو وچەم، چرپەی درەختی دارستانەکان هەڵخستووە، ئەم دەنگانە کاریانلێکردووە و کاردانەوەی مرۆڤیش بەرامبەریان بە پێی سەرچاوەی دەنگەکان جیاواز بوو، هەندێکیانی بە خۆش و دوست زانیوە، لەهەندێکیشیان ترساوە و لەبەریانهەڵهاتووە، لەلاساییکردنەوەی ئەم دەنگانەوە سەرەتاکانی گۆرانیچڕین سەریانهەڵداوە[٢٠].

گۆرانی فۆلکلۆری (میللی) کە هەمیشە لە ناو کۆمەڵی کوردەواریدا ئامادبوونیان بووە و هەیە، چەندین پێناسەیان بۆکراوە و تائێستاش پێناسەی جیاجیا دەردەکەون، ژمارەیەك لە لێکۆڵەرەوانی ئەم بوارە وتوویانە: (گۆرانی میللی- فۆلکلۆری) سەرەتا کەسێك دایهێناوە، ئینجا کۆمەڵ گۆرانی تێداکردووە و خستوویەتییە ژێر رکێفی ئەقڵ و ویژدانییەوە و بووە بە موڵکی کۆمەڵ.

هەندێکی تریش وتوویانە: (گۆرانی میللی) گۆرانییەکە خەڵکان دەیچڕن و دەماودەم وەچەکان بۆ یەکتری دەیگوێزنەوە بە بێئەوەی بنووسرێتەوە[٢١].

کۆمەڵی کوردەواری سەرچاوەیەکی گەورەی ئەم گۆرانییانەیە، گۆرانییە میلییەکان پانتاییەکی گەورە لە هونەری گۆرانی کوردی دەگرنەوە، ئەم گۆرانییانە سروشتی کوردستان لە: (شاخ و کێو، پاڵ و دۆڵ، چەم و کانیاو، رەز و باخ، سەیرانگە و هەوارگە، گوڵ و گوڵاڵە، گژوگیا...هتد)، هەروەها جۆری ژیان خەڵك لە هەموو بوارەکانی (کۆمەلایەتی، ئابووری، رۆشنبیری، سیاسی، دیینی) بە زمانێکی تەڕوپاراو و بەنموونەی ناسك و بێگەرێ و گۆڵە دەدەن بە گوێی گوێگرەکانیاندا و

---

[٢٠]- (د. حميد مجيد)- الاثنولوجيا و الفلكلور- (ص٢٨)- من منشورات جامعة بغداد.

[٢١]- (ئەیوب رۆستەم )- (هەگبە و هەوارگە) لاپەڕە (١٧) - ٢٠٠٣ سلێمانی.

سەرمەستیاندەکەن، زمانی گۆرانییەکان زمانێکی ئاساییە ونەو شیعرانەش گۆرانییەکانیان پێدەوترێت هێنی شاعیرەکان بن. یاخود فۆلکلۆری بن، هەر لە؛ (جوانی سروشتی کوردستان، دڵداری و خۆشەویستی، گلەیی وسەرزەنشتکردن، دابڕان و لێکجیابوونەوە، بێزاری لە دووری و غەریبی و بێمەیلی، پاڕانەوە و ستایشکردن، گاڵتە و گەپ، سووکایەتیکردن بە خەڵکانی بەد و ناحەز و پیاوخراپ، هەروەها ترس لە پیری و نەخۆشی و پەککەوتن، ترس لەمردن. . .هتد) دەگرنە خۆیان.

گۆرانییە میللییەکانی کورد بە شێوەیەکی سەرەکی دەبن بەچەند جۆرێکەوە بەم شێوەیە؛

ا- گۆرانی رەسەنی (گوردی- کوردی) جۆرێکن لە گۆرانی رەسەنی کوردی و فوولاییەکی گەورەیان لە مێژووی هونەری گۆرانی میللەتەکەماندا هەیە، بەشێکی هەمیشە زیندوون لە ناسنامەی مرۆڤی کورد، لەوانە: (لاوك، حەیران، سیاوچەمانە، هۆرە... هتد)، هەر بۆیە وتمان کوردی –کوردی. تا رادەیەکی زۆر دوورن لە کاریگەری هونەری گۆرانی دەرەوەی کۆمەڵی کوردەوارییەوە.

ب- گۆرانی خاو: ئەم گۆرانییانە زۆر زۆرن وسەدان بەزمیان هەیە، هەندێکیان زۆر کۆنن و وەچە دوای وەچە گوێزراونەتەوە و هەندێکیشیان تارادەیەك تازەن، گۆرانییە خاوەکان لێوان لێون لەشیعری خۆماڵی و وێناکردنێکی ریالیستانەی سروشتی کوردستان و جۆری ژیانی خەڵکەکەین، ئەم گۆرانییانە هەندێکیان پێیاندەوترێت (نەرمە بەزم- وردە بەزم)، هەندێکیشیان پێیاندەوترێت (بەزمی گەڕیان) هەروەها (سۆزی سۆفی و دەروێشان و گۆرانی دینی ... هتد).

۲- گۆرانی چەپڵەڕێزان: ئەم گۆرانییانە ناسانترین جۆری گۆرانی کوردین هەموو گۆرانیبێژەکان دەتوانن بیانچڕن، ماوەیەکی دوور و درێژە شوێنی خۆیان لەناو فۆلکلۆری بیستراوی کورددا کردوەتەوە، بەشێوەیەکی گشتی دیوی خۆشی ژیانی خەڵکی کۆمەڵی کوردەواری دەخەنەڕوو، گۆرانی چەپڵەڕێزان لەچەندین شوێن و کاتی جیاوازدا خۆشی و بەشارەت دەبەخشنەوە لە؛ (شایی و زەماوەندەکان، گەلکارییەکان، سەیرانەکان)دا گەرمکەری کۆری هەڵپەرکێ و رەشبەڵەکن، هەروەها لە گەرمەی

شەونشینی ناو: (ماڵ، باخ و هەوارگەکان، مەزراکان)یشدا ئامادەبووان دڵخۆش و سەرمەستدەکەن، گۆرانیبێژەکان جارجار لەگەڵ ژەنینی شمشاڵ و زۆربەی کاتەکانیش لەگەڵ چەپڵەرێزانێکی گەرمدا دەیانچڕن، شتێکی ئاشکرایە ئەو چەپڵەرێزانە ئیقاعی گۆرانییەکانە و بەزمەکانیان لەسەر ریتمی تایبەت بەخۆیان رێکدەخات.

٤- گۆرانی کار: ئەم گۆرانییانەش لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا چەندین بەزمیان هەیە، بەزمەکان زیاتر لە ناو گەلکارییەکاندا وتراون، یان بەدەم کارکردنەوە ئەگەرچی گەلکاریش نەبووبێت، هەر بۆ نموونە، گۆرانییەکانی تایبەت بە: (دروێنە، ساوەرکوتان، لۆ و گزرەبڕین ...هتد)، هەروەها هەندێك گۆرانی تایبەتبوون بە ڕێوڕەسمی گواستنەوەی بووك لە ماڵی باوکییەوە بۆ ماڵی مێردی.

هەر لەم بوارەدا پێویستە بڵێم، هەندێك ئامێری مۆزیك لەسەردەمە کۆنەکانەوە و ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە کوردستاندا بایەخیان بووە و هەیە لەوانە: (شمشاڵ، دەف، تەپڵ، دەهۆڵ، زورنا، تەمبوور، ساز)، سەبارەت بە: (تەپڵ، دەهۆڵ، زۆرنا، شمشاڵ) زیاتر لە کاتەکانی (زەماوەندگێڕان، گەلکارییەکان، سەیرانەکان) بەکاردەهێنرێن، هەندێکجاریش گۆرانیبێژەکان هاوڕێ لەگەڵ ژەنینی (تەپڵ، دەف، شمشاڵ)دا گۆرانی دەچڕن، (تەمبوور و ساز)یش لە کاتی جەمە دینییەکانی شوێنکەوتووانی ڕێوڕەچەی (یارسان) ئامادەبوونیان هەیە، (دەف)یش زۆرجار بەتەنها و هەندێکجاریش هاوڕێ لەگەڵ شمشاڵدا لە کۆڕی زیکری خانەقادا ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی (دەف) لە زۆربەی بۆنە دینی و کۆمەڵایەتییەکاندا شوێنی دیاری هەیە وەك: (خوێندنەوەی مەولوودنامە، بەخاکسپاردنی مردوو...هتد).

٢- هونەری هەڵپەڕکێ:

هەڵپەڕکێ هونەرێکی میللی گەورەیە و لەگەڵ ژیانی مرۆڤدا بەردەوامە، لە سەرچاوەکاندا هاتووە لە ڕیزی پێشەوەی ئەو کارانەوە دێت کەلە سەرەتاییەکان پاش کارکردنیان بۆ دابینکردنی خۆراك و شوێنی حەوانەوە کردوویانە[٢٢]. هەروەها

[٢٢]- (شلدون تشینی)- تاریخ المسرح فی ثلاثة الاف سنة- الجزء الاول- ترجمة (درینی خشبة)- مراجعة- (علی فهمی)- المؤسسة العربیة العامة للتالیف و الترجمة و الطباعة و النشر.

کاریگەری دیاریشی لەسەر ڕەوتی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵە جیاوازەکان بووە و هەیە، هەرکاتێك باس لە (خۆشی و ناهەنگ، زەماوەند، ژنهێنان، سەیران و گەشت) دەکرێت یەکسەر هەڵپەڕکێ دێتە مەیدانەوە. هەڵپەڕکێ بەشێکی زیندووە لە فۆلکلۆری گەلان، هەموو گەلێك تایبەتمەندی خۆی هەیە لە هەڵپەڕکێدا، ئەو تایبەتمەندییانەش لە چەند هۆکارێکەوە سەرچاوەدەگرن وەك: (سروشتی ئەو ناوچەی مرۆڤی تێدا دەژیی، کەشوهەوا، جۆری ژیان و گوزەران لەبوارەجیاجیاکانی کۆمەلایەتی، سیاسی، رۆشنبیری، ئابووری ..هتد)، هەر بۆ نموونە هەڵپەڕکێی خەڵکە کوێستاننشینەکان هەمیشە خێرا و بە جووڵە و گەرموگوڕە، چوونکە لەو شوێنانەدا مرۆڤەکان لەسەریان پێویستە گورج وگۆڵبن، بەلام هەڵپەڕکێی خەڵکە گەرمیاننشینەکان خاوترە و ئەو گەرم و گوڕییەی نییە، دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری سروشت.

ئەگەر بەراوردێك بکەین لەنێوان هەڵپەڕکێی ئەو گەلانەی سەربەخۆ و خاوەن دەولەتن کەمتر ژیانی چەوساندنەوە و ژێردەستیان چێشتووە، دەبینین جیاوازییەکی تەواوی هەیە لەگەڵ هەڵپەڕکێی ئەو گەلانەی زۆربەی ژیانیان بەژێردەستی و کولەمەرگی وچەرمەسەری بردۆتە سەر، لێرەدا نموونەیەك لەسەر جۆرێك لە (هەڵپەڕکێی کوردی و هەڵپەڕکێی ئەوروپی) دەهێنمەوە، دەبینین ئەوروپییەکان لەکاتی سەما و هەڵپەڕکێکانیاندا زۆر ئازادن، بەشێوەیەکی تاك لەناو کۆمەڵی هەڵپەڕکێکاراندا دەجووڵێنەوە تەنیا و تەنیا لە ڕووی ئیقاع و ئەزمی هەڵپەڕکێکەوە وابەستەن بەکۆمەڵەکەیانەوە، ئیتر لە ووردەکارییەکانی تردا تەواو بە ئازادانە دەجووڵێنەوە و دەتوانن ئەفراندنبکەن، دیارە ئەمەش ڕەنگدانەوەی جۆری ژیانی (کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیری و رامیاریی . . .هتد) خۆیانە، چونکە خەڵك لەوێ ژێردەستنین و لە هەموو مافە مرۆڤایەتییەکانیشیان بەهرەمەندن.

بەڵام ئەگەر سەرنجی (هەڵپەڕکێی کوردی) بدەین دەبینین، ئەو کەسانەی ڕیزی هەڵپەڕکێکەیان دروستکردووە راستەوڕاست شانیان لەیەکتری توند کردووە و بەیەکترییەوە بەسراونەتەوە، بەپێی جۆری هەڵپەڕکێکە وەك زنجیرێك پێکەوە

گریدراون، هەموو جووڵەکانیان وەك یەکە هیچ تاکێکیان لە هەڵپەڕکێکەدا ئازاد نییە و پێویستە وابەستەی کۆمەڵەکەی بێت، ئەوەیان کەمێك ئازادبێت تەنها (سەرچۆپیکێش)ەکەیە، بەیناو بەین دەتوانێ بەشێوەیەکی کاتی دەست لەڕیزەکەی بەربدات و چەند جووڵەیەکی بچووك بکات، بەڵام هەر دوای جووڵەکە دەگەڕێتەوە ناو ریزەکە و خۆی بەوانی تردەوە گرێدەداتەوە، ئەمە خۆی لەخۆیدا ئەوەمان بۆ دەسەلێنێت کە ئازادییەکەی سەرچۆپیکێشیش هەر زۆر بەرتەسك و سنووردارە و بەبێ ریزەکەی هیچی پێناکرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دۆخە ناهەموارەی گەلی ئێمەی تێدا ژیاوە و هەرگیز ئەو سەربەستییەی بۆ مەیسەر نەبووە بتوانێت ئازادانە بجووڵێتەوە.

پاش ئەم ئاوڕدانەوەیە لە هونەری گۆرانی و هەڵپەڕکێ لە ناو ژیانی کۆمەڵی کوردەواریدا، دەگەڕێمەوەسەر ماناداناەوەی شیعرەکەی (مەولەوی) کە بە بۆنەی ژنهێنانی (مەحموود پاشای جاف)ەوە هۆنیویەتەوە، ئەگەرچی بە شیعرەکەدا دەرکەوتووە، شاعیر خۆی لەو زەماوەندەدا ئامادەنەبووە، بەڵام وێناکردنێکی زۆر وردی شایی و هەڵپەرکێی کوردەواری ئەو سەردەمەیە. لەبەر ئەوەی تێگەیشتنی شیعرەکە زۆر ئاسانە و هیچ گرێ و گۆڵێکی تێدانییە، تەنیا باسکردنی رەویەی شایی و زەماوەندگێڕانی ناو کوردەوارییە کە شاعیر زۆر بە جوانی و وردەکارییەوە، وەك ئەوەی کامێرایەکی سینەمایی بەدەستەوە بووبێت لە هەموو سوچێکی زەماوەندەکەوە وێنەی گرتبێت، بە زمانی شیعر هاتووەتەگۆ.

لە دێڕەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم)دا، شاعیر بە (مەحموود پاشای) وتووە: ئەم شاییە تازەت پیرۆز بێت، بە خودا سوێندی داوە لە جیاتی ئەو باش سەیری هەڵپەڕکێکارەکان بکات کە رووەمەتیان نەوەندە جوان و رۆشنە وەك ئاوێنە پڕشنگدەدات، بە تایبەت (ئازیز= مەبەستی بووکە خان) بووە و بە شای نەونەمامان ناویبردووە، چونکە وەختی هاتوچۆ کردن و هەڵپەڕکێی جوان و سەماگردنیەتی. ئەگەر بە وردی لە نیوە دێڕی یەکەمی دێڕی یەکەم رامێنین، (مەولەوی) شاییەکەی بە بەزمی نەوە خێر باسکردووە، بە مانای بەزمی نوێی خێر، دیارە لە ناو کۆمەڵی

کوردەوارییدا تا ئێستاش بە ژنهێنان دەوترێت (کاری خێر). دەی خۆ ئەگەر شاییەکە (ئەوە خێر) بووبێت، پێدەچێت ئەمە ژنهێنانی یەکەمی (مەحموود پاشای جاف) نەبووبێت، ئەمەش پێچەوانەی گێرانەوەکەی (حسێن بەگی حەسەن بەگی جاف) دێت.

لە دێڕەکانی (چوارەم، پێنجەم، شەشەم، حەوتەم، هەشتەم)دا، شاعیر باسی لە گرمەی نەقارە و خشەی شەرواڵ و خشپەی مووروویی پێ و زرنگەی بازنی دەستی نازداران، لە چریکەی زەنینی زوڕنا و پریکەی پێکەنینی نازداران و پەشێوی زولفانیان کردووە، گوایا بە جۆرێکە ریشەی دڵ لە بنەوە هەڵدەکەنێت. باسی لە ئەو ئامازانەی بە ئەرمە خەندەی لێو و نواندنی (خەت و خاڵ)یان لە دووتوێی پەردەی شەرمەوە، هەروەها سەرچۆپیکێشانیان بە ناز بە چمکی (دەستماڵی کراسەکانیان- مەبەست لە چمکی فەقیانەی کراسەکانیانە[٢٢]) کردووە، هەروەها بریقەی ملوانە شوشەییەکانی ملیان و لەرینەوەی لیمۆی کاڵ (مەبەست مەمک)یانە هێناوەتەپێشچاو ، باسی لە ورشەی وەک ئەستێرەی سەر زولفانیان و زەردی ئەنشت روومەت و گۆنایان کردووە کە لە ئەنجامی هەڵپەرکێوە ئارەقەی کردووە و بە (پەلکە زێڕینە)ی چواندووە، چۆن پاش بارانبارین رەنگاورەنگ لە ژێر تیشکی خۆردا دەردەکەوێت، دیارە ئەمانەش هەموویان وێنەی جوانی زەماوەندەکەن شاعیر زۆر بە جوانی لەم دێڕانەدا بە زمانی شیرینی شیعر کێشاونی.

---

[٢٢]- فەقیانە لە ناو ئێمەی کورددا هەردوو توخمی نێر و مێ هەیانبووە، فەقیانەی ژنان بە قۆڵی کراسەکانیانەوە بووە، فەقیانەی پیاوانیش بە دوو جۆر بووە، یەکێکیان بە قۆڵی کراسەکانیانەوە دووراوە، جۆری دووەمیشیان هەر بە جیا بووە بەسەر چۆغەکانیاندا بەقۆڵینانەوە بەستوویانە، فەقیانە بەشێکبووە لە پێداویستی خۆڕازاندنەوە، ئەوەک هەر پیاوان تەنانەت ژنانیش شیعر و گۆرانیان پیا وتووە، هەر بۆ نموونە،

چەمەکەی چەقان وردە ئەریوە
فەقیانە چەرموو حەمەغەریوە.

نووسەر)

لە دێڕەکانی (نۆیەم، دەیەم، پانزەم)یشدا، مەولەوی بە (مەحموود پاشا)ی وتووە، لە گەرمەی ئەو بەزمە خۆش و شیرینەدا یادێك لە من بکە، داواکارم لە بەزم و رەزمدا گلێر و هەمیشە دڵشاد بن، باسی لەوەش کردووە من هەر لە زووەوە زانیومە (تاڵەم- بەختم) شێواوە، بە شێوەیەك مەینەت و ناخۆشی بوون بە هاوڕێم و دێویش هاونشین و هاوڕێمە. هەروەها وتوویەتی: خودا سەیری (ئەمامان- جوانەکان)ی بە تۆ داوە و بە منیش رەنگزەردی و ناڵەی بێ سوود و بەرهەم.

نموونەی پێنجەم:

١- تەرکی ئینتیزار حەیات گەردەنم
یانێ ژاری مار دوری وەردەنم
٢- شنۆی رەشەبای زوسانی هیجران
سەرچڵەی عەیشم گەردەن وە بوریان
٣- کلێڵەی خەفەت نە سەرکاوەی دڵ
مەزرعەی شادیم گەردەن بێ حاصڵ
٤- من جە خێڵ خانەی مەینەت پاماڵم
کۆن بەینەتدارێ پەرسۆ ئەحواڵم
٥- مەر ئازیز وە خەیر تەشریف باوەرۆ
ئەی گێجاوی خەم دەسگیریم کەرۆ
٦- بنۆشنۆ وە دڵ سەهبای مەیلی وێش
پەی وەختی مەردەن حەسرەت نەبۆ پێش[٢٤]

وەك لە دیوانەکەیدا هاتووە لەم پارچە شیعرەدا (مەولەوی) سکاڵای خۆی و باسی خەم و مەینەت و دووری دۆستانی کردووە و داوای لوتفی ئەوانی کردووە.
لە دێڕی (یەکەم، دووەم)دا شاعیر وتوویەتی: (تەرك- تەرخ)ی ژیانمکردووە و ئیتر چاوەڕێنیاکەم، بەو مانایە ژاواروی دووری یارانم خواردووەتەوە، وام لێهاتووە

---

[٢٤]- (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- لاپەڕە (١٦١، ١٦٢)-انتشارات کردستان.

هیوایەکەم بە ژیان نەماوە. شنەی ڕەشەبای زستانی دابڕان و دوورکەوتنەوە لە یەکتری (سەرچڵ- سەرتەرز- سەرپەل)ی ژیانمی بە (بوریان) کردووە.
لە مانادانەوەی ئەوم دوو دێڕەدا دەڵێم: شاعیر باسی دوورکەوتنە و دابڕانی لە یارانی کردووە، بە جۆرێك کاریان لێی کردووە، ئیتر وەك ئەوەیە وایە وازی لە ژیانهێنابێت و هیوایەکی پێنەمابێت، هەروەها کاریگەری ئەو دوورکەوتنەوەیەی چواندووە بە خواردنەوەی ژاراوی مار چۆن مرۆڤ لە پەل و پۆ دەخات و لە ژیان بێ نومێد دەبێت، ئەمیش وای لێهاتووە، ئازاری دووری ڕێگای نێوان خۆی و ئەوانەی لێیان دابڕاوە بە خواردنەوەی ژاری مارێکی درێژ خستووەتەڕوو، بەڵام شتێکی ئاشکرایە مەرج نییە هەموو مارێکی درێژ ژارەکەی زۆر و کوشندە بێت، هەندێك ڕەشمار هەن زۆریش درێژ و قەبەن، بەڵام زۆربەیان کوشندە نین، کەچی ئەو مارەی (کوڵە کوێرە)ی پێدەوترێت ئەگەرچی زۆریش کورتە، بەڵام ژارەکەی کوشندەیەو بە هەر کەسێکەوە بدات زۆر زەحمەتە بژی.
لە دێڕی (دووەم)دا مەولەوی خۆی ناسا زۆر وەستایانە هاتووەتە مەیدان، لە ماناەنەوەی وردی ئەم دێڕەدا وەستایەتی و سەلیقەی بەرزی شاعیر خۆیان دەنوێنن، باسی لە (ڕەشەبای زستان و سەرچڵەی عەیش)ی کردووە، دەگرێت ئەمە وا مانابدرێتەوە، چۆن ژیانەوەی پێشوەختی درەخت ئەگەر سەرما و تۆف و ڕەشەبا بێن بە دوایدا، ئەوە بە دڵنیایی هەموو گۆپکە و لاسکە تازە ژیاوەکان وشکدەبن و چاوەڕێی هیچ بەروبوومێکیان لێناکرێت، بە هەمانشێوە تەمەنی مرۆڤیش لە ڕۆژانی گەنجی و سەرچڵیدا جۆرێك لە لاساری و بەخۆنازینی هەیە، ئەگەر کەسێك بێت بە چەڤاوەسوویی سەرەڕۆیی ڕەفتاربکات و هەڵسووکووتی شیاوی خۆی نەزانێت، چۆن گۆپکە و لاسکە لە ناوادە ژیاوەکانی درەخت بە ڕەشەبای زستان ڕەشدادەگەڕێن و وشکدەبنەوە، هەڵپەو پەلەکردنی ناوادەش بۆ ژیان، هەمان کاردانەوەیان لەسەر مرۆڤ هەیە و بەرگەی دەرئەنجامەکەیان ناگرێت، هەر بۆیە پێویستە مرۆڤ لە هەر قۆناغێکی تەمەنیدا وەك ئەوەی بۆ ئەو قۆناغە پێویستە ڕەفتاربکات.

له هەندێك شوێندا باس لەوە كراوە، دەگرێت مەبەست لە بوریان (بۆران= تۆف و سەرمای زستان بێت)، بەڵام من پێموایە ئەم دەربڕینە لە جێی خۆیدا نییە، بەڵكو مەبەستی شاعیر لە وشەی (بوریان) رەشبوونەوەی لاسك و كۆپكەی درەختەكان و رەشهەڵگەڕانیانە بە شێوەی گۆشتی برژاو.
لە دێڕی (سێیەم)دا باسی ئەوەی كردووە كە (كلێڵە)ی مەینەت لە (كاو)ی دڵمەوە رێچكەی بەستووە، بە جۆرێك مەزرای خۆشیمی رووتەڵ و بێبەرهەمكردووە.
بەر لەوەی بچمە سەرماناداناوە و راڤەكردنی ئەم دێڕە، پێویستە هەردوو وشەی (كلێڵە، كاو) مانابدەمەوە، دیارە مەبەست لە (كلێڵە) بەو بەفرە دەوترێت لە ناو دۆڵ و لاپاڵە رووتەڵ و سەخت و كوێستانییەكاندا، لە ئەنجامی بەفربارینی زۆرەوە بەرەو خوار رێچكە دەبەستێت، زۆرجار دەبێت بە پەیكی دروستبوونی (هەرەس).
سەبارەت (كاو)یش لە ناو زمانەوانیدا بە چەندین شێوە بەكارهاتووە، لەوانە: (شاخی بەردین، كام= ئاوات، بەنرخ، هێزا، جۆرە نەخۆشییەكی پێست ...هتد[25])، بەڵام بەكارهێنانەكەی لێرەدا مەبەست لە شاخی بەردەڵان و سەختە، دیارە (كلێڵە)ی بەفر هەمیشە لەو جۆرە شوێنانەدا دروستدەبێت و لەسەرەوە بۆ خوارەوە رێچكە دەبەستێت، هەتاكو بەرەو خوارتربێتەوە گەورەتر دەبێت.
(مەولەوی) لەم دێڕەدا مەبەستی ئەوە بووە، كلێڵەی خەمباری لە سەر بەرزایی دڵییەوە زۆری بۆ هێناوە و بەرەو خوار هەموو دڵیان داپۆشیوە، بە شێوەیەك مەزرای ژینی هەر بە تەواوی بێبەرهەمبووە، ئاشكرایە مرۆڤ كە كەوتە نێو داوی خەمبارییەوە، ئیتر دەستی ناچێتە هیچ كارێكەوە، هەمیشە لە مێشككرۆشتن و خۆخواردنەوەدایە، گوردواتەنی پەی بە بەختی خۆی نابات، ئیتر وای لێدێت ژیانی بێماناو بێبەرهەم دەبێت.
لە هەر سێ دێڕی (چوارەم، پێنجەم، شەشەم)دا باسی لەوە كردووە، من لە ناو خێڵخانەی مەینەتدا تەواو ونبووم و هیچ شوێنەوارێكم نەماوە، كوا وەفادارێك هەواڵم بپرسێت و بە دواما بگەڕێت، مەگەر هەر نازیز لە سەر خێر بێت و لە ناو

---

[25]- (هەژار)- هەنبانە بۆرینە- لاپەڕە (٦٠٨)- چاپی شەشەم- سروش- تهران.

ئەم گێژاوی خەمەم دەستبداتە دەستمەوە و رزگارمبکات، لە کاتی سەرەمەرگمدا پیاڵەی مەیلی خۆشەویستی خۆی دەرخوارمبدات، هەتاکو پاش مردنم بۆی نەبمە هۆی داخ و کەسەر.

دەگەڕێمەوەسەر مانادانەوەی شیعرەکان، دیارە ئەم دێڕەکانی (چوارەم، پێنجەم، شەشەم) تەواکاری یەکترن و ماناکانیان پێکەوە بەستراون، مەبەستی شاعیر لێیان ئەوەیە بە شێوەیەك ناوێزانی دونیای خەم و مەینەتی بووە، ئەوەك هەر هیچی دیار نییە، تەنانەت شوێنەواریشی بە تەواوی سڕاوەتەوە، هەر بۆیە وتوویەتی گوا دڵسۆزێك نییە لێم بپرسێتەوە و لە ناو ئەم گێژاوی خەم و مەینەتییەدا هاوڕازمبێت، هەر مەگەر نازیزەکەم بە خێر و خۆشی بێت بە هانامەوە، دەستمبگرێت و دەربازمبکات، یەوەی بێت پیاڵەی مەی خۆشەویستی و مەیلی خۆی بکات بە خوراکی دڵم و دەرخواردمیبدات ، هەتا لە پاش مردنم داخ و کەسەرم بۆ نەخوات و نەبمە هۆی ناارامی بۆی و ناخم بۆ هەڵنەکێشێت، لێرەدا باشتر وایە ناوڕێك لە دۆخی شاعیر بدەینەوە و بزانین ئەو مەبەستەی لە خۆشەویستی نازیزەکەی دەریخستووە، چەندە مەبەستێکی گەورەو ماناداره، (مەولەوی) ئەوەندە نازیزەکەی مەبەستبووە، ئەوەندە سەردان و بەدەمەوەهاتنێکی ئەوی ناواتبووە، ئەوەی خواستووە لەو کاتەدا بێتەسەری، هەتاکو پاش گیاندەرچوونی بۆی نەبێت بە داخ و کەسەر.

لەم بوارەدا (ناری) وتوویەتی:

**من بە شەرعەن موستەحەقم بۆ زەکاتی حوسنی تۆ**

**تۆ کە صاحیب دەوڵەتی بێ بەش لە ئیحسانم مەکە**[٢٦]

**نموونەی شەشەم:**

١- دنیا نە گێجاو تاریکە شەو بێ

چەلا و رۆشنیش جە لا چون خەو بێ

---

[٢٦] - دیوانی کاکە حەمەی بێلۆو (ناری)- کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و لە سەر نووسین و پێشەکی (کاکەی فەلاح)- ١٩٨٤.

٢- ئاگا شۆڵەی خۆر سوب فەردا، فەڕدا
وە سەر بەردی هەرد وە دەشت و دەردا
٣- تەك دا تاریکی ئەو لای تەریکی
ئاڵەم چەنی نوور گەرد هام شەریکی
٤- دنیایی مەویەرد وە عەیشی شیرین
صاحب دین دیدەش بی وە صاحب دین
٥- ئەو شۆڵە دیسان مەیل ئاوەردەوە
ئەو لای پەردەوە تەشریف بەردەوە
٦- دڵ پەی تەئریخ وات وە دەم دەردەوە
ئەی وای وەی دنیاش تاریك گەردەوە[٢٧]

وەك لە دیوانەکەیدا هاتووە (مەولەوی) ئەم شیعرەی لە پیاهەڵدان و لاواندنەوەی (شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی- خالص)دا نووسیوە.

بەر لەوەی بچمەسەر مانادانەوەی شیعرەکە چەند قسەیەك سەبارەت بە (شێخ عەبدولڕەحمان تاڵەبانی- خالص) دەکەم، ناوبراو کوڕی گەورەی شێخ ئەحمەدی تاڵەبانی و جێگرەوەی بووە، ساڵی (١٢١٢ ك= مانگی ئابی ١٧٩٧ز) لە دێی (قرخ) سەر بە قەزای چەمچەماڵ لە دایکبووە، سەرەتا لە خوێندنگەی دینیی تەکیەکەی خۆیان لە لای باوکی خوێندوویەتی، بۆ خوێندن چووەتە گەرکووك و سلێمانی، پاشان چووەتە بەغدا و لای (مەلا عەبدولڕەحمانی ڕۆژبەیانی) مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە، (شێخ عەبدولڕەحمان) وەك زاناو عاریف و شاعرێکی گەورەی کورد، گەلێك گەورە زاناو شاعیر قسەوباسیان سەبارەت بە پایەی دینیی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی ئەم زاتە کردووە، هەر بۆنموونە زانای گەورەی کورد (سیبغەتوڵای سەنەندەجی) کە چووەتە گەرکووك و لە نزیکەوە شارەزای ڕەوشتی ئەم زاتە گەورە بووە، نووسیویەتی: (قوتبی

---

[٢٧]- (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- لاپەڕە (٢٨٠، ٢٨١)- انتشارات کردستان.

زەمان و زیندووکەرەوەی سونەتی پێغەمبەر و شەریعەتەکەی و نوێکەرەوەی رێبازی قادری و خزمەتکاری هەژاران و دۆستی غەریبانە[28]).

(شێخ عەبدولڕەحمان تاڵەبانی) بە نازناوی (خالص) شیعری هۆنیوەتەوە، شیعرەکانی لە بواری سۆفیگەری و فەلسەفەدان، زۆربەی شیعرەکانی بە زمانەکانی: ( فارسی و تورکی و عەرەبی) وتوون. بەشێوەزمانی هەورامیش شیعری هۆنیوەتەوە، لە چەند سەرچاوەیەکدا باس لەوە کراوە مەولەوی لە سەردانێکیدا بۆ کەرکووک درەنگانێکی شەو گەیشتووەتە تەکیەکەی ناوبراو، هەموو خەڵکانی ناو تەکیە لە خەودابوون، تەنیا (شێخ عەبدولڕەحمان) بەخەبەر بووە و خەریکی شەو نوێژ بووە، (مەولەوی) ئەم دێڕە شیعرەی (بێسارانی) وتووە:

شەوەن خەڵوەتەن ماڵ بێ ئەغیارەن

ناڵەم گرد وتەن دۆس خەوەردارەن

دەستبەجێ (شێخ عەبدولڕەحمان- خالص)یش بەم دێڕە وەڵامیداوەتەوە:

ئێرادەم ئێدەن وەی کـــەڵپۆسەوە

شەو ناڵین وەشەن وەڵای دۆسەوە[29].

(شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی- خالص) پاش تەمەنێکی پڕ لە خوداپەرستی و خزمەتکردن لە ساڵی (١٢٧٥ك = مانگی ئەیلوول ساڵی ١٨٥٨ز) لە کەرکووک کۆچی دواییکردووە لە ژوورێکی نزیک بە مەرقەدی باوك و باپیری لە تەکیەی تاڵەبانی بە خاکسپێردراوە.

پاش ئەم دێڕانەی سەرەوە دێمەسەر مانادانەوە و راڤەکردنی شیعرەکە بەمشێوەی خوارەوە:

---

[28] - (د. نووری تاڵەبانی)- جەژنەی عەشق- لاپەڕە (٩، ١٠)- لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کورد.

[29] - هەمان سەرچاوەی پێشوو- لاپەڕە (١٥، ١٦).

لێرەدا پێویستە بڵێم نیوەدێڕی یەکەمی ئەم شیعرە لەم سەرچاوەدا لە بری (ئێدەن) نووسراوە (نیەن) بەڵام راستییەکی (ئێدەن)ە.

(نووسەر)

لە دێڕەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم) کە پێکەوە مانایان دەدەمەوە، شاعیر وتوویەتی:
دونیا لە گێژاوی تاریکە شەودا بوو، رووناکی و پرشنگەکەی بە لایەوە وەك خەو بوو، لە پڕ تیشکی خۆری بەرەبەیان فەری خۆی نواند، دای لە هەردە بەرزەکان و دەشت و دەری رووناککردەوە، تاریکی تەکیدا بە لای گۆشەگیریەوە و جیهان لە گەڵ رووناکیدا بوونە هاوبەش و هاوڕێ.
پێویستە لێرەدا قسەیەك لە (ئالەم) بکەم کە (مەولەوی) لە چەند دێڕە شیعرێکدا بە دوو مانای جیاواز بەکاریهێناوە، لێرەدا بە مانای (جیهان- گێتی) بەکاریهێناوە، بەڵام لە هەندێك شوێنی تردا بە مانای خەڵك بەکاریهێناوە، وەك فەرموویەتی:

**ئاڵەم بێزارەن یەکسەر چە ئاڵەم**

**خەڵك مۆرەی بەد شانا وە ئاڵەم**

دیارە لەم دێڕەی (بێساران)یشدا کە پێشتر نووسیمانەوە هەر بە مانای (خەڵك) هاتووە.
بۆ زیاتر وەستان لەسەر مانادانەوە و راڤەکردنی هەر سێ دێڕەکە دەڵێم: مەبەستی (مەولەوی) ئەوەبووە بەر لە دەرکەوتنی (شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی) دونیای لە گێژاوی تاریکە شەودابووە، ئەمە زمانی شیعرە ئەگینا (مەولەوی) باش زانیویەتی دونیا بەر لە شێخ عەبدولڕەحمان بەرۆژ رووناك و بەشەو تاریکبووە و هەر واش دەمێنێتەوە، مەبەستی لە تاریکییەکە ئەوەیە بەر لە چوونی ناوبراو بۆ کەرکووك شێخێك، یان رابەرێکی دیار و ناسراوی وا نەبووە رابەرایەتی خەڵك لە بواری سۆفیگەریدا بکات، بەڵام پاش ئەوەی (شێخ عەبدولڕەحمان) چووەتە تەکیەی کەرکووك و بووە بە مورشیدی تەکیەی تاڵەبانی. ئیتر گەرم و گوڕییەکی تەواوی تێکەوتووە، خەڵك لە زۆر شوێنی کوردستان و تەنانەت لە هەندێك شوێنی دەرەوەی کوردستانیشەوە هاتوونەتە خزمەتی ناوبراو، تەکیەکە کە پێشتر بچووك بووە گەورە کراوە، پاش چەند ساڵێکیش بە فەرمانی سوڵتان (عەبدولەجیدی عوسمانی) نوێکراوەتەوە و گەورەتر کراوە، هاوسەری سوڵتانی ناوبراو بە ناوی (پرتیڤناڵ خانم) وێنەیەك لە (شەرحی بوخاری) کە لە مۆزەخانەی ئەستەمبوڵ بووە، لە گەڵ چەند

تاڵێك لە مووی (پێغەمبەر د.خ) بە دیاری بۆ (شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی) ناردووە[٣٠]، هەروەها یەکێك لە والییەکانی کەرکووك بووە بە موریدی ناوبراو، ئەوەش زیاتر کاریگەری بەسەر بڵاوبوونەوەی ناوبانگی تەکییەکەوە هەبووە، ئیتر بووە بە مەڵبەندێکی گەورەی دینی و کۆمەڵایەتی[٣١].

سەردەمی (شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی- خالص)، سەردەمی زێڕینی هەموو بنەماڵەی تاڵەبانی بووە، لەو سەردەمەدا دەیان تەکیەی خانەوادەکە هەم لە ناو کوردستان و ناوچەکانی: (زەهاو، جوانرۆ، هەورامان، سنە، موکوریان، سیواس، ئۆرفە) کراونەتەوە، هەروەها لە: (عێراق، شام، میسر، تورکیا، فەلەستین، حیجاز، ئەفغانستان، هیندستان... هتد) لقی تەکیەی تاڵەبانی کراونەتەوە.

ئەمەش لە مەبەستەکەی (مەولەوی)دا دەرکەوتووە کە وتوویەتی: دونیا تاریکە شەو بووە، بەدەرکەوتنی (شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی) دژی بەو تاریکستانەکە داوە و وەك تیشکی خۆر هەموو شوێنێکی رووناککردووەتەوە، ئیتر تاریکی گۆشەگیر بووە و جیهان رۆشنبووەتەوە لەگەڵ رووناکیدا بوونەتە هاوبەش و هاوڕێی یەکتری.

لە دێڕی (چوارەم)دا شاعیر وتوویەتی: دونیایەك دەگوزەرا بە ژیانێکی شیرین و دینداران هەموو شتێکیان بە چاوی (دەروون) دەبینی.

لەم دێڕە شیعرەدا (مەولەوی) چووەتە ناو بابەتی (عیرفانی)یەوە، شتێکی ئاشکرایە چاوی ئاسایی بۆ بینین لە سۆفیگەری و عیرفاندا بەس نییە بۆ بینینی خودا، هەروەها هەستی چێژکردنیش ناتوانێت چێژی خۆشەویستی پەروەردگار بکات، بەڵام لە ئاکامی ریازەتکێشان و خوداپەرستی راستەقینەوە لە گەڵ باڵاکردنی رۆح، سۆفی دەگاتە ئاکامە خوازراوەکەی خۆی لە: (دیتن و چەشتن)، دیتنی پەروەردگار بە (چاوی دەروون= بەصیرەت) و چێژکردنیشی لە رێی دەروونەوە. دیارە ئەم دیتن و چەشتنە لە دونیای مانەویدایە و تەنیا شەیدایانی ئەو دونیایە هەستیپێدەکەن، خەڵکانی ئاسایی هەواڵێکیان لەم بارەوە نییە.

---

[٣٠]- (د. نووری تاڵەبانی)- جەزبەی عەشق- لاپەڕە (١٢)- لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کورد.

[٣١]- هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

شاعیر لەم دێڕەدا ئەوەی دەرخستووە لە سەردەمی (شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی- خالص)دا بە هۆی کاریگەری گەورەی رۆحی ئەو زاتەوە، موریدان و رێبوارانی رێبازەکە بە تەواوی بەرچاو رۆشنبوون و خوداپەرستی راستەقینەیان کردووە، ئێماندارانیش بە شێوەیەکی گشتی پابەندی رەوییەکانی دینداری بوون.

لە دێڕەکانی (پێنجەم، شەشەم)دا باسی ئەوەی کردووە تیشکەکە دووبارە کەوتووەتە پشتی پەردە و ئاوابووە، دڵ بۆ مێژووی کۆچی دوایی بە دەم دەردەوە ئەم نیوە دێڕەی وت، ئەی هاوار وەی دونیای تاریککردەوە.

بۆ مانادانەوەی زیاتری ئەم دوو دێڕە شیعرە، من پێموایە دێڕەکە بەشێوەیەکی گشتی لە ژێرکاریگەری دونیای سۆفیگەریدایە، دیارە لە دونیای سۆفیگەری و عیرفاندا مانایەك بۆ مەرگی عاریف نییە. ئاوابوونی خۆری ژیانی لەم دونیایەدا و پشت پەردەگرتنی، ئەوە سەرەتای چونییەتی بۆ ناو ژیانی ئەمری و هەتا هەتایی و لەوێ دووبارە رووناکییەکەی دەدرەوشێتەوە، دیارە هەر لێرەشەوە جۆرێك لە رەوایی دەدرێتە پەیوەندی رۆحی نێوان (پیر و مورید) تەنانەت پاش کۆچی دوایی (پیر، رابەر)یش. هەر لە دێر زەمانەوە و ئێستاشی لەگەڵدابێت لە ناو کۆمەڵی کوردەواریدا رۆیشتن بۆ سەر مەزاری پیرەکان، پاوچاکان و شێخانی تەریقەت، لالانەوە و پاڕانەوە لێیان بە مەبەستی ئارامی رۆح و جێبەجێبوونی مەرامێکی دونیایی، وەك چاکبوونەوەی نەخۆش، یان قوتاربوون لە کێشەو گیچەڵێك کە رووبەڕوویان بووەتەوە باوە و پەیڕەودەکرێت.

لە دێڕی (شەشەم) کە کۆتا دێڕی شیعرەکەیە، مەولەوی وتوویەتی: دڵی بۆ مێژووی کۆچی دوایی ئەو زاتە بە دەم داخ و دەردەوە نیو دێڕی بۆ مێژووی کۆچکردنەکەی وتووە، بە پێی لێکدانەوەی ژمارەی (ئەبجەدی) لەسەر شێوازی نووسینی کۆن مێژووەکە ساڵی (١٢٧٧ ك) دەکات. بەڵام ئاشکرایە مێژووی کۆچی دوایی (شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی- خالص) وەك لە چەند سەرچاوەیەکدا سەلێنراوە ساڵی (١٢٧٥ ك) بووە، یەکێك لە نەوەکانی ناوبراو بە ناوی (د. نووری تاڵەبانی) لە پێشەکی

دیوانکەی (خالص)دا بە ناوونیشانی (جەزبەی عەشق) بە ساڵی زایینیش مێژووی کۆچی دووایی بە (مانگی ئەیلوول- ساڵی ١٨٨٥ ز) دیاریکردووە.

بۆ کۆتاییهێنان بە ماناداتەوەی ئەم پارچە شیعرە، دەڵێم: ئاشکرایە (مەولەوی) مەرگی (شێخ عەبدولرەحمانی تاڵەبانی- خالص)ی بینیووە و ئەوەتا شیعریشی بۆ لاواندنەوەی وتووە، کەواتە نێوەندێری کۆتایی شیعرەکە کە مەرگی ناوبراوی خستووەتە ساڵی (١٢٧٧ ك)، دەبێت بەهەڵە لە کەشکۆڵ و سەرچاوەکانەوە گواسترابێتەوە، ئەگینا هەرگیز ئەقڵ نایگرێت (مەولەوی) ساڵەکەی بە هەڵە نووسیبێت.

**نموونەی حەوتەم:**

١- چون چیهرەی خەیاڵ روخسارەکەی وێش
ئە تۆی پەردەی دڵ (مەعدومی) دڵ رێش
٢- ئمانا چەمین شای سۆسەن خاڵان
کەم کەم چە گۆشەی لای سیامالان
٣- زەمین منەتبار پا منیاو مەویەرد
جار جار وە روی ناز باوەشێن مەکەرد
٤- باوەشێن مەکەرد ئەو صەفحەی بێ گەرد
نازکیش چە باد ئیحتیات مەکەرد
٥- ئە تۆی تاریکی تای شەدەی بێ گەرد
لە تافەت چون ئاو حەیات مەوج مەوەرد
٦- غەریب بیم چەنیم کەرەم ئمانا
وە سەوقات پەرێم خەدەنگێ شانا
٧- ئەر سەد چون یاران گیان تەسلیم کەردم
خاس بێ پەی یادگار خەدەنگێ بەردم[٣٢]

[٣٢]- (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- لاپەڕە (٢١٤، ٢١٥، ٢١٦).

لە دیوانەکەیدا نووسراوە، مەولەوی لەم شیعرەدا باسی لە نازدارێکی جاف کردووە کە لەودیوی دەوارەوە خۆی دەرخستووە[٣٣]، بەڵام مامۆستا حەکیم مەلا ساڵح لە کتێبی (مەولەوی و تەقینەوەی زمان) لاپەڕە (٣١) نووسیویەتی: (لە بەیازێکی لای ئێمەدا لەسەر ئەم پارچە شیعرە نووسراوە بۆ (مەهچیهرە خانم)ی حەرەمی والی سنە نووسراوە[٣٤].

بەر لەوەی بچمە سەرماناداناەوە و راڤەکردنی ئەم پارچە شیعرە، هەرچەندە من لەم کتێبە لە شوێنی تایبەت بە خۆیدا باسی (عیرفان)م لای مەولەوی کردووە، پێمباشە لێرەشدا ئاوڕێکی خێرا بۆ چەند قسەیەك لەو بابەتە بدەمەوە، ئاشکرایە دوو رێگە بۆ گەیشتن بە عیرفان هەن، یەکەمیان (سالك مجذوب- رێکەری کێشکراو)، ئەوی تریشیان (مجذوب سالك- کێشکراوی رێکەر)، یەکەمیان ئەوەیە سۆفی لە رێی ریازەتکێشان و باڵاکردنی رۆحییەوە هەموو قۆناغەکان دەبڕێت و لە کۆتاییدا لە (کەراماتی ئەولیا- السیر فی الله) بەهرەمەند دەبێت، مەولەوی لەم رێگەیەوە بە (عیرفان) نەگەیشتووە، دووەمیشیان ئەوەیە سۆفی لە هەندێکی دۆخی تایبەتدا دەربڕینی عیرفانی دەبن و هەشیانن دەگەنە کرۆکی عیرفان، بەڵام ئەمە بەرجەستەنابێت و لە گەڵ تەواوبوونی دۆخەکە تایبەتەکە دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی ئاسایی خۆی، عیرفانی مەولەوی ئالێرەدایە، لەمبارەوە راو بۆچوونی زۆر هەن، هەر بۆنموونە لە کتێبی (تەصەوف چییە)دا سەبارەت بە شیعرەکانی نووسراوە: (نە شیعرەکانی بەو جۆرەن کە هەر صوفییەتی بێت، بەڵکو بە موناسبات کە بۆ پیرانی خۆی نامەی نووسیوە باسی صۆفییەتی تێدایە، هەر وایش بۆ دۆستانی دنیای خۆی شیعری نووسیوە و بە تەواوی لە لە دونیای صۆفیگەری دوورگەوتووەتەوە[٣٥]).

---

[٣٣]- هەمان سەرچاوەی پێشوو- پەراوێزی لاپەڕە (٣١٤).

[٣٤]- (حەکیم مەلا ساڵح)- مەولەوی و تەقینەوەی زمان- لاپەڕە (٣٠)- چاپی یەکەم- هەولێر- ٢٠٠٨.

[٣٥]- (ئەمین شێخ عەلائەددین نەقشبەندی)- تەصەوف چییە- لاپەڕە (٤٨٩، ٤٩٠)- دار الحرية للطباعة- بغداد.

بەڵام دەبینین هەندێك ڕاڤەكار زۆربەی شیعرەكانی ئەم شاعیرەیان خستووەتە ناو عیرفان و زیاتر لەوەی پێویستە لە ڕووی ناوەڕۆكی عیرفانییان قسەیان كردووە و تا ئاستی زیادەڕۆییش ڕۆیشتوون. پێویستە ئێمە باش بزانین تەنها دەربڕینی هەندێك ئامازە و دەستەواژەی عیرفانی لە ناو شیعردا، نایكات بە شیعرێكی عیرفانی، شیعر كاتێك دەبێتە شیعری عیرفانی سەبارەت بە بابەتە گرنگەكانی ناو دونیای عیرفان قسەبكات، وەك: (السیر فی الله= ئەوەی بە كەراماتی ئەوایا ناودەبرێت، الحلول= بە واتا بەهرەمەندبوون لە بەشێك، یان لە هەموو تواناكانی خودا، وەحدة الوجود= یەكێتی بوون)، ئەگینا تەنیا بەكارهێنانی هەندێك ئامازە و دەستەواژە لە شیعردا پێناسەی شیعری عیرفانی ناداتێ، یان هۆنینەوەی شیعر لە بواری دینداری و خوداناسیدا شاعیرەكە ناكات بە عاریف، چەندین شاعیرمان هەن نە سۆفیبوون نە عاریف، كەچی شیعری زۆر جوان و مانادارو كاریگەرییان بۆ ستایشی خودای گەورە و پێغەمبەر (د.خ)ی گەورەی موسڵمانان، هەروەها هەندێك بنەما و ڕەویەی دینی هۆنیوەتەوە، دەی دەبێت ئاگاداری ئەوە بین شیعری دینداری لە شیعری عیرفانی جیاوازن.

بە بۆچوونی من ئەم شیعرە ئەگەر وەك ئەوەی لە دیوانەكەیدا هاتووە بۆ نازدارێكی ڕەشماڵنشینی جاف هۆنرابێتەوە، یاخود وەك ئەوەی لە كتێبی (مەولەوی و تەڤینەوەی زماندا) هاتووە، بۆ (مەهچیهرە خانم) هۆنرابێتەوە، ناوەڕۆكێكی تەواو دەوڵەمەند و ماناداری هەیە و پڕە لە جوانی دەربڕین و توانای گەورە و سەلیقەی وردی (مەولەوی) لە هۆنینەوەی شیعرەكانیدا، دوای ئەم دێڕانەی سەرەوە دێمە سەر مانادانەوەی شیعرەكە بەمشێوەی خوارەوە:

هەردوو دێڕی (یەكەم، دووەم) بەیەكەوە بەستراون و مانادانەوەیان پێكەوە باشترە، دیارە سەرەتای نیوەدێڕی یەكەمی دەستپێكی شیعرەكە بە (چون چیهرەی خەیاڵ) دەستپێكردووە، بۆیە پێویستە قسەیەك لە وشەی (چیهرە) بكەم، هەروەك لە زمانەوانی و لە فەرهەنگدا هاتووە، (چیهرە) بە مانای (روخسار، بیچم، سیما) دێت كە هەر سێكیان یەك ناوەڕۆكیان هەیە، (مەولەوی) لەم دوو دێڕەدا وتوویەتی: وەك

سیمای خەیاڵەکەی خۆی لەناو پەردەی دڵی مەعدوومی دڵبریندارا، شای سۆسەن خاڵان کەم کەم لە سووچی لای رەشماڵەکانەوە روومەتی نواند.

بۆ وردبوونەوە لە مانادانەوەی ئەم شیعرە پێمباشە لەوەوە دەستپێبکەم، منیش لە گەڵ ئەو بۆچوونەدام مەبەست لە چیهرە (ماچیهرە خانم)بێت نەوەك (روخسار)، لەبەر ئەوە لە لایەکەوە لەسەرەتای نیوەدێڕی یەکەم وشەی (چیهرە) و کۆتایی نیوە دێڕەکەدا روخسارەکەی ویش هاتووە، شتێکی ئاشکرایە (مەولەوی) بەو هەموو توانایەی لە بواری شیعر هۆنینەوەدا هەیبووە، ئەقڵ نایگرێت لە سەرەتاو کۆتایی یەك نیوە دێڕە شیعردا دووجار وشەی (روخسار)ی بە دوو مانای جیاواز بەکارهێنابێت. هەروەها ئەمە تاکە دێڕە شیعری نییە ناوی ئەم خانمەی هێنابێت، بەڵکو لە چەند دێڕە شیعرێکی تردا ناویهێناوە.

(مەولەوی) لەم دوو دێرەدا چووەتەوە ناو جوانی دونیای ئەندێشە کە رەگەزی سەرەکییە بۆ بەرهەمهێنانی شیعر، هاوکات گەورەترین خەسڵەتی مرۆڤە بۆ بینینی جوانییەکان، هەموومان دەزانین زۆرجار ئەوەی بەچاو دەبینرێت لە دونیای ئەندێشەدا زۆر جوانتر وێناکراوە، هەر بۆیە چاو وەك ئەندێشە توانای وێناکردنی جوانییەکانی نییە، دەکرێت ئەم وێنەی مەلەوی کە بۆ روخساری خانمەکەی کردووە لە هەردوو جۆری خۆشەویستی مەجازی و هەقیقیشدا قسەی لێوە بکرێت، جۆرە مەجازییەکەی روخساری بەرجەستەی خانمەکەیە و بەچاو بینیویەتی، کاتێك کەم کەم لە گۆشەی رەشماڵەکانەوە دەرکەوتووە، دیوە هەقیقییەکەشی خۆشەویستی ئەو زاتەیە ئەو هەموو جوانییەی بە خانمەکە بەخشیوە، هەموومان دەزانین بە لای ئیمانداران و خوداناسانەوە بەگشتی و سۆفی و عاریفانەوە بە تایبەتی، پەروەردگار سەرچاوەی هەموو جوانییەکانە، مرۆڤ هەر جوانییەك ببینێت ئەوە تەنیا جوانییە رواڵەتییەکەیە بەرچاوی دەکەوێت، جوانی راستەقینە لای خودی پەروەردگارە و لەوەوە سەرچاوەدەگرێت.

لەمبارەوە بۆ چاوپێکەوتنەکەی (تەیووری لەنگ) لەگەڵ هەریەك لە: (خواجەشەمسەدینی شیرازی- حافظ، زەکەریای فارسی- وامق، صەباحەددینی

سونبول- عارف) دەگەڕێمەوە، وەك لە سەرچاوەکاندا هاتووە ناوبراو پاش داگیرکردنی شیراز و کۆکوژی خەلکەکەی بە سێ ڕۆژ. لە مزگەوتی (عەتیق) لە شیراز لە گەڵیان گفتوگۆیکردووە، لەو گفتوگۆیەدا چەند پرسیارێکی لێکردوون و ئەوانیش وەڵامیانداوەتەوە، سەبارەت بە (خواجە شەمسەددینی شیرازی- حافظ) تایبەت بە ئەم دێڕە شیعرەی لە خوارەوە دەینووسمەوە پرسیاری لێکردووە، هاوکات پرسیاری هۆی پشت هۆنینەوەی دێڕە شیعرەکەشی لێپرسیوە، (حافظ)یش وەڵامی خۆی داوەتەوە، لە دێڕە شیعرەکەدا وتوویەتی:

**ساکنان حرم ستر و عفاف و ملکوت**

**بـا من راشنینان باده مستانه زدند**

سەبارەت بە هۆکاری پشت هۆنینەوەی ئەم شیعرە، (حافظ) وتوویەتی: من ئەم تاکە شیعرەم لە بەرەبەیانێکی بەهاردا وتووە، هەواکەی نارەزووموندانە بوو، بۆنی گوڵانی شیرازی دەیدا بە دەماخمدا، هەستم بە شادیدەکرد. گوێم لە ئاوازی بولبولان بوو، ئەوەندە خۆشیمبوو هەستمدەکرد لە هەموو بوونەوەرێکی خودایدا هاوبەشم و فریشتەکان لە توێی بوونمان و منیش چوومەتە ناو دەقی بوونیانەوە لە گەرمەی جۆش و خرۆشدا ئەم شیعرەم چڕاند[٢٦]

مەبەستم ئەوەیە بڵێم: حافظ پەروەردگاری بەسەرچاوەی ئەو هەموو جوانییانەکان زانیوە بۆیە لە گەرمەی ئەو جۆش و خرۆش و مەستبوون لە جوانییکاندا، پێیوابووە بە هیمەتی ئەو زاتە چووەتە ناو دونیای فریشتەکانەوە.

لە دێڕەکانی: (سێیەم، چوارەم، پێنجەم)دا مەولەوی وتوویەتی: زەوی منەتباربوو بەوەی پێی پیادەناو تێدەپەڕی، جارجارەش لە رووی نازەوە باوەشێنی خۆی دەکرد، ئەوەندە بە نەرم باوەشێنی روومەتی بێگەردی دەکرد، بە جۆرێك وریای ئەوە بوو ئەوەك بای باوەشێنەکە زیانی پێبگەیەنێت. لە توێی تاریکی تاڵەکانی شەدە بێگەردەکەیەوە، ئاسکییەکەی وەك ئاوی حەیات شەپۆلیدەدا.

---

[٢٦]- (مارسل بریۆن)- بیرەوەرییەکانی تەیمووری لەنگ- وەرگێڕانی لە فارسییەوە – (حەمەی حەمەسەعید- لاپەڕە (١٦٢)- سلێمانی ١٩٩٨.

شەیوب کوێخا ڕۆستەم

بۆ زیاتر وەستان لەسەر مانادانەوە و راڤەکردنی ئەم دێڕانە، شاعیر باسی لە نازدارەکە کردووە بەشێوەیەك ئەوەندە جوانبووە تەنانەت زەوی منەتباربووە بەوەی پێی پێدا ناوە و بەسەریدا تێپەڕیوە، لە کاتی تێپەڕبوونەکەشیدا بەیناوبەین باوەشێنی خۆی کردووە، هەمووومان دەزانین زەوی لە هەر شوێنێکی ئەم دونیایە و لە هەر شێوازێکیدا بێت، هەموو بوونەوەرەکان بە سەریدا تێدەپەڕن، ئەو هیچ باکێکی بەو تێپەڕبوونە نییە، بوون و ئەرکەکانی خۆی دیارینەکردوون، کارکردنی مرۆڤیش تێیدا بە حەزو رەزامەندی ئەو نییە، بوونی وەك پێکهاتەیەکی سەرەکی گەردوون لە ناو سێکۆچکەی (گەردوون- مرۆڤ- کۆمەڵ)دا ئەوەی بەسەریدا داوە، لێرەدا شاعیر دەربڕینێکی زۆر جوان و ماناداری هێناوە، کاتێك وتوویەتی زەوی منەتباری بوو بەسەردا تێدەپەڕی، ئیدیۆمێکی باو لە ناو کۆمەڵدا هەیە بەرامبەر خەڵکانێك لە ئەنجامی جوانیان، یان دەوڵەمەندی و سامانیان، یان پلە و پایەو دەسەڵاتییانەوە، جۆرێك خۆپەرستی و لووت بەرزییان هەیە، لە ناو خەڵکدا پێیاندەوترێت منەت بەسەر ئەو زەوییەدا دەکات بەسەریدا دەڕوات، ئەمانە لە خووی خۆیانەوە منەتدەکەن، بەڵام مەولەوی لە شیعرەکەدا ئەمەی بۆ نازدارەکە بە تەواوی پێچەوانە کردووەتەوە، بەوەی زەوی خۆی منەتباربووە ئەو بەسەریدا تێپەڕێت. ئەمەش جۆرە گەڕانەوەیەکە بۆ خەسڵەتی جوانی و دەسەڵاتی بوونی راستەقینە (پەروەردگار).

دێڕی (چوارەم)ی ئەم پارچە شیعرە لە پارچە شیعری ژمارە پێنج بەیتی (غ) دووبارەبووەتەوە، پێمۆایە ئەم دووبارەبوونەوە لەودوە هاتووە، هەردووکیان بۆ (مەهچیهرە خانم)ی هاوسەری والی سنە نووسراون، ئەگەرچی ئەوەندە لەیەکەوە نزیکن بۆنی یەکتریان گرتووە، بەڵام لە وردبوونەوە لێیان ئەوە دەسەلێت هەردووکیان یەك پارچە نین.

لەم دێڕەشدا (مەولەوی) باسی جوانییەکی زۆر و ناسکییەکی لە رادەبەدەری خانمەکەی کردووە، بەشێوەیەك کاتێك باوەشێنی روومەتە بێگەردەکەی کردووە، ترسی هەبووە بای باوەشێنەکە جوانی روومەتی بشێوێنێت، یان ئازاری پێبگەیەنێت، بۆی هەیە کەسێك لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەم دێڕە بڵێت، ئەمە زیادەڕۆییەکی

رادەبەدەرە لە باسی جوانیدا، چۆن بای باوەشێن رووممەت دەشێوێنێت، یان برینداری دەکات !! منیش دەڵێم ئەمە زمانی شیعرە. جیایە لە زمانی کۆچە و کۆڵان و ناو بازاڕ، خۆ ئەگەر زمانی شیعر ئەم جوانییانەی نەبێت. ئیتر لە گەڵ قسەکردن و دەمەتەقێی ئاسایی دوو کەس چ جیاوازییەکی هەیە، هەر بۆیە زمانی شیعر لە پێناو دەرخستنی جوانییەکانی دونیاکەی هەموو سنوورەکانی زمانەوانی دەبەزێنێت و هیچ شوورەییەکیش نییە بۆ شاعیر ئەم کارە دەکات.

هەر لە درێژەی شیعرەکەدا (مەولەوی) چووەتە ناو بابەتی ئاوی حەیات کە چۆن لە نێو تاریکییەکی ئەنگوستەچاودایە و ئەوەی پێیبگات و بیخواتەوە، یان تەنانەت لیوی پێی تەڕبکات، ئیتر دەچێتە ژیانی ئەمرییەوە، دیارە ئەمە خۆی لە خۆیدا لە بابەتی ئەفسانەکانی هیند بە تایبەتی و خۆرهەلات بە گشتی سەرچاوەیگرتووە، هەمووومان دەزانین ئەفسانە شوێنی تەواو گەورەی لە مێژوودا گرتووە، لە کردنەوەی ئەو هەموو شوفرە و نهێنییانەی هەر لەسەرەتای ژیانەوە تائێستا لە ناو هەموو سووچ و کەلەبەرەکانیدا هەن، هەر بۆیە لە رووگەکانی بیر و هز و فەلسەفەوە کاریگەری گەورەی هەیە، ئەوەتا کەسێکی وەك (لیڤی شتراوس) لە ناو شفرە و نهێنییە زمانەوانی و کولتوورییەکانی ناو ئەفسانەکانی خێڵە ئەفریقاییەکان بنەماکانی (میتۆدی بونیادگەرایی) داڕشتووە، هەروەها مرۆڤ هەتا ئێستاش سەرەڕای ئەو هەموو پێشکەوتنەی لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا بەدیهاتوون، (پەرجووی دینی) کە لە رووی زانستییەوە دەچێتە خانەی ئەفسانەوە، کاریگەری زۆر بەرچاوی لە ژیانی پێکهاتە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان لە سەرانسەری دونیادا هەیە، دەگەڕێمەوە سەر ئەفسانەی ئاوی حەیات و ئەم دێڕە شیعرە، مەولەوی دەرکەوتنی جوانی خانمەکە لە نێو تاریکی تاڵە رەشەکانی شەدەکەیەوە کردووە بە ئاوی حەیات کە مرۆڤ دەستیپێناگات، گەیشتن بەو جوانییە وەك نۆشینی ئاوی حەیات وایە، چونکە چۆن ئەو ئاوە لە تاریکیدا شەپۆلدەدات، جوانی ئەمیش و بەهرەمەندبوون لەو جوانییە بە بەدەستهێنانی ئاوی حەیات چوێندراوە.

لە هەردوو دێڕی (شەشەم، حەوتەم)دا شاعیر وتوویەتی: غەریب بووم هەر لەبەر ئەوە لە گەڵمدا بەخشندەیی نواند و بە دیاری تیرێکی تێگرتم، ئەگەرچی منیش وەکو یاران گیانمسپارد، بەڵام هەر باشبوو چونکە تیرێکم لەگەڵ خۆم بۆ یادگاری برد..

بۆ زیاتر وردبوونەوە لە ماناداناەوەی ئەم دوو دێڕە، سەرەتا پێویستە لە وشەی (غەریب)ەوە دەستپێبکەم، غەریب لە زمانەوانی فەرهەنگدا بە ماناگانی: (ئاوارە لە زێد و نیشتمان، بەستەزمان و گێلۆکە، سەیر و سەمەرە....هتد[37])، بەڵام لەم شیعرەدا بە مانای (ئاوارەیی) هاتووە، ئەو ئاوارەیە لای مەولەوی مەبەستی جێهێشتن و دوورکەوتنەوە لە زێد و ماوا نییە لە ناو ژیانی دونیاییدا، بەڵکو ئاماژەیەکی عیرفانییە بۆ ئەو باوەڕە پێیوایە مرۆڤ لە ژیانی دونیاییدا ئاوارە و نامۆیە، چونکە ئەم ژیانە تێدەپەڕێت و کۆتایدێت، مرۆڤبوون و هەستکردنی راستەقینە بە ماناو ئەرزشەکانی، ڕۆیشتنە بەرەو دونیای ئەبراوە و ژیانی هەتا هەتایی، ئەگەر مرۆڤ وەك بەخششی یەزدانی بەر تیری خۆشەویستی راستەقینەی پەروەردگار بکەوێت، بە واتا دڵ و دەروونی بە خۆشەویستی ئەو زاتە لە ناخەوە زامداربێت، هەرچەندە گیانیدەسپێرێت، بەڵام وەك یادگاری بە ئەوین و خۆشەویستی پەروەردگارەوە دەڕوات. هەر بۆیە (مەولەوی)یش، ئەم لێکچواندنەوەی لە نێوان نیگاکردن و تیر وەشاندنی خانمەکە و جێگیرکردنی خۆشەویستی راستەقینەی خودایی وەك بەخششی گەورەی ئەو زاتە، کردووە.

بۆ کۆتاییهێنان بە ماناداناەوەی ئەم پارچە شیعرە دەڵێم: نهێنییەکانی هەقیقەت هەرگیز بە پرسیارکردن چارەسەر نابن، کەسیش بە خەرجکردنی ماڵ و سامان بە گەنجینەی هەقیقەت ناگات. گەیشتن بەو گەنجینەیە تەنها لە رێی بەدەستهێنانی خۆشەویستی راستەقینەی خودایییەوە مەیسەردەبێت[38].

---

[37] - (هەژار)- هەنبانە بۆرینە- چاپی شەشەم- لاپەرە ٥١٢)- سروش- تهران.

[38] - (ئەمیری وەزیری)- نەقشبەندی لە کوردستان- وەرگێڕانی لە فارسییەوە (عەلی میرزا عارف هەورامی)- لاپەڕە ٢٧٨)- چاپخانەی کارۆ (٢٠٠٩).

نموونەی هەشتەم:

١- شنەفتم دووربا لەیل زوکامشەن

دیشواری بالای نەونەمامشەن

٢- هەنارەکەی دڵ پڕ جە دانەی نیش

پێشیای کورەی ناری عەشق ویش

٣- بە مەودای موژگان سۆراخش کەرۆ

وە گەرمی نیشان دەماخش دەرۆ[٣٩]

وەك لە دیوانەکەیدا هاتووە: (مەولەوی) ئەم سێ دێڕە شیعرەی بۆ دۆستێکی نووسیوە کە تووشی نەخۆشی (هەڵامەت) بووە، دەرمانی تیا پیشانداوە بۆ هەڵامەتەکەی، سەبارەت بەم سێ دێڕە شیعرە لە ڕاڤەکاندا قسەی جیاجیا کراون، بەڵام من وەك وتوومە کارم بە ڕەخنەگردن و هەڵسەنگاندنی ڕاڤەکانەوە نییە، وەك ئەوەی خۆم لە شیعرەکە تێگەیشتووم قسەی لێوە دەکەم، با خوێنەرانی شارەزا لە شیعری ناوبراو بینە دادوەر و هەڵسەنگێنەر، بڕیاربدەن کە تا چەند کارەکەمان مەبەستی پێکاوە.

ئەگەر لە ڕووی ماناداناەوەی ڕواڵەتییەوە لەم سێ دێڕە بڕوانین کە یەکەیەکی بابەتیيان پێکهێناوە و تەواو تێکەڵن، وادێتە پێشچاو (مەولەوی) باسی ئەوەی کردووە، بیستوویەتی خۆشەویتەکەی کە بە (لەیل) ناویهیناوە، تووشی نەخۆشی (زوکام- هەڵامەت) بووە، بەوەش بالا نەونەمامەکەی دزراوە و تێکچووە، هەناری دڵم کە پڕە لە دانەی نیش و لە ناو کورەی خۆشەویستی خۆیدا پیشانوویەتی، بە نووکی برژانگەکانی کونیبکات و بۆنەکەی هەڵمژێ چاکدەبێتەوە.

من پێموایە ماناداناەوە و ڕاڤەکردنی ئەم سێ دێڕە وردبوونەوەی زیاتری پێویستە و دەگرێت بە شێوەی جۆراوجۆر ماناداناەوەیان بۆ بکرێت، لەم بوارەشدا پێویستە بزانین، شاعیر وشەی (لەیل)ی بۆ چەند مەبەستێك بەکارهێناوە، هەربۆنموونە بەرامبەر هەریەك لە: (عەنبەر خاتوون، دۆستانان و هاوڕێیانی، پیرەکانی) لە شیعرەکانیدا لە گەڵیان کەوتوومتە قسە، بۆ ئەوەی بزانین لێرەدا بە کام مەبەست

---

[٣٩]- (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- لاپەڕە (٣٧٠)- انتشارات کردستان.

بەکاریهێناوە، ئەوە ناوەرۆکی شیعرەکان گەواهی مەبەستی بەکارهێنانەکە دەدەن، لەمبارەوە ئەم دەربڕیانەوە دەخەمەڕوو:

١- شتێی ئاشکرایە (شاعیر) پێش ژنهێنانی حەزی لە (خاتوو لەیلێ)ی خوشکی (ئەحمەد پریسی) هاوڕێی کردووە، داواشی کردووە و نەیانداوەتێ، دەگرێت لێرەدا مەبەستی شاعیر ئەو بووبێت، لە ئەنجامی تووشبوونی بە نەخۆشی (هەلامەت) سیمای جوان و قەدوبالای ڕێکی دڕاو و ناڕەحەتبووبن، بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی دڵی خۆی کە پڕبووە لە دانەی ئێش و (لەیلێ) لە ناو ئاگری گورەی خۆشەویستی خۆیدا پیشاندوویەتی، بە برژانگی کونیبکات و بۆنی هالاوەکەی بکات چاکدەبێتەوە، هەر لێرەدا باس لەوە دەکەم شاعیر لە سەرەتای نیوەدێڕی دووەمی دێڕی دووەمدا ناوی (پیشیای- پیشاو)ی هێناوە، کەواتە هەناری دڵی شاعیر پێشتر بە ئاگری گوورەی ئەشقی (لەیلێ) پیشاوە، ئەوەك ئەوەی لە هەندێ ڕاڤەدا وتراوە بیپیشێنێت، چونکە ئەگەر بەمشێوەیە بەکاربهاتایە دەبوایە بەکارهێنانە هەورامییەکەی (پیشنۆش) بوایە نەوەك (پیشیای).

٢- لەوانەیە شاعیر هەر وەك لە دیوانەکەیدا هاتووە، ئەم شیعرەی بۆ دۆستێکی نووسیبێت هەلامەتیبووبێت و ئەمیش دەرمانی نەخۆشی (هەلامەت)ی پیشاندابێت، هەر وەك ئەوەی لە ناو (دەرمانگەری میللی)دا هەیە، بەوەی هەنارێك لە ناو ژیلەمۆی ئاگردا بپێشێنێت، وەك چۆن دڵی مەولەوی لەناو ئاگری گورەی خۆشەویستی ئەودا پیشاوە، دوای پیشانی کون کونیبکات ئینجا بۆنی هالاوی پیشانەکەی بکات، دیارە ئەمە وەك چارەسەر لە دەرمانگەری میللیدا بۆ تووشبوانی هەلامەت بەکار هاتووە، هەندێك کەس دەڵێن هەنارە پیشاوەکانیشیان خواردووە، شتێکی ئاشکرایە هەنار لەبەر ئەوەی ڕێژەیەکی باش (ڤیتامین سی) تێدایە بۆ چارەسەری نەخۆشی هەلامەت زۆر باشە.

٣- دەگرێت شیعرەکە بۆ پیرەکەی بووبێت، بابەتی (زوگام، هەنار، موژگان، سۆراخ، دەماخ...هتد) تەنیا لە ڕووی مانەوییەوە بەکارهێنرابن، شاعیر باسی لە گیرۆدەبوونی بە خۆشەویستی پیرەکەی کردبێت، کە چۆن ئاگری گوورەی ئەو خۆشەویستییە دڵی

پیشاندووە و بە تیری برژانگەکانی کون کونیکردووە، بەشێوەیەك تەنیاو تەنیا بە نیگاکردنی ئەو و بۆن و بەرامەی ئەو چاکدەبێتەوە.

دیارە ئەم بۆچوونەم لەوەوە سەرچاوەیگرتووە وشەی (سۆراخ و دەماخ) لە ناو زمانەوانی هەروەها لە ناو فەرهەنگدا بە چەندین شێوە بەکارهێنراون، سەبارەت بە سۆراخ وەك: (گەڕان بەدوای شتی ونبوودا، هەستکردن بە شوێنی شتی ونبوو، نیگاکردن) بەکارهێنراوە، بەلام من لە هیچ شوێنێکدا بە مانای (کون، کونکردن) بەرچاومنەکەوتووە کە لە هەندێك راڤەدا بە کونکردن لێکدراوەتەوە، سەبارەت بە (دەماخ)یش بە چەندین مانا لەوانە: (کەیف، شادی، مێشك، لووت و کەپوو، جۆرێك نەخۆشی دەمی ولاخ[٤٠]) بەکارهێنراوە، بەلام بەکارهێنانەکانیان لێرەدا مەبەست لێی نیگاکردن و بۆنکردنی پیرە.

بۆ کۆتاییهێنان بە راڤەکردنی ئەم سێ دێرە، پێموایە بۆچوونی یەکەم کە تووشبوونی (لەیلێ) بە هەلامەت و نامازەکانی شاعیر بە خۆشەویستی رابوردووی بۆ ئەو لە هەموویان گونجاوترە.

---

[٤٠] - (هەژار)- هەنبانە بۆرینە- چاپی شەشەم- لاپەڕە (٢٢٦)- سروش- تهران ١٣٨٨.

# چەند بابەتێکی تر لە شیعری (مەولەوی)دا

# چەند بابەتێکی تر لە شیعری (مەولەوی)دا

ئەوەی دیوانی شیعرەکانی مەولەوی بخوێنێتەوە، بێجگە ئەو نموونە شیعرییانەی لە ناو بابەتەکاندا سەبارەتیان قسەمکرد، بە دڵنیاییەوە دەکەوێتە ناو بابەتی تری جیاجیا کە شاعیر لە ناو پارچە و دێڕە شیعرەکانیدا خستوونیەتەڕوو، هەر بۆیە پێویستیکرد بێجگە لەو نموونای لە ناو بابەتەکانی پێشوو سەبارەتیان قسەمکرد، بچمە لای چەند پارچە شیعرێکی تری شاعیر و لە ژێر ناو و نیشانی (چەند بابەتێکی تر لە شیعری مەولەویدا)، مانایان بدەمەوە و بە پێی تێگەیشتنی خۆم لێیان رافەیان بکەم، دیارە ئەو پارچە شیعرانە لە ناو دیوانەکەیدا زۆرن، بەڵام وەك پێشتر وتوومە من لەسەر بنەمای خستنەڕووی نموونەی شیعری لە ناو بابەتەکاندا کارمکردووە، بۆیە لێرەشدا هەر بەو ئاکاردا بەردەوامدەبم، ئەو نموونانەی قسەیان لێوە دەکەم لە ناو بابەتە جیاجیاکاندا هەڵمبژاردوون، لە تەك هەر نموونەیەکیشدا مەبەستی پشت هۆنینەوەی شیعرەکە دەخەمەڕوو.

**نموونەی یەکەم:**

١- دڵە یەند مەستیت جەم بی ئەسەردا
چەند کاری ئارۆت وستەو رۆی فەردا
٢- شەرتێوم نیەن جە بێ شەرتی تۆ
رووی سیای تۆبەی سەد فەردا ئەبۆ
٣- ئەگەفتی ئەو را پەی حەق پەرستی
تا بی وە هامتای مەستی پای سستی
٤- پیری حەڵقەسان خەم پەنەم وەردەن
پەی دەرگای عەدەم ئامادەم کەردەن
٥- سەروەختی ئەدای ئەمانەتمەن
ئەشری سیاهەی خیانەتمەن

٦- موغەنی، تەنخوای من وە نەوایێ

وەی چەند فەردەوە هۆردە سەدایێ

٧- یا رەبی نەی شەو تاریکەی فانی

هەر تۆ وە کردەی بەدیم مزانی

٨- ئای سوبحی مەحشەر سەر نەفگەندە وێم

شەرمەندەی حضور خواو بەندە وێم

٩- بە رەحمەکەی وێت فەردی تەنیای تاک

بەشقی مەشقی عەشق دڵیکانی پاک

١٠- بەو فەسڵی فراق خاطر پڕخاران

بەو دیای دمای یەکتری یاران

١١- ئەر صەد تاوانم جە حەد ئەو دەرەن

دەفتەرم جە رووی وێم سیاتەرەن

١٢- تۆ بویەر جەمن جە پڕ ئینسافی

من روزەردی وێم کافیەن کافی[1]

وەك لە دیوانەکەیدا هاتووە، (مەولەوی) لەم پارچە شیعرەدا قسەی لە تەك نەفسی خۆیدا کردووە، لۆمەیکردووە و لە پەروەردگار پاڕاوەتەوە لێی ببورێت. دیارە چەند پارچە شیعرێکی تریشی لەم بارەوە هۆنیوەتەوە و لە ناو دیوانەکەیدا بڵاوکراونەتەوە.

دێڕی (یەکەم) بەر لەوەی بچمە سەر ماناداناوەی پێویستدەکات باس لەوەبکەم، لە دیوانەکەیدا لە سەرەتای (نیوەی یەکەم. دێڕی یەکەم) لە بری وشەی (پەند) نووسراوە (چەند)، بەڵام من پێموایە لە بەر ئەوەی هەمان وشەی (چەند) لە سەرەتای نیوەدێڕی (دووەم)دا دووبارەبووەتەوە، وشەی (پەند) گونجاوترە، چونکە

---

[1] - (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس)- دیوانی مەولەوی- لاپەڕە (٢٦٢، ٢٦٣، ٢٦٤)- انتشارات کردستان-

زۆر لە سەلیقەو توانای شیعری (مەولەوی)یەوە دوورە. یەك وشە هەر وەكو خۆی لە سەرەتای هەردوو نیوە دێڕی دێڕە شیعرێكدا بەكاربهێنێت.

لەم دێڕەدا شاعیر وتوویەتی: (دڵە مەبەست خۆیەتی) چەندە مەستیت لەسەرتدا كۆكردووەتەوە، چەند كاری ئەمڕۆت خستووەتە سبەینێ. مەبەستی شاعیر ئەوەیە ئەوەی لەسەریبووە وەك پێویست لە كاتی خۆیدا ئەنجامینەداوە و سستیكردوە، كاری ئەمڕۆی خستووەتە سبەینێ و ئێستا بەسەریەوە كەڵەكەبوون.

ئەم ناڕازیبوونەی (مەولەوی) لە خۆی لە ڕێی كردارەكانییەوە لە چەندین دێڕە شیعری تریدا دووبارە بوونەتەوە، هەر بۆ نموونە، فەرموویەتی:

**بابەی مەی بەڵكم نایر مەستی**

**سۆچنۆ یەكسەر خاشاك هەستی**[1]

لەم دێڕەدا داوای مەی ڕۆحی كردووە بۆ سووتانی هەموو خاشاكەكانی مرۆڤبوونی.

لە هەردوو دێڕی (دووەم، سێیەم)دا كە بەسەریەكەوە مانایاندەدەمەوە شاعیر وتوویەتی: لە بێبەهایی و بێشەرتی تۆ، من هیچ شەرتێكم نییە ڕووڕەشی تۆبەی سەد سبەی نەبێت، نەكەوتیتەسەر ڕێی ڕاستی هەقپەرستی، هەتاكو بوویت بە هاوتای مەستی پێی سستی.

بۆ زیاتر وردبوونەوە لەمانای ئەم دوو دێڕە شیعرە، پێویستە سەرەتا سەبارەت بە وشەی (شەرت) قسەبكەم، دیارە ئەم وشەیە لە ناو زمانەوانی و لە فەرهەنگدا بە چەند مانایەك بەكارهاتووە، وەك: (گرەو، پەیمان، ئەو كرێیەی بە ڕەنجبەر و شوان دەدرێت....هتد[2])، بە بۆچوونی من بەكارهێنانی وشەكە لە نیوە دێڕی یەكەمی دێڕی (دووەم)ی ئەم پارچە شیعرەدا بۆ هەردوو مانای (گرەو، پەیمان) بووە، (مەولەوی) لە سەرەتای نیوە دێڕەكەوە وتوویەتی: هیچ گرەوێكم نییە لە ئەنجامی بێ پەیمانی (تۆ-

[1] - (د. سەبوور عەبدولكەریم- شكار)- چەمكی ژیان و مردن لە شیعری مەولەوی و مەولانای رۆمی دا- چاپی یەكەم- لاپەڕە (٢٢١)- لە بڵاوكراوەكانی ناوەندی غەزەلنووس.

[2] - (هەژار)- هەنبانە بۆرینە- چاپی شەشەم – لاپەڕە (٤٨٤)- سروش- تهران.

مەبەست دڵیەتی)، سەدجار رووڕەشی پەشیمانبوونەوە لە تاوانی نەگردبێتم، بەوەی هەر نەکەوتیتەسەر ڕێگەی راستی خوداپەرستی، بەشێوەیەك بە تەواوی بوویتە هاوتای مەستبوون و پێی رۆیشتنت لەسەر ڕێگەی راستی خوداپەرستی سستبوو، دیارە مەبەستی شاعیر ئەوەیە هەتا هێزو تینی تێدابووە، وەك سەرخۆش بێئاگابووە لە گرتنەبەری ڕێگەی هەق، خۆ ئەوەتا ئێستاش ئەو هێزو تینەی نەماوە سست و بێتوانایە.

پێویستە باس لەوە بکەم (مەستی) لای شاعیر لەم دێڕەدا بە مانا باوەکەی هاتووە، نەوەك ماناکانی لە ناو سۆفیگەری و عیرفاندا.

لە هەردوو دێڕی (چوارەم ، پێنجەم)دا کە ئەمانیش بەسەریەکەوە مانادەدەمەوە، شاعیر وتوویەتی: خەم و ئازاری پیری وەك ئەڵقە چەماندمیەوە، ئەوەتا بۆ لێدانی دەرگای (نەبوون- مردن) ئامادەیکردووم، سەرەوەختی گێڕانەوەی ئەمانەت و بڵاوکردنەوەی لاپەڕە رەشەکانی ناراستیمە لە بەڵێنەکانمدا. ئاشکرایە دیدی مەولەوی بۆ (عەدەم) لە زۆربەی دێڕە شیعرەکانیدا نزیکە لە مانا ئاساییەکەیەوە، بەڵام دیدی گەورە عاریفان لە بارەوە بە جۆرێکی ترە، بۆ نموونە (مەولانا جەلالەددین) فەرموویەتی:

عدم درياست وين عالم كفى

سليمانيست وين خلقان چون موران[1]

دیارە لێرەدا مەولانا (عەدەم) بە تەواوی مانا عیرفانییەکەیەوە دەبینێت کە جیهانی نادیار دەگەیەنێت.

مەبەستی (مەولەوی) لەم دوو دێڕەدا ئەوەیە، مرۆڤ بە تێپەربوونی ساڵەکانی تەمەنی و لەسەردەمی پیریدا دەچەمێتەوە، ئەو قەدو باڵا راست و قنجەی سەردەمی گەنجی دەچەمێتەوە وەك ئەڵقەی لێدێت و بۆ لێدان لە دەرگای (عەدەم- نەبوون-

---

[1]- (د. سەبوور عەبدولکەریم- شکار)- چەمکی ژیان و مردن لە شیعری مەولەوی و مەولانای رۆمی دا- چاپی یەکەم- لاپەڕە (٢٩١)- لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووس.

مردن) ئامادەدەكرێت، ئیتر كاتی رادەستكردنەوەی ئەو ئەمانەتەی لایەتی هاتووە و ئەو لاپەڕانەی كە بە سپییەتی وەریگرتوون و بە درێژایی ساڵەكانی تەمەنی رەشیكردوونەتەوە بڵاودەكرێنەوە. بۆ زیاتر وردبوونەوە لەم بوارەدا باس لەوە دەكەم: شتێكی ئاشكرایە بنچینەی ئەمانەتی پەروەردگار لای مرۆڤ (رۆحیەتی)، بە پێی دینی ئیسلام بە كێشانی رۆح ئەو ئەمانەتە بۆ لای خودای گەورە دەگەڕێتەوە، جەستەش بە هەموو ئەندامەكانییەوە دەخرێتە ناو گۆڕ. بۆ ئەوەی مرۆڤ لە رۆژی (پەسلان- قیامەت)، پاش ئەوەی بە فەرمانی پەروەردگار رۆحی دەگرێتەوە بە بەری جەستەیدا، بە جەستەیەكی پاك و شیاو بەو ئامادەبوونە بگەڕێتەوە ، پێویستە لە ژیانیدا رێگەی راستی خوداپەرستی گرتبێت. ئەگەر وایكردبێت ئەوە توانیویەتی ئەمانەتەكە وەك خۆی بگەڕێنێتەوە، خۆ ئەگەر نەیتوانیبێت ئەمانەتەكە وە خۆی بپارێزێت بەوەی ئەو ئەندامانەی جەستەی لە ئەنجامی بەكارهێنانیان بە شێوەیەكی ناڕاست لە ماوەی ژیانیدا بێكەڵكیكردبن، ئەوە لاپەڕە رەشەكانی كردارەكانی بڵاودەكرێنەوە.

لە دێڕی (شەشەم)دا شاعیر وتوویەتی: (موغەنی= گۆرانیبێژ) لە جیاتی من بە ئاوازێكی خەمبارەوە، بەم چەند دێڕەوە دەنگت هەڵبڕە و گۆرانییەك بڵێ.

شتێكی ئاشكرایە چەند جارێك (مەولەوی) لە ناو شیعرەكانیدا هانای بۆ (موغەنی، مطرب، دەفژەن...) بردووە، ئەو هانا بۆبردنانەش زیاتر بە مەبەستی وە دەستهێنانی ئاسوودەیی بووە، لە رێی دەنگ و ئاواز و دەست و پەنجەی ئەوانەوە، لەو كاتەنەدا بووە بە دەم دەربڕینی ئێش و ئازاری دەروونی و جەستەیەوە ناڵاندوویەتی، بەپاڕانەوە و لاڵانەوە لە پەروەردگاری مەزن و ستایش و پیاهەڵدانی ئەو زاتە و پەشیمانی دەربڕینی خۆی بووە.

لە دێڕەكانی (حەوتەم، هەشتەم، نۆیەم، دەیەم یانزەم، دوانزەم)دا كە وەك ئەڵقەی زنجیر پێكەوە گرێدراون و ماناكانیان بەسەر یەكەوە دێن، شاعیر تیایاندا تاوانباربوونی خۆی باسكردووە، پاڕانەوە و دەستەوداوێنبوونی بەمەبەستی بەدەستهێنانی بەزەیی و رەزامەندی پەروەردگار خستووتەڕوو، بەڵام بەر لەوەی

بچمه سەر ماناداناەوەی شیعرەکان باس لەوە دەکەم، دێڕی حەوتەم لە پارچە شیعرێکی تری (مەولەوی) بە هەمان زنجیرە نووسراوەتەوە، سەرەتاکەی بەمشێوەیە دەستپێکردووە؛ (تەرکی ئینتیزار حەیات کەردەنم)، هەروەها دێڕی (هەشتەم)یش لە پارچە شیعرێکی تردا سەرەتاکەی بەم شێوەیە دەستپێکردووە، (تەئسیری خەیاڵ کردەی من سەردا) بە هەمان زنجیرە دووبارەبوونەتەوە، پێدەچێت ئەم دووبارەبوونەوانە لە هەڵەی نووسینەوە و گواستنەوەی شیعرەکان لە ناو کەشکۆڵ و دەستنووسەکاندا هاتبێت، یان لەو خودی شاعیر کە بەیناوبەین چووەتە ناو بابەتەکانی پشت ئەم مەبەستانەوە.

لەم دێڕانەدا (مەولەوی) وتوویەتی: خودایە لەم تاریکە شەوەی ژیانم لە دونیای (فانی- بڕاوە)دا، هەر تۆ خۆت بە کردەوە بەد و خراپەکانی من دەزانیت، ئای چۆن لە بەرەبەیانی رۆژی (پەسلان)دا سەرداخستووم بەشێوەیەك لەبەردەم خوداو خەڵکدا شەرمەزاردەبم، ئەی خودای تاك و تەنیا بەبەزەیی خۆت لەبەر خاتری ئەشق و خۆشەویستی دڵدارە دڵپاکەکانت، بە خاتری ئەو کاتانەی دۆستە دڵپڕئازارەکان لە یەکتری جیادەبنەوە و بەو کاتانەی بەدوای یەکتریدا دەڕوانن سوێندت دەدەم، ئەگەرچی تاوانەکانم هەموو سنوورێکیان تێپەڕاندووە و دەفتەری کردارەکانم لە روومەتم رەشترە، تۆ بە گەورەیی و بەزەیی فراوانت لێم ببورە، من تەنیا رووڕەشی و شەرمەزاریی خۆمم بەسە.

شتێکی ئاشکرایە ئەم جۆرە دەربڕینانە و مەبەستی خستەڕوویان لە چەندین دێڕ و پارچە شیعری (مەولەوی)دا دووپاتبوونەتەوە، ئەگەرچی شاعیری ناوبراو مەلا و سۆفی بووە و لە هەردوو دیوی (شەریعەت و تەریقەت)ەوە باش پەروەردگاری خۆی ناسیووە، لە کردەوەکانیدا سنووری خۆی نەبەزاندووە و لە ناو رەوییە و جوانەکانیان دەرنەچووە، کەچی لە خۆ بەکەمزانین و بەندەیی راسەقینەیەوە بۆ پەروەردگار، هەمیشە خۆی بە تاوانبار و گوناکار زانیوە و پێیوابووە نەیتوانیوە وەك پێویست خودای گەورە رازیبکات، بۆیە بەردەوام داوای بەزەیی و لێخۆشبوونی لەو زاتە کردووە. ئەمەش هەمیشە خووی پیاوچاکان و رێبوارانی رێگەی خوداپەرستی

راستەقینەی دوور لە ریاکاری و خۆدەرخستنە. زۆربەی شاعیرانی کورد لە شیعرەکانیاندا چ ئەوانەیان ریگەی سۆفیگەرییان هەڵبژاردووە، یان ئەوانەیان سۆفی نەبوون، بەڵام لە بواری خوداناسی و ستایشی ئەو زاتە و پێغەمبەری خۆشەویستدا شیعریان هۆنیوەتەوە، لەشیعرەکانیاندا ئەم دەربڕینانەیان هەبووە. هەر بۆ نموونە (سەی حەمەصادقی سەفاخانەیی) خەڵکی ناوچەی هەوشار کە ساڵی (١٢١٢ ك) لە دێی (سەفاخانە) لە دایکبووە، ساڵی (١٢٨٠ ك) کۆچی دوایکردووە و لە گوندی (تیلەکۆ)ی هەمان ناوچە بە خاکسپێردراوە، لە ستایشی (پێغەمبەر د. خ) توویەتی:

ئەر صەد رووسیام حەبیب دانا
بە ئۆمەت و تۆ نامێم مەوانا
چون عەرەب دەخیل دەسم وە دامان
جەو دەم عاصیان مەبان سەرگەردان
گومان مەبەرە کەسێم تر بیر بۆ
بە بوزورگی وێت منت جە ویر بۆ[5]

نموونەی دووەم:

١- رەمەزان طلوع صوبح شادیشەن
شەوال شام شووم نامرادیشەن
٢- دەردینە شەوال ئای زام سەختە من
تاڵە شووم شەوال، ئای بەدبەختە من
٣- غورە، غورەی ئەو سەفاش پەی غەیری
ئازیز قیبلەی من وەفاش پەی غەیری
٤- های موغەنی تار حەنجەرەی وەش تەرز
وە سەر پەنجەی ناز باوەرە ئەو لەرز

---

[5]- (صدیق بۆرەکەیی)- مێژووی وێژەی کوردی- بەرگی یەکەم- لاپەرە (٤٩٩، ٥٠٢)- چاپخانە- چهر تبریز.

٥- من ئاسا یاد کەر جەرگەی ویەردە
پاران مەرحوم دەرد دڵ وەردە
٦- بەو لەرەی دڵ سۆز وە جگەرەوە
مظمون ئەوان تەکرار کەردەوە
٧- ئاخ، من و شەوال هەردوو هام فەردیم
هەردوو گرفتار ئێشی یەك دەردیم
٨- غورەی ئەو هیبلەی من وە یەك تارەن
وە نام ئێمە و کام ئەغیارەن[٩]

وەك لە دیوانەکەیدا هاتووە (مەولەوی) ئەم پارچە شیعرەی لە شەوێکی جەژنی ڕەمەزاندا وتووە، بەر لەوەی بچمە سەر مانادانەوەی شیعرەکان، باس لەوە دەکەم، مانگی شەوال لە ناو ئێمەی کورد بە (شەشەڵان) ناویدەبرێت، چونکە زۆرێك لە موسڵمانان هەر لە دووەم ڕۆژی مانگەکەوە دەست بە بەرۆژووبوون دەکەنەوە، بەم ڕۆژووەش دەوترێت (ڕۆژووی شەشەڵان)، هەندێکیان شەش ڕۆژ بە دوای یەکدا بەرۆژوودەبن، هەندێکی تریشیان بە درێژایی مانگەکە شەش ڕۆژەکە تەواودەکەن. لەم پارچە شیعرەدا شاعیر لێکچوونی لە نێوان خۆی و مانگی شەشەڵاندا کردووە، ئەوەی دەرخستووە هەردووکیان ڕەنجەڕۆ و ئاکامن.
لە دێڕەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم)دا، باسی لەوە کردووە، یەکەم ڕۆژی جەژن دەرکەوتنی شادی مانگی ڕەمەزانە، چونکە ڕۆژی جەژن لە ڕۆژەکانی ئەو نییە، بەڵام جەژنەکە ناوی ئەوی هەڵگرتووە، لەو لاشەوە (شەوال- شەشەڵان)یش ئێوارەی ڕەنجەڕۆیی و نامورادییەتی، چونکە ڕۆژەکە هینی ئەوە و لێیڕۆیشتووە. پێویستە باس لەوە بکەم لە هەندێك دەستنووسدا نیوەی دووەمی دێڕی یەکەم بەمشێوەیە نووسراوە: (شەوال ڕەنجەڕۆ نامورادیشەن)، هەروەها نیوەی دووەمی دێڕی دووەم

---

٩ - (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- لاپەڕە (٣٠٤، ٣٠٥)- انتشارات کردستان

نووسراوە: (چارە شووم شەوال، ئای بەدبەختە من[7]) ئەم جیاوازییانە هیچ لە مانای گشتی دێڕەکان ناگۆڕێت. هەروەها شاعیر وتوویەتی: شەشەڵان دەردەدارە و منیش وەك ئەو زامم سەختە، ئەو ناوچەوانی شوومە و ئای منیش چەندە بەدبەختم، (غورە= سەرەتای دەرکەوتنی مانگ) هێنی شەشەڵانە، کەچی خۆشییەکەی بۆ خۆی نییە و بۆ (غەیرە- مەبەستی رەمەزانە)، هەر وەك من چۆن ئازیز خۆشەویست و دڵنەوازی منە، بەڵام وەفای بۆ (غەیرە- مەبەستی ناحەز و بێگانەیە).

بۆ زیاتر قووڵبوونەوە لە مانادانەوەی ئەم دێڕانە، پێویستە قسە لەوە بکەم، (مەولەوی) ئەوەی هێناتەوە بەرباس، هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا وا هاتووە مانگی رەمەزان هەموو رۆژەکانی خۆی تەواودەکات و دەڕوات، کەچی جەژن بە ناوی جەژنی رەمەزانەوەیە، هەر بۆیە رۆژی یەکەمی جەژن دەرکەوتنی بەرەبەیانی خۆشی و شادی رەمەزانە، کەچی بۆ مانگی شەشەڵان ئێوارەی نەگبەتییەتی، پێویستە بزانین وشەی (شوم) لە زمانەوانی و فەرهەنگدا زیاتر لە بەکارهێنانێکی هەیە، وەك: (بێفەڕ، نەگبەت، ئانی شەو.....هتد[8])، لێرەدا زیاتر مانای بێفەڕی و نەگبەتی هەیە.

لە دێڕەکانی دووەم و سێیەمدا شاعیر مانگی شەشەڵان و خۆی دەخاتە تای تەرازوویەکەوە، هەردووکیان دەردەدار و زامدار و بەدبەخت و ناوچاوان رەش، بەرامبەریشیان رەمەزان و ناحەز وەستاون، کە خۆشی شادی جەژن و وفاو ئەمەك لەمان دەسێنن، رەمەزان وەك زۆردارێك خۆشی جەژن لە مانگی شەشەڵان دەسێنێت، ناحەز و بەدکاریش ئەمەك و وەفای ئازیزەکەی مەولەوی بۆ خۆیان دەبەن و نائومێدی دەکەن.

لە دێڕەکانی (چوارەم، پێنجەم، شەشەم) شاعیر هانا بۆ (موغەنی - گۆرانیبێژ)ی بردووە، دیارە هەمان گۆرانیبێژ (تار) ژەنیشە، پێیوتووە: ئەی گۆرانیبێژی خاوەن گەرووی خۆش تەرز، بەسەرپەنجەی ناز تارەکەت بژەنە و بیخەرە لەرزە، هەر وەك من باسێك لە رۆژانی رابوردوو بکە، ئەو یارانە بهێنەرەوەیاد بەدەردی دڵیانەوە

---

[7]- (ئەبو ئەلوەفا موعتەمیدی کوردستانی) - دیوان مولوی کرد- دەستنووس-، لاپەڕە (١).

[8]- (هەژار)- هەنبانە بۆرینە- چاپی شەشەم- لاپەڕە (٤٧٩)- سروش- تهران.

کۆچیانکرد، بەو لەرزشە دڵ و جگەر سووتێنەرەت، ناوەرۆکی شیعرو بەسەرهاتی ئەوانمان بۆ دووبارەبکەرەوە.

وەك لەم سێ دێڕەدا دەرکەوتووە، مەولەوی گەڕاوەتەوە بۆ ناو ئەو بەهرە و کەرەستانەی بۆ مرۆڤ هەمیشە ئاسوودەیی دەهێنن، ئەم هانابردنەی شاعیر لە چەندین دێڕو پارچە شیعری تردا چەندین بارە بووەتەوە، بەڵام لە هەر شوێنێکدا بە ماناو مەبەستی خۆی بەکارهاتووە، لە هەندێك دێڕدا لە دۆخێکی تەواوی ناو جەزبە و راکێشانی رۆحیدا بووە، ئەم بەهرە و ئامێرانەی بە رووە مانەوییەکەیان بەکارهێناوە و هەرگیز مەبەستی مانا و بەکارهێنانە باوەکانیان نەبووە، لێرەدا چەند دێڕێك لە شیعرەکانی دەنووسمەوە:

با بەهۆ وەش وەش سۆزی سەداکەت
لەرەی نەوای تەرز شیرین ئەداکەت
بەو نالێرەوە، بەو دالێرەوە
خاس بنیە هەستیم وە ئایرەوە
نەیچی وە بێ بەزم یارانی جانی
کام سەفا مەنەحن پەی زیندەگانی
چون مەزاق تاڵەن جە گردین لاوە
بێ وە شیرینی یەك دوو نەواوە
یەکێ یەکجاری تاونێمەوە
ئەو یەك لاونێم، پاونێمەوە

ئەم چەند دێڕەدا بێجگە لە لایەنی مانەوی، هیچ مانایەکی تر بۆ هانابۆبردنی (مەولەوی) نییە.

پاش ئەم دێڕانە دەگەڕێمەوە ناو کرۆکی باسەکە کە هانابردنی شاعیرە لەدێڕەکانی (چوارەم، پێنجەم، شەشەم)ی نموونەی دووەمی ئەم بابەتە، بەبڕوای من ئەمەیان هانابردنە بۆ گۆرانیبێژو تارژەن و دەگرێت هەردووکیان هەر یەك کەسبووبن،

بەمەستی گوێگرتنە لە ئاوازی گۆرانی و ژەنینی تار، لەوێشەوە بەیادهێنانەوەی یارانی کۆچکردوو، هەروەها ناوەڕۆکی شیعرو نووسینەکانیانە، ئەمەش بە مەبەستی ئەو دەردەدڵ و گلەییانەیە یارانی پێشوو کردوویانەوە و ئێستاش شاعیر بە هەمان چارەنووس گەیشتووە. بەڵگەی تریش هەیە شاعیر حەزی لە گۆرانی بووە، لێرەدا گێڕانەوەکەی (سەی ئەحمەدی عازەبانی) دەهێنینەوە یاد، ناوبراو بۆ مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)ی باسکردووە، وتوویەتی: (سەی حەسەنی موفتی) داوای (حەبیبە خانی کچی شێخ عەلی عەبابەیلێی) کردووە، ڕۆژی گواستنەوەی لە سەر داوای شێخ عەلی، لە گەڵ کەژاوەی بووکدا (مەولەوی) هاتووە بۆ سلێمانی، لە ناو ڕێگا گۆرانبێژێك بە ناوی (حەمەی ئامین) بە دەنگێکی زۆر خۆش گۆرانیچڕیوە، ئەوەندە دەنگی خۆشبووە و کاریکردووەتە سەر (مەولەوی) کەوتووەتە دۆخی جەزبە و بەسەر وەڵاخەکەوە کەوتووەتە خوارەوە[٩].

لە دێڕەکانی (حەوتەم، هەشتەم)یشدا شاعیر وتوویەتی: ئاخ من و مانگی شەشەڵان هەردووکمان هاوتا و هاودەردی یەکترین، هەردووکمان بە نیشی یەك دەردەوە گرفتارین، سەرەتای ئەو وەك قیبلەی من وایە، بە ناو هینی ئێمەن کەچی بە ئاواتی ناحەزان و بێگانەن.

بۆ زیاتر قسەکردن سەبارەت ئەم دوو دێڕە دەڵێم، شاعیر هەروەك چۆن لە دێڕەکانی (دووەم، سێیەم)ی ئەم پارچە شیعرەدا وەك پێشتر وتم خۆی و شەشەڵانی خستووەتە تای تەرازوویەکەوە، بەرامبەریشیان مانگی ڕەمەزان و ناحەز و بێگانە وەستاون، جارێکی تر لەم دوو دێڕەدا گەڕاوەتەوە بۆ ئەو بابەتە، ئەگەرچی زۆر بە ترس و دڵەڕاوکێ بەرامبەر گەورەیی (مەولەوی) قسەدەکەم، بەڵام بە بۆچوونی من ئەگەر ئەم دوو دێڕە بە دوای دێڕەکانی دووەم و سێیەمە بوونایە، زیاتر یەکەی بابەتیان دروستدەکرد و فەلسەفەی دەقیان دەپاراست، چونکە بازدان بەسەر ئەهامەتییەکانی خۆی و شەشەڵان لە دێڕەکانی (چوارەم، پێنجەم، شەشەم) و ڕۆیشتن بۆ لای (موغەنی= گۆرانیبێژ) و تارژەن، هەروەها ڕازی یارانی کۆچکردووی لە دەستچوو،

---

[٩] - (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- یادی مەردان- بەرگی دووەم- لاپەڕە (٢٧٥)- بەغداد- ١٩٨٣.

دووباره گەڕانەوە بۆ ناو هەمان بابەتی خۆی و شەشەلآن لە دێڕەکانی (حەوتەم و هەشتەم) لە رووی یەکەی بابەتەوە جۆرە لەنگییەکی بەرهەمهێناوە.

نموونەی سێیەم:

١- خامەی سەراوێز نە چای سیایی
مەڕێزۆ نەسرین شەکوای جیایی

٢- نامەی سەد شکەنج وە هەم پێچ وەردەن
چون من سەرتاپاش شکستەی دەردەن

٣- دەوات دوی سیاش جە دەم مەخێزۆ
نامە سیاخاڵ وەسەر مەڕێزۆ

٤- دەوات دوی دەروون گێج دان وە هەم دا
لیقە وێش گێشان وە لیتەی خەم دا

٥- خامە شەق وەردەن دەم مەکەردەوە
زار زار مەناڵۆ وە دەم دەردەوە

٦- مەوات هەی ئاوات واستەکەی جەستەم
هەی مۆمیایی پێشەی شکستەم

٧- کام زام بێ جە تۆ من نەویەم نەسیب
جەفا هەر وە من، وەفا پەی رەقیب

٨- زامان تاونان هوناوان جۆ جۆ
دەرد وە بان دەرد پە جە دوری تۆ

٩- بڕیان تای رووباب قافیە خوانیم
نەمەندەن تاقەت عیبارەت زانیم

١٠- دەمەی هەناسەی گەرم نارەکەم
نە کورەی دەروون پڕ جە خارەکەم

١١- ئایردان حوجرەی دڵەی پڕ دەردم

سوچنان کتاو مەجموعەی فەردم[١]

ئاشکرایە زۆربەی ئەوانەی سەبارەت بە شیعرەکانی ئەم زاتە راڤە و لێکۆڵینەوەیان کردووە، سووتانی کتێبخانەکەی شاعیریان بە هۆکاری پشت هۆنینەوەیان داناوە، قسەش لەوەگراوە دەگێڕێت نامەیەك لە بەیندا بێت و تیایدا مەولەوی هاوڕێیەکی، یان دۆستێکی خۆی لەو رووداوە ئاگادارکردبێتەوە، ئەگەر بەسەر یەکەوە مانایەکی خێرای هەردوو دێڕەکە بدەمەوە، شاعیر باسی لە [(خامە= پێنووس)ەکەی کردووە کە سەرەخوار بەناو مەرەکەبی (دەوات[٢])ەکەیدا شۆڕبووەتەوە هەتا مەرەکەب هەڵمژێت، دیارە مەرەکەبەکەشی بە (چای) رەش چواندووە، پاش ئەوەی مەرەکەبی هەڵمژیوە، ئیتر هاتووەتەسەر رژاندنی فرمێسك و رازی جیایی خۆی کردووە، ئەو نامەیەش شاعیر نووسیویەتی بە جۆرێك پێچاوپەتەوە سەد پێچی خواردووە، ئەویش وەك جەستەی تێکشکاوی خۆی لێهاتووە.

بۆ تیشکخستنەسەری زیاتری ئەم دوو دێڕە پێویستە قسە لەوە بکەم، لە سەردەمی ژیانی مەولەوی ئەم پێنووسانەی ئێستا هەن هەر نەبوون، پێنووس لە قامیش و پەڕی باڵندە، زیاتریش لە قامیش درووستکراوە و لە بواری نووسیندا بەکارهێنراوە، پێنووسەکەی (مەولەوی) لێرەدا قامیشبووە، ئەوەی ئەم بۆچوونەمان بۆ دەسەلمێنێت کاریگەری شیعرەکەی (مەولانا جەلالەددینی رۆمی)یە بەسەر شاعیرەوە کە فەرموویەتی:

**بشنو از نی چون حیکایت میکند**

**از جداییها شکایت میکند[٣]**

---

[١]- (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- لاپەڕە (٢٢٥، ٢٢٦، ٢٢٦)- انتشارات کردستان.

[٢]- (دەوات) مەبەست لەو شووشەیە مەرەکەبی تێدەگرێت- لە ئێستادا مەرەکەب و دەوات بە شێوەیەکی بەرچاو کەمبوونەتەوە، چونکە زیاتر پێنووسی وشك و سۆفت بەکاردەهێنرێن. (نووسەر)

[٣]- (خوسرەو جاف)- مەولاناو رازی نەی- لاپەڕە (٢٩)- ٢٠١٤.

لێرەدا (مەولەوی) کەوتووەتە ژێر کاریگەری ئەو لێکدانەوەیە بۆ ئەم دێڕە گوایا (مەولانا) وتوویەتی، رازو سکاڵای (نەی) کە لە قامیش دروستدەکرێت، ئەوەیە لە ئەسڵی دارو ژینگەکەی خۆی جیابووەتەوە و ئیتر لە کاتی ژەنینیدا شیوەن بۆ ئەوان دەکات. ئەگەرچی دوو لێکدانەوەی تریش بۆ ئەم دێڕە کراون و هەریەکەیان سەنگ و قورسایی خۆیان هەیە، یەکێکیان پێیوایە (مەولانا) باسی لە دابڕانێکی کاتی لە پەیوەندی رۆحی خۆی و سکاڵاو شیوەنی بۆ ئەو دابڕانە کردووە، زۆر مەبەستی بووە بە زووترین کات کاریگەری بەسەریەوە نەمێنێت. ئەمەش لە بواری سۆفیگەری و عیرفاندا رێبوارانی ئەو رێیە جارجار هەسەیان لێوەکردووە، ئەگەرچی پێدەچێت لە راستیدا دابڕانەکە هەر رووینەدابێت و مەبەستی ئەوان زیاتر پێویستبوونیان بە بالاکردنی رۆحیانەوە بووبێت.

لە دێڕی (دووەم)دا مەولەوی باسی نالەباری دۆخی جەستەیی و دەروونی خۆی کردووە و سکاڵای لەوە کردووە، بە تەواوی تێکیانشکاندووە و لە ناو ئازارەکانی ئەو تێکشکانەدا گینگڵدەدات. پێدەچێت (مەولەوی) کە چەرمەسەری زۆر و رووداوی ناخۆشی لە ساڵەکانی کۆتایی تەمەنیدا تووشهاتووە و خۆشی ژیانیان لێ ناواگردووە، هاوکات لە باری رۆحی خۆشی رازینەبووبێت، چونکە تا ئەو رۆژانەش هەر لە چوارچێوەی پەیوەندی نێوان (پیر و مورید)دا قەتیسماوە.

من پێموایە کۆی ئەم شیعرە و دێڕەکانیشی یەکە یەکە زیاتر لەو ماناداناەوە رواڵەتییانەیان پێویستە لەوەی زۆرجار بۆیان کراون، وەك پێشتر وتم، بەش بە حاڵی خۆم دیدێکی عیرفانی و چواندنێکی بەرچاو لە نێوان دێڕی یەکەمی ئەم پارچە شیعرە و شیعری هەندێك لە گەورە شاعیران و شاسوارانی رێگەی عیرفان دەبینم، ئاشکرایە لە شیعری عیرفانیدا (پێنووس و نەی) شوێنی دیارو بەرچاویان هەیە، خۆ دیاریشە لە سەردەمە کۆنەکاندا بەمشێوانەی ئێستا نەبوون، هەردووکیان زۆر سادەبوون و لە قامیش درووستکراون، هەمیشە و بەردەوام هەسەی دڵ و دەروونی شاعیران و عاریفانیان کردووە، لەو هەسەکردنانەیاندا هەندێکجار لە ناو رازی جیابوونەوەیان لە نیشتمانی خۆیان کە قامیشی دایك و قامیشەڵانی ژینگەیانە،

سکالأیان کردووه، بەهەمانشێوە لە جیابوونـەوەی کاتی رۆحی عاریفان- ( فەصڵ) و داوای دووباره گرێدانەوە و تێکەڵبوونی رۆحی (وەصڵ)یان کـردووه"[٧].

لە دێڕەکانی (سێیەم، چوارەم)دا شاعیر باسـی (دەوات- شوشـەی مەرەکـەب)ی کـردووه، لـەو سـەردەمانەدا هەمیشە مەرەکـەب و ئـەو رەنگانـەی بـۆ نووسـین بـەکارهێنراون کراونەتە ناو شووشەوە، وتوویەتی، لە گەڵ لادانی سەری دەواتەکە هەڵمێکی رەشی لێ بەرزبووەتـەوە بـە (دووە- دووکـەڵ) نـاویبردووە. نامەکـەش بـە مەبەسـتی زوو وشکبوونەوەی خۆڵێکی نەرمیان بەسەردا پەرژاندووە و پاشان تەکاندوویانە. هەروەها باسی لەو پەڕۆ رەشە کردووە خراوەتە ناو شووشەکەوە و بە (لیقـە) نـاویبردووە، ئـەم پەڕۆیە بەو مەبەستە خراوەتـە نـاو شووشـەی مەرەکـەب هـەتاکو مەرەکەبەکە زوو وشکنەبێتەوە.

هـەروەك پێشتر وتم: ئـەم پارچـە شیعرە لـە هـەموو دێڕەکانیـدا مانادانـەوەی وردی پێویستە، (مەولەوی) تیایدا باسی لەوە کردووە، هەر وەکو ئەو شووشە مەرەکەبەی لە کـاتی لادانـی سـەری شووشـەکەدا هـەڵم و دووکـەڵی رەشـی لێبەرزدەبێتـەوە، ئـەوە دەروونی منیش هەمان دووکەڵی رەشی لێدەردەچێت، نامـەی ژیانیشم دەبێت خۆڵی رەش بەسەر خۆیدا بکات، بە مانـای ئـەوە دێت شاعیر لـە دەروونـەوە بـە شێوەیەك ئاگریگرتووە، لە تەك هەناسەکانیدا هەمیشە دووکـەڵی رەش دێتـە دەرەوە، لـە نامـەی ژیانیشی مەبەست کردەوەکانیەتی دەبێت خۆڵی رەش بەسەر خۆیدا بکات.

هەروەها باسی ئەوەی کردووە چۆن شووشەی مەرەکەبەکە دووکەڵی دەروونی لە تـەك مەراقدا بەیەکدا دەدەن، (لیقـە- پارچـە پـەڕۆی نـاو شووشـەی مەرەکـەب)یش خۆی ناوەتە ناو لیتەو قوڕپێوانی خەم، مەبەستی شاعیر لێرەدا وابەستەیە بە مانای دێڕی پێشیەوە، (مەولەوی) وتوویەتی: (لیقە) لە ناو شوێنێکدایە کە شوێنی خۆی نییـە و لەوێدا ئازاردەکێشێت، بەڵام خراوەتە ناویەوە هەر بۆیە بەردەوام لە ناو ئـازار و خـەم و لیتە و قوڕپێواندا دەتلێتەوە، شاعریش لـە دیـدێکی سـۆفیگەری و عیرفانییـەوە بۆ

---

[٧]- بـۆ زیـاتر تێگەیشـتن لـەمبارەوە خوێنـەر دەتوانێـت بـۆ تەفسـیرەکەی (رینـود الـین نیکلسون) بگەڕێتەوە لە کتێبی (کلام خاموش)- چاپ اول-١٣٨٢- انتشارات هرمس.

بابەتەكان چووە، پێیوابووە دەبێت هەمیشە وەك لیقە قۆڕ بۆ ئەنجامی كردارەكانی بپێوێت. هەر چۆن لە دێڕی پێشیەوە خۆڵە رەشەی بەسەر خۆیدا كردووە، ئەم دەربڕینانە لە ناو شیعری عیرفانیدا بە سزادانی جەستە، مەبەست لێیان پاككردنەوەی رۆحە.

لە دێڕەكانی (پێنجەم، شەشەم، حەوتەم)دا كە بەسەر یەكەوە مانایان دەدەمەوە، شاعیر سەرەتا گەڕاوەتەوە بۆ لای پێنووسەكەی، وتوویەتی: وا پێنووسەكەم شەقبردووە و دەمیكردووەتەوە، (زار زار) بەدەم دەردەوە دەناڵێنێت، پێویستە قسەیەك لە وشەی (زار) بكەم، لە ناو زمانەوانی و لە فەرهەنگدا بۆ چەند مەبەستێك بەكارهاتووە، وەك: (دەم، منداڵ، گز و لاواز، پەرێشان و لێقەوماو، دەنگی گریان، نەردی یاری تاوڵە، شێوەزار....هتد[14])، وای بۆ دەچم بەكارهێنانی لەم دێڕە شیعرەدا دووجار بەدوای یەكدا بەشێوەی (زار زار)، زیاتر لە مانای (گز و لاواز، پەرێشان و لێقەوماو) نزیكترە نەوەك ماناكانی تر، كەواتە شاعیر مەبەستی ئەوە بووە، پێنووسەكەی دەستی لە ئەنجامی ئازاری شەقبردنی دەمییەوە گزو لاواز دەناڵێنێت. ئینجا پێنووس بە لیقە و مەرەكەبی ناو دەواتەكەی وتووە، ئەی ئەوەی هەمیشە جەستەم ئاواتت بۆ دەخوازێت، ئەی (مۆمیایی- مەبەست لەو مەرهەمەیە بۆ چارەسەری شكانی ئێسك بەكارهاتووە) ئێسقانە تێكشكاوەكانم، كام دەردو ئازارێكت هەبووە بەشی منی تێدا نەبووبێت، كەچی تۆش ئازار و دەردیسەریت بۆ من و وەفا و دڵسۆزیت بۆ ناحەز بووە.

بۆ زیاتر قوڵبوونەوە بە ماناكانی ئەم سێ دێڕەی سەرەوە، بە بۆچوونی من پێموایە گوتارێك لێرەدا هەیە، دەگرێت بە دوو شێوە لێكبدرێتەوە، لێكدانەوەی یەكەمیان ئەوەیە (پێنووس) بەرامبەر (لیقە و مەرەكەب)ی دەوات قسەیكردووە، بەدەم ئازارەكانییەوە بە جەستەیەكی گزو لاوازەوە بەلیقە و مەرەكەبی وتووە: من چاوەڕێمدەكرد ئێوە كە هەمیشە ئاواتی جەستەی من بوون و ویستوومە (مۆمیایی)بن بۆ ئێسقانە تێكشكاوەكانم، چونكە بەشداری هەموو ئازارەكانتان بووم،

---

[14] - (هەژار)- هەنبانە بۆرینە- چاپی شەشەم- لاپەڕە (٣٧٢)- سروش- تهران.

بەو مانایە هەرچی ئێوە ویستووتانە من دەرمبڕیوە و خستوومەتە سەر نامە، لە بری ئەوەی دەرمانی زامم بکەن و شکاوی جەستەم چاکبکەنەوە، کەچی ئێوە هیچ وەفایەکتان بۆ من نەبوو، بەڵکو دڵسۆزیی و وەفاتان بۆ ناحەز بوو.

لێکدانەوەی دووەمیش دەمانبات بۆ ئەوەی گوتارەکە لە شاعیرەوە بۆ (ژیان) بێت، بەوەی ئەو هەمیشە بەدەم ئێش و ئازاری دەروونی و جەستەییەوە لەناویدا ناڵاندوویەتی و بەردەوامیش دەناڵێنێت، پێیوتووە، کام ئێش و ئازار لە ناو تۆدا هەبوو من نەیچێژم، لە کاتێکدا من چاوەڕێمدەکرد تۆ چارەسەری جەستەی تێکشکاوم بکەی کە بە دەست زامەکانتەوە دەناڵێنێت. کەچی تۆ بێنەمەك بووی بەرامبەرم و بەردەوام دڵسۆزیت بۆ ناحەزان بوو. شتێکی ئاشکرایە ئەمەش هەر وابەستەبوونی شاعیرە بە دیدە سۆفیگەری و عیرفانییەکەوە، ئەوەی تێدا دەخوێنرێتەوە سەرەڕای چەشتنی ئێش و ئازارەکانی ژیان و دورکەوتنەوە لە خۆشییەکانی، ئەوەتا هێشتا نەیتوانیوە بە مەبەستی خۆی بگات و ئەوەی لە ژیانی دەخوازێت کە خۆتەرخانکردنە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار بەدەستبهێنێت.

شاعیرانمان زۆرجار بەم ئاکارەدا ڕۆیشتۆن و لە شیعرەکانیاندا ئەو ناڕازیبوونەیان دەرخستووە، (مەحوی) فەرموویەتی:

**ئەجەل دەورم دەدا، حاضر بە ، وادەی دەورو تەسلیمە**

**منی غەفڵەت زەدە هێشتا خەریکی مەسئەلەی دەورم**[٥]

لە دێڕەکانی (هەشتەم، نۆیەم، دەیەم، یانزەم)دا، شاعیر وتوویەتی: زامەکانم خوێنی لەشیان تواندەوەتەوە، بەشێوەیەك کە جۆگەلەی بەستووە، ئەمەش لە ئەنجامی دوورکەوتنەمەوەیە لە تۆ دەرد بە بەسەر دەردەوە تووشدەبم، تاڵی روبابی ڕێکخستنی قافیەی شیعرەکانم بڕاوە و هیچ هازێکم بۆ عیبارەت زانین نەماوە، تینی گەرمی هەناسەی ئاگری دەروونم کە لە کوورەی دەروونی پڕ لە (خار)ەوە دێتەدەرەوە،

---

[٥] - دیوانی مەحوی- لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی –(مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم)- لاپەڕە (٢٢٠)- چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا- ١٩٧٧.

حوجرەی دڵە پڕ لە دەردەکەمی ئاگرداوە، بە جۆرێك هەموو کتێب و دانراوەکانمی سووتاندووە.

بەر لەوەی بچمە سەرماناداناوەی وردی ئەم دێڕانە، پێویستە لەسەر چەند خاڵێك بوەستم بەمشێوەی خوارەوە:

١- لە دیوانەکەیدا لە نیوە دێڕی یەکەمی دێڕی دەیەم کۆتا وشەی بە (تارەکەم) نووسراوە، هەروەها لە نیوەدێڕی یەکەمی دێڕی (نۆیەم)یشدا باس لە برانی ژێی روباب کراوە، هەمووشمان دەزانین (روباب- رەبابە، تار) هەردووکیان ئامێری مۆزیکین و دەشێت شاعیر لە شیعرەکەدا بەکاریهێنابن، هەر وەها دەگرێت بە مەبەستی (تار- تاریکی) بەکاریهێنابێت و بەسترابێتەوە بە کوورەی دەروونەوە، بەڵام بۆ مانای گشتی شیعرەکە و گونجاندنی وشەکان پێکەوە لەوانە: (دەمەی هەناسە، گەرم، نار، کوورە)، (نارەکەم) لە (تارەکەم) گونجاتر و بە ماناترە، ئەوەی پێشتر رۆژێك لە رۆژان رێیکەوتبێتە لای ئاسنگەرەکان، دەزانێت کوورەکەیان بە هەمانەی گەورە دەمدەدا و لەوێوە ئیتر ئاگرەکەیان دەگەشاندەوە هەتا ئەوەی مەبەستیانبوو لە کاری نەرمکردنەوەی ئاسن و پۆڵای بەردەستیان بیکەن، دیارە باسکردنی هوڵایی دەروون بە کوورە لای شاعیر، زۆر لە دەمەی هەناسەی گەرمی ئاگرەوە نزیکە و لێرەدا باسێك لە تار و تاریکی نییە.

٢- وشەی (خارەکەم) لە کۆتایی نیوەدێڕی دووەمی دێڕی (دەیەم)دا هاتووە، پێویستە قسەیەك لەوە بکەین لە ناو زمانەوانی کوردی و لە فەرهەنگدا بە چەند مانایەك بەکارهاتووە، لەوانە: (زەوی زۆر سەخت، ئەشکەوت، درك، زیخی زۆر ورد، خوار...هتد[11])، بە بۆچوونی من لەم شیعرەدا دەبێت بۆ چەند مانایەکی بڕۆین هەر بۆ نموونە: (ئەشکەوت، درك)، بەوەی دەروونی خۆی بە ئەشکەوتێکی پڕ لە دڕك و داڵ چواندبێت، یاخود بە مانای (خوار) بەکارهاتبێت چونکە کوورەی ئاسنگەران لە چەند توێیەکی چەماوەی خواروخێچ پێکدەهات، لە کاتی دەمدانیدا بۆ گەشانەوەی ئاگر بەمدیو ئەو دیودا بادەدرا، یان رادەکێشرا هەتا چرچ و لۆچی و خوارییەکانی

[11]- (هەژار)- هەنبانە بۆرینە- چاپی شەشەم- لاپەرە (٢٢٥)- سروش- تهران.

ئەدەمان و ئینجا هەوای دەردەکرد بۆ گەشاندنەوەی ئاگرەکە. من پێموایە ئەمەیان لە تەك مانا گشتییەکانی شیعرەکە گونجاوترە.

دوای ئەم دێڕانە دەگەڕێمەوە سەر ماناداتەوەی وردی هەر چوار دێڕەکانی: (هەشتەم، نۆیەم، دەیەم، یانزەم) بەمشێوەی خوارەوە:

من وای بۆ دەچم لەم دێڕانەدا گەڕانەوەیەکی شاعیر بۆ لای مەرگی (عەنبەر خاتوون)ی هاوسەری و نەهامەتییەکانی ساڵەکانی کۆتایی تەمەنی هاتووەتە مەیدان، ئیتر جۆرە تێکەڵاوی و تەواوکارییەك لە نێوان خەم و مەینەتییەکانی ژیانی و ناڕازیبوونی لە دۆخی دەروونی خۆی لەم دێڕانەدا خۆیان نواندووە، ئەوەتا باسی لەوە کردووە زامەکانی بە جارێك خوێنی لاشەیان تواندووەتەوە و وەك جۆگەلە سەرچاوەیگرتووە، لە ئەنجامی مەرگی هاوسەرەکەی تاککەوتووە، باسی لەوە کردووە (روباب) بە هەردوو تەڵەکەیەوە ئاوازدەردەکات، کە یەکێکیان پچڕا ئیتر مانایەك بۆ ژەنینی نامێنێتەوە، وا ئەمیش دوای مەرگی هاوسەرە خۆشەویستەکەی تاککەوتووە، بە هیچ شێوەیەك هاز و تاقەتی شیعر هۆنینەوە و رێکخستنی قافیەی نەماوە، هەناسە گەرمەکانی کە لە قووڵایی دەروونێکی گڕگرتووی ناو ئازارەکانەوە دەردەچن، حوجرەی دڵیان سووتاندووە و هەموو کتێب و دانراوەکانیان سووتاندووە.

بۆ کۆتایی ماناداتەوەی ئەم پارچە شیعرە پێمباشە قسەیەك لە (حوجرە) بکەم، دیارە حوجرە لە زمانەوانی و لە ناو فەرهەنگدا بە چەند مانایەکی جیاواز، لەوانە: (ژووری ماڵ، حوجرەی فەقێ، حوجرەی گەورە لە بازاڕ بە مەبەستی بازرگانیکردن...هتد) بەکارهاتووە، بەڵام بۆ روونکردنەوەی مەبەستی (مەولەوی) لە ناو کۆتا دێڕی ئەم پارچە شیعرەدا کە وتوویەتی:

(ئایر دان حوجرەی دڵەی پڕ دەردم)

پێموایە دەگرێت بۆ دوو لێکدانەوە بچین بەمشێوەی خوارەوە:

١- من پێشتر باسم لەوە کرد لە دێڕەکانی (هەشتەم هەتا یانزەم) گەڕانەوەیەك بۆ لای مەرگی (عەنبەر خاتوون) هەیە، پێدەچێت مەبەست لەو ئاگرەی بەربووەتە حوجرەی دڵی مەرگی ئەو بێت، بەجارێك دڵی بە (سووتماك) کردووە، ئیتر دڵی کە

سەرچاوەی خۆشەویستییە بۆ دونیای شیعرو نووسین بۆ هیچ شتێکی تریش سوودێکی نەماوە.

٢- حوجرەی فەقێ لە ناو خوێندنگە دینی و مزگەوت و خانەقاکاندا هەمیشە شوێنی خوێندنی زانستە جۆراوجۆرەکان بووە، بازاڕی گەرمی خوێندن و خوێندنەوە، گۆڕینەوەی بیروڕا لە نێوان فەقێکان، هەروەها لە تەك مامۆستاکانیان بووە، چەندین کتێب و سەرچاوەی جۆراوجۆر لەو شوێنانەدا هەبوون، دەگرێت مەبەستی شاعیر لەوە بووبێت نەهامەتییەکانی ساڵەکانی کۆتایی تەمەنی لە سەرووی هەموویانەوە مەرگی هاوسەرەکەی، هەر بە جارێك حوجرەی زانین و بیرکردنەوەی ئەویان ئاگرتێبەرداوە، هەم کتێبەکانی و هەمیش ئەو شتانەش لە مێشکیبوون هەموویان بوون بە خۆراکی ئەو ئاگرتێبەربوونە و تیاچوون.

نموونەی چوارەم:

١- ئەمەندەن خەیاڵ فەردان گەردەنم
فەرد ها بی وە تەوق شی نە گەردەنم
٢- ئەر فەڵەك گەردش ئەدا نە روی بەخت
ئەوستاش ئەو گێج گەردەلول سەخت
٣- ئارەزوی دیدار یارانم گەردەن
هەوای سەیرانم وە دڵ ئاوەردەن
٤- بگێڵون چەنی هام فەردان وە شاد
وە سەر بەرزاندا خەم بدەن وە باد
٥- وەر کوشتاش جە داخ ئەدیەنی یاران
چەند جار کوشتانیش، ئێدیش چون جاران[٣]

---

[٣]- (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- لاپەڕە (٤٩١، ٤٩٢)- انتشارات کردستان.

وەك لە دیوانەکەیدا هاتووە: (مەولەوی) ئەم شیعرەی بۆ هاوڕێیەکی ناردووە، گوایە ئەو گلەیی لێکردووە بۆچی نامەی دیار نییە و چەند شیعرێکیان بۆ نانێرێت.
ئەم پێنج دێڕە شیعرە هەر بە تەواوی پێکەوە گرێدراون و تەواوکاری یەکترن، تیاندا شاعیر وتوویەتی: هیچ تاقەت و حەزێکم بۆ دانانی شیعر نەماوە، من ئەوەندە بیرم لە دانانی شیعر کردەوە و خۆمم پێوە سەرقاڵکرد. هەتا شیعرەکان بوون بە تەوق و چوونە گەردنمەوە. ئەگەر گەردوون ئەمجاریش رووی بەختمی تووشی ئاژاوە و نارەحەتی نەکرد و نەیخستمە ناو گەردەلوولی سەخت و دژوارەوە، ئەوە خۆ ئارەزووم هەیە دیداری یاران بکەم و سەرتان لێبدەم، هەوای سەیران و گەشتم لە دڵدایە لە تەك دۆستان و هاوڕێیانم بە خۆشی بگەڕێم و بەو سەربەرزانەوە خەم بدەم وە باد. ئەگەر بە داخی نەبینی یارانیشەوە کوشتمی، دەی خۆ چەند جار کوشتوومی با ئەمجارەش وەك جارانی پێشوو بێت.
بۆ زیاتر وردبوونەوە لەم پێنج دێڕە شیعرە، دەڵێم (مەولەوی) پێدەچێت وەڵامی نامەی دۆستەکەی بەم شیعرانە دابێتەوە، یاخود نامێتەی ناوەرۆکی نامەکەی ئەوی کردبێ کە گلەیی نەناردنی نامە و شیعری لێکردووە، شتێکی ئاشکرایە دەنگی شیعری ئەم شاعیرە ئەوەندە زوڵاڵ بووە، لەو سەردەمەدا کەسێکی ئەدیب و شاعیر، یان دۆستی شیعر، یان کەسێکی دیار و خوێنەوارێکی باش نەبووە، تامەزرۆی شیعرەکانی نەبووبێت، هەر ئەوەش وایکردووە زۆر بنووسرێنەوە و بۆ خەڵك بگوێزرێنەوە و دەستنووسی زۆریان هەبێت.
مەبەستی (مەولەوی) لەم دێڕانەدا ئەوەیە، ئەوەندە خۆم بە دونیای شیعر و شیعر هۆنینەوە سەرقاڵکرد، ئێستا هەر بە تەواوی تاقەتی شیعر دانانم نەماوە، وەك لەو سەردەمەدا باوبووە بە (فەرد) ناویبردوون، وتوویەتی: شیعر وەك تەوقێك لە گەردەنم ئاڵاوە و دیلمیکردووە، ئەگەر گەردوون جارێکی تر (گەردش) لە رووی بەختم نەدا و نەمخاتەوە ناو گەردەلوولی سەخت کە بە جارێك سەرنگوونم بکاتەوە، لێرەدا پێویستە کەمێك لەسەر وشەی (گەردش) بوەستم، ئەم وشەیە بە چەند

مانایەك هاتووە، لەوانە: (گەڕان، چەرخدان، ئاژاوە و بشێوی[18])، بەڵام پێم سەیرە لە ناو دیوانەکەی شاعیردا بە (تەپ و تۆز) لێکدراوەتەوە، لەوانەیە ئەو لێکدانەوەیە پەیوەستکرابێت بە گەردەلوولەوە کە لە هەمان دێڕی شیعرەکەدا هاتووە، من پێموایە لێرەدا بە مانای (ئاژاوە و بشێوی) هاتووە، چونکە شاعیر وتوویەتی ئەگەر بێت و چەرخی گەردوون دیسان ئاژاوە و بشێویم بۆ نەنێتەوە خۆ ئەوە لە دڵەوە ئارەزووی سەردانی دۆستان و یارانی خۆشەویستم و زۆرم پێخۆشە لە تەگیاندا سەیران و گەشتوو گوزار بکەم، لە تەك ئەو هاوڕێیانەمدا بە ناو ئەو بەرزاییانەدا بگەڕێم و خەمەکانم بە بابدەم. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت شوێنی ئەو دۆستەی مەولەوی لە بەرزایی و کوێستاندا بووە، دیارە کوێستانەکانیش لە کاتی خۆشبوونی کەش و هەوا باشترین و خۆشترین شوێنی سەیرانکردن و گەشتوگوزارن.

لە دوا دێڕدا (مەولەوی) وەك خۆی جارێکی تر بۆ ناو بێهیوایی و بەدبەختییەکانی گەڕاوەتەوە، باسی لەوە کردووەگەر ئەگەر ئەم سەردانەم بۆ نەکرا، ئەوە چەرخی زەمانە لە ناو ئازارەکانمدا جارێکی تر دەمکوژێت هەروەك پێشتر چەند جارێك کوشتوومی.

بۆ کۆتاپێهێنان بە مانادانەوە و راڤەکردنی ئەم نموونەیە کە نموونەی چوارەمی بابەتەکەیە، باس لەوە دەکەم، هەمووومان دەزانین لە دیدی زانستەوە مرۆڤ تەنیا جارێك دەمرێت و بەوەش ژیانی دەگاتە دوا قۆناغی گەشەکردنی بایەلۆژی و هەموو شتێك کۆتاییدێت، لە دیدی ئیماندارانیشەوە کۆتایی هاتنی ژیانە لە ناو (دونیای فانی= دونیای بڕاوە)، ئەم مردنە چەند جارەی شاعیر مەبەستی گیرۆدەبوون و ئازارکێشانییەتی بە دەست نەهامەتییەکانی چەرخی گەردوونەوە.

---

[18] - (هەژار)- هەنبانە بۆرینە- چاپی شەشەم- لاپەرە (٧٣٧)- سروش- تهران.

نموونەی پێنجەم:

١- نەهات و نەهات دڵ ماتەن نیمشەو
ئەڵبەت شنۆی شەو بەراتەن نیمشەو

٢- سیاهەی دەفتەر میرزای ئەزەلەن
زیادی و نوقسان رسق و ئەجەلەن

٣- ئەو ها وە بەرات بێ ئەندازەوە
ئێد وە تەعلیقەی عومر تازەوە

٤- کەسێ فوتش نوقڵ رازی پاوەرەن
یەکێ زیندەگیش وەصلی دلبەرەن

٥- هانا هام دەردان چێش مەکەردێ پێم
من دیام ئە رووی تەقسیم نامەی وێم

٦- ژاری دوری دۆس ئازیزەن نۆشم
دەمێو رازان شیرین ئە گۆشم

٧- یانێ جە شومی بەختی سیای من
نیمشەو لەرزان تول تولی تالای من

٨- وەلگی زیندەگیم ها وە هەواوە
دیما دیمشەن وە بای فەناوە

٩- ئەلوەدای تەئریخ کامەرانیمەن
نیشانەی ئاخر زیندەگانیمەن

١٠- یاران ویەردەن نۆبەمەن دەی دەی
ئیسە وە کارەن ساقی ئەشئەی مەی

١١- سا دەی تای دوگمەی یەخەی دڵ پەسەند
ئازاد کەرد چون دڵ بێ دەردان جە بەند

١٢- پەشێو کەر لانەی دڵان جەسەردا
گۆشەی عەرەقچین باوەر وە بەردا

شەیوب کرێخا رۆستەم

١٣- مایل بۆ کەمێ ئەو ئەو گۆشەی چەم
گۆشەی چەم ئەو جام، جام ئەو ئەهلی خەم
١٤- دەورت گەردی جەور دەوران دۆ وە باد
ناز واچۆ بنۆش، غەمزەکەت نۆش باد
١٥- تا فوارەی وشك لوولەی پێشەی ڕێش
هەر یەك پرشەی زوخ هۆرشانۆ پەی وێش
١٦- وە شنۆی ئەشنەی مەستیم وانۆوە
یەك ئەمجار جە دەس هەستیم سانۆوە[١٩]

وەك لە دیوانەکەیدا هاتووە (مەلەوی) ئەم پارچە شیعرەی لە شەوی (بەرات)دا هۆنیوەتەوە کە دەکەوێتە (١٥- شەعبان) بە پێی ساڵنامەی کۆچی، ئەم شەوە لە لایەن موسڵمانانەوە بە پیرۆز سەیردەکرێت، لە کوردەواری خۆشماندا بایەخێکی گەورەی پێدەدرێت، ساڵانە یاددەکرێتەوە، وەك هەمووشمان دەزانین یادکردنەوەکەی لە رووی دینی و کۆمەڵایەتییەوە رەویەی خۆی هەیە لە جۆش و خرۆشی ناو مزگەوتەکان، چێشتلێنانی ئێوارە و بۆنخۆشکردنی ماڵ، داگیرساندنی مۆم و بخورد، شەوەکەشی منداڵان کۆڵانەکان تەیدەکەن و لە لایەن ماڵەکانەوە نۆقڵ و شیرینیان دەدرێتێ. پاش ئەم دێڕانە دێمەسەر مانادانەوەی شیعرەکان بەمشێوەی خوارەوە:

لە دێڕەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم، چوارەم)دا شاعیر وتوویەتی: لە چاوەڕێی هات و نەهاتدا دڵم ماتە، وا دیارە ئەمشەو شنەبای شەوی بەراتە، ئەمشەو شەوی پێداچوونەوەی دەفتەری (میرزای ئەزەل- پەروەردگار)، شەوی زیادکردن، یان کەمکردنەوەی تەمەن و رزق و رۆزی بەندەکانییەتی، ئەو بەراتێکی بێ ئەندازەی پێیە و ئەمیش فەرمانی نووسینەوەی تەمەنی نوێی کردووەتە ملی، یەکێك خۆراکی نوقڵی شیرینی رازی یار و یەکێك بە ئاواتی بەیەکگەیشتنی دولبەرییەوە دەژی.

---

[١٩]- (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- لاپەڕە (٤٧١، ٤٧٢، ٤٧٣)- انتشارات کردستان.

لە درێژەی مانادانەوەی ئەم چوار دێڕەی سەرەوە باس لەوە دەکەم: (مەولەوی) بەوردی ئەوەی خستووەتەڕوو ساڵانە موسڵمانان لە چاوەڕێی هاتەهاتی شەوی بەراتدان، باسی لەوە کردووە هەر لە کۆنەوە تا ئێستا لە ناو خەڵکدا باوە بەوەی لە شەوی بەراتدا، پەروەردگاری گەورە لە دەفتەری خۆیدا پێداچوونەوە بە تەمەن و رزق و رۆزی بەندەکانیدا دەکات، هەیانن تەمەن، یان رزق و رۆزیان کەمدەکرێتەوە، هەشیانن بۆیان زیادەکرێت، لە هەمان کاتدا وتوویەتی: هەیە لەو شەوەدا پەروەردگار بەراتی بێئەندازەی خۆی پێدەبەخشێت و هەیە گەواهینامەی تەمەنی نوێی دەکاتە ملی، هاوکات باسی لەوە کردووە هەیە لەو شەوەدا خۆراکی خوداپەرستی و رازو نیازیەتی لە تەك خودای گەورە و هەشە هەموو ژیانی لە پێناوی بەیەککەیشتن (وەصڵ)ی ئەودا دەباتەسەر، پێویستە لێرەدا باس لەوە بکەم، شاعیر لەم چوار دێڕەدا بە سێ شێوە ناوی پەروەردگاری هێناوە، لەوانە: (میرزای ئەزەل، یاوەر، دوڵبەر)، هەر یەکێك لەم ناوانەش مانای خۆیان هەیە، هەر بۆ نموونە (میرزای ئەزەل) بەو مانایە هاتووە پەروەردگار لە نووسراوی قەزاو قەدەری خۆیدا چارەنووسی هەموو مرۆڤەکانی دیاریکردووە، ئەوان هیچ دەسەڵاتێکیان لە گۆڕینی ئەو چارەنووسەدا نییە، سەبارەت بە (یاوەر، دوڵبەر)یش هەمیشە لە ناو شاعیرانی سۆفی ئەم ناوانە بەرامبەر (پەروەردگار، یان پیر) بەکارهێنراون، (شێخ عەبدولڕەحمان تاڵەبانی- (خالص ) فەرموویەتی:

**دلبری کز هر نظر بازی بـه رنگی دل بـرد**

**پیش عاریفان در میان دلبران، پیداست کیست**[٢٠]

ماناکەی بەمشێوەیە: ئەو دوڵبەرەی دڵی هەر نەزەربازێك بە شێوەیەك دەبات، لە لای عاریفان و لە ناو دوڵبەراندا دیارە کێیە. دیارە مەبەستی (پەروەردگارە).

---

[٢٠] - جەزبەی عیشق- دیوانی شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی- خالص- پێشەکی (د. نووری تاڵەبانی)- لاپەڕە (٩١)- لە بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی.

دەی لێرەدا (مەولەوی) باسی لە دەسەلاتی خودای مەزن بە دیاریکردن و دەستکاریکردنی تەمەن و رزق و رۆزی بەندەکانی کردووە، کەواتە بەکارهێنانەکە بۆ زاتی بالآیە، نەوەك پیر.

لە دێڕەکانی (پێنجەم، شەشەم، حەوتەم، هەشتەم، نۆیەم)دا شاعیر وتوویەتی: هانا هاودەردەکانم چیم لێدەکەن، من روانیمە تۆماری نامەی خۆم و بەشی خۆمم بەرچاوکەوت، تیایدا بۆم دەرکەوت دەبێت ژەهری دووری نازیزم نۆشبکەم و نیتر هیچ رازێکی خۆش بە گوێمدانادرێت، لە بەدبەختی و چارەڕەشیمەوە ئەمشەو هەموو لق و پۆپی درەختی بەختم دەلەرزێتەوە و بە دەم بای لە ناوچوونەوە ئەمدیو و ئەودیو دەکات، کاتی مالئاواییکردنمە لە کامەرانی و نیشانەی مردن و کۆتاییهاتنی ژیانمە.

پێویستە قسە لەوە بکەم شاعیر بە تەواوی باوەڕبوون بە شەوی بەرات و دەرهاویشتەکانی وەك چۆن باسیان لێوە کراوە هاتووەتە گۆ، ئەوەتا باسی لەوە کردووە ئەو لەو شەوەدا ئاگاداری تۆماری بەشی خۆی بووە و تیایدا دابڕانی لە خۆشەویستەکەی وبێبەشبوونی لە رازو قسە خۆشەکانی، هەروەها چارەڕەشی و بەد بەختی و مالئاواییکردن لە خۆشی و کامەرانی نیشانەکانی مردن و کۆتاییهاتنی ژیانی خوێندووەتەوە، لە تەك ئەوەدا شاعیر وێنەی جوانی لەم دێڕانەدا خستووەتەڕوو، بەلام ئەم جۆرە وێنانە و هاوشێوەیان لە چەندین دێڕی تری شیعرەکانیدا بەرچاو دەکەون و لە بابەتەکانی تری ئەم کتێبەدا قسەمان لێیانکردووە، هەر بۆیە لێرەدا مانادانەوە و راقەکردنیانم بە پێویست نەزانی، چونکە من چەندجارێك وتوومە و لێرەشدا دووبارەی دەکەمەوە، هەرگیز مەبەستم مانادانەوەی دێڕ بە دێڕی هەموو شیعرەکانی (مەولەوی) نییە، بەلکو مەبەستم هێنانەوەی نموونەیە ئەوەندەی خزمەتی بابەتەکە بکات.

پێویستە باس لەوە بکەم، لەم دێڕانەدا بۆ جارێکی تر گەڕانەوەیەکی مەولەوی بۆ لای مەرگی (عەنبەر خاتوون) و هەموو کاریگەرییەکانی ئەو مەرگە لە سەر ژیانی شاعیر دەبینم، وەك باسیکردووە کاریگەرییەکان ئەوەندە قورسبوون، ژەهری ماریان پێنۆشیوە و لە هەموو رازو گێڕانەوەیەکی خۆش بێبەشیانکردووە، هاوکات بەدبەختی بووە بە هاوڕازی و داری ژیانی بە دەست رەشەبای نەبوونەوە کەوتووەتە لەرینەوە، بەشێوەیەك بە تەواوی لە خۆشی ژیان بێبەشیکردووە، ئیتر هەموو نیشانەکانی مردن و ماڵئاوایکردنی لە ژیان دەرکەوتوون.

لە دێڕەکانی: (دەیەم، یانزەم، دوانزەم، سیانزەم، چواردەم)دا شاعیر خۆی ئاسا بایداوەتەوە لای ساقی و مەی، وتوویەتی: یاران هەموو مردن و رۆیشتن، وا نۆبە هاتووەتە سەر من، ساقی ئەشئەی نۆشینی مەی ئێستا بەهێز و کاریگەرە. دەسا ئەو تاڵی دوگمەی سەر یەخەی دڵ پەسەندەکەت، بکەرەوە و دڵت ئازادبکە وەك دڵی ئەوانەی بێدەردن، لانەی دڵان لەسەرەوە پەشێوبکە و گۆشەی کڵاوەکەت بێنەرە پێشەوە، با کەمێك بە لای گۆشەی چاوتدا خوار بێت، ئینجا گۆشەی چاوەکەشت بە لای جامی مەیدا بڕوانێت و جامەکەش بۆ لای ئەو خەڵکانەی لە ناو خەمدان و هەمیشە خەمبارن، ئەو بادانەوەیەت بە مەیەوە تۆز و گەردی ستەمی زەمانە بەبادا بدات، بە جۆرێك ئازت بڵێت بینۆشە و غەمزەکەشت بڵێت نۆشت بێت.

وەك پێشتر وتم: لەم دێڕانەدا شاعیر بایداوەتەوە بۆ لای (ساقی و مەی)، باسی لە نزیکبوونەوەی وەختی مردنی خۆی کردووە، وتوویەتی هاوڕێیانم هەموویان ئەم دونیایەیان بەجێهێشت و کۆچی دواییانکرد، لە ئێستادا کاریگەری مەی بەهێزە، مەبەستی (مەولەوی) لە مانای ساقی و مەی لێرەدا، ئەو مەبەستە نییە لە ژیانی ئاسایی رۆژانەدا هەیە، ئاشکرایە بەکارهێنانی ئەم ناوانەی وەك: (ساقی، مەی و مەیخانە، بوت و بوتخانە، دێر و کڵێسا....هتد)، لای شاعیرانی ناو دونیای سۆفیگەری و عیرفانی ئیسلامی، هەمان ئەو مانایە نادەن لە ژیانی ئاسایی رۆژانەدا هەن، بەڵکو

هەموویان دەلالاتی عیرفانین، ساقی بە مانای (پیر و دەستگیر، یان فریادڕەس و پەروەردگار) دێت، هەروەها مەبەست لە (مەی و مەیخانە)، مەی ڕۆحی و مزگەوت و خانەی خودایە.

لەم بوارەدا عارفی گەورە (زەکەریای فارسی- وامق) وتوویەتی: کەعبە پێشتر بتخانەبوو، پاشان بوو بە (ڕووگە- قیبلە)ی موسڵمانان، وشەی بێت لای ئێمە هێماو ئاماژەیە بۆ (خوا)، چونکە خوا شوێنی تایبەتی بۆ نییە و لە هەموو شوێنێکدا هەیە[٣١].

دەگەڕێمەوە سەر ماناداندەوەی شیعرەکەی مەولەوی، دەڵێم: کاریگەرییەکانی مەی لە لادانی تای دوگمەی سەر یەخەی ساقی بە مەبەستی ئازادکردنی دڵی، دەستپێدەکات، لێرەدا پێویستە باس لەوە بکەم لەو ڕۆژانەدا و هەتا ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابوردوو، لە هەندێك ناوچەی کوردەواری تا چەند ساڵێك دواتریش، سوخمەی ژنان و کچان لە لای سەرروویەوە دوو دوگمەی پێوە دەلکێنران، بۆ ئەوەی سۆخمەکە زۆر نەکرێتەوە وئەو دوگمانە بە چەند تاڵە ڕێس، یان دەزوو کە پێکەوە بادەران، دەبەستران بە یەکەوە، مەولەوی زۆر بە جوانی ئەوەی باسکردووە و بە بەندیخانەی چواندووە، هەر بۆیە وتوویەتی بە ساقی هەر وەکو هەموو دڵئازادان ئەویش دڵی لەو بەندییە ئازادبکات، لێرەدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت (مەولەوی) داوای لە پیرەکەی کردووە زیاتر دڵی بکات بە ماوای خۆشەویستی بۆ شاعیر و کاریگەری ڕۆحی بەسەریەوە دروستبکات، بەوەی بە مەی ڕۆحییەوە بابداتەوە بۆ لای و هەتا بە تەواوی سەرمەستی ناو خۆشەویستی بکات.

---

[٣١] - (مارسل بریۆن)- بیرەوەرییەکانی تەیموری لەنگ- وەرگێڕانی بۆ فارسی (زەبیحوڵڵای مەنسوری)- وەرگێڕانی بۆ کوردی (حەمەی حەمەسەعید) چاپی یەکەم- لاپەڕە (١٦٠). سلێمانی- ١٩٩٩.

هەر دوو دێڕی (پانزەم، شانزدم)یش هەر تەواوکاری ئەم پێنج دێڕەی پێشەوەن، تیایاندا شاعیر وتوویەتی: بۆ ئەوەی فوارەی وشکبووی ناو ئێسقانە بریندارەکانم جارێکی تر بتەقێت و هەر یەکە لە لای خۆیەوە زۆخ و بیسایی ناویان فڕێبدەنە دەرەوە، بە شنەی ئەو پرژهەڵدان و پاکبوونەوەیە بڕیاری مەستی بمخوێنێتەوە و بە جارێك لە دونیای بوون بمسێنێتەوە.

لەم دوو دێڕەدا وەك پێشتر وتم ماناکانیان بە تەواوی لە تەك پێنج دێڕی پێشوو ئاوێتەن و بەسەر یەکەوە یەکەیەکی بابەتیان دروستکردووە، شاعیر باسی لەوە کردووە هەر خەوش و پیساییەکی مرۆڤبوونی هەیە لە ئەنجامی زیاتر مەستبوونی بە مەی رۆحی لە ناو لاشەیدا بێتەدەرەوە و ئیتر ئەو مەستبوونە بە تەواوی لە دونیای بوونی بسێنێتەوە.

ئەم دوو دێڕەی دوایی دڵنیایی تەواو دەدەن لەوەی (مەولەوی) زۆر زۆر مەبەستیبووە، لە سۆفیگەریدا گەشەبکات و قۆناغەکان ببڕێت، پێویستی بە زیاتر (تەوەجوه) کردنی پیرەکەی بووە، ئەوەتا بە ئاشکرا باسی لەوە کردووە پێویستی زیاتر بە پاککردنەوەی رۆح و باڵاکردنی هەیە، هەتاکو ئەوە لە دەستی دونیای (هەستی- بوون)ی بسێنێتەوە.

لە کۆتایی مانادانەوە و راڤەکردنی ئەم حەوت دێڕەدا کە بریتین لە دێڕەکانی (دەیەم هەتا شانزەیەم)، دەڵێم: ئەم دێڕانە ئەوەندەی باس لە پەیوەندی رۆحی و دونیای سۆفیگەری دەکەن، کارێکیان بەسەر شەوی بەراتەوە نییە کە بابەتی سەرەکی ئەم پارچە شیعرەیە، ئەم جۆرە تێکەڵاوکردن و پێکەوە بەستنی بابەت و مەبستە بە زۆرێك لە شیعرەکانی (مەولەوی)یەوە دەبینرێن.

**نموونەی شەشەم:**

**١- خەیر بۆ هەم فەڵەك گام خەیاڵ گەردەن**

**دیسان من پەی شەڕ وە یاد ئاوەردەن**

**٢- دیارەن ئەساس دووری مەسازۆ**

**وە باڵام کاڵای خەمان مەورازۆ**

**٣- داخۆم دوی دوری کێش هانە سەردا**

**دیسان من مدۆ نەرووی چەمەردا** [٢٢]

**وەك لە دیوانەکەیدا هاتووە، شاعیر ئەم سێ دێڕە شیعرەی بە بۆنەی هاتنی هەواڵی سەرەمەرگی هاوڕێیەکییەوە هۆنیوەتەوە، بۆ ئەوەی تێگەیشتنی باش بە خوێنەر بدرێت، باشتر وایە بەسەر یەکەوە مانابدرێنەوە، (مەولەوی) لەم شیعرەدا وتوویەتی: خێربێت دەبێت چەرخی گەردوون دووبارە خەیاڵی چی کردبێت، وا دیسان بۆ شەڕ منی بەیاد کردووەتەوە، دیسان تەدارەکی دووری دەسازێنێت و خەم و پەژارە دەکاتە کاڵاو بەبەرمدا دەیدوورێت، ئاخۆ دووکەڵی دووری کێی لەسەردایە، وا من دەخاتەوە ناو شیوەن و گریان.**

**پێموایە ئەم دێڕانە زیاتر لێکدانەوە و ڕاڤەکردنیان پێویستە، لەوەوە دەستپێدەکەم گەیشتنی هەواڵی ناخۆش، وەك هەواڵی ئەوەی کەسێك لە ئازیزان و دۆستان لە سەرەمەرگدابێت، مرۆڤ لە ناخەوە دەهەژێنێت، ڕووبەڕووی دۆخێکی نائارامی دەروونی و مێشککرۆشتنی دەکاتەوە، تەنانەت دەگەوێتە دڵەکوتێ و ڕەنگیشی هەڵدەبزرکێت، هەروەها ڕووبەری بەرپرسیارییەتی کۆمەڵایەتی ئەخلاقی دەکاتەوە، هەر بۆیە ئەم جۆرە هەواڵانە بۆ مرۆڤ هەمیشە هۆکاری بێتاقەتی بێزارین.**

**مەولەوی وەك کەسێکی دونیادیدە و خاوەن پایەی زانستی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی، پێشتر چەندینجار لە تەك ئەم هەواڵانەدا ڕووبەڕوو بووەتەوە، لە هەواڵی ناخۆشی**

---

[٢٢] - (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- لاپەڕە (٢٣٢)- انتشارات کردستان

سەرەمەرگی هاورێیان و دۆستانی ئاگادارکراوەتەوە، هەر لەوەوە وتوویەتی: خەبەرێت هەم دیسان چەرخی زەمانە چە خەیاڵێکی کردووە، وا دیسان بۆ شەڕ منی وە یادی خۆی هێناوەتەوە، لە درێژەی شیعرەکانیدا باسی لەوە کردووە، دیارە هەم تەدارەك توێشووی لێکدابڕان و دووری دەسازێنێت. ئەوەش وەك ئەوەیە بە هێندەی باڵای خۆم کاڵای خەم و مەینەتم بۆ بدوورێت. دیارە بەبەراکردنی کاڵای خەم لە لایەن شاعیرەوە، لە ئەنجامی سازدانی تەدارەکی دوورییەوە هاتووە. (مەولەوی) بە سەلیقە بەرزەکەی خۆی ئەو دەربڕینەی خستووەتەڕوو، وتوویەتی: بە مەرگی هاوڕێکەی هەموو بوونی ئاوێتەی خەم و ئازار دەبێت و خۆشییەك لە دڵیدا نامێنێت، خۆ ئاشکرایە کاتێك مرۆڤ ئاوێزانی خەمی گەورە دەبێت، ئیتر سیمای بە تەواوی تێکدەچێت و شوێنێك بۆ خۆشی دڵ و ئارامی دەروونی نامێنێتەوە.

هەر لە درێژەی شیعرەکەیدا (مەولەوی) لە دێڕی سێیەم و کۆتا دێڕی ئەم پارچە شیعرەدا باسی لەوە کردووە، ئاخۆ ئەمجارەش چەرخی گەردوون نیازیکردووە بە دووگەڵی دووری کێی تر، من ئاوێزانی ئاو شیوەن و گریانبکات بمدات بە رووی چەمەردا. لێرەدا پێویستە کەمێك لەسەر وشەی (چەمەر) بوەستین، ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا بە مانای (شین و شەپۆڕ) دێت. هەر لەمێشەوە ناوی (چەمەری) هەڵگیراوە، لە ناو کۆتەڵگێڕانی سەردەمی خۆیدا ئاوازی (چەمەری) دەهۆڵکوتە گرامەکان ژەنیویانە، لە تەك ژەنینی ئەم ئاوازەش بە دەهۆڵ ژەنان و پیاوان لە خۆیان شیوەن و واوەیلایان بە دەنگی بەرز کردووە"[٣].

[٣]- (ئەیوب رۆستەم)- سرووتە دینی و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی هەورامان- چاپی یەکەم- لاپەڕە (٦٤)، ٢٠٠٧ز.

نموونەی حەوتەم:

١- رۆشنی دیدەم، سەرمایەی ژینم
مەزەی بەزمی کەیف دڵەی خەمینم

٢- سا کە من بێ تۆ نەسپەردم ئەڕوا
سەر نەنیام ئەسای ئەڵحەد بێ پەروا

٣- چۆن واچون وەفام هانە تۆی دڵدا
وەفام هەم جەرگم بدەن وە چڵدا

٤- تاڤیق من جە سەنگ سەرسەختیم باڵان
مەزرەعەی خارج ئینسانیم کاڵان

٥- وەرنە من وەی تەور کێشام سزاو دەرد
ئەگەر سەنگ بیا مەکەردش وە گەرد

٦- دەك ئەجەڵ وە دام هیجران بەستەبۆ
سەرتاپاش وە نێش زامان خەستەبۆ

٧- پێم ئەنۆشا مەی پیاڵەی مەردەن
نیسە من سەر ژان، دڵ سەردان گەردەن[٢٤]

وەك لە دیوانەکەیدا هاتووە، شاعیر ئەم شیعرەی بۆ مەرگی کوڕێکی وتووە بە ناوی (محەممەد)، هەر لەمبارەوە، لە (کتێبی یادی مەردان- بەرگی دووەم)دا نووسراوە: (لەکاتی مردنی ئەم کوڕەی مەولەوی لە تەوێڵە بووە لای شێخ سیراجەددین، ئەنێرن بە دوایدا بگەڕێتەوە، کە دێتەوە لە پشتی گوندی عەنەب دەستدەکات بە گریان، لێی ئەپرسن بۆچی ئەگری؟ ئەویش ئەڵێ چۆن نەگریم ! حەزرەتی یەعقووب بۆنی کراسەکەی یووسفی کوڕی بە لووتدا هات پێی شادمان بوو، من بۆنی کفنی محەممەدی کوڕم دێتە لووت و دڵم ئەبرژێ، کە ئەگاتەوە ماڵ ئەبینی محەممەدی کوڕی مردووە و شۆردراوە و لە کفنەکەی پێچراوە)[٢٥].

---

[٢٤]- (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- لاپەڕە (٢٠٧، ٢٠٨) انتشارات کردستان.

[٢٥]- (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- یادی مەردان- بەرگی دووەم- لاپەڕە (٣٧٩)- بەغداد- ١٩٨٣ز.

ئێستاش دەچمەسەر ماناداناەوەی پارچە شیعرەکە بەمشێوەی خوارەوە:
لە دێڕەکانی (یەکەم، دووەم، سێیەم)دا شاعیر وتوویەتی: ئەی رووناکی دیدەم و سەرمایەی ژینم، تۆ مەزەی بەزمی خۆشی دڵی خەمبارمی. کە من بە بێ تۆ رۆحم نەسپارد و لە سایەی بەردی (ئەڵحەد)دا سەرمنەنایەوە، بە چە رۆیەکەوە بڵێم وەفام لە دڵدایە، دەی خودا جەرگم و هەم وەفاشم بدات بە چڵی داری ناسۆریدا.
بۆ ماناداناەوەی زیاتر و راڤەکردنی ئەم دێڕانە لەوەوە دەستپێدەکەم، شاعیر ئەم پارچە شیعرەی بۆ مەرگی (سەی محەممەد)ی کوڕە گەورەی هۆنیوەتەوە، کە گەورەبووە و ژنیهێناوە، بەڵام لە ژیانی (مەولەوی)دا کۆچی دوایکردووە، هەموومان دەزانین باوك و دایك گەورەترین خۆشەویستییان بۆ جگەرگۆشەکانیان هەیە، ساڵانی تەمەنی خۆیان بە گەورەکردن و پەروەردەکردنیان دەبەخشن، لە پێناو باش بەخێوکردن و خۆشگوزەرانییان بە گژ هەموو دژوارییەکانی ژیاندا دەچنەوە، ئاسوودەیی منداڵ خۆشترین هەناسەی ئارامی و دڵنیایی بە باوك و دایك دەبەخشێت، هەر لەوەوەیە شاعیر بۆ مەرگی کوڕەکەی وتوویەتی: تۆ کە رووناکی چاوەکانم و سەرمایەی ژیانم بووی، کەواتە چۆن من بە بێ تۆ رۆحم نەسپاردو ناسپێرم، چۆن وا بێباکم و سەرمنەناوە بە بەردی (ئەڵحەدەوە- مەبەست ئەو بەردەیە لە ناو گۆڕدا، لە ئاستی سەری مردوو دادەنرێت). دەی کەواتە چۆن بتوانم بڵێم بەرامبەر بە تۆ وەفام لە دڵدایە و بە چە ڕوویەکەوە باسی وەفاداریمبکەم، دەی خوا هەم وەفا و هەم جەرگم بە چڵی داری ناسۆریدا بدات.
دیارە لەو سەردەمانەدا کە ژیان (پاکتر، سادەتر، راستگۆیانەتر)بووە، هەروەها لە ئێستاشدا لای خەڵکانی بە ئەمەك و وەفادار بە جۆرێك لە جۆرەکان، مەرگی دڵنەوازان و کەسانی خۆشەویست، دڵتەنگی و ماتەمینییەکی وەها لای ئەندامانی خێزان، یان خۆشەویستان و کەسوکارو هاوڕێانی دڵسۆزیان دروستدەکات، ئەگەرچی بۆ لە دەستدانیان بەشێوەیەکی بەرجەستەش نەمرن، بەڵام ئەوەندە بەسەر خۆیاندا دەشکێنەوە، دڵتەنگی و نائارامی دەیانگرێتەوە، خۆیان لە هەموو خۆشییەکانی ژیان

بێبەشدەکەن، بەردەوام مات و دڵتەنگن و ئەم دۆخە لای هەندێکیان ماوەیەکی زۆر بەردەوامدەبێت.
بۆ کۆتایهێنان بە مانادانەوەی ئەم سێ دێڕەی سەرەوە، دەڵێم: ئەم جۆرە دەربڕینەی (مەولەوی) بە زمانی شیعر قسەی لێکردووە، زۆرجار لە ناو خەڵکدا بە زمانی ئاسایی دەردەبڕدرێت، هەر بۆ نموونە چەندینجار بیستوومانە لە کاتی لەدەستدانی ئازیزان، وتراوە و ئێستاش دەوترێت (من چۆن دوای ئەو بمێنم، یان خوزگە خوا منیشی لە گەڵ ئەودا بکوشتایە)، دیارە لێرەدا مەبەست لە (ئەو) کەسە مردووەکەیە.
لە دێڕەکانی (چوارەم، پێنجەم)دا شاعیر وتوویەتی: بە دڵنیاییەوە من لە بەرد سەرسەختترم، مەزرای دەردەوەی مرۆڤبوونم کێڵاوە. ئەگینا ئەم دەردو سزایەی کێشاومە، ئەگەر بەردیش بیکێشایە دەیکەرد بە تۆز و گەرد.

بۆزیاتر ڕۆچوون بە مانادانەوە و ڕاڤەکردنی ئەم دوو دێڕەدا، پێویستە ئاوڕێك لە ئەرزشەکانی مرۆڤبوون بدەمەوە، ئیتر لەوێوە خوێنەر باش مانای دەربڕینەکەی مەولەوی بۆ دەردەکەوێت بەوەی وتوویەتی: (مەزرەعەی خارج ئینسانیم کاڵان)، شتێکی ئاشکرایە مرۆڤ لەبەر ئەوەی چەند خەسڵەتێکی تایبەتی هەن، وەك: (ژیری دەستهاوەردە، ئیرادە، هۆش) تایبەتن بە جیهانی مرۆڤایەتییەوە، ئەم خەسڵەتانەش ڕووبەڕووی هەندێك پەیوەستبوون و بەرپرسیارییەتی دەکەنەوە، لەوانە: (ئەمەك، بەزەیی، هاوخەمی و بەتەنگەوەهاتن، خۆشەویستی ڕاستگۆیانە...هتد)، کاتێك مرۆڤ لەدەرەوەی ئەمانەدا خۆی بینییەوە، ئیتر ئەوە دەرچوونە لە (مەزرەعەی ئینسانی- مەزرای مرۆڤایەتی).
شاعیر لەبەر ئەوەی بەرامبەر مەرگی کوڕەکەی خۆی بە بێئەمەك زانیووە، پێیوایە بەوەش لە مەزرای دەرەوەی مرۆڤایەتیدا جووتیکردووە و ئیتر بەرهەمی ئەوی دەچنێتەوە، هەر بۆیە پێیوابووە ئەگەر لەبەرد سەرسەختتر نەبوایە، دەبوایە بەرامبەر بەئێش و ئازاری مەرگی کوڕەکەی، ئەو ئێش و ئازارە وردوخاشی دەکرد و دەیکردە تەپ و تۆز.

لە دێڕەکانی (شەشەم، حەوتەم)دا شاعیر وتوویەتی: دەك خوایە (ئەجەل- وادەی مەرگ) بکەوێتە ناو داوی ئەنگێزەی دووریییەوە. سەراپای بە ئێشی دەردی زامی سەختەوە بیماربێت.

لەم دوو دێڕەدا (مەولەوی) بە هەمان ئاگاری شاعیرانی تری ئەو سەردەمە و پێشتریشی سەیری (ئەجەل- وادەی مەرگ)ی کردووە، بەوەی هەمیشە لە رووبەرووبوونەوەی دۆخی ناهەموار، هەروەها لە کاتی کۆستکەوتن و لە دەستدانی نازیزاندا چاوەڕێی (ئەجەل)یان کردووە، مردنیان بە چارەسەری ئەو دۆخە زانیوە. لەم دوو دێڕەدا شاعیر لەو باوەڕەدوە کە لە ژێر کاریگەری تەواوی باوەڕبوون و خوداناسیدایە، پێیوابووە (ئەجەل- وادەی مەرگ) ئەوانەی خۆش دەوێت شەرابی مەرگیان پێدەنۆشێت، هەر بۆیە نزای ئەوەی لێکردووە ببێت بە داوی ئەنگێزەی دووریی یارانییەوە و لێیاندابڕێت. لەبەر ئەوە لە گەڵ مەرگی کوڕەکەیدا شەرابی مەرگی دەرخواردی ئەمیش نەداوە. لە ئەنجامی ئەوەشدا ئەوگاری ژانەسەر بووە و کەوتووەتە ناو ریزی بێبەینەتانەوە- بێوەفایانەوە.

لێرەدا پێویستە کەمێك سەبارەت ئەو ئەوگاربوونەی (مەولەوی) بە ژانەسەر وەك لە دێڕی (حەوتەم)دا باسیکردووە، بوەستم، مەبەستی شاعیر ئەوە نییە مەرگی (سەی محەممەدی) کوڕی تووشی ژانەسەریکردووە، چونکە ئەو مەرگە ئەوەندە بەسەرییەوە قورسبووە، لە دڵەوە ئاواتی بە مردن خواستووە وەك پێشتر باسمکرد، مەبەستی ژیانی دونیاییە کە بۆ ئەو لە ژانەسەر زیاتر نییە، بەوەش چووتە ریزی ئەوانەوە دڵیان بە خۆشەویستی و ئەوینی راستی خودایی گەرمنەبووەتەوە و تەنها بە دڵساردی ژیانی دونیایی دەگوزەرێنن.

لێرەدا پێویستە زۆر بە خێرایی بۆ لای تێڕوانینی عیرفانی لە دیدی عیرفانی ئیسلامییەوە بگەرێینەوە، کە بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە دوو ئاراستە، بەشێوەی خوارەوە:

١- ناراستەیەك كە ژیان بە شوێنی ناڕەحەتی و ئازار و نامۆیی و فرەیودان و ...هتد دەبینن، بە گشتی وا هەستدەكەن كە زیندانین، ئەمە لە مێژووی سۆفیگەری ئیسلامدا زیاتر لە قۆناغە یەكەمینەكانیدا كە قۆناغی زوهد و دونیا نەویستتیە دەركەوتووە[٣٦]، هەر وەك ئەوەی عاریف زۆرجار لە سەرەتای حاڵ و مەقامە مەعنەوییەكاندا وا هەستدەكات، یان دواتریش ناوبەناو وا هەستدەكات.

٢- ناراستەی دووەمیان ژیان بە شوێنی میوانداریيەكی كاتی دەزانن، خودای گەورە بە خاوەن ماڵ دەزانن، لەم بوارەدا عارفی بەناوبانگ (مەعرووفی كەرخی) كە لە دواساڵی كۆتایی سەدەی دووەمی كۆچی كۆچی دوایيكردووە، وتوویەتی: من میوانم لە ناو ماڵی (خودا)دا، هەر خۆراكێكی داپێم دەیخۆم، ئەگەر ویستیشی ئەوە بوو برسیمبكات ئەوە ئارامدەگرم[٣٧].

دەگەڕێمەوەسەر دێڕەكانی پێشتر تایبەت بە مادادانەوەی دێڕەكانی (شەشەم و حەوتەم)ی نموونە شیعرییەكە، بێ هیچ دوو دڵییەك دەڵێم (مەولەوی) لە كۆتا دێڕدا- (حەوتەم)، لە ژێر كاریگەری ناراستەی یەكەمدا بووە و دەربڕینەی تەواو سۆفیگەریيانەیە.

نموونەی هەشتەم:

١- وەختەن پیاڵەی دڵەی پڕ جە دەرد
پڕكەی جە بادەی هەوای گەردن زەرد
٢- چەنی گەرمی ئەزم بەزم پڕ شادی
بوپاری وە ڕەغم ئی دنیای بادی
٣- دایم سەدای ناز سەودای گۆشت بۆ

---

[٣٦]- (د. شكار عەبدولكەریم)- جەمكی ژیان و مردن لە شیعری مەولەوی و مەولانای رۆمی دا. لاپەڕە (١١٠).

[٣٧]- (عزیز السید جاسم)- متصوفه بغداد- ص ١٠٧- بغداد ١٩٩٠.

سەد چون (مەعدومی) فەرامۆشت بۆ[28]

وەك لە پەراوێزی دیوانەکەیدا هاتووە، (مەولەوی) لەم سێ دێڕە شیعرەدا گلەیی لە دۆستێکی کردووە، بەوەی لەو کاتەوە کەوتووەتە ناو خۆشی، نیشانەی بینەمەکی لێ دیاریداووە، ناوی ئەو دۆستە لە ناو دێڕەکان و لە دیوانەکەیشدا نەهاتووە.

هەر سێ دێڕەکەی ئەم پارچە شیعرە بەسەر یەکەوە مانادەدەمەوە، تیایاندا شاعیر بە دۆستەکەی وتووە: وەختێ ئەوە هاتووە پیاڵەی دڵی پڕ لە دەردت بە بادەی هەوای خۆشەویستی یاری گەردن زەرد پڕبکەیت، لە گەڵ جۆش و خرۆشی بەزمی خۆش و پڕ لە خۆشەویستی بە کوێرایی ئەم (دونیای بادی. مەبەست دونیای پێچراوە و براوەیە) رابوێریت. هەمیشە دەنگ و ئاوازی ناز بە گوێتابدرێن و سەدی وەك (مەعدوومی- مەبەستی خۆیەتی) لە یادت بچن.

بۆ زیاتر وەستان لەسەر ماناداناوەی ئەم سێ دێڕە شیعرە، پێویستە باس لە وەبکەم، (مەولەوی) لە ژیانی خۆیدا بەرامبەر دۆستان و هاوڕێیانی و خەڵکانی تریش زۆر بە ئەمەك و دڵسۆز بووە، خۆنەویست و نەفسبەرز و دڵپاکبووە، بەو مانایە هەمیشە دۆستی گیانی بووە ئەوەك. وەك هەندێك کەس دۆستی نانی بووبێت، بەڵام بەم سێ دێڕە شیعرەیدا دەرکەوتووە، ئەو کەسەی مەبەستیبووە، نەیتوانیوە لە دۆستایەتییەکەیدا بە ئەمەك بێت. لە گەڵ دەستکەوتنی هەندێك شتی دونیایی و گەیشتنی بەکامی خۆی دۆستایەتییەکەی بۆ مەولەوی سستبووە و بە تەنگییەوە نەبووە، لە گەڵ ئەوەشدا شاعیر هەر بە زمانی جوان و ناسکی شیعر بەرامبەری قسەیکردووە، لە دوو توێی دێڕەکاندا ئەگەرچی جۆرێك لە گلەییکردن لەو دۆستەی دەخوێنرێتەوە، بەڵام هیچ جۆرە ئیرەیی پێبردن، یان هیچ ئاماژەیەکی نادۆستانە نییە. بەڵکو ئەوەی بۆ خواستووە بە کوێرایی چاوی ئەم دونیا (براوەیە)، لە ناو بەزم و رەزمی ژیانێکی خۆش و ئاسوودە رابوێرێت، هەتا سەد چوون (مەولەوی) لەیاد بچێت.

---

[28] – (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- لاپەڕە (٥٢٠) انتشارات کردستان.

نموونەی نۆیەم:

١-چوون بەندە بەو بەند ئیخلاصی بەندەن

هەر پاسە بەندەن تا حەیات مەندەن

٢- تــــەممی مطلب ئەشعارم وانان

خــاس وخرابی یـــارۆچم زانان

٣- عەفیفەن بێ عەیب خالیەن جە شەین

نوجاخ زادەی خاس نەجیب طرفین

٤- ئادابش ظریف خوڵقش چون حورەن

بـالآش میـانەی (خـیرالامورەن)

٥- بەلی واتەی من پوچ و عـــەبەسەن

گردین درۆ بۆ سەیدیش وەسەن

٦- وەلحاصڵ واتەم بیدرۆ و راسەن

یارۆ بێ یارۆی بێ یاری خاسەن[٢٩]

بەر لەوەی بچمە سەر ماناندنەوەی ئەم (٦) دێـڕە شیعرە بە پێویستی دەزانم بڵێم: بێجگە ئەو شیعرانەی لە دیوانی (مەولەوی)دا بڵاوکراونەتەوە، بە پناوبەین پارچە شیعری تریش دەردەکەون کە بە شیعری ناوبراو دەدرێنە قەڵەم، ئەوەندەی من ئاگادارایم، هەر یەك لە بەڕێزان، (خوالێخۆشبوو سەی محەممەد تایەری هاشمی، مامۆستا محەممەد عەلی قەرەداخی، مامۆستا حەکیم مەلاساڵح، بەڕێزانێك لە بنەماڵەی مەولەوی وەك سەی موحسن و سەی محەممەد)، لەم بارەوە قسەیانکردووە و تەنانەت نموونەی شیعریشیان بڵاوکردووەتەوە گوایا شیعری (مەولەوی) بن، من لەوە دڵنیام تەمەنی تا رادەیەك درێژ و پڕ لە کارو بەخششی شاعیر لە بواری شیعر و زانست و بوارەکانی تری ژیاندا، دەمانباتە سەر ئەو باوەڕەی (مەولەوی) شیعری تری هەبن، بەڵام ئەو شیعرانە پێویستییان بە ساخکردنەوە و لێکۆڵینەوەیە، هەتاکو هیچ

---

[٢٩]- (ئەیوب رۆستەم)- هەگبە و هەوارگە- پەراوێزی لاپەڕەکانی (٧٢، ٧٣)- سلێمانی ٢٠٠٣.

گومانێك بۆ خاوەندارییەتییان نەمێنێت، ئیتر بتوانرێت بوترێت ئەوانە شیعری (مەولەوی)ین.

منیش بەش بە حاڵی خۆم چەند پارچەیەکم لایە، بەڵام لە ڕاستیدا نەموێرا لەم کتێبەدا بیانووسمەوە، چونکە پێموایە زیاتر پێویستە سەبارەتیان لێکۆڵینەوە بکرێت، بەڵام ئەم پارچە شیعرەی لە دووتوێی ئەم دێڕدایە و وەك نموونەی حەوتەمی ئەم بابەتەی سەرەوە خستمەڕوو، بە شیعری (مەولەوی) دەزانم، ڕازی دەستکەوتنیشیان بەمشێوەی خوارەوەیە:

من ساڵی (١٩٩٨ز)ەوە لە ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستان، بەرنامەی (وشەی هەورامان)م ئامادە و پێشکەشدەکرد، تا ساڵێك هاوڕێی خواڵێخۆشبووم (کەمال هەورامی) لە ئامادەکردن و پێکەشکردنندا هاوکارمبوو، لە هەردوو دیوی هەورامانەوە نامەمان بۆ دەهات و خەڵکانێکی زۆر بە دڵسۆزی خۆیان بە ناردنی (نامە، کاسێت، بابەت) هاوکاریاندەکردین، یەکێك لەوانە (مامۆستا ڕەفعەتی مورادی) بوو، ناوبراو خەڵکی دێی (دشە) سەر بە هەزای (پاوە)یە، ئێستا لە سلێمانی دەژی، ئەم پارچە شیعرە و پارچە شیعرێکی (مەلا عیسای جوانڕۆیی) بۆ ناردم، من لە یەکێك لە کتێبەکانم بە ناوی (هەگبە و هەوارگە)، لە پەراوێزی باس وخواسێکی تایبەت بە (شاری جوانڕۆ)، هەم شیعرەکەی مەولەوی و هەم شیعرەکەی (مەلاعیسای جوانڕۆیی)م بڵاوکردنەوە، کتێبەکە بەهاری ساڵی (٢٠٠٢) لە چاپدراوە.

ئاشکرایە شیعرەکەی (مەولەوی) وەڵامی نامەیەکی (مەلا عیسا)یە کە ئەویش بە شیعر بۆی نووسیوە، هەر لێرەدا باشتر وایە باس لەوە بکەم، (مەلا عیسای جوانڕۆیی)، پیاوێکی ژیر، مەلایەکی زانا و شاعیرێکی پایە بەرز و گوفتار شیرین، هەروەها مامۆستای (مەولەوی) بووە، پەیوەندییەکی زۆر پتەویان پێکەوە هەبووە و چەندین نامەی شیعرییان بۆ یەکتری ناردووە، لە یەکێك لەو نامە شیعریانەدا (مەلا عیسا) هەواڵی ژنێکی لە (مەولەوی) پرسیوە، ئەو هەواڵپرسینەش بۆ ئەوە بووە

ویستوویەتی داوای ژنەکە بکات و بیکاتە هاوسەری خۆی، بۆ زیاتر روونکردنەوەی مەبەستی ئەم نموونەیە کە لە زنجیرەی نۆیەمی بابەتەکەدا هاتووە، پێمباشە دەقی نامە شیعرییەکەی (مەلا عیسای جوانرۆیی) لە خوارەوەدا بنووسمەوە:

رۆڵـــە بزانــــە، رۆڵـــە بزانـــە
ئـــەحوالو یـــارۆ پـــەرێم بزانـــە
هـــەم جـــە خوێشـانش هـــەم جـــە بێگانـــە
بپرســـە بـــزانە ئـــەو جـــە کامانـــە
خاســـیش خـــرابیش ئـــەتوارش کـــالاش
پەســـنی قامـــەتش بڵنـــدی بـــالاش
ئـــەحوالش ئـــەحقیق پـــەرێم بکیانـــە
مەکـــــەرە درۆ مـــــاوەر وەیـــانە
خـــاس جـــەلات خـــاس بـــو خـــراب خـــراب بـــو
تاوانـــــەت قبـــوڵ (اولالالبـــاب) بـــو
یـــا کـــەس نـــەزانو یـــە گڵتـــو گومـــان
نەشـــۆ بەعەبـــەس گشـــت ئابرووەمـــان
هەرکـــەس عاقڵـــەن ئیشـــارەش وەســـەن
چـــەنی جـــاهیلان واتـــەی عەبەســـەن
ئەگـــەر عـــاقڵی ئـــایەت بوینـــە
(الـــطیبـــات للطـــیبـــین)ـــە

ئەگەرچی شییعرەکەی مەلا عیسای جوانرۆیی تێگەیستنی زۆر ئاسانە، بەڵام بۆ ئەوانەی هەر هیچ لە شێوەزماتی هەورامی نازانن بەسەر یەکەوە مانای دەدەمەوە: ناوبراو وتوویەتی، کوڕم بزانە، هەواڵی (یارۆ- مەبەستی ژنەکەیە) بۆم بزانە، هەم لە خزمـانی و هـەم لـە خـەڵکی بێگانـەش بپرسـە و بزانـە لـە، (چـاکی و خراپـی، هەڵسووکەوتی، شێوەی، قەدوباڵای) هـەمووی هەواڵبپرسـە و بەراستی ئاگادارمبکە،

باش بەلاتەوە باش و خراپ خرابنیت. هیچ بڕوبیانوویەك مەیەنەرەوە، هەتاكو وتەكانت بەلای (الو الالباب- مەبەست خۆیەتی) بەسەندبن. با هیچ كەسیش بەم قسانەمان نەزانێت و بەناهەق نابڕوومان نەچێت. ئەوەی زیرە تەنیا ئاماژەیەكی بەسە و لە گەڵ نەزانانیش وتن بێهودەیە. ئەگەر تۆش زیری دەزانیت ژنە باشەكان بۆ خەڵكی باش گونجاون.

پاش گەیشتنی نامەكە بەدەستی (مەولەوی)، دیارە لە روانگەی خۆشەویستی و ڕێزی بۆ مامۆستاكەی، بەم پارچە شیعرە وەك لە سەرەوە وتم لە دووتوێی (شەش) دێڕدایە، وەلامیداوەتەوە، لە ناوەرۆكی شیعرەكەدا دیارە شاعیر خۆی ژنەكەی ناسیووە، چونكە هیچ ئاماژەیەك بۆ پرسیاركردنی مەولەوی لە هەر شەش دێڕەكەدا نییە، بەلام لە وەلامەكەی شاعیر بۆ مامۆستاكەی، ستاییشێكی باشی ژنەكەی كردووە و باشییەكانی خستووەتەڕوو.

پاش ئەم دێڕانە دێمەسەر مانادانەوەی شیعرەكانی مەولەوی، چەنكە هەرشەش دێڕەكەش یەكەیەكی بابەتیان دروستكردووە، منیش هەر بەسەر یەكەوە بەمشێوەی خوارەوە مانایاندەدەمەوە.

(مەولەوی) لە وەلامەكەیدا بۆ مامۆستاكەی وتوویەتی: شیعرەكەتم خوێندەوە، لە هەموو مەبەستەكانی تێگەیشتم، باش و خراپی (یارۆ- مەبەست ژنەكەیە) هەموویم زانیوە، ژنێكی زۆر پاكە و هیچ خراپییەكی نییە، هەردوو سەری دایك و باوكیشی وەجاخزادە و نەجیزادەن، ئەدەبی زۆر جوانە و خورەوشتی وەك هی حۆری وایە، قامەتیشی مامناوەندییە كە شاعیر بە (خیر الامور) ناویبردووە، ئەگەر ئەم هەموو قسانەم پووچ و بێمانا و درۆ بن، خۆ ئەوە تەنیا سەیدیەكەی بەسە، دەرئەنجام هەموو قسەكانم راستن، (یارۆ- مەبەست ژنەكەیە) بۆ (یارۆی- مەبست مەلا عیسا)یە بۆ یاری و رابواردن باشە.

ئەگەرچی تێگەیشتنی ئەم پارچە شیعرە ئاسانە و هیچ گرێ و گۆلێكی تێدا نییە، بەلام كە خوێنەر بە وردەكارییەوە لەسەر مانای دێڕەكان بوەستێت زۆر شتی تێدا دەخوێنرێتەوە، هەر وەك لەم خالانەدا دەردەكەوێت:

١- له ناو كۆمەڵی كوردەواری لەو سەردەمەدا، هەمیشە لە كاتی ژنهێناندا بایەخیانداوە بەوەی ژنەكە لە خێزان و بنەماڵەی نەجیزادە و وەچاخزادە بێت.

٢- مەولەوی بالأی ژنەكەی بە (خیر الامور) ناوبردووە- (كورتكراوەی خیر الامور اوسطها) ئەمەش بەو مانایە دێت بالأی مام ناوەندییە، نە زۆر درێژە و نە كۆڵەبنەشە، ئەمەشی وەك یەكێك لە جوانییەكانی ژنەكە باسكراوە، هەر لێرەدا باس لەوە دەكەم، ژنانی بالأ مامناوەندی لە ناوچەی هەورامان و دەوروبەریدا چەندین گۆرانی بە بالأیاندا چڕراوە، من بۆ خۆم چوار بەزم لەو گۆرانییانە كە بە (وەسەد مەڕۆ) بەناوبانگە دەزانم، (وەسەد بە مانای وەسەت) دێت.

٣- ئەو رێزەی هەمیشە لەو بنەماڵانە گیراوە (سەید) بوون، لە ناو كۆمەڵی كوردەواریدا ئەم بنەماڵانە بە گەورە و پیرۆز سەیرگراون.

بۆ كۆتایهێنان بە مانادانەوەی ئەم پارچە شیعرە پێویستە باس لەوە بكەم، لە ناو ئەو پارچە شیعرانەی لامبوون، گومانم لەمەیان نەكرد كە شیعری مەولەوی بێ، لە بەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

ا- (مەولەوی) ماوەیەك لای مەلا عیسای جوانرۆیی خوێندوویەتی، لە رووی باوەڕبوونیانەوە بە یەكتری زۆر ئاساییە قسەوباسی لەو شێوەیە لە شیعرەكەدا هاتووە لە نێوانیاندا بووبێت، ئەو باوەڕبوونەش بە نامە شیعریەكەی (مەلا عیسای جوانرۆیی)شەوە دیارە، چونكە داوایكردووە بابەتەكە لە نێوانیاندا نهێنیبێت.

ب- زمان و شێوازی نووسینی شیعرەكە و جوانی بەكارهێنانی وشە و دەستەواژەكان، هەروەها هونەری هۆنینەوەی بەشێوەیەكی گشتی بە تەواوی لە هینی (مەولەوی) دەچێت.

ج- جۆرێك لە نوكتە بە دێری كۆتایی شیعرەكەوە دیارە كە وتوویەتی: (یارۆ بێ یارۆی بێ یاری خاسەن)، ئەمەش لە رۆحسووكی و گیانی نوكتەبازی (مەولەوی) وەك لە ژیاننامەكەی و هەندێك دێرە شیعردا هەیە نزیكە.

ئەگەرچی (مەولەوی) چەندین پارچەو دێرە شیعری تریشی هەن، دەگرێت لە چوارچێوەی ئەم ناوونیشانەدا (چەند بابەتێكی تر لە شیعری مەولەوی)دا قسیان

لێوەبکرێت، بەڵام من پێموایە ئەم (نۆ) نموونەی لە لاپەڕەکانی سەرەوەدا خرانەڕوو، بەسن بۆ ئەوەی تێگەیشتنی تەواو لە مەبەستی پشت ناوونیشانەکە بدەن بە دەستەوە، هێنانی نموونەی تر بێجگە لە دووبارەبوونەوە، هەروەها جوینەوە و جۆرێك لە درێژدادڕی شتێکی زیاتر بە دەستەوە نادات.

بۆ کۆتاییهێنان بەم بابەتە باسی ئەوە دەکەم. لە گەرمەی کارکردنمدا بووم بە تایپکردنی ئەم کتێبەوە، ئێوارەی رۆژی چوارشەممە (٢١/ ٩/ ٢٠١٦) جەنابی (شێخ عەبدولڕەحمان کوڕی شێخ ئەحمەدی نەقشبەندی) لە گەڵ سێ کەسی تردا لە ماڵی خۆمان سەردانیانکردم، پاش بەخێرهێنان و هەندێك قسەی ئاسایی، هاتینە سەر باسی کاری من بۆ نووسینی کتێبەکە، ناوبراو دوو دێڕ شیعری پێدام گوایا هینی مەولەوی بن و هۆی پشت هۆنینەوەشیانی بۆم گێڕایەوە، ئەگەرچی من وەك پێشتر نووسیومە گەلێك دێڕ و چەند پارچە شیعرم لان لە دیوانەکەیدا نین، هاوکات باسم لەوەش کرد بۆ ساخکردنەوە و بڵاوکردنەوەیان هەم کاتێکی زیاتر و هەمیش بەڵگە پێویستن، بەڵام یەکێك ئەم دوو دێڕەم بە شیعری مەولەوی زانی، هەر ئەوەش پاڵی پێوەنام لێرەدا بینووسمەوە، ئەوەك لەبەر ئەوەی لە (شێخ عەبدولڕەحمان)م وەرگرتووە، بەڵام لەوەوە بە شیعری مەولەی دەزانم، بۆیە لە خوارەوە دەینوسمەوە و سەبارەتی قسە دەکەم:

**چرای (ذی النورین) دووبار کوشیاوە**

**خاستەرەن پاڵ دەین وە لای دەرگاوە**

ئەم شیعرە (مەلا نورەددین مستەفا ئەحیب) پێشنوێژ و گوتارخوێنی مزگەوتی جامیعەی تەوێڵە لە (سۆفی ئەورەحیمی خانەگایی) وەریگرتووە، دوای کۆچی دوایی (شێخ محەممەد بەهائەددین) هۆنراوەتەوە، مەبەستی مەولەوی لەم دێڕەدا وتویەتی: دووبارە چرای (ذی النورین- شێخ عوسمان سەراجەددین) کوژایەوە، باشتر وایە پاڵ بە دەرگاوە بدەین.

ئەوەی پاڵی پێوەنام بەوە ڤایلبم ئەم دێڕە شیعری (مەولەوی) بێت، ئەم هۆکارانەی خوارەوەن:

١- (شێخ محەممەد بەهائەددین) ڕۆژی پێنجەمی مانگی ڕەبیعولئەوەل ساڵی (١٢٨٩ك) کۆچی دواییکردووە، بەر لەم زاتە بە چوار ساڵ (شێخ عەبدولڕەحمان ئەبوئەلوەفا)ی برای کۆچی دواییکردووە، هەردووکیان لە گورە رابەر و ڕێنماییکارەکانی (الکامل و المکمل- تەواو و تەواوکار)ی شێخ عوسمان سەراجەددین بوون و ماوەی چەند مانگێکیش لە خانەقای تەوێڵە پێکەوە ڕێنمایی موریدانیان کردووە، دیارە مەبەستی مەولەوی لە دووبارە گوژانەوەی چرای (ذی النورین- مەبەست شێخ سیراجەددین)، ئەوەیە پێش کۆچی دوایی (شێخ محەممەد بەهائەددین) کوڕێکی تری بە ناوی (شێخ عەبدولڕەحمان ئەبو ئەلوەفا) کۆچی دواییکردووە.

٢- بەکارهێنانی دوو دەستەواژەی (ذی النورین) و (پاڵدان )بە دەرگاوە، زۆر لە دەربڕینی شاعیرەوە نزیکن، مەولەوی پێشتر لە پارچە شیعرێکدا کە باسی لە پایەی ڕۆحی (شێخ عوسمانی سیراجەددین)ی کردووە، وتوویەتی:

واستەی ڕاگەی یەقینی عیلم و عەین
صاحب چەناحەین یەعنی (ذی النورین)[30]

هەروەها لە کۆتایی نیوەدێڕی دووەمدا وتوویەتی: پاڵدەین بە دەرگاوە، لێرەدا گەڕاوەتەوە بۆ ئەو وتەی پێغەمبەر کە فەرموویەتی: (انا مدینە العلم و علی بابها)، مەبەستی مەولەوی لە پاڵدان بە دەرگاوە ئەوە بووە، پاش کۆچی دوایی (شێخ محەممەد بەهائەددین) پاڵدەین بە (شێخ عەلی حیسامەددین)ەوە.

٣- زمانی شیعرەکە تێکەڵەیەکە لە هەردوو شێوازی قسەکردنی خەڵکی ناوچەی هەورامان و خەڵکانی ناو تیرەکانی ئێلی جاف کە بە لە هەندێك سەرچاوەدا بە (جافی- ئورامانی)، یان (ئوراماني- جافی) ناوبەێنراوە، هەروەها لە زمانی چەند دێڕە شعرێکی تری مەولەوی دەچێت.

---

[30]- (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- لاپەڕە (٢٤٧)- انتشارات کردستان.

٤- ئەم شیعرە جۆرە ئاماژدیەکی شاعیر بووە بە رەوایی دانانی (شێخ عەلی حیسامەددین) لە شوێنی باوکی بۆ رێنماییکردن و سەرپەرشتیکردنی موریدان، چونکە ئەو رەوایەتییەی لە شوێنی تریشدا دووبارە کردووەتەوە، کاتێك پێیانوتووە تۆ بەم تەمەنەوە چۆن پەیوەندی خۆت بە (شێخ عەلی حیسامەددین)ەوە گرێدەدیت، مەولەوی لە وەلامدا وتوویەتی: خۆشەویستی و پەیوەندی رۆحی کەی کارییان بەسەر تەمەنەوە هەیە.

هەر سەبارەت بەم بابەتە بە ناوونیشانی (بابەتی جیاجیا لە شیعری مەولەویدا)، لە سەر هەندێك خاڵ دەوەستم، بەمشێوەی خوارەوە:

١- لە ناو دیوانە بلاوکراوەکەی (مەولەوی) چەند دێرە شیعرێکی شاعیران بە ناوی ئەم شاعیرەوە بلاوکراونەتەوە، دیارە ئەو دێرانە لە زۆربەی کەشکۆڵ و دەستخەکاندا نین، گەرچی دڵنیا نیم چۆن بووە بلاوکراونەتەوە، بەلام پێموایە ئەگەری زۆری بلاوکردنەوەیان لە تێکەڵی ناو ئەو کەشکۆڵ و دەستنووسانە بووە لە کاتی لەچاپدانی شیعرەکان لە بەردەستی بەهەشتی (مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)دا بوون. هەروەها بێجگە لە دیوانەکەش هەندێکجار لە کتێب و نووسینی تر، یان لە لایەن خەڵکانی لێکۆڵەر و ئاشقی شیعرەکانی (مەولەوی)، شیعر بلاوکراونەتەوە، نیتر ئەگەر دێرێك یان، زیاتر، یان پارچە شیعری تەواو بووبن و بە شیعری ئەم شاعیرە لە قەڵەمدراون، قسەش لەوە کراوە سەرچاوەکەیان کەشکۆڵێك، یان دەستنووسێکبووە کەوتووەتە دەستیان.

٢- هەندێکجار دەماودەمی شیعر گواستراونەتەوە و گەیشتوونەتە لای لێکۆڵەران و مەولەویناسان، قسەیان لێوەکراوە و مشتومڕیان درووستکردووە، گوایا شیعری مەولەوی بن، هەندێك باوەڕیانکردووە شیعری ئەو زاتەن و هەندێکیش گومانیان لێکردووون و بە شیعری ئەویان نەزانیون، ئەگەرچی لە کتێبێك، یان لێکۆڵینەوەیەکی مەولەویناسێکدا بلاوکرابنەوە، بەلام تا ئێستاش هەر جۆرە مشت و مڕێکیان لەسەرە.

٣- شتێکی ئاساییە ئەگەر ئیوە دێڕێک، یان دێڕە شیعرێک، یان زیاتری شاعرێک سەرنجی (مەولەوی) راکێشابێت، لەوەوە بە جوانی زانیبێت، ئاخنیبێتییە ناو پارچە شیعرێکی خۆیەوە، ئەمە لە دونیای ئەدەب و شیعروانیدا هەیە و بە هیچ شێوەیەك بەدحاڵیبون و تێکەڵ و پێکەڵی دروووستناکات. بەڵام ئەوە هەرگیز بە مەبەستی ئەوە نەبووە شیعرەکانی خۆی جوانتر و بەهێزتر بکات، چونکە زمانی شیعری مەولەوی و دەسەڵاتی بۆ هۆنینەوەی شیعر پێویستی بە شتێکی لەم جۆرە نەبووە.

٤- پێویستە بزانیین بڵاوکردنەوەی دێڕە شیعرێك، یان زیاتر شاعرێکی تر بە ناوی (مەولەوی)یەوە کە بەڵگە هەبێت شیعری ئەو نییە، ئەمەیان پێویست بە قسەکردن و راستکردنەوە دەکات، هەر بۆیە من لەم بابەتەدا، چەند دێڕێك لەو دێڕانەی لە ناو دیوانی مەولەویی، یان لە کتێبی تر، هەروەها دەماودەمی گوێزراونەتەوە و بە شیعری (مەولەوی) لە قەڵەمدراون، وەك نموونە دەنووسمەوە و قسەیان لێوە دەکەم بەمشێوەی خوارەوە:

ا- تا وە زولف و رووی تۆ تەماشامەن
ئەدای نمای هەرز صوبح و عیشامەن[٣١]

ئەم دێڕە شیعرە لە دیوانی (مەولەوی)دا بڵاوکراوەتەوە، لە راستیدا شیعری (محەممەد ساڵحی فەخرولعولەما)یە، ناوبراو کوڕی (شێخ محەممەدی کوڕی شێخ ئیمامی کوڕی شێخ موحەممەد)، دەچێتەوە سەر (شێخ موحەممەدی تەختەیی- شێخ محەممەدی عەلامە)، لە بنەماڵەی شێخەکانی مەردۆخییە، ساڵی (١٢٥٠ ك) لە دێی (دۆەن)ی نزیك (پالنگان) لە دایکبووە، زانایەکی ئایینی و شاعرێکی گەورە بووە، ئەم شاعیرە خاوەنی داستانی ئەوینێکی کەم وێنەیە لە گەڵ کچێکی (فەلە- مەسیحی) سنەیی، لە گەڵ ئەوەی خێزانەکەیان دینی و زۆریش ناسراو بوون، بەڵام دەستی لە خۆشەویستتیەکەی هەڵنەگرتووە، وەك دژە باوێك بەرامبەر تەوژمە دینی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمە لەسەر خۆشەویستییەکەی بەردەوامبووە، زۆربەی

[٣١] – (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- لاپەرە (١٦٩)- انتشارات کردستان.

شەوان بە بیر و خەیاڵی خۆشەویستەکەیەوە رۆژیکردووەتەوە، هەتا بە ئاواتی خۆی گەیشتووە و کچەکە بووە بە موسڵمان و بۆیان خواستووە، ساڵی (١٣٠٥ ك) کۆچی دواییکردووە و لە شاری (سنە) بە خاکسپێردراوە.

ئەم شاعیرەمان چەندین پارچە شیعری بە زمانەکانی (کوردی، فارسی، عەرەبی) هەن، شیعرە کوردییەکانی هەموویان بە شێوەزمانی هەورامین، ئەم دێڕەش لە چوارچێوەی یەکێك لەو پارچانەدایە و کۆی دێڕەکانی (٣١) دێڕە، لە خوارەوە چەند دێڕێکی دەنووسمەوە:

ئازیزم بەستەن، ئازیزم بەستەن
چەوساوە نە ڕات زونارم بەستەن
شیشەی نام و نەنگ تەقوام شکستەن
ئەعشام چە بادەی مەیلی تۆ مەستەن
ئاذانم صەدای سەودای باڵاتەن
(قد قامت)م ذیکر باڵای ئاڵاتەن
تا وەزولف و روی تۆ تەماشامەن
ئەدای دمای فرض صوبح و عیشامەن
سەجادەم وە هۆن زامت رەنگ کەردەن
سوجدەم وە میحراب ئەبرۆی تۆ بەردەن[٣٢].

ب- هیچ کەس نەواچۆ وە فەرهاد رەندەن
نەقشی شیرینش نە رووی سەنگ کەندەن
دەك ڕێزان دەس با وەرچە گیان سەندەن
کێ ئەڵماس نە روی دیدەی وێش شەندەن[٣٣]

---

[٣٢]- (صدیق بۆرەکەیی)- مێژووی وێژەی کوردی- بەرگی یەکەم- لاپەڕە (٥٤١، ٥٤٩)- چاپخانە- چهر تبریز

[٣٣]--- (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- دیوانی مەولەوی- لاپەڕە (٥٨٥) انتشارات کردستان،

سەبارەت بەم چوارینەیە دوو بۆچوون هەن، یەکەمیان پێوایە شیعری (خانای قوبادی)یە و لە (خوسرەو و شیرینە)کەیدا وتوویەتی، ئەوی تریشیان بە شیعری (مەلکەی مورادوەیس)ی دەزانێت.

لەمبارەوەوە مامۆستا (سەید محەممەد تاهیری هاشمی) لە نامەیەکیدا بۆ [(مامۆستا مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس) نووسیویەتی، ئەم دوو بەیتە شیعری شاعرێکی نەخوێندەواری خەلکی دێی (سەفی ئاوا)ی جوانڕۆیە بە ناوی (مەلکە مورادوەیس)، لە سەر پێشنیاری (محەممەد حەسەن خانی کوڕی ئەمانولاّخانی- والی سنە)، بۆ بەربەرەکانێی (خوسرەو و شیرین)ەکەی خانای قوبادی پاش تێپەڕبوونی حەفتا ساڵ بەسەر دانانیدا، ئەمیش داستانی (خوسرەو و شیرین)ی هۆنیوەتەوە، ئەم دوو بەیتە لە خوسرەو و شیرینەکەی (مەلکە مورادوەیس)دا هەیە.

ج- قەندی قەندەهار خورمای مەندەلی

بۆچی ناخەوی باوکی شا عەلی

بەشێوەیەکی دەماودەمی قسە لەوە کراوە ئەم دێڕە شیعرە، (مەولەوی) بەسەر (شێخ محەممەد بەهائەدین)دا وتوویەتی، کاتێك لە خانەقای تەوێلە لە ناو بێشکەدا بووە، سۆفییەك بێشکەکەی ڕاژەنیوە هەتا بیخەوێنێت، لەو کاتەدا (مەولەوی) ڕۆیشتووتە سەر بێشکەکەی ئەم دێڕەی هۆنیوەتەوە، مەبەست لە (شاعەل) شێخ عەلی حیسامەددین کوڕی شێخ محەممەد بەهائەدینە، ئەوانەی ئەم شیعرەیان بە شێوەی دەماو دەمی گواستووەتەوە، مەبەستیان ئەوە بووە (مەولەوی) لە ڕێی پێشبینییەوە زانیویەتی شێخ محەممەد بەهائەددین گەورە دەبێت، ژن دەهێنێت و منداڵەکەی ناو دەنێت (عەلی)، من پێموایە ئەم دێڕە شیعرە دروستکراوی ناو سۆفی و موریدانی خانەقایە، چونکە هیچ هونەرێکی شیعری تێدا نییە و زۆریش لە ڕەویەی سۆفیگەری مەولەوی و زمانی شیعرەکانییەوە دوورە.

د- دوو ترِ ناکەوێ، نیوترِ مەحاڵە

دوو ترِ و نیوترِ وە گۆڕی زاڵە

(مامۆستا حەکیم مەلا ساڵح) ئەم دێڕەی لە گەڵ دوو دێڕی تر لە کتێبی (مەولەوی و تەفینەوەی زمان)دا نووسیونەتەوە. باسیشی لەوە کردووە لە (سەید موحسێنی تاوەگۆزی و مەلا عەلی زمناکۆیی) وەرگیرتوون. سەبارەت بەم دێڕەیان باسی لەوە کردووە، گوایا پیاوێك بە ناوی (زاڵە) ژنەکەی لەسەر دوو ترِ و نیو تەلاقداوە، ئەم مەسەلەیان بردووەتە لای مەولەوی ئەویش بەم دێڕە شیعرە وەڵامیداونەتەوە[31].


بۆ قسەکردن لەسبارەوە دەڵێم: لە بەر ئەوەی دوو دێڕەکەی تر تا رادەیەك هونەری شیعریان پێوە دیارە، لێرەدا قسەیان لێوە ناکەم. بەڵام سەبارەت ئەم دێڕەیان پێموایە ئەم جۆرە تەڵاقخواردنە لە ناوچەی تریشدا هەیە. ئەگەر بە واقیعی روویدابێت، یان روونەدابێت بووە بە باسێکی کۆمەڵایەتی لە ناو خەڵکدا، بەڵام زمانی شیعرەکە و دەربڕینەکەی لە سەلیقەی پیاوێکی وەك (مەولەوی). هەروەها پایەی دینی و ئەدەبی کۆمەڵایەتی ئەو زاتەوە دوورە.

ئاشکرایە چەندین دێڕە شیعری تریش هەن لەم بوارەدا، پێویستە مەولەویناسان و ئەوانەی شارەزاییان لە ناو شیعری (مەولەوی)دا هەیە بە مەبەستی ساخکردنەوەیان، لێکۆڵینەوە و بە دواداچوونیان بۆ بکەن.

---


[31] - (حەکیم مەلا ساڵح)- مەولەوی و تەفینەوەی زمان- لاپەڕە (٤٦).

# ئەلبومی وێنەکان




وێنەی دوو لاپەڕە لە کەشکۆڵی- ئەبونەلوەفا موعتەمیدی کوردستانی

MAWLAWI.KRD



**وێنەی دوو لاپەڕە لە گەشکۆڵی لای (د. بەهرۆز چەمەنئارا)**

MAWLAWI.KRD




**وێنەی لاپەڕەیەك لە (گەشكۆڵی مەهجووری)**

MAWLAWI.KRD




ئارامگەی مەولەوی لە گۆڕستانی ئەصحابە- سەرشاتەی خواروو




مزگەوتی (دارولئیحسانی سنە) کە مەولەوی تیایدا فەقێ بووە

MAWLAWI.KRD



نووسەر لەسەر ئارامگەی (شیخ مەحموودی شەبستەری)- شاری شەبستەر



کورتەیەك لە ژیاننامەی (شێخ مەحموودی شەبستەری)

MAWLAWI.KRD



لایەك لە ئامادەبووانی فێستیڤاڵی ڕێورەچەی نەقشبەندی و بەرهەمی

ژمارەیەك لە شاعیرەکانی- ڕۆژانی ( ٥- ٦/ ٩/ ٢٠١٣)- سلێمانی.



حەزرەتی (شێخ حیسامەددین کوڕی شێخ محەممەد بەهائەددین نەقشبەندی

MAWLAWI.KRD



وێنەیەکی دەگمەن و کۆنی خانەقای بیارە




گوندی سەرشاتە- زادگەی مەولەوی تاوەگۆزی

MAWLAWI.KRD




مەرقەدی (مەولانا جەلالەددینی رۆمی- شاری قوونیە- ئەناضۆل




عەمارەتی خوسرەو خانی ئەردەلانی —شاری سنە



تەوێڵە ماوای ژیان و گوزەرانی شێخەکانی نەقشبەندی



مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس

MAWLAWI.KRD

## سەرچاوەکان

أ- قورئانی پیرۆز.

ب- دەستنووسەکان:

١- دەستنووسی سەرەنجام.

٢- دەستنووسی بارگە بارگە.

٣- دەستنووسی دەورەی هەفتەوانە.

٤- دەستنووسی دەفتەری شندرویّ.

٥- دیوان مولوی کورد- دەستنووس- (ئەبونەلوەفا موعتەمیدی کوردستانی)- ١٣٥٣ خ.

ج- سەرچاوە فارسییەکان:

١- (شیخ محمود شبستری)- گلشن راز- (مثنوی) بکوشش دکتر پرویز (عباس داکانی)- چاپخانە پیام.

٢- (محمد لاهیجی گیلانی)- شرح گلشن راز- پیشگفتار-(د. علیقلی محمودی بختیاری)- چاپ اول-چاپخانە مهارت- ١٣٧٧.

٣- (جلال الدین محمد بن محمد مولوی)- کلام خاموش- برگردان از (رینولد الین نیکلسون و ارتور جان اربری)- انتشارات هرمس- با هامکاری مرکز بین المللی گفتگوی تمدنها- چاپ اول- ١٣٨٣.

٤- (جلال الدین محمد بن محمد مولوی)- مثنوی معنوی- بکوشش (توفیق هاشم پوور سبحانی)- چاپ دوهم- تهران- تابستان ١٣٧٤ ش.

٥- نامە سرانجام، تحقیق وتفسیر (صدیق صفی زادە = بورکئی)- انتشارات هیرمند - تهران چاپ اول ١٣٥٢.

٦- (ماشا الله سووری) - سروودهای دینی یارسان - گردآوردە و ترجمە - تهران -١٣٦٠

٧- (د. قاسم انصاری)- مبانی تصوف وعرفان- چاپ چهارم- انتشارات طهوری تهران- ١٣٩٢.

٨- (شیخ محمود شبستری)- شرح اجمالی از اشعار گلشن راز- به کوشش (رجبعلی زمانی)- نوبت چاپ اول- چاپخانه- اینده.
٩- (مسعر بن مهلهل الخزرجی)- سفرنامه ابو دلف در ایران- با تعلیقات و تحقیقات (مینورسکی)- چاپی دووەم- انتشارات زوار- تهران.
١٠- (د. محمد علی سلطانی)- ایلات و طوائف کرمانشاهان تهران- چاپ اول- ١٣٧٢- تهران.
١١- دیوان (حافظ)- دکتر قاسم غنی و علامه قزوینی- نوبت چاپ چهارم (١٣٨٦) – انتشارات گلی.
١٢- (شیخ فرید الدین عطار نیشابوری)- تذکرة الاولیاء- مقدمه- (میرزا محمد بن عبدالوهاب قزوینی)- چاپ هفتم (١٣٩٢)- انتشارات پیمان.
١٣- (ساسان رحمانی)- تصوف وتجلی اندیشه‌ای حلاج در ادب فارسی- دانشگاهه ازاد اسلامی- سنندج- ١٣٧٨.
١٤- (کثوم عثمان پور)- دوزخ دوری –زیبایی شناسی دیوان اشعار مولوی کرد- لە بڵاوکراوەکانی دیداری مەولەوی- ٢٠١٠- سلیمانی.
١٥- (فخر الکتاب میرزا شکرالله سنندجی)- تحفه ناصری در تأریخ و جغرافیای کردستان- انتشارات امیر کبیر- تهران ١٣٦٦هـ.ش.
١٦- (مجموعه مقالات واشعار کنگره بزرگداشت مولوی کرد)- سقز- شهریور- ١٣٧١- تدوین هیئت علمی برگزاری کنگره مولوی- شهر کرد- چاپ افست- ١٣٧٥.

د- سەرچاوە عەرەبییەکان:

١- (د. نوری جعفر)- فلسفة التربیة- مطبعة الزهراء- بغداد-١٩٥٩.
٢- (د. علی عبدالمعطی محمد)- فلسفة الفن- دار النهضة العربیة للطباعة والنشر- بیروت.
٣- (جان ماری جویو)- رسائل فلسفة الفن المعاصرة- ترجمة (سامی الدروبی)- دار لیقضة العربیة – بیروت- ١٩٦٥.

٤- (احمد الشائب)- اصول النقد الادبي- الطبعة الثالثة- مطبعة الاتحاد- مصر.
٥- (ارنست فيشر)- ضرورة الفن- ترجمة (اسعد حليم)- الهيئة المصرية العامة للتاليف و النشر.
٦- (ادويت اصلان)- فن المسرح- الجزء الاول- ترجمة- (سعيد احمد)- القاهرة -١٩٧٠.
٧- (د. حميد سعيد)- الاثنولوجيا والفلكلور- جامعة بغداد.
٨- (شلدون تشيني)- تاريخ المسرح فى ثلاثة الاف سنة- ترجمة (دريني خشبة)- مراجعة- على فهمي- المؤسسة المصرية العامة للتاليف والترجمة والطباعة والنشر.
٩- (د. مجدى ابراهيم) مشكلة الموت عند صوفية الاسلام- الطبعة الاولى – مكتبة الثقافة الدينية- القاهرة.
١٠- (عزيز السيد جاسم)- متصوفة بغداد- شركة المعرفة للنشر و التوزيع- بغداد -١٩٩٠
١١- (الدكتور حسن شحاتة)- كونفوشيوس)- مصر- القاهرة.
١٢- (سيسل جون ادموندز)- كرد، ترك، عرب- ترجمة (جرجيس فتح الله) - مطبعة التايمس- بغداد- ١٩٧١.
١٣- (انور مايى)- الاكراد فى بهدينان- بغداد- ١٩٦٠.
١٤- (عبدالمجيد بن محمد الخانى)- الحدائق الوردية فى حقائق اجلاء النقشبندية- القاهرة ١٣٠٨ ق.

هـ- سەرچاوە کوردییەکان:

١- دیوانی مەولەوی- کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و لەسەر نووسینی (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- بڵاوکەرەوەی کوردستان- چاپی دووهەم- سنە- (١٣٩١).
٢- دیوانی مەولەوی- کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و لەسەر نووسینی (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- چاپخانەی النجاح- (١٩٦١).
٣- (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)- یادی مەردان- بەرگی دووەم- چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق- بەغدا- ١٩٨٣.

٤- (حەکیم مەلا ساڵح)- مەولەوی و تەقینەوەی زمان- چاپی یەکەم- چاپخانەی دەزگای ئاراس- ٢٠٠٨ هەولێر.
٥- (صدیق صفی زادە- بۆرەکەیی)- مێژووی وێژەی کوردی- بەرگی یەکەم- بەرگی دووەم- چاپخانەی - چهر تبریز.
٦- (سەبوور عەبدولکەریم- شکار)- چەمکی ژیان و مردن لە شیعری مەولەوی و مەولانای رۆمی دا- چاپی یەکەم- لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووس- ٢٠١٤.
٧- (عەلائەددینی سەجادی)- مێژووی ئەدەبی کوردی- چاپی دووەم- چاپخانەی (معارف)- ١٩٧١ز.
٨- (هەمایۆن صاحب کەریم)- شەریعەتی مەیل- بەرگی یەکەم- بەرگی دووەم- لە بڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیریی (جەمال عیرفان).
٩- (حەمەکەریم هەورامی)- مەولەوی شاعیری ئازار و خەمە- لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی- هەولێر- ٢٠١٣.
١٠- (د. ئەنوەر قادر جاف)- لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی (١٨٠٦- ١٨٨٢) بە دیالێکتی گۆرانی- ستۆکهۆڵم-١٩٩٠.
١١- (ئەمین شێخ عەلائەددین نەقشبەندی)- تەصەوف چیە- چاپی یەکەم ١٩٨٥-دار الحرية للطباعة- بغداد.
١٢- (د. کامل حسن عزیز البصیر)- رەخنەسازی- مێژوو و پەیرەویکردن- چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق- بەغداد- ١٩٨٣ز.
١٣- (خوسرەو جاف)- مەولاناو رازی نەی- ٢٠١٤.
١٤- (هەژار)- هەنبانە بۆرینە- چاپ ششم- انتشارات (سروش)- تهران.
١٥- (حەکیم مەلا ساڵح)- مەولەوی و پەخشانی کوردی- لە بڵاوکراوەکانی (دیداری مەولەوی)- ٢٠١٠.
١٦- کەشکۆڵی مەحموود پاشای جاف- ئامادەکردن و لێکۆڵینەوە- (د.حەسەن جاف)- بەرگی یەکەم- بەیرووت ٢٠١٤.

١٧- کەشکۆڵی حاجی مەحموودی پاروەیسی- لێکۆڵینەوەو ساخکردنەوە- (عوسمان محەممەد هەورامی)-ساڵی ١٩٩٨ز.

١٨-(د. فەرهاد پیرباڵ)- مێژووی شانۆ لە ئەدەبیاتی کوردیدا لە کۆنەوە تا ساڵی (١٩٥٧)- لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی ئاراس.

١٩- (مەکتووبات)- وەرگێڕدراوی نامە فارسییەکانی مەولانا خالید- (د. سەباح بەرزنجی) وەریگێڕاوە و پەراوێزی بۆ داناوە.

٢٠- (محەممەد ئەمین هەورامانی)- گوڵزاری هەورامان- بەرگی دووەم- دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس- (٢٠٠٤)- هەولێر.

٢١- (محەممەد ئەمین هەورامانی)- کاکەیی- چاپخانەی (الحوادث)- بەغدا- ١٩٨٤.

٢٢- (ئەمیری وەزیری)- نەقشبەندی لە کوردستان- وەرگێڕانی لە فارسییەوە (عەل میرزا عارف هەورامی- چاپخانەی کارۆ - (٢٠١٣).

٢٣- (محەممەدی مەلا کەریم)- مەولەوی ژیان و بەرهەمی- کتێبی میهرەجانی مەولەوی- لە بڵاوکراوەکانی دیداری مەولەوی (٢٠١٠).

٢٤- جەزبەی عیشق- دیوانی شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی- خالص- پێشەکی (د. نووری تاڵەبانی)- لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی- ٢٠١٤.

٢٥- دیوانی مەحوی- لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی —(مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەممەدی مەلا کەریم)- چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا- ١٩٧٧.

٢٦- دیوانی کاکە حەمەی بێڵوو (ناری)- کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و لە سەر نووسین و پێشەکی (کاکەی فەللاح)- ١٩٨٤.

٢٧- دیوانی سالم - (چاپی دووەم)- چاپخانەی کوردستان- هەولێر.

٢٨- دیوانی ئەحمەد موختار جاف- ئامادەکردن و بەراوردکردن و لێکدانەوە و پێشەکی بۆ نووسینی (د. عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ)- چاپی دووەم- ٢٠١٣.

٢٩- دیوانی میرزا ئەولقادری پاوەیی- جەماوەری و نووسینی (موحەممەد ڕەشید ئەمینی)- لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی هەورامان- ٢٠٠٨.

٣٠- دیوانی خانای قوبادی- کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی: (کاروان عوسمان خەیات- رێبین)- پێداچوونەوەی (ئیدریس عومەر مەحموود)- چاپی یەکەم- ٢٠١٦.

٣١- نالی هەر لە لووتکەدایە- بەرهەمەکانی دیداری حەزرەتی نالی- دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی- سلێمانی ٢٠٠٩.

٣٢- (جەمال حەبیبوڵا فەرەج - بێدار) هۆرامان و هۆرامی و واتۆ وەڵێنا- بەرگی سێیەم- چاپی یەکەم- ئنستیتیۆتی کەلەپووری کورد.

٣٣- دیداری مەولەوی- کۆمەڵە وتار- لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری سلێمانی- ٢٠١٠- سلێمانی.

٣٤- (ئەیوب رۆستەم)- هەورامان- لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی- کولتوورییە- بەرگی یەکەم و دووەم- چاپی دووەم- سلێمانی (٢٠٠٨ز).

٣٥- (ئەیوب رۆستەم) کاریگەری ئاوێستا بەسەر رابەران و پیرانی یارسانەوە- لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی (جەمال عیرفان)- ٢٠١١- سلێمانی.

٣٦- (ئەیوب رۆستەم)- یارسان- چاپی سێیەم- لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری مارگرێت- ٢٠١٢- سلێمانی.

٣٧- (ئەیوب رۆستەم)- هەگبەو هەوارگە- چاپی یەکەم- لاپەڕە (٨٣ )- ٢٠٠٣ زایینی.

٣٨- (ئەیوب کوێخا رۆستەم)- ئازگار- بەرگی یەکەم- (٢٠١٤)- لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی رۆشنبیریی هەورامان.

٣٩- (ئەیوب کوێخا رۆستەم)- ئازگار- بەرگی دووەم- چاپخانەی تەژنە- سلێمانی- ٢٠١٦.

٤٠- (ئەیوب کوێخا رۆستەم)- توێژینەوەی تایبەت بە شیعرە فۆلکلۆرییەکانی شارەزوور- چاپی یەکەم- سلێمانی (٢٠١٣)

٤١- (٢٠) دەستنووس و کەشکۆڵی شیعرەکانی مەولەوی.

## سوپاس و پێزانیین

لە ڕووی ئەمەگدارییەوە، سوپاس و خۆشەویستیم بۆ ئەم بەڕێزانە کە هەر یەکەو بە جۆرێك هاوکاریانکردووم، هەتا ئەم کتێبە ڕووناکی ببینێت؛

١- (کاك مەلا قادر) ئەندام پەرلەمانی ئێراق- خۆویستانە بۆ لە چاپدانی یارمەتیدام.

٢- (د. سەباح شێخ محەممەد بەرزنجی)- بە خامەی ڕەنگینی پێشەکی کتێبەکەی نووسی.

٣- (کاك مەنسوور ڕەحمانی)- دەستنووسێکی زۆر بەنرخی دیوانەکەی مەولەوی بۆم نارد کە زۆر بە جوانی جیاوازییەکان لە وشە و دێڕەکان تیایدا دیاریکرابوون، لە لایەن (ئەبولوەفا موعتەمیدی کوردستانی)یەوە بۆ کتێبخانەی (استان قدس رضوی) وەقفکراوە.

٤- (کاك کاروان عوسمان خەیات) چەند کەشکۆڵێکی دیوانی مەولەوی لە سەر سیدی بۆ ناردم.

٥- مامۆستا عوسمان محەممەد هەورامی بۆ نووسینی ناوونیشانی بەرگی پشتەوە بە لاتینی.

٦- (کاك نەجم باجەلان) زۆر خەمخۆری بە چاپگەیاندنی کتێبەکە بوو.


٧-(ئەندازیار سامان محەممەد ساڵح) ئەرکی نەخشەسازی جێبەجێکرد.

٨- (هونەرمەند ئاکۆ غەریب) بۆ نەخشاندنی وێنەی بەرگ لەسەر هێڵکارییەکەی (هونەرمەند بەدیع باباجان).

تەمەندرێژ و سەرفرازبن

MAWLAWI.KRD

MAWLAWI.KRD



Eyub kiwêxa Rostem

# Mewlewî w Hunerî şiŕ

## Lêkol̂îneweyêkî Babetiyaneye

çapî yekem
2016 zayînî – 2716 kurdî